شەریعەتی ئیسلام

بەپێی پەیڕەوی ئیمامی شافیعی

خوای لێ رازی بێ

دانراوی

مەلاعبدالکریمی مدرس

ماموستای خویندنگای ئاییني ی
شیخ عبدالقادری گەیلانی

وە

پیش‌نویژو خوتبەخوینی
مزگەوتی ئەحمەدی لە بەغدا

بەرگی دووهەم

چاپی یەکەم

لەسەر ئەرکی (حاجی عبدالقادری حاجی عبداللەی جبار) لەچاپ‌دراوە

مافی لەچاپدانەوەی هەموو بەرگەکانی بو دانەرە

لە چاپخانەی (شفیق) لە بەغدا لەچاپ‌دراوە

١٣٨٩ی هیجری ـ ١٩٦٩ی میلادی

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين ، والصلوة والسلام على سيدنا محمد وآله وصحبه اجمعين .

باسی کرین‌و فروشتن

بو هاتنه‌دی‌ی کرین‌و فروشتن چوار شت پیویسته : یه‌که‌م فروشیار ، دووهه‌م کریار ، سیهه‌م فروشراو ، چواره‌م قسه‌یه‌ك له به‌ینی فروشیارو کریاردا که جی‌به‌جی کردنی ئه‌و کرین‌و فروشتنه بگه‌یه‌نیت ، یه‌عنی (صیغه) •

پیویسته فروشیارو کریار چه‌ند شه‌رتیکیان تیا بیته‌دی • (یه‌که‌م) ئه‌وه‌ته (مکلف) بن ، یه‌عنی بالغ‌و عاقل بن • که‌واته مامه‌له‌ی مندال‌و شیت‌و بی‌هوش دانامه‌زری • به‌لام له کتیبی (بغیه) دا هه‌یه که‌وا (ابو فضل) گیراویه‌ته‌وه که زانایانی دین هه‌موو له‌وباوه‌ره‌دان دروسته مندال بنیرری بو کرین‌و فروشتنی ئه‌وشتانه که زور به‌قیمه‌ت نه‌بن وه‌ك گوشت‌و رون‌و برنج‌و سه‌کرو چاو ورده‌شتی ناومال • که‌واته دروسته ئینسانی بالغ‌و عاقل بو ئه‌م جوره شتانه مامه‌له له‌گه‌ل مندالا بکاو شتی پی بفروشی‌و لی‌ی بکری •

(دووهه‌م) ئه‌وه‌یه خاوه‌ن روشد بن ، یه‌عنی مه‌سله‌حه‌تی دین‌و دنیای خویان بفامن ، وه به‌وجوره ره‌فتار بکه‌ن •

(بزانن) ئینسانیکی بالغ که نه‌زانین ئاخو روشدی هه‌یه یا نی‌یه‌تی ، وه بالغیکی خاوه‌ن روشد که له‌پاشا ده‌سی کردبی به ئیسراف‌و ده‌س‌به‌ره‌للایی ، به‌لام هیشتا قاضی مه‌نعی موعامه‌له کردنی لی‌نه‌کردبی ، به خاوه‌ن روشد دائه‌نرین‌و مامه‌له‌یان دروسته • به‌لام که‌سیك که به‌بی‌روشدی بالغ بووبی ، یاخود به خاوه‌ن روشدی بالغ بووبی‌و پاشان که‌وتبیته ده‌س‌به‌ره‌للایی‌و قاضی حیجری نابیته سه‌رو مه‌نعی موعامه‌له‌ی لی کردبی ، ئه‌وه تصرفی دروست نی‌یه •

(شه‌رتی سیهه‌م) ئه‌وه‌یه (مختار) بن ، یه‌عنی ئه‌و موعامه‌له‌یه به مه‌یل‌و ئاره‌زووی خویان بکه‌ن ، نه‌ك به زوری که‌س ، مه‌گه‌ر به زوری شه‌رع ،

وەك ئەوە کەسیك قەرزاري خەلك بيو قاضي زوري لیبکا هەندیك لە مالی خوی بفروشی تا قەرزەکەي لیبداتەوە ، ئەوە دروستەو دائەمەزری ..

(بزانن) لە بەشی موعامەلەی بەزور دانانری ئەوە کە یەکیك مالی زەوت کرابيو بە پارە نەبی مالەکەی بو رزگار نەکری ، وە بە ناچاريو ناحەزی دلی ، هەندی لە مالی خوی بفروشی بوئەوە کە پارەکەی بدا بو رزگار کردنی مالە زەوت کراوەکەی . ئەم شەخسە با حەزیشی لەو موعامەلەیە نەبی ، موعامەلەکەی هەر دائەمەزری . کریار ئەگەر قورئان یا ستیکيوای کري کە قورئانی لینووسرابی ، ئەبی موسولمان بی ، وە تەنها دراو (سکه) لەم حوکمە بەدەرە . هەروەها ئەگەر چەك یا شتیکيوای کری کە بو جەنگ بەکار بهینری ، لە جەنگی کافرانا لەگەل موسولمانان ، یا سوودی بو کافران هەبی ، ئەوە ئەبی موسولمان بی ، چونکە ئەگەر موسولمان نەبی موعامەلەکە ئەبی بە یارمەتیدانی کافران بو فەوتاندنو زیان پی گەیاندنی موسولمانان .

(صیغه) بریتییە لە (ایجاب) لەلایەن فروشیارو (قبول) لەلایەن کریارەوە ، هەتاوەکو ئەگەر باوکیك ویستی مالی خوی بفروشی بەکوریکی بچووکی ، ئەبی بەتەنها خوی ئەم ئیجابو قەبوولە تەواو بکا ، مەسەلا بلیت وا ئەم مالەم فروشت بەوکورە مندالەم بە ئەوەندە ، وە بوم قەبوول کرد بەوە . کەواتە فروشتن بە بی صیغه ، وە بەتەنها پارەدانو مال وەرگرتن کە پيیئەلین (معاطاة) ، دانامەزری . بەلی ئیمامی نەوەويو گەلیك لە زانایانی شافیعی مەزهەب ئەو رایەیان لا پەسەندە کە فروشتن بەشیوەي (معاطاة) یەعنی بە بيصیغه دائەمەزری لە هەرشتیکا کە وەها کرابی بە عادەت تیایدا پارەکە بدريو مالەکە وەربگیريو ببریتەوە ، ئیتر ئەو شتە ئەهمیەتی هەبی یا نەیبی . ئەمرو پیویستە ئیمە تەقلیدی ئەو زانایانە بکەینو رازی ببین بە فەرموودەکەیان تا ئەوشتەی ئەیکرین ببی بە مالی شەرعیمانو

نووشی گوناه ئەبین • هەروەها ئیمامی غەزالی ئەو رایەی پەسەند کردووە کەوا دروستە ئینسان هەر پیویستی‌یەکی هەبی وردە وردە وەری‌بگری لـە مەعمیل‌و لە ئاخری مانگا حیسابی لەگەل بکا ، هەرچەند لە هەموو کاتیکیشا قیمەتی ئەوشتە نەزانی کە وەری ئەگری ، چونکە عادەت دامەزراوە لەسەر ئەم جورە مامەلەیەو خەلك ناچارن بیکەن •

(صیغە) دوو جورە : (صریح) و (کنایە) • صەریح ئەوەیە جگە لە فروشتن مەعنایەکی‌تر هەل‌نەگری ، وەك فروشتن ، کردن بە مولك بـە پارە ، کرین ، وەرگرتن بە پارە • هەر لەم‌جورەیە ئەوە کە کابرای فروشیار بلی پیم‌بەخشیت بەوەندە، چونکە مادەم ناوی قیمەتی هیناوە فروشتنەو بەخشین نی‌یە • بەلام دروست نی‌یە بلی لیم نەذر کردی یا بوم حەلال کردی بەوەندە، چونکە نەذرکردن‌و حەلال‌کردن ئەبی بەرامبەر بە قیمەت نەبن •

فروشتن دائەمەزری بە (بەلی) کردنی کریارەکە لەپاش ئەوە کـــە فروشیار لی‌ی بپرسی (لیت کریم بەوەندە ؟) • وە بە (بەلی) لەلایـــەن فروشیارەوە لەپاش ئەوە کە کریار لی‌ی‌بپرسی (پیت فروشتم بەوەندە ؟) • وە بە (بەلی) لەلایەن هەردوکیانەوە لەکاتیکا شەخسیکی ناوبەین لە فروشیار بپرسی (ئەم مالەت فروشت بە فلان‌کەس بەوەندە ؟) وە گورج لە کریاریش بپرسی (ئەم مالەت لی‌کری بەوەندە ؟) •

وە لە بەشی دووهەمە ئەوە کە فروشیار بلی بە کریار (ئەم مالـــەت موبارەك بی) یا (وا بریارم‌دا بو تو بی) یا (خوا پیت بفروشی) یا (خوا موبارەکی بکا لیت) ، وە گورج کریاریش بلی (وا وەرم‌گرت) ، یاخـود هەردوکیان بە نووسین فروشتن‌و کرینەکە بنووسن ، یا یەکیکیان بینووسی‌و ئەویان بە دەم قەبوولی بکا • بەلام لە هەموو حالەتیکی فروشتن بە کینایەدا پیویستە فروشیار بە نیازی مەعنای فروشتن قسەکە بکا ، یا نووســـراوەکە بنووسی • وە کریاریش بە نیازی کرین قسەکە بکا یا نووسراوەکە بنووسی •

(صیغه) چەند شەرتیکی هەیە • یەکەم ئەوەیە رووی مامەلەکە بکریتە ئەوکەسە کە قسەکەی لەکەلدا ئەکری ، خوای مالەکە بو خوی بکری یا لە وەکالەتی کەسیکەوە بیکری • کەواتە دروست نی یە فروشیار بە وەکیلی کریار بلی (وا ئەم مالەم فروشت بەوکەسەی کە توی کردووە بە وەکیل) وە ئەویش بلی (وا قەبوولـم کـرد بوی) • بەلکو پیویستە بەصوورەتی گفتوگو لەگەل وەکیلەکەدا بلی (وا ئەم مالـەم پی‌فروشتی)و ئەویش بلی (وا قەبوولم کرد) •

بەلی ، دروستە فروشیار بلی (وا ئەم مالـــەم فروشت بە فلان کەس) یەعنی ناوی کەسیك بهینی کە خوی لەویادا بی‌و ئەویش بلی (وا قەبوولم کرد) • هەروەها دروستە باوکی مندالیك بلی (وا ئەم مالەم فرۆشت بـەو مندالەم) و هەر خوی بوی قەبوول بکا •بەلام دروست نی یە فروشتنەکـــە بدریتە پال ئەندامیکی لەشی کریارەکە ، وەك ئەوە کە بلی (ئەم مالـــەم فروشت بە دەستی تو) یا (بەسەری تو) ••

شەرتی دووهەم ئەوەیە ئەو صیغەی فروشـــتنە (معلق) نەبی یەعنی نەبەسرابی بەهیچەوە • کەواتە دروست نی یە فروشیار بلی (هـــەر رۆژی جەژنی قوربان هات ئەم مالەم فروشت بە تو) • بەلی ئەگەر بەسرابی بـــە ئارەزووی کریارەوە ئەوە دروستە وەك ئەوە کە بلی (وا ئەم مالەم فروشت بە تو بە دە دینار ئەگەر ئارەزووت بی)، ئەویش بلی (قەبوولم کرد) چونکە ئەم جورە قسە وەك بەیانی شتیکی رووداو وایە ، وە دیارە ئەگەر کریارەکە ئارەزووی لی نەبی مالەکە ناکری •

شەرتی سیهەم ئەوەیە کە ئەو فروشـــتنە (موقت) نەبی یەعنی بـــو وەختیکی تایبەتی نەبی • کەواتە دروست نی یە فروشیار بلی (وا ئەم مالەم فروشت بە تو بو ماوەی ئەوەندە سال) • بەلکو ئەگـــەر بیشلیت (وا پیم فروشتی بو ماوەی عومرت) ئەوەش هەر بەتالە ، چونکە وائەگەیەنی پاش

مردنی کابرای کریار پەیوەندی پیوە نەمینیو بە میرات نەگەریتەوە بۆ میراتگرەکانی • دیارە ئەمەش لەگەل ئوسوولی کرینو فروشتندا ناگونجی •

شەرتی چوارەم ئەوەیە کە لەلایەن ئەوکەسەوە کە پیویستە جواب بداتەوە ، قسەیەکیوا نەکەویتە بەینی صیغەی فروشتنو کرینەوە کە پەیوەندی بە فروشتنەکەوە نەبی •

شەرتی پینجەم ئەوەیە بەپیی عورفو عادەت دریژی نەکەویتە بەینی قسەی فروشیارو کریارەوە • ئەم دریژییە دانراوە بە شەش کەلیمە[1] • کەواتە لەوەندە کەمتر زیانی نییە •

شەرتی شەشەم ئەوەیە ئەوکەسەیان کە لەپیشەوە قسە ئەکا ناوی قیمەتی مالەکە ببا • ئەگەر هاتو ئەو ناوی نەبرد ، کابرای دووهەم ناوی برد، ئەبی کابرای یەکەم بەدوایا بیتەوەو قیمەتەکە دیاری بکا • بەلی ئەگەر صیغەی فروشتنەکە کینایە بو ئەوە دروستە هەردوولا نرخەکە لەدلیانا بی • کەواتە ئەگەر فروشیار وتی (ئەم مالە موبارەکی تو بی) وە کریاریش وتی (وا وەرمگرت) وە هەردوکیان نیازی فروشتنو کرینیان هەبیو نرخیکی تایبەتییان لە دلدا بی ئەوە دروستە •

شەرتی حەوتەم ئەوەیە فروشیار و کریار تا لە مامەلەکە ئەبنەوە لایقی مامەلە کردن بن • کەواتە ئەگەر فروشیار قسەی خوی تەواو کردو لەپیش وەلام دانەوەی کریاردا شیت بوو ، ئەوە ئەو فروشتنە دانامەزری هەرچەند کریار قەبوولیشی بکا •

شەرتی هەشتەم ئەوەیە ئەوەیان کە دەستی کردووە بە صیغەی فروشتنەکە ، هەرچی وتووە نەیگوری تا ئەوی تریشیان قسەی خوی تەواو ئەکا ، چونکە ئەم جوابی ئەو ئەندازە قسەیە ئەداتەوە کە ئەو لەپیشا

---

(١) باجووری ئەمقسەیەی کردووە لەباسی ئەو شتانەدا کە نویژ بەتال ئەکەنەوە •

گردوویەتی • کەواتە ئەگەر یەکەمیان قسەکەی خوی بگوری ، جـــوابی دووهەمیان نابەسری بە قسەکەی ئەوەوەو لەفظی هەردوولا لە یەك ئەپچرین •

شەرتی نوهەم ئەوەیە قســـەی هەردوولایان ئەوەنـــدە ئاشـکرابی هەرکەسیکی خاوەن گوی لەلایانا بی ، گوی‌ی لی‌بی •

شەرتی دەهەم ئەوەیە ئەوکەسە کە قسەی لەگەلدا کراوە خوی جواب بداتەوە • کەواتە ئەگەر یەکیك قسە لەگەل یەکیك بکا ، وە وەکیلی ئـــەم یەکە جواب بداتەوە ، مامەلەکە دانامەزری •

شەرتی یازدەهەم ئەوەیە جوابەکە ریکی قســـەی یەکەم کەس بی • کەواتە دروست نی‌یە فروشیار بلی (ئەم مالەم پی فروشتی بە دە دینار) وە کریار بلی (وا قەبوولم کرد بە بیست دینار) یاخود بلی (وا نیوەم قەبوول کرد بە پینج دینار) یا (بە دە دینار) هەرچەند کـــە لـــەم صوورەتەدا قازانجی فروشیارەکەشی تیایە ، لەبەرئەوە کە قسەی هەردولایان وەك یەك نی‌یـــە •

شەرتی دوازدەهەم : ئەوەیە هەردوولا مەعنای قسەی یەکتر بزانن •

(بزانن) ئیشارەت‌کردنی ئینسانی لال وەك قسەی زمان‌دار وایە •

جا ئەگەر ئەو ئیشارەتە ئەوەندە دیاری بوو زیرەكو کەودەن لی‌ي حالـــی ئەبوون ، ئەوە وەك لەفظی صەریح وایە • وە ئەگەر هەر ئینسانی زیرەك تی‌ی ئەگەیشت ئەوە بە کینایە دائەنری • وە لـــەم‌کاتەدا پیویستە بـــە ئیشارەتیکی‌تر تیمان‌بگەیەنی کە مەبەستی لە ئیشارەتی یەکەم مال فروشـتن یا مال‌کرین بووە •

شەرتی سیانزەهەم : ئەوەیە صیغەی مامەلەکە تەردیدو دلـەراوکی‌ی تیا نەبی • کەواتە ئەگەر یەکیك بە یەك صیغە وتی (وا ئەم مالەم پی فروشتی بە دە دیناری نەخت یا بە دوانزە دیناري قەرز) ئەویش قەبوولی کـــرد ، ئەوە ئەو مامەلەیە بەتالە چ کابرای کریار لایەکیان دیاری بکا یا ناوی هیچیان

ئەبا ، لەبەرئەوە کە صیغەی فروشیارەکە تەردیدی تیا بووە. بەلام ئەگەر ئەم دووجورە موعامەلەیە بە جیاواز بکرین وەك ئەوە کە فروشیارەکە هوقەیەك چایی بفروشی بە یەکیك بە دیناریکی حازر ، وە هوقەیەکی تری پی بفروشی بە دینارو روبعیك بەوادەی چەند مانگیك ، ئەوە دروستە ، چونکە بەپی‌ی شەرع رەوایە ئینسان فەرق بخا لەبەینی موعامەلە بە حازرو بە قەرزدا . وە ئەم جورە موعامەلەیە بەسوود دانانری ، وە بەر ئەو حەدیثەی پیغەمبەر صلی اللە علیە وسلم ناکەوی کە فەرموویەتی (کل قرض جر منفعة فهو ربا) چونکە ئەو فەرموودەیە بو قەرزە ، وە قەرز ئەوەیە شتی بدەی بە کەسیك لەسەر بریاری ئەوە کە ئەوکەسە وینەی ئەوشتەت بداتەوە ، بەلام ئەم باسی ئیمە باسی مال فروشتنە بە پارەی حازر ، یا بە وادە ، وەئەم دوو مەسەلەیە جیان لە یەك .

(فروشراو) یش ، واتە ئەو مالە کە ئەفروشری چەند شەرتیکی هەیە . شەرتی یەکەم ئەوەیە ئەو شتە عەینەکەی پاك بی . کەواتە فروشتنی سەگ‌و بەرازو شەراب‌و هەر شتیکی ئاوەکی کە پیس بووبی‌و قابیل نەبی پاك ببیتەوە دروست نی‌یە وەك شیرو ماست‌و دوو رون‌و شتی‌وا کە پیس بووبی .

شەرتی دووهەم ئەوەیە ئەو شتە لە ذاتی خویا قازانجیکی شەرعی‌ی تیابی ، هەرچەند لەو شوینەشدا زور بی وەك ئاو لە قەراغ چەمدا ، وە گل لە دەشتا ، وە بەردو دار لە کیوو دارستاندا . کەواتە فروشتنی دروندەی بی خیرو میش‌و میرووڵەو قولانچەو شتی‌وا دروست نی‌یە . بەلی دروستە فروشتنی هەنگی ناو پوورە هەنگ‌و ، کرمی ئاوریشم بە شوینی تایبەتی‌ی خویەوەو ، فیل بو سواربوونی لەجەنگداو ،مەیموون بو پاسەوانی‌و ، پشیلەی مالی‌و ، تاوس‌و بولبول‌و تووتی بو ئولفەت گرتن بە رەنگ‌و دەنگیانەوە . هەروەها دروستە فروشتنی زالوو بو خوین هەلمژین ، وە

یوژو باز بو راو پی کردن • دروست نی یه فروشتنی شتی زور بی‌قابیلـەت وەك دوو دەنكە گەنم • هەروەها دروست نی یه فروشتنی شتی كە قازانجەكەی شەرعی نەبی وەك ئەسبابی رابواردنی حەرام وەك زورناو جووزەلەو تارو تەمووورەو كاغەزی یاری پی كردن ، چونكە ئەو كەلكەی لی‌یان وەرئەگیری ناروایە •

دروست نی‌یە فروشتنی پارچە زەوی‌یەك كە لە هیچ‌لایەكەوە ریگەی هاتوچو بو كردنی نەبی ، بەوجورە كە هەموولایەكی مولكی خـەلك بی • هەروەها یەك هودە لەمالیكا ئەگەر كابرای فروشیار لە موعامەلەكەدا حەقی هاتوچو كردن لە كریارەكە بگری ، بەوجورە كە بلی (وا تەنها ئەو هودەیەم پی‌فروشتی بە بی‌ئەوەی حەقی هاتوچو كردنت لـە مالی منـــەوە ببی) وە كریارەكەیش قەبوولی بكا • بەلی ئەگەر فروشیار لەكاتی فروشتنی هودەكەدا باسی شتی‌وای نەكرد ، ئەوە موعامەلەكە دائەمەزری‌و كریار حەقی هاتوچو كردنی بەسەر مالی فروشیاردا ئەبی ، چونكە قابیل نی‌یە بە بی‌ئەوە قازانـج لە هودەكە وەربگری ، وە لەبەرئەوە ئەو حەقە تابیـــع ئەبی بە فـروشتنی هودەكە •

دروستە كەسیك نیوەیەكی دیاری نەكراوی خانوویەك بفروشی بـــە نیوەیەكی دیاری نەكراوی خانوویەكی‌تر بەونیازە كە ئەو نیـوە خانووەی لەدەس دەرنەچی ، وەك ئەوە كە باوكی ئەو نیوە خانووەی پی‌بەخشیبی • لیرەدا لەبەرئەوە كە باوكی هەمیشە حەقی پەشیمان بوونەوەو سـەندنەوەی نیوە خانوەكەی هەیە ، ئەم ئـــەتوانی بیفروشی بە نیوە خانوویـــەكی‌تر با دیاری‌یش نەبی، چونكە لەم‌حالەدا نیوە خانوەكەی كە باوكی پی‌ی‌بەخشیبوو، بەدەسیەوە نەماوە ، تا هەركاتیك كە ئارەزووی بوو لی‌ی وەربگریتەوە •

هەروەها دروستە فروشتنی حەقی هاتوچو بو خانوویەك یا بەسەربانیكا

یا بە ناو باغیکا • ئەمە هەرچەند مەنفەعەتەو ئەبی بە ئیجارە وەربگیری ، بەلام فروشتنی بو هەمیشە دائەمەزریو ئەبی بە مولکی کریارەکە •

ئەگەر کەسیك خانوویەك یا باغچەیەکی خوي فروشت بەکەسیکیتر ، وە دەوروپشتی فروشراوەکە هەمووی هی فروشیارەکە خوی بوو ، وە ناوی حەقی گوزەرکردنیان نەهینا بو ناو خانوو یا باغچە فروشراوەکە ، یا وتیان کریار حەقی هاتوچوی بە هەموو لایەکدا هەبی ، ئەوە فروشتنەکە دائەمەزریو کریار حەقی هاتوچوی بو ناو خانووەکە یا باغچەکە هەیە • هەروەها دائەمەزری ئەگەر فروشیار حەقی هاتوچو لەلایەکی دیاری یەوە دانی بو کریار• بەلام ئەگەر هەر وتی حەقی هاتوچو کردنی لەلایەکەوە ببیو لایەکەی دیاری نەکرد ، ئەوە ئەو فروشتنە دانامەزری ، چونکە ئەبی بە مایەی هەراو ئاژاوە لەنیوانی فروشیارو کریاردا • ئەگەر کەسیك باغیکی فروشتو ناوی حەقی ئاودانی باغەکەی نەهینا ، ئەوە هەر باغەکە فروشراوە• وە ئەگەر بە حەقی ئاودانەوە فروشتی ، ئەوە دروستەو حەقی ئاودانیشی بەرئەکەوی • وە ئەگەر نیوەی باغەکەی فروشت بەنیوەی حەقی ئاودانیەوە ، ئەوەیش هەر دروستە •

شەرتی سیهەمی مالی فروشراو ئەوەیە قابیل بی تەسلیم بکری بە کریارەکەی • کەواتە فروشتنی شتی گوم بوو ، یا حەیوانی راکردوو ، یا مالی داگیرکراو دروست نییە • بەلی دروستە فروشتنی مالی داگیرکراو بەکەسیك کە بتوانی بە بی زەحمەتیکی زور بیسینیتەوە لەوکەسەی کە داگیری کردوە • وە دروست نییە فروشتنی نیوەیەکی دیاری کراو لە قاپو قاچاخی ، یا شیری ، یاخەنجەری ، یا هودەیەك ، بەجوری کە ئەگەر بەنس بکرینو بەشی کریارەکە جیا بکریتەوە قیمەتی ئەوشتە کەم بیتەوە • بەلی دروستە فروشتنی نیوەیەکی دیارینەکراو لەوشتانە ، جا ئەوجار بەنوبە بەکار ئەهینرین • هەروەها دروستە فروشتنی نیوەیەکی دیاری کراویان

ئەگەر ئەوەندە گەورە بن بە بەش کردنو جیاکردنەوەی بەشەکانیان قیمەتیان کەم نەبیتەوە • وە دروستە فروشتنی ئەندازەیەك لە پارچە قوماشیك بەوشەرتە کە قیمەتی ئەوی تری کەم نەبیتەوە •

دروست نی یە فروشتنی شتی کە حەقی کەسیکی تری پیوە بەسرابی ، جا حەقی خوا بی وەك ئاویك کە غەیری ئەوە دەست نەکەوی بو دەس نویژ پی گرتن ، یا حەقی ئادەمیزاد بی وەك پوشاکی کە لای بەرگدروو بی ، چونکە بەرگدرووەکە ئەتوانی نەیداتەوە تا کری دەسەکەی خوی وەرئەگری • وە وەك زەوی یەك کە خاوەنەکەی دابیتی بە کەسیك کیلابیتی و تەختی کردبی بو توو تیا داچاندن ، ئەوە تا حەقی ئەو کەسە نەدری و رازی نەکری دروست نی یە خاوەنەکەی بیفروشی • یا وەك مالیکی رەهن کراو لای خاوەن قەرزیك ، ئەوە لەپیش دەرهینانی مالەکە لە دەستی ئەو خاوەن قەرزە، یا بە بی ئیذنی ئەو دروست نی یە بفروشری •

شەرتی چوارەم ئەوەیە ئەو مالە کە ئەیفروشی مولکی تەواوی فروشیارەکە بی ، کەواتە مالی کرراو لەپیش وەرگرتنیا نافروشری • هەروەها مالی کەسیکی تر نافروشری بە بی ئیذنی ئەوکەسە • بەلی ئەگەر مالی باوکی خوی فروشت و لای وابوو زیندووە ، وە لەپاشا دەرکەوت باوکی لەکاتی ئەو موعامەلەیەدا لە حەیاتا نەبوە ، ئەوە ئەو فروشتنە بە دامەزراو دائەنری • جا ئەگەر هەموو مالەکە بەمیرات ئەهاتەوە بوخوی ، ئەوە هەرچی فروشتووە دروست بووە ، وە ئەگەر میرات گری تری لەگەل بوو ، تەنها فروشتنی بەشە میراتەکەی خوی دائەمەزری و ئەوی تری بەتالە •

شەرتی پینجەم ئەوەیە ئەو مالە کە ئەفروشری مەعلووم بی ، بە چاو لە فروشتنی شتی لەبەردەستدا، وە بە صیفەت لە فروشتنی بەشیوەی سەلەمدا• کەواتە فروشتنی (یەکیك لە دوو شت) دانامەزری ئەگەر فروشراوەکە دیاری نەکری وەك ئەوە کە فروشیارەکە بلی (وا یەکیك لەو دوو ولاخەم

پی‌فروشتی) • هەروەها شەرتە ئەو شتەی مالەکەی پی‌ئەفروشری مەعلووم بی یا بە چاو یا بە ئەندازەو صیفەت • کەواتە ئەگەر کەسیك شتیکی فروشت بە سەنگی فلانە بەرد لە ئالتوون ، یا بە پری فلانە هودە لە گەنم ، ئـــەوە ئەو فروشتنە دانامەزری • بەلی ئەگەر فروشتی بە پری گونیەیەك لە گەنم ، وە مەعلووم بوو ئەو گونیەیە چەند ئەگری ، ئەوە ئەو فروشتنە دائەمەزري • هەروەها ئەگەر ئەندازەی قورسی‌ی بەردەکە مەعلووم بوو ، وەك هوقەو نیو هوقە ، ئەوەیش هەر دروستە •

وە دروست نی‌یە فروشتنی شتیك بە دە دینارو درەم ئەگەر دیـــاری نەکری دینارەکان چەندو درەمەکان چەندن • هەروەها دروست نی‌یە بـلی (ئەو مالەم پی‌فروشتی بەونرخە کە فلان کـــەس ئەســـپەکەی خـــوی پی‌فروشتووە) مادەم نەزانری نرخی ئەسپەکەی ئەو کابرا چەند بـــووە • دروستە فروشتنی قزناخیك لە خەرمانیك خوای بزانری خەرمانەکە چەنـــە قزناخە یا نە • هەروەها دروستە فروشتنی خەرمانیك لەسەر حیسابی قزناخی بەوەندە ، هەرچەندی لی دەربچی •

ئەگەر کەسیك بەشیکی هەبوو لەمالیکاو ویستی بیفروشی ، ئەگەر ئەو بەشە لای خوی‌و مالکرەکە مەعلووم بوو ، ئەوە فروشتنی دروستە ، ئەگینا دروست نی‌یە تا دەرئەکەوی چەندە • بەلی کابرا ئەتوانی ئەوبەشـــــــە نادیاری‌یەی خوی نەذر بکا لە کەسیك‌و ئەویش ئەندازەیەك پارە نەذر بکـا لەو • ئەم جورە نەذر کردنە ریگایە بو تەسلیم کردنی هەرچی کە فروشتنی دروست نەبی، وەك مالی لەبەرچاو نەبوو یا زەوت کراو ، یا مالی کە عەینەکەی پیس بی ، یا بەکارهینانی حەرام بی وەك لەپیشەوە باس کران • هەروەهـــا ریگەیەکی‌تریش هەیە بو فروشتنی بەشی دیاری‌نەکراو • ئەوەش بریتی‌یە لەوە کە کابرا هەموو مالە موشتەرەکەکە بفروشی ، بە بەشی خـــــوی‌و بەشەکەی‌ترەوە • ئەوە ئەو فروشتنە لە بەشەکەی خویدا دائەمەزری‌و لـە

بەشەکەی تردا بەتالە وەك گیراوەتەوە لە (قفال)ەوەو گەلێك لە زانایانـــی مەذهەبی شافیعی رایان لەسەرداوە •

ئەگەر کەسێك بیرێك یا کارێزێك یا جوگەیەکی فروشت بە کەسێك ، ئەوە ئەو فروشتنە دروستەو ئاوەکەشی داخل ئەبی لە فروشـــتنەکەدا • وە ئەگەر فروشیار ناوی ئاوەکەشی برد ، ئەبی ناوی ئەو ئاوەش ببا کە لەکاتی فروشتنەکەدا لەویا هەیە ، ئەگینا موعامەلەکە دانامەزری چونکە ئەو ئاوەی لەوکاتەدا لەویا هەیە هی فروشیارەکەیەو تیکەلی ئاوی تازە هاتوویشی ئەبی کە ئەبی بە مولکی کریارەکە ، وە بەهوی ئەمەوە مولکی کریارو فروشیار تیکەل بە یەك ئەبن‌و لە یەك جیا ناکرینەوە •

ئەگەر کەسێك مالێکی فروشت بە درەم یا قران یا دینار ، وە لـــەو ولاتەدا یەك جور لەو نەختانە هەبوو ، ئەوە فروشتنەکە دائەمەزری • وە ئەگەر دوو جوری هەبوو وەك گەورەو بچووك ، ساغ‌و مەخشـــووش ، لەم‌صوورەتەدا ئەگەر یەك لەو دووجورە زورتر باو بوو ، ئەوە حەمـــل ئەکریتە سەر ئەویانە کە باوترە • وە ئەگەر هەردوو جورەکە وەك یـــەك مامەلەیان پی‌ئەکراو قیمەتیشـــیان وەك یەك وابوو ، ئەوە فروشـــــتنەکە دائەمەزری‌و بەئارەزووی کابرای فروشیارە کام نەختیان وەرئەگری• بەلام ئەگەر لەقیمەتا فەرقیان هەبوو پیویستە فروشیار جوریکیان دیاری بکاو ناوی ببا ، ئەگینا فروشتنەکە بەتالە •

(بزانن) ئەو چاو پی کەوتنەی کە پیویستە بو ئەو مالەی ئەفروشری، بەپی‌ی مالەکە ئەگوری • مەسەلا لە فروشتنی کاغەزدا هـــەردوو رووی کاغەزەکە تەماشا ئەکری • وە لە فروشتنی خانوودا دیوارو سەرمیـــچ‌و حەوش‌و هەیوان‌و دالان سەیر ئەکری • وە لە فروشتنی سەعاتدا تەماشای ئەو شوینانەی ئەکری کە بە بی‌لیك‌کردنەوە دەرئەکەوی • ئیتر تەماشـای

بناغەی خانوو یا وردە مەکینەی سەعات پیویست نی‌یە • جا ئەگەر ئـــەو شتە کە ئەفروشری بینرابوو لەپیش فروشتنەکەیدا بە ماوەیەکی‌وا کـــە بەعادەت ئەوشتەی تیا نەگوری ، ئەوە ئەو ئەو دیتنە بەسە • ئەگینـا پیویستە سەرلەنوی تەماشای بکریتەوە • تەماشای بەشیکی کەمی مالە فروشراوەکە بەسە ئەگەر ببی بە نموونە بو ئەوی کەی وەك مشتیك لە فەردە گەنمیك • هەروەها بەسە چاوپی‌کەوتنی پیستیك کە هوی پاراستنی ناوەکەی بی وەك تویکلی هەنارو هیلکەو تویکلی بنەوەی گویزو بادەم‌و شتی‌وا •

باسی سوود (ربا)

سوود لە عورفی شەرعدا بریتی‌یە لەوە کەسیك مالیکی زیادە وەربگری لە موعامەلەیەکدا بەبی‌ئەوەی لەبەرابەریا هیچ بدا • سوود لە قەرزدا ئەبی‌و لە کرین‌و فروشتندا • سوود لە قەزردا دووجورە • یەکەم ئەوەیە مەســەلا دیناریك بدەی بە قەرز بەکەسیك بە دیناریك‌و درەمیك بەوادەی مانگیك • دووهەم ئەوەیە دیناریکی بدەیتی بە دیناریك‌و درەمیك بە وادەی سالیك ، وە ئەگەر لە ئاخری سالەکەدا نەیبوو قەرزەکە بداتەوە ، مولەتی سالیکی‌تری بدەیت‌و سوودەکەشی لەسەر زیاد بکەی • لەم‌جورەیە ئەوەی کە لەپیش پەیدا بوونی ئایینی ئیسلامدا باو بووە یەکیك قوماشیك یا خواردەمەنی‌یەکـــی فروشتووە بە یەکیکی‌تر بە دیناریك بو وادەی سالیك ، وە لە ئاخری سالا ئەگەر پارەکەی نەبووبی خاوەن قەرزەکە وادەکەی بو دریژ کردووەتەوەو سوودیکی لەسەر قەرزەکە داناوە ، وە هەموو سالی بەم‌جورەی کردووە تا کابرا قەرزەکەی داوەتەوەو بەرامبەر بە شتیکی کەم زیانیکی قورســـی لی‌کەوتووە • هەروەها ری کەوتووە پارەیەکیان داوە بە یەکیك بە قەرز بە وادەیەك ، وە لە ئاخری وادەکەدا ئەگەر نەیبووبی قەرزەکە بـــداتەوە

سوودەکەیان لەسەر زیاد کردووەو وادەکەشیان بو زور کردوە • ئـــەو سەردەمە بەمجورە موعامەلەیە وتراوە (ربا النسیئة) •

سووود لە کرین‌و فروشتندا لە دوو شتا هەیە • لە مالی نەختدا وەك ئالتوون‌و زیو ، وە لە خواردەمەنیدا وەك گەنم‌و برنـــج‌و رون‌و میـــوەو گوشت‌و خوی‌و شتی‌وا • ئەم سوودە سیە جورە : یەکەم موعامەلە بـە زیادە وەك ئەوە ئەنگوستیلەیەکی ئالتوون کە سەنگەکەی مثقالیك بی بیدەی بـــە مثقال‌و نیویك ئالتوون بە حازری ، یا دوو کیلو گەنمی قەندەهاري بدەی بە سیە کیلو گەنمە زەردکە بە حازري • دووهەم ئەوەیە زیادە لەناوا نەبی ، بەلام لە موعامەلەکەدا وادە دانری بو وەرگرتنی نرخی فروشراوەکە وەك ئەوە کە دە درەمی حازر بفروشری بە دە درەمی تا سەری مانگ • سیهەم ئەوەیە نە زیادە لە مامەلەکەدا هەبی‌و نە وادەیش دانین بو وەرگرتن ، بەلام لـــە مەجلیسی مامەلەکەدا هەرکەس حەقی خوی وەرنەگری وەك ئەوە یەکیك دیناریك بفروشی بە دیناریکی حازر ، بەلام مەجلیسەکە بەجی‌بیلن بەبی‌ئەوە کە هەرکەس حەقی خوی وەربگری • جوری یەکەم مەشهوورە بە (ربـا الفضل) لەبەر زیـادەکە • جـوری دووهـەم مەشهوورە بە (ربا النســـا) لەبەر دواکەوتنی وادەی وەرگرتنی نرخەکە • جوری سیهەم مەشهوورە بە (ربا الید) لەبەرئەوە کە حەقەکان دەس‌بەدەس وەرنەگیراون • ئەمجورانە هەموویان حەرامن‌و مایەی تاوانبارین •

وەك وتمان هوی پەیدابوونی سوود ئەوەیە ئەو دووشتەی ئەدریـــس بە یەکتر هەردوکیان خواردەمەنی بن وەك گەنم‌و جوو برنج‌و شتی‌وا ، یا هەردوکیان نەخت بن وەك ئالتوون‌و زیو • جا ئەو دوو شتە ئەگەر هاوجینس بوون وەك گەنم بە گەنم‌و جو بە جوو ئالتوون بە ئالتوون‌و زیو بە زیو ، ئەوە بو دامەزرانی ئەو موعامەلەیە سیە شەرت پیویستە • یەکەم ئەوەیە ئـــەو دوو شتەی ئەدرین بە یەکتر ئەوەندەی یەك بن • دووهەم ئەوەیە هەردوکیان

حازر بن • سیهەم ئەوەیە هەردوو کەسەکە حەقی خویان لەو مەجلیسەدا وەربگرن • ئەگەر دوو شتەکە هاوجینس نەبوون بەلام هەردوکیان خواردەمەنی بوون وەك گەنمو جو ، یا نەخت بوون وەك ئالتوونو زیو ، ئەوە تەنها دوو شەرتە دواییەکە پیویستەو بەس ، وە شەرت نییە ئەوەندەی یەك بن • کەواتە دروستە مەنیك گەنم بدری بە دوو مەن جو ، وە مثقالیك ئالتوون بدری بە چەند مثقال زیو ، بەو شەرتە کە هەردوکیان حازر بن ، وە مامەلەچییەکان پاش وەرگرتنی حەقی خویان لە یەك جیابنەوە • وە ئەگەر هاوجینس نەبوون وە هوی سوود (علة الربا)یشیان یەك نەبوو ، ئەوە بەو بەیەك دانیان هیچکام لە سیە شەرتەکە پیویست نییە •

(بزانن) هەموو جوریکی گەنم بە یەك جینس دائەنری ئەگەرچی جوریکیان لە جوریکیتریان خوشترو باشترو ئارەزوو لی کراوتر بی • هەروەها هەموو جوریکی جوو گەنمە شامیو برنجو شتیترا • وە گەنمە شامیو زەراتە عەرەبیلە دوو جینسی جیان لەیەك •

کە وتمان خواردەمەنی هەموو ئەوشتانە ئەگریتەوە کە قووت بن وەك گەنمو برنجو جو، یا میوە بن وەك هەنجیرو تریو هەنارو سیو، یا خواردنو خواردنەوەیان پی ئامادە بکری وەك خویو زەردەچەوەو زەنجەفیلو ئەم جورەشتانە •

ئاردیش بەگویرەی ئەسلەکەی تەماشای ئەکری کەواتە ئاردی گەنمو ئاردی جو دوو جینسی جیاوازن• هەروەها هەرچی کە لە شتیکیتر هینرابیتە بەرهەم تەماشای ئەسلەکەی ئەکری • کەواتە سرکەی میوژو خورما ، وە گوشتی مەرو بزن ، وە شیری بزنو مانگا بە جیاواز دائەنرین چونکە ئەسلەکەیان لە دوو جینسی جیاوازن ، وە لەکاتی فروشتنا ئەگەر یەکیکیان زیاتر بی لەویان زیان نابەخشی •• بەلی گوشتی مەروبەرانو کاورو بەرخ

لە یەك جینسن • هەروەها گوشتی گاو مانگاو گویرەکە • گوشتی بزنو سابرینو گیسكو کارژەلەیش لە یەك جینسن ، وە زیادو کەم لەبەینیانا دروست نی‌یە ، بەلام گوشتی دوو جینسی جیاجیا زیادو کەمیان تیا دروستە•

هەر شتیك کە بپیوری ، ئەبی بە پیوانە ئەوەندەی ئەوی‌تر بی ، وە هەرشتیك کە بکیشری ئەبی بە کیشانە ئەوەندەی ئەوی‌تر بی ، وە لەمەدا ئەگەرینەوە سەر رەوشتی خەلکی حیجاز لە زەمانی پیغەمبەردا (صلی‌الله علیه وسلم) • وە ئەگەر نەمانزانی ئەوان لەو زەمانەدا بە پیوانە یا بە کیشانە موعامەلەیان پی‌کردووە ، سەیری عادەتی ئەو شوینە ئەکەین کە موعامەلەکەی تیا ئەکری •

فروشتنی نەخت بە نەختیش وەك فروشتنی خواردەمەنی‌یە بە خواردەمەنی • ئەگەر کەسیك خوراکیکی فروشت بە خوراکیکی لە جینسی خوی ، بە گوترە ، ئەوە ئەو فروشتنە دانامەزری ، هەرچەند لە راستی‌دا ئەوەندەی یەکیش بن •

هەرچی تەر بی ئەبی وشك ببیتەوە بە بی هیزی ئاگر ، ئەوسا ئەتوانین بیپیوین یا بیکیشینو لەگەل هاوجینسی خویا بەوەندەی یەکیان دانین • کەواتە ئەبی روطاب ببی بە خورماو تری بکری بە میوژو ئەوجا هەرکامیان بدری بە هاوجینسی خوی • بەلام ئەو سەوزی‌یانەی کە وشك ناکرینەوە وەك خەیارو تروزیو شتی‌وا ، ئەوە هەر بە تەری ئەگوررینەوە بە یەکترو هەندی لە زانایان فتوایان داوە گوشتیش هەر بە تەری ئەفروشری بە گوشتی‌تر ، وە ئەم فتوایە لە (شیروانی)دا بە فتوایەکی بەجی دانراوە •

(ئاگاداری) دروستە تا پینج ویسق کە بە سەنگو ترازووی لای خومان ئەکاتە دووصەدو بیستو پینج تەوریزی ، روطاب بدری بە خورما ،

وە تری بدری بە میوژ بو ئەوەی ئەوانەی کە خویان باخیان نی‌یە ، روطاب‌و تری‌یان دەس بکەوی بو مال ومنالیان • لەم‌حالەدا روطاب‌و تری کە بەدارەوە ئەمیننەوە تا وردە وردە ئەکرینەوەو ئەخورین ، وە ئەبی هاوئەنـــدازەیي روطاب‌و خورماو تری‌و میوژەکە بە تەخمین بی •

هاو ئەندازەیي دانەویلە وەك گەنم‌و جوو شتی‌وا لەزکاتەدا تەماشـــا ئەکری کە دەنکەکەی رەق بووبی • وە بو هەر دانەیەك کە رونی لی بگیری وەك کونجی هەم بەوەش ئەبی کە دانەکەی رەق بووبی ، هەم بەوەش ئەبی کە رونەکەی بگیری • وە بو تری هەم بە میوژی‌یش ئەبی‌و هەم بـــــە سرکەییش • وە لە شیرا هەم بە شیری‌یش ئەبی‌و هەم بە ژەنراویش ، واتە بە دویي بەوشەرتە ئاوی تی‌نەکرابی‌و رونەکەی لی دەرهینرابی • بـــەلام (امامی سبکی) فەرموویە ئەگەر ئاویکی کەمی تی‌بکری زیان نابەخشـــی • هاوئەنـــدازەیي پەنیرو کەشـــك‌و دو وشکە کەلکی نی‌یە • هـــەروەهـا هاوئەندازەیي هەرچی کە ئاگر کاری تی‌کردبی بە کولاندن یا برژاندن یا سوورەوە کردن ، مەگەر کار تی‌کردنیکی کەم بو پالاوتنی هەنگوین یـــا هەلقرچاندنی دووگ‌و گرتنی رونەکەی •

هەر موعامەلەیەك دوو جینسی تیابوو لەو جینسانە کە سوودیان تیایەو جینسەکان جیاواز بوون وەك کیلویەك خورماو درەمیك بە کیلویەك خورماو دەرمیك ، ئەوە ئەو موعامەلەیە دانامەزری • کەواتە دروست نی‌یە فروشتنی ئالتوونی ساغ بە ئالتوونیك کە زەردو شتی‌وای تیابی ، وەك ئەو خشلانە کە برنجەو شتی‌وایان تیکەل ئەکـەن • لـە صوورەتی‌وادا پیویستە ئەو جورە خشلانە بە زیو بفروشرین تا جینسەکەیان جیا بی لە یەك‌و کەم‌و زیادی تیا دروست بی • دروست نی‌یە فروشتنی گوشت بە حەیوانی زیندوو یا مردوو لە جینسی خوی یا لە جینسیکی‌تر ، ئیتر گوشتی بخوری یا نە •

باسی هەندی موعامەلە کە نەهی‌یان لی کراوە

ئەم موعامەلانە دوو بەشن • بە شیکیان بەتالن لەبەرئەوە کە نەهیەکە لەبەر بەجی‌نەهاتنی روکنیك یا شەرتیکی ئەو موعامەلەیەیە ، وە بەشیکیان بەتال نین چونکە نەهیەکە لەبەر شتیکە کە پەیوەندی بە موعامەلەکە خویەوە نی‌یە • لە بەشی یەکەمە فروشتنی (ئاوی نیر) یەعنی حەقی پەرینی ئەسپ لە ماین مەسەلا • ئەم موعامەلەیە دانامەزری‌و وەرگرتنی پارەی ئەو فروشتنەش حەرامە • هەروەها فروشتنی بەچکەی بەچکە وەك عادەت بووە لەناو عەرەبا فروشتوویانە ، وە فروشتنی شتیك بە قیمەتیك بەوادەی ئەوە کە فلانە حەیوان بزی‌و بەچکەی ئەو بەچکەیەش لەدایك ببی ، وە فروشتنی بەچکە لە سکی دایکیا ، وە فروشتنی توو لە پشتی نیردا ، وە فروشتنی شتیك بەوجورە کە کریارەکە دەس‌بکوتی لە شتە کراوەکە ، جا بیکری ، لەسەر ئەساسی ئەوە ئەگەر چاوی پی کەوت‌و دلی نەیگرت ، حەقی پەشیمان بوونەوەی نەبی • یاخود کابرای فروشیار بە کریارەکە بلی هەرکاتیك دەست لی‌دا پیم‌فروشتی بەوەندە • هەر لەم‌بەشەیە فروشتنی شتیك لەسەر ئەساسی ئەوە کە فری‌دانی ئەوشتە لەلای فروشیارەوە بو کریارەکە بە فروشتن دابنری • وە بەردە فروش (بیع الحصاة) بەوەرەنگە کە فروشیارەکە بلی : ئەم بەردە فری‌ئەدەم کەوتەسەر هەرکام لەو جلانە ئەوەیانم پی‌فروشتی ، یاخود هەر بەرد فڕەدانەکە بە فروشتن دابنری بە بی‌صیغە ، یاخود بلی پیم‌فروشتی لەسەر ئەو قەرارە تا ئەو بەردە فری‌ئەدەم حەقی پەشیمان بوونەوەت ببی • وە دوو فروشتن لە یەك موعامەلەدا وەك ئەوە کە فروشیار بلی ئەو مالەم پی‌فروشتی بە دیناریکی حازر یا دوو دینار بەوادەی مانگیك وەك لەپیشەوە باسمان‌کرد لەبەرئەوە کە صیغەکە بە تەردیدەوەیەو دوودلی‌ی تیایە •

هەر لەمجورەیە کە دانامەزری فروشتن بە شەرتی فروشتن ، خوا ئەم شەرتی فروشتنە بەئاشکرا باس کرابی ، یا لە مەعنای صیغەی موعامەلەکە دەرکەوی وەك ئەوە کە بلی وا ئەم مالم پیفروشتی بەوەندە بەوقەرارە کە تویش خانوەکەتم پیبفروشی بەوەندە • وە فروشتن بە شەرتی قەرز یا هەر شەرتیکیتر وەك ئەوە کە فروشیار بلی وا ئەو خانوەم پی فروشتی بەوەندە بەوشەرتە تویش ئەوەندە دینارم بە قەرز بدەیتی ، یا خانوەکەتم بە کری بدەیتی • فەرقی نییە بو دانەمەزرانی فروشتن بەشەرت، ئەوە کە شەرتەکە لەلایەن فروشیارەوە بی وەك لەو میسالانەدا کە باسمان کردن ، یا لەلایەن کریارەوە بی وەك ئەوە کە بلی ئەو دەغلەم لی کریت بەوەندە بەوشەرتە کە بوم درەو بکەیت ، یا ئەو قوماشەم لی کریت بەوشەرتە بوم بدووری •

بەلی ، چەند حالەتیك هەیە جیاکراونەتەوە لە مەسەلەی فروشتن بە شەرت • ئەو حالەتانە دروستن وەك فروشتن بە شەرتی حەقی پەشیمان بوونەوە تا سیە روژ بو فروشیار یا کریار یا هەردوکیان • وە وەك ئەوە فروشیار مالەکەی بفروشی بەوشەرتە کە حەقی بەسەر عەیبیەوە نەبیو بەهوی عەیبەوە نەدریتەوە بەسەریا ، وەك لەمەولا باسی ئەکەین • وە وەك فروشتنی میوەی باخیك بەوشەرتە کە کریار بیبریتەوە • وە وەك فروشتنی شتیك بەقەرز بە شەرتی ئەوە لەوادەیەکی دیاری کراودا پارەکەی بدا ، یا شتیك لای فروشیار دابنی بە رەهن لەجیاتیی ئەو پارەیە تا تەسلیمی ئەکا ، یا فلان کەس ببی بە کەفیلی ئەو پارەیە ، یا بە شەرتی ئەوە چەند کەس شاهیدی ئەو موعامەلەیە بن • ئەمجورە کرینو فروشتنانە دروستن لەبەر ناچاری ، وە بەهوی ئەوەوە کە فروشیار پیویستی پییان هەیە •

جا ئەگەر لەپاش فروشتنەکە کابرای مال کر رەهنی دانەنا لەجیاتیی ئەو حەقەی لە ئەستویدایە ، یا ردهنی دانا بەلام عەینی ئەو شتە نەبوو کە

فروشیارەکە دیاریی کردبوو ، یاخود کابرای دیاری کراو نەبوو بە کەفیل، یاخود کابرای مال کر شاهیدەکانی نەهیناو ئیقراری بە موعامەلەکە نەکرد لەلایان ، ئەوە لەم صووڕەتانەدا فروشیارەکە ئەتوانی موعامەلەکە هەلوەشینیتەوەو مالەکەی خوی نەدا بە کابرای کریار ..

بەلام لە مەسئەلەی وەعدە دیاری کراوەکەدا ئەگەر کریار پارەکەی نەدا ، فروشیار بوی نییە موعامەلەکە هەلوەشینیتەوە ، وە ئەتوانی بە زوری حاکم ئەو پارەیە لەو وەعدەیەدا وەربگری لە کریار . وە ئەگەر لە موعامەلەکەدا شەرتیکیان کرد کە کردنو نەکردنی فەرقی نەبوو ، وە لە عەقدی موعامەلەکە خویەوە پەیدا ئەبوو ، وەك ئەوە کە کریار مالەکە وەربگری ، یا ئەگەر عەیبدار بوو بیگیریتەوە بو فروشیار ، یا شەرتیکیوایان کرد کە سوودیکی تیا نەبوو بو کەسیان وەك ئەوە کە ئەو حەیوانە فلانە گیا بخوا ، ئەوە دروستەو شەرتەکە زیان ناگەیەنی .

ئەگەر شەرتی شتیکیوا کرا کە مەبەست بوو وەك جووت کردنی ئەو گاجووتە ، یا وەك ئەوە کە ئەو مەرە ئاوس بی یا شیرا بی ، ئەمەیش هەر دروستە . وە کریار ئەتوانی مالەکە بداتەوە بەسەر خاوەنەکەیا ئەگەر ئەو شەرتەی تیا نەهاتەدی . وە ئەگەر قسەیان یەکی نەگرت لەوەدا کە ئاخو شەرتەکە هاتوەتە دی یا نە ، ئەوە سویندی کریارەکە ئەدری لەسەر ئەوە کە شەرتەکەی تیادا نەهاتوەتەدی ، وە کە سویندی نخوارد مالەکە ئەدریتەو بەسەر فروشیارەکەدا . بەلام ئەگەر مالەکە لای کریار عەیبدار بووبوو ، وەك شەلبوونی حەیوان ، ئەوە ریگا لەوە ئەگری کە مالەکە بدریتەوە بەسەر فروشیارەکەدا . بەلی کریار ئەتوانی تولەی عەیبی کون لە فروشیار وەربگریو مالەکەی نەداتەوە بەسەردا . حەقی پەشیمان بوونەوەی کریار حەقیکی دەسبەجییە ، ئەگەر پاش پیزانین تەفرەیدا حەقی نامینی ، مەگەر

بلی کوتووپر پیم‌نه‌زانیبوه‌و له‌و نه‌زانینه‌دا بیانووی هه‌بی • ئه‌گه‌ر که‌سیك حه‌یوانیکی ئاوسی فروشت ئه‌وه سکه‌که‌شی به‌ر فروشتنه‌که ئه‌که‌وی به‌وشه‌رته کابرای فروشیار به‌تایبه‌تی ناوی سکه‌که‌ی نه‌هینابی له فروشتنه‌که‌دا ، چونکه ئه‌گه‌ر وتبیتی وا ئه‌و حه‌یوانه‌ؤ سکه‌که‌یم پی‌فروشتی، ئه‌وفروشتنه دانامه‌زری ، چونکه وه‌ضعی هه‌ندیکی وه‌ك به‌چکه‌ی ناؤسکی حه‌یوانه‌که بی دیاری نی‌یه • هه‌روه‌ها ئه‌گه‌ر ته‌نها سکه‌که‌یشی بفروشی ئه‌و موعامه‌له‌یه دانامه‌زری وه‌کو له‌پیشه‌وه باسمان‌کرد • هه‌روه‌ها فروشتنی حه‌یوانه‌که‌ش به‌ته‌نها دانامه‌زری یه‌عنی جیای بکاته‌وه له سکه‌که‌ی‌و بلی ئه‌و حیوانه ئاوسه‌م پی‌فروشتی بیجگه له سکه‌که‌ی وه سکه‌که‌ی بو خوم بی •

به‌شی دووهه‌می ئه‌و موعامه‌لانه که نه‌هی‌یان لی‌کراوه ئه‌ؤه‌یه موعامه‌له‌که خوی به‌تال نی‌یه ، به‌لام کابرا له خه‌ریك‌بوونی موعامه‌له‌که‌دا گوناهبار ئه‌بی ، له‌به‌رئه‌وه که نه‌هیه‌که رووی کردوه‌ته شتیکی خارج له شه‌رت‌و روکنی ئه‌و موعامه‌له‌یه ، وه‌ك ئه‌ؤه که شارستانی شت بو لادی‌یي بفروشی پاش‌ئه‌وه‌ی که بیته ناو شار به ماوه‌یه‌ك • مه‌سه‌لا کابرایه‌کی لادی‌یي حه‌یوان یا رون یا هیلکه‌و شتی‌وا ئه‌هینی بو شار ، دووکانداریکی شارستانی له‌ولاؤه په‌یدا ئه‌بی پی‌ی‌ئه‌لی ئیستا ئه‌م شته‌ت مه‌فروشه ، دای‌بنی لای من ، به موله‌ت بوت‌ئه‌فروشم به نرخیکی گرانتر له نرخی ئه‌مرو •• وه وه‌ك ئه‌ؤه که شارستانی بروا به‌پیری لادی‌یی‌یه‌وه‌و له‌پیش‌ئه‌ؤه‌دا که بگاته شارو نرخ تی‌بگا ماله‌که‌ی لی بستینی • ئه‌مه هه‌رچه‌ند موعامه‌له‌که دائه‌مه‌زری ، به‌لام حه‌رامه ، وه هه‌رچی ؤه‌ختیك لادی‌یی‌یه‌که له زیانی خوی ئاگادار بوو ئه‌توانی په‌شیمان ببیته‌وه‌و ماله‌که‌ی ؤه‌ربگریته‌وه •

(احتکار) حه‌رامه که ئه‌ؤه‌یه که‌سیك له گرانی‌یا قووت بکری‌و هه‌لی بگری بوئه‌وه‌ی به گرانتر بیفروشی • به‌لام ئه‌گه‌ر ماله‌که هه‌ر هی خوی بوو ، یاخود له هه‌رزانی‌یا کریبووی ، ئه‌وه حه‌رام نی‌یه

هەلی‌بگری تا کاتیك كە خەلك زور پیویستیان پی‌ئەبی • ئەو کاتە واجبـــە هەرچەندی زیاد بی لە پیویستی خوی بیفروشی ••

حەرامە سەودا لەسەر سەودای غەیر لەپاش بریاردانی نرخ • مەسەلا کەسیك بی‌یەوی مالیك بکری بە چەند دیناریك ، ئەمیش راست بیتەوەو بلی بە کریارەکە من وینەی ئەو مالەت پی‌ئەفروشم بە هەرزانتر ، یا چاکتـــر لەوەت پی‌ئەفروشم بەونرخە ، وە قسەکەی بکا بە راست •

فروشتن بەسەر فروشتنی کەسیکی‌ترا حەرامەلەپیش تەواوبوونـــی ماوەی پەشیمان بوونەوەدا ، بەوجورە کە بلیت بە کریارەکە پەشیمان ببەرەوە من هینەکەی خومت پی‌ئەفروشم • هەروەها حەرامە کرین بەسەر کرینی یەکیکی‌تردا ، بەوجورە کـــە بلیت بە فروشـــیارەکـــە موعامەلەکـــەی هەلوەشینیتەوەو پەشیمان بیتەوە بو ئەوەی کە خوی لی‌ی‌بکری بە گرانتر••

مەغروورکردنو تەفرەدانی خەلك حەرامە ، بەورەنگە کە نرخـــی مالیکی فروتەنی زیاد بکا نەك لەبەرئەوە کە ئارەزووی لە کرینیەتی ، بەلکو بوئەوە کە کریار هەل‌بخەلەتینی ، یا بو ئەوە کە قازانج بە فروشیار بگەیەنی‌و کاریك بکا مالەکەی بو بفروشری• فەرموودەی راست‌تر ئەوەیە لەم‌حالەتەدا کابرای کریار کە بەم فروفیلەی زانی‌و تی‌گەیشت خەلەتاندوویانە ، ناتوانی پەشیمان بیتەوە چونکە ئەبوو لەکاتی خویدا ورد بووایەتەوەو گوی‌ی خوی نەخستایەتە مشتی کەسیکی‌تر ••

فروشتنی روطاب‌و تری حەرامە بە کەسیك کە لەوباوەرەدا بین ئەیکا بە شەراب • هەروەها فروشتنی ئاوریشم حەرامە بە پیاویك کە خوی لەبەری بکا•فروشتنی چەکیش حەرامە بەکەسیك‌کە بەکاری بهینی بو خراپەو دزی‌و جەردەیي پی‌بکا • بەلی دروستە موعامەلە کردن لەگەل کەســیك کە مالی تیکەل بی لە حەلال‌و حەرام ، مادەم نەزانین عەینی ئەو شتەی کە ئەمانداتی

له حەرامەکەیەتی ، ئەگینا هەر موعامەلەیەك کە بەو عەینە بکری دانامەزری چونکە مالی خوی نی‌یەو تصرف تیاکردنی بەتالە •

باسی فروشتنی شتی تیکەل لە حەلالو حەرام

ئەگەرکەسیك سرکەوشەرابی بەیەکەوە فروشت ، یا مالی خـــوی‌و کەسیکی‌تری فروشت بە بی‌ئیندنی ئەوکەسە ، یا مالیکی تیکەلاوی خوی‌و یەکیکی‌تری فروشت بی‌ئەوەی ئەو ریگای دابی ، ئەوە هەر فروشـــــتنی سرکەکەو بەشەکەی خوی دروستەو ، هی شەرابەکەو بەشی کابرای‌تـــر دانامەزری • بەنیسبەت کابرای کریاریشەوە بەئارەزووی خویەتی ئەگـــەر رازی نەبوو ئەتوانی موعامەلەکە هەل‌وەشینیتەوە ، وە ئەگەر رازی بوو ، ئەوە ئەو بەشەی کە فروشتنەکەی دامەزراوە ، لەسەری دائەمەزری ، بـە بەشیك لەونرخەی کـــە موعامەلەکەی پی‌کراوە بەگویرەی نرخی بازار لەوروژەدا • کەواتە ئەگەر بەشەکەی کابرای فروشیار لەبازاردا بایی دوو دینار ، وە بەشی کابراکەی‌تر بایي چوار دینار بوو ، ئەبی کریارەکە سی‌یەکی سەرجەمی نرخەکە بدا بە فروشیارەکە •

هەروا ئەگەر بەیەك موعامەلە کابرایەك دوو بزنی فروشت بە یەکیك ، وە لەپیش ئەوەدا کە کریارەکە وەریان‌بگری یەکیکیان مرد ، ئەوە کابرای کریار بەئارەزووی خویەتی یا موعامەلەکە هەل‌وەشینیتەوە ، یا بەگویرەی نرخی بازار پارەی بزنە ماوەکەیان بدا بە فروشیارەکە ••

ئەگەر کەسیك لە موعامەلەیەکدا دوو شتی‌وای یەك‌خست کە حوکمیان جیا بی لەیەك وەك فروشتن‌و بەکری‌دان (اجارە) یا فروشتن‌و سەلەم ، ئەوە هەردوکیان دائەمەزرین ، وە پارە ناوهینراوەکە دابەش ئەکری بەســـەر هەردوکیانا • مەسەلا ئەگەر کەسیك بلی ئەو ئەسپەم پی‌فروشتی‌و ئـــــەو

خانووەم پیدای بەکری بو سالیك ، بە چل دینار ، وە لەراستی‌دا قیمەتـــی ئەسپەکە بیست دینارو کری‌ی سالیکی خانوەکە دە دینار بوو ، ئەبی چـل دینارەکە بکری بە سیە بەشەوە ، دوو بەشی بو حەقی ئەسپەکەو بەشیکی بو کری‌ی خانوەکە • وە ئەگەر لەیەك عیبارەتدا فروشتن‌و ژن بەشــوودانی یەك‌خست ، ئەوە هیچ قسەی تیا نی‌یە کە ژن بەشوودانەکە دائەمەزری ، وە فەرموودەی دیاری‌تر ئەوەیە کە فروشتن‌و مارەیی‌یەکەش دامەزراون ، وە ئەو پارەیەی کە ناوبراوە بەش ئەکری بەسەر (مهر المثل)ی ژنەکەو قیمەتی مالە فروشراوەکەدا • کەواتە ئەگەر (مهر المثل)ەکە دوو ئەوەندەی قیمەتی مالە فروشراوەکە بوو ، دووبەشی پارەکە ئەبی بە مارەیی‌و ، بەشیکی ئەبی بە قیمەتی مالە فروشراوەکە •

(بزانن) موعامەلە بە زیاتر لە یەك موعامەلە دائەنری ئەگەر لە یـــەك قیمەت زیاتری تیابوو ، وەك ئەوە کە کابرای فروشیار بلی وا ئەم ئەســپەم پی‌فروشتی بە بیست دینارو ئەم مەرە بە دوو دینار • هەروەها ئەگەر فروشیار یا کریار لە یەك کەس زیاتر بن وەك ئەوە کە دووکەس ئەسپیك بفروشن بە یەکیك بە بیست دینار ، یا یەك‌کەس بیفروشی بە دووکەس بەو قیمەتە• موعامەلەکە لەم صوورەتانەدا بە دوو موعامەلە دائەنری• وە ئەگەر دووکەس یەکیکیــــان کرد بە وەکیل ، یا یەکیك دووکەسی کرد بە وەکیل ، ئــەوە راستتر ئەوەیە کە تەماشای زورو کەمی‌ی وەکیلەکە ئەکری •

باسی پەشیمان‌بوونەوە لە مەجلیسدا

حەقی پەشیمان بوونەوە هەیە بو هەردوولا لە هەر موعامەلەیەکدا کە گورینەوەیەکی رووت بی • گورینەوەی رووتیش بریتی‌یە لەو موعامەلەیە کە تیك‌بچی بەهوی خراپی‌ی ئەوشتەوە کە لە عیوەزی شتەکەی‌تردا دراوە،

وەك فروشتنی نەخت بە نەختو خواردەمەنی بە خواردەمەنی • هەروەها لە سەلەمدا • وە لە تەولیەدا کە بریتی‌یە لەوە یەکی مالێك بکڕی ، وە لەپاشا ئەو موعامەلەیە رووبەرای یەکێکی‌تر بکاتەوەو ئەوکەسە بکا بە خاوەنی ئەو موعامەلەیە وەك لەمەولا باسی دیت • وە لە شەریك‌کردنا کە بریتی‌یە لەوە یەکی مالێك بکڕێ لەپاشا کەسێکی‌تر بکـــا بە شەریکی خوی لـــەو موعامەلەیەدا • وە لە صولحی گورینەوەدا وەك ئەوە کـە یەکیـك داوای خانوویەك بکا لە کەسیك ، وە پاش ئەوە کە ئەوکەسە پی‌ی‌لی‌نا ئەو خانووە هی کابرای داواکارە ، صولحی لەگەل بکا لەسەرئەوە کە شتێکی‌تری پی‌بدا لەجیاتی‌ی خانووەکە ••

لە هەموو ئەم جورە موعامەلانەدا هەردولا حەقی پەشیمان بوونەوەیان هەیە لە مەجلیسی موعامەلەکەدا ، وە هەرکامیان وتی من پەشیمانم موعامەلەکە هەل‌ئەوەشێنەوە • بەلی ئەم حەقی پەشیمان بوونەوەیە تەواو ئەبی بەوە کە هەردوولا بریاری ئەوە بدەن کە موعامەلەکەیان دامەزراوەو جی‌گیر بووە• کەواتە ئەگەر تەنها یەکی لەوان ئیختیاری دامەزرانی موعامەلەکەی کرد ، ئـــەوە حەقی پەشیمان‌بوونەوە بو تەنها ئەویانە ئەمینیتەوە • هـــەروەهـا ئەم حەقە ئەبریتەوە بەوە کە هەردوو موعامەلەچی‌یەکە لە یەك جیابنەوە ، بەورەنگە کە هەردوکیان لەو شوینی موعامەلەیە دەرچن هەریەکی بـــو لایەك ، یاخود یەکیکیان بڕواو ئەویان بمینیتەوە • کەواتە ئەگەر هەردوکیان لە هەمان مەجلیسدا مانەوە ، یا هەلسان بەلام پیکەوە رویشتن ، ئەوە تــــا پیکەوەبن حەقی پەشیمان بوونەوەیان ئەمینی • لە مەسەلەی جیابـوونەوەدا ئەگەرینەوە سەر عورف‌و عادەت • کەواتە جیابوونەوە ئەوەیە کە خەلك بە جیابوونەوەی دانین ، وە بەوجورە جیابوونەوەیە حەقی پەشیمان بوونـەوە نامینی •

ئەگەر لە هەمان مەجلیسدا یەکێك لەو دوو موعامەلەچی یە مرد یاخود شیت بوو ، ئەوە قسەی راستتر ئەوەیە میراتگرانی کابرای مردوو ، یا سەرپەرشتی کەری کاروباری کابرای شیتبوو حەقی پەشیمانبوونەوەیان هەیە ، تا هەلئەسن لەو مەجلیسەدا کە خەبەرەکەیان پی گەیشتووە تیایدا. ئەگەر موعامەلەچی یەکان بوو بە هەرایان ، یەکیکیان وتی جیا بووینەتەوەو ، ئەویان ئینکاری کرد ، باوەر بەوەیانە ئەکری کە ئینکاری جیابوونەوە ئەکا ، بەلام سویندیکی ئەدری ، چونکە ئەصل ئەوەیە هیشتا بەیەکەوە بووبن و جیا نەبووبنەوە . هەروەها ئەگەر بوو بە هەرایان لەبارەی پەشیمان بوونەوەوە ، ئەوە باوەر بەوەیانە ئەکری کە ئەلی پەشیمان نەبووینەتەوەو سویندیکی ئەدری ، چونکە ئەصل دامەزرانی موعامەلەکەو پەشیمان نەبوونەوەیانە .

(بزانن) حەقی پەشیمان بوونەوە نی یە لە گەردن ئازادکردنو ، لە مارە برینو ، لە مارەیی و ، لە بەخشینا چ بەرابەر بە شتیك بی یا بەخورایی بی . هەروەها حەقی پەشیمانبوونەوە نی یە لە وەرگرتنی بەشدا بە (شفعه) وە لە ئیجارەدا ، وە لە باخەوانیدا کە پی ی ئەلین (عقدی مساقاة) وە بریتی یە لەوە کەسیك خزمەتکردنی باخیکی میو یا خورما بگریتە ئەستو بە بەشیك لە میوەکەی .

باسی شەرتکردنی پەشیمان بوونەوە

دروستە هەردوو موعامەلەچی یەکە ، یا یەکیکیان ، شەرتی ئەوە بکەن کە بتوانن پەشیمان ببنەوە لەو موعامەلەیە کە ئەیکەن ، لە هەموو جورە فروشتنیکا ، مەگەر ئەو فروشتنەی کە پیویست بی تیایدا لە مەجلیسی موعامەلەکەدا عیوەزی مالە فروشراوەکە وەربگیری وەك فروشتنی ئەو

شتانەی کە سوودیان تیایە • هەروەها سەلەمیش • لەمانەدا شەرتی پەشیمان بوونەوە دروست نی‌یە•شەرتی پەشیمان بوونەوە نابی لە سیە روژ تی‌بپەری، وە ئەبی ماوەکەی دیاری بکری ئاخو تا سیە روژە یا کەمتر • سەرەتای ئەو ماوەیە دەس‌پی‌ئەکا لە کاتی کردنی موعامەلەکەوە •

جا ئەگەر تەنها فروشیار یا کریار شەرتی پەشیمان بوونەوەی کرد ، ئەوە لەو ماوەیەدا مالەکە بە مولکی ئەوکەسەیان دائەنری کە شەرتەکـەی کردووە• وە ئەگەر هەردوکیان شەرتی پەشیمان بوونەوەیان کرد، مولکیەتی ئەو مالە رائەوەستینری‌و بو کەسیان نابی تا ماوەی حەقی پەشیمان بوونەوەکە دوایی‌دی • ئەگەر موعامەلەکەیان هەل‌نەوەشاندەوە دەرئەکەوی مالەکە هی کریارەکە بووە ، وە ئەگەر هەلیان‌وەشاندەوە دیارە هی فروشیارەکە بووە• وە هەر زیادەیەك لەو مالە فروشراوە پەیدابووبی ئەبی بە هی ئەوکەسەی کە ئەبی بەخاوەنی مالەکە •

هەلوەشاندنەوەی ئەو موعامەلەیە ، یا دامەزراندنی پیك‌دیت بە قسەیەك کە مەعنای هەلوەشاندنەوە یا دامەزراندن بگەیەنیت ، مەسەلا بلی وا ئـــەو موعامەلەیەم هەلوەشاندەوە ، یا بەتالم کردەوە ، یا ئەو مالەم هینایەوە بو خوم یا ئەو موعامەلەیەم دامەزراند ، یا بریارم لەسەر دا ، یا بریمەوە ، یا رەوام بینی ••

(بزانن) ئەگەر فروشیار لە ماوەی حەقی پەشیمان بوونەوەدا مالەکەی فروشت بە کەسیکی‌تر ، یا دای بە ئیجارە ، یا نایە رەهنی خاوەن قەرزیکەوە، یا بەخشی بەکەسیك ، یا وەقفی‌کرد ، یا نەذری‌کرد لەکەسی ، هەرکام لەم تەصەروفانەی دائەنری بە پەشیمان بوونەوە لە فروشتنەکەی پیشوو • بەلام لە مەسەلەی رەهن‌و بەخشیندا پیویستە کابرای رەهن وەرگرتوو، وە کابرای پی‌بەخشراو مالەکە وەربگرن • هەروەها قسەی راستتر ئەوەیە ئەگـــەر کریاریش یەکیك لەم کردەوانە بکـــا بوی دائەنری بە دامەزراندنـــی

موعامەلەکە • بەلام بەنیسبەت کریارەوە کاتیك ئەتوانی ئەم جـــوره تەصەروفاتە بکا کە حەقی پەشیمان بوونەوە تەنها بوخوی بی ، یاخـــود فروشیار ریگای دابی ، ئەگینا دروست نی یە • هەروەها قسەی راستتر ئەوەیە نواندنو پیشاندانی مالە فروشراوەکە بەنیازی فروشتنیکی تازە ، نە بە پەشیمان بوونەوە دائەنری لەلایەن فروشیارەوە ، نە بە دامەزرانـــدن دائەنری لەلایەن کریارەوە •

(بیداری) هەروەك شەرتکردنی پەشیمان بوونەوە لەناو عەقـــدی موعامەلەکەدا دروستە ، لەپاش عـــەقدەکەش دروستە بەمەرجی کــــە مەجلیسەکەیان بەجی نەهیشتبیو جیانەبووبنەوە لە یەك •

باسی پەشیمان بوونەوە بەهوی دەرکەوتنی عەیبیکی پیشووەوە

دروستە بو کریار پەشیمان ببیتەوە لەو موعامەلەیەی کە کردوویەتی ، بەهوی دەرکەوتنی عەیبیکی کونەوە لەومالەدا کە کریویەتی • هەروەها بو فروشیاریش دروستە پەشیمان ببیتەوە ئەگەر عەیبیکی کونی دیـــــەوە لەومالەدا کە لەجیاتیی مالە فروشراوەکەی وەری گرتووە •

قاعیدەی ئەمەش ئەوەیە هەر عەیبی کە عەینی مالـــەکە کەمبکا یـــا نرخەکەی بشکینی بەئەندازەیەك کە لە عورفو عادەتدا قەبوول نەکری ، وە ئەو عەیبەیش لەوجینسەدا نەبی بەپیی عادەت ، ئەبی بەهوی پەشیمـــان بوونەوە ، ئیتر ئەوعەیبە لەگەل عەقدەکەدا پەیدا بووبی یا لەبەینی عەقدەکەو وەرگرتنی مالەکەدا ، بەوشەرتە کە کابرای کریار بە عەیبەکەی نەزانیبی ، هەروەها کابرای فروشیاریش بە عەیبی قیمەتەکەی نەزانیبی •

لەوعەیبانەیە کە ئەبن بەهوی دروستبوونی پەشـیمان بوونـــەوە ، خەسراویی حەیوانی نیرینە ، وە سەرکیشیی ولاخی سواری ، وە دەنگ

لیوەهاتنی لەکاتی رەوتو غار کردنا ، وە گازگرتنو جووتە وەشاندنی ، وە هەلخستنەوەی حەیوانی باری لەکاتی بارکردنا ، وە جووت نەکردنی گاجووتو نووستنی لەکاتی جووتکردنا ، وە شیر دانەدانی حەیـوانی دوشەنی ، وە لەقە وەشاندنی لەکاتی دوشینا ، وە قوچدانی لەوکەسەی کە ئەیدوشی .

مایەی عەیبداربوونە بو خانوو ئەمە کە ئاوەزی بی ، یا لە دراوسیی ئەو خانوەدا شوینی ئاسنگەرو گازرییکەر هەبی یا کاسبیکیوا کە ئەزیەتی دراوسیکانی بدا ، یا لە نزیکی ئەو خانوەوە دووکەل لە حەمام دەرچی ، یا پلووسکی مالیکی بەرز داپەری بەسەر بانی ئەو خانووەدا ، یا مردوو لە هودەیەکیا یا لە حەوشەکەیا دفنکرابی مادەم ئەوەندە کون نەبی کە مردووەکە رزیبی ، یا لە نزیکی ئەو خانوەوە خانووی کەسیکی بیناموسو بیئابروو هەبی ، یا خود کاغەزیك دوزرابیتەوە کە باسی وەقفیەتی ئەو خانووە یا ئەرزی ئەو خانووەی تیابی ، یاخود ئینسانیکی باوەر پیکراو خەبەر بدا بەوە کە خانوەکە یا ئەرزەکەی وەقفە .

مایەی عەیبداربوونی زەوییەکیشە کە بو ئەوە کرابی بکری بە باخ یا بکیلری ، ئەمە کە بەردەلان بی یا لمی تیابیو کشتوکالی تیا دەس نەدا .

قوماشیش بەوە عەیبدار ئەبی کە لە عەمارا سووتابی یا عەمارەپوو بی .

عەیبدار بوونی دەغلیش بەوەیە کە ئەسپی یا کرم تییدابی یا مورانـە خواردبیتی ، یا پووچەل بووبی . میوەش بەوە عەیبدار ئەبی کە گەنیبی یا ترشابی یا کرمول بووبی یا تامی عادەتیی خوی نەبی ، وەك ئەوە کە کالەك ترش بی لە نەوعی شیرینا .

ئەگەر کەسیك شتیکی فروشت بەوشەرتە کە حەقی نەبی بەسەر عەیبی نەوشتەوە ، یەعنی هەرچەند عەیبی پیوەبی نەبی بەهوی ئەوە کە بدریتەوە بەسەریا ، ئەوە ئەگەر ئەو شتە گیانلەبەر نەبوو ، کابرا لە هیچ عەیبیکی

بەری نابی چ ئاشکراو چ نهینی ، وە مادام عەیبیکی تیا دەرکەوت کریارەکە ئەتوانی بیداتەوە بەسەر فروشیارەکەدا • وە ئەگەر گیانلەبەر بوو ، بەری ئەبی لە هەموو عەیبیکی نهینی کە پیی نەزانیبی ، وە بەری نابی لە عەیبی ئاشکراو لە هەر عەیبیکی نهینی کە پیی زانیبی چونکە ئەبوو لەکاتی فروشتنی گیانلەبەرەکەدا ناوی ئەو عەیبەی ببردایە ، کەچی ناوی نەبردوە •

ئەگەر مالە فروشراوەکە لەلای کریارەکە فەوتا ، ئەوجا بەعەیبە پیشووەکەی زانی ، ئەتوانی تولەی ئەو عەیبە لە فروشیارەکە وەربگری کە بریتی یە لە بەشیك لەوپارەیە کە داویە لە حەقی مالەکەدا کە نیسبەتی بە هەموو ئەوپارەیە ئەوەندەی ئەوەیە کە عەیبەکە لە نرخی مالەکەی کەم کردوەتەوە لە بازارا • مەسەلا ئەگەر ئەو مالە لەبازارا بە بی عەیب بایی دە دینار بی ، وە بەعەیبەوە بایی نو دینار بی ، پیویستە فروشیار دەیەکی پارەکە بداتەوە بە کریارەکە • فەرموودەی راستتر ئەوەیە بو بژاردنەوەی حەقی ئەو عەیبە ، تەماشای کەمترین نرخیکی مالە فروشراوەکە ئەکری لەکاتی فروشتنیەوە تا کاتی وەرگرتنی •• وە ئەگەر مالە فروشراوە عەیبدارەکە مابوو ، بەلام قیمەتەکەی بەلای فروشیارەکەوە نەمابوو ، کریارەکە ئەتوانی مالە عەیبدارەکە بداتەوە بەسەر خاوەنەکەیا ، وە وینەی قیمەتەکە ئەگەر وینەدار بوو ، یاخود نرخەکەی ئەگەر وینەدار نەبوو ـ وەربگری لە فروشیارەکە • وە ئەگەر پاش ئەوە کە مالەکە کەوتە دەست یەکیکی تر ، بەعەیبەکەی زانی ، حەقی تولە وەرگرتنی نابی لە فروشیارەکە • بەلی ئەگەر جاریکی تر مالەکە کەوتەوە دەستی ، ئەتوانی تولەی عەیبەکە لە فروشیارەکە وەربگری •

(بزانن) گیرانەوەی مالی عەیبدار ئەبی دەس بەجی بی • کەواتە پیویستە کریار پەلەپەل بکا بو دانەدواوەی ئەو مالە بەپیی عادەت • مەسەلا ئەگەر لەکاتی نویژکردنا بە عەیبەکەی زانی ، ئەبی پاش لی بوونەوە لە

نویژەکە بەتەواوی ، مالەکە بگێریتەوە • مەبەست لە تەواوی ئەوەیە لـــە نویژەکەو سوننەتی پاش نویژو لە تەسبیحاتو ذیکر ببیتەوە • وەئەگـەر لەشەودا بە عەیبەکەی زانی ، ئەوە پاش روژ بوونەوەو نویژ کردنو قاوەلتی کردنو جل لەبەرکردن مالەکە بەریتەوە بو فروشیارەکە •

جا ئەگەر کابرای فروشیار لەوشوینەدا بوو ، ئەبی کریارەکە خوی یا وەکیلی ، مالەکە بەریتەوە بو فروشیارەکە خوی یا وەکیلی • وە ئەگـەر بیباتە لای قاضیی ئەوشوینە ئەوە باشترە • وە ئەگەر لەوشوینەدا نەبوو ، ئەوە مالەکە بەریت بولای قاضیی ئەو شوینەو تـەفرەی نەدا تا کابـــرا ئەگەریتەوە بو ئەو شوینە یا تا خوی ئەرۆا بو ئەو شوینەی کە کابرای تیایە• فەرموودەی راستتر ئەوەیە ئەگەر کریارەکە لەبەر بیانوویەکی بـــەجی پیی‌نەکرا مالەکە بەریتەوە بو فروشیارەکە ، ئەبی لە جیگەکەی خویـــەوە بەیعەکە هەلوەشینیتەوەو شاهید لەسەر ئەو هەلوەشاندنەوەیە بگـــری تا بوی ری‌ئەکەوی مالەکە بەریتەوە بو فروشیارەکە یا بیداتە دەستی قاضی • وە ئەگەر شاهیدی دەس‌نەکـــەوت پیویست نی‌یـــە خوی بەدەم بـــەیانی هەلوەشاندنەوەی فروشتنەکە بکا ، چونکە مادەم کەس ئاگای لەوە نی‌یە کە ئەو چی ئەلی ، ئیتر ئەبی سوودی وتنەکەی چی‌بی ؟

شەرتی گیرانەوەی مالی عەیبدار ئەوەیە کابرای کریار ئەو شـــتـــە بەکارنەهینی • کەواتە ئەگەر زینی کرد لەو ئەسپە کە ئەیباتەوە ، یاخـــود ولاخە عەیبدارەکەی بارکرد ، حەقی گیرانەوەی نامینی • بەلام دروســـە سواری ولاخی سەرکیش ببی‌و بیباتەوە ئەگەر ئەو ولاخـــە بە بی‌ئەوەی یەکیك سواری ببی نەئەچوو بەریدا • هەروەها ئەگەر کریارەکە کابرایەکی خاوەن ری‌وشوین بی‌و لەکاتیکا بە عەیبی ولاخە کراوەکە بزانی کە سواری بی‌و بوی دەس‌نەدا دابەزی‌و بەپی بروا ، ئەوە بوی دروستە بە سواری‌ی ولاخەکە بمینیتەوە تا ئەیداتەوە دەستی خاوەنی • یاخود ئـەگەر جلـــە

کڕاوەکەی لەبەردابوو ، وە بوی دەرکەوت کە عەیبدارە ، وە جلیکی تر لەویا نەبوو بیکاتە بەری ، ئەوە دروستە جلەکان دانەکەنی تا ئەگاتە لای فروشیارەکە • ئەگەر کریار کەمتەرخەمیی کرد لە گیرانەوەی مالی عەیبداراو حەقی گیرانەوەی فەوتا ، ئیتر ناتوانی داوای تولەی عەیبەکە بکا لە فروشیارەکە •

ئەگەر مالەکە عەیبیکی تازەی تیا پەیدابوو لای کریارەکە ، بیجگە لە عەیبە پیشووەکە کە لای فروشیارەکە بووە ، کریارەکە حەقی نابی بەزور ئەو مالە بداتەوە بەسەر فروشیارەکەدا • جا ئەگەر لەمکاتەدا کابرای فروشیار رازی بوو بەوە کە ئەومالە بەو عەیبە تازەوە وەربگریتەوە ، ئەوە پیویستە کریارەکە یا مالەکەی بداتەوە یاخود خوی بە عەیبە کونەکەوە وەریبگری • وە ئەگەر فروشیارەکە مالەکەی بەو عەیبە تازەوە وەرنەگرتەوە، ئەوە ئەبی یا کریارەکە تولەی عەیبە تازەکە بخاتە پال مالەکەو بیداتەوە بەسەر فروشیارەکەدا ، یاخود فروشیارەکە تولەی عەیبە کونەکە بدا بە کریارەکەو مالەکەی نەویتەوە • جا ئەگەر هەردولا لەسەر یەکی لەم دوو ریگایە ریككەوتن ئەوە باشە ، ئەگینا هەرکامیان داوای ئەوە بکا کە مالەکەی لەلابمینیتەوە ، شەرع لایەنی ئەوەیان ئەگری •

وە لەوصوورەتەشدا کە عەیبیکی تازە لای کریارەکە پەیدا ببی ، پیویستە زوو خەبەر بە فروشیارەکە بدا کەوا عەیبیکی تازە لای ئەویش پەیدا بووە ، بوئەوە کە یەکیك لە دوو صوورەتە باسکراوەکە بو خوی هەلبژیری • ئەگەر ئاگاداری نەکردو بە بیعوزر تەفرەیدا، نە حەقی دانەدواوەی مالەکەی ئەمینیو نە حەقی ئەبی داوای تولەی عەیبە کونەکە لە فروشیارەکە بکا چونکە خوی کەمتەرخەمیی کردووە •

ئەگەر مالەکە لای کریار عەیبیکیوای لی پەیدابوو کە عەیبە کونەکە بەو عەیبە تازەیە نەبوایە دەرنەئەکەوت وەك شکاندنی هیلکە کە پیسیی

هیلکەکەی لیوە دەربکەوی ، وە لەت کردنی کالەك کە کرمولەی کالەکەکەی لیوە دیاری بدا ، ئەوە کریارەکە ئەتوانی ئەو مالە بـــــداتەوە بەســـەر فروشیارەکەداو تولەی عەیبە تازەکەشی ناکەویتە سەر • بەلی ئەگەر ئـەم عەیبە تازەیە زور بوو ، وە عەیبە کونەکە بە کەمتر لەو ئەندازەیــــــە دەرئەکەوت ، کریار ناتوانی بە زور مالەکە بداتەوە بەسەر فروشیاردا •

ئەگەر کەسیك دوو حەیوانی بە یەك موعامەلە کری ، وە هـەردوو حەیوانەکە عەیبدار بوون ، ئەتوانی هـــــەردوکیان بداتەوە بەســـەر فروشیارەکەدا • وە ئەگەر یەکیکیان عەیبدار بوو ، ئەبی یا هەردوکیــــان گل بداتەوە یا هەردوکیان بداتە دواوە • ئیتر حەقی ئەوەی نی یـــــــە عەیبدارەکەیان بداتە دواوەو ساغەکەیان رابگری و داوای تولەی عەیبدارەکە بکا ، چونکە هەردوو حەیوانەکە بە یەك موعامەلە کراون •

وە ئەگەر کەسیك یەك حەیوانی کری لە دوو کەس ، وە ئـــــەو حەیوانە بە عەیبدار دەرچوو ، بوی هەیە بەشی یەکیکیان بداتە دواوەو بەشی ئەوەکەیان هەل بگری ، چونکە موعامەلەکە دوو بەیع بووە • هەروەهـــا ئەگەر دووکەس حەیوانیکیان کری لە یەك کەس وە حەیوانەکە عەیبدار دەرچوو ، دروستە یەکیك لەو دووکەسە رازی بی بە بەشەکەی خـوی و ئەویان بەشەکەی بداتە دواوە ، چونکە ئەم موعامەلەیەیش دوو بەیعە •

ئەگەر کریارو فروشیار بوو بە هەرایان لەوەدا کە عەیبەکە کونە یـا تازەیە ، فروشیارەکە سویند ئـــــەدری بەپی ی ئەو جوابەی کە جوابـــی کریارەکەی پی ئەداتەوە • مەسەلا ئەگەر وتی بە بی عەیبی نەبی ئـــەو مالەم نەداوەتە دەستت ، یا بە بی عەیبی پیم داوی ، هەر بەو جورەش ســـویندی ئەدری • وە ئەگەر وای جواب دایەوە کە پیویســـــت نی یە لەســـەرم وەری بگرمەوە ، یا حەقی ئەوەت نی یە بیدەیتەوە بەسەرما ، هەر بەوجورە سویندی ئەدری و داوای لی ناکری لە سویندەکەیا باسی ئەوە بکا کە ئـەو

عەیبە لای ئەو نەبووەو لای کریار پەیدا بووە ، چونکە رێی تێئەچێ وەختی خۆی کریارەکە بەو عەیبەی زانیبێ‌و پێی رازی بووبێ‌و ، ئەگەر ئیستە فروشیار باسی ئەوە بکا ئەبێ بە شاهید ئیسپاتی بکاو شاهیدیشی نی‌یە •

(بزانن) سویندانی فروشیار لەکاتیکا ئەبێ ئەگەر راستیی قسەکەی بەقەطعی دیار نەبێ • ئەگینا ئەگەر عەیبەکە برینیکی تازە بێ‌و بەیعەکە ماوەیەکی زوری بەسەرا تیپەڕیبێ ، ئەوە باوەر بە فروشیار ئەکرێ‌و پیویست بە سویند دانی نی‌یە • هەروەها ئەگەر راستیی قسەی کریارەکە دیار بوو وەك ئەوە کە عەیبەکە برینیکی کونی خوشەوەبوو بێ‌و بەیعەکەش چەند روژیك بێ کرابێ ، باوەر بە قسەی کریارەکە ئەکرێ‌و سویندی نادرێ‌و مالەکە ئەدریتەوە بەسەر فروشیارەکەدا •

هەروەها ئەگەر کریار ئیدیعای دوو عەیبی کونی ئەکردو فروشیاریش پێی‌لێ‌نا کە یەکیکیان لای ئەو بووە ، بەلام وتی ئەویان لای کریار پەیدا بووە ، لەمصوورەتەیشدا هەر باوەر بە کریار ئەکرێ‌و سویندی ئەدرێ ، چونکە بە پێی‌لێ‌نانی فروشیار لە عەیبیکیان ، حەقی دانە دواوەی مالەکە بو کریارەکە جێ‌گیر بووەو ئەصلیش وایە ئەم حەقە ثابتە ولاناچێ •

جا لەپاش ئەوە کە کریار بەیعەکەی هەلوەشاندەوە ، هەر زیادەیەك بەومالەوە هەبێ‌و لێی جیا نەبیتەوە وەك قەلەوبوونی حەیوان‌و ئاوس‌بوونیك کە لای فروشیار پەیدا بووبێ ، خوای لای کریار لەدایك بووبێ یا نە ، وە وەك گەورەبوونی درەختی باخ ، ئەوە هەمووی تابیعی مالەکەیەو ئەگەرێتەوە بو فروشیار • وە هەر زیادەیەك کە جیا بیبتەوە لە مالەکە وەك بەچکەیەك کە لای کریار خولقابێ‌و لەدایك بووبێ ، وە وەك میوەی باخ کە لە پاش کرینی باخەکە لای کریارەکە پەیدا بووبێ ، وە وەك خورێ‌و مەرەزو موویەك کە لە مولکی کریارەکەدا پەیدا بووبن ، ئەوانە هەموویان هی کریارەکەن • هەروەها هەر کرێیەك کە کریار وەری گرتبێ لەجیاتیی

بەکری‌دانی وڵاخی باری‌و سواری‌و بەکری‌دانی خانووی کرراو ، ئەوەش هەمووی هی کریارەکەیە • هەروەها هەر سکیکیش کە لە موڵکی کریارەکەدا پەیدا بووبی ، هی کریارەکە خویەتی هەرچەند پیش نەدایك بوونیشـــی دایکی بداتەوە بەسەر فروشیارەکەدا • بەڵام هەر حەیوانی لەکاتی کرینیا خوری یا مەرەزی پیوەبووبی‌و لای کریارەکە دریژ بووبی ، ئەوە تیکەلە لەنیوان فروشیارو کریاردا •

فروشیار بەهیچ جوری حەقی ئەوەی نی‌یە داوای ئەو قازانجانە بکـا کە کریار وەری‌گرتووە لە ماڵە کراوەکە ، چونکە لە موڵکی خویدا پەیـدا بوون • هەروەها کریاریش حەقی داواکردنەوەی ئەو مەسرەفانەی نی‌یـە کە کردوویە بو ماڵەکە چونکە مەسرەفی بو موڵکی خوی کردووە •

ئەم حوکمانەی کە باسمان‌کردن حوکمی ماڵیك بوون کە بەشیوەیەکی راست کرابن • کەواتە ئەگەر کەســـیك ماڵیکی کری بەشـــیوەیەکی نادروست ، وە لەپاشا دەرکەوت موعامەلەکە دانەمەزراوە ، یاخود ماڵەکە بە ماڵی یەکیکی‌تر دەرچوو ، ئەوە هەر زیادەیەك لەوماڵەدا پەیدابووبـــی هەمووی ئەگەریتەوە بو خاوەن ماڵەکە ، وە خاوەن ماڵەکە حەقی هەیـــە داوای کری‌ی ئەو ماوەیەیش بکا کە ماڵەکەی لای کریارەکە بووە خـــواه بەکاری هینابی یا نە • وە هەرچی بەرهەمی ئەو ماڵە هەیە وەك شیرو ماستو رون‌و کەشك‌و کری‌بارو کری‌ی خانوو میوەی باخ‌و شتی‌وا هەمـــووی لی‌ئەسینیتەوە • وە هەر مەســــــرەفیکیش کە کابرای کریار لە ماڵەکەدا کردبیتی هەمووی بە زایە ئەچی‌و ناتوانی داوای بکاتەوە لە خاوەن ماڵەکە، هەرچەند ماڵەکەشی لەسەر ئەوە لی‌کریبی کە ماڵی خویەتی ، چونکـــــە لە راستیدا ماڵی ئەو نەبووەو گوی نادری بەوە کە کریار بەوەی نەزانیوە • بەڵام‌ئەگەر لە چەشنی ماڵە کرراوەکە کەوتبیتە ناویەوە ، وەك ئەوە کـــە باخیکی کریبی‌و لە دەرەوە نەمامیکـــی‌تری هینابی تیایدا ناشـــتبیتی ، یا

زەوی یەکی کریبی‌و بە دارو بەردو خشتی خوی خانویەکی تیا کردبیتەوە، ئەتوانی ئەو نەمامەو ئەو دارو بەردو خشتەی بەریتەوە بوخوی • کابرای خاوەن زەوی‌یش ئەتوانی لەپاش تیکدانی خانوەکە شوینەکەی پی تەخت بکاتەوە وەك لەوەپیش چون بووە وەها • وە ئەگەر بە دارو بەردو گـــلی خاوەن‌مالەکە خانوەکەی دروست کردبی ، هەمووی ئەبی بە هی ئەو ، وە رەنج‌و زەحمەتی کابرای کریار هەمووی بە هیچ ئەروا •••

باسی ئەو عەیبانەی کە بە فروفیلی فروشیار پەیدا بوون

هەر عەیبی لە مالی فروشراوا دەربکەوی ، وە لەئەنجامی فروفیـــلی فروشیاردا پەیدابووبی ، ئەبی بەهوی ئەوە کە کریار حەقی پەشـــــیمان بوونەوەی ببی ، وەك ئەوە کە فروشیار بەری ئاوی ئاش بگری ، وە لەکاتی فروشتنی کاریزەکە یا ئاشەکەدا بەری بدا بو ئەوەی کریارەکە وا تی‌بگـــا ئەو کاریزە یا ئەو ئاشە ئاویکی زوری هەیە ، وە پاش ماوەیەك ئاوەکە کەم بیتەوەو عەیبەکە دەربکەوی •

وە وەك ئەوە کە فروشیار حەیوانەکەی نەدوشی‌و گوانی بە پـــری بهیلیتەوە تا کریار وابزانی شیری زورە • • لەم‌حالەدا کریار هەر کە بـــە فیلەکەی زانی ئەتوانی دەس‌بەجی پەشیمان ببیتەوەو حەیوانەکە بداتـــە دواوە • هەندی لە زانایانی شەرع فەرموویانە کریار لە حالی‌وادا تا سیـــە روژ حەقی پەشیمان بوونەوەی هەیە بوئەوەی زور چاك شارەزای حەیوانەکە ببی • پاش ئەوەی کە حەیوانەکەی دا دواوە ، هەر شیری کە لەو حەیوانەی دوشیبی‌و لای مابی ئەبی بیداتەوە بە فروشیارەکە • وە بەرامبەر بە شـیری فەوتاوی ئەو حەیوانە ئەبی یەك (صاع) خورما بدا بە خاوەنەکەی • بەلام ئەگەر هەردولا ریك‌کەوتن لەسەر ئەوە کە لەجیاتی‌ی شیرەکە پارەکـــەی

بدا ، ئەوە دروستە • وە ئەگەر حەیوانەکە گۆشتی نەئەخورا ، ئەوە کابرای کریار تەنها حەقی هەلوەشاندنەوەی موعامەلەکەی هەیە ، وە پیویست نی‌یە لەجیاتی‌ی شیری فەوتاو هیچ بدا بە فروشیار •

(بزانن) لەمەوە کە رابوورد دەرکەوت حەقی پەشیمان بوونەوە بو کریار روخسەتیکە شەرع داویەتی لەبەر دوو مەبەست یەکەم بو تی‌فکرین‌و بەرچاو روشنی لەو موعامەلەیەدا ، وە دووهەم بو دەفعی زەرەرو زیان • جا بەشی یەکەمیش دوو جورە • یەکەم پەشیمان بوونەوە لە مەجلیسی موعامەلەکەدا • دووهەم پەشیمان بوونەوە تا ماوەی سیە روژ یا کەمتر بەهوی بریاردانەوە • بەشی دووهەمیش سیە جورە • یەکەم دەرکەوتنی عەیبیکی‌وا کە بە عورف‌و عادەت بە عەیب دابنری وە وەختی خوی لای فروشیارەکە بووبی • دووهەم بەجی‌نەهاتنی صیفەتیکی مەقصوودی وەها کە کریارەکە بریاری دابی • سیهەم کردەوەیەکی ناپەسەندی‌وا کە فروشیار کردبیتی بو هەل‌خەلەتاندنی کریارەکە •

ئەمجار چەند صوورەتیکی‌تر ماوە بو هەلوەشاندنەوەی بەیع • یەکەم ئەوەیە مالە فروشراوەکە بفەوتی بەرلەوەی کە کریارەکە وەری‌بگری • دووهەم ئەوەیە کریارو فروشیار ببی بەهەرایان لەبارەی ئەندازەی پارەی مالە فروشراوەکەوەو هەردوکیشیان سویند بخون لەسەر راستی‌ی قسەی خویان‌و بەدرو خستنەوەی قسەی ئەولایان ، وەك لەمەوپاش باسی ئەکەین• سیهەم لات‌کەوتنی کریار • چوارەم ئەوەیە کریار بروا بەدەم کاروانەوەو بەرلەوەی بگەنە شارو نرخی بازار بزانن مالەکەیان لی‌بکری، وەك لەمەوپیش باسمان‌کرد • پینجەم ئەوەیە کریارەکە پارەی حاضری لا نەبی‌و مالی ئەوەندەی ئەو مەسافەیە دوور بی کە دروستە نویژی تیا کورت بکریتەوە • شەشەم ئەوەیە کەسیك لە نەخوشی‌ی مردنیا بە هوی چاوپوشی‌و پیاوەتی خویەوە مالی خوی بە نرخیکی هەرزان بفروشی بە یەکیك لە میراتگرەکانی،

ئیتر ئەندازەی هەرزانیی ماڵە فرۆشراوەکەی هەرچەند بێ ، یا بیفرۆشێ بە یەکێکی بێگانە ، وە ئەندازەی هەرزانیی ماڵە فرۆشراوەکە زیاتر بێ لە سێیەکی تێکرای ماڵەکەی •

جگە لەم صوورەتانەش بەیع هەڵئەوەشێنرێتەوە بەهۆی ئەوەوە کە فرۆشیار یا کڕیار پەشیمان بن لەو موعامەلەیە • لەم صوورەتەیشدا سوننەتە ئەوی تریان ئەو هەڵوەشاندنەوەیەی لێ قەبووڵ بکا بۆ ڕەزامەندیی خوا • صیغەی ئەم بەیع هەڵوەشاندنەوەیە ئەوەیە هەردوکیان بڵێن وا ئەم بەیعەمان هەڵوەشاندەوە، یاخود کڕیارەکە بڵێ وا ئەم بەیعەم هەڵوەشاندەوە ، وە فرۆشیاریش بڵێ وا هەڵوەشاندنەوەکەم لێ قەبووڵ کردی •

باسی ماڵی فرۆشراو بەرلەوەی کە کڕیار وەری بگری

ماڵی فرۆشراو بەرلەوەی کڕیار وەری بگری لە ئەستۆی فرۆشیارەکەیدایە • کەواتە ئەگەر بەهۆی ئافەتێکی ئاسمانییەوە لای فرۆشیارەکە خۆی فەوتا ، فرۆشتنەکە هەڵئەوەشێتەوەو نرخەکەی لەسەر کڕیارەکە نامێنێ • هەروەها ئەگەر فرۆشیارەکە خۆی ماڵەکەی فەوتاند • لەم صوورتەدا ئەگەر لەو موعامەلەیەدا حەقی پەشیمان بوونەوە بۆ کەسیان دانەنرابوو ، یاخود بۆ هەردوکیان دانرابوو ، ئەوە هەر زیادەیەك لەو ماڵە فرۆشراوە جیا بووبێتەوە وەك بەچکەو شیرو خوری ، ئەوە هەمووی ئەدرێ بە کڕیارەکە • وە ئەگەر حەقی پەشیمان بوونەوە تەنها بۆ فرۆشیار بوو ، ئەوشتانە بۆ ئەون • وە ئەگەر کڕیار لەپێش فەوتانی ماڵەکەدا فرۆشیاری ئازاد کرد لەمضامنییە ، هیچ سوودێك نابەخشێ‌و مەسەلەکە ناگۆڕێ •

ئەگەر کڕیار خۆی ماڵەکەی فەوتاند ، ئەوە ئەگەر ئەیزانی ئەو ماڵە ماڵە فرۆشراوەکەیە ، ئەوە بە وەرگرتن دائەنرێ ، وە پێویستە قیمەتەکەی

هەموو بدا بە فروشیارەکە • وە ئەگەر نەی‌ئەزانی مالە فروشراوەکەیە ، ئەوە دوو فەرموودەی تیایە ئاشکراتریان ئەوەیە کە بە وەرگرتن دائەنری وەك ئەوە کەسیکی زەوت‌کەر مالی زەوت‌کراو دابنی لە بەردەمی کابرای خاوەن مالەکەدا بو ئەوە بیخوا یا خەرجی بکاو ، ئەویش بیخوا ، یا خەرجی بکا •

ئەگەر فروشیارو کریار بە هەردوکیان مالە فروشراوەکەیان فەوتاند، بەیعەکە لە نیوەی مالەکەدا دائەمەزری‌و لەو نیوەکەیا هەل‌ئەوەشیتەوە ، یەعنی نیوەی نرخی مالەکە لەسەر کریار لائەچی‌و ئەبی ئەو نیوەکەی بدا بە فروشیارەکە • وە ئەگەر کابرایەکی‌تر فەوتاندی ، ئەوە فەرموودەی رەواتر ئەوەیە بەیعەکە هەل‌ناوەشیتەوە ، بەلکو بەئارەزووی کریارەکەیە ، یا ریگای بەیعەکە بداو پارەی مالەکە بدا بە فروشیارو بە کابرای مال فەوتینی بژیری ، یاخود هەلی‌وەشینیتەوەو کابرای خاوەن مال مالەکەی بژیری بەوەی کە فەوتاندوویە •

ئەگەر مالە فروشراوەکە بە ئافەتیکی ئاسمانی عەیبدار بوو بەرلەوەی کریارەکە وەری‌بگری ، ئەوە ئەگەر کریارەکە بەوجورە پی‌ی رازی بوو، وەری ئەگری بە تەواوی قیمەتەکەی • وە ئەگەر پی‌ی رازی نەبوو بەو عەیبەوە ، بوی هەیە دەس‌بەجی بەیعەکە هەلوەشینیتەوەو قیمەتەکەی لەسەر لائەچی • وە ئەگەر فروشیار خوی عەیبداری کرد ، ئەوە (مەذهەب) ئەوەیە کە کریار حەقی پەشیمان بوونەوەی هەیە • جا ئەگەر پەشیمان بووەوە ئەوە قیمەتەکەی لەسەر نامینی ، وە ئەگەر پی‌ی رازی بوو بەو عەیبەوە ، ئەوە ئەبی بە هەموو قیمەتەکەی وەری‌بگری ، وە بوی نی‌یە حەقی عەیبەکە بە فروشیارەکە بژیری • وە ئەگەر کریارەکە خوی عەیبداری کرد ، ئەوە حەقی پەشیمان بوونەوەی نی‌یەو پیویستە لەسەری مالەکە بەتەواوی قیمەتەکەی وەربگری • وە ئەگەر کابرایەکی‌تر غەیری

ئەم دوانە عەیبداری کرد ، ئەوە کریار حەقی پەشیمان بوونەوەی هەیە ، جا ئەگەر پەشیمان بوەوە ئەوە دیارە • وە ئەگەر ریگای بەیعەکەی دا ئەوە ئەتوانی تولەی عەیبەکە بەو کابرایە ببژیری •

(بزانن) فروشـــتنی مالی کـــرراو دروست نی‌یە تا کریارەکـــە وەری‌نەگری • ئیتر چ بە فروشیارەکە خوی بفروشیتەوە یا بە یەکیکی‌تر • هەروەها دروست نی‌یە بیدا بە کری یا بیخاتە رەهنـــەوە یا نەذری بکا یا بیبەخشی یا بیکا بە صەدەقە • هەروەکو دروست نی‌یە بیدا بە قەرز ، یا بیدا لە مارەیی ژنا یا بیکا بە عیوەزی خولع یا بە سەرمایەی سەلەم ، بـــەلام دروستە بەشی بکا لە بەینی خوی‌و هاوبەشدا ، یا حەلالی بکا بو فەقـــیرو هەژار ، یا وەقفی بکا ، یا وەصیەت بکا کە لەپاش مردنی خوی بیدەن بـــە یەکیـــك •

هەروەها ئەو قیمەتەش کە دیاری کرابی ، ئەویش لە هەموو ئـــەم حوکمانەدا وەك فروشراوی پیش وەرگرتن وایـــە • کەواتە فروشـــیار بەرلەوەی ئەو قیمەتە وەربگری ناتوانی بیفروشی • بـــەلام قیمەتیك کـــە لەئەستودابی ، ئەوە دروستە ئالوگوری تیا بکا بەپی‌ی ئەو شەرتانەی کـــە لەمەوپاش باسیان ئەکەین •

دروستە کەسیك مالیکی خوی بفروشی کە بەئەمانەت لە دەستی خەلکا بی وەك مالیك کە لای کەسیك دای‌نابی ، وە مالی هاوبەشی ، وە مالی رەهن کراو پاش دەرهینانی لە رەهـــن ، وە میراتیك کە بوی‌هاتبیتەوەو هیشـــتا وەری‌نەگرتبی ، وە مالیك کە لە دەستی (ولی‌أمر) یا بی پاش ئەوەی خوی گەیشتبیتە عومری روشد پەیدا کردن • هەروەها مالیك کە بە خواستەمەتی (عاریە) بردبیتیان ، وە مالیك کە بە سەوداکردن وەرگیرابی • بـــەلام دروست نی‌یە بەر لە وەرگرتنی ئەو مالە شتیك لەجیاتی‌یدا وەربگری • جا لە حالەتی‌وادا ریگای ئالوگور کردن ئەوەیە هەردوولا عەقدی ســەلەمەکە

هەلوەشیننەوە ، تا ئەو پارەیەی کە دراوە ببێ بە قەرز لەئەستۆیدا ، جـــا لەجیاتیی ئەو قەرزە شتێکی‌تر وەربگری کە ئارەزووی لێیەتی • بەپێی فەرموودەی تازەی ئیمامی شافیعی درۆستە لەجیاتیی ئەو قیمەتەی کـــەوا بەسەر مەعمیلەکەوە ، شتێکی‌تر وەربگیری وەك ئالتوون لەجیاتیی زیو ، وە گەنم لەجیاتیی برنج ، وە پۆشاك لەجیاتیی پارە ، هەتاوەکو ئەگەر ئـەم ئاڵوگورە بەرلەوەیش بێ کە فرۆشیار ماڵە فرۆشراوەکـــە بداتە دەس کریارەکە ، هەر بەوشەرتە کە موعامەلەکە دامەزرابێ‌و لەماوەی پەشیمانیدا نەبێ •

هەروەها درۆستە ئاڵوگور لە کـــرێی کریکارا ، وە لە مارەیی ژن لەسەر مێرد ، وە لە عیوەزی خولعدا ، وە لە هەر ماڵێکی‌تردا کە بەهـــۆی عەقدێکەوە بەیدا بووبێ • جا ئەگەر ئەو شتە کە وەری‌ئەگری لەجیاتیی حەقەکەی خۆی لەسەر کابرا وەك ئەو حەقەی خۆی وابوو لە عیللەتی سوود (علة الربا) دا بەوجۆرە کە هەردووکیان نەخت یا خواردەمـەنی بوون ، ئەوە پێویستە هەر لە مەجلیسی ئاڵوگورەکەدا ئـــەو شتە وەربگری • وە ئەگەر وەك ئەو وانەبوو ، وە جیابوون لە یەك وەك گەنم لەجیاتیی پارە ، ئەوە پێویست نیی‌یە • هەروەها پێویست نیی‌یە لە کاتی عەقدی ئاڵوگورەکەدا ئەوشتەی کە کابرا وەری‌ئەگری لەجیـــاتیی حەقەکەی خـــۆی ، شتێکی دیاری‌و لەبەرچاوا بێ ، بەڵکو ئاڵوگورەکە دائەمەزری هەرچەند ئەو شتە لەئەستۆدا بێ، وەك ئەوە کە فرۆشیار بڵێ وا ئەو دوو لیرەی منە کە لەسەرتە گوریمەوە بە چل درهەم ، وە ئەو دە کیلو گەنمەم کە لەسەرتە گوریمەوە بە بیست کیلو جۆ ، وە کابرای قەرزاریش قەبووڵی بکا ، جا پاش ئـــەوە بەدەلەکە حازر بکاو تەسلیمی بکا •

ئەگەر کەسێك دەست قەرزێکی بەسەر کەسێکەوە بوو ، یا تۆڵـــەی ماڵێکی فەوتاوی بەسەریەوە بوو ، درۆستە ئاڵوگوریان تیا بکاو شتێکی‌تریان

لەبریتیدا وەربگری بەوجورە کە پیشان باسمان کرد • بەلام دروست نی‌یە ئەو قەرزەت کە بەسەر کەسیکەوەیە بیفروشی بـــە کەسیکی‌تر ، هەروەك دروست نی‌یە ئەگەر دووکەس قەرزیان بەسەر دوو کەسەوە ببی ، ئـــەو قەرزەیان بفروشن بە یەکتر •

باسی وەرگرتنی مالی فروشراو

مالی فروشراو یا لەوانەیە بگویزریتەوە ، یا لەوانە نی‌یە • وەرگرتنی مالی نەگویزراوە وەك زەوی‌و باخ‌و داری نیژراو‌و خانوو ئەم جورە شتانە بەوە ئەبی کە فروشیار بە وتن ریگای کریارەکە بدا تەسەروفیان تیا بکا مەسەلا بلی وا ریگام‌دای بو وەرگرتنی ئەو مالەو ماوەی تەسەروف تیـــا کردنەکەشی بدا بەوجورە ئەگەر فروشراوەکە خانوو بوو کلیلەکەی بداتە دەستی‌و کەل‌وپەلی خوی تیا نەهیلیتەوە ، هەروەها هی کری‌چی یا کەسیك کە بەئەمانەت شتی خوی تیا دانابی • جا ئەگـــەر خانوەکـــە کـــەل‌وپەلی فروشیارەکەی تیابوو ، وە فروشیار گواستیەوە بو ســـوچیکی خانوەکە ، بەوە وەرگرتنی ئەو بەشەکانی خانوەکە تەواو ئەبی • وە ئەگەر کەل‌وپەلی کابرای کریاری تیابوو ریگای وەرگرتنی ناگری • جا ئەگەر هـــەردوولا حازر بوون ئەوە باشە • وە ئەگەر هەردوولا حازری لای مالەکە نـــەبوون ، ئەوە بو دامەزرانی وەرگرتنی ئەو مالە پیویستە ئەوەندە وەخت تیپەر ببی کە قابیل بی لەوماوەیەدا کابرای کریار خـــوی یا جی‌نشینی بگا بەو مالـــەو وەری‌بگری •

وەرگرتنی مالی گویزراوەش بەوە ئەبی کە کریار خوی یا جی‌نشینی بە هەر هویەك بووە بیگویزیتەوە لەو شوینەی کە واتیایدا ، خواە رای‌بکیشی یا هەلی‌بگری • بەلام کافی‌یە لەجیاتی‌ی گواستنەوە لی‌خورینی حـــەیوان‌و سوار بوونی هەرچەند پاش سواربوونیشی نەجوولی • هەروەها کافی‌یـــە دانیشتن لەسەر فەرش • بەلام پیویستە کریار خـــوی یا جی‌نشینی لەکاتی

گواستنەوەی ماڵەکەدا چاوی لیوەبێ • وە ئەگەر ماڵە فرۆشراوەکە لەوشوینەدا نەبوو ، پێویستە ماوەیەکیوا تێپەڕی کە لەوانەبێ کریارەکە بگاتە لای ماڵەکە تیایداو بیگوێزیتەوە • وە ئەگەر فرۆشتنەکە لە شوینیکیوادا کرا کە هیچ پەیوەندیکی نەبوو بە کابرای فرۆشیارەوە ئەوەندە بەسە کە ماڵە فرۆشراوەکە لەوشوینە هەڵگیریو بخریتە شوینیکیتر کە ئەویش هی فرۆشیارەکە نەبێ ، خواه حەلال بێ بگوێزریتەوە بۆ ئەو جیگەیە وەك موڵکی کریارەکەو ریگای گشتیو مزگەوت: موڵکی یەکیکیتر کە گومانی رەزامەندیی لیبکری ، یا حەلال نەبێ وەك موڵکیکی زەوتکراو • بەڵکو هەندێ لە زانایانی دین فەرموویانە ئەگەر ئەو ماڵە فرۆشراوە بگوێزریتەوە بۆ شوینیکی زەوتکراویش هەر کافیيە • بەڵام ئەگەر ئەو شوینەی ماڵەکەی بۆ ئەگوێزریتەوە موڵکی فرۆشیارەکە بوو ، ئەبێ ریگای ئەوە بدا کە ئەو ماڵە فرۆشراوەی تیا دابنری ، ئەگینا بە گواستنەوە دانانری •

(بیداری) کریار ئەتوانێ خۆی سەربەخۆ ماڵە کڕراوەکە وەربگرێو بگوێزیتەوە هەرچەند فرۆشیاریش ریگای نەدابێ ، بەوشەرتە وەعدەیەك دانرابێ بۆ تەسلیمکردنی نرخەکەی ، یاخود کریار نرخەکەی تەسلیمی فرۆشیار کردبێ •

هەر ماڵیك لەسەر حیسابی پیوانەو کیشانە فرۆشرابێ ، ئەگەر هەر لەوشوینەشدا فرۆشرایەوە ، ئەبێ دیسانەوە بپیوریتەوە یا بکیشریتەوە •

ئەگەر یەکیك دە مەن گەنمی لەسەر یەکیکیتر بوو ، وە دە مەنی کابرایەکیتریش قەرزار بوو ، ئەبێ کە قەرزەکەی خۆی وەرئەگریتەوە بیپیوی ، وە کە ویستی هەر ئەو دە مەنە بداتەوە لەجیاتیی ئەو قەرزەدا کە لەسەریەتی ، ئەبێ جاریکیتر بیپیویتەوە بۆ ئەویش • وە ئەگەر یەکیك دە مەن گەنمی کەسیك قەرزار بوو ، وە دە مەنیشی بەسەر یەکیکیترەوە بوو ،

وە خاوەن قەرزەکەی خوی نارد بزوا ئەو دە مەنە گەنمە قەرزە کە هەیەتی بەسەر ئەو کابرای‌ترەوە ، وەری‌بگریتەوە بو خوی ، وە ئەمیش رویشت‌و پیوای‌و وەری‌گرت، ئەوە دروست نی‌یە ، چونکە لەلایەکەوە وەکیلی قەرز وەرگرتنەوەیـــە بو کابرایەکی‌تر ، وە لە لایـــەکی‌ترەوە حـەقی خوی وەرئەگریتەوە ، وە ئەم دوو کردارە بە یەك پیوانە جی‌بەجی ناکری •

باسی بەدەستەوەدانی مالی فروشراوو نرخەکەی

هەرکاتیك کەسیك مالیکی فروشت ، ئەگەر فروشیارو کریار ماوەی پەشیمان بوونەوەیان دانا ، ئەوە لەوماوەیەدا کەسیان ناچار ناکـری ئەوەی لایەتی بیدا بەویان • وە ئەگەر یەکیکیان بە پیاوەتی‌ی خوی ، ئەوەی لایەتی دای بەویان ، ئەوی‌تریان ناچار ناکری کە چی لایە بیدا ، چـونکە ماوەی پەشیمان بوونەوە دوایی نەهاتووەو ، هەل‌نەوەشاوەتەوە بەوە کە یەکیکیان ئەوەی لایەتی داویەتی بەمیان •

لەپاش تەواوبوونی ماوەی پەشیمان بوونەوە ، ئەگەر مالە فروشراوەکەو قیمەتەکەی ، هەردوکیان دیاری کراو بن‌و لەبەرچاوا بن ، کریارو فروشیار ناچار ئەکرین کە بی‌یان‌دەن بە یەکتر • وە ئەگەر هەر یەکیکیان دیاری کراو بوو ، وە ئەویان لە ئەستودا بوو ، خاوەنی دیاری کراوەکەیان ناچار ئەکری کە بیدا بەدەستەوە چونکە وەختی خوی رازی بووە بەوە کە برادەرەکەی مالەکەی لەئەستودا بی • جا هەرکامیان لەپیشا مالەکەی خوی دا بەدەستەوە ، پاش ئەو برادەرەکەشی ناچار ئەکری ئەوەی لایـــەتی بیدا بەدەســتەوە • کەواتە ئەگەر فروشیار مالە فروشراوەکەی تەسلیم کردو کریار قیمەتەکەی نەدا لەبەر لاتی‌و نەبوونی ، فروشیار ئەتوانی پەشیمان ببیتـەوە بەهـــوی لات‌کەوتنی کریارەوە • وە ئەگەر کریار مالی حازری بوو لەوشوینەدا کە موعامەلەکەی تیاکراوە یا لەنزیکی ئەو شوینەدا ، ناچار ئەکری کە بیهینی‌و بیداتە دەستی فروشیار • وە لەو ماوەیەدا کە مالەکەی ئەهینی قاضی ئەتوانی

لەسەر داوای فروشیار (حیجر) بخاتە سەری‌ و نەهیلی تەسەروف لە مالی خویدا بکا بو ئەوە کە حەقی فروشیارەکە نەفەوتی • وە ئەگەر مالەکەی لە مەسافەیەکدا بوو کە نویژی تیا کورت ئەکریتەوە ، ئەوە فەرمـوودەی راستتر ئەوەیە فروشیار ناچار ناکری خوی بگری تا کریار ئەچی مالەکەی ئەهینی ، وە ئەتوانی دەس‌بەجی بەیعەکە هەلوەشینیتەوە • وە ئەگـەر هەلی‌نەوەشاندەوەو داوای کرد حیجر بنریتە سـەر کریارەکە ، بەگوی ئەکری‌و حیجرەکە هەل‌ناگیری تا قیمەتی مالەکە دینی بو فروشیار ••

ئەمەی کە وتمان هەمووی لەکاتیکایە قیمەتی مالەکە پاش نەخرابی • ئەگەر پاش‌خرابوو ، فروشیار نە حەقی هەلوەشاندنەوەی بەیعەکەی هەیەو نە حەقی داوای حیجر • وە ئەبی صەبر بکا تا وادەی حەقەکەی دیت ••

(ئاگاداری) فروشیار لەکاتیکا ناچار ئەکری مالە فروشراوەکە بـدا بەدەستەوە ، کە ترسی فەوتاندنی قیمـەتی نەبی • ئەگینا بوی هەیە مالـە فروشراوەکە لای خوی بهیلیتەوە تا قیمەتەکەی ئەدریتە دەست • وە ئـەم حوکمە خیلافی تیا نی‌یە •

باسی بەرەوروو کردنەوە (تولیە)و ، هاوبەش‌کردن (اشراك)و ، فروشتنەوە بە قازانج (مرابحە)و ، فروشتنەوە بە زیان (محاطە)

مەبەست لە بەرەورووکردنەوە (تولیە) ئەوەیە کەسیك پاش‌ئەوەی مالیکی کری ، هەر بەو قیمەتە بیخا بەسەر یەکیکی‌ترا • مەبەستیش لـە هاوبەش کردن (اشراك) ئەوەیـە کەسیك پاش‌ئەوەی مالیکی کـری ، کەسیکی‌تر بکا بە هاوبەشی خوی لـەو موعامەلەیـەدا • مەبەستیش لـە فروشتنەوە بە قازانج (مرابحە) ئەوەیە ئەومالەی کە کریویەتی بیـدا بە

کەسیکی‌تر بە ئەندازەیەك قازانج • مەبەستیش لە فروشتنەوە بە زیان (محاطّه) ئەوەیە ئەومالەی کە کریویەتی بیفروشیتەوە بە کەسیکی‌تر وە ئەندازەیەکیش لە پارەکەی کەم بکاتەوە •

جا هەرکاتی کەسیك شتیکی کری بە قیمەتی چەشنی ئەوشتە ، کە مەبەست لە چەشن لەم شوینەدا ئەوەیە پارەی نەخت بی ، وە لەپاشا وتی بە کەسیکی‌تر کە ئەو مالەی دیبی‌و ئاگای لە قیمەتەکەشی هەبی ، وا تومکرد بە خاوەنی ئەم موعامەلەیەو ، ئەویش قوبوولی کرد ، ئەوە ئەو مالە ئەبی بە مالی ئەوکەسە بە قیمەتیکی وەك قیمەتی موعامەلەي پیشوو لە جورو ئەندازەو چونیەتی (جنس‌و مقدارو صفة)دا • هەتاوەکو ئەگەر فروشتنی یەکەم بە قیمەتیکی (مؤجل) وەعدە بو دانراو بووبی ، فروشتنی دووهەمیش هەروەها بە وەعدە بو دانراو دائەمەزری •

بەلام ئەگەر کریاری یەکەم مالەکەی بە شتیکی‌وا کریبوو کە ئەبوو نرخی بو دابنری وەك گەنم‌و جوو حەیوان‌و مالی بازرگانی ، پیویستە لەمصوورەتەدا ناوی ئەو شتە بباو باسی قیمەتەکەیشی بکا ، مەسەلا بلی وا تومکرد بە خاوەنی ئەو موعامەلەیە کە بریتی‌یە لە کرینی فلانەشت بە ئەسپیك کە قیمەتەکەی ئەوەندەیە • بەلی ئەگەر وا ریکەوت ئەو شتە کە کریار داویە بە فروشیار لەجیاتی‌ی مالە کڕراوەکە ، کەوتە لای کریاری دووهەم ئەوە دروستە عەقدی بەرەوروو کردنەوەکە هەر بەوشتە بکری بەبی‌باس‌کردنی نرخەکەی ••

عەقدی بەرەورووکردنەوە وەك فروشتن وایە لە هەموو حوکمیکا • بەلام ناوبردنی قیمەت لەمەدا پیویست نی‌یە • وە ئەگەر قیمەتی مالە فروشراوەکە لەسەر کریاری یەکەم لاچووبوو بەهوی بەخشین‌و شتی‌واوە، ئەوە لەسەر ئەم کریارە دووهەمەیش لائەچی• عەقدی بەرەوروو کردنەوە،

وەك لە فروشتنا ئەبی ، لە مارەیی ژنو عیوەزی خولعیشا دائەمەزری •
هەروەها لە بەکری‌دانیشا ئەبی• مەسەلا یەکیك خانوویەکی بەکری گرتووە
سالی بە دە دینار، ئەوە ئەتوانی بیدا بە یەکیکی‌تری وەك خوی بە هەمان‌کری،
وە ئەو لەجیاتیی ئەم ئەبی بە کری‌چی •

لەبارەی هاوبەش کردنیشەوە ئەگەر کەسیك پاش‌ئەوەی مالیکی کری
یەکیکی‌تری کرد بە هاوبەشی خوی ئەمەیش دروستە ئەگەر بەیانی ئەو
ئەندازەیە بکا کە ئەو کابرا وەری‌ئەگری وەك نیوە یا چواریەك • وە ئەگەر
هەر ناوی شەراکەتی رووتی برد ئەوە ئەچیتە سەر نیوەیی •

فروشتنەوە بە قازانجیش دروستە بەوشەرتە کابرای کریار بزانی ئەو
مالە بە چەند کرراوە ، وە فروشیارەکەش باسی ئەندازەی قازانجەکە بکا ،
مەسەلا بلیت وا ئەم مالەم پی‌فروشتی بە قازانجی دە یازدە ، یەعنی لە هەر
دە درەمیکا درەمیك قازانجم بدەیتی ، ئەویش دەس‌بەجی قوبوولی بکا •

فروشتنەوە بە زیانیش دروستە بەوجورە کە کابرا بلی وا ئەم‌مالەم
پی‌فروشتی بە نوقصانی دەیەك ، یەعنی لەجیاتیی هەر دیناریك نو دینارم
پی‌بدەی • وە پیویستە لەم‌موعامەلەیەشدا کابرای کریار بزانی ئەومالە بە
چەند کرراوە • جا ئەگەر فروشیار وتی پیم‌فروشتی بەو قیمەتەی کە
پیم‌کریوە ئەوە هەر ئەصلی قیمەتەکەی ئەکەویتە سەر کریارەکە • وە
ئەگەر وتی وا پیم‌فروشتی بەوەی کە لەسەرم بووە بە مال ، ئەوە لەم‌کاتەدا
هەر مەسرەفیکی بو ئەومالە کردبی وەك کریی حەمالو پیوانەکەرو کریی
خانو شتی‌وا هەمووی ئەکەویتە سەر کریارەکە • بەلام هەر ئیشیك کە
خوی کردبیتی کری‌کەی ناکەویتە سەر کریارەکە چونکە بەرابەر بەوئیشانە
پارەی نەداوە • وە پیویستە کریارەکە لەپیش قوبوول کردنی بەیعەکەدا
ئاگادار بی لە قیمەتی مالەکەو ئەندازەی ئەو مەسرەفە کە فروشیارەکە

کردوویەتی • هەروەها ئەبی فروشیارەکەیش ئاگای لـــەوانە بێ • جــا ئەگەر لایەکیان یا هیچ کامیان ئاگایان لەوە نەبوو ئەو موعامەلەیە دانامەزری •

هەروەها واجبە کابرای فروشیار بەراستی قسە بکا چ لە قیمـــەتی مالەکەدا ، وە چ لە ئەندازەی ئەو مەسرەفەدا کە کردوویەتی ، وە چ لـــە ئەندازەی ماوەیشدا ئەگەر قیمەتی ئەو مالەی کریویەتی وەعدەدار بێ • وە ئەبێ بەراستی بەیانی ئەو عەیبانەش بکا کە لای ئەو پەیدا بوون • ئەگـەر هاتو دروی کردو لەپاشا دروکە دەرکەوت ، ئەوە هەرچی زیاد وتووە لەسەر کریارەکە لائەچی ، بەلام حەقی پەشیمان بوونەوەی نابێ •

وە ئەگەر کریاری یەکەم لەپێشا ناوی قیمەتێکی برد ، وە لەسەر ئەو قیمەتە مامەلەکە تەواو بوو ، وە لەپاشا ئیدیعای کرد کە قیمـەتەکە زیاتر بووەو وتی سەهوم کردووە لە بەیانی قیمەتەکەدا ، ئەوە ئەگەر بو ئـــەم سەهوو غەلەتەی بیانوویەکی عەقل گرتووی نەهینایەوە ، ئەو ئیدیعـــایـە نابیستری‌و شاهیدیشی لەسەر وەرناگیری • بەلام ئەتوانی سویندی کریاری دووهەم بدا کە نەیزانیوە بەو قیمەتە راستەقینەیە • جا ئەگەر سوینـــــدی خوارد ئەوە باشە•وە ئەگەر سویندی نەخوارد، ئەوە سویندەکە ئەگەریتەوە بو سەر فروشیارەکە • وە کە ئەم سویندی خوارد بەو قیمـــــەتە زورەی کریوە ، زیادەکە بەمسویندە دانامەزری ، بەلکو کابرای فروشیار حـەقی ئەوە پەیدا ئەکا کە یا ریگای دامەزرانی موعامەلەکە بدا بە قیمەتە کەمەکە کەپێی کراوە ، یا موعامەلەکە هەلوەشێنیتەوە • وە ئەگەر عوزریکی راستی هینایـــەوە بو غەلەتەکـــەی ، ئەوە ئیدیعاکەي قوبوول ئەکـری • وە ئەگەر شاهیدی بوو شاهیدەکەی لیوەرئەگیری • وە ئەگەر شاهیدی نەبوو ئەتوانی سویندی کریاری دووهەم بدا کە بەوقیمەتە زورەی نەزانیوە • جا ئەگەر سویندی خوارد ئەوە باشە • وە ئەگەر سویندی نەخوارد ، سوینەکە

ئەگەریتەوە بوسەر کریاری یەکەم • جا کە ئەم سویندی خوارد ، ئەتوانی یا ریگای موعامەلەکە بدا بە نرخە کەمەکە ، یا هەلیوەشینیتەوە •

باسی فروشتنی (اصول)

ئەگەر کەسیك وتی بە کەسیکی‌تر وا ئەو زەوی‌یە یا ئەو عەرصـــە یا ئەو مەیدانەم پی‌فروشتی ، ئەوە وەکو زەوی‌یەکە ئەفروشری هەرچی‌یشی تیابی لە خانوو درەختی سەوزو شتی‌وا بەشیك ئەبن لە فروشراوەکە • بەلام داری کەوتوو یا داری وشك‌بوو بەر فروشتنەکە ناکەون • هەروەها هـەر شەتلی کە لەوشوینەدا کرابی ، چونکە شەتل بە نیازی گواستنەوە ئەنیژری • هەروەها هەر بیریکیش کە لەوشوینەدا هەلکەنرابی بەری فروشتنەکە ئەکەوی بەوشەرتە کە فروشیار باسی ئاوی ناوبـــیرەکە بکا لە کاتی فروشتنەکەدا • ئەگینا بەیعەکە بەتال ئەبیتەوە ، وەك لە (مغنی المحتاج)دا بـەیان کراوە • ئەوشتانە کە بەر فروشتنی زەوی ئەکەون ، بە بی‌ناوبردنیان بەر رەهـــن ناکەون ئەگەر شوینەکەیان خرایە رەهنەوە ، مەگەر کابرای رەهن کـــەر بەتایبەتی باسیان بکا •

وەك بەیع وایە لەم حوکمانەدا کە بەیانمان کردن هەر صیغەیەك کـە مولکیەتی شتیك لەکەسیکەوە بگویزیتـــەوە بو کەســیکی‌تر وەك وەقف‌و بەخشین‌و وەصیەت‌و مارەیی‌دانان‌و عیوەزی خـــولع‌و کـری • بەم‌رەنگە ئەگەر یەکیك ئەرزیك بدا بەکری‌ی خانوویەکا کـــە بەکری‌ی گرتبی ، ئەوە هەر داریکی سەوز لەو ئەرزەدا بی ئەکەویتەبەر ئەو موعامەلەیە •

وە وەك رەهن وایە هەر صیغەیەك کە مولکیەتی شتیك لەکەســیکەوە نەگویزیتەوە بو کەسیکی‌تر وەك پی‌لی‌نان‌و خواستن‌و بەکری‌دان • یەعنی ئەگەر کەسیك پی‌ی‌لی‌نا کە ئەو زەوی‌یە مالی فلان‌کەسە ، یا زەوی‌یـەکی

بەشیوەی خواستن دا بە یەکیك یا پیٖ‌یدا بە کری ، ئەوە دارو درەختی ناو زەوی‌یەکە بەرناکەوی •

ئەگەر کەسیك زەوی‌یەکی فروشت کە حەقی ئاوی لە ئاویکی حەلالا هەبوو وەك ئاوی چەمو باراناوو بەهاراو، ئەوە ئەو بەشە ئاوە بەر فروشتنەکە ئەکەوی هەرچەند باسیشی نەکرابی • وە ئەگەر زەوی‌یەکەی فروشت بە چەندکەس وەك یەك یا بە زیادو کەم ، ئەوە هەر بەشیکی بەپیٖ‌ی خوی حەقی خواردنەوەی هەیە لەو ئاوە • هەروەها ئەگەر ئاوی ئەو ئەرزە لەناوخویا یا لە سنووری‌دا بیٖ‌و مولکی خاوەن زەوی‌یەکە بی ، ئەوە هەرچەند باسیشی نەکا هەر بەر فروشتنەکە ئەکەوی • بەلام ئەگەر ئەو ئاوە کە مولکی فروشیارەکەیە لە دەرەوەی سنووری زەوی‌یەکەدا بوو، بەر فروشتنەکە ناکەوی تا فروشیار بەتایبەتی ناوی نەبا ، بەوجورە کە بلیت وا ئەو زەوی‌یەم پیٖ‌فروشتی لەگەل ئەو ئاوەی خویدا یا لەگەل حەقی ئاو خواردنەوەدا • ئەوکاتە ئاوەکەشی بەرئەکەوی •

(بزانن) دروست نی‌یە فروشتنی حەقی ئاو خواردنەوەی زەوی بە بیٖ‌فروشتنی زەوی‌یەکە ، وەك چون دروست نی‌یە فروشتنی حەوشی خانوو بە بیٖ‌فروشتنی خانووەکە ، چونکە ئەمانە فەرعن‌و تابیعی ئەصلن‌و فەرع بە بیٖ ئەصل نافروشری ، بەلام ئەصل بە بیٖ‌فەرع ئەفروشری •

هەروەها بەر فروشتنی زەوی ئەکەوی بنی هەرگیایی کە جار لەدوای جار گیاکە ببرری‌و هەل‌بداتەوە وەك کەوەرو کەرەوزو نەعناو تەرەتیزەو وەنەوشەو نیرگس‌و کالەك‌و خەیارو تروزی • ئەمانە هەموویان بنەکەیان بەر فروشتنی زەوی‌یەکە ئەکەوی • بەلام ئەو ئەندازە گیایە کە لەکاتی فروشتنەکەدا بەدەرەوە بی ئەوە هی فروشیارەکەیەو پیویستە شەرتی برینی بکری ئەگەر گیای کون‌و تازەی زووبەزوو تیکەلی یەك ئەبوون •

ئەوگیایانە کە بەیەكجار ئەبررین وەك گەنمو جــوو گێزەرو توورو چەنەوەرو سیرو پیاز ، نە خویانو نە بنەکەیان بەر فروشتنی زەوی یەکـــە ناکەون ، مەگەر کابرای فروشیار بلی وا ئەو زەوی یەم پی‌فروشتی لەگەل ئەو زەرعتەی تیایدا کراوە ، بەوشەرتە زەرعاتەکە ریگای چاوپی‌کەوتنی زەوی یەکە نەگری‌و تیکرا بەشیوەیەکی عادەتی تەماشای بکری‌و ببینری •

دروستە فروشتنی زەوی یەك کە زەراعەتی تیاکرابی مادەم زەراعەتەکە زەوی یەکەی دانەپوشیبی • وە کریار حەقی پەشیمان بوونەوەی هـــــەیە ئەگەر نەیزانیبی ئەو زەوی یە زەراعەتی تیاکراوە • وە ئەگەر بەیعـــەکەی رەوا بینی زەوی یەکە لەدەستی کریارەکەدا ئـــەبی‌و زەراعەتەکە لەدەستی فروشیارەکەدا ، وە زەراعەتەکە ریگا لەوە ناگری کە زەوی یەکە لە دەستی کریارەکەدا بی •

هەر توویك وەشینرابی بە زەویدا وەك زەراعەت وایە • ئەگەر ئـەو زەراعەتە کە لەو توو پەیدا ئەبی بمینیتەوە ، یەعنی بو ئەوە دەس‌بدا چەند جار ببرری‌و هەل‌بداتەوە ، ئـــەوە تووەکە بــەر بەیعەکە ئەکەوی • وە ئەگەر زەراعەتەکە بە کەرەتیك ببرریتەوە ، ئەوە بەر بەیعەکە ناکەوی‌و بە دەستی فروشیارەوە ئەمینیتەوە • لەم‌جـــورە حالەتەدا فەرموودەی راستتر ئەوەیە کریار حەقی زەوی یەکەی نی‌یە بو ئەو ماوەیەکە زەراعەتەکە لـــە زەوی یەکەدا ئەمینیتەوە •

تائیستە قسە لەوەبوو فروشیار هەر باسی زەوی یەکە بکا لە بەیعەکەدا• وە ئەگەر باسی ئەرزەکەو تووەکەی کرد ، وە وتی ئەو زەوی یەم پی‌فروشتی لەگەل تووەکەدا یا لەگەل ئەو زەراعەتەدا ــ وە زەراعەتەکەش لەوانەبی کە بەتەنها فروشتنی دروست نەبیت ــ یاخود بەتەنها هەر تووەکە یا هـــــەر زەراعەتەکەی فروشت ، ئەوە لەم صوورەتانەدا ئەو بەیعـــــە دانامەزری •

بەلام زەراعەتیك كە بەتەنها بفروشری وەك قەرسیلی گەنمو جوو شتیوا كە هیشتا گولی نەكردبیت ، یا زەراعەتیك كە گولی نەكردبیو دەنكەكانی تیـا بینری وەك گەنمە شامی ، ئەوە دروستە بەتەنها بفروشری •

هەروەها بەر بەیعی زەوی ئەكەوی ئەو بەردەی كە خوا خـــەلقی كردووە لەو زەوی‌یەدا یاخود قایم كراوە تیایدا بەهوی بینای حەســارو خانوەوە • بەلام ئەو بەردانەی كە شارزابنەوە تیایدا ئەوانە بەر بەیعـــەكە ناكەونو كریاریش حـــەقی پەشــیمان بوونەوەی نی‌یە ئەگەر زانیبیتی ئەو بەردانە وان لەو زەوی‌یەدا یاخود نەی‌زانیبی بەلام هەلكەندنیان زیانی بو زەوی‌یەكە نەبی • وە لەم‌كاتەدا پیویستە لەسەر فروشـــیار ئەو بەردانـــە بگویزیتەوەو ئەرزەكەش تەخت بكاتەوە • وە ئەگـــەر كـــریار نەیزانیبی بەوبەردانەو گویزانەوەشیان زیان بگەیەنی بە زەوی‌یەكە ، حەقی پەشیمان بوونەوەی ئەبی • جا ئەگەر ریگای بەیعەكەی‌دا ئەوە واجبـــە لەســـەر فروشیار ئەو بەردانە بگویزیتەوەو زەوی‌یەكەش تەخت بكاتەوە • بـــەلكو ئەگـــەر لەپاش وەرگرتنی زەوی‌یـــەكە لەلایـــەن كریارەوە بەردەكانی گویزرایەوە ، كری‌ی زەوی‌یەكەی بو ئەو ماوەیە ئەكەویتە سەر •

ئەگەر كەسی باغیكی فروشت ، ئەرزی ئەوباغەو داری تەرو دیوارو هەر خانوویەكو كەپرو كەویلیك لەوباغەدا كرابیتەوە بەر بەیعەكە ئەكەوی، هەروەها بنی هەر گیایەك كە دەوامدار بی وەك كەوەر • بەلام گیایەك كە لەكاتی بەیعەكەدا بەرز بووبیتەوە ، ئەوە هی فروشیارەكەیە •

ئەگەر كەسیك دی‌یەكی فروشت ، هەموو خانوەكانی ئەو دی‌یـــەو بوشایی بەینی خانوەكانو دەوری خانوەكان كە لـــەمدیوی حەســـاری دی‌یەكەوە بی ـ بەر بەیعەكە ئەكەون • هەروەها حەساری دی‌كەیش بەر بەیعەكە ئەكەوی • بەلام ئـــەو كیلگانەی كە لەودیوی حەساردكـــەوەن

بەرناکەون هەرچەند لکابن بە حەسارەکەشەوە • وە ئەگەر دی یەکە حەساری نەبوو ، هەر شوێنێ کە بەپێی عورفو عادەت وا دابنری کە لکاوە بە بیناو خانووی دیکەوەو بە بەشێك لە دی کە دابنری ، بەر فرۆشتنەکە ئەکەوێ • هەروەها حەریمی دی کەیش یەعنی ئەو شوێنانە کە پێویستن بۆ ئاوەدانیی دی کە وەك شوێنی فرەدانی زبڵو خـولەمێشو کانیو ئـاوی ناودیو جێگەی مولدانی رانو دوشینی حەیوانو شوێنی غارکردنی ئەهلی ئاواییو شوێنی وڵاخ تەعلیم کردنو شوێنی یاری کردنی منالان ، هەموو بەر فرۆشتنەکە ئەکەون • هەروەها ئەو شوێنانەش بەر فرۆشتنەکە ئەکەون کە گیایان لێ ئەبڕنو داریان لێ ئەهێنن بۆ سووتاندن کە پێویست بن بۆ مانەوەی ژیانی دی کەو ئەهلی دی کە •

ئەگەر لەپاڵ دی فرۆشراوەکەدا دی یەك یازیاتر هەبوو ، وە نەمانزانی ئاخو لەپاش ئاوەدان کردنەوەی ئەو دی یەدا ئاوەدان کراوەتەوە یا لەپێشیا ، ئەوە ئەمانیش لەگەل ئەهلی ئەمدی یەدا خاوەن حـەقن لە حـەریمی دی فرۆشراوەکەدا ، بەپێی عورفو عادەتی پێشوو •

ئەگەر کەسێك خانوویەکی فرۆشت ، ئەوە ئەرزەکەیو هەموو بیناو هودەکانیو دالانو پشت دەرگاو هودەیەکیش کە دەرگای لەسـەر قاپیی گەورە نەبێ ـ ئەکەوێتە بەر فرۆشتنەکە • هەروەها حەمامو ئەدەبخانـەو سەرتەنوورو چێشتخانەو هەر درەختێکی سەوز کە لەو خانووەدا بێ ، وە داریکی وشك کە لەجیاتیی کولەکە لەو خانووەدا بەکارهێنرابێ • وە ئەگەر کەسێك سەرخانی مالی خوی فرۆشت ، ئەوە فەرموودەی بەهێز ئەوەیـە ئەگەر ناوی سەقفی هودەی ژێروو نەبا ، ئەوە بەر بەیعی خانووی سەرەوە ناکەوێ ، بەلام هەتا ئەو خانووەی سەرەوە مابێ خاوەنەکەی حەقی ئەوەی هەیە قارانج لەو سەقفە وەربگرێ • وە ئەگەر هاتو سەقفەکە رووخا کابرای

خاوەنی ناچار ناکری کە دروستی بکاتەوە •

هەروەها بەر بەیعـــی خانوو ئەکەوی دەرگای قایم کراوو حەلقـەو دوولایی دەرگاو رەفەو پەیژەی قایم کراوو بەردی ژیرووی دەستار کـــە لەناو خانوودا بی ، وە بـــەردە سەروەکەش بەپیی فەرموودەی راستتر •

هەروەها هەرشتیکی گویزراوەی وا کە پیویست بی بو کەلك وەرگرتن لە شتی کە نەگویزریتەوە وەك بەردی سەرتەنوورو دولەی لای دەســـتارو دەرابەی دووکان • بەلام شتیکی گویزراوەیوا کە لەمجـــورە نەبی وەك دولچەی بیرو بەکرەکەیو کورسیو سندووقو شتیوا ، ئەوە بەر فروشتنەکە ناکەوی •

ئەگەر کەسیك ولاخیکی فروشت ، ئەوە نالی ولاخەکە بەر فروشتنەکە ئەکەوی • وە لە فروشتنی حوشتردا حەلقەی لووتی وشتر بەرئەکەوی • بەلام رەشمەو سەرکەللەو لەغاوو کوپانو زینو سەرزینو سەرجلو شتیوا بەرناکەوی مەگەر کابرای فروشـــیار بەتایبـــەنی ناویان بەریو بــــەر فروشتنەکەیان بخا •

ئەگەر کەسیك داری تەری فروشت هەموو ریشەو رەگەکانیو لقـە تەرەکانیو گەلاکانی بەرئەکەون • بەلام لە ولاتیکا کە کرمی ئاوریشـــم پەروەردە بکری ، بە فەرموودەی هەندی لە زانایان گەلای دارتوو ناکەویتە بەر فروشتنی درەختی توو ، چونکە ئەو گەلایە وەك میوە وایەو ئەفروشری بو خوراکی کرمی ئاوریشمەکان • وە بە هیچجوری لقی وشکی دەرەختی تەری فروشراو بەر فروشتن ناکەوی • فروشتنی درەختی تەر دروســـتە بەشەرتی هەلکەندنو برینو هیشتنەوە • وە ئەگەر باسی هیچکام لەمانە نەکرا درەختەکە ئەهیلریتەوە • فەرموودەی راستتر ئەوەیە شوینی درەختی تــەر ناکەویتە بەر فروشتنی درەختەکە ، هەروەها دەوروپشتی بنەکەشی • بەلی

کابرای کریار حەقی هەیە هاتوچو بکا بە بنی ئەو درەختەدا هەتا درەختەکە مابی • وە ئەگەر ئەو درەختە کەوت و ئەتوانزا بچەقینریتەوەو وشك نەبی ، دروستە بو خاوەنەکەی دای چەقینیتەوە • بەلام ئەگەر لەوشوینەدا لابرا دروست نی یە خاوەنەکەی داریکی تر لەوشوینەدا برویننی •

ئەگەر کەسیك داریکی داچەقاوی وشکی فروشت ، رەگی دارەکەو لقەکانی بەر فروشتنەکە ئەکەون ، بەلام زەوی بنی ئەو دارەو جی ی داچەقاندنی بە هیچ جوری بەرناکەون • دروستە فروشتنی ئەودارە بەشەرتی برینەوەو هەلکەندنی ، بەلام دروست نی یە بەشەرتی هیشتنەوەی مەگەر لەبەر مەبەستیکی وا کە عەقل بیگری وەك ئەوە کە بکری بە کولەکەی کەپریك یا بینایەك لەوشوینەدا • وە ئەگەر لە فروشتنەکەیدا ناوی هیچ نەبرا ، پیویستە کە ببرری و لابری چونکە عورف و عادەت وایە داری وشك لابری •

هەر ئەمەریك کە بە داری خورماوە بی لەکاتی فروشتنی ئەودارەدا ، ئەگەر شەرت کرا بو فروشیارەکە یا کریارەکە ، ئەوە بو ئەوکەسە ئەبی کە بوی شەرت کراوە • وە ئەگەر ناوی کەسیان نەبرا ، ئەوە ئەگەر ئەمەری دار خورماکە هیچی دەرنەکەوتبوو هەمووی بو کریارەکەیە ! وە ئەگەر هەمووی دەرکەوتبوو بو فروشیارەکەیە ، وە ئەگەر هیشتا هەمووی دەرنەکەوتبوو ، ئەوەی کە دەرکەوتووە بو فروشیارەو ئەوەیشی لەمەوپاش دەرئەکەوی بو کریارەکەیە •

هەر درەختیکی تری بەردار کە بفروشری ، ئەگەر بەرەکەی بی گول دەرئەچوو وەکو هەنجیرو تری ، ئەوە ئەگەر بەرەکەی دەرکەوتبوو ، بو فروشیارەکەیە • وە ئەگەر دەرنەکەوتبوو ، بو کریارەکەیە • وە ئەگەر بەرەکەی لەگولا دەرئەچوو ، وە لەپاشانا گولەکەی دائەوەری وەکو

هەلووژەو سیوو قەیسی ، ئەوە ئەگەر بەرەکەی گری ی نەکردبوو ، یـــا گری ی کردبوو بەلام گولی نەوەراندبوو ، ئەوە هی کریارەکـــەیە • وە ئەگەر گولی داوەراندبوو ، ئەوە هی فروشیارەکەیە •

ئەگەر کەسیك کومەلیك دارخورمای فروشت کە لە یەك باغا بوون ، وە ئەو دارخورمایانە (طلع)یان دەرنەکردبوو کە شتیکە لە دارخورمـــا دەرئەچی وەك دوو نالی یەك لەسەریەك وە بەرەکەیش وا لەبەینیاندا ، وە هەندیکیش لەودارانە پەیوەند (تلقیح) کرابوون ، ئەوە هەموو ئەو بـــەرە هی فروشیارەکەیە • ئەگەر ئەوانەیان کە پەیوەند نەکراون بەجیا فروشران ئەوە بەرەکەیان بو کریارەکەیە • وە ئەگەر ئەودارانە لە دوو باغا بوون وە داری باغیکیان پەیوەند کرابوو ، وە داری باغەکەی تریان پەیوەند نەکرابوو، ئەوە هەر یەکی لەمباغانە حوکمی سەربەخویە ، یەعنی بەری یەکیکیان هی فروشیارەو هی ئەویان هی کریارە •

هەرکاتی ئەمەر بوو بە مالی فروشیار ، ئەوە ئەگەر لە موعامەلەکەدا شەرتی برینی کرابوو ، پیویستە لەسەر فروشیار ئەو ئەمەرە ببری • ئەگینا ئەتوانی وازی لی‌بینی تاکاتی برینەوەی ئەمەرەکە دیت • وە لەمصوورەتەدا دروستە بو هەردوولا ئاوی دارەکان بدەن ئەگەر ئاودان سوودی هەبوو بو دارەکانو بو ئەمەرەکەیشیان ، وە کەسیان ناتوانی مەنعی ئەولایان بکا لـەو ئاودانە چونکە قازانجەکەی بو هەردولایانە • وە ئەگەر ئاودانی ئەودارانە زیانی هەبوو بو هەردوولایان ، ئەوە دروست نی‌یە بو کەسیان ئاویان بدا بە بی‌رەزای ئەولا ، وە ئەگەر هەر بو لایەکیان زیانی هەبوو ، وە هـــەرایان لەبەینا پەیدابوو ئەوە ئەو موعامەلەیە فەسخ ئەکریتەوە ، مەگەر لەکاتیکـــا ئەوکەسیانە کە زیانەکەی تووش بووە چاوپوشی بکا لە زیانەکەی خوی • وە ئەگەر ئەمەری دارەکان تەرایی دارەکانی ئەمژی ئەوە واجبە لەســـەر فروشیار ئەو ئەمەرە لابەری یاخود ئاوی دارەکان بدا •

باسی فروشتنی ئەمەر

ئەمەر یا قازانجو سوودی دەرکەوتووە یا نە • دەرکەوتنی سوودو قازانجی ئەمەریش بەوەیە ئەگەر ئەو ئەمەرە رەنگ بگری ، ئەو رەنگەی تیا دەربکەوی‌و دەست‌بکا بە سووربوون لە میوەی سووردا ، وە بە رەش‌بوون نە میوەی رەشدا •• وە بەم‌جورە ••• وە لەومیوانەدا کە خورەنگ بـن بەوە ئەبی کە دەس‌بکا بە گەیشتن • وە لە دانەدا بەوە ئەبی کە دەنکەکەی رەق ببی • وە لە چەشنی خەیارو ترۆزی‌و شتی‌وادا بەوە ئەبی کە بەپی‌ی عورف‌و عادەت بگاتە کاتی چنین‌و لی‌کردنەوە •

جا ، ئەمەر ئەگەر قازانجو سوودي دەرکەوتبوو یا لە هەندیکیشـیا بی ، ئـەوە دروسـتە بفروشری بـە بی‌شـەرت ، وە بـە شـەرتی برین ، وە بە شـەرتی هیشتنەوە • ئەگەر بە بی شـەرت فروشـرا ، کریار حەقی هەیە بیهیلیتەوە تا بەعادەت ئەبرری • ئەگەر ئەو ئەمەرەي کە ئەیفروشی ئەمەری یەك باغ بی‌و قازانجی هەمووی یا هەندیکی دەرکەوتبی، ئەوە باشە • وە ئەگەر ئەمەري دوو باغي فروشت کە قازانجی ئەمـەری یەکیکیان دەرکەوتبوو ، وە هی‌ئەویان دەرنەکەوتبوو ، ئەوە هەر باغیك بەجیا حوکمی خوی هەیە ، یەعنی فروشتنی ئەمەری باغی یەکەم دروستە ، وە هی باغی دووهەم دروست نی‌یە • وە هەر ئەمەریك کە کابرای فروشیار لەپاش فروشتنی حەقی هیشتنەوەي هەبوو ، پیویستە فروشیارەکە ئاوی دەرختەکانی بدا چ لەپیش خالی کردنیا بو کریار وە چ لەپاش خالی کردنی، وە کریاریش ئەتوانی تەصەروفی تیا بکا پاش ریگادانی لەلایەن فروشیارەوە •

هەر ئەمەریك لەکاتی فروشتنیا شەرتی برینی کرابوو ، پیویست نی‌یە لەسەر فروشیار ئاوی دارەکانی بدا لەبەر خاتری ئەمەرەکە ، مەگـــەر

ئەمەرەکە زور بیو برینەکەی ماوەیەکی زوري پیبچي ، ئەو کاتە واجبـــە لەسەری ئاوی دارەکان بدا بو ئەوە کە ئەمەرەکە خراپ نەبی ، وە ئـــەم کردەوەیە پیویستی بەجیهاتنی بەدەستەوەدانی ئەمەرەکەیە بەشیوەیەکـی شەرعي •

ئەگەر بەلایەك بەسەر ئەم ئەمەرەدا هات وەك سەرماو تەرزەو کولەو شتیوا ، بەرلەوەی کریارەکە وەریبگری ، ئەوە ئەو ئەمەرە لە ئەستوی فروشیارەکەدایە ، وە حەقي وەرگرتنی قیمەتی نیيە • وە ئەگەر وەریشی گرتبی واجبە بیداتەوە بە کریارەکە • وە ئەگەر ئەم ئافەتانە لەپاش وەرگرتن بوو ، ئەوە لە ئەستوی کریارەکە خویدایە چونکە مالەکەی وەرگرتووە ، بەتایبەتی ئەگەر واجب بی لەسەری ئەمەرەکە ببری ، خوای قازانجو کەلکی ئەو ئەمەرە دەرکەوتبیو شەرتی برینی کرابی ، یاخود دەرنەکەوتبی لەکاتی فروشتنەکەدا •

وە ئەگەر ئەو ئەمەرە بەهوي کەمتەرخەمیی فروشیارەکەوە فەوتا ، مەسەلا ئاوی دارەکانی نەدا بوئەوەی بفەوتین ، ئەوە فروشیارەکە ضامنـی ئەبی ، وە لەمکاتەدا کریار حەقي پەشیمانبوونەوەی هەیە دەسبەجی • بەلی ئەگەر ئاوی باغەکە وشکی کردبوو ، یاخود فروشیار بیانوویەکی شەرعیی هەبوو لە ئاونەدانا ، ئەوە هیچ ناکەویتە ئەستوی چـــونکە کەمتەرخەمیو دریغیی نەکردووە •

ئەگەر کەلكو قازانجی ئەو ئەمەرە دەرنەکەوتبوو ، ئەوە دروســـت نییە بفروشری مەگەر بە دوو شەرت : یەکەم شەرتی برینو لابردنی • دووهەم ئەوە کە ئەمـــــەرە براوەکە قازانجیکی عادەتیی هەبی وەك بەرسیلەو بادەم ، نەك وەکو هەرمیو بەهی •• بەلی ئەگەر ئەو ئەمەرە لەسەر داریکی براو یا داریکی وشك بی ، ئەوە فروشتنی دروستە بە بیشەرتـی

برین • هەروەها ئەگەر دارەکەی هی کریارەکە بوو • بەلکو ئەگەر لەمکاتەدا فروشیار شەرتی برینی ئەو ئەمەرە بکا ، پیویست نی یە کریار ئەو شەرتە بەجی‌بینی • وە ئەگەر ئەمەرەکە لەگەل دارەکەدا فروشرا ، ئەوە دروستە بە بی‌شەرتی برین بیفروشی • بەلکو ئەم شەرتی برینی ئەمەرە لەموەختەدا بەیعەکە هەل‌ئەوەشینیتەوە چونکە ئەبی بە شەرتی شتیکی ناشەرعي لەسەر مالی غەیر • ئەمەیش بەیعەکە لە ئامانجی شەرعي لائەدا •

بەتالە بەیعی توو لەناو خاکدا • وە حەرامە فروشتنی زەراعەتی سەوز مەگەر بە دوو شەرت • یەکەم شەرتی برینی ئەو زەراعەتە • دووهەم ئەوە کە ئەو زەراعەتە سەوزە قازانجیکی هەبی وەك قەرسیل بو حەیوان • بەلام ئەگەر ئەو زەراعەتە لەگەل ئەرزەکەدا فروشرا ئەوە دروستە • هەروەها دروستە فروشتنی زەراعەت بەتەنها لەپاش رەق‌بوونی دەنکەکانی بەوشەرتە کە ئەو دەنکانە دیار بن وەك دەنکی جو لەناو گولا • ئەگینا بەتالە وەك فروشتنی گەنم لەناو گولا چونکە دەنکەکانی بەدەرەوە نی‌یە • بەلی ، دروستە فروشتنی شتی لەناو بەرگیکا کە لانەچی مەگەر لەکاتی خواردنا وەك تویکلی هەنار • هەرشتی کە دوو بەرگی هەبی وەك گویزو بادەمو پاقلە ، ئەوە بە تویکلە ژیروەکەیەوە ئەفروشری ، وە دروست نی‌یە بە هەردوو تویکلەکەیەوە بفروشری • بەلام‌ئەگەر لەوانەبوو کە بە تەری ئەخورین وەك پاقلەو لوبیاو بادەم ، ئەوە دروستە ••

ئەگەر کەسیك ئەمەریکی‌وای فروشت کە تازەی لەگەل کونەی تیکەل ئەبوو ، ئەوە دروست نی‌یە بە بی‌شەرتی برینی ئەو ئەمەرە ، بوئەوە کە مالی فروشیارو کریار تیکەلی یەك نەبن • وە ئەگەر تیکەل بوونی تازەو کونە لەو ئەمەرەدا شتیکی نایاب بوو ، وە بەریکەوت تیکەل ئەبوون ، ئەوە بەیعەکە هەلناوەشیتەوە بەم تیکەل بوونە • جا ئەگەر فروشیار چاوپوشي

کرد لە حەقی خوی بو کریارەکە ، ئەوە باشە ، ئەگینا کریار حەقی هەیە پەشیمان ببیتەوە •

دروست نی‌یە فروشتنی گەنمی ناو پەلە (حقل) بە گەنمی پاك کە پی‌ی ئەلین (محاقلة) • هەروەها دروست نی‌یە فروشتنی خورما بەدارەوە بە خورمای لی‌کراوە کە پی‌ی ئەلین (مزابنە) • هەروەها دروست نی‌یە فروشتنی تری‌ی ناو رەز بە میوژ • بەلی شەرع روخسەتی داوە بو فروشتنی ئەمجورە میوانە بەوشەرتە لە پینج (وسق) تی‌نەپەری کە ئەکاتە چل‌و پینج تەنەکە • وە فروشتنی زیاتر لەو ئەندازەیە دروست نی‌یە ، مەگەر بە دوو موعامەلە ! وە کە موعامەلەیەك کرا کە متر بوو لەو ئەندازەیە ، واجبە کابرای خاوەنی خورمای تەرو کابرای خاوەن‌تری دەس‌بەجی ریگای درەختەکە چول بکەن بو کریارەکە ، وە ئەبی ئەویش دەس‌بەجی مالەکەی خوی تەسلیم بکا بە فروشیار • وەنەبی ئەم جورە موعامەلەیە تەنها لەگەل فەقیری بی‌دەسەلاتدا دروست بی ، بەلکو لەگەل دەولەمەندیشدا دروستە • فەرموودەی ئاشکراتر ئەوەیە ئەم موعامەلەیە لە غەیری خورمای تەر (رطب)و تری‌دا دروست نی‌یە ، کەواتە قەیسی‌و هەلووژەو هەنجیری تەرو میوەی‌تر نافروشرین بە هاوچەشنی وشکی خویان •

باسی یەك‌نەکەوتنی فروشیارو کریار

ئەگەر فروشیارو کریار قسەیان یەك‌نەکەوت لەبارەی ئەصلی موعامەلەوە ، یەعنی کریار وتی ئەم مالەم کریوە لیت ، وە فروشیار وتی نەم‌فروشتووە ، ئەوە فروشیار سویند ئەدری چونکە ئەلی عەقدەکە نەبوە ، وە بە دەستووری شەرع هەرکەسی نەفیی عەقد بکا ئەوە سویند ئەدری •وە ئەگەر قسەیان یەك‌نەکەوت لەبارەی دامەزران‌و دانەمەزرانی موعامەلەکەوە ، مەسەلا فروشیار وتی صیغەی فروشتنمان بەدەمدا نەهاتووە،

وە کـــڕیار وتی بەدەمـــمانا هاتـــوە ، یاخـــود فروشـــیار وتی بـــە کڕیار تو قـــوبوولت نـــەکردووە ، وە کڕیـــار وتی قـــوبوولم کردووە ، یاخـــود فروشـــیار وتی بەینیکـــی زۆر کـــەوتووە لەبـــەینی پیفروشتنی منو قوبوول کردنی کڕیاردا، وە کڕیار وتی بەینی نەکەوتووە یا بەینەکەی زور نـــەبوە ، یاخود فروشیار وتی بـــە کڕیار چاوت بە فروشراوەکـــە نەکەوتووە ، وە کڕیار وتی چاوم پیکەوتووە ، یا بەپیچەوانـــەی ئەمانەوە کە وتمان ، وە شاهیدیش لەبەینا نەبوو ، ئەوە لە هەموو ئەم صوورەتانەدا ئەوکەسەی کە ئیددیعای دامەزرانی فروشتنەکە ئەکا ئەوە سویند ئەدری ، وە فروشتنەکە بە دروستو دامـــەزراو دائەنری ، چـــونکە پەیرەویکی شەرعی هەیە ئەلیت «زیاتر باوەر بەوکەسە ئەکری کە ئیددیعای دامەزرانی موعامەلە ئەکا » • جارجاریش باوەر بەوکەسە ئەکری کە قسەکەی ئـــەبی بەهوی دانەمەزرانی موعامەلەکـــە ، وەك ئەوە کەسیك گەزیـــك زەوی بفروشی لە زەوی‌یەکی‌وادا کە ئەندازەکەی دیاری بی، وە کابرای فروشیار ئیددیعای ئەوە بکا کە ئەو گەزە زەوی‌یە لە عەقدەکەدا دیاری کراوە ، وە مەبەستی لەمە هەلوەشاندنەوەی موعامەلەکە بی (چونکە گەزیـــك زەوی‌ی دیاری‌کراو لەوانەیە کەلکی لی‌وەرنەگیری ، بەپیچەوانەی زەوی‌ی دیاری نەکراوەوە چونکە ئەلین فلان‌کەس هاوبەشە لەو زەوی‌یەداو چـــەندیەکی هەیە) ، وە کڕیاریش بلی نەخەیر ئەوگەزە زەوی‌یە دیاری نەکـــراوە ، ئەوە لەمحالەدا باوەر بە فروشیار ئەکری‌و فروشتنەکە بەتال ئەکریتەوە •

هەر لەوصوورەتانەیە کە باوەریان تیا ئەکری بە قسەی ئەوکەسە کـــە قسەی ئەبی بەهوی دانەمەزرانی موعامەلەکە ، ئەمە کە فروشیار ئیددیعا بکا بلی لەو کاتەدا کە ئەو مالەم فروشتووە مندال بووم یا شیت‌بووم ، یا قاضـــی حیجری لەسەر دانابووم ، وە لەراستی‌یشدا وەختی خوی شیتی‌ی بەسەردا

هاتبێ یا حیجری لەسەر دانرابێ ، ئەوە سوێند ئەدرێو عەقدەکە بەتـــاڵ ئەکرێتەوە • بەڵێ ئەگەر زوو لەکاتی فروشتنەکەدا پێی‌لێ‌نابوو کە بـــە شەیتانی بوون (احتلام) بالغ بووە،ئێستە پێچەوانەی ئەوقسەیەی لێ‌نابیسرێ •

وە ئەگەر فروشیارو کریار هاوقسە بوون لەوەدا کە فروشتنەکـــە دامەزراوە، بەڵام یەك‌نەکەوتن لەئەندازەی ماڵە فروشراوەکەدا: فروشیارەکە ئەیوت دوو گـــەزەو ، کریارەکە ئەیوت چوار گەزە ، یا لـــەئەندازەی قیمەتەکەیدا وە فروشیار داوای زیاتری ئەکرد ، یاخود یەك‌نەکەوتن لە جینسی قیمەتەکەدا ئاخو ئاڵتوونە یا زیوە ، یا لە صیفەتی قیمەتەکەدا ئاخـو ئاڵتوونی تیزابە یا نە ، یا لە شەرتی رەهنا یا کەفالەتا یا لە شەرتی ئەوەدا کە حەیوانەکە شیری زور بێ ، وە هیچ کامیشیان شاهیدیان نەبوو ، یاخود هەردوکیان شاهیدیان هەبوو وە شەهادەتەکەیان تعارضی کردبوو لەبەرئەوە کە هەردولا بە موطلەقی شەهادەتی دابوو ، یاخود یەکێکیان شەهادەتەکەی موطلـــەق بوو ، وە شـــەهادەتی ئەویان مقیـــد بوو ، ئەوە لە هەموو ئەم‌صوورەتانەدا پێویستە هەردولایان یەکی سوێندێك بخون نەفیو ئیثباتی تیا کوبکەنەوە ، یەعنی نەفیی ئیدعای ئەویانو ئیثباتی ئیدیعای[1] خویان • جا کە هەردوولا سوێندیان بەم‌جورە خـــوارد ، ئەوە فەرموودەی راستتر ئەوەیە عەقدەکە بەم‌سوێنانە بەتاڵ نابێتەوە ، بەڵکو ئەگەر هەردولا لەپاشانا کەوتنەیەكو ناکوکی‌یان لەبەینا نەما ئەوە باشـــە ، ئەگینا هەردوکیان یا یەکێکیان ، یا حاکمی شـــەرع فروشـــتنەکە هەڵئـــەوەشێنێتەوەو دوایی پێ‌ئەهێنێ • ئەمجار پێویستە لەســـەر فروشـــیار ئەگەر قیمەتی ماڵەکەی

---

(١) سوننەتە لەوسوێنانەدا نەفیەکە بخرێتە پێش ئیثباتەکـەوە • مەسەلا فروشیار بڵێ قەسەم بەخوا فلانە شتم نەفروشتووە بەوەندە ، بەڵکو بەوەندەم فروشتووە • وە کریاریش قەســـەم بخوا بڵێ فلانە شتم بەوەندە نەکڕیوە ، بەڵکو بەوەندەم کڕیوە •

وەرگرتبوو ، بەخۆی و هەر زیادەیەکەوە کە پێیەوەبێ بیداتەوە بە کریار • هەروەها واجبە لەسەر کریاریش ماڵە فرۆشراوەکە بەخۆی و هەر زیادەیەکەوە کە پێیەوەیە بیداتەوە بە فرۆشیارەکە • وە ئەگەر کریارەکە لەوماوەیەدا ماڵەکەی وەقف کردبوو یا فرۆشتبووی یا مردبوو لای ، ئەوە لازمە قیمەتەکەی بداتەوە بە فرۆشیارەکە ، وە ئەو قیمەتەیش بەپێی ڕوژی فەوتانی ماڵەکە حیساب ئەکری • وە ئەگەر ماڵەکە عەیبدار بووبوو لای ، پێویستە بیداتەوە لەگەڵ بژاردنی زیانی عەیبدارییەکەیدا • یەك نەکەوتنی قسەی میراتگرانی فرۆشیارو کریاریش وەك یەك نەکەوتنی قسەی خۆیانە ، بەوچەشنەی کە باسمان کرد •

ئەگەر خاوەنی پێشووی ماڵەکە وتی ئەم ماڵەم پێفرۆشتووی ، وە ئەوی تر وتی نەخەیر پێتبەخشیوم ، ئەوە لەمحاڵەدا لەسەر شێوەکەی پێشوو سوێندی یەکتر نادەن ، بەڵکو پێویستە هەردوکیان سوێند بخۆن ، وە هەرکامیان نەفیی ئیددیعای ئەویتریان بکا • جا کە سوێندەکەیان خوارد، پێویست ئەبێ لەسەر ئەوەیان کە ئیددیعای بەخشینی ماڵەکەی کردووە بیداتە دواوە بو خاوەنی پێشووی بە هەموو زیادەیەکەوە کە پەیدابووە لێی چ ئەوەی کە پێیەوە بێ وەك خوری و قەڵەوی ، یا جیابێ وەك ڕون و دوو بەچکەو بەری باغ • بەڵام ئەوەندە هەیە خاوەنی ماڵەکە کرێی ئەوماوەیەی ماڵەکەی ناکەوێتەسەر کە ئەویتر ئیددیعای بەخشینی کردووە ، چونکە بە بڕیاری هەردولایان ئەمکابرا ماڵی خوی بەکارهێناوە ، ئەوەندە هەیە یەکێکیان ئیددیعای فرۆشتنی ئەکاو ئەویان ئیددیعای بەخشینی • هەروەها ئەگەر کابرایەك وڵاخێکی لەژێردەستی یەکێکا بێ وە بڵێ پێمفرۆشتووەو ، ئەویش بڵێ بە خواستن خواستوومە ، وە شاهید نەبوو لەنێوانیانا ، وە ئەم کابرایە سوێندی خوارد کە نەیکریوە لەو خاوەنماڵە، ئەوە لێرەیشدا کابرای خاوەنماڵ کرێی ناکەوێ •

وە ئەگەر کەسیك داریکی بەرداری کری لە یەکیك ، وە لەپاش وەرگرتنی بەروبوومی ئەودارە ، کابرای خاوەندار وتی ئەو دارەم پیفروشتووی‌و قیمەتەکەیم ئەوی • ئەویش وتی نەمکریوەو سویندی لەسەر خوارد ، ئەوە پیویستە مالەکەی بداتەوە ، بەلام خاوەنمال ناتوانی بەروبوومی دارەکەی لیبسینیتەوە ، چونکە ئیدیعای ئەوەی کردووە کە ئەو شەخسە کریویەتی ، وە تەنها داوای قیمەتی کردووە ، ئەویش بەهوی سوینەکەیەوە خوی لەوە رزگار کردووە ، وە لەواقیعدا قابیلە بەهویەکی ترەوە ئەو کابرا بەروبوومی دارەکەی وەرگرتبی وەکو نەذری ئەمەر یا حەلال کردنی یا بەخشینی •• وە لەمکاتەدا خاوەنمال لە بەینی خوی‌و خوادا حەقی هەیە ئەو بەیعە هەلوەشینیتەوە بوئەوەی مالەکە لەراستیدا ببیتەوە بە مالی خوی •

ئەگەر کەسیك مالیکی لەبەرچاوی فروشت ، وە لەپاشا کابرای کریار مالیکی عەیبداری بو هینایەوەو وتی ئەوە مالە فروشراوەکەیەو ، فروشیار ئینکاری کرد کە ئەوە مالە فروشراوەکە بی ، لەوحالەدا سویندی فروشیار ئەدری چونکە ئەصل ئەوەیە مالەکە عەیبدار نەبووبی‌و موعامەلەکە بە ساغی بمینیتەوە • بەلام لەمچەشنە موعامەلەیەدا لە سەلەمدا ئەگەر کابرای مالوەرگر سەری حەیوانی بە سەلەم لە خاوەن مالیك وەرگرت ، وە لەپاش ماوەیەك هینایەوە بولای بە بەهانەی ئەوەوە کە عەیبدارە ، وە کابرای خاوەنمال وتی ئەمە مالەکەی من نی‌یە ، ئەوە ئەوکەسە سویند ئەدری کە مالەکەی وەرگرتووە چونکە ئەصل ئەوەیە مالەکە هیشتا لەئەستوی خاوەنەکەیدا بی (یەعنی ذمەی خاوەنمالەکە مەشغوول بی) • بەکورتی ئوسوولی ئەم شوینە ئەوەیە هەرکاتیك عەقد لەسەر مالی دیاری‌و لەبەرچاو کرا ، ئەوە ئەوکەسە کە مالەکەی تەسلیم کردووە ، ئەوە جیگای باوەرە لەسەر سەلامەتی‌ی مالەکەی•وە هەرکاتیك عەقد لەسەر مالی وەصفکراوی

لەئەستودا بوو (موصوفی فی الذمة) کرا ، ئەوە باوەر بە سوینی مـــال وەرگرەکە ئەکری کەوا ئەومالەی کە وەری گرتووە ، عەیبدار بووە •

باسی سەلەم

سەلەم بریتی‌یە لە فروشتنی شتی کە لەبەرچاوا نەبی ، بەلکو وەصف کرابی‌و ناوونیشانی درابی، وە لە ئەستوی خاوەن‌مالەکەدا بی، بەوشەرتە کە بەلەفظی (سەلەم) یا (سەلەف) یا تەرجەمەی ئەمانە بکری •

بو دامەزرانی سەلەم حەوت شەرت پیویستە زیاد لەوشەرتانەی کـە بریاردراون بو دامەزرانی فروشتنی هەرشتیك کە سوود (ربا)ی تیا نەبی، بیجگە لە چاوپی‌کەوتنی مالەکە • ئەو حەوت شەرتەش ئەمانەن • یەکـەم ئەوەیە هەر لەومەجلیسەدا کە عەقدەکەی تیا ئەکری ، کابرای سەلەم‌دادەر (مسلم) بریتی (بدل)ی مالە سەلەم تیاکراوەکە بدا بە کابرای سەلەم‌کەر (مسلم الیه) یەعنی بەرلەوەی کە جیاببنەوە • کەواتە قابیل نی‌یە تەفرەدانی تەسلیم‌کردنی ئەو سەرمایەیە کە کابرای ســـەلەم‌دادەر ئەیدا بە کابرای سەلەم‌کەر •

وە ئەگەر کابرای سەلەم‌دادەر لەپیشا سەرمایەکەی نەخستە بەرچاو، مەسەلا وتی وا دیناریکم پی‌دای بە ســـەلەم بە فلانە شت ، بـەلام لەپاش عەقدەکە خستیە بەرچاوو تەسلیمی کرد ، ئەوە دروستە •

چاوپی‌کەوتنی سەرمایە کافی‌یە لەجیـــاتی‌ی زانینی ئەنـدازەکەی ، ئیتر چ وینەدار (مثلی) بی یا قیمەت‌دار (متقوّم) • ئەگـەر کابـــرای سەلەم‌دادەر کابرای سەلەم‌کەری حەوالە کرد بو ســەر کەسیکی‌تر کـــە قەرزی بەلایەوە بوو ، بو ئەوەی پارەکـــەی بداتی ، وە ئەمیش هـــەر لەومەجلیسەدا پارەکەی وەرگرت ، ئەوە دروست نی‌یە ، چونکە قابیل نی‌یە کابرای حەوالەکراو لە یەك‌کاتا ببی بە مال تەسلیم‌کەرو مال‌وەرگر • بەلام

ئەگەر وەری گرتو دایەوە بە سەلەمدادەرەکەو ئەویش دایەوە بەم ، ئەوە دروستە •

ئەگەر کابرای سەلەمکەر لەپاش وەرگرتنی سەرمایەکە ، عەینی ئەو مالەی دایەوە بە کابرای سەلەمدادەر بە قەرز یا لەجیاتیی حەقیکی کە لەسەری بووە ، یا بەئەمانەت ، ئەوە دروستە • وە دروستە سەرمایەی کابرای سەلەمدادەر عەین بی یا قازانج بی ، مەسەلا بلیت وا قازانجی ئەم جووتەگایەم لە ماوەی سالیکا لەروژی ئەمرووە داپیت بە دوو تەغار گەنم کە لە فلان روژا بمدەیتی ، ئەویش قوبوولی کرد ، ئەوە دروستە • کابرای سەلەمکەر ئەو قازانجە وەرئەگری بەوە کە هەر لە مەجلیسی موعامەلەکەدا ئەو مالە وەربگری کە قازانجەکەی لی پەیدا ئەبی • هەروەها سەلەم دادان دروستە لە مەنفەعەتدا ئەگەر لەئەستودا بی ، وەك ئەوە کە بلی وا ئەم دینارەم دایتی بو برنج کوتانی روژی عەرەفە • هەرکاتیك عەقدی سەلەم هەلوەشینرایەوە بەهوی شتیکەوە وەك فەوتانو برانی مالە سەلەم تیا کراوەکە ، ئەوە ئەگەر سەرمایەکە مابووەوە پیویستە بدریتەوە بە سەلەمدادەرەکە ، وە ئەگەر نەمابوو ئەبی سەلەمکەرەکە بوی بژیری ، جا ئەگەر هاوچەشنی هەبوو ، بیدا ، ئەگینا قیمەتەکەی بداتی •

شەرتی دووهەمی سەلەم ئەوەیە مالە سەلەم تیاکراوەکە حازرو لەبەرچاو نەبی ، ئیتر بە حازر بریار بدری یا وەعدەی بو دابنری • کەواتە ئەگەر یەکی وتی وا ئەم دینارەم بە سەلەم دا بە تو بەم عابایە ، ئەوە ئەو موعامەلەیە نە فروشتنەو نە سەلەمە • سەلەم نی‌یە چونکە مالەکە لەبەرچاودایە ، وە فروشتنیش نی‌یە چونکە لەفظی سەلەمی تیا هینراوە • بەلام ئەگەر سەلەمدادەرەکە وتی وا کیلویەك رونی وەهاو وەهام لی کریت بەم دینارە ، ئەویش وتی وا پیمفروشتی ، ئەوە ئەم موعامەلەیە بە فروشتن دائەمەزری‌و حوکمی فروشتنی بەسەرا ئەروا •

شەرتی سێهەمی سەلەم ئەوەیە ئەگەر ئەو شوێنەی سەلەمەکەی تیا ئەکری قابیل نەبو بو تەسلیم کردنی مالەکە ، یا قابیل بوو بەلام بە زەحمەت مالەکە ئەگەیشتە ئەو شوینە، ئەبی شوینی تەسلیم کردنی مالەکە بەیان بکری • وە ئەگەر وانەبوو پیویست ناکاو هەر ئەوشوینە کە موعامەلەکەی تیا کراوە ئەبی بە شوینی تەسلیم کردنی مالەکە • جا ئەگەر ئەوشوینە لەپاشا دەستی نەدا بو ئەوە مالەکەی تیا تەسلیم بکری وەك ئەوە کە سووتابوو یا لافاو بردبووی ، ئەوە نزیکترین شوینیك بەوجیگایە کە دەس بدا بو تەسلیم کردنی مالەکە ، ئەکریت بە جیگای تەسلیم کردنی • دروستە سەلەم وەعدەدار بی یان بیوەعدە بی یەعنی حازر بی • جا ئەگەر کابرا باسی هیچی نەکرد ئەوە ئەو سەلەمە دائەمەزری بە حازر •

شەرتی چوارەم ئەوەیە هەر سەلەمی کە وەعدەدار بی ، وەعدەکەی دیاری کراوبی • دروست نی یە وەعدەیەکیوا دابنری کە بو چەند کاتی جیاجیا دەس بدا وەك کاتی نوخشە یا کاتی درەو • جا ئەگەر سەلەمدادەر مانگی عەرەبی یا رومی یا ئیرانی یا هەر جورە مانگیکیتری دیاری کرد ئەوە تەواوە • وە ئەگەر تەنها ناوی مانگی برد مەسەلا وتی بە وادەی چوار مانگ ئەوە مەعنای بە مانگی عەرەبی لیئەدریتەوە• جا ئەگەر کاتی سەلەمەکە ئەوەلی مانگ بوو ئەوە باشە ، وە ئەگەر لە ئەوەلی مانگا نەبوو ئەوە مانگە ساغەکان ئەبرینەسەر بە بیگویدانە ئەوە کە تەواو بن یا کەمیەك بن ، وە مانگیکی تەواویش ئەبریتەسەر بە چەند روژە ماوەکەی ئەو مانگەوە کە سەلەمەکەی تیا کراوە • فەرموودەی راستتر ئەوەیە کە دروستە وادە بو سەلەم دابنری بە وادەی وەك جەژنو مانگی (ربیع)و (جمادی)و (کانوون)و (تشرین)و شتیوا ، وە لەمصوورەتەدا ئەم جەژنەو ئەو مانگانە بە نزیکترینیان لەکاتی سەلەم کردنەکە مەعنایان لیئەدریتەوە •

شەرتی پینجەم ئەوەیە ئەوماڵەی کە سەلەمی بۆ ئەکری لەوانەبێ خاوەنماڵ بتوانی لە وەختی خۆیدا تەسلیمی بکا • جا ئەگەر ئەوماڵە لەوانەبی لەو ولاتەدا دەس بکەوی ئەوە باشە ، وە ئەگەر لە ولاتیکی تریش دەس ئەکەوت هەر دروستە بەوشەرتە کە هینانی ئەوماڵە بۆ ئەو ولاتە کە سەلەمەکەی تیا کراوە شتیکی عادەت بی • ئەگینا ئەو سەلەمە بەتاڵە •

ئەگەر کەسیك سەلەمی دادا لە شتیکی وادا کە لەوشوینەدا هەبوو ، بەلام بە قەزاو بەلا لەکاتی تەسلیم کردنیا فەوتا ، ئەوە ئەو فەوتانە نابی بەهۆی هەلوەشانەوەی سەلەمەکە ، بەلکو کابرای سەلەمدادەر بۆی هەیە سەلەمەکە هەلوەشینیتەوەو پارەکەی خۆی وەربگریتەوە ، یا صەبر بکا تا کاتیك کە ماڵە سەلەم تیاکراوەکە دەس ئەکەوی • وە ئەگەر لەپیش وادەی تەسلیم کردنا زانرا کە ئەوماڵە لە وەختی خۆیا دەس ناکەوی ، ئەوە کابرای سەلەمدادەر حەقی نی یە هەر لەئیستەوە سەلەمەکە هەلوەشینیتەوە ، بەلکو ئەبی صەبر بکا تا وادەی دی ، ئەو کاتە ئەگەر ماڵەکە دەس نەکەوت ، بۆی هەیە یا سەلەمەکە هەلوەشینیتەوەو پارەکەی وەربگریتەوە یا چاوەروان بی تا ئەوماڵە بە شینەیی دەس ئەکەوی •

شەرتی شەشەم ئەوەیە ئەو ماڵە مەعلووم بکری لە عەقدەکەدا کەوا بە پیوانەیە یا بە کیشانە یا بە ژمارە یا بە پیوان بەگویرەی جۆری ماڵەکە کە سەلەمی تیاکراوە • دروستیشە مالیك کە بە پیوانە بفروشری ئەمان بریاری لەسەر بدەن بە کیشانە ، وە پیچەوانەی ئەمەش دروستە • ئەگەر کەسیك سەلەمی دادا لەشتیکا وە بریاری‌دا بە کیشانەیش‌و بە پیوانەیش بی ، مەسەلا سەلەمی‌دادا بۆ تەغاریك گەنم بەوشەرتە بەکیشانە تەنیکی لی دەرچی ، ئەوە ئەو سەلەمە دانامەزری •

بۆ سەلەمکردن لە کالەك‌و شووتی‌و کوولەکەو خەیارو ترۆزی‌و بامیەو تەماتەو بایبجان‌و هەنارو بەهی‌و سیوو هەرمی‌و پرتەقال‌و لیموو

شتیوادا ، به شەرت گیراوە دیاری کردنی ماڵەکە بە کیشانە • وە لە وینەی گویزو بادەمو فستقو سرنجکو عەنابو خورمای دەنكو میوژو تـــوو هەلووژەو قەیسیو وردە میوەی تردا ، دروستە ئەندازەکەیان بە کیشانـــە دیاری بکری • هەروەها سەلەم لەمانەدا بە حیسابی پیوانەیش دروستە •

دروستە سەلەمدادان لە خشتی کالدا بە ژمارە لەگەل بەیان کردنـــی پانیو دریژیو ئەستووریی خشتەکەدا • سوننەتە ئەندازەشی بەکیشانـــە دیاری بکری چونکە راگرتنی ئەندازەی کیشانە لەمجورە خشتەدا ئاسانە • لە خشتی سوورەوە کراویشـــــدا ئەبی بە ژمارە بی لەگـــەل بەیانی پانیو دریژیو ئەستووری‌یدا •

ئەگەر سەلەمدادەرەکە ربەیەك یا قزناخیك یا عەلبەیەکی تایبـــەتیی دیاری کرد ، ئەوە ئەو سەلەمە دانامەزری مەگەر پیوانە کردن لەو شوینەدا بەو پیوانەیە کرابی بەعادەت • وە ئەگەر سەلەمی دادا لە ئەمەری دییەکی بچووکدا کە بەعادەت ئەوەندەی ئەمەر نەبی کە ئەیەوی ، ئەوە بەتالە • بەلام ئەگەر دیکە گەورە بوو ، وە ئەو ئەندازە ئەمەرەي تیا ئەبوو ، ئـــــەوە دروستە •

شەرتی حەوتەم ناسینی ئەو صیفەتانەیە کە مەبەستی سەلەمەکـــــە ئەگوری بە نەهاتنەدییان ، وە ئەبی باس بکرین بەجوریك کە نەبی بەهوی نایابیو دەس نەکەوتنی ماڵەکە • کەواتە سەلەم دروست نی‌یە لەوشتانەدا کە مەبەست تیایاندا دەرنەکەوی وەك هەریسەو حەلوایەك کە لە چەند شـــت دروست کرابی ، وە لەوجورە (خف)انەدا کە بەرو پشتو ناواخنیان هەبی ، وە لە دەرمانیکا کە لە چەند مادە پیکهاتبیو ئەندازەی هەرکام لەو مادانـــە دیاری نەبی • بەلام دروستە لە شتیکی تیکەلدا کە ئەندازەی بەشەکانـــی دیاری بی وەك قوماشیك کە مەعلوم بی چەندی لە لوکەیەو چەندی لـــە خوري یا لە ئاوریشم یا شتیکی ترە • هەروەها دروستە سەلەم کردن لـــە

پەنیرو کەشك و هەنگوین و سرکەی خورماو سرکەي میوژدا ، وە ئەو ئەندازە ئاوەی کە تیی‌یان کراوە زیان ناگەیەنی چونکە بو قازانجی سرکە کە تیی‌کراوە • بەلام سەلەم دروست نی‌یە لە کولیرەدا چونکە نازانری ئاگرەکە چەند کاری تی‌کردووە • هەروەها سەلەم دروست نی‌یە لەشتیکا کە نایاب بی وەك گوشتی نیچیر لە ولاتیکا کە نیچیری تیا نەبی‌و لە دەرەوەشەوە بوی نەیەت ، وە لە هەر شتیکی‌وادا کە ئەگەر ئەوصافەکانی باس بکریت نایاب‌بی‌و دەس‌نەکەوی وەك گەوهەری گەورەو یاقووت‌و بزن لەگەل کاورژەلەدا •

سەلەم دروستە لە حەیوانات‌و لە پوشاك‌و لە خواردەمەنی‌و لە قاپ‌و قاچاخدا • جا پیویستە بو سەلەم لە وشترو گاو مانگاو ئەسپ‌و ماین‌و ئیسترو گویریژو شتی‌وادا ناوبردنی نیرو می‌و باسی رەنگ‌و عومرو جورو باسی صینف لەو حەیوانانەدا کە چەند صینفی جیاجیان هەبی‌و صینفەکان فەرقیان هەبی لە چاکی‌و خراپیدا •

پیویستە بو سەلەم لە بالدارا باسی نەوع‌و گەورەیی‌و بچووکیی لەشی • وە بو سەلەم لەگوشتدا پیویستە باسی ئەوە بکری کە گوشتی چ‌حەیوانیکە ، وە حەیوانەکە نیرە یا می‌یە ، وە ئەگەر نیرە کەلە یا خەسینراوە ، وە ئەگەر بچکولە بوو شیرەخورە یا ئەلەوەری‌و ئالف ئەخوا • هەروەها ئەبی باسی ئەوە بکری کە گوشتی کام‌لای حەیوانەکەیە • لە سەلەمی گوشتدا بەپی‌ی عادەت ئیسقانیش وەرئەگیری لەگەل گوشتەکەدا •

وە لە سەلەمی پوشاکدا ئەبی باسی ئەوە بکری ئاخو لە خوری‌یە یا لوکەیە یا لە چی‌یە ، وە پانی‌و دریژی‌و ئەستووری‌و باریکی‌و سفتی‌و زبریی چونە • هەروەها ئەبی باسی رەنگیشی بکری • وە ئەگەر لە سەلەمی قوماشدا باسی (جاو) کرا ، ئەوە بە جاوی گازري نەکراو مەعنای لی‌ئەدریتەوە • هەروەها دروستە سەلەم لە جلی گازري نەکراوا ، وە لەو جلانەدا کە لەپیش

ئەنین تانو پویان رەنگ ئەکری • بەلام ئەگەر لەپاش تەنین تانوپویان رەنگ کرا ئەوە سەلەمیان تیا دروست نی یە •

لە سەلەمی خورمادا ئەبی باسی رەنگ و نەوع و شێو گەورەیی و بچوکیی دەنکەکانی و کونی و تازەیی بکریت• ئەمجورە باسانە پیویستن لە سەلەم لە هەموو جورە دانەویلەیەکدا وەك گەنم و جو و شتی وا • بەلام سەلەم لە چەلتووکدا دروست نی یە •

لە سەلەمی رونیشدا ئەبی باسی ئەوە بکریت ئاخو رونی مەرە یا هی بزنە یا هی مانگایە • وە لە هەنگوینیشا ئەبی باسی ئەوە بکری کە هەنگوینی مالی یە یا هەنگوینی کیوی یە ، وە هاوینەیە یا پایزەیە ، وە سپی یە یا زەردە• بەلام باسی کونی و تازەیی پیویست نی یە •

سەلەم دروست نی یە لە شتی کولاوو برژاودا بەلام زەرەری نی یە ئەگەر ئەوشتە کەسەلەمی تیا ئەکری درابیتە بەرخورو هەتاو کاری تی کردبی • فەرموودەی دیاری تر ئەوەیە سەلەم دروست نی یە لە سەلکی حەیوانا ، وە لە شتیکا کە هەر دانەیەکی بەجوریك بی وەك گوزەو دیزەی دەست کرد ، وە هەر قاپ و قاجاغیك کە بە قالب دروست نەکری و هەر دانەیەکی جیا بی لە دانەیەکی تری لەبارەی باریکی و ئەستووری و شتی واوە • بەلام ئەگەر یەکەیەکەی ئەو قاپ و قاجاغانە وەك یەك وابوون سەلەمیان تیا دروستە ، وە پیویست نی یە باسی ئەوە بکری کە قاپ و قاجاغی چاك بن چونکە بەپیی عادەت ئەبی مالە سەلەم تیاکراوەکە چاك بی •

پیویستە کە سەلەم کەرو سەلەمدادەر هەردوکیان ، لەگەل دو پیاوی تری دادپەروەردا بە باشی ئاگاداری ئەوشەرتانە بن کە بەشەرت گیراون لە مالە سەلەم تیا کراوەکەدا •

باسی گورینەوەی مالی سەلەم تیاکراو
وە هەندی وردە بابەتی‌تر

دروست نی‌یە لەجیاتی‌ی ئەو مالەی کە سەلەمی تیاکراوە شتیکی‌تر وەربگیری لە غەیری جینس‌و نەوعی خوی • کەواتە دروست نی‌یە گەنم لەجیاتی‌ی جو وە گەنمە رەش‌گول لەجیاتی‌ی قەندەهاری وەربگیری • بەلی هەندی لە زانایانی شەریعەت فەرموویانە دروستە لەجیاتی‌ی جوریك جوریکی‌تر وەربگیری ، بەلام واجب نی‌یە لەسەر کابرای سەلەم‌دادەر وەری‌بگری • هەروەها دروست نی‌یە لەشتیکا کە بە حیسابی پیوانە سەلەمی تیاکرابی ، بەحیسابی کیشانە وەری‌بگری ، یا بە پیچەوانەوە • دروستە کابرای سەلەم‌دادەر لە عەینی ئەونەوعەدا کە سەلەمی بو داداوە مالیك وەربگری کە لەبارەی ئەوصیفەتانەوە کە بریار دراون کەمتر بی لەوەی کە بریار دراوە مادام دلی بهینی چاوپوشی بکا ، بەلام ئەمە بە هیچ‌جوریك واجب نی‌یە • وە ئەگەر سەلەم‌کەرەکە جوریکی باشتری دا بە سەلام‌دادەرەکە لەوەی کە بریار دراوە ، ئەبی وەری‌بگری •

ئەگەر کابرای سەلەم‌کەر لەپیش‌وادەدا مالەکەی حازر کرد ، بەلام سەلەم دادەرەکە وەری‌نەگرت ئەوە تەماشا ئەکەین ئەگەر سەلەم‌دادەرەکە بیانوویەکی‌وای هەبوو عەقل بیگری وەك ئەوە کە مالەکە حەیوان بی‌و مەسرەفی پیویست بی ، یا وەختەکە وەختیکی ناخوش بی‌و تالان‌وبرو لەناوابی ، ئەوە لەوحالەدا ناچار ناکری بو وەرگرتنی مالەکە • وە ئەگەر بیانوویەکی‌وای نەبوو کە عەقل بیگری ، تەماشا ئەکەین ئەگەر کابرای سەلەم‌کەر مەبەستیکی باشی هەبوو لە تەسلیم‌کردنی ئەومالەدا پیش وەعدە وەك کردنەوەی رەهن ، یا ترسی ئەوە کە لەکاتی داهاتنی وەعدەی تەسلیم‌کردنی مالەکەدا ئەو مالە نەمینی ، یا وەك رزگارکردنی کەفیلیك ،

ئەوە لەم‌حالەتانەدا کابرای سەلەم دادەر ناچار ئەکری ئەو مالە وەربگری • هەروەها ئەگەر مەبەستی سەلەم‌کەرەکە ئەوەبی حەقی سەلەم‌دادەرەکەی بەسەرەوە نەمینی •

ئەگەر لەپاش داهاتنی وادەی تەسلیم‌کردنی مالەکە کابرای سەلەم‌دادەر سەلەم‌کەرەکەی دی لەغەیری ئەوشوینەدا کە ئەبی سەلەم‌کەر مالەکەی تیا تەسلیم‌بکا ، ئەوە واجب نی‌یە سەلەم‌کەر مالەکە لەوشوینەدا تەسلیم بکات ئەگەر گواستنەوەی مالەکە لەشوینی خویەوە بو ئەو شوینە مەسرەفی پیویست‌بوو ، وە لەم‌کاتەدا کابرای سەلەم‌دادەر حەقی ئەوەی نی‌یە داوای قیمەتی مالەکە بکاتەوە لە سەلەم‌کەرەکە بە بیانووی ئەوەوە کە مالەکەی تەسلیم نەکردووە • وە ئەگەر کابرای سەلەم‌کەر مالەکەی تەسلیم‌کرد لە غەیری ئەوشوینەدا کە بریار دراوە بو تەسلیم‌کردن ، وە سەلەم‌دادەرەکە وەری‌نەگرت ، ئەوە ئەگەر گواستنەوەی مالەکە بو ئەو شوینەی کە بریاردراوە تیا تەسلیم بکری مەسرەفی ئەویست ، یاخود ئەوشوینە شوینیکی مەترسی‌دار بوو ، سەلەم‌دادەرەکە ناچار ناکری وەری‌بگری ، ئەگینا فەرموودەی راستتر ئەوەیە ناچار ئەکری •

باسی قەرزدان

قەرزدان بریتی‌یە لەوە کە کەسیك شتیك بدا بەکەسیك لەسەر ئەساسی ئەوە ئەمیش وینەی ئەو شتەی بداتەوە • قەرزدان سوننەتە وە لە حەدیثی پیروزا ئەفەرمویت یەکیك دووجار قەرز بدا بە شەخسیك لەبەر رەزامەندیی خودای تەعالا ، ئەوە وەکو ئەوە وایە جاریك ئەو مالە بدا بە صەدەقەو ئیحسان • بەلی وائەبی قەرزدان حەرام ئەبی وەکو قەرزدان بە یەکی کە بزانی لە ئیشی حەراما صەرفی ئەکا • هەروەکو جاربەجاریش واجب ئەبی وەکو قەرز بە یەکی کە ناچار کەوتبی بو نەفەقەی مال‌و خیزانی • وە قەرزکردن حەرامە بو کەسیك کە ئومیدی ئەوەی نەبی بتوانی

لەکاتی خویا ئەو قەرزە بداتەوە ، مەگەر خاوەن ماڵەکە بە حاڵی ئەو شەخسە بزانی وە لەگەل ئەوەیشا قەرزەکەی بداتی •

ئەرکانی قەرزدان چوارە : قەرزدەر ، قەرزکەر ، ئەو ماڵەی کە ئەدری بە قەرز ، وە صیغەی عەقدەکە • بو قەرز صیغەی صەریح زورە وەك ئەمانە : ئەم ماڵەم پیدای بە قەرز • ئەم ماڵەم کرد بە مولکت لەسەر ئەساسی ئەوە کە وینەکەیم بدەیتەوە ، وە کابرایش دەس‌بەجی قەبوولی بکا • وە ئەگەر هەر تەنها وتی ئەم ماڵەم کرد بە مولکت ئەوە ئەبی بە (هبە) بەخشین ، وە ئەگەر لەپاشانا ئیختیلافیان بوو لە باس‌کردنی دانەوەی بەدەلی قەرزەکەدا ، وە شاهیدیش نەبوو ، ئەوە کابرای ماڵ‌وەرگر سویند ئەدری‌و ئەبی بە بەخشین • بەلی ئەگەر کەسیك خوراکیکی دا بە ئینسانیکی ناچاری برسی ، وە لەپاشانا ئیختیلافیان بوو لە ناوبردنی دانەوەی بەدەلدا ، ئەوە کابرای خاوەن خوراك سویند ئەدری ، وە بەدەلی ئەو خوراکە لە کابرا وەرئەگریتەوە چونکە ئەگەر ناچارەکە سویند بدری وە ماڵی خاوەن ماڵەکە بفەوتی ، ئیتر خەڵك لەم ئیشە باشە کە فریاکەوتنی برسی‌و ناچارە دەس‌بەردار ئەبن •

هەندی قەرزی حوکمی هەیە صیغەی پی‌ناوی ، وە تەنها نی‌یەتی وەرگرتنەوەی بەدەلەکەی کافی‌یە ، وەکو خوراك دان بە ئینسانی برسی‌و داماو ، وە پوشاك دان بە رووت ، وە مەسرەف کردن بو منداڵی فری‌دراو ، وە فیدیەدان بو رزگارکردنی دیل ••

شەرتی کابرای قەرزدەر ئەوەیە کە بەپی‌ی ئوسوولی شەرع شایان‌بی بو پیاوەتی‌و خیرومەندی ، یەعنی بالغ‌و عاقل‌و خاوەن روشدو خاوەن ئیختیار بی • قەرز هەمیشە لەسەر (تنجیز)ە ، یەعنی هەرچەند وەعدەیش دابنری بو دانەوەی ، ئەو وەعدەیە بەشەرع جی‌ی ئیعتیبار نی‌یە ، وە خاوەن‌ماڵ ئەتوانی هەموو وەختی داوای بەدەلی ئەو قەرزە بکاتەوە ، وە هەر

خاوەن‌مالیك لەسەر وەعدە داوای بەدەلی قەرزەکەی نەکاتەوە ، ئەوە لەسەر ئەساسی پیاوەتی‌یە • هەروەکو لەئەساسا قەرزدان بە پیاوەتی دائەنری • بەلام فروشتنی مالیك بە قیمەتیك بە وەعدەیەکی تایبەتی ئەوە بە شـــەرع دائەمەزری ، وە خاوەن‌حەق تا وادەکە نەیەت ناتوانی داوای ئەو حەقە بکا چونکە ئەمە موعامەلەیەو بە پیاوەتی دانانری •

هەر لەسەر ئەم ئەساسە لە بەیعا رەوایە ئەگەر بەیعـــەکە بەرابەر بە پارەی نەختو حازر بی ، قیمەتی مالەکە کەم بی ، وە ئەگەر بەرابەر بـــە جینس یا پارەی وادەدار بی ، قیمەتەکەی زور بی • وە ئەمە لەشـــــەرعا پی‌ی‌ئەوتری (بیعی مؤجل) فروشتنی وەعدەدار • گەلی‌کەس لەم‌مەسئەلەدا کەوتوونەتە ئیشتیباهەوە لەبەرئەوە کە لە زوبانی کوردیدا بە هەردوکیـان ئەلین قەرز ، وە وەها تی‌گەیشتوون کە قابیل نی‌یە فەرقی فروشتن بە نەختی حازرو فروشتن بەقیمەتی وەعدەدار ببی لە کەم‌وزوریدا • ئەم‌بیرە نارەوایە، وەکو لەکتیبە گەورەکانا باسی ئەوە کراوە کە ئەم دوو مەسئەلەیە جیـــان لـــە یـــەك •

مادەم شەرتی قەرزدەر ئەوانەبوو کە وتمان ، دروست نی‌یـــــــە قەرزکردن لە مندالو شیتو سەفیەو زور لی‌کراو • بەلی باوکی منـــدال ئەتوانی مالی مندالەکەی بدا بە قەرز لەبەر مەصلەحەت ، وە لەم‌کاتەدا واجبە کابرای قەرزکەر دەستی بروا قەرزەکەی بداتەوە ، وە ئەمین بی‌و مالەکەی حەرام نەبی • هەروەها واجبە چاودیری‌کەری مندالەکەیش شاهید بگری لەسەر ئەو قەرزە • وە واجبە بەرابەر بەوقەرزە رەهن وەربگری لـــــە قەرزکەرەکە ئەگەر قاضی بە مەصلەحەتی بزانی • بەلی سەفیهی بەربەرەللا یەعنی کەسی کە لەپاش ئەوەی بە رەشیدی بالغ بوو ، دەستی کرد بـــــە سەفاهەتو قاضی حیجری لەسەر دانەنا ، ئەوە ئەم شەخسە دروستە موعامەلە بکاو قەرز بداو قەرزیش بکا •

شەرتی ئەوماڵەی عەقدەکەی لەسەر ئەکری یەعنی ئەدری بە قەرز ئەوەیە سەلەمی تیا دروست‌بی • هەر شتی سەلەمی تیدا بکری دروسـتە بدری بە قەرز ، مەگەر (جاریـــە) کەنیزەکیك کە مەحرەم نەبی بـە قەرزکەرەکە ، ئەوە دروست نی‌یە بدری بە قەرز لەترسی ئەوە کە نەوەك ئیشی ناشەرعی‌ی لەگەلدا بکا • هەرچی‌یش سەلەمی تیا نەکری بە قەرزیش نادری •

دروستە بەقەرزدانی ئەندازەیەك پارە کە لەوکاتەدا مەعلووم نەبـی چەندیکە ، چونکە لەدواییدا دەرئەکەوی • هەروەها دروستە بەقەرزدانی پارەی مەغشووش یەعنی پارەیەك کە ئالتوونەکەی یا زیوەکەی شتیکی‌تری لەگەل تیکەل‌کرابی ، هەرچەند ئەندازەی غەشەکەیش دیار نەبی چەندە ، چونکە ئەم‌نەختە مەغشووشانە (مثلي) وینەدارن‌و موعامەلەیان تیا دروستە •

واجبە لەسەر قەرزار لەجیاتی‌ی شتی وینەدار وینەکەی بداتـــەوە هەرچەند ئەوشتە پارەیەکی نەختی‌وایش بی کە حوکوومەت رەواجی بەتال کردبیتەوە • وە لەجیاتی‌ی شتی قیمەت بو دانراو (متقوم) ئەبی شـــتیك بداتەوە کە لەصوورەتدا وەك ماڵە قەرزکراوەکە وابی ، وە لەوصیفەتانەدا کە ئەبن بەهوی قیمەت وەك ئەو وابی • جا ئەگەر قەرزارەکە شـــتیکی چاکتری دایەوە لە ماڵە قەرزکراوەکە واجبە خاوەن‌ماڵەکە وەری‌بگری • وە ئـەگەر خاوەن‌ماڵەکـە لەجیاتی‌ی ئەوشتەی کە داویە بە قـــــەرز شتیکی‌تری وەرئەگرت ئەوە (استبدال)ە یـــەعنی ئالوگورە لـــە ماڵـــە قەرزکراوەکەدا ، وە حوکمی ئەم گورینەوەیە وەك گورینەوەی قیمەتـــی ماڵە فروشراوەکەیە، یەعنی لەوشتانەدا کە سوود (ربا)یان تیا هەبی حازری‌و وەرگرتنی هەردولاو هاوچەشنی (حلول‌و تقابض‌و تماثل) پیویســـــتە بەمەرجی یەکیەتی‌ی عیللەت • ئەگینا هەر حازری‌و وەرگرتنی هەردولا پیویستە ، وە هاوچەشنی شەرت نی‌یە وەك لەپیشـــەوە باس‌کرا • لەبارەی

شوینی دانەوەی قەرزەوە ، قەرزیش وەك سەلەم وایە بەلی ئەگەر خاوەن قەرزەکە گەیشت بە قەرزارەکە لە غەیری شوینی دانەوەی قەرزەکەدا ، وە گواستنەوەی ئەومالە قەرزکراوە بو ولاتی خاوەنمالەکە مەسرەفی ئەویست ، ئەوە کابرای خاوەنقەرز ئەتوانی داوای قیمەتی مالەکەی بکا لی ی بەپی ی حیسابی قیمەتی لەوولاتەدا کە قەرزەکەی تیاداوە .

دروست نی یە لە صیغەی قەرزدانا چ لە نەختو چ لە غەیری نەختا شەرتی ئەوە بکري کە قەرزارەکە شتی زیادە بداتەوە ، یا شەرتی هەرشتی بکری کە قازانجیکی تیابی بو خاوەنمالەکە چونکە حەزرەت فەرموویەتی «هەر قەرزیك قازانجی رابکیشی ئەوە سوودە» . بەلی ئەگەر قەرزار بە بیشەرتکردن زیادەیەکی دا بە خاوەنقەرزەکە ئەوە شتیکی باشی کردووەو بەئیحسان ئەنووسری بوی . زیانی نی یە کەسیك قەرزیك بدا بەکەسیکیترو بلی بەوشەرتە کە ئەمیش قەرزیك بدا بەو ، بەلام شەرتەکە جیبەجی ناکری . ئەگەر خاوەن قەرزەکە بو وەرگرتنەوەی قەرزەکەي وادەیەکی شەرتکرد ، ئەوە ئەگەر مەبەستی تەنها دانەوەی قەرزەکەی بوو لەووادەیەدا ، ئەوە عەقدەکە دروستەو شەرتەکە بەتالە . وە ئەگەر مەبەستیکیوای هەبوو کە قازانجیکی خوی تیابی ئەوە وەکو شەرتی زیادە وایەو عەقدەکە بەتالە . بەلی دروستە بو خاوەنمال شەرتی شتیکیوا بکا کە ببی بەهوي پاراستنی مالەکەی خوی وەك شەرتی ئەوە کە قەرزارەکە رەهنیك دابنی یا کەفیلیك بدا یا ئیقرار بکا لای قاضی یا شاهید بگرن لەسەر ئەوقەزرە. ئەگەر قەرزارەکە ئەم شەرتانەي نەهینایەدی ، ئەوە خاوەنمالەکە حەقی هەلوەشاندنەوەی ئەو عەقدەی هەیە .

لەپاش عەقدەکە کابرای قەرزار ئەبی بە خاوەنی ئەومالە بەوشەرتە کە وەری گرتبی . دروستە بو خاوەنمالەکە لەوعەقدە پەشیمان ببیتەوەو

ماله‌كه‌ی خوی وه‌ربگریته‌وه له قه‌رزاره‌كه مادەم عه‌ینی ئه‌وماله‌ی له‌لا مابی • هه‌روه‌ها دروسته بو قه‌رزكه‌ریش عه‌ینی ئه‌وماله بداته‌وه به خاوه‌ن‌ماله‌كه • وه ئه‌گه‌ر له‌كاتی هینانه‌وه‌یدا ئه‌و ماله عه‌یبدار بوو ، وه خاوه‌ن ماله‌كه وتی ماله‌كه‌ي من بی‌عه‌یب بووه‌و قه‌رزاریش وتی ئه‌م عه‌یبه هه‌ر له‌لای تو بووه ، ئه‌وه قه‌رزاره‌كه سویند ئه‌دری چونكه ئه‌صل به‌رائه‌تی ذمّه‌ي قه‌رزاره‌كه‌یه له توله‌ی ئه‌و عه‌یبه •

باسی ره‌هن

(رهن) به عه‌ره‌بي یه‌عنی راگرتن‌و ماتل كردن• وه له عورفی شه‌رعدا بریتي‌یه له‌وه كه ئینسان عه‌ینی مالیك بكا به بارمته‌ی حه‌قیك كه به‌سه‌ریه‌وه‌یه بوئه‌وه ئه‌گه‌ر له‌پاشه‌روژدا حه‌قه‌كه‌ی نه‌بوو بیداته‌وه به خاوه‌ن‌حه‌قه‌كه ، ئه‌و حه‌قه له‌وماله جی‌به‌جی بكری •

ئه‌ركانی ره‌هن پینجن : ئه‌و كه‌سه كه مال ئه‌خاته ره‌هنه‌وه (راهن) • ئه‌و كه‌سه كه ماله‌كه خراوه‌ته ره‌هنیه‌وه (مرتهن) • ماله‌كه كه خراوه‌ته ره‌هنه‌وه (مرهون) • ئه‌و قه‌رزه‌ی كه ماله‌كه له‌به‌رابه‌ریا خراوه‌ته ره‌هنه‌وه (مرهون‌به) • ئه‌و قسه‌یه كه له‌به‌ینی ئه‌و دووكه‌سه‌دا تی‌ئه‌په‌ری (صیغه) • صیغه‌ش بریتي‌یه له دان‌و وه‌رگرتن (ایجاب‌و قبول) به‌وشه‌رتانه‌وه كه له‌صیغه‌ی به‌یعدا رابووردن • كه‌واته لیره‌یشا رووتی‌كردنی قسه (خطاب) پیویسته هه‌رچه‌ند كابرای ره‌هن‌وه‌رگر وه‌كیل بی یه‌عنی ره‌هن‌داته‌ره‌كه بلی به‌ووه‌كیله وا ئه‌م ماله‌م خسته ره‌هنی تووه‌و ئه‌ویش قه‌بوولی بكا •

ئه‌گه‌ر له عه‌قدي ره‌هندا شه‌رتی شتیكی‌وا كرا كه لازمی ره‌هنه‌كه بی وه‌ك به‌شه‌رت‌گرتنی پیش‌كه‌وتنی ره‌هن‌وه‌رگر له قازانج‌وه‌رگرتنا له‌سه‌ر غه‌یر ئه‌گه‌ر خاوه‌ن‌قه‌رز هیرشیان هینا بو سه‌رقه‌رزاره‌كه ، یا شه‌رتی شتیكی‌وا كرا كه ببی به‌هوي مه‌سله‌حه‌تی عه‌قده‌كه وه‌ك شاهیدگرتن له‌سه‌ر

ئەو عەقدە ، ئەوە شەرتەکەیش و عەقدەکەیش دروستن • وە ئەگەر شەرتی شتێکیوا کرا کە هیچ مەبەستێکی تیا نەبی وەك ئەوە کە بەشەرتی بگرن مالە رەهنکراوەکە تەنها فلانە خواردنی دەرخوارد بدری ، ئەوە عەقدەکە دروستەو شەرتەکە بەتالە • وە ئەگەر شەرتی شتێکی وا کرا کە زەرەری تیابی بۆ رەهنوەرگرەکە وەك ئەوە کە مالە رەهنکراوەکە نەفرۆشری بۆ دانەوەی حەقی خاوەنمالەکە ، ئەوە شەرتەکەیشو عەقدەکەیش بەتالن • وە ئەگەر شەرتی ئەوە کرا هەرچی زیادە پەیدابی لە مالە رەهنکراوەکەدا ئەوەیش لە رەهندا بی ئەوە شەرتەکە بەتالە • (بزانن) لە هەرلایەکا شەرت بەتال بی ، ئەوە عەقدەکەیش بەتال ئەبی ، مەگەر لەوشوێنەدا کە شەرتەکە هیچ مەبەستێکی تیانەبی •

شەرتی ئەوکەسەی کە عەقدی رەهنەکە ئەکا ئەوەیە کە دروستبی تەصەروف بکا لەومالەدا کە ئەیخاتە رەهنەوە • کەوابە دروست نییە سەرپەرشتیکەری منالو شێت مالی ئەمانە بخاتە رەهنەوە مەگەر لەبەر ناچاری وەك ئەوە کە پێویستبی رزقیان بۆ بکریو بە بیرەهن دەستی نەکەوی • هەروەها ناتوانی رەهنیشیان بۆ وەرگری مەگەر لەبەر ناچاری یا لەبەر قازانجێکیئاشکراو دیاری وەك ئەوە کە لەکاتیتالانو برودا لە ترسی فەوتانی مالەکەیان ئەو مالە بدا بە قەرزو رەهن وەربگری لەجیاتیی ئەو قەرزە •

شەرتی مالی رەهنکراویش ئەوەیە کە عەینێکیوا بی فرۆشتنی دروست بی ، مولکی تایبەتی یا تێکەل بی • کەواتە رەهنکردنی مەنفەعەت دروست نییە چونکە سەعات بەسەعات رووی لە فەوتانو تەواوبوونە • دروستە رەهنکردنی عەینێك کە تێکەلبی لە بەینی رەهنکەرو کەسێکیترا خوای بیدا بە شەریکەکەی یا بەکەسێکیتر • وە وەرگرتنی ئەو مالە بە وەرگرتنی هەموویەتی • جا ئەگەر ئەو عەینە لەوانە نەبوو کە بگوێزرێتەوە

وەکو خانوو ئەوە ئیذنی شەریکەکەی ناوی • وە ئەگەر لەوانەبوو کـــە بگویزریتەوە ئیذنی ئەویشی ئەوی • جا ئەگەر ئیذنیدا کە لەلای رەهـــن وەرگرەکە بی ، یاخود کابرای رەهن‌کەر رازی بوو بەوە کە مالەکە لای شەریکەکە بمینیتەوە ، ئەوە باشە • ئەگینا پیویستە قاضی شەخسیکی راسال دیاری بکا کە ئەو عەینەی لەلا دابنین •

ئەگەر کەسیك شتیکیوای خستە رەهنەوە کە نزیك‌بی خراب ببی ، ئەوە ئەگەر قابیل‌بی وشك بکریتەوە وەك هەنجیر ، پیویستە وشك بکریتەوە • وە ئەگەر قابیل نەبوو وشك بکریتەوە ، ئەمجار ئەگەر لە رەهنی قەرزیکی حازریدا دانابوو یا لە رەهنی قەرزیکي وەعـــدەداری وەهادا کە لەپیش خرابوونی مالە رەهن‌کراوەکەدا وادەی ئەهات ، وە یاخود شەرتی ئەوە کرابوو کە لەکاتی ترسی خراب بوونی مالە رەهن‌کراوەکەدا بفروشریو قیمەتەکەی دابنری لە رەهندا ، ئەوە لەمصوورەتانەدا رەهنەکە دروستـــە ، ئەگینا رەهنەکە بەتالە • هەروەها ئەگەر بە بیقەیدو شەرتیش بخریتـــە رەهنەوە•وە ئەگەر نەئەزانرا ئاخو لەپیش وادەی قەرزەکەدا خراپ ئـەبی یا نە ، ئەوەیش رەهنی دروستە •

وە ئەگەر کەسیك شتیکیوای خستە رەهنەوە کە زوو خراپ نەئەبوو، بەلام بەریکەوت وەزعیکیوای بەسەرا هات ئامادەی کرد بو خراپبوون ، وەکو گەنمی کە تەر ببی ، ئەوە بەو کارەساتە رەهنەکە بەتال نابیتەوە ، بەلکو لەو کاتەدا کە نزیکە خراپ ببیئەفروشریو قیمەتەکەیدائەنری لەرەهندا• ئینسان وەك چون مولکی خوی ئەخاتە رەهنەوە ، دروستە شتیکیش بخوازی بو ئەوەی دایبنی لە رەهنا ، وە ئەومالەی خواستیو دایئا لەرەهنا لەپاش دامەزرانی رەهنەکە حوکمی عاریەی نامینی ، بەلکو ئەبی بەوە کـــــە خاوەن‌مالەکە ببی بە ضامنی ئەو قەرزە کە لەسەر رەهن‌کەرەکەیە ، بـــە ضامنيیەکی وەها کە بەسرابی بە عەینی ئەومالەوە،یەعني ئەگەر قیمەتەکەی

بەئەندازەی قەرزەکە بوو ئەوە باشە،وە ئەگەر زیاتر بوو لە قەرزەکە خاوەنەکەی زیادەکەی بباتەوە • وە ئەگەر کەمتر بوو لە قەرزەکە ئەوە ئیتر کابرای خاوەن‌مال حەقی بەسەریەوە نی‌یە• کەواتە شەرتی دروست بوونی ئەم مال خواستنە بو رەهن ئەوەیە کابرای مال‌خواز باسی جینسی قەرزەکە بکا ، مەسەلا زیوە یا ئالتوونە ، وە ئەندازەی چەندە ، وە صیفەتی چونە ئاخو بی‌وادەیە یا وادەدارە • هەروەها واجبە ناوی ئەو کابرایشە ببا کە مالە رەهن کراوەکەی لا دائەنی • کەواتە ئەگەر ئەوماله لەپیش ئەوەدا کە بخریتە رەهنەوە ، لە دەستی رەهن‌کەرەکەدا فەوتا ، ئەوە ضامن ئەبی • وە ئەگەر لەپاش رەهن‌کردنەکەی فەوتا لە دەستی رەهن وەرگرەکەدا ، ئەوە نە رەهن‌کەرو نە رەهن‌وەرگر کەسیان ضامنی نابن • بەلام حەقی رەهن‌وەرگر لەسەر رەهن‌کەرەکە ئەمینی • خاوەن‌مال لەپاش وەرگرتنی مالەکە لەلایەن رەهن‌وەرگرەکەوە حەقی پەشیمان بوونەوەی نی‌یە • جا هەرکاتی وادەی قەرزی رەهن‌وەرگرەکە هات ، یاخود هەر لە ئەساسدا قەرزەکە حازري بوو ، پیویستە کابرای رەهن‌کەر بچیتە سەر کابرای خاوەن‌مال ، جا ئەگەر قەرزەکەی بژاردەوە ئەوە مالەکەی نافروشری ، ئەگینا ئەیفروشن بو دانەوەی حەقی رەهن وەرگرەکە ، وە لەپاشا ئەو حەقەکە لە رەهن کەرەکە ئەسینیتەوە •

شەرتی ئەومالەش کە رەهنی بو دائەنری ئەوەیە قەرزیکی دامەزراو (ثابت)و پیویست (لازم) بی • کەواتە دروست نی‌یە رەهن دابنری بەرامبەر بە عەینیك کە لەژیر دەستیکی ضامندا بی ، وەك عەینی وەرگیراو بە موعامەلە یا بە بەیعي دانەمەزراو یا بە خواستەمەني یا عەینی زەوت کراو • هەروەها دروست نی‌یە رەهن دانانی ئیستا بو مالیك کە لەمەولا قەرزی ئەکا ، یا رەهن‌دانان بو نەفەقەی لەمەولای ژنەکەی چونکە هیشتا نە ئەو مالە

قەرز کراوەو نە نەفەقەی ژنەکە واجب بووە • هەروەها رەهن دروست نی‌یە بو ئەوپارەیەی کە دائەنری بو کریکاریك بەرامبەر بە ئیشیکی دیاری وەك دەرمان کردنی برینداریك ، یا ئیشیکی نادیاري وەك دوزینەوەی حەیوانیکی ون‌بوو ، بەرلەوە کە ئیشەکە تەواو بکا کە ئەوەش پی‌ی‌ئەوتری (جعالە) •

بەلام دروستە رەهن‌دانان بو قیمەتی مالی فروشراو لەوماوەیەدا کە حەقـــی پەشیمان بوونەوە هەبی ، چونکە فروشتن لەسەر بنچینەی جی گیربـــوون دائەمەزری ، واتە زورتر وایە فروشتن بو هەمیشەو جی‌گیربوونە ، بـــەلام کریکاری جعالە گەلی‌جار ئیشەکەی تەواو ناکاو حەقەکەی ئەفەوتی •

ئەگەر کەسیك وتی وا ئەم پارەیەم پی‌دای بە قەرز ، وە ئەو خانوەم لی‌وەر گرتی‌بە رەهن‌ەوە کابرای‌تریش وتی‌وا قەبوولم کردو خانوەکەم‌دانا بە رەهن لات ، ئەوە دروستەو قەرزەکەو رەهنەکە دائەمەزرین • هەروەهـــا ئەگەر کەسیك بە کەسیکی‌تری وت وا ئەو مالەم پی‌فروشتی بە دە دینـــارو خانوەکەتم وەرگرت بە رەهنی ئەو دە دینارە ، وە ئەویش وتی وا قەبوولم کردو خانوەکەم خستە رەهنتەوە • دروستە لەجیاتی‌ی یەك قەرز دوو رەهن دابنری یەك لەدوای‌یەك • بەلام دروست نی‌یە مالیك کە خرابیتە رەهنـــی قەرزیکەوە ، بخریتە رەهنی قەرزیکی‌ترەوە •

(بزانن) عەقدی رەهن قەرار ناگری‌و رەهن جی‌گیر نابی مەگەر بەوە کە کابرای رەهن‌وەرگر مالەکە وەربگری ، وە بەوشەرتە کە وەرگرتنەکەی دروست بی ، یەعنی کابرا بالغ‌و عاقل‌و خاوەن روشد بی‌و بەئارەزووی خوی مالەکە وەربگری • کەواتە مال وەرگرتنی مندال‌و شیت‌و نەفام‌و زورلی‌کراو دروست‌نی‌یە •

دروستە رەهن‌وەرگرەکە یەکیك بکا بە جی‌نشینی خوی بو وەرگرتنی مالە رەهن‌کراوەکە بەوشەرتە کە کابرای رەهن‌کەر خوی نەبی ، چونکـە یەك کەس هەر دووسەری ئەم بەدەستەوەدان‌و وەرگرتنەی پی ناکـــری •

ئەگەر کەسیك مالیکی بەئەمانەت دانراو یا زەوت کراوی لای کەسیك هەبوو ، وە لەپاشا قەرزیکی ئەو کەسەی کەوتەسەر ، دروستە ئەو مالە بەئەمانەت دانراوە یا ئەو مالە زەوت کراوە بکا بە رەهنی ئەو قەرزە • بەلام ئەبی ئەوەندە وەخت بەسەر رەهن کردنەکەدا تیپەری کە کابرای رەهن کەر بتوانی لەوماوەیەدا مالەکە بدا بە دەستی رەهن وەرگرەکەوە ، ئەوجا مالەکە بە وەرگیراو دائەنری و رەهنەکە دائەمەزری • فەرموودەی راستتر ئەوەیە پیویستە بو دامەزرانی وەرگرتنی مالە بەئەمانەت دانراوەکە یا مالە زەوت کراوەکە ، کابرای خاوەن مال ریگا بدا بو وەرگرتنی مالەکە • هەروەها فەرموودەی راستتر ئەوەیە دانانی مالی زەوت کراو لەرەهندا ، کابرای زەوت کەر رزگار ناکا لە ضامن بوونی ئەومالە ، مەگەر کابرای خاوەن مال بەئاشکرا بلی وا توم کرد بە ئەمین لەسەر ئەو مالەم کە لەلاتە • ئەوکاتە لە ضەمانەتی دەرئەچی •

دروستە رەهن کەر پەشیمان ببیتەوە لە عەقدی رەهن بەرلەوەی کە رەهن وەرگرەکە مالەکە وەربگری ، وە ئەم پەشیمان بوونەوەیە هەروەکو بەقسە دیتەجی هەروەهاش دیتەجی بە هەر کردەوەیەکیوا کە مولکیەتی رەهن کەرەکە لەسەر شتەکە لاببا وەك ئەوە کە ئەومالە ببەخشی ، وە کابرای مال پی بەخشراویش وەری بگری ، یاخود بیفروشی یا نەذری بکا لە کەسیك یا وەقفی بکا • هەروەها پەشیمان بوونەوە دیتەجی بەوە کە رەهن کەرەکە مالەکە بخاتە رەهنی کەسیکی ترەوەو ئەویش وەری بگری • وە ئەگەر رەهن کەر یا رەهن وەرگر شیت بوون یا مردن لەپیش وەرگرتنی مالە رەهن کراوەکەدا ، ئەوە ئەو رەهنە بەتال نابیتەوە، بەلکو میراتگر لە جیگای مردوو ، وە وەلی ئەمر لەجیاتیی شیت بوو دائەنیشی •

دروست نییە رەهن کەر تەصەروف بکا لە مالی رەهن کراودا لەپاش ئەوەی کە رەهن وەرگرەکە وەری بگری ، بە تەصەروفیکیوا کە ببی

بەهوی دەرچوونی ئەوماڵە لە موڵکیەتی وەك فروشتن‌و بەخشین، وە ئەم جورە تەصەروفانە بەتاڵن‌و دانامەزرین • هەروەها دروست نی‌یە کە ماڵە رەهن‌کراوەکە بخاتە رەهنی کەسیکی‌ترەوە • وە دروست نی‌یە بیدا بە کری ئەگەر قەرزەکە بی‌وەعدە بی یاخود لەپیش تەواوبوونی مازەی بەکری‌دانەکەدا وەعدەی قەرزەکە بیتە پیشەوە • بەلی دروستە بوی تەصەروفیکی‌وای تیابکا کە نەبی بەهوی کەم‌بوونەوەی نرخی وەك سواربوونی ولاخ‌و دانیشتن لە خانوودا بە بی‌گەیاندنی زیان پی‌ی • دروست‌نی‌یە بو رەهن‌کەر دار بنیژی یا خانوو بکاتەوە لە زەوی‌ی رەهن‌کراودا • وە ئەگەر ئەوەی کرد، لەپیش هاتنی وەعدەی قەرزەکەدا ئەو دارو خانووە بەناچاري لانابرین • جا کە وەعدەی قەرزەکەهات تەماشا ئەکەین ئەگەر قیمەتی زەوی‌یەکە بەوشیوەیە بەشی قەرزەکەی نەئەکرد، بەلام بە بی‌دار یا خانوەکە بەشی ئەکرد، ئەوە واجبە ئەو دارانەو ئەو خانوە هەڵبکەنرین بەوشەرتە کابرای رەهن‌کەر ریگانەدا زەوی‌یەکە لەگەل دارو خانوەکەدا بفروشرین، وە بەهوی لاتي‌و بی‌دەسەلاتی‌یشەوە حیجر نەنرابیتە سەری‌و ریگای تەصەروف‌کردنی لی‌نەگیرابي • بەلام ئەگەر قیمەتی زەوی‌یەکە بەوشیوەیە بەشی قەرزەکەی ئەکرد، ئەوە ئەو دارو خانوە هەڵناکەنرین‌و زەوی‌یەکە بەتەنها ئەفروشری • هەروەها ئەگەر قیمەتی زەوی‌یەکە بەشی قەرزەکەی نەئەکردو بەهوی هەڵکەندنی دارو خانوەکەیشەوە زیادی نەئەکرد هەر بەتەنها ئەفروشری • وە ئەگەر بەهوی هەڵکەندنی دارو خانوەکەوە قیمەتی زەوی‌یەکە زیادی ئەکرد، بەلام کابرای رەهن‌کەر حیجری لەسەر دانرابوو، یاخود رەهن‌کەر ریگای ئەدا تیکرای زەوی‌یەکەو دارو خانوەکە بفروشرین، وە قیمەتی زەوی‌یەکە بەرووتی زیاتر نەبوو لە قیمەتی لەگەل دارو خانوەکەدا، ئەوە هەردوکیان بەیەکەوە ئەفروشرین‌و قیمەتەکەیان بەش ئەکری بەسەر زەوی‌و دارو

خانوەکەدا ، وە قیمەتی زەوی‌یەکە ئەدری بە رەهن وەرگرەکە • وە لەم سیە صوورەتەی دوایيدا هەر کەموکورتی‌یەك هەبی لەسەر کابرای رەهن‌کەر حیساب ئەکری‌و تەواوی ئەکا بو کابرای رەهن‌وەرگر •

(بزانن) ئەوجورە تەصەروفانەی کە دروستن بو رەهن‌کەر ، ئەگەر دەستیان ئەدا بە بی‌ئەوە کە مالە رەهن‌کراوەکە بسینیتەوە لە رەهن‌وەرگر وەك دوشینی حەیوانی رەهن‌کراو لە هەموو روژیکا ، ئەوە لەوصوورەتەدا مالە رەهن‌کراوەکە هەر لای رەهن‌وەرگرەکە ئەبی • وە ئەگەر پیویستی بەوە ئەکرد کە وەری‌بگریتەوە لی‌ی وەك بارکیشان بە ولاخی رەهن کراوو سواربوونی بو سەفەر ، ئەوە لە کاتی بەکارهینانیا وەری‌ئەگریتەوە لە رەهن‌وەرگرەکە • وە ئەگەر رەهن‌وەرگرەکە باوەری نەبوو بە رەهن‌کەرەکە ، ئەتوانی دوو شاهیدی لی‌بگری کە مالە رەهن کراوەکەی بردووە بو بەکارهینانی • هەر تەصەروفیك کە دروست نەبی بو رەهن‌کەرەکە ، ئەگەر رەهن‌وەرگرەکە ریگای دا ئەوە دروستە ئەو تەصەروفاتە بکا لە مالە رەهن‌کراوەکەدا •

دروستە بو رەهن‌وەرگر پەشیمان ببیتەوە لەو ئیجازەیەی داویەتی بە رەهن‌کەر • وە ئەگەر رەهن‌کەر لەوبەینەدا ، لەپیش‌ئەوەدا کە بە پەشیمان بوونەوەی رەهن وەرگر بزانی ، تەصەروفی کرد لە مالە رەهن‌کراوەکەدا ، ئەوە هەر تەصەروفیکی بکەویتە پاش پەشیمان بوونەوەی رەهن وەرگر ، بەتالە• وە ئەگەر رەهن‌وەرگر ریگای رەهن‌کەری دا کە مالە رەهن‌کراوەکە بفروشی بەوشەرتە لە قیمەتەکەی ، قەرزەکەی ئەو بداتەوە ، وە هیشتا وادەی قەرزەکەیشی نەهاتبوو ، ئەوە ئەو فروشتنە بەتالە • هەرووەها ئەگەر ئەو ریگادانە بەوشەرتە بی کە قیمەتی مالە رەهن‌کراوەکە دابنی بە رەهن لەلای رەهن‌وەرگرەکە •

باسی هەندیك حوكمی رەهن و مالی رەهن كراو

كە عەقدی رەهن كراو رەهن وەرگر مالە رەهن كراوەكەی وەرگرت، ئەوە رەهنەكە جێ گیر ئەبی و دائەمەزری • جا ئەگەر لە عەقدەكەدا بریاریان دابوو ئەو مالە رەهن كراوە لای رەهن وەرگرەكە بی ، ئەوە لە دەستی ئەودا ئەمینیتەوەو لە ژیردەستی لانابری مەگەر بو قازانج لیوەرگرتنی رەهن كەرەكە وەك باسمان كرد • وە ئەگەر شەرتیان كردبوو كە لەلای كەسیكی دادپەروەر دابنری ، ئەوەیش هەر دروستە ، وە لەپاش ئەوە كە رەهن وەرگرەكە وەری گرت ئەدریتە دەستی ئەوكەسە دادپەروەرە • وە ئەگەر بریاریان دابوو لای دووكەس دای بنین ، ئەوە ئەگەر وتبوویان كە هەردوكیان یا یەكیكیان چاودیری ی بكەن ئەوە باشە ، ئەگینا دروست نی یە یەكیك لەوان بەتەنها پاریزگاری ی ئەو مالە رەهن كراوە بكا ، وە ئەبی بە بریاری هەردوكیان چاودیری ی بكری • وە ئەگەر كابرای دادپەروەر مرد یا فاسق بوو ، ئەوە لەسەر ئارەزووی هەردوكیان ئەتوانن لە جیگایەكی باشا دای بنین • وە ئەگەر قسەیان نەكەوتەیەك ئەوە پیویستە قاضی لە شوینیكی باشا دای بنی •

(بزانن) مالی رەهن كراو ، هەر كە وەعدەی قەرزەكە دوایی هات ، وەختی فروشتنی دیت • جا كە فروشرا ، رەهن وەرگرەكە پیش ئەكەوی لە وەرگرتنەوەی حەقی خوی دا لە پارەكەی • فروشتنی مالی رەهن كراو لەلایەن كابرای رەهن كەر یا وەكیلەكەیەوە ئەبی بەلام بە ریگادانی رەهن وەرگرەكە • ئەگەر هاتو رەهن وەرگر ریگای نەدا بفروشری ئەبی قاضی پی ی بلی یا رەهن كەرەكە ئازاد بكا لە قەرزەكەی یا ریگای بدا مالە رەهن كراوەكە بفروشی • وە ئەگەر رەهن وەرگرەكە داوای فروشتنی ئەكردو رەهن كەرەكە نەی ئەفروشت ، پیویستە قاضی زوری لی بكا بو

دانەوەی قەرزەکە یا بو ریگادانی فروشتنی مالە رەهن کراوەکە • وە ئەگەر وەختی خوی بریاردرابوو کەسیکی دادپەروەر بیفروشی ئەوەش دروستە وە لەم کاتەدا پیویست نی‌یە بگەرینەوە سەر رەهن کەرەکە • جا هەرکاتی ئەو کەسە دادپەروەرە فروشتی ئەوە تا قیمەتەکەی لەلای ئەو بی هەر وا لە ضەمانەتی رەهن کەرەکەدا تا رەهن وەرگرەکە وەری‌ئەگری • وە ئەگەر قیمەتەکە لەدەستی ئەو کەسەدا فەوتا ، وە مالە رەهن کراوەکەیش بە مالی خەلك دەرچوو ، ئەوە ئەگەر کریارەکە ئارەزووی بوو ، بگەریتەوە بوسەر کابرای دادپەروەرو قیمەتەکەی لی‌وەربگری ، وە ئەگەر ئارەزووی بوو ، بگەریتەوە بوسەر کابرای رەهن کەر ، وە لەئەنجاما مەسەلەکە هەر دیتەوە سەر کابرای رەهن کەر • دروست نی‌یە ئەو کابرا دادپەروەرە مالە رەهن کراوەکە بفروشی بە غەیری پارەی نەختی رەواجی ئەو ولاتە ، وە ئەبی بە قیمەتیکی باش‌و بەحازری بفروشی •وە ئەگەر ماوەی پەشیمانی‌یان‌دانابوو وە لەوماوەیەدا یەکیك پەیدابوو زیادی کرد لەسەر ئەو قیمەتە،پیویستە ئەو کابرا دادپەروەرە فروشتنە پیشووەکە هەلوەشینیتەوەو بیفروشی بەم قیمەتە تازەیە کە زیاترە لەوی پیشوو •

هەرچی مەسرەف‌و پیویستی‌یەکی مالی رەهن کراوە لەسەر کابرای رەهن‌کەرە • وە ناچار ئەکری کە مەسرەف بکا بو ئەو مالە بوئەوە حەقی رەهن‌وەرگرەکە نەفەوتی • رەهن‌کەر مەنع ناکری لە هەرشتی کە مەسلەحەتی مالە رەهن‌کراوەکەی تیابی وەك نال‌کردنی ولاخی رەهن‌کراوو قاشاودانی‌و خزمەتی‌تری •

مالی رەهن‌کراو ئەمانەتە لە دەستی رەهن‌وەرگردا تا وادەی قەرزەکەی تەواو ئەبی ، وە بەهوی فەوتانی ئەو مالەوە هیچ لە قەرزەکە لاناچی مادام کەمتەرخەمی‌ی نەکردبی لە چاودیری کردنیا • وە ئەگەر رەهن‌کەر

ئیدیعای کرد کە رەهن‌وەرگر کەمتەرخەمی‌ی کردووە ، ئەگەر شاهیدی نەبوو ئەوە رەهن وەرگرەکە سوێند ئەدری •

عەقدی رەهن چ دامەزرابی‌و چ دانەمەزرابی ، حوکمی ئەمانەتی رەهن وەرگرەکە ناگوری ، چونکە تیکرا هەرچی عەقدیکی دانەمەزراو هەیە وەك عەقدی دامەزراو وایە لە ضەمانەت‌و ئەمانەتدا • مەسەلا لە عەقدی خواستنی خواستەمەنی (عاریە)دا چ دامەزری‌و چ دانەمەزری ، کابرای مال‌خواز (مستعیر) ضامنە • وە لە عەقدی رەهن‌دا چ دامەزری‌و چ دانەمەزری ، کابرای رەهن‌وەرگر بە ئەمین ئەناسری • ئەگەر شەرتیان کردبوو ئەو مالە لەرەهندا بی تا وادەی قەرزەکە تەواو ئەبی ، وە پاش ئەوە فروشراو بی بە رەهن وەرگرەکە ئەوە رەهن‌و فروشتنی هەردوکیان بەتالن • رەهنەکە لەبەرئەوە بەتالە کە وەختی بو دانراوە • فروشتنەکەش لەبەرئەوە بەتالە کە بەستراو (معلق)ە بە هاتنی وادەی قەرزەکەوە • جا لەم‌صوورەتەیشدا هەر لەسەر ئوسوولی پیشوو کابرای رەهن‌وەرگر لە ماوەی رەهنەکەدا ئەمینە چونکە رەهنی دانەمەزراو وەك رەهنی دامەزراو وایە لە ئەمانەتدا ، وە لەپاش هاتنی وادەی قەرزەکەش بە ضامن دائەنری چونکە شتیك بە فروشتنیکی دانەمەزراو فروشرابی وەك شتیك‌وایە بەشیوەیەکی دامەزراو فروشرابی لە ژیردەستی ضامندایە •

ئەگەر رەهن‌وەرگر ئیدیعای فەوتانی مالە رەهن‌کراوەکەی کرد ، سوێند ئەدری • وە ئەگەر ئیدیعای کرد کە ناردوویەتەوە بو رەهن‌کەرەکە، باوەری پی‌ناکری ، بەلکو باوەر بە رەهن‌کەرەکە ئەکری ، چونکە رەهن‌وەرگر وەختی خوی بو مەسلەحەتی خوی ئەو رەهنەی وەرگرتووە ، وە لەپاش وەرگرتنی قسەی بەجی ئەوەیە نەیدابیتەوە •

ئەگەر مالە رەهن‌کراوەکە بەدەستیکی تاوان فەوتا ، وە لەجیاتی‌ی ئەو شتیك لە کابرای تاوانبار وەرگیرا ، ئەوە ئەو شتە لەخویەوە ئەکەویتە

ڕەهنی کابرای ڕەهن‌وەرگرەوە بە بێ‌ئەوە کە عەقدێکی ڕەهنی تازەی بـو بکری • هەروەها ئەگەر ڕەهن‌وەرگرەکە خوی ماڵەکەی فەوتاندو شتێکی لە جێگەیدا دانا • بەڵام ئەگەر ڕەهن‌کەرەکە فەوتاندی ، ئەوە پێویستـــە لەجیاتی‌یدا شتێك بهێنێ وە بە عەقـــدێکی تازە بیخاتە ڕەهنی ڕەهـــن وەرگرەکەوە •

حەقی داواکردنی بەدەلی ماڵی ڕەهن‌کراوی فەوتاو بو ڕەهن‌کەرەکەیە• ئەگەر ئەو داوای نەکرد ، ڕەهن‌وەرگر حەقی داواکردنی نی‌یە ، بەڵکـــو حەقی ئەوەی هەیە داوای ڕەهنێکی‌تر بکا لە ڕەهن‌کەرەکە• وە ڕەهن‌وەرگر بە هیـــــچ‌جوری حەقی ئەوەی نی‌یە لەو کابرا خوش ببی کـــە ماڵە ڕەهن‌کراوەکەی فەوتاندووە •

(بزانن) ڕەهن ئەروا بەسەر هەو زیادەیەکدا کە پەیدا ببی لە ماڵـــە ڕەهن‌کراوەکەدا وە پی‌یەوە لکابی ، وەك قەڵەوبوونی حەیوان‌و گەورەبوونی درەخت • بەڵام ناروا بەسەر زیادەیەکدا کە جیا بی لە ماڵە ڕەهن‌کراوەکە وەك ئەمەری باخ‌و بەچکەی حەیوانی ڕەهن‌کراو بەوشەرتە کە حەیوانەکە ئاوس نەبووبی لەوکاتەدا کە خراوەتە ڕەهنەوە • کەواتە ئەگەر کەسـێك حەیوانێکی نایە ڕەهنەوە ، ئەوە ئەو حەیوانە بەخوی‌و سکەکەیەوە لـــە ڕەهندایە چونکە مادەم ئەو سکە لەکاتی ڕەهن دانانەکەدا بـــووە بە زیادە ناناسری ، خوای هەر بە ئاوسی بفروشـــــری بو دانەوەی حەقی ڕەهـــن وەرگرەکە ، یا لەپاش زایینی بفروشری • وە ئەگەر حەیوانەکە ئاوس نەبوو لەوکاتەدا کە نراوەتە ڕەهنەوە ، وە لەکاتی فروشـــتنیدا بو قەرزەکە ئاوس بوو ، یاخود لە بەینی خستنە ڕەهنی‌و فروشتنیدا ئاوس بوو ، ئەوە سکەکەی ناکەویتە ڕەهنەوە چونکە ئەو بەچکەیە هەرچەند لە سکی دایکیا بی هـــەر حوکمی زیادەی جیاوازی هەیە • جا ئەگەر لەپیش‌ئەوەدا کە ئەو حەیوانە ڕەهن‌کراوە بزیت ، وادەی قەرزەکە هات ، ئەوە ئەو حەیوانە لەوکاتـــەدا

نافروشریت هەتا سکەکەی لیٸەبیتەوە چونکە بەشیك نەبوە لە مالە رەهن‌کراوەکە ، وە قیمەتیشی دیار نی‌یە ، مەگەر کابرای رەهن‌کەر چاوپوشي بکاو ریگا بدا حەیوانەکە بەئاوسي بفروشری و حەقی رەهن‌وەرگرەکەی لی بدری • وە ئەگەر لەپاش تەواوبوونی وادەی قەرزەکە بزی ، ئەوە هەردوکیان ئەفروشرین لەبەر مەسلەحەتی بەچکەکە ، بەلام قیمەتی بەچکەکە هی کابرای رەهن‌کەرە •

باسی فەوتانی مالی رەهن‌کراو

ئەگەر مالە رەهن‌کراوەکە فەوتا بە ئافەتیکی ئاسمانی یا بە دەستی کەسیك کە ضامن نەبی وەك کافریك کە لە حالی جەنگدا بی لەگەل ئیسلام ، ئەوە ئەو رەهنە بەتال ئەبیتەوە • هەروەها رەهنەکە بەتال ئەبیتەوە بەوە کە رەهن وەرگر عەقدەکە هەلوەشینیتەوە هەرچەند رەهن‌کەرەکەش رازی نەبی چونکە رەهن لەلایەنی رەهن‌وەرگرەوە عەقدیکی دروستەو قابیلی تیکدانە ، هەرچەند لەلایەنی رەهن‌کەرەوە عەقدیکی پیویستەو قابیلی تیکدان نی‌یە • هەروەها رەهن بەتال ئەبیتەوە بەهوی ئازادبوونی قەرزارەوە لە قەرزەکەی کە لەسەری بووە خواه خوی قەرزەکە بداتەوە یا کەسیکی‌تر بوی‌بداتەوە یا خاوەن قەرزەکە ئازادی بکا • وە ئەگەر هەندیك لە قەرزەکە درایەوە ، ئەوە هیچ بەشیك لە رەهنەکە ناکریتەوە •

وە ئەگەر کەسیك نیوەی خانوویەکی دانا لە رەهنی قەرزیکدا ، وە نیوەکەی‌تری دانا لە رەهنی قەرزیکی‌ترا ، وە پاشان رزگاری بوو لە یەکیك لەو دوو قەرزە ، ئەوە بەشی رەهنی ئەو قەرزەی لەسەر هەل‌ئەگیری • وە ئەگەر دووکەس خانوویەکیان بوو ، وە دایان‌نا لە رەهنی قەرزیکا کە لەسەریان بوو ، وە یەکیك لەوان بەشە قەرزەکەی خوی دایەوە ، ئەوە بەشە خانوەکەی ئەو لە رەهن دەرئەچی •

باسی یەك نەكەوتنی قسەی رەهن کەرو رەهن وەرگر لەگەڵ چەند بابەتیکی تر

ئەگەر دووکەس ناکوکی یان لەبەینیدا پەیدابوو ، یەکیکیان وتی من ئەو ماڵەم دانەناوە بە رەهن ، ئەویشیان وتی نەخەیر دات ناوە لە رەهنا ، یاخود ناکوکی یان لەنیواندا پەیدابوو لەبارەی ئەندازەی ماڵە رەهن کراوەکەوە ، یەکیکیان وتی یەك خانوو خراوەتە رەهنەوەو ئەویان وتی دوو خانوو خراوەتە رەهنەوە ، تەماشا ئەکەین ئەگەر رەهنەکە لەسەر بنچینەی پیاوەتی کرابی ، لەوصوورەتەدا رەهن کەرەکە سویند ئەدری • وە ئەگەر لەسەر بنچینەی ئەوە کرابی کە بەشەرت گیراوە لە عەقدی موعامەلەکەدا ، ئەوە هەرکامیان سویند ئەخوا لەسەر راستیی ئیددیعای خوی و درویی ئیددیعای ئەویان ، جا رەهنەکە فەسخ ئەکریتەوەو هەڵئەوەشینریتەوە •

ئەگەر رەهن وەرگر ئیددیعای کرد وتی ئەو دووکەسە خانوویەکیان داومەتی لە رەهنی صەد دینارا ، وە یەکی لەو دوکەسە باوەری پی کرد ، وە ئەویان باوەری پی نەکرد ، ئەوە بەشی باوەر کردووەکە ئەبی بە رەهن لەجیاتیی نیوەی پارەکە ، بەلام بو بەشی ئەوی تریان کابرای رەهن کەر سوین ئەدری ، وە لەموەختەدا شایەتیی کابرای باوەرکردوو قەبوول ئەکری • جا ئەگەر شاهیدی تری هەبوو شەهادەت بدا لەگەڵیا باشە ، ئەگینا خوی ئەتوانی سویند بخوا لەگەڵ ئەو تاقە شاهیدەدا •

وە ئەگەر هەردولا قسەیان یەکی نەگرت لە مەسەلەی وەرگرتنی ماڵە رەهن کراوەکەدا یەعنی رەهن وەرگر وتی وەرم گرتووەو رەهن کەر وتی وەرت نەگرتووە ئەوە رەهن کەر سوین ئەدری • هەروەها ئەگەر وتی ئەوماڵەم بەهوی شتیکی ترەوە پیداوی وەك (عاریە) یا (ودیعە) یا (اجارە) ئەوە هەر رەهن کەرەکە سوین ئەدری • وە ئەگەر رەهن کەر پی ی لی نا کە

ڕەهن وەرگر ماڵەکەی وەرگرتووە ، بەڵام لەپاشا وتی ئەو پێ‌لی‌نانەم بەڕاستی نەبوە ، ئەوە ڕەهن‌کەر ئەتوانی سوێنی ڕەهن‌وەرگر بدا لەسەر ئەوە کە ئەو پێ‌لی‌نانە ڕاست بووە • جا ئەگەر سوێندی خوارد باشە ، ئەگینا ڕەهن‌کەر سوێند ئەخوا کە پێ‌لی‌نانەکەی ڕاست‌نەبووە• ئەگەر ڕەهن‌وەرگر ڕێگای ڕەهن‌کەری دا بو فروشتنی ماڵە ڕەهن‌کراوەکە ، وە فروشرا ، لەپاشا ڕەهن وەرگر وتی لەپێش ئەو فروشتنەدا لە ڕێگا دانەکەم پەشیمان بوومەتەوە ، وە فروشتنەکە بەتاڵە ، وە ڕەهن‌کەریش وتی لەپاش فروشتنەکە پەشیمان بوویتەوە ، ئەوە قسەی ڕاست‌تر ئەوەیە کە ڕەهن‌وەرگر سوێند ئەدری •

ئەگەر کەسێك دوو هەزار دیناری بە دووجار قەرز کرد ، وە ڕەهنی دانا بو هەزار دیناریان ، لەپاشا هەزار دیناری دایەوە ، وە وتی ئەو هەزار دینارە ئەوە بووە کە ڕەهنەکەم بو دانابوو ، ئەوە ئەو سوێند ئەدری لەسەر قسەکەی‌و باوەڕی پێ‌ئەکری • وە ئەگەر وەختی خوی نیازی هیچ کامیانی نەکردبوو ، ئەوە ئیستە ئەتوانی بڕیاری بدا بو هەرکامیان کە مەیلی هەبی •

باسی ئەوە کە ماڵی مردوو لە ڕەهنی حەقی خواو ئادەمیزادا بی

ئەگەر کەسێك مردو حەقی ماڵی خوا یا ماڵی ئادەمیزادیکی لەسەربوو لە غەیری میراث‌گرەکان ، ئەوە ئەو حەقە پەیوەند (تعلق) پەیدا ئەکا بە میراثی ئەوکەسەوە وەك پەیوەندی قەرز بە ماڵی ڕەهن‌کراوەوە ، بە ڕەهنیکی دەس کردی‌وا کە ڕەهن‌کەرەکانی زور بن • کەواتە تا بەشێك لەو حەقە مابێت ، دروست نی‌یە میراث‌گرەکان تەصەروف بکەن لەو میراثەدا ، خواە ئەو حەقە هەموو میراثەکەی گرتبیتەوە یا نە ، وە خاوەن قەرزەکان ڕازی بن

یا نه • بەلی هەرکام لە میراتگرەکان بەشە قەرزەکەی خوی دایەزە ، ئەزە بەشە میراثەکەی بەرئەبی • وە لە فەرمووزدەیەکی تری ئیمامدا ئەو حــەقە پەیوەند پەیدا ئەکا بەومیراثەوە وەك پەیوەند پەیداکردنی تولەی پیاوکوشتنی بەندەیەك بە گەردنی ئەو بەندەیەوە یەعنی ئەو حەقە پەیوەند پەیدا ئەکا بـە ئەندازەی خوی لە میراثەکەوە ، وە هەرچی لە میراثەکە زیاد بوو لە حەقەکە ئەوە بەرەللایە • ئەم فەرموودەیە دروستە ئینسان رەفتاری پی‌بکا بو خوی بو ئەوە لەکاتیکا حەقەکە کەمتر بی لە میراثەکە ، بوی دروست‌بی تەصەرروف بکا لەو میراثەداو گوناهبار نەبی •

بەلی لەسەر فەرموودەی بەهیز ، حەقی بیگانەیەك کە مەئیووس بووبین لە دوزینەوەی جیگای ، وە حەقی مالیکی دوزراوەیێا کە هەلگرەکـــەی کردبیتی بە مولك بو خوی‌و خاوەنی دیار نەبی ، ئەمانە پەیوەندیان نی‌یە بە میراثەکەوە • ئەگینا ئەبی ئەو میراثە تا مازەیەکی بی‌ئەندازە ماتل بکری ، بەتایبەتی لەم زەمانەدا کە قاضی دادپەروەری ئەمین زورکەم دەس‌ئەکەوی تا حەقي خاوەن حەقی بدریتە دەست •

جا ئەگەر میراتگر تەصەرروفی کرد لە میراثەکەدا لەوەختیکا کە قەرز دیار نەبوو ، وە لەپاش تەصەرروفەکە قەرز دەرکەوت لەسەر میراثەکە ، ئەوە راستتر ئەوەیە ئەو تەصەرروفانە بەتال نابنەوە مادم میراتگر قەرزەکـــــە بداتەوە • ئەگەر قەرزەکەی نەدایەوە ، ئەو تەصەرروفانە بەتال ئەکرینەوە • بە اتفاقی ئیمامەکان میراتگر ئەتوانی عەینی میراثەکە وەربگری بوخوی‌و ئەو قەرزو حوقووقە لە مالی خوی بداتەوە • هەروەها راست ئەوەیە کــە پەیوەندی قەرز بەمیراثەوە ریگا لەوە ناگری کە میراثەکە ببی بە مولکـــی میراتگرەکان • کەواتە هەر زیادەیەك لە کاتی مردنی کابراوە پەیدا ببـــی هەمووی مولکی میراتگرەکانە •

(بزانن) ئەم قەرزە کە پەیوەندی هەیە بەمیراثەوە ، پەیوەندی بـــە

بەشی هەر میراتگریکەوە بەنیسبەتی بەشی میراتگرەکەیە • مەسەلا یەکیك مرد کچیك‌و خوشکیك‌و دایکی لەپاش بەجی‌ما ، ئەوە شەش‌یەکی قەرزەکەی لەسەر دایکی‌و نیوەی لەسەر کچەکەی‌و ئەوی‌تری لەسەر خوشکەکەیەتی • ئەگەر ئەم کابرا شەصت دیناری میرات بەجی‌هیشت‌و بیست‌و چوار دینار قەرزار بوو ، دایکەکەی چوار دینارو کچەکەی دوانزە دینارو خوشکەکەی هەشت دینار لەوقەرزە ئەداتەوە • وە دایکەکەی شەش دینارو کچەکەی هەژدە دینارو خوشکەکەی دوانزە دیناری بو ئەمینیتەوە • بەلام ئەگەر کابرا قەرزاری میراتگری خوی بوو ، ئەوە لە قەرزی ئەو میراتگرە بەپیی نیسبەتی میراتی خوی لە قەرزەکەی لائەچی • کەوابوو ئەگەر یەکی مردو دە دینار میراتی بەجی‌هیشت‌و دە دینار قەرزاری میراتگر بوو کە تاقە برایەك بی ، ئەوە هەموو قەرزەکەی ئەکەوی ، وەك بلی‌ی پاش‌ئەوەی میراتەکە بوو بە مالی براکەی ، هەمووی لی‌وەرگیراوە بو حەقی قەرزەکەو دراوەتەوە بە خوی • هەروەها ئەگەر لە دە دینار کەمتر قەرزار بوو ، یا ئەگەر کابرا قەرزاری چەند میراتگریك بوو •

وە ئەگەر یەکیك لە میراتگرەکان خاوەن‌قەرز بوو ، وە ئەوانی‌تریان قەرزیان لەسەری نەبوو ، ئەوە لە بەشی خاوەن قەرزەکە بەنیسبەتی بەشی خوی لە قەرزەکە ئەکەوی ، بەلام هەر ئەدریتەوە بەخوی ، وە لە بەشی میراتگرەکانی‌تریش بەنیسبەتی بەشەکەیان لەو قەرزە ئەکەوی‌و ئەدری بەو میراتگرە کە قەرزی بەسەر مردووەکەوە هەیە • بو وینە کەسیك مرد ، میراتگری ژنیك‌و برایەکی بوو ، وە میراتەکەی عەینیك بوو کە بایی هەزارو دووصەد دینار بوو ، وە هەزارو صەد دیناری ژنەکەی قەرزار بوو ، لەمصوورەتەدا لەبەرئەوە کە چواریەکی ئەو عەینە کە بایی سیصەد دینارە بو ژنەکەیەتی، وە سیە روبعیشی کە بایی نوصەد دینارە بو براکەیەتی،

له قەرزی ژنەکەیا کە هەزارو صەد دینارە چواریەکی کە بریتیيە لە دووصەدو حەفتاو پێنج دینار ، لائەچی • یەعنی وەك بلێی لە ژنەکە وەرئەگیری‌و ئەدریتەوە بەخوی لەجیاتیی قەرزەکەی • وە لە سیە روبعی براکەی کە نوصەد دینار بوو ، سیە روبعی قەرزەکە کە بریتیيە لە هەشتسەدو بیست‌و پێنج دینار وەرئەگیری‌و ئەدری بە ژنەکەی • وە لە بەشەکەی تەنها حەفتاو پێنج دیناری بو ئەمێنیتەوە ، هەروەکو لە بەشی ژنەکە بیست‌و پێنج دینار زیادە لە ئەندازەی بەشی قەرزەکە ئەمێنیتەوە بوی •

باسی جاردانی لات کەوتن (تفلیس)

(تفلیس) بەوە ئەلێن کە قاضی حیجر لەسەر قەرزاریك دانی بەوشەرتانە کە باسیان ئەکەین • کەواتە ئەگەر یەکێك قەرزار بی ، بەلام قەرزەکان وەعدەیان هەبی‌و هێشتا وەعدەیان نەهاتبی یاخود قەرزار بی بە قەرزی حازر یا بە قەرزیکی وەعدەدارو وەعدەیان هاتبیتەجی ، بەلام کابرا مالی لەو قەرزانە زورتر بی ، یا ئەوەندەی ئەو قەرزانە بی ، ئەوە حیجری نانریتە سەر چونکە ئەتوانی قەرزەکان بداتەوە • وە ئەگەر خوی بەئارەزووی خوی قەرزەکەی نەدایەوە قاضی ئەتوانی زوری لی‌بکا • هەروەها ئەگەر قەرزیکی‌وای بەسەرەوە بوو کە زورتر بی لە مالەکەی ، بەلام خاوەن‌قەرزەکان داوا نەکەن کە حیجری بخریتەسەر • بەلام ئەگەر قەرزەکان زورتر بن لە مالەکەی وە خاوەن قەرزەکانیش داوا بکەن لە قاضی کە حیجر بنیتە سەری ، ئەوە واجبە لەسەری کە ئەو حیجرە دابنی یەعنی مەنعی بکا لە تەصەروف کردن لەومالەدا لەبەر مەسلەحەتی ئەو خاوەن قەرزانە بوئەوەی قەرزەکەیان نەفەوتی • هەروەها ئەگەر یەکیکیش لە خاوەن قەرزەکان داوای ئەم حیجر دانانە بکا لە قاضی وە قەرزەکەیش لە مالەکە زورتر بی • حیجر دانانیش بەوە ئەبی کە قاضی بە لەفظ بلیت وا

حیجرم دانا لەسەر فلانەکەس وە مەنعم کرد لە تەصەروف کردن لە مـــالی خویا • هەروەها واجبە قاضی حیجر بنیتە سەر کابرا لەسەر داواکردنی خوی یا وەکیلی پاش ثابت بوونی قەرزەکە لەسەری ، وە صوورەتی ئەم مەسئەلەیە بەمجورەیە کە خاوەنقەرز داوای قەرزەکـــەی خوی بکا لای قاضی ، وە کابرای قەرزاریش دان بنی بەو قەرزەدا یا بە شاهید ثابت بی لەسەری، ئیتر خاوەن قەرزەکان داوای حیجر نەکەن ، وە کابرا خوی داوای ئەوە بکا کە قاضی حیجر بنیتە سەری •

سوننەتە قاضی شاهید بگری لەسەر ئەو حیجر دانانە ، هەروەها فەرمان بدا کە جاربدەن بە حیجری کابرا بو ئەوە کە خەلك تەریز بکەن لە موعامەلە کردن لەگەلی وە لە قەرز پیدانی • جا کە حیجر نرایە سەر قەرزاریـــك ئیتر حەقی خاوەن قەرزەکان ئەبەسری بە مالی کابراوە چ لە کەلوپەلو چ لە نەخت وە چ لە حازرو لە قەرز ، وە بە هیچ جوری دروست نییە کابرا تەصەروف بکا لەومالەدا ، یا قەرزاریکی ئازاد بکا چونکە مالەکە لە دەستی ئەو دەرچووە • کە قاضی حیجری دانا لەسەر کابرا ، بەوحیجر دانانە قەرزە وەعدەدارەکان نابن بە حازری ، بەلکو لەسەر وەعدەی خویان ئەمیننەوە تا وەعدەیان دیت•ئەگەر قەرزارەکە لەپاش حیجردانان لەسەری شتیکی لە مالی خوی فروشـت یا بەخشی بەکەسیك، ئەوە بەتالە، هەتاوەکو ئەگەر بە خاوەن قەرزەکەشی بفروشی لەجیاتیی قەرزەکەی، ئەوەش هەر بەتالە• وە ئەگەر شتیکی وەصف کراوی لە ئەستوی خویدا فروشت بە عەقدی سەلەم،یا شتیکی کری بە قەرز لە ئەستوی خویدا ، ئەوە دروستەو ئەکەویتە ئەستوی چونکە پەیوەندی نییە بەومالەیەوە کە ئیستە هەیەتیو حیجری لەسەر دانراوە • هەروەها دروستە ژن بهینیو ژن تەلاق بدا بەخوواییی یا لەسەر پارە ، وە تولەی خوین وەربگری لە دوژمنی خویو تولەی خوین لەئەستوی خویدا

ئەهیلی بەمرەنگە توانای خاوەن حەق بدا قیصاصی خوی وەربگری[1] •

ئەگەر پاش حیجر لەسەردانان پیی‌لی‌نا کە عەینیك لە مالەکەی ، مالی خەلکە ، یا دانی‌نا بە قەرزیکا کە لەپیش ئەو حیجردانەدا کەوتوەتە سەری، ئەوە پی‌لی‌نانەکەی قەبوول ئەکری دەرحەق بە خاوەن قەرزەکان • هەروەها ئەگەر وتی بەهوی جینایەتیکەوە کە لەپاش حیجرەکە کردویەتی کەوتووەتە سەری ، هەر قەبوول ئەکری • وە ئەگەر لەپیش حیجرەکەدا مالیکــــی عەیبداری کریبوو ئیستە بوی دروستە بیگیریتەوە ئەگەر سوود لەگیرانەوەیدا بی ، وە فەرموودەی راستتر ئەوەیە حیجر ئەروا بەسەر ئەو مالانەشدا کە لەپاش حیجرەکە دەستی ئەکەوی بەهوی راوکردنو دانانەوەوە یا بەهوی ئەوەوە کە کەسیك وەصیەتیکی بو کردبی یا شتیکی پی‌بەخشیبی • ئەگــەر لەپاش حیجر کەسیك شتیکی پی‌فروشت ئەوە ئەگەر بە حالی ئەم کابرایەی زانیبوو ئیســتە ناتوانی پەشیمان ببیتەوەو عەینی مالەکەی خوی بباتەوە، بەلکو قیمەتەکەی لە ذمەی کابرای مەحجووردا ئەمینیتەوە تا هەرکاتی دەســـتی ئەروا بیداتەوە • وە ئەگەر بە حالی ئەو کابرای نەزانیبی دروستە پەشیمان ببیتەوەو مالەکەی خوی بەرتەوە • ئەگەر مالەکەی فەوتابو ناتوانی ببی بــە شەریکی خاوەن قەرزەکان لە ئەندازەی قیمەتی مالەکەی خویا بەلکو پیش تەواوبوونی حەقی ئەوان ئەی‌بژیریتەوە بوی •

باسی ئەحوالی قاضی نیسبەت بە مالی لات‌کەوتوو

پیویستە لەسەر قاضی پاش‌ئەوە کە مەنعی قەرزارەکەی کرد لـــە تەصەروف کردن لە مالەکەیا ، پەلەپەل بکا بو فروشتنی مالەکەی‌و بیداتەوە بە خاوەن قەرزەکان • جا هەر مالیك کە ترسی خراپ‌بوونی لی ببی وەك

---

(١) مەبەس ئەوەیە مەسەلا ئەگەر دەستی یەکیکی بریبی ، قابیلــە دەستی ببرری • ئەگینا مەبەس وەرگرتنی خوین نی‌یە ، چونکە خوینیش وەك قەرز وایە •

گوشت‌و میوه‌و شتی‌وا زووو بیفروشی • پاش ئه‌وه حه‌یوانات چونکـــــه مه‌صره‌فیان ئه‌وی ، پاش ئه‌وه هه‌ر مالی که بگویزریته‌وه ، ئه‌وجا ئه‌رزو ئاوو خانوو دووکان‌و هه‌رجوره بینایه‌کی‌تر •

پیویسته ئه‌م فروشتنه به حوضووری قه‌رزاره‌که‌و خاوه‌ن قه‌رزه‌کان بی ، وه هه‌رشتی له بازاری خویا بفروشری به قیمه‌تی عاده‌تی‌ی خوی‌و به پاره‌ی نه‌خت‌و ره‌واج‌داری ئه‌وشوینه • جا ئه‌گه‌ر حه‌قی خاوه‌ن قه‌رزه‌کان له‌پاره‌ی نه‌خت نه‌بوو ، وه داوای ماله‌که‌ی خویانیان ئه‌کرد ، پیویسته قاضی له جینسی ماله‌که‌ی خویانیان بو بکری، وه ئه‌گه‌ر نه‌بوو پاره‌ی نه‌ختیان بداتی، مه‌گه‌ر له عه‌قدی سه‌له‌مدا که پیویسته ماله سه‌له‌م بو کراوه‌که په‌یدا بکـــا بویان • دروست‌نی‌یه قاضی هیچ مالی ته‌سلیمی کریار بکا تا قیمه‌ته‌کــــه‌ی وه‌رنه‌گری ، وه هه‌رچی وه‌رگرت ئه‌بی زوو به‌شی بکا له‌ناو خاوه‌ن قه‌رزه‌کانا مه‌گه‌ر زور که‌م بی ، ئه‌وه گردی بکاته‌وه تا زور ئه‌بی ، ئه‌وجا دابه‌شی بکا به‌سه‌ریانا •

(بزانن) له‌کاتی به‌ش‌کردنی ماله‌که‌دا خاوه‌ن‌قه‌رز داوای شاهیـــدی لی‌ناکری له‌سه‌رئه‌وه که غه‌یری ئه‌و خاوه‌ن قه‌رزیکی‌تر نی‌یه • ئه‌گـــه‌ر شایه‌د له‌پاش دابه‌ش کردن خاوه‌ن قه‌رزیکی‌تر په‌یدابوو ، ئه‌ویش ئه‌بی به به‌شداری خاوه‌ن قه‌رزه‌کان به‌ئه‌ندازه‌ی خوی •

ئه‌گه‌ر قه‌رزاره‌که له‌پیش حیجره‌که‌دا مالیکـــی فروشـــتبوو ، وه له‌دواییدا ده‌رکه‌وت مالی که‌سیکی‌تره ، وه قه‌رزاره‌که پاره‌که‌یشی خواردبوو، ئه‌وه وه‌ك خاوه‌ن قه‌رزیکی تازه په‌یدا بووبی وه‌هایه • به‌لام ئه‌گه‌ر شتی که قاضی فروشتبووی به مالی غه‌یر ده‌رچوو ، ئه‌وه پیویسته له‌پاشا حـــه‌قی ئه‌وکه‌سه بداته‌وه •

وه واجبه له‌سه‌ر قاضی هه‌تا ئه‌وماله دابه‌ش ئه‌کا مه‌سره‌فی ئه‌وکه‌سانه

بدا که مەسرەفیان لەسەر کابرایە • مەگەر کابرا ئیحتیاجی نەبی بە مەصرەف بەهوی کەسابەتی خویەوە • وە ئەصـــەح وایـــە کە خانووی کابراش ئەفروشری • بەلام پیویستە دەستی بەرگی بەکەر بهیلیتەوە بو ئەو کابرایە وە بو ئەوانەی مەسرەفیان لەسەریەتی بەپیی عادەتی ولات وە بەپیی وەخت کە وەختي گەرما یا سەرما بی ، هەروا قووتی روژی بەش کردنی مالەکەیشیان بو بەجی بهیلی •

لەپاش دابەش کردنی مالی قەرزارەکە ، ئیتر واجب نابی لەســەری کاسبی بکا بو بژاردنەوەی هەر قەرزیکی تر کە لەسەری مابی ، بەلام ئەگەر مولکیك وەقف کرابی لەسەری واجبە بیدا بە کری بو دانەوەی ئـــەو قەرزانە • ئەگەر کەسیك ئیددیعای کرد کە لات کەوتووە ، یاخود لەپاش دابەش کردنی مالەکە وتی هیچ مالیکی ترم نی یەو خاوەن قەرزەکان باوەریان نەکرد ، ئەوە ئەگەر کابرا بەهوی بازرگانی یەوە قەرزار بووبوو ، پیویستە لەسەر ئیددیعاکەی خوی شاهیدی ببی ، ئەگینا هەر بە سویندی خوی باوەری پی ئەکری • وە قەبوول ئەکری لە شاهید شەهادەت بدا لەسەر لاتی ئیستای • بەلام شەرتی شاهیدەکە ئەوەیە ئاگادار بی لەسەر وەزعی پەنامەکی ی لاتەکە ، وە شەهادەتەکەی وەهابی بلی ئیســـتە ئەم شـەخسە لاتە وە بیجگـــە لـە نەفەقەی خیزانی نی یە ، وە نابی بە نەفیي رووت بلیت هیچ مالی نی یە چونکی ئاگاداري بەمجورە شتیکي نایابە • جا کاتی کــە لاتی ی کابرا ثابت بوو ، دروست نی یە حەپس بکری ، بەلکو مەجالی پی ئەدری تا هەر کاتی کـــە دەولەمەند ئەبی • وە لاتی کە غەریب بی و شاهیدی نەبی بو ئیسپات کردنی لاتی ی خوی ، پیویستە قاضی پیاویکی ئەمین و هوشیار راسپیری بوئەوە کـە لە حالی بکولیتەوە • جا کە بەگومانی خوی حالي بوو ئەوکەسە لاتە ، ئەوسا لەلای قاضی شەهادەت بدا لەسەر لاتی ی ئەوکەسە •

باسی پەشیمان بوونەوەی کەسیک مالیکی فروشتبی بە لاتیک

ئەگەر کەسی مالیکی فروشت بە کەسی بە قیمەتیك لەئەستوی ئەوکەسەدا ، وە پارەکەی وەرنەگرت تا حیجریان لەسەر دانا لەبەر لاتي ، ئەوە دروستە فروشتنەکەی هەلوەشینیتەوەو عەینی مالەکەی خوی بهینیتەوە• فەرموودەی راستتر ئەوەیە ئەم پەشیمان بوونەوەیە ئەبی دەس‌بەجی بی ، وە بە دەم بلی وا فروشتنەکەم هەلوەشاندەوە • پەشیمان بوونەوە بەوە نابی کابرای مالفروش بروا ئەو مالە بفروشی بە کەسیکی‌تر یا ببەخشی یا بیکا بە مارەیي ژن • فەرموودەی راستتر ئەوەیە ئەم حەقی پەشیمان بوونەوەیە هەیە لە هەموو موعامەلەیەکدا کە لەسەر بنچینەی گورینەوە بی ، وەك عەقدی سەلەمو ئیجارەو قەرزدان • بەلام ئەم هەلوەشاندنەوەیە چەند شەرتیکی هەیە• یەکەم ئەوە کە موعامەلەکە بە حازر کرابی نەك بە قەرزیکی وەعدەدار • دووهەم ئەوەیە کە فروشیارەکە حەقەکەی خوی دەسگیر ئەبی بەهوی لاتی‌ی کابراکەوە • ئەگەر قابیل بوو پارەکەی خوی دەس بکەوی لە مالیك کە بە رەهن لای دانرابی ، یاخود کەسیك بە ئیذنی کابرای لات‌کەوتوو بوو بە ضامنی پارەی مالەکە ، ئەوە فروشیار حەقی هەلوەشاندنەوەی فروشتنەکەی نامینی،وەك چون ئەگەر کریارەکە دەولەمەند بیو بەئارەزوو پارەکە نەداتەوە ، یاخود بە دەولەمەندی لەوشوینە رابکا ، لەمحالەتانەدا حەقی هەلوەشاندنەوەی فروشتنەکەی نی‌یە • وە ئەگەر خاوەن قەرزەکان وتیان فروشتنەکە هەل‌مەوەشینەرەوە ، وە ئیمە تو پیش‌ئەخەین لە وەرگرتنەوەی حەقەکەتا ، ئەوە ئەتوانی ئەو فروشتنە هەلوەشینیتەوەو ئەم منەتە هەل‌نەگری • شەرتی سیهەم ئەوەیە ئەو مالە فروشراوە لە مولکی کریارە لات‌کەوتووەکەدا مابیتەوە • کەواتە ئەگەر ئەو

ماله فەوتابوو بەهوی مردنیەوە ، یاخود فروشرابوو ، وە ماوەی پەشیمان بوونەوەیش نەمابوو ، یا وەقف کرابوو ، یا بەخشرابوو وە کابرای مال پی‌بەخشراویش وەری گرتبوو ؛ ئەوە حەقی پەشیمان بونەوەی فروشیارەکە نامینی • بەلی ئەگەر فروشرابوو ، وە لە ماوەی حەقی پەشیمان بوونەوەدا حیجری نرایەسەر ، یاخود کابرای لات کەوتوو ئەو مالەی بەخشیبوو بە ئەولادی خوی ، ئەوە فروشیار حەقی پەشیمان بونەوەی هەیە لەبەرئەوە کە کابرای لات کەوتوو لە ماوەی حەقی پەشیمان بونەوەدا ئەتوانی پەشیمان ببیتەوە • جا لەبەر حەقی فروشیارەکە ناچار ئەکری بو پەشیمان بوونەوە • هەروەها ئەیشتوانی ئەومالە کە بەخشراوە بە کورەکەی وەری بگریتەوە تەسلیمی فروشیارەکەی بکاتەوە •

ئەگەر ئەو مالە لەلای کابرای لات کەوتوو عەیبدار بووبوو بە دەردیکی خوایی ، پیویستە کابرای فروشیار یا بەعەیبەکەیەوە وەری بگریتەوە یاخود ببی بە هاوبەشی خاوەن قەرزەکان لە وەرگرتنی قیمەتی ئەو مالەدا بەنیسبەتی حەقەکەی خوی • وە ئەگەر بە تاوانی بیگانەیەك یا بە تاوانی فروشیارەکە خوی عەیبدار بووبوو ، ئەوە فروشیار ئەتوانی وازی لی بهینی و بە قیمەتی ئەومالە ببی بە هاوبەشی خاوەن قەرزەکان ، وە ئەیشتوانی فروشتنەکە هەلوەشینیتەوەو مالەکەی خوی بباتەوە ، وە ببی بە هاوبەشی خاوەن قەرزەکان لە تولەی عەیبی مالەکەیدا بەنیسبەتی کەم‌بوونەوەی نرخی ئەو شتە لە بازاری ئەوروژەدا • بو وینە کەسیك ئەسپیکی فروشت بە سیە دینار ، وە ئەو ئەسپە لە بازارا چل دیناری ئەکرد ، وە لەلای کریارەکە عەیبدار بوو بە دەردیکی خوایی ، وە چاویکی کویر بوو ، وە بەهوی کویربوونی ئەو چاوەیەوە نیوەی نرخی بازاری کەم‌بوەوە ، ئەوە فروشیارەکە ئەتوانی فروشتنەکە هەلوەشینیتەوەو ببی بە هاوبەشی خاوەن قەرزەکان بو وەرگرتنەوەی نیوەی ئەو پارەیەی کە ئەسپەکەی پی‌فروشتووە

کە ئەکاتە پانزە دینار • بەلام کریاریش ئەتوانی ئەو ئەندازەیەی کە لە قیمەتی ئەسپەکە کەمبوەتەوە کە بریتییە لە بیست دینار ، وەری بگریتەوە لە فروشیارەکە • وە لەصوورەتیکا کە ئەسپەکە بەتاوانی بیگانەیەك عەیبدار بووبی ، لەو بیگانەیەی ئەسینیتەوە • جا لەمجورە میسالانەدا ری ئەکەوی ئەو قیمەتە کە کابرا مالەکەی پیفروشتووە لەگەل قیمەتی بازارا وەك یەك ئەبن، یا قیمەتی بازار زیاتر ئەبی لە قیمەتی کابرای فروشیار ، یا کەمتر ئەبی لەوقیمەتە • کەواتە فروشیار کە تولەی عەیب ئەداتەوە لەسەر نەفسی قیمەتی بازار ، وە تولەی عەیبداربوون وەرئەگری لەسەر حیسابی ئەو قیمەتەی کە خوی مالەکەی پیفروشتووە ، جارجار زەرەر ئەکا ، وە جارجار قازانج ئەکا ، وە جارجار سەربەسەر دەرئەچی بوی •

عەیبداربوونی ئەوماله بە دەستی کریارەوە ، وەك عەیبداربوونی وایە بە دەردیکی خوایی • جا کابرای فروشیار ئەتوانی واز لە مالەکەی بینیو ببی بە هاوبەشی خاوەن قەرزەکان بەقیمەتی مالەکەی ، وە ئەیشتوانی بەیعەکە هەلوەشینیتەوەو مالەکەی بهینیتەوە • ئیتر حەقی تولەی عەیبی نییە لەسەر کابرای کریار چونکە مالەکە لە دەستی خویا زەرەری تووش بووە •

ئەگەر کەسیك دوو حەیوانی فروشت بە لاتیك ، وە یەکیك لەو دوو حەیوانە لای لاتەکە فەوتا ، ئەوە فروشیارەکە ئەتوانی واز لە قیمەتی هەردوو حەیوانەکەی بهینیو ببی بە هاوبەشی خاوەن قەرزەکان • وە ئەیشتوانی حەیوانە ماوەکەیان وەربگریتەوەو بو قیمەتی ئەویان ببی بە هاوبەشی قەرزارەکان بەنیسبەتی لە قیمەتی هەردوکیان • یەعنی ئەگەر قیمەتی فەوتاوەکە دە دینارو قیمەتی زیندووەکە پینج دینار بوو ، ئەوە کابرا ئەبی بە شەریکی خاوەن قەرزەکان لەکاتی بەشکردنی مالی کابرای لاتدا بە سیەیەکی ئەو قیمەتە کە هەردوو حەیوانەکەی پیفروشتووە •

هـەروەها ئەگەر وەختی خوێ هەنـدی لە قیمەتی حەیوانـەگانی وەرگرتبوو ، حەقی پەشیمان بوونەوەی هەیە • مەسەلا ئەگەر ئـەو دوو حەیوانە قیمەتیان وەکو یەك بیو نیوەی قیمەتەکەیانی وەرگرتبوو ، ئیستا ئەتوانی حەیوانەکەیان کە ماوە وەری بگریتەوە لەجیاتیی نیوەی حەقەکەیان، وە ئەو پارەیەش کە وەری گرتووە لە بەرابەری فەوتاوەکەدا بی •

(بزانن) هەر زیادەیەك کە پەیدا ببی لە مالە فروشراوەکەدا ، ئەگـەر (متصل) بی پییەوە وەك قەلەو بوونی حەیوانو گەورە بوونی دار ، ئەوە بو فروشیارەکەیە ، وە ئەگەر (منفصل) بی لیی وەك شیرو میوە ، ئەوە بـو کریارەکەیە بەوشەرتە کە لەپاش فروشـــتنەکە پەیـــدابووبیو لەپیش گەرانەوەیدا بو فروشیار لیی جیا بووبیتەوە • جا ئەگەر فروشراوەکـــە بەچکەیەکی بچکولەی بوو ، وە فروشیارەکە قیمەتی ئەو بەچکەیەی دا بە کریارەکە ، ئەوە لەگەل دایکەکەیدا ئەیبەتەوە ، ئەگینـــا هەردوکیــــان ئەفروشرینو بەشە قیمەتی دایکەکە ئەدری بە فروشیارو بەشە قیمەتـــی بەچکەکە ئەدری بە کریار •

ئەگەر ئەو حەیوانە فروشراوە لەکاتی پەشیمان بوونەوەی فروشـیارا ئاوس بوو نەك لەکاتی فروشتنەکەیا ، یاخود لەکاتی فروشتنەکەیا ئاوس بوو وە لەکاتی پەشیمان بوونەوەدا زابوو ، ئەوە فەرموودەی راستتر ئەوەیە لەم دوو صوورەتەدا پەشیمان بوونەوەی فروشیار لە فروشتنی دایکەکـــە ، بەچکەکەشی ئەگریتەوە •

داپوشراویی میوە لەناو بەرگەکەیاو دەرچوونی لە بەرگەکەی ، وەك داپوشرانی بەچکەیە لە سکی دایکیاو جیابوونەوەیەتی لە دایکەکەی ، کەواتە ئەگەر ئەمەری درەختی ناوباغ لەکاتی فروشتنی درەختەکەدا هەبوو ، وە لەکاتی پەشیمان بوونەوەی فروشیارا باش دەرکەوتبـــوو ، ئەوە کابرای فروشیار لەگەل ئەو باخەدا ئەو ئەمـــەرەش وەرئەگریتەوە ، بـــەلکو

وەرگرتنەوەی ئـەو ئەمەرە موناسبترە لە وەرگرتنەوەی بەچکەی حەیوان ، چونکە ئەمەر ئەبینریو بەچکە لە سکی حەیواندا نابینری • بویە لەشیوەیەکی نەقلی زاناکانی مەزهەبی شافیعیدا بریزروایە کە فروشیار هەمیشە ئەتوانـی لەگەل وەرگرتنەوەی باخی فروشراوا ئەمەرەکەیشی بباتەوە •

ئەگەر یەکی ئەرزیکی فروشتو قیمەتەکەی وەرنەگرت ، وە کریاری لات درەختی تیادا ناشت یا خانووی تیا کردەوە ، وە بەهوی قەرزاریشەوە حیجری نرایەسەر ، خواه بەر لە ناشتنی درەختو خانوو کردنەوەکە یـا پاش ئەوە ، لەمصوورەتەدا ئەگەر کریارەکەو خاوەن قەرزەکان رازی بوون بەوە کە درەختەکە هەلکیشنو خانووەکە برووخینن و فروشیار ئەرزەکـە بەرووتی بەریتەوە ، ئەوە باشە • وە ئەگەر رازی نەبوون ، ئەوە ناچار ناکرین • جا لەمکاتەدا ئەبی یا فروشیارەکە ئەو دارو خانووە هەلبگری بەقیمەت وە لەگەل ئەرزەکەدا هەمووی بباتـــەوە ، یا دارەکان هەلکیشیو خانووەکە برووخینیو عەینی دارو بەردو ئەجزاکان بداتەوە بە کـــریارە لاتەکە لەگەل تولەی کەمبوونەوەی قیمەتی ئەو دارو خانووەدا • ئەرموودەی دیاریتر ئەوەیە کە فروشیار حەقی نییە ئەرزەکە بەریتەوە بوخویو دارو خانووەکە بهیلیتەوە بو کریارە لاتەکە ، چونکە ئەو دارو خانووە بـــــە بیمولکیەتی ئەرزەکە قیمەتیکیوایان نییەو ، ئەمکردەوەیە ئەبی بەهـوی زیان پیگەیشتنی خاوەن قەرزەکانو کریارە لاتکەوتووەکە •

ئەگەر ئەو مالەی کە فروشراوە بە کابرای لاتکەوتوو دانەویلەیەك بوو وەك گەنم ، وە ئەویش تیکەلی کردبوو بە گەنمیکی وەك ئەو گەنمـــە یا خراپتر لەوە ، ئەوە فروشیار ئەتوانی ئەندازەی گەنمەکەی خوی لـــەو کوگا گەنمە هەلبگریتەوە ، وە ئەگەر تیکەلی گەنمیکی چاکتری کردبوو ، ناتوانی ، بەلکو پیویستە لەگەل خاوەن قەرزەکانا ببی بە هاوبەش بەنیسبەتی بەشی خوی •

ئەگەر کریارەکە ئەو گەنمەی هاری ، یا ئەو جاوەی کە کری‌بووی گازریی کرد ، ئەوە ئەگەر قیمەتیان زیادی نەکردبوو ، فروشیارەکـــە ئەتوانی ئەو ئاردە یا ئەو خامە گازری‌کراوە وەربگریتەوەو کابرای کریاری لات‌کەوتوو هیچی ناکەوی • وە ئەگەر قیمەتی ئاردەکە یا خـمـــە گازری کراوەکە زیاتر بوو ، ئەوە فەرموودەی دیاری‌تر ئەوەیە ئەفروشـــــرین‌و کابرای لات‌کەوتوو بەشدار ئەبی لە قیمەتەکەدا بەنیسبەتی ئەو زیادەیە کە بە هارینی گەنمەکەو بە گازری کردنی خامەکە پەیدا بووە • بو وینە ئەگەر گەنمەکە بایي چوار دینار بوو ، وە بە هارینی بوو بە بایی پینج دینار ، ئەوە کابرای لات‌کەوتوو پینج‌یەکی قیمەتەکەی ئەکەوی •

وە ئەگەر کریارەکە جلە کرزاوەکەی رەنگ‌کردبوو بە رەنگی خوی ، ئەگەر قیمەتی جلەکە ئەوەندەی رەنگـــەکە زیادی کردبوو ، کابـــــرای فروشیار جلەکە ئەباتەوە بە رەنگ‌کراوی ، وە کابرای لات‌کـەوتوویش هاوبەشیەتی بەئەندازەی رەنگەکە • جا ئەگەر فروشیارەکە پارەی رەنگەکەی پی‌دا ئەوە باشە ، ئەگینا پیویستە ئەو جلە بفروشری‌و قیمەتی جلەکە بدری بە فروشیارەکە • وە ئەگەر زیادبوونی قیمەتی جلە رەنگ کراوەکە کەمتر بوو لە قیمەتی رەنگەکە ، ئەوە ئەو ناتەواويیە هەر لەســـــــەر قیمەتی رەنگەکەیەو زەرەر لە کابرای لات‌کەوتوو ئەکەوی • وە ئەگەر قیمەتـــی جلە رەنگ‌کراوەکە زیاتر لە قیمەتی رەنگەکە زیادی کرد ، ئەوە ئـــەو زیادەیە هەمووی ئەگا بە کریارەکە • وە ئەگەر کریار جلەکەو رەنگەکەشی لەو فروشیارە کری‌بوو فروشیار هەردوکیان ئەباتەوە مەگەر قیمەتی جلـــە رەنگ‌کراوەکە ئەوەندەی قیمەتی نەفسی جلەکە بی ، ئەوە لەم‌کاتـــــەدا فروشیار جلەکە بە رەنگ‌کراوی ئەباتەوەو ئەبی بـــــە هاوبەشی خاوەن قەرزەکانیش بەنیســـــبەتی قیمەتی ئەو رەنگـــــە کە دابووی بە کابرای لات‌کەوتوو• وە ئەگەر کریارەکە، هەرکامی لە جل‌و لە رەنگەکە لە یەکیکی

جیا کری بوو، ئەوە ئەگەر قیمەتی جلەکە بە رەنگەکەوە زیاتر نەبوو لە قیمەتی جلەکە خوی بەتەنها ، ئەوە لەمصوورەتەدا ئەو خاوەن رەنگە رەنگەکەی لەدەس دەرچووەو ئەبی بە هاوبەشی خاوەن قەرزەکان بو قیمەتی رەنگەکە • وە ئەگەر قیمەتی جلەکە بەئەندازەی قیمەتی رەنگەکە زیادی کردبوو ، ئەوە خاوەنی جلەکەو خاوەنی رەنگەکە هەردوکیان ئەبن بە هاوبەشی یەك لە وەرگرتنەوەی مالی خویاندا ، یەعنی قیمەتی جلەکە بو خاوەن جلەکەیەو قیمەتی رەنگەکە بو خاوەن رەنگەکەیە • وە ئەگەر قیمەتی جلە رەنگ کراوەکە زیادی کرد لەسەر قیمەتی جلەکەو رەنگەکە ، ئەوە راستتر ئەوەیە کە کریارە لاتکەوتووەکە ئەبی بە هاوبەشیان لە ئەندازەی ئەو زیادەیەدا ، وە ئەبی ئەو زیادەیەی بو بگیرنەوە •

باسی نەهیشتنی تەصەروف کردنی کەسیك لە مالی خوی دا (حجر)

نەهیشتنی تەصەروف کردنی کەسیك لە مالی خوی دا یا لەبەر پاراستنی قازانجی کەسیکی ترە ، وەك ئەوە کە نەهیلری کەسیکی لاتکەوتوو مالی خوی صەرف بکا بو ئەوەی قازانجی خاوەن قەرزەکان نەفەوتی ، وە وەك ئەوە کە نەهیلری نەخوش زیاتر لە سیەیەکی مالی خوی صەرف بکا بو ئەوەی قازانجی میراث گرەکان نەفەوتی ، یا لەبەر پاراستنی قازانجی ئەوکەسە خویەتی وەك ئەوە کە نەهیلری شیتو مندالو نەفام تەصەروف لە مالی خوتایا بکەن چونکە چاكو خراپی خویان نازانن • ئیمە لیرەدا باسی ئەمجورە ئەکەین بەدریژی •

شیت تا چاك ئەبیتەوە لە شیتی یەکەی مەنعی هەموو جورە تەصەروفیکی لی ئەکری و موعامەلەو قسەی ئیعتیباری نی یە چ بو ژنهینانو چ بو فروشتن یا بە کری دان یا بەخشینی مال • هەروەها مندالی نابالغیش قسەی ئیعتیباری

نی‌یە مەگەر بو هینانی دیاری‌یەك کە کەسیك ناردبیتی‌پیایدا ، یا بو ریگادانی هاتنەژوورەوەی کەسیك کە تەقەی دابی لە دەرگا ، یا بو بانگ کردنی کەسیك بوسەر دەعوەت • وە ئەمجورە بی ئیعتباری‌یەی قسەی ئەمینی تا گەورە ئەبی‌و بالغ ئەبی بەوشەرتە لەکاتي باغ‌بوونەکەیدا فامیدە بی • بالغ‌بوونی کوروکچ بەوە ئەبی کە پانزە سالی دوانزە مانگی تەواو بکەن یا مەنی لە ذەکەری کورو فەرجی کچەوە دەرچی • لای کەمی عومریك کە ری‌ی‌تی‌بچی مەنی تیا دەربچی لە کورو کچەوە نو سالانە • هەروەها کچ بالغ ئەبی بەوە کە کە حەیزی پیابیت یا سکی پر ببی •

سەوزبوونی مووی زبری بەر ئەبی بە نیشانە بو بالغ‌بوونی مندالی کافر نەك موسولمان ، چونکە ئیسبات‌کردنی بالغ‌بوونی مندالی موسولمان بە سال ئاسانە • بەلی ، مندالی کە باوك‌و کەس‌وکارو عەشرەتي دیار نەبن‌و نەزانری کەی لەدایك بووە ، بالغ‌بوونی ئەویش ئیسبات ئەبی بە دەرچوونی مووی زبری بەرو مووی زبری ریش‌و سمیل ••

فامیدەیی (رشد) بریتی‌یە لەوە کە ئەوکەسە لەکاتی بالغ بوونیا مەسلەحەتی دین‌و دنیای خوی بزانی ، واتە کردەوەی حەرام‌و ناڕەوای وای لی‌نەوەشیتەوە کە عەدالەتی پی‌بفەوتی ، یەعنی هیچ گوناهیکی گەورە نەکا ، وە دەوامیش نەکا لەسەر گوناهی بچووك بەجوریك کە فەرمان بەرداری کردنی خوای زال ببی بەسەر گوناە کردنیا • بەلام ئەگەر فەرمان بەرداری کردنی زورتر بی لە گوناە کردنی ، ئەوە دەوامی لەسەر گوناهی بچووك زیاني نی‌یە • زانینی مەسلەحەتی دنیایی‌یش بەوە ئەبی کە مالی خوی بە فیرو نەفەوتینی‌و لە کرین‌و فروشتنا قوبوولی زەرەریکی زور نەکا کە بەعادەت پەسەند نەبی ، وە مالی خوی لە کردەوەی حەراما نەفەوتینی فەرموودەی راستتر ئەوەیە صەرف‌کردنی مال لە پوشاك‌و نان‌و ئاودا هەرچەند زیادیش بی لە ئەندازەی پایەی ئەوکەسە ، بە فەوتاندنی مال

نادریتە قەلەم • هەروەها صەرف کردنی مال لە خیرات‌و پیاوەتی‌دا قەیدی نی‌یە • بەلام قەرزی بی‌جیگە کە ئومیدی دانەوەی نەبی‌و بە ناچاری بی ، ئەوە ئەبی بەهوی نەفامی‌ی ئەو کەسەی داویەتی •

واجبە لەسەر سەرپەرشتی‌کەری منال وەك باوك‌و باپیرەو ئەو (وصی)و (قیّم)ەی کە قاضی‌ی شەرع داینابی ، لەپیش بالغ‌بوونی منالەکەدا روشدو شوعووری تاقی بکاتەوە • ئەم روشدە بەپی‌ی وەزعی منالەکە ئەگوری • بونموونە منالی بازرگان بە کرین‌و فروشتن‌و سەوداکردن تاقی ئەکریتەوە ، وە ئاخو چەند خوی رائەگری لە مامەلەدا تا زیانی تووش نەبی • وە کوری زەرعاتکار بە زەراعەت‌و مەسرەف کردن بو جووت‌و جووتیارو ئەسبابی جووتەکەی • تەجرەبەی کچیش بەوئیشانە ئەکری کە ژنانی ئەوولاتە عادەتە بیکەن وەك درومان‌و چیشت‌لی‌نان‌و نان کردن‌و پاراستنی گوشت‌و رون‌و حەیوانداری‌و ئەوجورە ئیشانە • پیویستە ئەم تاقی کردنەوەیە چەندجار دووبارە بکریتەوە تا باش لە حالی ئەوکەسە شارەزا ببین‌و بزانین بەراستی فامیدەیە یا نە ؟ وە ئەگەر بە سەوداو مامەلە تاقی‌کرایەوە ، ئەبی سەرپەرشتی‌کەرەکەی عەقدی مامەلەکە بکا چونکە هیشتا خوی حەقی شەرعی‌ی ئەوەی نی‌یە •

ئەگەر منالەکە بە نەفامی بالغ بوو ، ئەوە بە نەفام ئەناسری ، وە هەروەکو پیش بالغ‌بوونی ریگای نەئەدرا تەصەروف لە مالی خویا بکا ، لەپاش بالغ بوونیش هەر ری‌ی نادری ، وە ئەوکەسەی کە پیش بالغ‌بوونی سەرپەرشتی‌ی کاروباری کردووە ، هەر ئەوکەسە سەرپەرشتی‌ی کاروباری لەوەپاشیشی ئەکا ، وە کە ئەم‌کەسە نەما ، قاضی یا خوی تەصەروفی بو ئەکا یا کەسیکی بو دائەنی • جا ئەگەر ئەم نەفامە پاش ماوەیەك گوراو رووی کردە عەدالەت‌و فامی پەیداکرد ، ئەوکاتە مەنعەکەی لەسەر هەل‌ئەگیری‌و بە ئارەزووی خوی توانای تەصەروف کردنی ئەبی •

وه ئەگەر منال بە فامیدەیي بالغ بوو ، ئەوە هەر بە بالغ بوونەکـــەی ئەو مەنعی تەصەروفەی لەسەر هەڵئەگیری • مەبەست لە بالـــغ‌بوون بـــە فامیدەیي ئەوەیە بەهوی تەماشاکردنی وەزعو حالیەوە دەربکەوی کـــە فامیدەیە • ئەمەش ماوەیەکی ئـەوی پـاش بـــالغ‌بوونی ، وە بەتەنهـــا بالغ‌بوونەکە دەرناکەوی ، مەگەر گەلی‌جار پیش بالغ‌بوونی تاقی‌کرابیتەوەو بەجوریك جوولابیتەوە کە گومانی بی‌روشدی‌و نەفامی‌ی پی‌نەبری•وە ئەگەر پاش ئەوەی بە فامیدەیی بالغ بوو ، تا ماوەیەك کرداری باش بوو ، ئەوجا لەو وەزعە باشە لای‌داو لەبارەي ئایین پەرستی‌یەوە رووی کـــردە کـــزی‌و دەسی کرد بە گوناه کردن ، بەلام مامەلەی دنیایی باش بوو ، ئەوە بەهـــوی ئەو فاسق بوونەوەیەوە مەنعی تەصەروف کردنی لە مالی خویدا لی‌ناکـــری چونکە ئیمامانی پیشووی ئیسلام مەنعی تەصەروفی ئەم جورە کەسانەیـــان نەکردووەو ریگای سەوداو مامەلەیان داون • بەلی بەئەصلی مەذهەبی شافیعی دروست نی‌یە ژن مارە ببری،یەعنی ویلایەتی عەقدی نیکاحی لی‌ئەسەنریتەوە وە ئەگەر کچەکە وەلی‌ئەمریکی‌تری هەبوو ئەو مارەی ئەکا ، ئەگینـــــا قاضی مارەی ئەکا • وە ئەگەر گورانی وەزعی لەبارەی فامیدەیی‌یەوە بەهوی مال بەفیرودان‌و صەرفی حەرام‌و مامەلە نەزانینەوە بوو ، ئەوە واجبە قاضی مەنعی تەصەروفی لی‌بکا لە مالی خویدا ، چونکە ئەم مەسەلەیە وەك فاسـق بوون نی‌یە کە زیانیکی شەخصی‌ی هەبی • جا کە قاضی مەنعی تەصەروفـی لی‌کردو حیجری نایەسەر ، ئیتر ناتوانی تەصەروف لەو مالەیدا بـــکا ، وە نابی بکری‌و بفروشی‌و ژن مارە ببری بە بی‌ئیذنی وەلی ئەمرەکەی ، یا ئەبـی ئەو وەلی ئەمرە خوی ئەم ئیشانەی بو بکا ، وە ئەگەر سەربەخو شـــتیکی کری یا شتیکی فروشت ، ئەوە مامەلەکەی بەتالە • وە ئەگەر پارەی مالەکەی وەرگرت‌و لەدەستیا فەوتا یاخود فەوتاندی ، ئەوە ئەو نابی بە ضامن نـــە ئیستەو نە لەپاش ئەوەش کە حیجری لەسەر هەڵبگیری ، خواە ئەوکەسەی

که مامەلەکەی لەگەل کردووە شارەزای حالی بی یا نە • هەروەها ئەگەر ئینسانی نەفام دان بنی بە قەرزیکا کە لەپیش حیجو لەسەر دانانی یا لەپاش ئەوە کردبیتی ، ئەو دان پیانانەی دانامەزری • هەروەها ئەگەر پی لەوەبنی کە مالی کەسیکی فەوتاندووە ، ئەو پیلینانەشی دانامەزری • بەلام ئەگەر ئیقراری کرد کە حەددیك یا قیصاصیکی لەسەرە یا ژنی تەلاق داوە یا خولعی کردووە یا ظیهاری کردووە یا نەفیي نەسەبی کردووە ، ئەوانە هەموو دائەمەزرین• لەبارەی عیبادەتەوە حوکمی ئینسانی نەفام وەك حوکمی ئینسانی فامیدە وایە ، بەلام ناتوانی خوی زەکاتی مالی دابەش بکا بەسەر موستەحەقاندا ، وە هەر کاتی کە ئیحرامی بەست بو حەجی فەرز ، ئەبی وەلیئەمرەکەی مەسرەفی حەجەکەی بو بداتە دەس کەسیکی ئەمین بوی خەرج بکا • وە ئەگەر ئیحرامی بو حەجی سوننەت دابەستو مەسرەفی ریگەي لە مەسرەفی مالی زورتر بوو ، ئەوە وەلیئەمرەکەی ئە توانی ریگای ئەو حەجەی لیبگری • لەمکاتەدا ئەو ئینسانە نەفامە وەك کەسیك وایە (احصار) کرابی یەعنی ریگای نەبی بچی حەج بکا ، کەواتە ئەبی ئیحرامەکەی بەتال بکاتەوە ، وە مادەم بو ئەم حەج بەتال کردنەوەیە حەیوانیکی خورایي دەسنەکەوی کە سەری ببری ، ئەبی روژوو بگری بەوجورەی کە لەباسی حەجدا بەیانکرا ، چونکە ئەمکەسە ریگای نییە مال صەرف بکا • بەلام ئەگەر کاسبییەکی ئەزانی وە لەوماوەیەدا ئەیتوانی ئەو کاسبییەی بکاو ، مەسرەفە زیادەکەی خوی پەیدا بکا ، ئەوە وەلی ئەمرەکەی ناتوانی ریگاي ئەو حەجەی لیبگری •

ئەگەر ئەم شەخسە لەپاش ئەوەی بە فامیدەیي بالغ بوو ، دەستی کرد بە مال بەفیرو فەوتاندن ، وە قاضی گوی‌ی نەدایەو حیجری ئەنایە سەر

یاخود ئەو ولاتە قاضیی تیا نەبوو ، ئەوە هەموو تەصەروفیکی دروستە • ئەمجورە نەفامانە لەشەرعا پی‌یان ئەوتری نەفامی بەرەللا ، چونکە لەگـــەل ئەوەشدا کە ئەبی حیجریان لەسەر دابنری ، کەس گوی‌ی نەداونەتی •

(بزانن) تائیستا باسمان لەوجورە کەسانە بوو کە حالی فامیدەیـــیو نەفامی‌یان دیارەو ئەزانین ئاخو بە فامیدەيي یا بە نەفامی بالغ بوون وەکـــو باسمان کرد • بەلام ئەوکەسانە کە بالغ ئەبنو کەس گوی‌ی نەداونەتـی‌و نازانین ئاخو لەگەل فامیدەيي دینی‌و دنیایی‌دا بالغ بوون کە ئەمە زور کەمو نایابە ، یا بەپیچەوانەوە کە ظاهیری حال لە ئەمرودا وایە ، ئەمانە بەشــەرع موعامەلەیان دروستەو نیکاحو تەلاقو هەرجورە موعامەلەیەکی‌تریان جیگەی باوەرو ئیعتیبارە • شیخی (ابن حجر) ئەفەرمویت چونکە وی‌ی تی‌ئەچی هەرچەند بە نەفامی بالغ بووبن ، بەلام لەپاش بالغ بوونەکەیان توبەیـــان کردبی‌و پەشیمان بووبنەوە لە گوناەو ، فامی دینی‌یان پەیدا کردبیتـــەوە • ئیمام (عز الدین بن عبدالسلام) ئەفەرمویت بویە مامەلەی ئەمانە دروستـە چونکە فام تەنها بریتی‌یە لەوە کە ئینسان مەسلەحەتی دنیایی خوي بفامی ، وە دینداری لە موعامەلەدا شەرت نی‌یەو ، ئەم جورە کەسانەش بەمەعنـــا خاوەن روشدو فامن ، وە مادەم وەزعی دنیـایان باشـــە تەصەروفیـــان دائەمەزری • هەندی لە زانایان وەك (سید عمری بەصری) ئەفـــەرمویت سەبەبی دامەزرانی موعامەلەی ئەمانە تەنها ناچاری‌یە ، چـــونکە فاســـقی بلاوبووەتەوە ، وە ئەگەر موعامەلەی فاسق دانەمـــەزری ، ئیش‌وکــــار رائەوەستی‌و زیانی کومەلی ئادەمیزاد ناچیتەسەر ، وە ئیمامی شافیعی خویشی فەرموویەتی(اذا ضاق الامر،اتسع)یەعنی کاتیك کە ئیش تەنگ بوو ئەکریتەوە هەندیکی‌تر لە زانایانی شەرع ئەفەرموون لەئەساسا ئیمە ناتوانین وا بریـــار بدەین ئەم‌کەسانە بە سەفیهي‌و نەفامي بالغ بوون ، چونکە هەرکەس حیجری

وەلی ئەمری لەسەر نەبوو ، وە حالی نادیار بوو ، ئەوە ئەصل لەوکەسـەدا ئەوەتە فامیدە بیو بە فامیدەیی بالغ بووبی • جا ئەگەر لەپاش بالغ بـوون دەسی کرد بەفیرودانی مالی خویو حیجری نەنرایە سەرو مەنعی تەصەروفی لی نەکرا لە مالی خویدا ئەوە بە سەفیهی بەرەللا ئەناسریو دووبارە موعامەلەی دروستو دامەزراوە • ئەمە بەنیسبەت ئەو موعامەلانەوە کە ئیستە ئەمانەوی بیان کەین • بەنیسبەت ئەو موعامەلانەشەوە کە زوو کردوویانە ئەوە بـە بی گومان دروست بوون چونکە ئەصل لە عەقدو موعامەلاتا ئەوەیە بەراستيو دروستی تەواو بووبی ، مادەم بە دەلیلیکی قەطعی دەرنەکەوی کە بەتـال بووە ، دیارە ئەو دەلیلەیش دەسی ئیمە ناکەوی •

باسی کاربەدەست (ولی‌امر)ی منال

کاربەدەستی منال کور بی یا کچ ، تا بالغ ئەبی بەفامیدەیي ، باوکیەتی • ئەگەر باوکی نەبوو ، باوکی باوکیەتی ، وە بەمجورە تا ئەروا •• ئیتر باقی ماندەی (عصبات) نابن بە وەلی‌ئەمری مال هەرچەنـد ئەبن بە وەلی‌ئەمـری نیکاح • بـەلی ئەگـەر باوکو باپـیرە نەبوون یاخـود دوور بوون ، ئەوە عەصەبەی عادل وەك براو مام ئەتوانن صەرفی مالی ئەو منداله بکەن بو نەفەقەو تەمیو پەروەردەکردنی ئەو مناله هەرچەنـد ئەو ولاتە قاضی‌یشی تیابی بەوشەرتە کە ترسمان ببی لە جەوری قاضی • بەلکو لەم‌کاتا دروستە یاخود واجبە لەسەر پیاوچاکانی ولات هەرچەند خزمیشی نەبن هەمـــوو تەصەروفیکی بەکەلك بکەن لە مالی ئەو منداله‌دا ، بەورەنگە هەموو بەکومەل کردبنەوە ئیشەکەی بو بکەن یاخود پیاویکی باش هەلبژیرنو ئیشی ئـەو منداله بدەنە دەستی هەتا ئەگەر ئەو کابرا داوای کریی ئەکرد پیویسـتە

گری ی بدریتی وەکو لە کتیبی (المجموع)ی ئیمامی (نووی)یەوە دەرئەکەوی. زانای گەورە (ابن الصلاح) فەرموویەتی ئەگەر کەسیك هەتیویکی بیگانەی لەلابوو ، کە ئەگەر ئەو هەتیوە بداتە دەستی قاضی تووشی زیان ببی ، ئەوە بوی دروستە خوی سەربەخو تەصەروف بکا لە مالی ئەو مندالەداو بەخیوی بکاو چی پیویستە بو پەروەردە کردنو تەمی کردنی صەرفی بکا . هەر کەس بوی دروستە تەقلیدی ئەم فەرموودەیە بکا بوخوی لەبەر مەسلەحەتی موسولمانان .

فەرموودەی راستتر ئەوەیە دایکی منال نابی بە کاربەدەستی منال، بەلام فەرموودەیەکی ئیمام هەیە ئەلی ئەگەر منالەکە باوکو باپیری نەبوو ، دایکی حەقی هەیە کاروباری بگریتە دەست ، وە ببی بە وەلیئەمری مالی ئەو مندالە ، وە پیش ئەخری لەسەر وەصیی باوکو باپیرە بەوشەرتە کە ئەمین بی . کەواتە بە تەقلید کردنی ئەم فەرموودەیە دروستە بو دایکی منال تەصەروف بکا لە مالی ئەو منالەدا بەپیی مەسلەحەت وە نانو بەرگو پیویستیی بو جیبەجی بکاو لەکاتی ناچاریدا قەرزی بو بکاو زەکاتی بو وەربگریو زەکاتی مالی دەربکا .

شەرتی ویلایەتی باوکو باپیرەو وەصیو قیم ئەوەیە ئازادو موسولمانو عادل بن . ئەگەر وەلیئەمری عادل فیسقی بەسەراهات ، ویلایەتەکەی ئەفەوتی . وە ئەگەر تەوبەی کرد بوی ئەگەریتەوە . هەندی لە ئیمامەکان فەرموویانە لە زەمانیکا فیسق بلاو بووبیتەوە بە ولاتداو ناچار بین بو ئەوە ئینسانی فاسق بکەین بە وەلیئەمر ، لەوکاتەدا دروستە باوکو باپیرەی فاسق ببن بە وەلیئەمری منال ، وە ئەگەر ئەوان نەبوون دروستە نەفەقەی منال بدریتە دەستی دایکی منال با فاسقیش بی بەهوی تەرکی نویژەوە بەوشەرتە کە ئەمین بی لەسەر مالی منالەکە . ئەگەر منالەکە باوکو باپیری نەبوو ،

کاروباری ئەدریتە دەست ئەو وەصی‌یەی لەلایەنی ئەوانەوە دانرابی • وە ئەگەر وەصی نەبوو کاروباری ئەدریتە دەستی قاضی•واجبە لەسەر ئەو کەسەی کاروباری منالی ئەدریتە دەست ، بە هەرجوریك کە قازانجی منالەکانی تیابی تەصەروف بکا لە مالی ئەو منالانەدا، وە مالەکەیان بپاریزی لە ئافەت ئەوەندەی لەتوانایا بی ، وە تی‌بکوشی بو زیادبوونی مالەکەیان بەقەدەر ئەوەندەی کە پیویست بی بو مەسرەفو نەفەقەیان • وە ئەگەر خانوویەکیان هەبوو نزیك بوو برووخی یا باخیکیان بوو خەریك بوو ویران ببی ، واجبە هەول بدا بو ئاوەدان کردنەوەیان • وە ئەگەر بە دەسەنقەست کوی‌ی نەدایە تا مالەکە رووخا یا باخەکە وشك‌بوو ، ئەوە ئەبی بە ضامنی ئەو باخو خانووە • وە واجبە هەر کرینو فروشتنیك لە مالی ئەو مندالانەدا ئەیکا بەپی‌ی مەسلەحەت بی • کەواتە دروستە بەپی‌ی مەسلەحەت مالی مندالەکان بفروشی بە نەختو بە کەل‌وپەل، وە بیدابە قەرز بەوشەرتە کە مال‌کرەکە دەولەمەند بی‌و عادلو ئەمین بی ، وە ئەبی شاهید بگری ئەگەر مالی ئەو منالانەی دا بە قەرز ، وە رەهنیش وەربگری لەجیاتی‌ی ئەو قەرزە • بەلام ئەگـــــەر وەختو وەزع وابوو ناچاربــوو مالی ئەو مندالانە بدا بە قەرز ، مەسەلا وەختەکە وەختــی تالانو ئاشووب بو ، ئەوە رەهن وەرگرتن پیویست ناکا ، وەك دروستە لەبەر ناچاري بە کەمتر لە قیمەتی عادەتی مالیان بفروشی ، وە هەندی لە مالەکەیان بدا بە زوورداریك بو پاراستنی ئەوی‌تری ، وە بوی دروستە مالی ئەومنالانە لەگەل مالی خویا تیکەل بکاو پیکەوە لی‌ی‌بخونو جلی لی‌بکەن • وە دروستە بو ئەوکەسەی کاروباری منالەکانی بەدەستەوەیە میوانداري بکا لەســــــەر ئەوماله کە تیکەلی مالی منالەکان کراوە بەوشەرتە منالەکان حەقی خویـــان دەسگیر ببی، • هەروەها دروستە مالی سیە چوار هەتیو تیکەل بکا هەرچەند

هەندیکیان زیاتر بخون لە هەندیکی‌تریان ئەگەر زەحمەت بی بەشـــی هەرکامیان جیا بکریتەوە لە بەشی ئەویان • هەروەها دروستە باوکی منـدال هەندی لە مالی ئەو منالە بکری بو خوی بەقـــــەرزو رەهنیش دانەنی ، وە لەمصوورەتەدا خوی بەتەنها هەردوو سەری عەقدەکە جی‌بەجی ئەکا • وە کاتی کە کەوتە فروشتنی مالی مندال ، لەپیشا ئەو مالەی بفروشی کە قازانج لە فروشتنیایە ، وە تا ناچار نەبی ئەوەیان نەفروشی کە قازانج لە مانەوەیدایە وەك دووکان‌و خانوو ئاوو زەوی • وە کە ناچاری فروشتنی ئەوانەش بوو ، تا پی‌ی‌بکری بەجاریك نەیان‌فروشی • مەسەلا ئەگەر پیویستی‌ی منداڵەکە بەفروشتنی ئەندازەیەك لە مالەکەی جی‌بەجی ئەبوو ، دروست نی‌یە لـەوە زیاتری لی بفروشی چونکە زەرەری هەیە بو پاشەروژی منالەکە • هەروەها بەپی‌ی مەسلەحەت ئەتوانی مولکی بو وەربگری بە شوفعە یا دەس لە شوفعە هەل‌بگری • وە پیویستە زەکاتی مالی دەربکا ، وە ئەبی هەر مەسرەفیکی بـو بکا لەعادەت دەرنەچی ، وە بەپی‌ی تواناى خوی دریغی نەکا لە هەول‌دانا بو رابواردنی ئەو منالە بەخوشی • ئەتوانی خویشی کری‌ی زەحمەتی خوی لە مالی ئەو منالە وەربگری ، وە ئەگەر خوی ئیشی پی‌نەئەکرا واجبە لەسەری رەنج‌بەریکی بو بگری ، وە ئەوکەسەی مامەلە بو ئەو منالە ئەکاو خزمەتی ئەکا ئەگەر داوای کری‌ی ئەکرد ، بەئەندازەی عادەتی کری‌ی بداتی • جا کە منالەکە بالغ بوو ، ئەگەر ئیدیعای جەورو ستەمی کرد لە تەصەروفـی وەلی‌ئەمرەکەیدا ، تەماشا ئەکەین ئەگەر ئەو وەلی‌ئەمرە باوك یا باپیرە یـا قاضی‌یەکی دادپەروەرو ئەمین بوو ، سویند ئەدرین‌و باوەر بە قســـەیان ئەکری • وە ئەگەر وەصی یا قیّم بوو ، ئەوە مادەم شاهیدیان نەبوو کـــە تەصەروفیان شەرعي بووە ، منالەکە سویند ئەدری‌و باوەری پی‌ئەکری •

باسی ریک کەوتن (صلح)

ریك کەوتن چەند جوری هەیە• ریك کەوتنی بەینی موسولمانانو کافران، وە ریك‌کەوتنی بەینی گەورەی موسولمانانو ئەوکەسانە کە لە فـــەرمانی دەرئەچن ، وە ریك کەوتنی بەینی ژنو میرد ، وە ریك کەوتنی دوو کەس لە قەرزو موعامەلەدا • ئیمە لیرەدا مەبەستمان لەم‌جورەی دوایی‌یە •

ئەم‌جورە ریك‌کەوتنە دووبەشـــــە : ریك‌کـــەوتنی بەینی مدعی‌و مدعی‌علیە ، وە ریك‌کەوتنی بەینی مدعی‌و کابرایەکی بیگانە • بەشـــــی یەکەم صولحە لەسەر ئەســـاسی ئەوە کە مدعی‌علیە دان بنی بە حـــەقـی مدعی‌یەکەدا یاخود مدعی‌علیە بە شاهید ئیسپاتی حەقەکەی خوی بکا • جـا ئەگەر ئەو صولحە کرا لەسەر عەینیك کە غەیری ئەو عەینە بی کە کابرای مدعی داوای ئەکا ، مەسەلا ئەو داوای خانوویەکی کرد لای قاضی یا لەلای کەسیك کە کردبیتیان بە حەکەم،ئەمیش وتی راستە ئەو خانووەم بەدەستەوەیەو مالی تویە ، بەلام تو لەگەلم ریك بکەوەو خانووە کەم بدەری بەو دووکانە یا بەو صەد دینارە ، وە مدعی‌یەکەش قەناعەتی کرد وە صیغە لەبەینیانا جاری بوو مەسەلا مدعی وتی وا لەگەلت ریك کەوتمو صولحم لەگەل کردی بە صەد دینار لەجیاتی‌ی خانووەکەم ، مدعی‌علیەیەکەیش وتی وا قەبوولم کرد ـ ئەوە فروشتنە بە لەفظی صولح ، وە هەرچی حوکمی بەیعە لیرەدا جـاری ئەبی وەك چاو پی‌کەوتنی خانوەکەو ، حەقی پەشیمان بوونەوە لە مەجلیسی موعامەلەکەداو ، حەقی پەشیمان بوونەوە بەشەرت‌گرتن‌و ، دانەدواوە بەهوی عەیبەوەو ، حەقی شوفعە • وە دروست نی‌یە تا مدعی‌یەکە ئەو مالە وەرنەگری تەصەروفی تیا بکا • وە ئەگەر هەردو مالەکە هاوعیللەت بوون لە ســـوود (ربا)دا ، ئەبی هەردو کابراکە لە هەمان مەجلیسدا حەقی خویان وەرگرن •

وە ئەگەر هاو جوریش بوون ئەبی ئەوەندەی یەك بن • وە ئەگەر صولحیان کرد لەسەر قازانجی عەینیك ، مەسەلا کابرای مدعیعلیە وتی ئەم عەینە بو من بیو حەقی دانیشتن لە فلانە خانووی منیشدا بو تو بی تا دە سال ، ئەمە عەقدی بەکریدانە بە لەفظی صولح ، وە حوکمی ئیجارە لەمصولحەدا جاری ئەبی • وە ئەگەر صولحەکە لەسەر بەشیکی ئەو عەینە بوو ، مەسەلا بریاریاندا نیوەی خانوەکە بو مدعی بیو نیوەی بو مدعی علیە بی ، وە صیغەیان بەدەما هات ، ئەوە ئەم عەقدە ئەبی بە بەخشش (هبە) لەلایەنی مدعییەوە بو نیوەی عەینەکە بە مدعیعلیەیەکە ، وە حوکمی بەخشش لەمعەقدەدا دیتەجی • مەسەلا ئیجابو قەبوولی ئەویو پیویستە کابرای مال پیبەخشراو نیوەی مالەکە وەربگری بەئیذنی مدعییەکە ، ئەوجا ئەبی بە مالی ، وە لەپیش وەرگرتنی ئەو نیوەیە کابرای مدعی ئەتوانی پەشیمان بیتەوە • جا مادم بریارماندا ئەبی ئەم صولحە لەپاش دەعوا بیتەجی ، ئەگەر هاتو یەکیك راستەوخو وتی بەکەسیك صولحم لەگەل بکە لەجیاتیی ئەو خانووە لەسەر دووکانەکەم ، ئەویش عەقدی صولحی لەگەل کرد ، ئەوە بەتالە ، چونکە لەپیشا دەعوایان لەبەینا رانەبوردووە •

ئەگەر کەسیك قەرزیکی لەسەر یەکیك هەبوو غەیری مالی سەلەم تیاکراو ، وە ویستی صولح بکا لەجیاتیی ئەو قەرزە بەعەینیك وەك خانوویەك یا گەنمیك یا پارەیەك ، وە صیغەی صولحیان لەسەر جاری کرد ، ئەوە دروستە • جا ئەگەر هەردوو مالەکە هاوعیللەت بوون لەسووددا مەسەلا هەردوکیان خواردەمەنی بوون یا پارە بوون ، ئەوە پیویستە کابرای مدعی لە هەمان مەجلیسی صولحدا حەقی خوی وەربگری • وە ئەگەر صولحەکە لەسەر عەینیك نەکرا یەعنی لەسەر شتیك نەکرا کە لەپیش چاوا بی ، بەلکو لەسەر قەرز بوو یەعنی لەسەر شتیکی مەوصووفیوا بوو کە لەئەستودا بوو،

مەسەلا بلیت لەجیاتیی ئەو دە دینارەکە لەسەرتە دوو تەنەکە رونم بدەری ، وە صیغە لەسەر ئەمە جاری بوو ، ئەوە پیویستە ئەو قەرزە لە هەمان مەجلیسدا بیتە پیش‌چاو یا نەبی بە فروشتنی قەرز بە قەرزی رووت • بەلام بو وەرگرتنی عەینەکە لەپاش‌ئەوە کە هاتە پیش‌چاو ، دوو قسە هەیە ، راستترینیان ئەوەیە شەرت نی‌یە هەر لەومەجلیسەدا وەری‌بگری • مادەم چاوی پی کەوتووە ، یا وەرگرتنەکەشی لە کاتیکی‌ترا بی •

ئەگەر کەسی صولحی‌کرد لەجیاتیی قەرزیك کە لەسەر شەخسیك بوو بە نیوەی ئەو قەرزە ، وە صیغە لەسەر ئەم ئەساسە لەبەینیانا جاری بوو ، ئەوە ئەم صولحە ئەبی بەوە کە مدعی مدعی‌علیەیەکەی لە نیوەی قەرزەکە ئازاد کردبی ، وە ئەم‌عەقدە بە لەفظی صولح‌و ئازادکردن‌و لابردن‌و بەخشین دیتەجی • بەلی ئەگەر صولحی‌کرد لەجیاتیی قەرزی وەعدەدار بە حازر یا بەپیچەوانەوە ، ئەوە بەتالە • بەلام ئەگەر لەصوورەتی تەعجیل‌و زوو تەسلیم کردنی قەرزی خاوەن وەعدەدا کابرا پارەکەی تەسلیم کردو نەی‌زانـــی ئەم‌صولحە بەتالە ، ئەوە ئەو تەسلیم‌کردنە دروستەو ناتوانی پـارەکـــــە بسینیتەوە لە خاوەن قەرزەکە • وە ئەگەر صولحی‌کرد لەجیاتیی دە دیناری حازر لەسەر پینج دیناری وەعدەدار ، ئەوە کابرای قەرزدار لە پینج دینـــار ئازاد ئەبی ، وە پینج دینارەکەی‌تری بە حازری لەســـــەر ئەمینیتەوە • وە ئەگەر صولحی کرد لەجیاتیی پینج دیناری حازر بە دە دیناری وەعدەدار ئەوە بەتالە •

بەشی دووهەم کە صولحە لەسەر پی‌لی‌نەنانی ئەو حەقەی ئیدیعـــای ئەکری ، ئەوە صولحیکی بەتالە خواه لەسەر نەفسی ئەو عەینە بی یا لەسەر بەشیکی یا لەسەر غەیری ئەوعەینە • وە ئەگەر کابرا بلیت صولحم لەگەل بکە لەجیاتیی ئەو عەینەی کە ئیدیعای ئەکەی ئەوە نابی بە پی‌لی‌نان •

بەلام ئەوسولحەی کە لەبەینی موددەعیو کابرایەکی بیگانەدا بیتەجی،
ئەوە ئەگەر ئەو بیگانەیە وتی کابرای مدعیعلیە کردوومی بە وەکیلی خوی لەصولحدا ، وە دان بە حەقەکەی تودا ئەنی ، ئەوە دروستە • وە ئەگەر ئەوشەخصە صولحەکەی لەسەر خوی کرد یەعنی عەینە داواکراوەکە بو ئەم بی ، ئەوە لەکاتی پیلینانی مدعیعلیەدا بە حەقەکە ، دروستە • وە لەراستیدا ئەبی بەوە کە کابرای بیگانە ئەو عەینەی کری بی لە خاوەنەکەی بەوقیمەتەی کە پیی ئەدا • وە ئەگەر مدعیعلیە ئینکاری حەقەکەي ئەکرد ، وە ئەم بیگانەیە ئەیوت ئەوکەسە لەم ئینکاو کردنەیا بە ناحەق ئەروا ، ئەوە وەك کرینی مالی زەوتکراوە لە خاوەنەکەی ، یەعنی ئەگەر ئەوبیگانەیە ئەیتوانی ئەو عەینە لە مدعیعلیە بسینیتەوە بەزور ، ئەوە ئەمصولحە دروستە • ئەگینا دروست نییە • وە ئەگەر نەلیت ئەو مدعیعلیەیە لە ئینکارەکەیا بە ناحەق ئەجوولیتەوە ، ئەوە ئەمصولحە بەتالە •

(بزانن) لەمزەمانەدا هەندی لە زانایانی شەرع صولح ئەکەن لەنیوانی دووکەسا کە ناکوکییان هەیە لەسەر مالیك ، وە مدعی علیە دان‌نانی بە حەقی مدعییەکەدا لەومالەدا • ئەو زانایانە ئەکەونە بەینی ئەم دووکەسەوە ، وە کاریك ئەکەن کە مدعی دەس لە هەندی لە ئیدیعاکەی خوی هەلبگری،وە مدعیعلیەیش بو برانەوەی ناکوکییەکە ئەندازەیەك پارە بدا بە مدعییەکە • ئەمە لەمصولحە نییە کە باسمان کرد ، وە ئەمەیش بەپیی شەرع دروستە بەوشەرتە مدعی هەندی لە حەقەکەي خوی نەذر بکا لە مدعی علیە ، وە مدعیعلیەیش ئەو مالەی ئەیدا بە مدعی بە نەذری شەرعی لیی نەذر بکا • ئەمجورە ئیشە بو ئاشت کردنەوەی موسولمانان شتیکی چاکە •

باسی کوبوونەوە لەسەر حوقووقی تیکەل

هەر ریگەیەك کە دەربچیو کرابی بە ریگەی هاتوچو بە پیکهاتنی ئەو کەسانە کە ئەوشوینانەیان ئاوەدان کردوەتەوە ئەوەل‌جار ، یا هەر بەهوی ئەوەوە کە ئەو کەسانەی هاتوچو ئەکەن بە ولاتیکا ریگەیەکیان بوخویـــان بریار دابی ، ئەوریگەیە تیکەلە لەنیوان ئەو ریبوارانەدا ، وە دروست نی‌یە هیچ‌کەسیك تصرف بکا لەوریگەیەدا یا لە ئەم‌لاو ئەولای ئەوریگەیـــەدا بەجوری کە زیان بگەیەنیت بەوانەی هاتوچو ئەکەن بەویادا • وە ئەگەر کەسیك دیواری مالی لە قەراغی ئەوجادەیەدا بوو دروســـت نی‌یـــــە جەناحیك لەودیوارەوە دەربکا بو هەوای ئەو ریگەیە بەجوری کە زەرەر بدا لەریبواران ، بەلکو پیویستە ئەوەندە بەرزی دروست بکا ئەوانەی کـــــە هاتوچو ئەکەن بەژیریا تووشی زەحمەت نەبن • وە ئەگـەر جادەکـــە ری‌گوزەری سوارەو کاروانی بوو پیویستە کە ولاخی زور بەرز بە بارو بارگەی بەرزەوە بە بی‌زیان بەئاسانی بەژیریا گوزەر بکا •

دروست‌نی‌یە نە بو کاربەدەستی موسولمانانو نە بو هیچ‌کەسی‌تـــر ریك‌بکـەوی لـەگەل کەســیك بەرامبـەر بە پـارەیەك بـو ئەوە کـــە شـانشـینیك لە دیواری قـــەراغ شـەقامەوە دەربکـا ، چونکـە ئەگەر دەرکردنـی ئەو شـانشـینە زیانی ئـــەگەیاند بـە موسـولمانان ئـــەوە بە هەمووجوریك حەرامە ، وە ئەگەر زیانی نەئەگەیاند ئەوە پارە لەسەر وەرگرتنی حەرامە • هەروەها حەرامە کەسیك لە چەقی ریگایەکـــــدا سەکویەك دروست بکا یا داریك بینژی یا دای‌چەقینی • هەروەها حەرامـە دەرکردنی شانشین بەسەر شوینیکا کە وەقف کرابی لەسەر جیهەتیکی گشتی وەك مزگەوتو قوتابخانەو تەکیەو میوانخانەو نەخوشـخانەی گشـــتي • هەروەها لە حەوشەی ئەم‌شوینانەشدا حەرامە ، لەبەرئەوە دروست نی‌یــە

لادان لەو پەیڕەوە کە بو ئەمانە دانراوە مەگەر خاوەن حەقەکان ریگـــه بدەن ، دیارە لەمجورە شوینانەشدا خاوەن‌حەق لە ژمارە نایەن ، وە ئەوە کەلکی نی‌یە کە سەرپەرشتی‌کەری ئەو شوینە وەقف‌کراوە ریگە بدات • هەروەها کەلکی نی‌یە ئەگەر چینی ئیستای وەقف لەسەرکراوەکان ریگە بدەن ، چونکە وەقفەکە تەنها لەسەر ئەوان نەکراوە • بەلام لەشوینیکا کە وەقف‌کرابی لەسەر نەتەوەی کەسیك بەتەرتیب وە بەرودوا ، ئەوە بو چینی یەکەمیان دروستە ریگەی دەرکرنی ئەو شانشینە بدا ، وە پاش برانەوەی ئەوچینەو داهاتنی چینی نوی ئەوان ئەتوانن ئەو کابرا ناچار بکەن کـــە شانشینەکەی فری بدا •

هەروەها دروست نی‌یە بەردانەوەی ئاو بو سەر شەقام ، یا خەوش‌وخال نی‌کردنی چونکە خاوەن‌حەق لەم شـــەقامەدا زورن‌و لەژمارە نایەن ، وە ئاگاداری کردنی قازانجی گشتی‌یش شتیکی پیویستە • دروست نی‌یـــە شانشینیك دەربکری بەسەر گورستانیکی گشتی‌دا ، وە دروست نی‌یە خانووی تیا بکریتەوە خواە بزانری ئەو شوینە وەقف‌کراوە بو گورستان یا هـــەر بەعادەت‌لەویادا مردوو بنیژری • وە هەر ریگـــەیەك کـــە دەرنەچی وەك کولانیك کە سەریکی لەسەر شەقام بی‌و ئەوسەرەکەی گیرابی‌و چەنـــد دەرگایەك لەسەر ئەو شەقامە بی، ئەوە بەتایبەتی بو خاوەنی ئەو دەرگایانەیەو پەیوەندی کەســـیکی‌تری پیوە نی‌یە هەرچەند دیواریشـــیان پالی‌دابی بەوکولانەوە • کەواتە بو غەیری ئەوانەی کە دەرگایان لەسەر ئەو کولانەیە دروست نی‌یە• هەروەها تەنها بو هەندیك لەخویان دروست نی‌یە تەصەروف بە هیچ‌جوریك لەوکولانەدا بکەن ، مەگەر تیکرای خەلکی کولانەکە رازی بن • حەقی هەرکام لە دانیشتوانی ناو ئەوکولانە لە سنووری صـــەرەتای شەقامەکەوەیە تا بەردەرگاکەی خوی ، وە لەوە بەرەوژووو هیچ حەقیکی

نی‌یه • دروست‌نی‌یه بو کەسیکی بیگانە لەوکولانە دەرگایەکی بخاتەسەر بە بی‌رەزامەندیی تیکرای دانیشتوانی ناوکولانەکە • وە ئەگەو کەسیك بەئیجازەی ئەوان دەرگای خستە سەر ئەوکولانە ، ئەوان ئەتوانن پاشان پەشیمان ببنەوە • بەلام دروستە کەسیکی بیگانە قاپی بخاتە سەر ئەو کولانەو بە بزمار توندی بکا بوئەوەی نەکریتەوەو هاتوچووی پیا نەکری ، یـا دەلاقەیەکی بخاتە سەر بو رووناکی هەرچەند لەوانەش بی لەو دەلاقەیەوە سەیری حەوشەی یەکی لەومالانە بکری کە لەسەر کولانەکەن ، چونکـە کابرا بەم کردەوەیە تەصەروفی لە مالی خویدا کردووە ، بەلام ئەگەر پاش کردنەوەی دەلاقەکە سەیری حەوشی مالیکیان لیوە کرد ، ئەهلی ئەومالـە ئەتوانن خەبەر بە حاکمی شەرع بدەن‌و ریگەی لی‌بگرن ، وە ئەگەر حاکمی شەرع نەبوو ئەتوانن خویان مەنعی بکەن •

ئەگەر یەکیك لە ئەهلی ئەوکولانە ، واتە ئەوانەی دەرگایان لەسـەر ئەوکولانەیە ، ویستی دەرگای مالەکەی هەل‌بگری‌و دەرگایەکی‌تر بکاتەوە ، ئەگەر ئەو دەرگا تازەیە دوورتر بی لەسەرەتای شەقامەکەوە ئەوە دروست نی‌یە • وە ئەگەر نزیکتر بی دروستە هەرچەند ببی بەهوی زوربوونـی قەرەبالغ لای دەرگای دراوسی‌کەیەوە ، وەك (ابن‌حجر) فەرموویەتی • بەلام گەلیك لە زانایانی شەرع فەرموویانە لەم‌صوورەتەدا کە کردنـەوەی ئەم‌دەرگایە قەرەبالغ زور بکا لای دەرگای دراوسی‌ی کابراوە ، بـە بی‌ریگادانی ئەو دروست نی‌یە •

دروستە بو کەسیك کە دەرگای خانوەکەی لەوپەری کولانەوە بی ، ئەو دەرگایە بینیتە پیشەوە بو نزیکی سەرکولانەکە ، وە ئەوپەری کولانەکە بکا بە دالان بوخوی بەوشەرتە کە تەنها خوی لەوپەرەوە بی • وە ئەگەر لەوپەری ئەو کولانەوە دوو دەرگا بەرانبەری یەك هەبوو ، دروست نی‌یە

یەکیکیان دەرگاکەی خوی بگویزیتەوە بو ئەوپەری ئەو کولانە چونکە ئەوپەری ئەوکولانە هاوبەشی‌یە لەنیوانی هەردوکیاناو ئەگەر یەکیکیان بروا بەولاوەو ماوەیەکی بەسەرا بروا لەوانەیە گومان ببری هەرچی لەوکولانە ماوەتەوە تیکەلە لەبەینی ئەو شەخسەو کابرای بەرانبەریا ، لەکاتیکا کە ئەو بەشی خوی بردووەو ئەوەی ماوەتەوە هی کابرای بەرانبەربەتی یا زورتری هی ئەوەو کەمیکی هی ئەمخویەتی • وە ئەگەر کەسیك لەوانە کە خانوویان لە ئاخری کولانەکەوەیە ، دەرگای خانووەکەی ئەوەندە گەورە بوو گەیشتبوە ئەوپەری کولانەکە ، ئەوە هەرچی لەوبەرەوە ماوە ئەبی بە بەشی خاوەنی دەرگای بەرانبەر •

ئەگەر کەسیك دوو خانووی هەبی کە دەرگای هەرکامیان لەسەر کولانیکی جیاواز بی ، وە خانووەکان پشتیان دابی بەیەکەوە ، ئەوە ئەتوانی لەبەینی ئەو دووخانوەدا دەرگایەك بکاتەوە بو ئەوەی لەم خانووەکەوە هاتوچو بکری بو ئەوخانوەکە •

(بزانن) لە هەرشوینیکا ئەو خەلکە بتوانن نەهیلن کەسیك دەرگایەکی تازە بکاتەوە ، ئەتوانن لەگەل ئەوکەسەدا ریك‌کەون کە داوای دەرگای تازە ئەکات لەسەر ئەندازەیەك پارە خوای بە صوورەتی فروشتن بی یا بە صوورەتی بەکری‌دان ، بەوشەرتە ئەوکولانە مەوقووفەیەکی گشتی‌ی‌تیا نەبی وەك مزگەوت ئەگینا بە شیوەی فروشتنن دروست نی‌یە • بەلام بە شیوەي بەکری‌دان دروستە بەوشەرتە قازانجی مالە وەقف کراوەکەی تیابی • هەروەها دروستە صولح لەگەل ئەهلی ئەو کولانەدا بکری بو دەرکردنی ئاوی پلووسك‌و داکردنی بەفر لەوکولانەدا • وە دروستە بو کەسیك کە دیواری لەسەر کولانیك بی ، دەلاقەیەك بکاتەوە بو هەوا وەرگرتن‌و رووناك کردنەوەی ناومالەکەی ، هەرچەند خەلکەکەی‌تر رازی نەبن ، چونکە تەصەروفی لە مالی خوی‌دا کردووە •

هەر دیواریك لەبەینی دووخانوودا بێ ، یا بەتایبەتی مولکی یەکیك لەو دوو خاوەن خانوەیە ، یا تیکەڵاوە لەنیوانیانا • ئەگەر مولکی یەکیکیان بوو ، ئەوە بوئەویان دروست نییە تەصەروف بکا لەودیوارەدا بەجوریك کە زیان بگەیەنی بە خاوەنەکەی • کەواتە دروست نییە داری بخاتە سـەر یا بینای لەسەر بکاتەوە بە بێئەوەی خاوەنەکەی ریگای بدا • وە ئەو خاوەن خانوە ناچار ناکری بو ئەوەی ریگای ئەم بدا تەصەروف بکا لە خانوەکەیدا• وە ئەگەر ریگای‌دا دار بخاتە سەری بەخوایی ، ئەوە وەك شتیکی بـە خواستەمەنی (عاریە) دابیتی وایە ، وە هەرکاتیك ئارەزووی ببێ ئەتوانـی پەشیمان ببیتەوە ، چ لە پیش دانانی دارەکەو چ لەپاش دانانی • بـەلام لەم‌کاتەدا ئەبێ یا ریگای هیشتنەوەی دارە دانراوەکە بدا بە کری ، یا ئەو بینایە لابەری‌و زەرەری خاوەن دارو بیناکە بشریتەوە بوی • وە ئەگـەر بەرابەر بە پارەیەك ریگای‌دا ، ئەوە ئەگەر سەری دیوارەکەی پی‌بدا بـە کری ئەوە عەقدی ئیجارەیە • وە ئەگەر بلیت سەری ئەودیوارەم پی‌فروشتی بو ئەوە کە بینای لەسەر بکەیتەوە بە دە دینار مەسەلا ، ئەوە ئەم عەقـدە تیکەڵە لە فروشتن‌و بەکری‌دان • فروشتنە چونکە عەقـدیکی دەوام‌دارەو رادەی بو دانەنراوە ، وە بەکری‌دانە چونکە لەئەنجاما دیتەوە سەر قازانجی دیوارەکە • وە هەرچەند بەکری‌دان بو هەمیشە نابێ ، بەلام ئەم‌جـورە بەکری‌دانە لەبەر ناچاری دروستە بو هەمیشە وەك بـەکری‌دانی زەوی بەکەسیك بو هاتوچوو ، رەوان‌بوونی ئاوو ، داکردنی بەفرو ، مـول‌دان‌و پەچەی ران‌و ، خەوش‌وخال رشتن‌و ، شتی‌تری لەم‌چەشنە • جا ئەگـەر کابرا خانووی لەسەر ئەو دیوارە کردەوە ، ئەوە خاوەن دیوارەکە ناتوانی خانوەکە برووخینی • وە ئەگەر ئەو دیوارە رووخاو خاوەنـەکەی تازەی کردەوە ، دووبارە ئەم کابرا ئەتوانی خانوەکەی خوی لەسەر بکاتـەوە •

هەر کاتیک خاوەنی دیوار ریگای دا بینا لەسەر ئەو دیوارە بکریتەوە ، چ بەخوراییو چ بەپارە ، ئەبی ئەندازەی ئەو خانووە لە بەرزیو پانییو دریژیدا دیاری بکری • هەروەها بەیانی ئەوەیش بکـری کە دیـواری ئەوخانوەی بەسەریەوە ئەکری دیواریکی پرکراوە بی یا دیواریکی بوش بی ، وە ئەندازەی بەرزی‌یشی باس بکری ، وە بەیانی سەرمیچەکەشی بکری ئاخو گومەز یا بە داور رایەلە ، چونکە دیوار هیزیکی مەحدوودی هەیە ، وە ئەگەر ئەوخانوەی بەسەریەوە ئەکریتەوە بەنیسبەتی هیزەکەی ئەو نەبی ئەرووخی • بەلام ئەگەر کەسیك ریگای کەسیکی دا خانـوو لە زەویی ئەودا بکاتەوە ، ئەوە هەر بەیانی ئەندازەی دریژیو پانیی خانوەکە ئەکریت، چونکە زەوی هەمووجورە بینایەك هەل‌ئەگری • وە ئەگەر دیواریك تیکەل بوو لە بەینی چەند هاوبەشیکدا ، دروست نی‌یە هیچ‌کام لەوانە دار بخاتە سەر ئەو دیوارە تا باقی‌ی هاوبەشەکان ریگەی نەدەن • هەروەها حەقی نی‌یە میخی پیا داکوتی یا دەلاقەی تیا بکاتەوە • بەلام دروستە پالی پیوە بدا یا پالی شتیکی پیوەبدا کە زیان نەگەیەنی بەدیوارەکە • ئەمجورە کردەوانە لە دیـواری خەلکیشا دروسـتـە • ئەگەر کـومەلیك هاوبـەش بن لە دیواریك یا لە خانوویەکدا ، وە ئەو دیوارە یا ئەو خانووە رووخا ، کەسیان بوی نی‌یە زور لەوانی‌تر بکا کە بیکـەنەوە • بەلام هاوبـەشی خانووی وەقف یا سەرپەرشتی کەری مندال زوریان لی‌ئەکری بو کردنەوەی، لەبەر مەسلەحەتی ئـەوکەسانە کە خانوەکەیان لەسەر وەقف کراوە یا لەبەر قازانجی منالەکە• وە ئەگەر یەکیك لەو هاوبەشانە ویستی خانووە موشتەرەکە رووخاوەکـە بکاتەوە ، ئەوە ئەگەر هاوبەشەکەی ریکەوت لەگەلیا بەیەکەوە بیکەنـەوە ئەوە باشە ، وە لەم‌کاتەدا کابرا ناتوانی بە تەنها خـوی وە بە ئەسـبابی خوی دروستی بکاتەوە • وە ئەگەر بەتەنها بەئەسبابی خوی کردیەوە ئـەوە

هاوبەشەکەی ئەتوانی ئەوخانووە بڕووخێنێ ، وە ئەیشتوانێ داوای لێ بهێنێ و مەسرەفی بەشەکەی خۆی بداتەوە بەو کەسە کە بیناکەی کردوەتەوە ، وە خانوەکە وەك ئەوسا ئەبێتەوە بە هاوبەشی لەبەینی هەردوکیانا • وە ئەگەر کابرای هاوبەش کەللەرەقیی کردو نە لەگەل هاوبەشەکەیدا خانوەکەی کردەوەو نە ریگای دا ئەم بیکاتەوە ، لەمصوورەتەدا ئەو هاوبەشەکە ئەتوانی بە ئەسبابی خۆی خانوەکە بکاتەوەو هەرچی دروست کرد بەتەنها ، ئەبی بە مولکی خۆی ، وە هەرکاتی کە ئارەزووی بوو ئەتوانی بیرووخێنی • لەمکاتەدا ئەگەر هاوبەشەکەی وتی مەیرووخێنە من بەشە مەسرەفی خۆم ئەدەم ، ئەوە ئەتوانی بەگوێی نەکاو بیرووخێنی چونکە بەئەسبابی خۆی کردوویەتیەوە • وە ئەگەر خانوەکە مایەوە ئەوە ئەو هاوبەشە لەکرێی زەوییەکە یا بنچینەی بەشە دیوارەکەی خۆی بەولاوە هیچی ناکەوێ •

ئەگەر خانوویەکی سەرخان و ژێرخان هەبوو ، سەرخانەکەی هی یەکێك و ژێرخانەکەی هی یەکێکی تر بوو ، وە ئەو خانووە رووخاو ، خاوەنی ژێرخانەکە ژێرخانەکەی کردەوە ، خاوەنی سەرخانەکەش ئەتوانی سەرخانەکەی بکاتەوە ، وەك ئەوسا • وە ئەگەر خاوەنی ژێرخانەکە ژێرخانەکەی نەکردەوە ، خاوەنی سەرخانەکە ناتوانی زوری لی بکا پیی بکاتەوە • بەلی لەمکاتەدا خاوەنی سەرخانەکە ئەتوانی ژێرخانەکە بەئەسبابی خۆی بکاتەوە هەتا بگات بە حەقی خۆی لە سەرخانەکە • وە لەپاش کردنەوەش ئەتوانی ئەو ژێرخانە بڕووخێنی و چاو بپوشی لە حەقی خۆی لە سەرخانەکە • وە ئەگەر خاوەنی ژێرخانەکە وتی مەیرووخێنەو هەرچی مەسرەفت کردوە ئەتدەمەوە ، ئەتوانی گوێی نەداتی • وە لەمصوورەتەدا ئەگەر کابرا ژێرخانەکە نەرووخێنی کابرای خاوەنی پێشووی ناتوانی بیرووخێنی ، وە نایشتوانی بیکا بە مولکی خۆی

بە قیمەت چونکە وەختی خوی کەمتەرخەمیی کردووە لە کردنەوەیدا ، وە حەقی هیچی نی یە تەنها حەقی کری ی زەوی ی ژیرخانەکە نەبی • بەلام ئەگەر خاوەن سەرخانەکە بە بی پرسی خاوەن ژیرخانەکە لە خویەوە ئەو ژیرخانەی کردەوە ، ئەوە خاوەنی ژیرخانەکە ئەتوانی بیرووخینی مادەم سەرخانەکەی لەسەر نەکرابیتەوە • وە ئەگەر سەرخانەکەی لەسەر کرایەوە، ئیتر ناتوانی بیرووخینی • بەلی حەقی هەیە ئەو ژیرخانە وەرگری بوخوی بەقیمەت • وە ئەیشتوانی وازی لی بینی بوی، وە کری ی ئەوەکە وەربگری •

ئەگەر یەکیك لە دوو هاوبەش ئەیویست بە دارو بەردی تیکەلی هەردوکیان ئەو دیوارە یا ئەو خانووە رووخاوە بکاتەوە ، ئەو هاوبەشەکە ئەتوانی نەهیلیت • وە ئەگەر هەردوکیان بە دارو بەردی تیکەلیان کردیانەوە ، ئەوە وەك ئەوسا بە هاوبەشی ئەمینیتەوە لەبەینیانا • وە دروستە یەکیك لە هاوبەشەکان ریگای ئەویان بدا بە کەرەستەی تیکەلاوی هەردوکیان خانووەکە بکاتەوەو بەرامبەر بەم رەنجە بەشی هاوبەشی یەکەی زیاد بکا ، مەسەلا لەپیشا بە نیوەیي بووبیو ئیستا ببی بە سیەبەشي • ئەگەر دوو کەس هەرایان بوو لەسەر دیواریك کە لەبەینیانا بی ، وە هەرکامیان ئەیوت تەنها هی خویەتی ، ئەوە ئەگەر هەر یەکیکیان شاهیدی هەبوو ئەوە بو ئەوەیان ئەبی • وە ئەگەر هیچیان شاهیدی نەبوو یاخود هەردوولایان شاهیدی هەبوو ، وە تەعاروضیان کرد ، لەم کاتەدا تەماشا ئەکەین ئەگەر ئەو دیوارە نووسابوو بە بینای یەکیکیانەوە بەجوری کە بزانین ئەو دیوارە لەگەل ئەو بینایەدا کراوەتەوە لەبەرئەوە کە لەسووچەکانیا خشتو بەردی دیوارەکە لەگەل خشتو بەردی بیناکەدا چووبن بەیەکدا ، یاخود گومەزیك لەسەر دیواری بیناکە دروست کرابوو ، ئەوە ئەوکەسە بە خاوەن دەست ئەناسری لەبەر ئەو نیشانە کە نیشانەی خاوەن مولکیەتی یەتی • کەواتە سویند ئەدری لەسەر

ئیدیعاکەی وە حوکم ئەدری کە دیوارەکە هی ئەوە • وە ئەگەر هەردوکیان سویندیان خوارد یاخود نکوولیان کرد ئەوە ئەو دیوارە قەرار ئەدری بو هەردوکیان بە هاوبەشي •

(بزانن) ئەگەر لەم مەسئەلەیەدا یەکێك لەو دووکەسە داریکی بەسەر دیوارەکەوە بوو ، ئەوە نابی بە نیشانەی ئەوە کە خاوەن دەستە ، چونکە ئەم جورە نیشانانە بیهیزن • بەلام ئەو دارەیش لەسەر دیوارەکە لانابری ، هەرچەند لەئەنجاما ببی بە مالی ئەویان ، وە حەقی کرییشی نییە بوی چونکە وادیارە وەختی خوی ئەو دارە بەصوورەتیکی شەرعی دانرابی وەك بەکریدانی هەمیشەیي یا نەزر کردن یا حەلال کردن یا شتیکیتر •

ئەگەر دووکەس هەرایان بوو لەسەر سەقفێك کە لەنیوانی سەرخانو ژیرخانیکا بی ، ئەوە ئەگەر قابیل بی ئەوسەقفە لەپاش بینای سەرخانەکە کرابی بەوجورە کە دار خرابیتە ناو دوو دیواری بەرانبەر لە خانوویکا کە وەختی خوی تەنها خانوویەك بووبیو کرابی بە دوو خانووی سەرخانو ژیرخان بەهوی ئەو سەقفەوە کە لەناوا دروست کراوە ، ئەوە لەمکاتەدا ئەو سەقفە هاوبەشییە لەبەینی هەردولایانا • وە ئەگەر سەقفەکە لەگەل ژیرخانەکەدا دروست کرابی،ئەوە ئەو سەقفە بەپیی شەرع وا لە ژیردەستی خاوەن ژیرخانەکەدا • کەواتە ئەبی ئەو سویند بدریو حوکم بو ئەدری •

دروستە ئینسان لەگەل کەسیکا ریكبکەوی بەرابەر بە ئەندازەیەك پارە بو دەرکردنی ئاوی بەفرو باران لەسەربانی ئەوکەسەوە بەوشەرتە ریگەیەکیتر نەبی • هەروەها بو رەوانەکردنی ئاوی جوگەیەك لە ئەرزو مولکی غەیرەوە بو مولکی خوی ، وە ئەم صولحە دروستە بە لەفظی بەیعو صولحو ئیجارە • وە لەصوورەتی ئیجارەدا چاوپوشی ئەکری لەوەی کە

نەزانین ئەندازەی ئەو ئاوەی کە بە جوگەکەدا دیت چەندە ، هەروەها لەوەیش کە بەئەبەدی بی‌هەرچەند ئیجارە ئەبی ماوەیەکی تایبەتی هەبی • بەلی ئەوەندە هەیە پیویستە بەیانی شوینی جوگەلەو دریژی‌و پانی‌و قوولیی بکری • وە ئەگەر ئیجارەکە بو ماوەیەکی تایبەتی بوو پیویستە نوی ماوەی ئەو وەختە ببری کە ئاوەکەی پیدا دی • وە ئەگەر بەلەفظی بەیـــع بوو • تەماشا ئەکەین ئەگەر کابرا وتی وا حەقی ئاو بردنم پی‌فروشتی کریار نابی بە خاوەنی ئەرزی جوگەکە ، وە تەنها حەقی ئاوبردنی هەیە • وە ئەگەر بلی واشوینی رەوانبوونی ئاوەکەم پی‌فروشتی ئەوە کریار ئەبی بەخـاوەنـــی ئەزری جوگەکە ، وە لەم‌کاتەدا پیویســـتە باسی قوولی‌و پانی‌و دریژی‌ی جوگەکە بکری • وە ئەگەر ویستی لەگەلی ریك‌کەوی لەسەر ئاودانی باغی حوی بەئاوی ئەو ، لەم‌کاتەدا پیویستە بەشیك لە جوگەکەی لی‌بکری ، جا ئاوەکەیش بەهوی ئەوەوە ئەبی بە مولکی ، وە ئەگەر ئاوەکە بەتەنها بکری بی‌سوودە لەبەرئەوە کە ئەو ئەندازەیەی کە حازرەو هەیە لەوجوگەیەدا ئەفروشری • ئیتر نابی بە خاوەنی باقی‌ی ئاوەکە •

ئەگەر لقی داری دراوسی یا ریشەی دارەکەی هات بو سەر زەوی‌ی باغی ئەم بەجوریك کە زەرەری لی‌بدا ، ئەوە بوی دروستە ناچاری بکا لەسەر لادان یا برینی ئەو لقەدارە یا ئەو ریشەیە • ئەگەر ئەو کەسە گوی‌ی نەدایە، ئەتوانی شکات بەریتە لای قاضی • وە ئەگەر قاضی نەبوو ئەوە بوخـــوی دروستە ئەو لقەدارە یا ئەو ریشەیە ببری بو ئەوەی زیانی لی‌نەکەوی •

باسی حەواله

حەواله بریتی‌یە لە عەقدیك کە ببی بەهوی لادانی حەقیك لەئەستوی کەسیکا بو ئەستوی کەسیکی‌تر • حەواله پیویستی بە حەوت شت هەیە :

حەواڵەکەر ، حەواڵەکراو ، حەواڵە بو سەرکراو ، قەرزی حەواڵەکەر لەسەر ئەوکەسەی حەواڵەکەی کراوەتەسەر ، قەرزی حەواڵەکراو لەسەر حەواڵەکەرەکە ، صیغەی ئیجابو قەبوول مەسەلا حەواڵەکەرەکە بلی بە حەواڵەکراوەکە وا حەوالەم کردی بوسەر فلانکەس بو وەرگرتنی ئەو حەقەی کە هەتە بەسەر منەوە لەو کەسە ، وە ئەویش بلی وا قەبوولم کرد •

بو دامەزرانی حەواڵە پیویستە کابرای حەواڵەکەرو حەواڵەکراو رازی بن • ئیتر رەزامەندیی حەواڵە بو سەرکراوەکە پیویست نییە • هەروەها پیویستە هەردوو قەرزەکە یەعنی قەرزی کابرای حەواڵەکراو لەسەر حەواڵەکەرەکە ، وە قەرزی کابرای حەواڵەکەر لەسەر کابرای حەواڵە بو سەرکراوەکە ثابت بن ، کەواتە دروست نییە حەواڵە بوسەر کەسی کە قەرزی لەسەر نەبی • وە دروستە حەواڵەکردنی قەرزیك کە ئیستە لازم بی یا لەمەوپاش لازم ببی وەك حەقی مالی کراو لەماوەی حەقی پەشیمان بوونەوەدا •

هەروەها دروستە حەواڵە لەسەر قەرزیك کە ئەمەیلا لازم ببی خاوەن وینەدار (مثلی) بی وەك ئەوەی بەکیشانەو پیوانەو پیوان ئەندازەی دەرئەکەوی وەك گەنمو رونو پارەی نەخت ، یا تەماشای نرخی بکری (متقوم بی) وەك حەیوانات • کەواتە حەواڵە کردنی قیمەتی مالی فروشراو لەماوەی پەشیمانبوونەوەدا دروستە • هەروەها حەواڵەکردن بوسەر قیمەتی ئەو ماڵە فروشراوەش دروستە لەوماوەیەدا • وە لەمصوورەتەدا ئەگەر مالکرەکە موعامەلەکەی بردەسەرو پەشیمان نەبووەوە ، ئەوە پارەکە ئەداو حەواڵەکە بە دروست دەرئەچی • وە ئەگەر پەشیمان بووەوە ، حەواڵەکە بەتال ئەبیتەوە •

شەرتە حەواڵەکەرو حەواڵەکراو ئەندازەی ئەو حەقە بزانن کە

حەواله ئەکری لە گەل ئەندازەی ئەوحەقەدا کە حەوالەی کراوەتەسەر • هەروەها ئەبی صیفەتی ئەو حەقانەیش بزانن ئاخو حازرن یا وەعدەدارن ، ئالتوونن یا زیون • وە شەرتە هەردوو حەقەکە بەقەددر یەک بن لە جینس و لە ئەندازەو صیفەتا ، وە لەحازریی و وەعدەداریدا • کەواتە حەوالـــەی زیو بـــو سەر ئالتوونو پیچەوانەی ئەمە بەتالن • هەروەها حەوالەی نـو درهەم بوسەر دە درهەم بەتالە مەگەر بلیت حەوالەم کرد بو نو درهەم لەو دە درەمە • وە قەرزیک کە وادەی هاتبی حەوالە ناکری بوسەر قەرزیک کە هیشتا وادەی نەهاتبی •

بەهوی حەوالەوە ، حەوالەکەر لە قەرزی حەوالەکراو ، وە حەواله لەسەرکراو لە قەرزی حەوالەکەر رزگار ئەبن • وە حەقی حەوالەکراوەکە نەقل ئەبی بو ئەستوی حەواله لەسەرکراوەکە•جا ئەگەر قابیل نەبوو کابرای حەوالەکراو حەقەکەی وەربگری لە کابرای حەوالە لەسەرکراو ، خـوای لەبەر لاتی یا لەبەر مانیعیکی تر وەکو مردن، ئەوە حەوالەکراوەکە ناگەریتەوە بوسەر کابرای حەوالەکەر ، چونکە وەختی خوی قوصووری کردووە کە ورد نەبوەتەوە لە حالی حەواله بوسەر کراوەکەو ئەو حەوالەیەی قەبوول کردووە •

ئەگەر کریار فروشیاری حەواله کرد بو سەر کەسیک،وە لەئەنجاما بەهوی عەیبەوە مالەکەی ناردەوە بو فروشیارەکە ، ئەوە ، ئەو حەوالەیشە بەتـال ئەبیتەوە • بەلام ئەگەر فروشیار کەسیکی حەواله کردبوو بوسەر کریارەکە بەو ئەندازە پارەیە ، وە کریار مالەکەی بەهوی عەیبەوە ناردەوە ، ئـــەوە حەوالەکە بەتال نابیتەوە • جیاوازیی ئەم دوو مەسئەلەیە ئەمەیە لە یەکەمیانا حەوالەکە وا لەبەینی مالکرو مالفروشدا ، وە قیمەتی مالەکەیش بەهـوی هەلوەشاندنەوەی بەیعەکەوە لەئەستوی کریاردا نەماوە ، بەلام لەدووهەمدا

هەرچەند بەیعەکە هەلوەشێنراوەتەوەو قیمەتەکەی لەسەر کریار نەماوە ، بەلام حەقەکە چووەتە ئەستوی کەسیکی‌تری غەیری کریارو فروشیار ، وە حەقی ئەو بەهوی هەلوەشاندنەوەی عەقدەکەوە لاناچی[1] ، وە کریار کە پارەکەی دا بە کابرای حەوالەکراو ، ئەگەریتەوە بو سەر فروشیار ، وە ئەو پارەیەی لی ئەسینیتەوە •

ئەگەر قەرزارەکە وتی بەو کەسە کە ئەلی حەوالە کراوم من توم حەوالە نەکردووە ، بەلکو توم کردووە بە وەکیلی خوم ئەو حەقەم بو وەربگری کە لەسەر فلان کەسە ، ئەویش وتی نەخەیر حەوالەت کردووم ، ئەوە باوەر بە کابرای قەرزار ئەکری لەریگای سوینەوە • هەروەها ئەگەر قەرزارەکە وتی بەلی من لەفظی حەوالەم بە دەما هاتووە ، بەلام مەبەستم وەکالەت بووە ، وە خاوەن قەرزیش وتی نەخەیر مەبەستت حەوالە بووە ، ئەوە هەر قەرزارەکە سویند ئەدری •

ئەگەر کابرای قەرزار وتی من توم حەوالە کردووە بو سەر فلانە کەس ئیتر حەقت لەسەر من نەماوە ، ئەویش وتی نەخیر من وەکیلی تو بووم بو داواکردنی قەرزەکەت لەو شەخسە ، وە حەقی من وا لەئەستوی تودا ، ئەوە ئەم خاوەن‌قەرزە کە ئیدیعای وەکالەت ئەکا سویند ئەدری‌و باوەری پی‌ئەکری •

باسی ضامني

ضامنی بریتی‌یە لەوە کەسیك بروانە ژیر ئەوە کە حەقیك کە بەسەر یەکیکەوەیە ، بیداتەوە یاخود کەسیك یا عەینی مالیك لە وەختیکی تایبەتی‌یا

---

(١) وەك ئەوە کە فروشیار تەصەروف بکا لەو مالەدا کە وەری‌گرتووە لەکریار ، مەسەلا بیبەخشی ، وە پاشان کریار مالەکە بەهوی عەیبەوە بداتە دواوە •

حازر بکا • ئەم ضامنی‌یە وەستاوە لەسەر بوونی (ضامن) کە ئەوکەسەیـــە ئەرکەکە ئەگریتە ئەستوی خوی ، وە (مضمون‌لە) کە ئەو خاوەن‌حەقەیـــە ئەرکەکەی بو ئەگیریتە ئەستو ، وە (مضمون عنە) کە ئەوکەسەیە حەقەکـە لەجیاتیی ئەو ئەدریتەوە ، وە (مضمون) کە تەســـــلیم کردنی مالەکە یا حازرکردنی کەسەکە یا مالەکەیە ، وە (صیغە) کە ئەو قسەیەیە بە دەمـــی کابرای ضامندا دیت •

شەرتی (ضامن) ئەوەیە کە روشدی ببی • کەواتە دروست نی‌یــە مندال‌و شیت‌و سەفیە ببن بە ضامن • وە ضەمانەتی کەسیك کە حیجـــری لەسەر دانرابی بەهوی لات‌کەوتنەوە وەك ئەوە وایە کە شتیك بکری ، یەعنی مادەم ئەو ضەمانەتە لەسەر (ذمّە) بی ئەوە دروستە ، لەبەرئەوە کە ئـــەم کابرای لات‌کەوتووە هەرچەند نەتوانی حەقە ضەمانەت بوکراوەکە لە مالی خوی جی بەجی بکا ، قابیلە لە دواروژا مالی دەس‌بکەوی‌و جی‌بەجی‌ی بکا • فەرموودەی راستتر ئەوەیە ئەبی کابرای ضامن شەخصی ئەوکەسە بناسی کە ئەبی بە ضامنی حەقەکەی،بەلام قەبوول‌و رەزامەندی‌ی ئەوکەسە پیویست‌نی‌یە چونکە ضەمانەت عەقدی گورینەوە (معاوضە) نی‌یە ، وە هەر ئەوەندەیە کە ئەم ضامنە ئەو حەقە ئەگریتە ئەستوی خوی • هەروەها بە قەطعی پیویســت نی‌یە رەزامەندی‌ی ئەوکەسە کە ئەم شەخصە ئەبی بە ضامنی ، هەروەهـــا ناسینیشی پیویست نی‌یە • وائەبی کەسیك حەقیك ئەداتەوە کە بەســــەر کەسیکی‌ترەوەیە تەنها لەبەر رەزای خوا ، بـــــەبی‌ئەوە بیناسی‌و ئەویش پی‌ی‌بزانی •

شەرتی (مضمون)یش ئەوەیە حەقیکی (ثابت) دامەزراو بی • بەلام مەذهەبی ئیمام لەسەر ئەوەیە (ضمان الدرك) دروستە کە بریتی‌یە لـــەوە پاش‌ئەوە کەسیك مالیکی فروشت‌و پارەکەی وەرگرت ، یەکی ببی بە ضامنی

ئەوپارەیە کە کریارەکە تەسلیمی کردووە ئەگەر مالە فروشراوەکە بە مالی غەیر یا عەیبدار دەرچوو یاخود ناتەواو بوو • یا ببی بەضامنی ئەو عەینـــە کە فروشیار فروشتوویەو قیمەتەکەی وەر گرتووە ، ئەگەر ئەو قیمەتە بـــە مالی غەیر دەرچوو • هەروەها شەرتە ئەو حەقە (لازم) پیویست بی ئیستە یا لەمەوپاش • کەواتە دروستە ضەمانەتی قیمەتی مالی فروشراو لەماوەی حەقی پەشیمان بوونەوەدا • هەروەها دروستە ضەمانەتی ئەومالەی بریار دراوە بو کریکاری (جعالە) بو ئەو ئیشەی کە بریار دراوە بیکا • هەروەها شەرتـــە ئەوحەقە مەعلووم بی • کەواتە ضەمانەتی حەقی نامەعلووم دروست نی‌یـە تەنها لە وشتری (دیە)دا نەبی کە حەقی خوینی کەســـیکی کـــوژراو یا ئەندامیکی لەشی ئینسانە • ئەگەر کابرای ضامن وتی وا بووم بە ضامنـــی ئەوحەقەی کە تو هەتە بەسەر فلانەکەسەوە لە درەمیکەوە تا دە درەم ، ئەوە دروستە ، وە لەسەر ئەمقسەیە کابرا ئەبی بە ضامنی نو درەم •

(بزانن) هەروەکو ضەمانەتی نامەعلووم دروست نی‌یە ، (ابراء) یەعنی ئازادکردنی کەسیکیش لە حەقیکی نامەعلووم دروست نی‌یـــە • دریژەی باسی (ابراء) ئەمەیە : (ابراء) چەند شەرتیکی هەیە یەکەم ئەوەیە ئەوکەسە کە یەکیك ئازاد ئەکا ئەبی خاوەن روشد بی • کەواتە ئازادکردن لەلایەن مندال‌و شیت‌و نەفامەوە دروست نی‌یە • دووهەم ئەوەیە ئەوکەسە لەوانەبی بتوانی پیاوەتی‌و خیر لە مالی خویدا بکا • کەواتە کەسیکی حیجر لەســـەر دانراو بەهوی لاتکەوتووی‌یەوە دروست نی‌یە قەرزاری خوی ئازاد بکا • سیهەم ئەوەیە ئەو ئازادکردنە بو ماوەیەکی تایبەتی نەبی • کەواتە دروست نی‌یە یەکی بلی بە قەرزاری خوی وا توم ئازادکرد لەماوەی سالیکـــدا • چوارەم ئەوەیە ئەو ئازادکردنە بە شەرت نەبی • کەواتە ئەگەر یەکیك وتی بە قەرزارەکەی هەرکاتیك جەژنی رەمەزان هات ئازادبە لەوقەرزە ئـــەوە بەتالە • بەلام بەستنی ئازادکردن بە مردن‌و پاش مردنەوە دروستە • کەواتە

ئەگەر کەسیك بلیت هەرکاتی کە مردم فلان کەس ئازاد بی لەوقـــەرزەی لەسەریەتی ، ئەوە دروستەو بە وەصیەت دادەنری • جا ئەگەر ئەو قەرزە لە سیەیەکی مالی کابرا زیاتر نەبوو ، وە ئازادکراوەکەش میراث گری ئـــەم خاوەنقەرزە نەبوو ، ئەوە ئازاد ئەبی • وە ئەگەر قەرزەکە زیاتر بوو لــە سەیەك ، یاخود کابرا میراث گری خاوەنقەرزەکە بوو ، ئەوە بە بی ریگادانی میراث گرەکانی تر دانامەزری[1] • پینجەم ئەوەیە ئەو شتەی کابرای لی ئازاد ئەکا عەین نەبی • کەواتە ئەگەر یەکیك کتیبیکی لای کەسیك هــەبی ، وە پی ی بلیت وا لەو کتیبە ئازادم کردی ئەوە بەتالە • بەلکو ئەبی بە نەذر یا بە بەخشین یا بە وەقف مەسەلا بیداتی • شەشەم ئەوەیە ئەندازەی ئەومالــــە دیاری بی • جا ئەگەر شوینەکە شوینی گورینەوە بوو وەك ئەوە ژنیـــك میردەکەی ئازاد بکا لە مارەیی یەکەی بەرابەر بەوە کە ئەویش تەلاقی بدا ، ئەوە پیویستە هەردولا یەعنی ئازادکەرو ئازادکراو بە ئەندازەی ئەو مالــە بزانن • وە ئەگەر شوینی گورینەوە نەبوو ، ئەوە هەر زانستی کابـــرای ئازادکەر پیویستە • کەواتە ئەگەر کەسیك حەقیکی لەسەر کەسیك هەبی و نەزانی چەندە ، وە بلی ئازادم کردی لە هەر حەقیك کە لەسەرتە ، ئەوە ئەو ئازادکردنە بەتالە • وە ریگەی ئازادکردن لە شتی نادیاری ئەوەیە کابـــرا ناوی ئەندازەیەك ببا کە قەرزەکە لەوە کەمتر نەبی ، وە لە ژووریشـــیەوە ناوی ئەندازەیەك ببا کە لەوە زیاتری لەسەر کابرای قەرزار نەبی ، مەسەلا بلیت لە فلسیکەوە تا هەزار دینار حەقم لەسەر تو گەردنت ئازادبی لی ی • ئەوە لەمصوورەتەدا دروستە •

(بزانن) حوکمی دروست نەبوونی ئازادبوون لە نامەعلووم بو دنیایە بەلام بو قیامەت دروستەو کابرای ئازادکراو لە قیامەتا پرسیاری ئەو حەقەی

---

(١) بو میراث گرەکە لە هیچیا ، وە بو بیگانەکە لە ئەندازەی زیادەی لە سیەیەکەکەدا •

لی ناکری وەك (شیروانی) ئەیگێڕیتەوە لە (علی‌الشبراملسي)یەوە • هەروەها حەقی غەیبەت ئەوە ئەگەر نەگەیشتبووەوە بە کابرای غەیبەت‌کراو ، کابرای غەیبەت‌کەر رزگار ئەبی بەوە کە داوای لی‌بووردن بکا لە خوا بەرابەر بەو گوناهە • بەلام ئەگەر گەیشتبووەوە بە کابرای غەیبەت‌کراو ، ئەبی باسی ئەو قسانەی لابکا کە لەبارەی ئەوەوە کردوویەتی ، وە داوای خوش‌بوونی لی‌بکا تا ئەویش ئازادی بکا ، هەتاوەکو ئەگەر بەرابەر بە مالی دنیایش لی‌ی رازی ببی تەسلیمی بکا • بەلی ئەگەر لە باس‌کردنی ئەوقسانەدا ترسی فیتنەو ئاشووب هەبوو ، ئەوە دروستە باسیان‌نەکاو داوای خوش‌بوون بکا لە بارەگای خوادا • هەروەها ئەگەر کەسیك خەیانەتی لە ناموسی کەسیك کردبی ، وە ترسی بەرپابوونی ئاشووبی هەبی ئەگەر بیگێڕیتەوە بو ئەوکەسە، ئەوە لەم‌حالەشا ئەوەندە بەسە کە لەدلی خویا پەشیمان ببیتەوەو داوای خوش‌بوون بکا لە بارەگای **خوادا** •

حەوتەم ئەوەیە کابرای ئازادکراو مەعلووم بی • کەواتە ئەگەر کەسیك قەرزی لەسەر دووکەس هەبوو ، وە وتی وا یەکیك لە ئیوەم ئازاد کرد ، ئەوە بەتالە • وە پیویستە شەخصی ئازادکراو دیاری بکری •

باسی کەفالەت

مەذهەبی ئیمامی شافیعی خوای لی رازی‌بی لەسەر ئەوەیە دروستە کەسیك ببی بە کەفیل بو حازرکردنی کەسیك لەکاتیك‌و شوینیکی دیاری‌یا• کەواتە دروستە یەکیك ببی بە کەفیل بو حازرکردنی کەسیکی قەوزاو لە دادگادا • پیویستە بو دروست‌بوونی کەفالەت ئەو کەفیلە بزانی ئەومالەی لەسەر کابرای کەفالەت کراوە چەندیکە • هەروەها پیویستە ئەوحەقەی کە لەسەر کابرای کەفالەت‌کراوە لەوانەبی دروست‌بی یەکیك ببی بە ضامنی • دروستە کەفالەت بو حازرکردنی کەسیك کە تاوانیکی کردبی‌و

حەقی ئینسانیکی لەسەر بی وەك حەقی خوین (قصاص) • بەلام دروست نی‌یە لە حەدی خوادا وەك حەدی شەراب خواردنەوە • دروستە کەفالەتی حازرکردنی منداڵو شیتو زیندانی‌و نادیارو مردوو بوئەوەی شاهیدی لەبارەی سەرو صوورەتیانەوە بدری • جا ئەگەر شوینیك ناوبرا بو حازر کردنی شەخسەکە ئەوە باشە • ئەگینا پیویستە لەشوینی کەفالەتەکەدا حازریان بکاو بەو حازرکردنە کەفیلەکە رزگار ئەبی ، بەوشەرتە لەوشوینەدا شتیك ری‌نەگری لە وەرگرتنی شەخسە حازرکراوەکە • هەروەها کەفیلەکە رزگار ئەبی ئەگەر ئەوکەسەی کەفالەتەکەی کراوە بە نەفسی خوی حازر ببی‌و بلی وا خوم دا بەدەستەوە لەجیاتی‌ی کەفیلەکەم • بەلام ئەگەر ئەم قسەیە نەکا ئەوە بی‌سوودەو کەفیلەکە رزگار نابی •

ئەگەر ئەوکەسەی کەفالەتی کراوە دیار نەبوو ، وە شوینیشی نەئەزانرا، ئەوە واجب نی‌یە لەسەر کەفیلەکە بگەری بەدوایا چونکە ئەوە ئەبی بە زەحمەتیکی ناہار ، وە کەفیلەکەیش باوەری پی‌ئەکری کە سویندی خواردو وتی ئاگام لە شوینی نی‌یە • وە ئەگەر شوینەکەی دیاری بوو ئەوە ئەبی بروا بەدوایاو حازری بکا لەوشوینەدا کە بریاری لەسەر دراوە ، وە مولەتی ئەدری بوماوەی رویشتن‌و هاتنەوەی • وە ئەگەر ئەوماوەیە رابووردو شەخسەکەی حازر نەکرد ، ئەوە کەفیلەکە ئەخریتە زیندانەوە تا کابرا خوی ئەدا بەدەستەوە • بەلی ئەگەر کەفیل ئەو مالەی دا کە داوای ئەکری لە کابرای کەفالەتکراو ، ئەوە بەرەلا ئەکری • فەرموودەی راستتر ئەوەیە ئەگەر ئەو کابرایە مردو خرایە قەبرەوە ، ئەوە داوای مالەکە لە کەفیلەکە ناکری ، هەتاوەکو ئەگەر وەختی خویشی شەرت‌کرابوو لە کەفالەتەکەدا ئەگەر کابرا حازر نەبوو کەفیلەکە ئەو مالە بدا ، ئەوە ئەو کەفالەتە بەتالە •

(بزانن) کەفالەت بە بێ‌ڕەزامەندی‌ی ئەو کەسەی کەفاەتی ئەکری ، بەتالەو دانامەزری •

شەرتە لە ضەمانەت‌و کەفالەتا لەفظێکی وەها ببێ کە ئەوە بگەیەنێ ئەم کەسە رویشتوەتە ژێر ئەوماە تەسلیمی بکا ، یا لەئەستوی خوی گرتووە ئەوکەسە حازر بکا • مەسەلا بلیت وا بووم بە ضامنی ئەو قەرزە کە تو هەتە لەسەر فلانەکەس ، یا ئەو قەرزم هەلگرت ، یا وا ئەوقەرزەم خستە گەردنی خوم ، یا وا بووم بە کەفیلی ئەوکەسە کە لە فلان‌روژا حازری بکەم یا مـن کەفیلی حازر کردنی ئەوشەخصەم • ئەگەر وتی من ئەوحەقە جێ‌بەجێ ئەکەم یا وتی ئەوشەخصە حازر ئەکەم ، ئەمە بە وەعدە دائەنری وە نابێ بە ضەمانەت یا بە کەفالەت ، چونکە لەفظێکی تیا نی‌یە ئەوە بگەیەنی چوەتە ژێری ئەوە کەئەوشتە بداتەوە ، یا ئەو شەخصە حازر بکا • فەرموودەی راستتر ئەوەیە دروست‌نی‌یە ضەمانەت یا کەفالەت ببەسرین بەشتێکەوە ، مەسەلا بلیت ئەگەر باوکم رازی‌بوو وا ئەوحەقەم گرتە گەردنی خوم یا وا بووم بە کەفیلی ئـەو شەخصە حازری بکەم • بەلی ئەگەر بە یەکجـــاری بریاری ضەمانەت یا کەفالەتەکەی‌دا ، وە شەرتی ئەوەی‌کرد کە لەپاش مانگی ئەوحەقە جێ‌بەجێ بکا یا شەخصی فلان‌کەس حازر بکا ، ئەوە دروستە • فەرموودەی راستتـر ئەوەیە دروستە ضەمانەتی قەرزی حازر بە قەرزی وەعدەدار مەسەلا بلیت وا من‌بووم بە ضامنی ئەو قەرزە حازرە کە هەتە بەسەر فلان‌کەســەوە لەپاش مانگێک تەسلیمی بکەم • هەروەها دروستە ببێ بە ضامنی قەرزی وەعدەدار بە حازر • بەلام واجب نی‌یە لەسەری گورج ئەو حەقە بداتەوە •

(بزانن) دروستە بو خاوەن‌حەق داوای حەقەکەی لە ضامنەکە بکا یـا لەوەی کە حەقەکەی بەلاوەیە • دروست‌نی‌یە ضەمانەت کردنی قەرزێـك بەوشەرتە کە ئەوکابرایەی حەقەکەی بەلاوەیە ئازاد ببێ چونکە مەعنـــای

ضەمانەت ئەوەیە ئەوەی حەقەکەی بەلازەیە قەرزارە • کە ئەو ئازاد بوو ئیتر مەعنای ضەمانەت چییە ؟ کەواتە دروست نییە میراتگر بلیت بە یەکیك کە قەرزی لەسەر مردوەکەی هەبی وا بووم بە ضامنی ئەو قەرزە بەوشەرتە گەردنی مردووەکەم ئازاد بکەی • وە ئەگەر خاوەنقەرزەکە لەسەر ئەم بریارە مردوەکەی ئازادکرد ، ئەوە ئەو ئازادکردنە بەتالە چونکە ئەو بەگومانی ئەوە ئازادی کردووە کە ضەمانەتەکە دائەمەزری ، وە صەمانەتەکەیش بەتال بووە • کەواتە ئەم ئازادکردنەیش بەتالە • ئەگەر خاوەنقەرز قەرزارەکەی ئازاد کرد ضامنەکەیش رزگار ئەبی بەلام پیچەوانەی ئەمە نییە ، یەعنی ئەگەر کابرا ضامنەکەی لە ضەمانەت یا لە حەقەکەی ئازادکرد قەرزارەکە ئازاد نابی • ئەگەر یەکیك لە قەرزاروو لە ضامن وەفاتی کرد،ئەوە هەر حەقیکی وەعدەدار لەسەر مردوەکە هەبی ئەبی بە حازر لەبەرئەوە کە مردوەکە لەپاش مردن (ذمّە)ی نامینیو حەق رووئەکاتە میراتەکەی • کەواتە ئەگەر قەرزارەکە مرد ، بو خاوەنقەرز دروستە بیت حەقی خوی لە میراتی ئەو کابرا وەربگری • وە ئەگەر ضامنەکە مرد دروستە بو خاوەنحەق بیت حەقەکەی لە میراتی ئەم وەربگری ، جا کە وەری گرت میراتگری ضامنەکە ئەرونە سەر کابرای قەرزارو حەقی خویانی لیوەرئەگرنەوە• هەرکاتیك خاوەنحەق داوای حەقەکەی کرد لە ضامنەکە، دروستە بو ئەو ضامنەش بروا داوای حەقەکەی بکا لە قەرزارەکە بوئەوەی تەسلیمی خاوەن حەقەکەی بکا بەوشەرتە بە ئیذنی ئەو بووبی بە ضامن • فەرموودەی راستتر ئەوەیە تا داوای حەقەکە نەکری لە ضامنەکە دروست نییە ئەم بروا داوای ئەوحەقە بکا لە قەرزارەکە • وە ئەگەر حەقەکەی لە مالی خوی دایەوە ئەتوانی بچیتەسەر قەرزارەکەو هەرچی داوە بە خاوەنحەق لەوی وەربگریتەوە بەوشەرتە ئەم ضامنە لەسەر ئیذنی ئەو قەرزارە بووبی

به ضامن وه لەسەر ئیذنی ئەویش قەرزەکەی دابیتەوە • هەروەها ئەگەر تەنها ئیذنی لە ضەمانەتەکەدا دابی • وە ئەگەر نە ئیذنی لە ضەمانەتەکەدا دابوو وە نە لە بژاردنەوەی حەقەکەدا ، ئەوە ناتوانی بگەڕێتەوە سەر قەرزارەکە بۆ داوای بژاردنەوەی ئەوەی داویەتەوە • هەروەها ئەگەر هەر ئیذنی بۆ دانەوەی حەقەکە دابی ، چونکە دانەوەی ئەو حەقە لەسەر ئەساسی ضەمانەتەکەیەو ئەویش ئیذنی بۆ ضەمانەت نەداوە • ئەگەر ضامنەکە سکەیەکی مەخشووشی دا بە خاوەنقەرزەکە لەجیاتیی سکەی پاك ، یاخود صولحی کرد لەگەلیا کە لەجیاتیی صەد دینار قەرز پارچەو کەلوپەلی بداتی ، ئەوە فەرموودەی راستتر ئەوەیە ئەگەڕێتەوە بۆسەر خاوەنقەرزەکە بەوئەندازەیە کە داویەتی بە خاوەنقەرزەکە ، وە ناتوانی داوای ئەندازەی قەرزەکەی لیبکا • ئەگەر کەسیك قەرزیکی دایەوە لەجیاتیی قەرزاریك بە بیئیذنی ئەوو بە بیضەمانەت ، ئەوە حەقی نییە بگەڕێتەوە بۆسەر ئەو قەرزارە • بەلی ئەگەر ئیذنی دابوو قەرزەکەی بۆ بداتەوە بە شەرتی گەرانەوە بۆسەری ، ئەوە حەقی گەرانەوەی هەیە • هەروەها ئەگەر ئیذنەکەی بە بیشەرتی گەرانەوە بی وە ئەم شەخصەیش کە قەرزەکەی دایەوە نیازی خیرو پیاوەتیی نەبوو ، ئەوە هەر حەقی گەرانەوەی هەیە • فەرموودەی راستتر ئەوەیە صولحکردنی ئەم شەخصە ریگادراوە لەگەل خاوەن قەرزەکەدا لەسەر غەیری جینسی قەرزەکە نابی بە مانیعی ئەوە کە بگەڕێتەوە بۆسەر قەرزارەکە بۆ داوای بەدەلی ئەوەی داویەتی بە خاوەنحەقەکە • هەروەها ئەگەر کەسیك بلی بەکەسیکیتر مەسرەفی رۆژانەی ژنو منالەکەم بدە ، یاخود دیلیك بلی بە یەکیك ئەوەندە پارە بدە بە فلانکەس بۆئەوە رزگار ببم ، یاخود بلی بە یەکیك ئالفو ئالیك بدە بە ولاخەکەم ، ئەوە لە هەموو ئەم صوورەتانەدا دروستە بۆ ئەوکەسە کە مەسرەفەکەی کردووە بگەڕێتەوە بۆسەر کابرا •

(بزانن) پیویستە بو گەرانەوەی ضامن بوسەر قەرزار ئەمە کـە دزو پیاو یا پیاویكو دوو ژن بكا بە شاهید لەسەر تەسـلیمی حەقەکە بـە خاوەنحەق • هەروەهایە ئەگەر تەنها شاهیدیك بگری ۆە لە وەختی خویا ئەگەر کابرا باوەری نەکرد بە دانەوەی حەقەکە سویندی لەگەل بخوا،ئەگینا مادام ئەم شەخصە ضامنەو شەخصی قەرزەوبژیر شاهید نەگرن ، وە کابرای قەرزار حازر نەبی وە باوەر نەکا بەمان کە ئەوحەقەیانە داوەتەۆە ، ئـەوە حەقی گەرانەوەیان نییە • هەروەها ئەگەر قەرزارەکە باوەریشیان پیبکا چونکە مادام شاهید لەسەر تەسلیمي حەقەکە نییە ، ئەم قەرزارە قازانجـی دەسنەکەوتووە لەوە کە ئەوان حەقەکەیان تەسلیم کردووە • بەلی ئەگەر کابرای خاوەنحەق باوەریان پیبکا لە دانەوەی حەقەکەدا ، یاخـود بە حوضووری قەرزارەکە حەقەکەیان دابیتەۆە ئەوە حەقیان هەیە بگەرینەۆە بو سەریو هەر ئەندازەیەکیان داوە وەریبگرنەوە •

باسی شەراکەت

شەراکەت چەند جورە • یەکەم : شەریکایەتییە بە لەش • مەسەلا چەند کولهەلگریك یا چەند دارتاشیك ببن بە شەریك لەسەر ئەو ئەساسە کە کاسبییەکەیان کە بە لەشی خویان ئەیکەن شەریکی بي لەبەینیانا خوای کاسبییەکەیان ئەوەندەی یەك بی یا کەمو زیاد بی ، وە سـنعاتەکەیان یەكجور بی وەك وتمان یا چەند جوری جیاجیا بی • دووهەم : شەراکەتی مفاوضەیە کە بریتییە لـەوە چەند کاسبیك بریار بدەن کە کاسبییەکەیان لەبەینیانا بی ، وە هەر قازانجو زیانیکیان هەبی بەیەکەوە وەریبگرن یـا بیبژیرن • سیهەم : شەراکەتی وجوهە ، بەمنەوعە کە دوو پیاوی خاوەن شانوشکو ببن بە شەریك لەسەر ئەو ئەساسە کە هەردوکیان مال بکرن بە

حازر یا بە قەرز ، وە کاتێك کە ماڵەکەیان فرۆشت هەرچی زیاد بوو لە قیمەتی ئەوماڵە لەبەینیانا بێ • ئەم سیەجورە هەرسێکیان بەتاڵن ، وە هەرکەس لەمشەریکانە کاسبی‌ی خوی بو خویەتی،وە قازانجی ئەوماڵەی کە کریویەتی بوخویەتی ، وە هەرکەسیان ماڵی کەسیکی‌تری لابێ بە ئەمین ئەناسری لەسەر ئەوماڵە چونکە عەقدی دانەمەزراو حوکمی عەقدی دامەزراوی هەیە لە ضەمانەت‌و ئەمانەتا ، وە مەعلوومە کە شەریك بە شەراکەتی راستی بە ئەمین دائەنری • هەرووەها ئەگەر ئەم دوو شەریکە یا یەکیکیان هەندیك ماڵ بداتە دەستی کەسیك کە موعامەلەی پی‌بکاو قازانجی پێ پەیدا بکا ، ئەوە عامیلەکە حەقی کری‌ی‌هاوچەشنی خوی هەیە لەوماوەیەدا کە ئیش ئەکا ، وە هەر قازانجیك ببێ هی خاوەن‌ماڵەکەیە•

چوارەم : شەراکەتی عینانە • ئەم شەراکەتە بریتی‌یە لەوە کە چەندکەس ماڵیکی وینەدار (مثلی)یان ببێ ، وە تیکەڵی بکەن بو موعامەلە پی‌کردن • ئەم شەراکەتە دروستەو چوار روکنی هەیە (عاقد) کە شەریکەکانە ، وە (معقود علیه) کە ماڵە تیکەڵ‌کراوەکەیە ، وە (عمل) کە موعامەلەو کرین‌و فروشتنە لەوماڵەدا ، وە (صیغه) کە ئەو لەفظەیە شەراکەتەکە ئەگەیەنێ •

شەرتی عەقدکەر (عاقد)ەکان ئەوەیە لایق بن بو وەکیل گرتن‌و بوئەوە کە ببن بە وەکیل • وە شەرتی ماڵە عەقد لەسەرکراو (معقود علیه)ەکە ئەوەیە وینەدار (مثلي) بێ وەك پارەی نەخت‌و گەنم‌و وون ، وە تیکەڵ بکرین بەجوریك کە لەیەك جیانەبنەوەو فەرقیان نەخری ، یاخود هەر لەبنچینەدا تیکەڵ بن وەك ماڵیك کە بە میرات بگاتەوە بە چەند میراتگریك وە بە شەراکەت موعامەلەی پی‌بکەن • وە ئەگەر ماڵیکي قیمەت بو دانراو (متقوم) هەبێ وەك حەیوانات‌و پیتاك ، ئەوە ریگەی شەراکەت لەوجورە ماڵەدا ئەوەیە هەرکام لە شەریکەکان هەندیك لە ماڵەکەی بفروشی بە

شەریکەکەی بە هەندیك لە مالەکەی ئەو ، وە هەروەها تا هەموو ئەو جەماعەتە ببن بە خاوەن‌مال لە بەشی شەریکەکانیشیانا • (عمل)یش بریتی‌یە لەوە کە لەناو عەقدی شەراکەتەکەدا باسی ئەکەن و هەرکام لە شەریکەکان ئیذنـــی ئەوانی‌تریان ئەدات کە بیکەن •

شەرتی لەفظی عەقدەکەیش ئەوەیە لەفظیك بی ئەوە بگەیەنی کـــە هەرکام لە شەریکەکان ریگای شەریکەکانی‌تر بدات بو تەصەروف‌کـردن لەومالەدا وە بو موعامەلە پی‌کردنی • ئیتر پیویست نی‌یە ئەندازەی مـــالی شەریکەکان ئەوەندەی یەك بی • هەروەها پیویست نی‌یە لەکاتی عەقـدی شەراکەتەکەدا ئەو شەریکانە بەئەندازەی مالەکەیان بزانن ، بەوشەرتـــە قابیل‌بی پاش عەقدەکە بەوئەندازەیە بزانن بەهوی تەماشا کردنی دەفتەر یا بەیان‌کردنی وەکیل یا هەر هویەکی‌ترەوە •

هەرکام لەوشەریکانە کە موعامەلە ئەکا بەومالە پیویستە تەصەروفەکەی بی‌زیان بی • کەواتە موعامەلە بە قەرز ، یا فروشتن بە غەیری نەختی ئەو ولاتە ، یا بە زەرەر ، یا سەفەرکردن بەومالەوە بەبی‌ریگادانی هەمـــوو شەریکەکان دروست نی‌یە •

ئەم شەراکەتە هەل‌ئەوەشیتەوە بە مردن یا شـــــیتی یا بی‌هوشی‌ی هەموویان یا بەعزیکیان • هەروەها بەتال ئەبیتەوە بەوە کە مەنعی یەکتـــر بکەن لە تەصەروف کردن لەومالەدا • وە ئەگەر یەکیکیان مەنعی تەصەروفی کرد لە شەریکەکەی ، ئەوە تەصەروفی شەریکەکەی بەتالە ، بـــەلام تەصەروفی ئەم شەخصە خوی دروستە هەتا شەریکەکەی مەنعی ئەکا •

کاتیك کە شەریکەکان موعامەلەیان کردو قازانج پەیدا بوو ، ئـــەو قازانجە بەش‌ئەکری لەبەینیانا بەپی‌ی ئەندازەی سەرمایەکەیان ، خـــواه شەریکەکان ئەوەندەی یەك ئیشیان کردبی یا نە • وە ئەگەر شەرتی ئەوەیان

کرد کە قزانج بەپێی ماڵەکەیان نەبێ ، ئەوە شەراکەتەکەیان بەتاڵە ، وە هەرکامیان قازانجی بەپێی ماڵەکەی دەسگیر ئەبیو ئەچێتە سەر شەریکەکانی‌تر بو داوای کرێی ئەو ئیشە کە لەبەشی ئەوانا کردوویەتی •
وە هەر تەصەروفیکیشان لەوماڵەدا کردبێ دروستە چونکە هەرچەند عەقدی شەراکەتەکەیان بەتاڵ بێ ، بەلام هەرکامیان ریگای ئەوی‌تریانی داوە تەصەروف بکا لە ماڵەکەدا •

(بزانن) دەستی شەریك لەسەر ماڵی شەریکەکەی دەستی ئەمانەتە ، وە قسەی قەبوول ئەکری لە ئیددیعای ناردنەوەی ماڵەکەدا بو خاوەنەکەی • وە لە زەرەر کردنو فەوتانی ماڵەکەدا•وە ئەگەر ئیددیعای فەوتانی ئەوماڵەی کرد بەهوی بەلایەکی دیاری‌یەوە ، ئەوە داوای شاهیدی لی ئەکری بو ئیسپاتی ئەوبەلایە لەوشوینەدا ، وە پاش‌ئەوە سویندیشی ئەدری لەسەرئەوە کە ماڵەکە بەهوی ئەو بەلایەوە فەوتاوە • وە ئەگەر ئەوشەریکەیان کە ماڵەکەی لەدەستایە وتی فلانەشت ماڵی خومەو شەریکەکەی‌تر وتی هی هەردوکمانە ، یا بەپیچەوانەی ئەمەوە ، ئەوە باوەر بە خاوەن‌دەستەکەیان ئەکری بە سویند • وە ئەگەر خاوەن دەستەکە وتی ماڵەکەمان بەش‌کردووەو ئەم ماڵەی کە بەدەستمەوەیە بووە بە ماڵی خوم ، وە ئەویشیان وتی بەشمان نەکردووەو هەمووی تیکەلە ، ئەوە باوەر بەویانە ئەکری کە ئینکاری بەش‌کردنی ماڵەکە ئەکاو سویندیکی ئەدری • وە ئەگەر یەکیکیان شتیکی کری‌و ئیددیعای کرد کە بو خوی کریوە یا بو شەراکەتی کریوە ، وە ئەو شەریکەکەیان باوەری پی‌نەکرد ، ئەوە باوەر بەویانە ئەکری کە ماڵەکەی کریوە وە سویندیکی ئەدری •

ئەگەر کومەلیك براو خوشك میراتیکیان بو بەجی‌ما ، وە بەعزیکیان تەصەروفیان کرد لەو میراتەدا ، ئەوە ئەگەر ئەو تەصەروفاتە بە ئیذنی

میراث گرەکانی تر بوو لە حالەتی روشددا ، ئەوە ئەم ئیذن‌دەرانە حەقیـان نی‌یە بەشە مالە صـــەرف کراوەکەی خـــویان وەربکرنەوە لەوانە کـــە تەصەروفیان تیـــا کـــردووە • وە ئـــەگەر بەعزیك لە مـیراث گرەکان منـــدال بوون ، یاخـــود گـــەورە بوون بـــەلام ریکای ئـــەو تەصەروفەیان نەدابوو ، یا ریگایان‌دابوو بەلام لەسەر ئەساسی ئەوە کـــە ئەمانیش وەختی خوی ئەوجورە تەصەروفە لەومالەدا بکـەن بوخویان ، وەك ئەوە براو خوشکە پیشووەکان مەسرەفی ژن هینان‌و شووکردنیان لەومالەدا کردبوو لەسەرئەوە کە پاشان براو خوشکەکانی‌تریش عـەینی مەســـرەف لەومالەدا بکەن ، ئەوە لەم‌صوورەتانەدا هەرکام لەمانە کە مەســـــرەفیان نەکردووە لە مالە میراثی‌یەکەدا حەقیان هەیە بەئەندازەی بەشە فەوتاوەکەیان لەو میراثە هەل‌بگرن‌و ئەوسا چی مایەوە هەموویان بەشی بکەن لەبەینـــی خویانا بەگویرەی شەرع • وە ئەگەر مالە میراثی‌یەکە تەواو بووبوو بویان هەیە بەشی فەوتاوی خویان بەتەواوی وەربگرنەوە لەوانەی کە تەصەروفیان تیا کردووە •

باسی وکالەت

وەکالەت لە شەرعدا ئەوەیە کەسیك لە ماوەی ژیانیا ئیشیك بداتـــە دەستی کەسیکی‌تر لەجیاتی‌ی ئەو بیکا لە ماوەی ژیانیا ، وە ئیشەکە لەوانەبی جی‌نشین بتوانی جی‌بەجی‌ی بکا •

ئەرکانی وەکالەت چوارە : (موکل) یەعنی ئەوکەسە کە وەکیـــل ئەگری ، وە (وکیل) یەعنی ئەوکەسە کە ئیشەکەی ئەدریتە دەســت ، وە (موکل فیە) یەعنی ئەوئیشە کە وەکیلەکەی بو ئەگیری ، وە (صیغە) کە ئەو لەفظەیە وەکالەتەکەی پی جی‌بەجی ئەبی • شەرتی وەکیل‌گر ئەوەیە کـە تەصەروفی خوی دروست‌بی لەوئیشەدا کە وەکیلی بو ئەگری بەهـــوی

ئەوەوە کە خاوەن‌مال بی یاخود بەهوی ویلایەتی شەرعی‌یەوە وەك باوکی مندال کە ویلایەتی هەیە بەسەر مالی مندالی خویەوە • کەواتە دروســت نی‌یە منال‌و شیت‌و نەفام بە بی‌ئیذنی وەلی‌ئەمریان وەکیل بگرن لە هیــچ موعامەلەیەکدا • هەروەها دروست نی‌یە بو کەسیك کە لەئیحراما بی وەکیل بگری ژنی بو مارە بکا یاخود کچی بـــدا بەشوو وە مارەی ببری لـەکاتی ئیحرامەکەدا ، بەلام ئەگەر کردی بە وەکیل کە لەپاش بەسەرچوونی ماوەی ئیحرامەکە عەقدەکەی بو بکا ، یاخود وەکالەتەکە موطلەق بی‌و وەکیلەکەیش لەپاش بەسەرچوونی ماوەی ئیحرام ئەو ئیشەی بو کرد ئەوە دروســـتە • هەروەها دروست نی‌یە ژن وەکیل بگری کە لەجیاتی‌ی خـوی مارەی بکا لەکەسیك ، چونکە خوی ناتوانی خوی مارە ببری • بەلی دروستە وەلی‌ئەمری مندالَ وەکیل بگری بو ئەوە کە ئیش بکا لە مالی ئەو مندالەدا • هەروەهـا دروستە کویر وەکیل بگری بو کرین یا بو فروشتن چونکە ئەو کویرە خوی شت نابینی ، وە ناچارە بو ئەم وەکیل‌گرتنە •

شەرتی وەکیلیش ئەوەیە بتوانی ئەوئیشە بکا بو خوی کە کراوە بـە وەکیل تیایا ، کەواتە دروست نی‌یە مندال‌و شیت‌و نەفام‌و حیجر لەســـەر دانراو بکرین بە وەکیل لە هیچ موعامەلەو تەصەروفیکدا ، وە دروست نی‌یە ژن بکری بە وەکیل بو نیکاح کردن یا قەبوولی نیکاح • بەلام فەرموودەی راستتر ئەوەیە پشت بە قسەی منـــدال ئەبەستری بو ریگادانی چـــوونە ژوورەوەی میوان‌و بو بانگ‌کردنی میوان‌و بو دیاری ناردن بو کەسیك وە بو هەر ئیشیکی‌تری لەم‌چەشنە •

شەرتی ئیشە وەکیل تیا گیراوەکەیش چەند شتە • یەکەم ئەوەیە ئـەو شتە کە وەکیلی بو ئەگیری لەژیر تەصەروفي وەکیل‌گرەکەدا بی یا بەوە کە مولکی بی یا ویلایەتی شەرعی‌ی بەسەریەوە هەبی • کەواتە دروست نی‌یە

کەسیك وەکیل بگری بو فروشتنی حەیوانیك کە سبەینی ئەیکری یا بو تەلاقدانی ژنیك کە لەمەولا مارەی ئەکا ، یا بو مارەبرینی کچەکەی لەپاش بەسەرچوونی (عدّە) ی . بەلام شیخی (ابن حجر) لەم مەسئەلانەدا لەوباوەرەدایە هەرچەند وەکالەتەکە بەتالە ، بەلام تەصەروفی کابرای وەکیل لەپاش هاتنەدیی شەرتەکە ـ دائەمەزری ، چونکە ریگای ئەو تەصەروفەی دراوە .

دووهەم ئەوەیە ئەو ئیشە قابیل بی بو ئەوە جی‌نشینی تیا بگیری . کەواتە دروست نی‌یە وەکیل گرتن بو عیبادەت وەك نویژو روژوو غوسلی مردوو نویژی جەنازە . هەروەها دروست نی‌یە وەکیل گرتن بو شەهادەت‌دان و پی‌لی‌نان (اقرار)و سویند خواردن ، وە لە (ایلاء)و (ظهار)و نەذرکردن و تەعلیقی تەلاقدا ، مەسەلا ئەگەر کەسیك بکا بە وەکیل بو تەعلیقی تەلاقی ژنەکەی ئەوە بەتالە . بەلی دروستە وەکیل گرتن لە حەج کردنا بو کەسیك کە خوی پەکی کەوتبی‌و توانای هات‌وچوی نەمابی . هەروەها دروستە وەکیل گرتن لە دەس‌نویژ گرتن‌و (تیمم) کردن‌و وەقف کردنا ، وە لە سەربرینی حەیوانی قوربانی‌و حەزتم‌و حەیوانی (هەدی)و کەفارەتی حەجدا . وە دروستە وەکیل گرتن لە زەکات‌دان‌و زەکات‌وەرگرتن‌دا بەوشەرتە ئەوکەسەی کە ئەبی بە وەکیل نیازی ئەوەی ببی وەری‌بگری بو ئەوکەسەی کردوویەتی بە وەکیل . دروستە وەکیل گرتن لە ئیجاب‌و قەبوولی هەموو موعامەلەیەکا وەك بەیع‌و سەلەم‌و ئیجارەو قیراض‌و هیبە ، وە لە قەرزدان‌و وەرگرتنەوەی قەرزی حازر یا وەعدەدارا بەوشەرتە بلیت لەوکاتەدا کە وەعدەی هات داوای بکە . هەروەها دروستە وەکیل گرتن لە صولح‌و ابراء‌و حەوالەو ضەمانەت‌و شەراکەت‌و وەکالەت‌و شوفعەدا . هەروەها لە دەعواو جوابی دەعوادا ، وە لە بەمولك کردنی شتی موباحا وەکو

ئاواکردنەوەی چوڵی و نەچیر کردن و دارهێنان ، وە لە غەیری ئەمانەدا وەك هەڵوەشاندنەوەی بەیع و نیکاح و مارەیی • هەروەها دروستە لە وەرگرتنی (دیە) خوێندا وە لە لیدانی داری حەددی بوختان بوکردنا (حد القذف) •

سێهەم ئەوەیە ئەوئیشەی وەکیلی تیا گیراوە (موکل‌فیە) لە هەندی ڕووەوە مەعلووم بێ ، بەلام پیویست نی‌یە لە هەمووسەریکەوە مەعلوم بێ • کەواتە ئەگەر وەکیلی گرت بو کرینی حەیوانیك ئەوە پیویست نی‌یە هەر وەصفیك لەسەلەمدا بەیان ئەکری لەم وەکالەتەدا بەیان بکری • هەروەها دروست نی‌یە ئەوئیشە کە وەکیلی تیا ئەگیری گشتی (عام) بێ چونکە ئەم جورە تەصەروفە مەجالی زەرەر و زیانیکی زورە کەواتە ئەگەر بلیت وا توم کرد بە وەکیلی خوم لە هەرئیشیکا کە پەیوەندی بەمنەوە بێ لە کەم و زور ، یا توم کرد بە وەکیل لە هەمووجورە تەصەروفیکا لە مالی خوما ئەوە بەتالە ، بەلام ئەگەر بلی وا توم کرد بە وەکیل لە هەمووجورە تەصەروفیکا لە مالی خوما ئەوە دروستە • ئەگەر کەسیك وەکیلی گرت بو حەیوان کرین پیویستە باسی ئەو صیفەتانە بکا کە مەبەستیان پی‌ئەگوری ، بەلام بەجوریك کە نەکیشیتەوە بو نایاب بوونی ئەوشتە کە ئەیانەوی بیکرن • لەم جورە وەکالەتەدا پیویست نی‌یە باسی هەموو ئەوشتانە بکری کە لەسەلەمدا پیویستە باس بکرین ، چونکە وەکالەت ڕەوا دراوە بو لابردنی ئیحتیاجی ، لەبەرئەوە جیگەی چاوپوشی و لی‌بووردنە • وە ئەگەر کەسیك کەسیکی کرد بە وەکیل بو کرینی خانوویەك ، پیویستە باسی گەرەك و کولانی خانوەکە بکا ، بەلام ئەندازەی قیمەتەکە پیویست نی‌یە ، وە بە تەبیعەت واجبە کابرای وەکیل لە قیمەتی وینەی خوی زیاتر صەرف نەکا • بەلی ئەگەر کابرای وەکیل‌گر وتی بە هەر قیمەتیك بێ کەم یا زور بومبکرە ، ئەوە دروستە بەزیاتر لە قیمەتی

عادەتی ئەوشتە بکری •

شەرتە لەلایەنی وەکیل کرەوە لــەفظیکیوا کە دەلالەت بکا لەسـەر رەزامەندیی ئەو بە تەصەروف کردنی وەکیلەکەی لەو ئیشەدا کە ئەیەوی بیکا وەکو ئەوە بلی وا تومکرد بە وەکیل لەو موعامەلەیەدا یاخود بـلی تو وەکیلی منی لەوئیشەدا یاخود ئەو کرینەم دایە دەس تو • وە ئەگەر هـەر بلی مالم بو بکرە ئەوە ئیذن دانەکە دیتەجی •

شەرت نییە قەبوولی وەکیل • تەنهــا ئەوەندە پیویستە کـە رەددی نەکاتەوە • وە دروستنییە تەعلیق کردنی وەکالەت بە شــەرتەوە • وە ئەگەر هاتو شەرتیکی پیوە بەست مەسەلا وتی هەرکاتیك جـەژنی رەمەزان هات،تومکرد بە وەکیلی خوم لە کرینی فلان خانوودا ئەوە ئەو وەکالەتە بەتالە• وە ئەگەر کابرای وەکیل تەصەروفی کرد لە ئیشـــەکەدا پاش بەجیهانی شەرتەکە ، مەسەلا کردبووی بە وەکیل لە تەلاقی ژنیکا کە بەمەولا مارەی نەکا ، یا لە بەشـــوودانی کچەکەیا پاشئەوەی تـــەلاقدراو (عـــدة)ی تەواوبوو ، ئەویش لەسەر ئەو بریارە ژنەکەی تەلاقدا یا کچەکەی مـــارە کرد ئەوە دروستە لای (ابن حجر) لەبەرئەوە کە ئیذنەکە بە (مطلقی) هەیە هەرچەند ئیذنە خوصووصییەکە لەریگای وەکالەتەوە بەتالە • بـــەلام لای (رملی) و (خطیب) بەتالە • ئەگەر کەسیك یەکیکی بە بیقەیدو شـــەرت کرد بە وەکیل ، بەلام شەرتیکی بریاردا بو تەصەروفەکەی ، مەسەلا وتی وەکیلی من بە لـــە فروشتنی حەیوانەکانما بـــەلام لە فلان مەیدانا نـــەبی مەیانفروشە ، ئەوە ئەو وەکالەتە دروستە ، وە ئەو تەصەروفەی ئەیکا لەسەر بریاری کابرا دروستە ، وە غـــەیری ئەوە بەتالە • ئەگەر یەکیك بـــە کەسیکیوت وا تومکرد بە وەکیل بو فروشتنی فلانەشت ، وە هەروەختیك عەزلم کردی هەر وەکیلم بی ، ئەوە وەکالەتەکەی ئیستە دروستە ، بـــەلام

لە گەرانەوەی وەکالەتەکەدا پاش عەزل کردنی دوو قسە هەیە راستتریان ئەوەیە نابیتەوە بە وەکیل •

هەندیك لە حوکمەکانی وەکیل

کەسیك کە وەکیل بی بو فروشتنی مالیك ، وە وەکالەتەکەی بی فەیدو شەرت بی ، دروستنییە مال بفروشی بە غەیری پارەی نەختینەی ئەو ولاتە کە ریکای دراوە مالی تیا بفروشی • هەروەها ناتوانی بە قەرز یا بە زەرەری زور بیفروشی • ئەگەر هاتو بەجوریك لەمجورانە مالەکەی فروشت ، ئەوە ئەو فروشتنە بەتالە • وە ئەگەر مالە فروشراوەکەی تەسلیم کردبوو بە کابرای کریار ، ئەوە ئەبی بە ضامنی ئەو مالە •

ئەگەر کەسیك شەخسیکی کرد بە وەکیل بە فروشتنی مالیکدا بە قەرز ، وە وادەی قەرزەکەی مەعلووم کرد ، ئەوە باشە • وە ئەگەر وەعدەکەی مەعلووم نەکرد ئەوە دروستە بەلام پیویستە وەکیلەکە تەماشای ئوسوولی ئەو ولاتە بکا بو وەعدەی مالفروشتن • مەسەلا ئەگەر ئوسوول وابوو شت بە وەعدەی نوخشەی گەنمو جو ئەفروشرا ، نابی ئەم وەکیلە لەو وەعدەیە زیاتر دابنی • وە ئەگەر لەوولاتەدا ئوسوولیکی تایبەتی نەبوو بو وەعدەدانان، ئەوە پیویستە ئەم وەکیلە وەعدەیەك دابنی کە قازانجی ئەو کەسەی تیابی کە ئەمی کردووە بە وەکیل •

دروست نییە بو ئەوکەسەی کە کراوە بە وەکیل بو فروشتنی مالیك ئەومالە بفروشی بە خوی یا بە مندالی نابالغی خوی ، یا بە کوری سەفیهی ، لەبەرئەوە کە لەمصوورەتانەدا هەرخوی ئەیفروشیو هەرخوی قەبوولی بەیعەکە ئەکا ، وە مالفروشو مالکر ئەبن بە یەك کەس ، ئەمەش بەتالە[1] •

---

(١) مەگەر لەشوینیکا کە وەلیئەمری مندالەکە لەلایەن خویەوە ئەصیلو لەلایەنی مندالەکەوە وەلیئەمر بی •

بەڵام فەرموودەی راستتر ئەوەیە ئەتوانی ئەوماڵە بفروشی بە باوکی یا بەکوری بالغو خاوەن روشدی • هەروەها بە خزمانو دوستانی ، چونکە مادەم پیویستە ماڵەکە بەقیمەتی عادەتی بفروشی ئیتر مەیدانی گومانی خراپ بەو وەکیلە نامینی • فەرموودەی راستتر ئەوەیە دروستە بو وەکیلی ماڵفروشتن قیمەتی ئەوماڵە وەربگری لە ماڵکرەکەو ماڵەکەی تەسلیم بکا ، بەلام ناتوانی ماڵەکە تەسلیم بکا تا قیمەتەکەی وەرنەگری • وە ئەگەر لەپیش وەرگرتنی قیمەتەکەدا ماڵەکەی تەسلیمکرد ئەبی بە ضامنی قیمەتەکە • ئەگەر کەسیک شەخصیکی کرد بە وەکیل بو ماڵکرین ، وە بە لەفظ پیی وت ماڵی بیعەیبم بو بکرە ، ئەوە بەقەطعی دروستنی یە ماڵی عەیبداری بو بکری ، وە ئەگەر ماڵی عەیبداری بو کری بەیعەکە بەتاڵە • وە ئەگەر هەر وتی ماڵم بوبکرە ، ئەوە نابی وەکیلەکە ماڵی عەیبداری بو بکریت • جا ئەگەر هاتو ماڵی عەیبداری کری خواه ئەوماڵە بە عەیبەکەیەوە ئەو قیمەتە بکا یا نەیکات مادەم وەکیلەکە بە عەیبەکە نەزانی، ئەوە ئەو ماڵە دائەمەزری بو وەکیل گرەکە• جا ئەگەر ئەو ماڵە بە عەینی ماڵی وەکیلگرەکە کرابوو ، ئەوە هەر بو ئەو دروستە ئەو ماڵە عەیبدارە بداتە دواوە • وە ئەگەر بە ماڵیک کرابوو کە لە ئەستودابوو ، ئەوە بو ئەویشو بو وەکیلەکەیشی دروستە بیدەنە دواوە • وە ئەگەر وەکیلەکە بە عەیبەکەی زانیبوو ، ئەوە ئەو فروشتنە هەر بو نەفسی وەکیلەکە دائەمەرزیو حەقیشی نی یە بیداتە دواوە بو سەر خاوەنەکەی چونکە بە عەیبەکەی زانیوەو کەمتەرخەمی تیا کردووەو کریویەتی •

هەرکەسی کرابوو بە وەکیل لەسەر ئیشیك کە قابیل بوو خوی بیکا دروست نی یە بە بی ئیجازەی ئەوکەسەی کردوویە بە وەکیل ، وەکیل بگری بو جیبەجی کردنی ئەو ئیشە مەگەر ئیشەکە ئەوەندە زور بی بەتەنها خوی

ئەگری ، ئەوکاتە دروستە وەکیل بگری لەوئیشانەدا کە خـــوی فریایان ناکەوی • وە ئەگەر ئەو ئیشە قابیل نەبوو بو ئەو وەکیلە لەبەرئەوە کـــە نەیئەزانی یاخود لایقی شانی نەبوو ، ئەوە دروستە وەکیل بگری چـونکە بەپێی عورفو عادەت مەبەست لە وەکیلیوا ئەوە نی‌یە خوی ئەو ئیشە بکا ، بەلکو مەبەست ئەوەیە وەکیلی بو بگری‌و خوی تەماشای بکا • وە ئەگـــەر وەکیل‌گرەکە ئیذني وەکیلەکەی‌دا وەکیل بگری ، تەماشا ئەکەین ئەگـەر وتبووی وەکیل بگرە بو خوت ، ئەوە ئەوکەسە کە ئەگیریت بە وەکیـــل ، وەکیلی وەکیلەکەیە ، هەرکاتی ئارەزووی لی‌بوو ئەتوانی عەزلی بکا ، وە هەروەختی ئەم خوی عەزل بکری ئەویش عەزل ئەبی چونکە فەرع تابیعی ئەصلە • وە ئەگەر وتبووی وەکیل بگرە بو من یا هەر وتبووی وەکیـــل بگرە، ئەوە لەم‌صوورەتەدا هەر وەکیلیك بگری وەکیلی کابرای وەکیل‌گری یەکەمە ، وە ئەم دوو وەکیلە هیچ‌کامیان ناتوانی ئەویان عـــەزل بکا ، وە هیچ‌کامیان بە عەزل‌بوونی ئەویان عەزل نابی •

لە هەرکاتیکدا دروست بی وەکیل بگری ، شەرتە کە ئەم وەکیلەیش ئینسانیکی ئەمین‌و کارلی‌هاتوو بی ، مەگەر وەکیل‌گری یەکەم کەســـیکی تایبەتی دیاری بکا بوی ، ئەوە دروستە بیگری بە وەکیل هەرچەند نائەمینیش بی ، مەگەر لەکاتیکا ئەم شەخصە دلنیابی لەوە کە ئەو کابرا دیاری‌کراوە نائەمین‌و پیاو خراپەو وەکیل‌گری یەکەم بەوەی نەزانیبی ، لەم‌حالەتەدا تـا خەبەر نەدا بەو دروست نی‌یە بیکا بە وەکیل چونکە وادیارە کە وەکیل‌گری یەکەم بەم نائەمینی‌یەی ئەم‌شەخصەی نەزانیوە • وە لەصوورەتیکا پیاویکی ئەمین‌و پاکی کرد بە وەکیل ، لەپاشا فاسقی‌ی بەســـەراهات یا نائـەمینی‌ی لی‌دەرکەوت ، ئەوە ئەگەر وەکیلی خویەتی ئەتوانی بەلکو واجبە لەسەری کورج عەزلی بکات • وە ئەگەر لەلایەنی وەکیل‌گری یەکەمەوە کردبووی بە وەکیل ، ئەوە بە بی‌ئیذنی ئەو ناتوانی عەزلی بکات •

باسی هەندیك حوكمی وەكالەت

ئەگەر كابرای وەكیل گر وتی بە وەكیلەكەی مال بفروشە بە فلان كەس، یاخود لە فلان وەختدا یا لە فلان شوینا مال بفروشە، ئەوەشەرتە ئەو وەكیلە لەسەر فەرمانی ئەوكەسە بجوولیتەوە، وە هەر تەصەرروفیك بەپیچەوانەی قسەی ئەوەوە بكا بەتالە • ئەگەر وتی ئەو مالە بفروشە بە دە دیناو دروست نی‌یە بە كەمتر بیفروشی، بەلام دروستە بە زیاتر بیفروشی مەگەر بەتایبەتی مەنعی كردبي لەوە • ئەگەر وتی بەمدینارە مەریك بكرە كە صیفەتی وەها بی، ئەوە دروست نی‌یە مەریك بكری ئەو صیفەتەی تیا نەبی • جا ئەگەر مەریكی كری كە ئەوصیفەتەی تیابوو ئەوە باشە • وە ئەگەر بەو دینارە دوو مەری لەسەر ئەو صیفەتە كری، ئەگەر هیچ‌كامیان یەكەیەكە دیناریـــك نەئەژیان، ئەوە ئەو فروشتنە بەتالە • وە ئەگەر یەكیكیان دیناریك ئەژیـاو ئەویان كەمتر، یاخود هەردوكیان یەكی دیناریك ئەژیان ئەوە فەرموودەی راستتر ئەوەیە ئەو فروشتنە دروستەو دائەمەزری بو وەكیل‌گرەكە چونكە مەبەستەكەی هاتوەتەدی بەزیادەوە • وە ئەگەر كەسیك مالیكی دیاری‌گراوی تەسلیمی وەكیلەكەی كردو فەرمانی پیدا حەیوانیكی پی‌بكری‌و بەیانـــی صیفاتی ئەو حەیوانەی بو كرد، ئەویش ئەو حەیوانەی بە مالیك گری لـە ئەستوی خویدا، یاخود فەرمانی پیدابوو حەیوانیك بكری بە قیمەتیـــك لەئەستوی خویدا ئەوسا ئەوە عەینەكە بدا بە فروشیارەكە، ئەویش بەومالـــە دیاری‌كراوە حەیوانەكەی كری،ئەوە لە هەردوو صوورەتەكەدا ئەو فروشتنە دانامەزری بو وەكیل‌گرەكە، بەلام لەصوورەتی یەكەمدا ئەگەر وەكیـــل نیازی كرینی هەبوو بوخوی ئەوە دائەمەزری بوخوی •

هەركاتیك وەكیل بەپیچەوانەی موكەلەكەی جوولایەوە لە فروشتنی مالیا، مەسەلا ئەو وتی ئەو ئەسپەم بو بفروشە بە دە دینار، گەچی ئەم بـــە

هەشت دیناری فروشت ، یاخود ئەو وتی بەم عەینە بی‌کرە کەچی ئـــەو بەقیمەتیك کری لە ئەستویدا ، ئەوە تەصەروفی وەکیلەکە بەتالە • بـــەلی لەصوورەتی موخالەفە کردنی عەیندا بەئەستو کرینەکە دائەمەزری بوخوی خوای ناوی ئەوکەسە ببا کە کردوویەتی بە وەکیل یا نە ، وە ناوبردنەکەی ئەو بەهیچ دەرئەچی ، لەبەرئەوە کە لەئەساسدا ناوبردنی وەکیل‌گر شەرت نی‌یە بو دامەزرانی موعامەلە ، وە مادام بە پیچەوانەی ئیذنی ئەوموعامەلەی کردووە ، بو ئەو دانامەزری • بەلی لە هەندی شویندا پیویستە وەکیل ناوی وەکیل‌گر ببا وەك لەشوینیکا کە بیکا بە وەکیل بو قەبوولی هیبە یا وەقف یا نەذر یا وەصیەت یا عاریە • مەسەلا کابرا ئەلیت وا ئەوشتەم بەخشی یـــا وەقفم کرد یا نەذرم‌کرد لە فلان‌کەس ، وەکیلەکەیش بلیت وا قەبوولم‌کرد بوی ، ئەگەر هاتوو ناوی نەبرا بەتالە مەگەر هەردوکیان نیازی ئەوکەسەیان ببی •

پیویستە بو دروست‌بوونی فروشتن لەگەل وەکیلدا وە بو دامەزرانی بو وەکیل‌گرەکە ، کابرای فروشیار قسە لەگـــەل وەکیلەکەدا بکا ، وە وەکیلەکەیش لەکاتی قەبوولا ناوی ئەوکەسە ببا کە کردوویەتی بە وەکیل یاخود نیازی ئەوی ببی • تەفصیلی ئەم‌باسە ئەوەیە کە موعامەلە لەگـــەل وەکیلدا چەند صوورەتی هـــەیە : یـــەکەم ئەوەیە هـــەردولایان ناوی وەکیل‌گرەکە ببەن ، فروشیار بلیت وا ئەم‌مالەم فروشت بە تو بو فلان‌کەس، ئەویش بلیت وا قەبوولم‌کرد بو فلان‌کەس • دووهەم ئەوەیە هیچ‌کامیـــان ناوی نەبەن ، بەلام هەردوکیان نیازی ئەویان هەبی وەك ئەوە کە فروشیار بلیت وا ئەم‌مالەم فروشت پیت ، ئەویش بلیت وا قەبوولم‌کرد ، وە هەردولا نیازی کەسیکی تایبەتی‌یان ببی • سیهەم ئەوەیە فروشیار ناوی ببا و وەکیـل نیازی ئەوی ببی ، وەك ئەوە کە فروشیار بلیت ئەم‌مالەم پی‌فروشتی بـــو

فلان کەس ، وەکیلیش بلی وا قەبووڵم کرد • چوارەم ئەوەیە فروشیاو ناوی کابرا ئەباو وەکیل ناوی ناباو نیازی کەسیشی نی یە ، یەعنی قەبوولەکـــەی موطلەقە • پینجەم ئەوەیە فروشیار ناوی نابا بەس نیازی ئەوی هەیە ، بـەلام وەکیل ناوی ئەبا وەك ئەوە کابرا ئەلی وا ئەم مالەم فروشت پیت ، وە وەکیلەکە ئەلی قەبوولم کرد بو فلان کەس • شـــــەشەم ئەوەیە فروشـــیاو نیازی وەکیل گرەکەی ببی وە وەکیل قەبوولەکەی موطلەق بی • لە هەموو ئـەم صوورەتانەدا ئەو موعامەلەیە دائەمەزری بو وەکیل گرەکە • حەوتەم ئەوەیە فروشیار ناوی وەکیل گر بباو وەکیل ناوی خوی ببا • هەشتەم ئەوەیـــــە فروشیار ناوی وەکیل گر بباو وەکیل نیازی خوی ببی • نوهەم ئەوەیـــە فروشیار نیـــازی وەکیل گرەکەی ببیو وەکیل ناوی خوی ببا • دەهـــەم ئەوەیە فروشیار نیازی وەکیل گرەکەی ببیو وەکیل ناوی کەس نەبـــاو نیازی خوی ببی • لەم چوار صوورەتەیشدا بەیعەکە بەتالە • هەروەها لـە هەموو صوورەتیکا کە جیاوازی ببی لە بەینی فروشیارو وەکیلدا لە ناوبردنی شەخسدا یا لەنیازدا ، بەیعەکەهەر بەتالە • یازدەهەم ئەوەیە کە هیچیـــان ناوی کەس نەبەنو نیازی کەسیشیان نەبی ، مەسەلا فروشیاو بلی وا ئەممالەم فروشت پیت وە وەکیلەکە بلی وا قەبوولم کرد • دوازدەهەم ئەوەیە فروشیار نیازی وەکیلەکەی ببیو وەکیل نیازی کەسی نەبی ، وە هەر بە موطلەقـي قەبوولی بکا • سیانزەهەم ئەوەیە فروشیار نیازی کەسی نەبی بەلام وەکیلەکە نیازی خوی ببی • لەم سیە صوورەتەیشدا ئەو بەیعە لەسەر ظاهیری لەفظەکە هەر بو وەکیلەکە دائەمەزری • وە ئەگەر فروشیارەکە قسەی لەگـــەل وەکیلەکەدا نەبوو ، مەسەلا وتی وا ئەم مالەم فروشت بە وەکیل گرەکەت وە وەکیلەکەیش وتی وا قەبوولم کـــرد یا وتی قـــەبوولـــم کرد بو ئەو • ئەمصوورەتەیش بەتالە چونکە رووی قسە نەکراوەتە کریارەکە •

(بزانن) دەستی وەکیل بەسەر ئەو عەینەی بەلایەوەیە دەستی ئەمانەتە خواه بەکری وەکالەت بکا یا بەخوراییی • کەواتە ئەگەر ئەو عەینە فەوتـا بەلایەوە بە بیقوصووری ئەو ، ئەوە نابی بە ضامن • وە ئەگەر قوصووری هەبوو ئەوە ئەبی بە ضامن وەکو ضەمانەتی مالی زەوت کراو ، بەلام لـــە وەکالەتەکەیش عەزل نابی • بەقوصوور دائەنری ئەمە کە ئەو مالە بفەوتیو وەکیلەکە نەزانی چون فەوتاوە یاخود لەبیری چووبیو فەوتابی چونکـە ئەمە لەبەر کەمتەرخەمی ئەو بووە • هەروەها بە دەسدریژیو قوصـوور دائەنری ئەمە کە سواری ئەو ولاخە ببی کە پیی دراوە بیفروشی ، یا ئـەو جلەی کە بردوویە بیفروشی بیکاتەبەری • بەلی ئەگەر کابرای خاوەنمـال ریگای دابوو ، یاخود عادەتی ولات وابوو کە وەکیل سواری ئەو ولاخـە ببی ، یاخود ئەو جلە بکاتە بەری وەکو دەلال سواری ئەسپی فروشتەنـی ئەبی یا پالتوی فروشتەنی ئەکاتەبەری ، ئەوە ئەو بەکارهینانە بەقوصوورو دەسدریژی نانرری •

(بیداربن) عەزل نەبوونی وەکیل لەبەر خەیانەت بەسراوە بەوەوە کە وەکیـلی (ولی امـر)ی هەتیـوو منـــدالی ورد ، یاخـــود وەکیلی (وصي) نەبی ، ئەگینا فەرموودەی راستتر ئەوەیە کە وەکیلی ئەوانە بە خەیانەت کردن لە وەکالەت ئەکەوی • وەك (ولی امر)ەکەو (وصی)ەکە خویان چون بـە خەیانەتکردن لە وەکالەت ئەکەون •

(بزانن) ئەحکامی ئەو عەقدەی کە وەکیل ئەیکا بەسراوە بە وەکیلەوە ، مەسەلا چاوپی کەوتنی مالی فروشراو، وە دامەزرانی عەقدەکە بە جیابوونەوەی عەقدکەرەکان لە یەکتـــــر لە مەجلیسی موعامەلەدا ، وە حەقوەرگرتنی هەردولایان لە مەجلیسی موعامەلەدا ئەگەر عەقدەکە بو شتیك بی کـــــە سوودی تیابی لەلایەنی وەکیلەوە ، بەسراوە بە شەخصی وەکیلەوە •

کاتێ کە وەکیل مالیکی کڕی ، ئەوە ئەگەر وەکیل گرەکە قیمەتەکەی تەسلیم کردبێ ، کڕیار داوای ئەوقیمەتە لە وەکیلەکە ئەکا • وە ئەگەر قیمەتەکەی تەسلیم نەکردبێ ، ئەوە ئەگەر قیمەتەکە دیاری کرابوو داوای لە وەکیل گرەکە ئەکا ، وە ئەگەر لەئەستودا بوو ، وە فرۆشیار ئینکاری وەکالەتی ئەوشەخصەی ئەکرد یا ئەیوت نازانم بە وەکالەتەکەی ئەوە هەر داوای لە وەکیلەکە ئەکا • وە ئەگەر ئاگای لە وەکالەتەکەی هەبوو ئەتوانێ داوای بکا لە وەکیلو لە وەکیل گریش ، وە لەموەختەدا وەکیلەکە وەکو ضامن ، وە وەکیل گرەکە وەکو کەفیل وایە ، یەعنی ئەگەر وەکیلەکە قیمەتەکەی دا بە فرۆشیار ئەتوانێ بگەڕێتەوە بوسەر وەکیل گرەکەو پارەکەی لەو بستێنێ • ئەگەر وەکیل مالیکی فرۆشتو پارەکەی وەرگرت ، کەچی مالەکە بە مولکی غەیر دەرچوو ، ئەوە کابرای کڕیار ئەتوانێ داوای ئەو پارەیە لە وەکیلەکە یا لە وەکیل گرەکە بکا هەرچەند دانیشی بنێ بە وەکالەتەکەیدا • جا ئەگەر وەختێ خۆی پارەکەی دابوو بە وەکیل گرەکە ئێستە ئەتوانێ ئەوپارەیەی داویە بە کڕیارەکە وەری بگرێتەوە لە وەکیل گرەکە •

هەندیك لە حوکمەکانی وەکالەت

وەکالەت ئیختیاری یە لە هەردولاوە • کەواتە هەمو کاتێك وەکیل گر ئەتوانێ وەکیلەکەی عەزل بکا • هەروەها وەکیلیش ئەتوانێ خۆی عەزل بکا • جا ئەگەر وەکیل گر وەکیلەکەی عەزل کرد ئەوە هەر بە وتنی لەفظی عەزل کردنەکە عەزل ئەبێ خواه خۆی لەویا بێ یا لەویا نەبێ ، وە هەر تەصەروفێك بکا لەپاش عەزل کردنەکەی بەتالەو دانامەزرێ • بەلام قاضی دادگای ئایین هەرچەند خەلیفەی موسولمانانیش عەزلی بکا ، تا خەبەری

عەزلەکەی پێنەگا عەزل نابێ ، وە لەوبەینەدا هەر حوکمێکی دەرکردبێ دروستو دامەزراوە •

هەروەها وەکالەت تێکئەچێ بەوە کە وەکیلو وەکیل‌گر یەکێکیان لەوە بکەون کە لایقی تەصەرروف کردن بن لە مالی خۆیانا بەهۆی مردنەوە یابەهۆی شێتی‌یەوە ، هەروەها بەهۆی بێ‌هۆشی‌ی یەکێکیانەوە بەوشەرتە کە ئەو بێ‌هۆشی‌یە ئەوەندە ماوەی بەسەرا هاتبێ ، نوێژی وەختێکی پێ بچێ • ئەگەر کەمتربوو لەوە نابێ بەهۆی عەزل‌بوونی وە تەصەرروفاتی وەکیل بە دروستی ئەمێنێتەوە •

هەروەها وەکالەت تێکئەچێ بەهۆی ئەوەوە ئەوشتە کە وەکیل گیراوە بۆ تەصەرروف تیاکردنی لە تەصەرروفی وەکیل‌گرەکە دەربچێ • مەسەلا کابرای وەکیل‌گر ئەوماڵە بفرۆشێ یا وەقفی بکا یا بیدا بەکرێ یا نەذری بکا لەکەسێك بەلام وەکالەت بەتال نابێتەوە بەوە کە وەکیلەکە ئینکاری وەکالەتی خۆی بکا لەبەرئەوە کە لەبیری چووبێ یا لەبەر مەبەستێکی عەقل‌گرتوو • بەلێ ئەگەر بە دەسەنقەست بە بێ‌مەبەست ئینکاری وەکالەتەکەی خۆی کرد ، ئەوە وەکالەتەکەی بەتال ئەبێتەوە •

هەرکاتێك وەکیلو وەکیل‌گر ناکۆکی‌یان کەوتە بەین لە ئەصلی وەکالەتەکەدا مەسەلا وەکیلەکە وتی من وەکیلی تۆمو وەکیل‌گر ئینکاری کرد ، یا لە صیغەی وەکالەتەکدا مەسەلا وەکیلەکە وتی من وەکیلی تۆم بۆ ئەوە ئەسپەکەت بفرۆشم بە دە دینار بە قەرز ، ئەویش وتی وەکیل بووی بۆئەوە بە پارەی حازر بیفرۆشی ، ئەوە لەمصوورەتانەدا وەکیل‌گرەکە سوێند ئەدریو باوەڕی پێ‌ئەکرێ •

ئەگەر کەسێك ئەسپێکی کڕی بە بیست دینار ، وە وتی وەکیل‌گر ئەمری کردووە پێم ، ئەویش وتی من وتوومە بە دە دینار بیکڕیت وە

سویندی خوارد ، ئەمە ئەگەر ئەم ئەسپەی بە عەینی مالی وەکیل گرەکە کریوە وە لە عەقدەکەدا ناوی بردووە ، یا لەپاش عەقدەکە وتبووی بو فلانکەسم کریوە ، وە مالەکە مالی ئەوە ، وە فروشیارەکەیش باوەری پی کرد ، ئەوە لەمصوورەتەدا بەیعەکە بەتالە • وە ئەگەر فروشیارەکە باوەری پی نەکرد پیویستە سویند بخوا لەسەرئەوە کە ئاگای لە وەکالەتەکە نییە • جا مادەم سویندی خوارد ئەو بەیعە دائەمەزری بو وەکیلەکە • هەروەها ئەگەر بە قیمەتیك کریبیتی لەئەستوداو ناوی وەکیل گرەکەی نەبردبی یا ناوی بردبی بەلام فروشیار بلی ناوت نەبردووەو سویند بخوا،ئەوە هەر بو وەکیلەکە دائەمەزری • وە ئەگەر باوەری پی کرد کە مالەکەی بو وەکیل گرەکە کریوە ، ئەوە لەمصوورەتەدا بەیعەکە بەتالە چونکە فروشیارەکە باوەری پی ئەکا کە ئەو موعامەلەیەی بو وەکیل گرەکە کردووە• جا هەرکاتیك حوکم کرا بەوە کە ئەو بەیعە دامەزراوە بو وەکیلەکە ، سوننەتە قاضی بەخوشی بلیت بە وەکیل گرەکە مادەم وایە تو بلی بە وەکیلەکەت ئەگەر وەکیلی منیش بووبی‌و من ئەمرم کردبی‌پیت بیکری بە بیست دیناو ، وا پیم‌فروشتیتەوە بەو بیست دینارە ، وە وەکیلەکەیش قەبوولی ئەو بەیعە بکا بوئەوە لەواقیعدا ببی بە مالی وەکیلەکە • وە ئەگەر وەکیلەکە وتی ئەو تەصەروفەی کردوومە لەومالەدا بە ئیذنی تو بووە ، وە وەکیل گرەکە ئینکاری کرد ، ئەوە باوەر بە وەکیل گرەکە ئەکری بەسویند ، بەلام قسەی وەکیلەکە قەبوول ئەکری لە ئیدیعای فەوتانی ئەومالەدا کە تیایا کراوە بە وەکیل ، هەروەها لە ئیدیعای ناردنەوەیا بولای وەکیل گرەکە • وە ئەگەر ئیدیعای کردو وتی داومەتەوە دەستی ئەو شەخصەی ناردبووت ، وە ئەو شەخصە ئینکاری کرد ، ئەوە تەصدیقی ئەو شەخصە ئەکری بەسویند ، وە واجب نییە لەسەر وەکیل گرەکە باوەر بکا بە وەکیلەکەی لە دانەوەیدا بەوکەسەی

کە ناردوویەتی بولای ، کەواتە واجبە بە شاهید ئیسپاتی بکا کە داویەتــە دەستی ، ئەگینا کاتی کە فروستادەکە سویندی خوارد ئەبی بیبژیری بــو وەکیل گرەکە .

وە ئەگەر وەکیلەکە وتی مالەکەم فروشتووەو پارەکەم وەرگرت بەلام فەوتا ، وە وەکیل گر وتی نەخەیر پارەکەت وەرنەگرتووە ، ئەمە ئەگــەر لەپیش تەسلیم کردنی مالە فروشراوەکەدایە بە کریار ، باوەر بە وەکیل گرەکە ئەکری ، وە ئەگەر لەپاش تەسلیم کردنە بەو ، باوەر بە وەکیلەکە ئەکری .

ئەگەر کەسیك یەکیکی کرد بە وەکیــــل بو دانەوەی قەرزیك ، وە وەکیلەکە هاتەوەو وتی قەرزەکەم دایەوە ، وە خاوەنقەرزەکە ئینکــــاری کرد ، ئەوە باوەر بە خاوەن قەرزەکە ئەکری بــە ســـویند . فەرموودەی دیاریتر ئەوەیە واجب نییە وەکیل گر باوەر بە وەکیلەکە بکا لە ئیدیعای دانەوەی ئەوقەرزەدا مەگەر دوو شاهیدی ببی ، یا شاهیدیکی ببیو خویشی سویندی لەگەل بخوا . هەروەها ئەگەر (قیّم) ئیدیعای کرد کە لەپــاش بالغبوونی هەتیوەکان مالەکەم داونەتەوە ، ئەوە واجبە ئیسپاتی بکا بە شاهید، چونکە ئەصل ئەوەیە تەسلیمی نەکردبنەوە ، وە بەزەیی‌ومیهرەبانیی (قیّم) بەهیچ جوری ناگا بە میهرەبانیی باوكو باپیرەی ئەو مندالە تا بە بی‌شاهید باوەری پیبکری .

دروست نییە بو وەکیل ، وە بو هەرکــەسی مالیکی بەئەمانــــەت لەلادانرابی ، لەوکاتەدا کە خاوەنمالەکە داوای مالەکەی لیبکاتەوە ، بلی بەبی‌ئەوەی شاهیدت لەسەر بگرم ئەو مالەت نادەمەوە . بەلی دروستە بــو کەسیك کە مالیکی زەوت کردبی ، هەرکاتیك خاوەن مالەکە داوای مالەکەی لیکردەوە ئەمقسەیە بکا ، چونکە قســەی زەوتکەر لە دانەوەی مالــــە زەوتکراوەکەدا جیگەی بروا نییە . هەروەها دروستە بوکەسیك کــە مالی بە رەهن وەرگرتبی ، یا بەکریی گرتبی ، یا خوازتبیتی ، ئەومالــــە

ئەداتەوە بە خاوەنەکەی تا شاهیدی لەسەر نەگری ، چونکە هەر کاتیک ئیدیعای دانەوەی ئەوماڵە بکا شەرع داوای شاهیدی لی ئەکا •

ئەگەر کەسیك هات بەکەسیکی وت فلان کەس کردوومی بە وەکیل فلانە قەرز یا فلانە شت کە لەلاتە وەری بگرم و بوی بەرمەوە ، ئەمە ئەگەر کابرا باوەری پی کرد دروستە بیداتە دەستی • بەلام بە بی ئەوە کە کابرای تر ئیسپاتی وەکالەتەکەی بکاو شاهید پیشان بدا ، واجب نی یە ئەم بیداتەوە • ئەگەر پی ی وت فلان کەس حەوالەی کردووم بوسەر تو ئەو ئەندازە قەرزەی کە لەسەرتە بمدەیتەوە ، ئەمە ئەگەر کەسیك هات وتی بەتەنها من میراتگری فلان کەسم ، وە هاتووم بو ئەو قەرزەی لەسەرتە ، وە کابرایش باوەری پی کرد ، ئەوە واجبە بیداتەوە • هەروەها ئەگەر کەسیك هات وتی بەتەنها من میراتگری فلان کەسم، وە هاتووم بو ئەو قەرزەی لەسەرتە، وە کابرایش باوەری پی کرد ، ئەوە واجبە ماڵەکەی بداتە دەست •

باسی پی لی نان (اقرار)

پی لی نان لە شەرعا بریتی یە لەوە کەسیك پی لە حەقی کەسیکی تر بنی کە لەسەری بی • پی لی نان دروستە لە هەر کەسیکەوە کە ریگای تەصەروف کردنی نەگیرابی ، یەعنی تەکلیفی لەسەر بی و خاوەن روشد بی ، یاخود سەفیهی بەرەڵلا (حیجر لەسەر دانەنراو) بی • کەواتە پی لی نانی منداڵ و شیت کەلکی نی یە • ئەگەر ئەو منداڵە کە پی لی ئەنی ئیدیعای کرد کە بالغ بووە بە ئیحتیلام یا بە کەوتنە حەیز ، وە لە تەمەنیکدا بوو کە بوئەوە دەسی ئەدا ئینسانی تیا بالغ ببی بە ئیحتیلام و حەیز ، ئەوە بە بی سوین باوەری پی ئەکری • بەلام ئەگەر ئیدیعای ئەوەی کرد کە پانزە ساڵی تەواو کردووە ، ئەوە ئەبی بە شاهید ئیسباتی بکا •

پێ‌لێ‌نانی نەفام و لات لەمەپێش باس کرا • دروستە پێ‌لێ‌نانی نەخۆش لە نەخۆشیی مردنیا بەوە کە عەینێکی لایە یا قەرزێکی لەسەرە هی کەسێکی بێگانە • کەواتە پاش مردنی ئەو عەینە ئەدرێتەوە بەو کەسە کە ئەو وتوویە هی ئەوە ، وە قەرزەکەش لە میراتەکەی جێ‌بەجێ ئەکرێ و ئەدرێتەوە بە خاوەن‌قەرزەکە • بەڵێ دروستە میراتگرەکان سوێندی ئەو کەسە بدەن لەسەر ئەوە کە موستەحەقی ئەو عەینە یا ئەو قەرزەیە • هەروەها دروستە پێ‌لێ‌نانی نەخۆش بە عەینێك یا بەقەرزێك بۆ یەکێك لە میراتگرەکان ، هەرچەند میراتگرەکانی‌تر باوەڕی پێ‌نەکەن ئەوەندە هەیە ئەتوانن سوێندی بدەن لەسەر ئەوە کە موستەحەقی ئەوشتەیە پێی‌لێ‌نراوە بۆی • بە پێ‌لێ‌نان دائەنرێ بۆ میراتگر ئەمە کە ژنی نەخۆش پێ لەوەبنێ کە وەختی خۆی مارەیی‌یەکەی وەرگرتووە لە مێردەکەی • ئەگەر کەسێك لە ساغیدا یا لەنەخۆشیدا پێی لە قەرزێک نا بۆ یەکێک ، وە میراتگریشی لەپاش مردنی کابرا پێی لە قەرزێك نا بۆ کەسێکی‌تر ، ئەوە ئەو دوو حەقە وەکو یەکن ، وە پێ‌لێ‌نانی کابرا ناخرێتە پێش پێ‌لێ‌نانی میراتگرەکە ، چونکە میراتگر جێگەداری مردووەکەیە • دروست نی‌یە پێ‌لێ‌نان بە زۆر • کەواتە ئەگەر ئازاری موتەهەمێك درا بۆ ئەوە کە پێ‌لێ‌بنێ ، ئەویش لەتاو ئازار دانی بە هەندی شتا نا ، ئەوە ئەو پێ‌لێ‌نانە بێ‌سوودە • بەشەرت گیراوە ئەوکەسەی ئیقرارەکەی بۆ ئەکرێ تێکرا بناسرێ • کەواتە ئەگەر کەسێك وتی یەکێك لە خەڵکی ئەمشارە دیناریکی لامە ، ئەوە بەتاڵە • بەڵام ئەگەر وتی یەکێك لەم دە کەسە دیناریکی لای منە ئەوە دروستە ، چونکە یەکێك لەچەندکەسی لە ژمارە هاتوو - تێکرا دیارە • هەروەها بەشەرت گیراوە ئەوکەسەی ئیقرارەکەی بۆ کراوە لایق‌بێ بۆ ئەوە ئەومالەی بدرێتێ • کەواتە ئەگەر کەسێك ئیقراری کرد وتی دە دیناری ئەوحەیوانەم لەسەرە

ئەوە بەتالە • بەلی ئەگەر وتی بەهوی ئەو ولاخەوە دە دینارم لەسەرە ئـەوە دروستەو مەعنای ئەوەیە کە ئەوولاخەی بەکری گرتووە ، وە بەهوی ئەوەوە دە دیناری خاوەن ولاخەکەی کەوتووەتە سەر • دروستە پی‌لی‌نان بـــو مزگەوتو قوتابخانەو تەکیەو نەخوش‌خانەو هەرجیگایەکی‌تر کـــە بـــو قازانجی گشتی دامەزرابی وەك گورستان ، وە ئەوشتە پی‌لی‌نراوە صـــەرف ئەکری بو سوودی ئەوشوینانە • وە ئەگەر وتي سکی ئەوژنە دە دیناری لەسەرمە ، ئەگەر بە موطلەقی وتی ، یاخود بەستی بەحالەتیکەوە کـــــە ری‌ی‌تی‌بچی ، مەسەلا بلیت بەهوی ئەو قەرزەوە کە باوکی هەیەتی لەسەر من دە دیناری کەوتوەتە سەرم ئەوە دروستە • وە ئەگەر بەستی بە حالەتیکی نارەواوە مەسەلا بلی قەرزی لەسەرمە ئەوە بەتالە • ئەگەر کەسیك ئیقراری کرد بە عەینیك یا بە قەرزیك بوکەسیك ، ئەویش خستیەوە بەدرودا ، ئەوە ئەوماڵە لەلای ئیقرارکەرەکە ئەهیلریتەوە • جا ئەگەر پەشیمان بووەوە لە ئیقرارەکەی‌و وتی بەهەلەدا چووبووم لەوئیقرارەدا ، وە ئەوماڵە هەر ماڵی خومە ، ئەوە قسەکەی قەبوول ئەکری‌و ماڵەکە بە ماڵی ئەو ئەناسری • وە ئەگەر ئیقرار بوکراوەکە پەشیمان بووەوە لە ئینکارەکەی ، وە شاهیدی هینا کە ئەوماڵە ماڵی خویەتی ، لی‌ی قەبوول ناکری • بەلی لەم‌شوینەدا (عـــلی الشـــبراملســـي) فەرمووپـــەتی بەقیاس لەسەر هاوچەشنی ئەم مەسئەلەیە ئەگەر کابرا بیانوویەکی عەقل‌گرتووی هینایەوە بو ئینکـــارەکەی ، ئەوە وادیارە لی‌ی قەبوول ئەکری‌و ماڵەکە بە هی ئەو ئەناسری •

باسی صیغەی پی‌لی‌نان (اقرار)

شەرتە بو پی‌لی‌نان لەفظیکی وەها کە ئەوە بگەیەنیت ئەوکەسە عەینیك یا مالیکی کەسیکی دیاری‌ی لەسەرە • هەروەهایە نووسینیش لەگـــەل

نی‌یەتدا • کەواتە ئەگەر بلی گومانم وایە فلان کەس دیناریکی لەسەرمە ئەوە بەتالە ، بەلام ئەگەر بلی شەهادەت ئەدەم یا ئەزانم فلان کەس دیناریکـــی لەسەرمە ئەوە پی‌لی‌نانە • جا ئەگەر بلی لەلامە یا بەلامەوەیە ئەوە پی‌لی‌نانـە بە عەین ، وە ئەگەر بلیت لەسەرمە یا لەگەردنمایە ئەوە بو شتیکە لەئەستودا بی • ئەگەر کەسیك وتی بەکەسیکی‌تر دە دینارم لەسەرتە ئەویش وتـی کیشانەی بکە یا وەری‌بگرە یا بیکەرە کیسەکەتەوە ئەوە بەتالە • بەلام ئەگەر وتی بەلی، یا راستە، یا بەلی راستە، ئەوە پی‌لی‌نانە•وە ئەگەر وتی راستەکەی لەسەرم‌بوو ، بەلام دامەوە ئەوە پی‌لی‌نانە لە حەقەکە ، بەلام بو دانەوەکەی پیویستی بە شاهیدە • جا ئەگەر شاهیدی بوو باشە ، وە ئەگەر شاهیدی نەبوو کابرای پی‌بولی‌نراو سویند ئەخوا کە وەری‌نەگرتوەتەوە ، ئەوجا ئەتوانـی لی‌ی بسینیتەوە • ئەگەر کەسیك بە پرسیار وتی دە دینارم لەسەرت نی‌یە ؟ ئەویش وتی بەلی ،ئەوە ئەبی بە پی‌لی‌نان • هەروەها ئەگەر وتی سبەینی ئەتدەمەوە یا دوو روژ مولەتم بدە ، یا باشە با دانیشم ، یاخود کیســـەکەم بکەمەوە ، یا با کلیلی سندووقەکەم بدوزمەوە ، ئەبی بە پی‌لی‌نان ••

هەندیك لە شەرتەکانی پی‌لی‌نان

شەرتە ئەوحالەی کە کابرای پی‌لی‌نەر پی‌ی‌لی‌ئەنی مولکی کابـــرای پی‌لی‌نەر نەبی • کەواتە ئەگەر وتی ئەم خانوە کە کریومە بوخوم لـــــە فلان‌کەس ، یا بەمیرات لە باوکمەوە بوم‌هاتوەتەوە مالی فلان‌کەســـە ، یـا ئەوقەرزەم کە لەسەر ئەحمەدە هی مەحموودە ، ئەوە بەتەنها ئەوقسەیە نابی بە پی‌لی‌نان ، بەلکو بە (وەعدە) مەعنای لی‌ئەدریتەوە چونکە ظاهیری قسەکە لەگەل پی‌لی‌نان ناگونجی • بەلی ئەگەر نیازی پی‌لی‌نانی هەبوو ، ئەوە بـــە

پێ‌لێ‌نان دائەنرێ ، چونکە ڕێ‌ی‌تێ‌ئەچی وەختێ خوی ئەو خانووە کـــە بەمیرات بوی‌هاتوەتەوە یا ئەوخانووە کە خوی کریویەتی بوخوی فرۆشتییتی بەکابرای ئیقرار بوکراو ، وە بووبی بە مالی ئەو ، یاخود ئەو قەرزەی کـە لەسەر ئەحمەد بوویەتی نەذری کردبی لە مەحموود ، وە ئیستە لەسەر ئـەو ئەساسە ئیقرار بکا • بەلی ئەگەر وتی ئەم‌عەینە مالی ئەحمەدە ، وە مولکی خوم بوو تا ئەوکاتە کە پیم‌لێ‌نا ، ئەوە سەرەتای قسەکەی بە پێ‌لێ‌نان دائەنرێ‌و ئەوی‌تری هیچ‌وپووچو بەتالە •

هەرکاتێ کەسیك پێ‌ی‌لێ‌نا بە عەینیك بو کەسیك ، وە ئەوعەینە لای خوی بوو ، ئەوە ئەبی دەس‌بەجی بیدا بەوکەسە • وە ئەگەر لای‌نەبوو وە لەپاشا کەوتە دەستی ئەوە لەوکاتەدا ئەیداتێ •

دروستە پێ‌نان لە شتی نامەعلووم • جا ئەگەر کەسیك وتی فلان‌کەس شتیکی لەسەرمە ئەوە پێ‌نانە لەشتی نامەعلووم ، وە داوای روون‌کردنەوەی ئەوشتەی لێ‌ئەکرێ ، وە بە هەرچی مەعنای لێ‌بداتەوە ــ هەرچەند کەمیش بی ــ لێ‌ی‌قەبوول ئەکرێ • هەروا ئەگەر مەعنایشی لێ‌بداتەوە بە شتیکی‌وا کە لەجینسی مال بی بەلام قیمەتی نەبی وەك دەنکیك گەنم ، هەروا ئەگەر مەعنایشی لێ‌بداتەوە بە حەیوانیکی پیس یا بەشتیکی پیسی‌وا کە دروست‌بی رابگیری وەك سەگی پاس یا وەك تەپالە • بەلام قەبوول ناکـری مەعنـــای لێ‌بداتەوە بەشتیکی پیسی‌وا کە راگرتنی دروست نەبی وەك بەرازو سەگی بێ‌سوود ، یاخود مەعنای لێ‌بداتەوە بە عەیادەتی نەخوش یا بە جوابـــی ســـەلام •

ئەگەر ئیقراری کرد بە مال یا بە مالیکی گەورە یا زور ، ئەوە قەبوول ئەکرێ مەعنای لێ‌بداتەوە بە مالیکی کەم ، لەبەرئەوە کە مالی کەمیش بـــو حیسابی پاشەروژ زورو گەورەیە • بەلام قەبوول ناکرێ مەعنای لێ‌بداتەوە

بە سەگ هەرچەند سەگی راویش بی ، یا بە تەپالە یا بە پیستی مردارەوەبوو هەرچەند قابیلی دەباغی کردنیش بی ، چونکە ئەمانە مال نین • ئەگەر وتی فلان کەس شتێ شتیکی لەسەرمە ئەوە هەر بەتەنها یەك شت دائەنری • وە ئەگەر وتی شتیك و شتیکی لەسەرمە ، ئەوە مەعنای لی ئەدریتەوە بە دوو شت • وە ئەگەر وتی فلان کەس هەزارو یەك لیرەی لەسەرمە ئەوە لی قەبوول ئەکری مەعنای هەزارەکە بە غەیری لیرە لی بداتەوە وەك دینار • بەلام ئەگەر وتی بیست و پینج لیرەی لەسەرمە ، ئەوە هەمووی هەر بە لیرە ئەدریتە قەلەم •

ئەگەر کەسیك پیی نا لە چەند دەرمیك بو کەسیك وە لەپاشا وتی ئەو درەمانەی کە پیم لی نان سەنگیان لە درەمی عادەتی کەمترە ، ئەوە ئەگەر درەمی ئەوشوینەی ئیقرارەکەی تیا کراوە سەنگی تەواو بی و کابرا ئەمقسەیەی لەگەل ئیقرارەکەدا کردبی ئەوە قەبوول ئەکری • وە ئەگەر ماوەیەك لەپاش ئیقرارەکە بوو ئەوە قەبوول ناکری • وە ئەگەر درەمی ئەو شوینە سەنگی کەم بی ، ئەوە ئەمدەعوایەی لی قەبوول ئەکری چ لەگەل ئیقرارەکەدا بی و چ لەپاش ئیقرارەکە بی و ماوەی کەوتبی • هەروەها ئەگەر لەپاش ئیقرار بەدرەمەکان وتی ئەودرەمانە هەموویان غەشیان تیابووە ، ئەوە ئەگەر درەمی ولاتەکە بی غەش بی ئەم قسەیەی لی قەبوول ئەکری بەوشەرتە بەینی نەکەوی لەگەل ئیقرارەکەدا ، ئەگینا قەبوول ناکری • وە ئەگەر درەمی ئەوولاتە غەشی تیابوو ئەمدەعوایەی لی قەبوول ئەکری هەرچون بی • ئەگەر کەسیك وتی فلان کەس لە درەمیکەوە تا دە درەمی لەسەرمە ، ئەوە پیی ناوە لە نو درەم • وە ئەگەر وتی فلان کەس درەمیك لە دە درەمی لەسەرمە ئەوە ئەگەر مەبەستی لیکدان (ضرب) بی بە ئوسوولی عیلمی حیساب ، ئەوە پیی لی نانە بە دە درەم ، ئەگینا پیی لی نانە بە تەنها یەك درەم •

باسی هەندیك پێ‌لی‌نان (اقرار)

ئەگەر کەسیك وتی فلان کەس شمشیریکی لامە لەکیلانایە ، یاخـــود جلیکی لامە لەسندووقایە ، ئەوە پێ‌لی‌نانە بو تەنها شمشیرەکەو تەنها جلەکە، وە پێ‌لی‌نان نی‌یە بو کیلانەکەو سندووقەکەیش • وە ئەگەر وتی فلان کەس هەیەتی لەلام ولاخیك بە زینەوە یا جلیکی قەیتان لی‌دراو ، ئەوە پێ‌لی‌نانـە بو ئەسپەکەو زینەکەیش‌وە بو جلەکەو قەیتانەکەیشی • ئەگەر وتی هەزار دینار لە میراتی باوکم بو فلان کەسە ، ئەوە وەعدەیە بە بەخشینی هـــــەزار دینار بەوکەسە ، وە نابی بە مالی تا پێی‌نەبەخشی • ئەگەر وتی بو فـــلان هەیە بەسەرمەوە درەمیك درەمیك ، ئەوە پێ‌لی‌نانە بو تاقە درەمیـــك • وە ئەگەر وتی درەمیك‌و درەمیك ئەوە پێ‌لی‌نانە بو دوو درەم • وە ئەگەر وتی درەمیك‌و درەمیك‌و درەمیك ، ئەوە بە لەفظی یەکەم‌و دووهەم دوو درەمی ئەکەویتەسەر ، جا ئەگەر مەبەستی لە لەفظی ســـیهەم دووپات (تاکید) کردنەوە بوو ئەوە هیچ وە ئەگەر مەبەستی سەربەخویی بوو درەمیکی‌تری ئەکەویتە سەر • هەروەها ئەگەر لەخورایی‌وە بە بی‌نیاز بەدەمیا هات یاخود مەبەستی دووپات کردنەوەی درەمی یەکەم بوو ، چونکە لەفظی یەکـــەم بە سیهەم دووپات ناکریتەوە • وە ئەگەر ئیقراری کرد بە شتیکی نامەعلووم وەك (شتیك) ، (جلیك) ، (مالیـك) وە داوای لی کرا مەعنای لی‌بداتەوە بەلام ئەو مەعنای لی‌نەدایەوە ، ئـــەوە فەرموودەی راست وایە ئەخریتـــە بەندیخانەوە تا بەیانی ئەکا • وە ئەگەر روونی کردەوە ، بەلام کابرای ئیقرار بوکراو باوەڕی پی‌نەکرد ئەبي ئەم ئیدیعاکەی خوی روون بکاتەوە • جا پاش‌ئەوە ئەگەر بە شاهید ئیسباتی کرد ئـەوە باشـە ، ئەگینا پی‌لی‌نەرەکە سویند ئەدری لەسەر روون‌کردنەوەکەی •

ئەگەر کەسیك ئیقراری کرد بە هەزار درهەم بو کەسیك ، هەروەها رۆژیکی تریش ئیقراری کرد بە هەزار درهەم هەر بو ئەوکەسە ، هەر هەزار درهەمی ئەکەویتەسەر . وە ئەگەر ئەندازەی درهەمەکان کە پێیان لی ئەنی لەو دوو پێ لی نانەدا زیادو کەمی کرد ئەوە زورەکەیان حیساب ئەکری و کەمەکە ئەخریتە ناو زورەکەوە . بەلی ئەگەر درهەمەکانی بە دووجوری جیاواز باس کرد مەسەلا بو هەزار درهەمی یەکەم وتی هەزار درهەمی ساغ وە بو هەزار درهەمی دووهەم وتی هەزار درهەمی شکاو ، یاخود بو هەر هەزاریکیان سەبەبیکی تایبەتی باس کرد ، مەسەلا بو هەزار درهەمی یەکەم وتی لە حەقی خانوودا ، وە بو هەزار درهەمی دووهەم وتی لە حەقی کری دووکانا ، یاخود وتی روژی شەممە هەزار درهەم وەرگرت ، وە پاش ئەوە روژی یەکشەممە هەزار درهەمم وەرگرت ، ئەوە پێ لی نراوەکە ئەبی بە دووشت ، وە هەردوو هەزار درهەمەکەی ئەکەویتەسەر . ئەگەر وتی هەزار دینارم لەسەرە لە حەقی شەرابدا ، یا لە حەقی سەگدا ، یا بژاردمەوە ، ئەوە ئەو هەزار دینارەی ئەکەویتەسەر . ئەگەر وتی هەزار دیناری لەسەرمە لە حەقی عەینیکدا هەروەختی عەینەکەی پێدام پارەکەی ئەدەمی ، ئەوە قەبوول ئەکری وە دائەنری بە قیمەتی ئەو مالە . وە ئەگەر وتی فلان کەس هەزار دیناری لەسەرمە (ان شاء الله) ئەوە هیچی ناکەویتەسەر . ئەگەر وتی فلان کەس هەزار دیناری لەسەرمە کە هیشتا ثابت نەبوە بوی ئەوە بە ئەوەلی قسەکەی ئەو هەزار دینارە ئەکەویتەسەری . ئەگەر وتی هەزار دیناری لەسەرمە ، وە پاش ئەوە هەزار دیناری هیناو وتی ئەو هەزار دینارەی کە پێم لی نا ئەمەیە کە هیناومە ، وە بەصوورەتی ئەمانەت داینابوو لام ، کابرای ئیقرار بوکراویش وتی نەخەیر ئەم هەزارە ئەمانەت بووەو بیجگە لەمە هەزار دیناری ترت لەسەرە ،

ئەوە کابرای ئیقرارکەر سویند ئەدری • وە مادام لێی قەبوول کرا مەعنای ئەو لەسەربوونە بە ئەمانەت لێبداتەوە ، ئەوە فەرموودەی راستتر ئەوەیە ئەومالەی بە صوورەتی ئەمانەت لەلایە ، وە باوەری پێئەکری ئەگەر ئیدیعای کرد مالەکە لەپاش بێلێنانەکەی فەوتاوە ، یا ئەگەر وتی ناردوومەتەوە بو خاوەنەکەی ، وە سویندیکی ئەدری • وە ئەگەر ئیقرارکەرەکە وتبووی هەزار دیناری لەئەستومدایە ئەوە قەبوول ناکری لێی مەعنای لێبداتەوە بە ئەمانەت ، وە باوەر بە ئیدیعای کابرای ئیقرار بوکراو ئەکری • وە ئەگەر وتی هەزار دیناری فلانکەسم لایە یا لەگەلمە ، ئەگەر ئیدیعای ئەوەی کرد ئەو مالە بەئەمانەت لایبووە ، وە ناردوویەتیەوە بو خاوەنی ، یا فەوتاوە لای خوی ، ئەوە باوەری پێئەکری بە سویند چونکە ئەملەفظە کە ئەلی لامە یا لەگەلمە ئەوە ناگەیەنی کە لەئەستویدا بی ، کەواتە بە سویند باوەری پێئەکری کە ئەومالەی بەئەمانەت لەلابووە •

ئەگەر ئیقراری کرد بە فروشتنی مالیك یا بە بەخشینی بەکەسیك وە بە تەسلیم کردنی ، لەپاشا وتی ئەو بەخشینە دانەمەزراوە ، وە ئیقرارەکەی من لەسەر گومانی ئەوە بووە کە دامەزراوە ، ئەوە قەبوول ناکری لێی • بەس ئەوەندە هەیە ئەتوانی کابرای ئیقرار بوکراو سویند بدا لەسەر ئەوە کە بەخشینەکەی دروست بووە ، ئەوسا مالەکە ببا • وە ئەگەر نکوولی کرد لە خواردنی سویند ، ئەوە کابرای ئیقرارکەر سویند ئەخوا لەسەر ئیدیعاکەی خوی وە لە حەقی کابرا رزگاری ئەبی •

ئەگەر کەسیك وتی ئەم خانووە مالی ئەحمەدە ، نەخەیر هی مەحموودە، ئەوە لەسەر قسەکەی پیشووی ئەدری بە ئەحمەد ، وە فەرموودەی دیاریتر ئەوەیە ئەبی قیمەتەکەشی بدا بە مەحموود بەهوی پێلێنانی دواییەوە •

(بزانن) دروستە جیاکردنەوە (استثنا)ی بەشیك لەوشتەی کە ئیقراری

پی کردووە بە چەند شەرت • یەکەم : ئەوەیە لەپێش لی‌بوونەوەدا لـــە ئیقرارەکە ئەو جیاکردنەوەیەی لـــەدلدا بووبی • دووهەم ئەوەیە ئـــەو جیاکردنەوەیە بلکی بە ئیقرارەکەوە ، وە بە غەیری راوەستانی هەناسەدان‌و زمان گرتنی بەینی نەکەوی • سیهەم ئەوەیە کە ئەم جیاکراوەیە هەمـــوو پی‌لی‌نانەکە دانەگری • کەواتە ئەگەر وتی فلان‌کەس دە دیناری لەسەرمە دە دینار نەبی ، ئەوە ئەو جیاکردنەوەیە بەتالە ، وە تەواوی دە دینارەکەی ئەکەویتەسەر • وە ئەگەر وتی فلان‌کەس دە دیناری لەسەرمە دوو دینـار نەبي ، ئەوە دروستەو ئەبی بە پی‌نان لە هەشـــت دینار • وە ئەگەر وتـــی فلان‌کەس دە دیناری لەسەرمە ، نو دینار نەبی ، هەشـــت دینار نەبی ، ئەوە دروستەو ئەبی بە پی‌لی‌نان لە نو دینار • لەبەرئەوە کە جیاکردنەوە لـــە ئیثبات نەفیە ، وە جیاکردنەوە لە نەفی ئیثباتە ، یەعنی جیاکردنەوە لە بوون ئەبی بە نەبوون ، وە جیاکردنەوە لە نەبوون ئەبی بە بوون • کەواتە کـە وتی نو دینار نەبی لە دە دینارەکە نو دیناری لائەچی‌و دیناریکی ئەمینیتەوە• وە کە وتی هەشت دینار نەبی ، لەو نو دینارە کە لاچووە هەشت دیناری ئەمینیتەوە ، وە لەگەل دینارە پیشووەکەدا ئیقرارەکەی بەســـەرا ئەووا • کەواتە وای لی‌دیتەوە کابرا وتبیتی نو دیناری فلان‌کەسم لەسەرە• وە ئەگەر چەند جیاکردنەوەیەك بەدوای‌یەکا هاتن ، زور ریگا هەیە بو دوزینـەوەو دیاری کردنی ئەوەی ئەمینیتەوە ، کە ئاسان‌ترینیان ئەوەیە لە جیاکردنەوەی دوایی‌یەوە دەس‌بکری بە دەرکردن • ئیستا لەمیسالەدا ئیمە هەشت لە نو دەرئەکەین ، یەکی ئەمینیتەوە ، وە ئەو یەکە لە دە جیائەکەینەوە نـــو ئەمینیتەوە وەکو لەپیشەوە باسمان‌کرد •

جیاکردنەوە لە غەیری هاوجینسیش دروستە ، وەك ئەوە کە بلی فلان کەس هەزار قرانی لەسەرمە عابایەك نەبی ، وە عاباکە مەعنای لی‌ئەدریتەوە

بە عابایەك کە قیمەتی لە هەزار قران کەمتر بی بو ئەوە کە جیا کردنەوەکە هەموو ئەوەی لەپیشیەوەیە دای‌نەگری • هەروەها جیاکردنەوە دروستە لە شتیکی دیاری وەك ئەوە کە بلی ئەم خانووە هی فلان‌کەسە هـــــــودەی سەردالانەکەی نەبی ، یا ئەم لیرانە هی فلان‌کەسن ئەو لیرەیەیان نەبی • وە ئەگەر وتی ئەم حەیوانانە هی فلان‌کەسن یەکیکیان نەبی قەبوول ئەکری ، وە بو بەیان‌کردمی ئەو تاقە حەیوانە لە خوی ئەپرسین • جا ئەگەر ئـــەو حەیوانانە هەموو فەوتان یەکیکیان نەبی ، وە کابرای پی‌لی‌نەر لای‌وابوو ئەو حەیوانە جیاکراوەکەی خویەتی ، ئەوە باوەر بە سویندی ئەکری چونکە خوی ئاگادارە لە نیازی دلی خوی (واللە اعلم) •

باسی ئیقرارکردن بە نەسەب

ئەگەر کەسی ئیقراری کرد بە نەسەبی کەسیك ، ئەگەر ئەوکەسەی بەدەست بەخویەوە ، مەسەلا وتی ئەم‌کەسە باوکمە یا کورمە ، شەرتە بـــو دامەزرانی ئەم‌ئیقرارە چەند شت • یەکەم : ئەوەیە کە چاوو عەقل ئـــەم کابرا نەخاتەوە بەدرودا ، ئەگینا ئەگەر ئەوکورە تەمەنی لەوانە نەبی کە کوری ئەم پی‌لی‌نەرە بی ، ئەوە بەتالە • دووهەم : ئەوەیە شەرع بەدروی نەخاتەوە بەم‌رەنگە نەسەبی لە شەخسیکی‌تر مەعلووم بی • سیهەم : ئەوەیە ئەوشەخسە کە نەسەبی ئەبەستی بەخویەوە باوەری پی‌بکا ئەگەر لایق‌بی بو باوەر پی‌کردن • چوارەم : ئەوەیە کەس هەرای لەگەلدا نەکا لەسەر ئەو ئیقرارە • ئەگەر هاتو کەسیك کەوتە هەرا لەگەلیا لەم‌روەوە ئـــەوە پیویستە بە شاهید • جا ئەگەر شاهیدی نەبوو ، یا هەردولایان شاهیدیان بوو، ئەوە پیویستە بە باوەرکردنی ئەوکەسە کە ئیقرار بە نەســـەبی کراوە •

ئەنجا ئەگەر ئەم کەسە هەردوکیانی خستەوە بەدرۆدا ئەوە نەسەبی نابەسری بەکەسیانەوەو نیشانی قیافەت شوناسیش نادری • وە ئەگەر باسی باوەرکردنی بە کەس نەکرد ، یاخود باوەری بە هەردو کیان کرد ئەوە پیویستە بە قیافەت شوناس • جا ئەگەر ئەو قیافەت شوناسە نەسەبی بەست بە یەکیکیانەوە ، ئەوە نەسەبی ئەبەسری بەویانەوە • وە ئەگەر ئەویش سەرگەردان بـــوو ئەوە نەسەبی بو کەسیان ئیسپات نابی •

هەروەها دروستە نەسەبی مندالیکی دوزراوەش بلکینری بەکەسیکەوە• جا ئەگەر موسولمانیکی ئازاد کردی بە کوری خوی ، ئەوە ئەلکی بەو کەسەوە، وە ئەوکەسە ئەو مندالە پەروەردە ئەکا • هەروەها دروستە نەســـەبی ئینسانیکي مردوویش ، گەورە بی یا بچووك بی ، بلکینری بەکەسیکەوە ، وە تەماشای ئەوە ناکری لەوانەیە ئەم کابرایە توهمەتی داواکردنی میراث رووی تی‌بکا • ئەگەر کەسیك نەسەبی کەسیکی لکاند بە کەسیکی‌ترەوە ، مەسەلا وتی ئەمشەخسە برامە یەعنی کوری باوکمە ، یاخود وتی ماممە یەعنی کوری باپیرمە ، ئەوە نەسەبی ئەم کەسە ئەلکی بەوکەسەی‌ترەوە بەوشەرتانەی کە لەوەپیش باسمان کردن کە بریتین لەوە چاوو شەرع بەدرویا نەخەنەوە ، وە ئەوکەسەی کە نەسەبی لکینراوە بە کەسیکی‌ترەوە باوەر بکا بەم شەخسە پی‌لی‌نەرە • بیجگە لەمشەرتانە دوو شەرتی‌تریش لازمە • یەکەم ئەوەیـە ئەم کەسە کە نەسەبی ئەم کەسەی پیوە ئەلکینری مردوو بی ، وە ئەگـــەر زیندوو بی پیویستە خوی باوەری پی‌بکا وە ئەوکەسە بە کوری خوی بزانی، ئیتر شەرت نی‌یە زوو نەسەبی ئەم کورەی ئینکار نەکردبی • دووهەمیش ئەوەیە کابرای پی‌لی‌نەر لە وەختی پی‌لی‌نانەکەیا میراث‌بەریك بی کە هەموو میراثەکە ببا خواه (عصبه) بی وەك ئەوە کە کوریك ئیقراو بکا فلان‌کەس برایەتی ، یا (ذو الفرض) بی وەك کچیك کە میراثی باوکی بە فـــەرض‌و گەرانەوە (رد) وەربگری • ئەگینا مادەم ئەو پی‌لی‌نەرە میراث‌بەر نەبی ئەوە

بە بیگانە ئەناسری و پی لی نانەکەی بی سوودە • هەروەها ئەگەر میراث گر بی بەلام هەمووی نەبا وەك کوریك لە دوو کور ، ئەوە بەبی ئەوەی هەردوکیان ریك بکەون سوودی نی یە تەنها یەکیکیان ئیقراو بکا بە برایەکی سیهەم ، وە بەتەنها ئەو نەسەبی ئەم شەخسە ئیسبات نابی • جا ئەگەر برایەکی تاقانـە نەسەبی کەسیکی لکاند بە باوکیـــــەوە ، ئەوە واجبە میراثەکەی لەبەینی هەردوکیانا بەش بکەن بە نیوەیی • وە ئەگەر یەکیك لە دوو کور ئیقراری کرد بە برایەکی سیهەم ، وە براکەی تری ئینکاوی کرد ، ئەوە نەســـەبی ئەوکەسە ئیسبات نابی ، کەواتە میراثیش وەرناگری ، وە هەروەك چـون بی بەش ئەبی لە بەشی کورە ئینکارکەرەکە ، بی بەش ئەبی لە بەشـی کــورە ئیقرارکەرەکەیش • بەلی لە حەقیقەتدا ئەگەر ئیقراوکەرەکە راست بکا ، ئەوە پیویستە سیەیەکی بەشەکەی خوی بدا بەوکورە سیهەمە • وە ئەگەر برا ئینکارکەرەکە مرد ، وە میراث گری تەنها برا ئیقراوکەرەکە بوو ، یاخود میراث گری تری هەبوو بەلام ئەوانیش ئیقراریان بە نەسەبی ئەم کەسە کرد، ئەوە نەسەبی ئیسبات ئەبی ، وە بەشی خوی ئەبا لە میراثی باوکی ، هەروا لە میراثی برا مردووەکەیش ئەگەر میراث گری وای نەبی وی ی میراث گرتنی لی بگری •

ئەگەر تاقانە کوریکی میراث گر ئیقراوی کرد بە برایەتی ی کەسیکی نەسەب نەناسراو ئەوە نەسەبی ئەو کابرایە ئیسبات ئەبی • وە ئەگـــــەر لەووەختەدا ئەوکەسە ئینکاری نەسەبی ئەو ئیقرارکەرە بکا ئەوە بی سوودەو قسەکەی بەتالە چونکە ئەگەر نەسەبی ئیقرارکەرەکە تیك بچی ئەوە نەسەبی ئەم کابرایە ئیسبات نابی ، وە مادەم نەسەبی ئەم ئیسبات نەبی ، قسەی بـــە بی سوود ئەرواو نەسەبی ئیقراوکەرەکە بە ثابتی ئەمینیتەوە ، چونکە ئینکاری بیگانە بی سوودە •

ئەگەر میراتگریك ئیقراری کرد بە نەسەبی کەسیکیوا کە لـــــە ئیسبات‌بوونی نەسەبی ئەوەوە ئەم لە میرات بی‌بەش ببی ، وەك ئەوە کـــە برای مردوویەك ئیقرار بکا بە نەسەبی کوریك بو براکەی، ئەوە نەسەبەکەی ئیسبات ئەبی ، بەلام نابی میرات وەربگری ، چـــونکە ئەگەر میرات ببا ئەبی میرات نەبا لەبەرئەوە کە ئەگەرمیرات ببا مامەکەی لە میرات‌بەری ئەبی ، وە مادەم ئەو لە میرات بەری بوو ئیقرارکردنی بە نەسەبی ئەم کورە بی‌سوود دەرئەچی ، وە ئەم شەخسە نابی بە کوری مردووەکەو میرات نابا • ئەنجامیش ئەوە ئەبی ئەگەر میرات ببا ئەبی میرات نەبا ، ئەمەیش مەحالە •

باسی خواستن (عاریە)

خواستن لە شەرعدا بریتی‌یە لە عەقدیك کە ئەبی بەهوی ئەوە کـە دروست بی یەکیك قازانج لە شتیك وەربگری • خواستن هەرچەند لەخویدا سوننەتە ، بەلام جارجاریش واجب ئەبی ، وەك دانی جلو بەرگ بـــە کەسیکی داماو بوئەوەی عەورەتی خوی داپوشی تا نویژ بکا •

لە (عاریە)دا پیویست هەیە بە (معیر) کە ئەوکەسەیە مال ئەدا بـــە کەسیکی‌تر بو سوود لی‌وەرگرتنی ، وە (مستعیر) کە ئەوکەسەیە مالەکـــە ئەخوازی ، وە (مستعار) کە مالە خوازراوەکەیە ، وە (صیغە) کە ئەولەفظەیە بە بەینیانا ئەروا • شەرتی (معیر) چەند شتە • یـــەکەم : ئەوەیە لایقـی بەخشین‌و پیاوەتی کردن بی • کەواتە دروست نی‌یە منال‌و شیت‌و نەفامی حیجر لەسەر دانراو مال بدەن بە کەسیك بە عاریە • دووهەم : ئیختیارە • کەواتە عاریەدان بەزور بەتالە • سیهەم : ئەوەیە خاوەنی قازانجی مالەکەبی، خواە خاوەنی مالەکەش بی ، یا هـــەر خاوەنی قازانجەکـــەی بی ، وەك ئەوکەسەی کە مالیکی بە کری گرتبی • کەواتە دروستە ئەوکەسەی مال

ئەدا بە عاریە کریچی بی ، یاخود وەصیەتی بو کرابی بە قازانجی مالـــە خوازراوەکە ، یاخود وەقف کرابی لیی ، مەسەلا کەسیك کتیبیکی لـــی وەقف کرابی ئەتوانی بە عاریە بیدا بە کەسیك ئەگەر وەقف کەرەکە بـــە شەرتی نەگرتبی نەدری بەکەس بە عاریە • بەلام دروست نییە بو کەسیک کە شتیکی لە کەسیك خواستبی بە عاریە ، خویشی بیداتەوە بە عاریـــە ، چونکە وەك خاوەن مال نییە خاوەنی قازانجیش نییە ، بەلکو تەنها خاوەنی قازانج وەرگرتنە • دروستە بو ئەوکەسەی کە مالیکی لە کەسیك خواستبی جی نشینیك بوخوی بگری بو سوود وەرگرتن لەوماڵە • مەسەلا ئـــەو جووتەگایە کە خواستوویەتی بو جووت پی کردن بیدا بە کەسیك جووتی پی بکا بوی ، یا ئەوئەسپەی کە خواستوویەتی بو سواری یەکیکی تری سوار بکاو بینیری بو ئیشەکەی یا ژنەکەی یا خزمەتکارەکەی سوار بکا •

شەرتی (مستعیر)یش چەند شتە : یەکەم ئەوەیە خاوەن روشد بی ، کەواتە مال خواستنی مندالو شیتو نەفام دروست نییە ، وە هەر مالی بـە عاریە بدری بەمانەو بفەوتی پییان نابژیردریتەوە • هەروەها دروست نییە سەرپەرشتیکەری کاروباری منالیش لەبەر ناچاری نـــەبی مالی بو بخوازی وەك سەرمایەکی سەخت ، یاخود لەو مال خواستنەدا ضەمانەتی نەیەتەسەر وەك ئەوە شتیك لە کریچی بخوازن • دووهەم ئەوەیە خاوەن ئیختیار بی • کەواتە ئەگەر زور بکری لە کەسیك بو خواستنی مالیكو مالەکەی خواست، ئەوە بەتالە • سیهەم ئەوەیە مەعلووم بی کییە • کەواتە ئەگەر خاوەن مالیك بلیت وا ئەم فەرشەم بە عاریەدا بە هەرکەس لەسەری دائەنیشی ئەوە بەتالە ، یەعنی ئەوە بە عاریە دانانری ، بەلکو بو حەلال کردنە (اباحە) ، یەعنـــی ئەوکابرا فەرشەکەی حەلال کردووە بو هـەرکەس لەسـەری دابنیشـــی •

شەرتی مالی (مستعار) خوازراویش ئەوەیە قازانجێکی شەرعیی لێوەربگیری لەگەل ئەوەیشا کە عەینەکەی بمێنێتەوە • کەواتە دروست نی‌یە بە عاریەدانی ولاخێك کە کەلکی باربردنی پێوە نەبێ ، هەروەها بە عاریەدانی جاشوولکەیەك کە هێشتا نەخرابێتە ژێربارو وای‌لێ‌نەهاتبێ بۆ باربردن دەس‌بدا • دروست نی‌یە بەعاریەدانی موم بۆ داگیرساندن ، یا چێشت بۆ خواردن ، چونکە قازانجی ئەمانە بەسراوە بە فەوتانیانەوە • بەڵێ دروستە بەعاریەدانی جل بۆ لەبەرکردن ، وە قەڵەمو دەوات بۆ پێ‌نووسین ، وە کلتوور بۆ چاوپێ‌رشتن چونکە ئەمانە هەرچەند بە قازانج لێ‌وەرگرتن تەواو ئەبن ، بەڵام ماوەیەکی زۆر عەینەکەیان لەگەل ئەو مەنفەعەتەدا ئەمێنێتەوە • هەروەها دروستە بە عاریەدانی خشل بۆ خۆپێ‌جوانکردن •

ئەگەر کەسێك مەری شیردار بدا بە یەکێ بۆئەوە کە شیرو رونەکەی بخوا ، ئەوە نابێ بەشێوەی عاریە بێ چونکە قازانجی شیرو رونەکەی لەوەدایە کە بخورێن • کەواتە پێویستە کابرا ئەو شیرو رونە نەذر بکا لەو کەسە کە ئەیداتێ • هەروەها شەرتە ئەو ماڵە خوازراوە نەدرێ بە کەسێك بەرامبەر بە کرێ نەبێ ، کەواتە ئەگەر کەسێك وتی وا ئەو ئەسپەم پێدای بۆ ئەوە کە ئالفی بدەیتێ ، یا بۆئەوە کە تۆیش ئەسپەکەی خۆتم بدەیتێ ، ئەوە عاریە نی‌یە بەڵکو بەکرێ‌دانە چونکە کرێی تیا خراوەتە پێش چاو ، بەڵام بەکرێ‌دانێکی نادروستە چونکە ماوە (مدّە)ی بەکرێ‌دانەکەو بریتی (عوض)ەکەی هەردووکیان نادیارین •

هەرماڵێك بەهۆی عاریەی دانەمەزراوەوە بکەوێتە دەستی کەسێك ، ئەگەر ئەوکەسەی داویە بە خواستن لایقی پیاوەتی کردن بێ ، ئەوە کابرای ماڵ‌خواز نابێ بە ضامنی قازانجی فەوتاوی ئەوماڵەو کرێ‌یشی ناکەوێ •

هەروەها نابی بە ضامنی عەینەکەیشی ئەگەر لەپێش بەکارهێنانا فەوتا ، یاخود لەپاش بەکارهێنانی روخسەت بو دراو فەوتا • وە ئەگەر بەهوی بەکارهێنانی روخسەت بو نەدراوەوە فەوتا ، ئەوە ئەبێ بە ضامنی • وە ئەگەر ئەوکەسە کە مالەکەی داوە بە خواستن لایقی پیاوەتیکردن نەبێ ، ئەوە ئەوکەسەی کە خواستوویەتی ئەبێ بە ضامنی عەین‌و قازانجی ، وە بو ماوەی مانەوەشی لەلای مال‌خوازەکە کرێی ئەکەویتەسەر بو خاوەنەکەی بەوشەرتە ئەوکەسەی وەری‌گرتووە خاوەن روشد بێ • بەلام ئەگەر مندال بوو یا شێت بوو ئەوە نە ئەبێ بە ضامی عەینی مالەکەو نە مەنفەعەتی ، وە نە کرێی ئەکەوی چونکە کابرای خاوەن‌مال خوی کەمتەرخەمیی کردووە •

شەرتی (صیغە)یش ئەوەیە لەفظێك بێ مەعنای ئەوە بگەیەنی کە خاوەنی مەنفەعەتی مالەکە رێگای کابرای مال‌خوازی داوە بەپێی عورف‌و عادەت قازانج لەو مالە وەربگری وەك ئەوە کە بلیت ئەو کەوامە پێ‌دای بوئەوە ئەمرو بیکەیتە بەرت • یا مەعنای ئەوە بگەیەنی کە کابرای مال‌خواز داوای روخسەت‌دان بکا بو قازانج وەرگرتن لەومالە وەك ئەوە کە بلیت ئەو مالەم بە عاریە بدەری • بەلی ئەوە بەسە یەکێکیان لەفظەکەی بە دەما بیت‌و ئەویان بە کردەوە جوابی بداتەوە یەعنی کە خاوەن‌مال لەفظەکەی بەدەما هات ئەویتر مالەکە وەربگری ، یاخود کە مال‌خواز لەفظەکەی بەدەما هات خاوەن‌مال مالەکەی بداتە دەست ، هەرچەند هەندێکیش بەیەن بکەوی لەنێوان لەفظی خاوەن‌مال‌و مال‌خوازەکەدا یا لەبەینی قسەی یەکێکیان‌و کردەوەی ئەویانا ، چونکە عاریە وەك گورینەوە نی‌یە تاوەکو قەبوولی زووبەزوو پێویست بێ •

وایش‌ئەبێ عاریە بە بێ‌لەفظ دێتەجێ وەك ئەوە کەسێك فەرشێك رابخا بو یەکێ کە لەسەری دابنیشی ، یاخود حەیوانێك بداتە دەستی ژنێك

شیرەکەی بدوشیو بیخواتەوە ، ئەوە حەیوانەکە لەوماوەیەدا بە عاریــــــە دائەنری • یاخود وەك ئەوە کە مالفروش مالەکەی بدا بە کریار نەنــاو شتیکا ، ئەوە ئەوشتە کە مالەکەی تیخراوە عاریەیە •

ئەگەر هاتو لەفظی عاریەکەی بەست بە (کری)ەوە ، مەسەلا وتی وا ئەو ئەسپەم پیدای سواری ببی بەوشەرتە بەخیوی بکەیو ئالیــکی باشی بدەیتی ، ئەوە لەبەر بەیان کردنی ئەو عیوەزە ئەبی بە ئیجارەی دانەمەزراو، وە هەر عاریەیەك بەمجورە بی ئەبی بەهوی ئەوە کە (اجرة المثل) بکەویتە سەر کابرای مالخواز بەوشەرتە ماوەیەکیوا تیبپەری کە بەعادەت ئەوشتە کریی هەبی لەوماوەیەدا ، وە لەموەختەدا ئەگەر مالەکە بفەوتی بـــە بیکەمتەرخەمیکردن لەلایەن مالخوازەوە ، ئەوە ئەو مالخوازە ضامــــن نابی وەك لە ئیجارەدا •

(بزانن) مەسرەفی مالی خوازراو لەسەر مالخوازەکە نییە بەلکــــو لەسەر خاوەنەکەیەتی ، خواە بەعاریەدانەکە دامەزرابی یان دانەمەزرابی • کەواتە ئەگەر مالخواز مەسرەفی بو مالەکە کرد ناتوانی داوای بکاتەوە لە خاوەنەکەی ، مەگەر حاکمی وەخت ریگای دابی ئەو مەسرەفە بکا یاخود شاهیدی گرتبی لەسەر نیازی گەرانەوە بوسەری •

دەستی مالخواز بەسەر مالە خوازراوەکەوە دەستی ضەمانەتە ، وە رزگار نابی لەو ضەمانەتە تا ئەومالە تەسلیم ئەکاتەوە بە خاوەن مالەکە خـوی یا بە وەکیلی ، یا تا ئەیباتەوە بو ئەو جیگەیە کە دەری کردووە لییــەوە ، مەسەلا وەك تەویلەی ولاخ ، بەوشەرتە خاوەنمالەکە خوی ئاگادار بی لەوە کە مالە خوازراوەکە برایەوە بو شوینی خوی • مالخواز لە ضەمانـــەت ناکەوی بە بردنەوەی مالی خوازراو بولای ژنی یا کوری یا خزمەتکـــاری خاوەنمالەکە • هەروەختیك خاوەنمال داوای مالەکەی کردەوە ، یاخود

مرد ، یا حیجری نرایەسەر ، واجب ئەبی لەسەر ماڵخوازەکە دەس بەجی ئەو ماڵە بباتەوە بۆ خاوەنەکەی یا بۆ میراتگرەکانی یا بۆ ئەو کەسەی کە سەرپەرشتیی کاروباری ئەکا • ئەگەر هاتو بە عەمدي تەفرەی داو توانایشی بوو بیباتەوە ئەبی بە ضامنی عەینەکەی و کری‌ی ئەو ماوەی تەفرەدانەشی ئەکەویتەسەر ، هەروەها مەسرەفی بردنەوەی بولای خاوەنەکەی ئەگەر لەخوی وەرگرتبوو ، یا بولای کری‌چی ئەگەر لەوی وەرگرتبوو • بەلام ئەگەر لە کری‌چی وەرگرتبوو ، وە بردیەوە بولای خاوەن‌ماڵەکە خوی لەپاش تەواوبوونی ماوەی بەکری‌دانی ، ئەوە مەسرەفەکەی ئەکەویتە سەر خاوەن‌ماڵەکە چونکە ئەم ماڵخوازە لەم‌حاڵەدا وەك وەکیلی کری‌چی‌یەکە وایە ، وە کری‌چی هەر تەنها کری‌ی لەسەرەو مەسرەفەکانی‌تری لەسەر نی‌یە ، بەلکو لەسەر خاوەن‌ماڵەکەیە •

ئەگەر عەینی ماڵە خوازراوەکە یا بەشیکی فەوتا ، یا زین و لەغاوی ئەسپ و هەوسارو کورتانی ولاخ فەوتا بەهوی بەکارهینانیکی‌واوە کە ریگای درابی وەك بەکارهینانی گا بو جووت پی‌کردن ، وە بەکارهینانی ئەسپ بو سواری یا ولاخ بو بارکیشان ئەوە ماڵخوازەکە ضامن نابی • وە ئەگەر بە بی‌بەکارهینان فەوتا وەك ئەوە ولاخەکەی لە تەویلەدا بەستبیتەوەو تەویلەکە برووخی بەسەریا یا ولاخیکی‌تر لەقەی لی‌بدا، یاخود بەهوی بەکارهینانیکەوە کە ریگای نەدرابی بوی وەك بەکارهینانی گاجووت بو بارکیشان ، یا هیستری بارکیشان بو جووت پی‌کردن ، یاخود لەکاتی بەکارهینانا بی بەکارهینان فەوتا وەك ئەوە کە لەکاتی سواربوونی ولاخەکەو بەریدا رویشتنی‌دا ماریك پی‌یەوەبدا ، یا بکەویتە بیریکەوە ، یاخود لەکاتی بارکردنا داریك بدا لە چاوی و کویری بکا یا داریك بروا بە سکیا ئەوە کابرای ماڵخواز ضامن ئەبی • بەلام ئەگەر بەهوی پی‌هەلکەوتنیەوە بفەوتی ئەوە

ضامن نابی چونکه زیاتر وایه ولاخ سەرسم ئەدا،بەوشەرتە ئەو پێ‌هەلکەوتنە بەهوی قورسیی‌ باره‌کەیەوە نەبی ، یاخود لەبەر لێ‌خورینی بەپەلە نەبی ، ئەگینا ضامن ئەبی • ئەگەر مال‌خوازو خاوەن‌مال بوو بەهەرایان لەسەرئەوە کە ئاخو مالە خوازراوەکە بەهوی بەکارهینانی ریگادراوەوە فەوتاوە یا نە ، ئەوە باوەر بە خاوەن مالەکە ئەکری‌و سویند ئەدری چونکه لەئەساســـدا دەستی مال‌خواز دەستی ضەمانەتە •

بە عاریە دائەنری ئەمە کە خاوەن ولاخیك لەریگەیەکدا ئینسانیکـی داماو سوار بکا ، هەرچەند خـــوی داوای ولاخەکـــەی نەکردبی ، وە لەریگەکەدا ماریك بدا بە ولاخەکەوەو بمری ، ئەوە ئەو داماوە ئەبی بـە ضامنی قیمەتی ولاخەکە ! بەلی ئەگەر کابرای خاوەن ولاخ خویشی لەگەلیا سوار بوو ، ئەوە ئەو ضەمانەتە لەسەر نیوەییە ، یەعنی نیوەی ئەکەویتـە سەر خاوەن ولاخەکەو ئەو نیوەکەی ئەکەویتەسەر ئەو داماوە کە ســـوار کـــراوە •

ئەگەر کەسیك کەل‌وپەلی کەسیکی نایەسەر ولاخی خوی بەخورایی ئەوە ئەگەر کەل‌وپەلی خاوەن ولاخەکە یا کەسیکی‌تری لەسەر نەبوو ، ئەو کابرایە بە (مستعیر)ی ولاخەکە ئەناسری • جا ئەگەر بە بـــەکارهینانی ریگانەدراو **ولاخەکە** فەوتا ئەوە ضامنی هەموویەتی ، وە ئەگەر کەل‌وپەلی کەسیکی‌تری لەسەر بوو ئەوە بەنیسبەتی ئەو کەل‌وپەلە ئەبن بە ضامـــن •

ئەگەر کەسیك ولاخیکی خواست بو ســـەفەریك ، ئەوە ئەتوانـــی لەوسەریشەوە کە ئەگەریتەوە هەر سواری ولاخەکە ببی چونکه ریگادان بو سواربوونی ولاخ بو رویشتن بو شوینیك ریگادانە بو ســـواربوونی لەوسەریشەوە بە هەر ریگەیەکدا بیتەوە • وە لەوماوەیەدا ئەگەر بەهـــوی بەکارهینانی ریگادراوەوە ولاخەکە فەوتا ضامن نابی ، وە ئەگەر بەهـــوی

بەكارهێنانی ریگا نەدراوەوە فەوتا ئەبی بە ضامنی • ئەگەر کەسێك لەریگەیەکدا ولاخێکي خواست سواری ببی تا ئەگاتە جێی خوی،وە سواری ولاخەکە بوو و گەیشتەجی ، ئەوجا ولاخەکەی ناردەوە ، تەماشا ئەکەین ئەگەر لەگەل وەکیلی خاوەن‌ولاخەکەدا ناردیەوە ، ئەوە لە ضەمانەت دەرئەچی • وە ئەگەر بە پیاوی خویا ناردیەوە ، ئەوە هەر وا لە ضەمانەتی مالخوازەکەدا تا ئەگاتەوە دەستی خاوەنەکەی • ئەگەر ئەوکەسە لەریدا سواری ولاخەکە بوو ، وە ئەو ولاخە فەوتا ئەگەر ئەم‌کەسە کە سواری بووە حیجری لەسەر بی ئەوە هەر مالخوازەکە ضامنەو بژاردنەوەی ئەکەویتەوە سەر ئەو • وە ئەگەر کابرا روشدی هەبوو ئەویش‌و مالخوازەکەیش هەردوکیان ضامنن • ضەمانەتی مالخوازەکە دیارە لەبەرچی‌یە • ضەمانەتی ئەمیش لەبەرئەوەیە بە بی‌ئیذنی خاوەن مالەکەو بە بی‌روخسەتی شەرع سواری بووە ، وە بژاردنەوە ئەکەویتە سەر ئەم کابرایە کە لەریدا سواری بووە • ئەگەر کەسیك ولاخێکی دایە دەستی یەکیك، ناردی بو ئیشیکی خوی ، یاخود تەسلیمی کەسیکی کرد تا مەشقی پی‌بکا ، وە ئەو ولاخە لەوئیشەدا یا لەو مەشق پی‌کردنەدا فەوتا بە بی‌ئەوەی ئەوکەسەی وەری‌گرتووە کەمتەرخەمی‌یەکی کردبی ، ئەوە ضامن نابی چونکە دریغی‌ی نەکردووەو ولاخەکەشی بو سوودی خوی وەرنەگرتووە • فەرموودەی راستتر ئەوەیە مالخواز ضامن نابی بو ئەو ئەندازەیەی جلی خوازراو کە بپرتووکی یا کۆن ببی چونکە ئەم‌جورە فەوتانە لە حوکمی ئەوەدایە خاوەن‌مالەکە روخسەتی بو دابی •

(بزانن) ئەگەر کەسیك ولاخێکی خواست‌و نوماکەی کەوتە شوینی دایکەکەی ، ئەمە ئەگەر خاوەن ولاخەکە پی‌ی‌زانی‌و دەنگی نەکرد کابرای مالخواز نابی بە ضامنی • وە ئەگەر پی‌ی‌نەزانی ئەوە واجبە گورج خەبەر بدا بە خاوەنەکەی • ئەگەر خەبەری پی‌نەداو نوماکە لەریگەدا فەوتا ئەوە

ئەبی بە ضامنی • وە ئەگەر کەسیك ولاخیکی خواستو خاوەنەکەشـــی لەگەلیا هات ئەوە هەر وا لە ضەمانەتی مال‌خوازەکەدا• بەلام ئەگەر ولاخیکی زەوت‌کردو خاوەنەکەی لەگەلیا هات ، وە ولاخەکە لە دەستی خاوەنەکەیا فەوتا ، ئەوە کابرای زەوت‌کەر نابی بە ضامنی وەکو لـــە باسی زەوت‌کردنا بەیان ئەکری •

ئەگەر کەسیك مالیکی خواست لە کەسیک کە ئەومالەی بە کـــری گرتبوو ، یا لەکەسیک کە موستەحەقی قازانجی ئەو مالە بوو بەهوی ئەوەوە کە وەصیەتی بو کرابوو ، یا بەهوی صولحەوە یا بـــەهوی مارەیی‌یەوە یا بەهوی سەلەمەوە ، یا لە کەسیك کە ئەومالەی لەسەر وەقف‌کرابوو ، ئەوە ئەم شـــەخصە نابی بە ضامن چونکە دەســـتی ئـــەم جی نشـــینی دەســـتی کەســـیکە کە موســـتەحەقی قازانجي ئەو مالەیە • کەواتـــە بە بی کەمتەرخەمی‌و خەیانەت ضامن نابی • بەلی ئەگەر کری‌چی‌یەکە بە بەکری‌گرتنیکی دانەمەزراو ئەو مالەی وەرگرتبی ، ئەوە ئەم‌کەسەی کـــە مالەکەی خواستووە ئەبی بە ضامن هەرچەند کەسیك کە بە بەکری گرتنیکی دانەمەزراو مالیکی بە کری گرتبی ضامنی نابی •

دروستە بو مال‌خواز سوود وەربگری لە مالە خوازراوەکە بەگویرەی ئەو روخسەتەی کە پی‌ی‌دراوە • کەواتە ئەگەر زەوی‌یەکی خواست بـو ئەوەی گەنم یا جوی تیا بوەشینی ئەوە دروستە ئەو شتە بوەشینی لـــەو زەوی‌یەدا کە روخسەتی بو دراوە ، هەروەها هەر توویکی‌وا کە زیانی بـو زەوی‌یەکە زیاتر نەبی لە زیانی ئەو تووە کە روخســـەتی دراوە دای‌چینی • وە ئەگەر هەروەها پی‌ی‌درابوو زەراعەتی تیا بکاو ناوی هیچ توویـــــك نەبرابوو ، یاخود پی‌ی‌وترابوو هەرچی تیائەوەشینی ئارەزووی خوتە ، ئەوە ئەتوانی بە ئارەزووی خوی تووی تیا دابچینی • وە ئەگەر زەوی‌یەکـــی خواست بوئەوەی داری تیا بنیژی یا خانووی تیا دروست‌بکا ، دروســـتە

لەجیاتیی ئەوە زەراعەتی تیا بکا ، بەلام پیچەوانەی ئەمە دروست نی‌یە • یەعنی کەسیك زەوی‌یەکی خواست بو زەراعەت ، دروست نی‌یە داری تیا بنیژی یا خانووی تیا بکاتەوە • فەرموودەی راست ئەوەیە کەسیك زەوی‌یەك بخوازی بوئەوە کە خانووی تیا بکاتەوە ، دروست نی‌یە درەختی تیا بنیژی • وە ئەگەر بو دار تیاناشتنی خواست نابی خانووی تیا بکاتەوە •

دروست‌نی‌یە بە عاریە دانی زەوی بە بی‌باس کردنی جوری قازانجەکەی بو ئەوکەسەی کە ئەیخوازی ، بەلکو پیویستە بلیت بو دار تیا ناشتن یا خانوو تیا کردنەوە یا زەراعەتی فلان جورە کشت‌وکال •

باسی هەندی حوکمی (عاریە)

دروستە بوئەوەی مال ئەخوازی لە کەسیك‌و بو ئەوەی مال ئەدا بــە کەسیك ، هەرکاتیك ئارەزوویان بوو ئەو عاریەیە تیك‌بدەن خواه وەعدەی بو دانرابی یا نە • وە ئەگەر مال‌خواز مالەکەی بەکارئەهینا لەپاش ئەوەی کە خاوەنەکەی پەشیمان بووەوە ، بەلام ئاگای لەو پەشیمان بوونەوەیــە نەبوو ، ئەوە کریی مالەکەی ناکەویتەســـەر چونکــــە وەختی خوی خاوەن‌مالەکە ریگای داوە بو بەکارهینانی بەخورایي • کەواتە تا خــەبەری پەشیمانی‌یەکەی پی‌ئەگا ئەتوانی ئەومالە بەکاربینی• ئەگەر کەسیك ولاخیکی بە عاریە دا بە کەسیك کەل‌وپەلی پی‌ببا بو جیگەیەك ، وە لە ناوەراســـتی ریگەدا پەشیمان بووەوە ، واجبە لەسەری کەل‌وپەلەکەی بو بگەیەنیتـــــە جیگەیەکی ئەمین کە خەتەرەی نەبی ، بەلام ئەتوانی کریی لی‌بسینی بـــو ئەوماوەیە • وە ئەگەر لەپاش پەشیمان بوونەوەی خاوەن‌مال ئەم کابرای مال خوازە مرد ، واجبە لەسەر میراث‌گری گورج مالەکە بنیریتـــەوە بـــو خاوەنەکەی‌و مەسرەفی ناردنەوەیشی بدا • ئەگەر لەبەر کەمتەرخەمی دەسی

بەسەر ماڵەکەدا گرتو نەی‌ناردەوە ، ئەوە بیجگە لەوە کە ضامنی ماڵەکەیە، کرێی ئەو ماوەیشی ئەکەویتەسەر •

بەڵی ئەگەر کەسیك زەوی‌یەکی بە عاریە دا بو قەبری مردوویەك وە مردووەکەی تیا نیژراو داپوشرا ، یا خرایە ئەلحەدەوەو ئەلحەدەکە قایـم کرا ، یا هیشتا قایم نەکرابوو بەلام ئەگەر مردووەکەی لی دەربکرایـە هەندی لە ئەندامانی لەشی تیك‌ئەچوو ، ئەوە لەم صوورەتانەدا دروست نی‌یە کابرای خاوەن‌زەوی کە زەوی‌یەکەی داوە بە عاریە پەشیمان ببیتەوە تـا ئەوەندە وەختی بەسەرا ئەچیت مردووەکە برزی‌و ببی بە خول بـەلام ئەگەر لاشەی مردووەکە لە قەراغی قەبرەکەدا بی یا لەناو قەبرەکـەدا دانرابی‌و ئەگەر بگویزریتەوە هیچ‌کام لە ئەندامانی لەشی تیك‌نەچی ، ئەوە دروستە کابرای ماڵ بەعاریەدەر پەشیمان ببیتەوەو مردووەکە ببریتـە شوینیکی‌تر بنریتە قەبر • بەلام لەم‌صـوورەتەدا واجبە لەسـەر ماڵ بەعاریەدەرەکە کرێی قەبر هەڵکەندنەکە بدا چونکە لەسەر ریگادانی ئەو قەبرەکەیان هەڵکەندووە • هەروەها ئەگەر کەسیك زەوی‌یەکی بە عاریە د بە کەسیکی‌تر بوئەوەی بیریکي تیا هەڵکەنی ، وە لەپاش هەڵکەندنی بیرەکە پەشیمان بووەوە ، ئەوە واجبە لەسەری کرێی هەڵکەندنی بیرەکە بدا •

ئەگەر کەسیك زەوی‌یەکی دا بە عاریە بو خانوو تیا کردنەوە یا بو دار تیا ناشتن ، وە ناوی ماوەیەکی نەبرد ، وە لەپاش ئەوە کە ماڵ‌خوازەکە خانووەکەی کردەوە یا دارەکەی ناشت ، خاوەن زەوی‌یەکە پەشـیمان بووەوە ئەمە ئەگەر وەختی خوی شەرتی ئەویانە کردبوو کە لەکاتی پەشیمان بوونەوەدا ئەو دارە بە بی‌قیمەت هەڵبکەنری‌و ئەو خانووە برووخینری ، ئەوە بەگویرەی ئەو شەرتە ئەکری • ئەگینا ئەگەر ماڵ‌خوازەکە لەخویەوە

دارەکەی هەلکەندو خانووەکەی رووخاند ئەزەیش چاکە ، وە لەم‌وەختەدا واجبە لەسەری زەوی‌یەکە تەخت بکاتەوە. وە ئەگەر خوی دەستی لی‌نەدان، ئەوە بەخوراییی دارەکە هەل‌ناکەنری‌و خانووەکە ناروخینری ، بەلکو بەئارەزووی کابرای مال بەعاریەدەرە هەرکام لەم سیە شتە ئەکا : یا دارو خانووەکە بهیلیتەوەو کری لە مال‌خواز بستینی ، یا دارو خانووەکە لابەری‌و کەرەستەکانیان بداتەوە بە مال‌خوازەکە لەگەل بژاردنەوەی ناتەواویدا ، یا هەلیان‌بگری بو خوی‌و قیمەتیکی راستیان بو دابنی‌و قیمەتەکە بدا بە مال‌خوازەکە. ئەگەر خاوەن زەوی‌یەکە یەکیك لەمانەی نەکرد ناتوانی دارو خانووەکە بەخوراییی لابا ، خواه مال‌خوازەکە کری بدا یا نە. فەرموودەی راستتر ئەوەیە لەم‌وەختەدا قاضی حەقی نەبی بەسەریانەوە تا ئەوان لە بەینی خویانا ریك‌ئەکەون‌و شتیك دیاری ئەکەن. وە لەوماوەیەدا کە قاضی لی‌یان گەراوە تیایداو ئەوانیش هیشتا ریك‌نەکەوتوون ، خاوەن‌مالەکە ئەتوانی بروا بو ناو زەوی‌یەکەو خەریکی ببی ، بەلام بو مال‌خوازەکە دروست نی‌یە هاتوچوی پیا بکا مەگەر بو ئاودانی درەختەکانی‌و خزمەت کردنی خانووەکەی ، هەرچەند ناتوانی بە کەرەستەی تازە ئاوەدانی بکاتەوە ، بوئەوەی زیاتر لەوەی کە هەیە قیمەت‌و مەسرەف نەکەویتە سەر خاوەن زەوی‌یەکە. هەروەها ئەتوانن هەرکامیان بەشە مولکی خوی بفروشی بە کەسیکی‌تری بیگانە ، جا خواه خاوەن زەوی زەوی‌یەکەی بفروشی ، یا مال‌خواز درەخت‌و خانووەکەی بفروشی.

ئەگەر کەسیك زەوی‌یەکی بە عاریە دا بە کەسیك یا بە کومەلیك بوئەوەی مزگەوتی تیابکەنەوەو مزگەوتەکەیان کردەوەو بیناکەیان وەقف‌کرد ، ئەوە خاوەن زەوی‌یەکە ئەتوانی پەشیمان ببیتەوە ، بەلام پیویستە بەپی‌ی توانا بە کەرەستەکەی مزگەوتیکی‌تر بگریتەوە.

عاریەیەکیش کە بو ماوەیەکی تایبەتی بی وەك عاریەی موطلەق وایە لەبارەی پەشیمان بوونەوەوە • یەعنی کابرای خاوەن مال ئەتوانی پیش تەواوبوونی ماوەی عاریە ماوەدراوەکە پەشیمان ببیتەوەو حوکمی پیشووی تیا جی‌بەجی ئەکری •

ئەگەر کەسیك زەوی‌یەکی دا بە عاریە بو کشت‌وکال تیاکردن ، وە پیش ئەوە کە کشت‌وکالەکە پی‌بگا پەشیمان بووەوە ، ئەوە قسەی راست ئەوەیە واجبە لەسەری واز لەو کشت‌وکالە بینی تا کاتی درەوکردنی دیت • بەلی ئەگەر لەوانەبوو کە بە سەوزی ببریتەوە وەك پاقلەو لوبیا دروستە خاوەن کشت‌وکالەکە ناچار بکا لای‌ببا ، وە لەوکاتەوە کە خاوەن زەوی پەشیمان ئەبیتەوە تا کاتی درەو کردنو هەلگرتنی کشت‌وکالەکە ، حەقی کری‌ی زەوی‌یەکەی ئەکەویتە سەر خاوەن کشت‌وکالەکە • ئەگەر خاوەن زەوی ماوەیەکی دیاری کردبوو بو کشت‌وکالەکە ، وە لەو ماوەیەدا لەبەر کەمتەرخەمی‌ی کابرای مال‌خواز کشت‌وکالەکە پی‌نەگەیشت ، مەسەلا وەختی خوی کیلانی زەوی‌و داچاندنی توەی دواخستبوو ، یاخود بەهوی کشت‌وکالەکە خویەوە لەبەرئەوە کە زەوی‌یەکە بەفری تیابوو یا لافاو داگیری کردبوو یا شتیکی‌وای تیا داچینرابوو کە درەنگ پی‌ئەگەیشت ، ئەوە لەم‌صوورەتانەدا خاوەن زەوی‌یەکە ئەتوانی کشت‌وکالەکە هەل‌بکەنی بەخورایی • وە ئەگەر مال‌خوازەکە کەمتەرخەمی‌ی نەکردبوو ، مەسەلا لە وەختی خویا زەوی‌یەکەی کیلابوو ، بەلام ئەوسالە دەغل‌ودان درەنگ پی‌گەیشتبوو ، ئەوە خاوەن زەوی ناتوانی کشت‌وکالەکە بەخورایی هەلکەنی ، بەلکو ئەبی یا رازی ببی بە کری‌ی زەوی‌یەکە لەوکاتەوە کە پەشیمان ئەبیتەوە تا دەغل‌ودانەکە هەل‌ئەگیری بەپی‌ی عادەت ، یاخود

کشت‌وکاله‌که هەڵبکەنیو تولەی هەر زیانێك بداتەوە کە بکەوێ لـــەخاوەنی ئەو کشت‌وکاڵە • ئەگەر لافاو تووێکی لە شوێنێکەوە هێنا بـــوزەویی کەســـێك وە ســـەوز بوو ، ئـــەوە هەر بەروبوومێکی بێـی هـیخاوەنی ئەو تووەیە • فەرموودەی راستتر ئەوەیە خاوەن زەوی‌یەکە ئەتوانیئەگەر خاوەنی تووەکەی ناسی‌یەوە زوری لی‌بکا ئەو کشت‌وکاڵە سەوزبووەهەڵبگری ، وە ئەگەر نەی‌ناسی‌یەوە ئەتوانی خوی زەوی‌یەکەی پـــاكبکـاتەوە • وە ناتوانی داوای کری لە خاوەن‌تووەکە بکا چونکە ئـەو ئەوتووەی نەهێناوەتە ئەو زەوی‌یەوە ، بەلام ئەگەر دەسی هەبوو لە گەیشتنیئەو تووەدا بو ئەو شوێنە وەك ئەوە کە دابیتی بەدەم لافاوەکەوەو گەیشتبیتەزەوی‌یەکەی ئەم‌کابراو روابی ، ئەوە کری‌ی ئەو ماوەیەی ئەکەویتەسـەرتا هەڵئەگیرێتەوە • دروستیشە رێك‌بکەون لەسەر هێشتنەوەی ئـــەوکشت‌وکاڵەی لەو شوێنەدا سەوز بووە تا کاتی دوورینـــەوەی دیت ، وەبەرابەر بەوە خاوەن‌توو کری‌یەك بدا بە خاوەن زەوی • هەروەها ئەگەرخاوەن باخێکیش درەختی باخێکی‌تر بێ بەسەر باخەکەیاو سێبەری لەسەربکا ، ئەگەر خاوەنەکەی نەیبری ئەم ئەتوانی بیبری •

ئەگەر کەسێك سواری ولاخێك بوو ، وە وتی بە خاوەن ولاخەکە بەعاریە پێت‌داوم ، وە خاوەنەکەی وتی بە کـــری پێم‌داوی ، یاخود خاوەنکشت‌وکاڵێك هەرایەکی لەم‌چەشنەی هەبوو لەگەڵ خاوەن زەوی‌یەك ، ئەوەخاوەنی ولاخەکەو خاوەنی زەوی‌یەکە سوێند ئەدرێن‌و باوەر بـــــەسوێنەکەیان ئەکرێت‌و کری‌ی ولاخەکەو زەوی‌یەکە وەرئەگرن • وە ئەگەرلەپاش فەوتانی ولاخەکە بوو بە هەرایان ، خاوەن ولاخەکە ئەیوت بە عاریەسواری بوویت ، بو ئەوە کە بێ بە ضامن‌و قیمەتەکەی بدا ، وە کابـــرای

سوار ئەیوت بە کری سـوارى بووم بوئەوە کە نەبى بە ضامن بـە بى کەمتەرخەمى ، ئەوە باوەر بە قسەى سوارەکە ئەکرى چونکە ئەصـل ضامن نەبوونە • ئەگەر خاوەن دەست وتى بە عاریە پیت داوم بوئەوە کـە کرى نەدا بە خاوەن ولاخ ،وە خاوەن مال وتى زەوتت کردووە بوئەوە کە کرى وەربگرى ، وە ماوەیەکىوا رابوورد کە کرىى بکەوىو عەینەکەیش مابوو،ئەوە باوەر بە خاوەن ولاخەکە ئەکرىو کرىى ولاخەکە وەرئەگرى • ئەگەر ئەم یەك نەکەوتنى قسەیە لەپاش فـەوتانى عەینەکە بوو بە بەکارهینانى لەغەیرى ئەوشتەدا کە ریگەى بو دراوە ، ئەوە هەردولایان هـاودەنگن لەسەرئەوە کە ئەو کابراى مالخوازە ضامنە • بەلام ئەگەر عاریە بى ئەوە راستتر ئەوەیە ئەو ولاخە بەقیمەتى روژى فەوتانى ئەبژیرریتەوە نەك بـە قیمەتى گرانترى لەماوەى بەینى وەرگرتنو فەوتانیا ، وە نەك بە قیمـەتى روژى وەگرتنى • جا لەمصوورەتەدا ئەگەر ئەوپارەیە کە خاوەن مالەکـە داواى ئەکا ئەوەندەى ئەوەبوو لە عاریەکەوە پەیدا ئەبى یا کەمتر بـوو ، ئەوە وەرىئەگرى • وە ئەگەر زیاتر بوو ئەوە پیویستە خاوەنمالەکـە سـویند بخـوا لەسـەرئەوە کـە موستەحەقى ئەو زیادەیەیەو ئەوجا وەرىئەگرى •

باسی زەوتکردن (غصب)

زەوتکردن لەشەرعدا بریتی‌یە لـــەوە کەسـیك شتیك بە ناحەق و بەشیوەی زور داگیر بکا کە حەقی کەسیکی‌تر بی ، خواه ئەوشتە لە جینسی (احتصاصات) بی وەك سەگی پاس‌و تەپالە ، یا لە جینسی مال بي ، کەم بی یا زور ، یا لە جینسی عەین بی وەك وتمان ، یا لە جینسی مەعنەوی بی وەك ئەوە کە نەهیلیت کەسیك لەشوینیکا دابنیشی کە حـــەقی خوی بی لەوشـوینەدا دابنیشی وەك مەنعی نویژکەر لە بەکارهینانی جیگە نویژی خوی ، یا مەنعی قوتابی لە بەکارهینانی شوینی خویندنەکەی • ئیمامی غەزالی فەرموویـــە هەرکەس بە رووگیری مالیك لەکەسیك وەربگری‌و ئەویش لەشەرمـــــدا بیداتی ، ئەوەیش حوکمی زەوتکردنی هـــەیە ، وە کابرا نابی بە خاوەنی ئەومالەو حەرامە تەصەروفی تیا بکا • کەواتە ئەگەر کەسیك سواری ولاخی کەسیکي‌تر بوو ، یا لەسەر فەرشی کەسیکی‌تر دانیشت ، کە نیشانەی حـال وانەگەیەنی ئەوکەسەر رازی‌یە بەوە ، ئەوە ئەم‌کەسە بە زەوتکـــــەر دائەنری ، خواه ولاخەکە یا فەرشەکەی لەجیگەی خویدا جوولاندبي یـا نە ، وە گواستبیتیەوە لەوشوینەوە بو شوینیکی‌تر یانە • هەروەها لـــــە هەرشتیکی‌ترا کە قابیلی گواستنەوەبی • بوئەوەی راست بی بلیین فلان‌کەس فلانە شتی زەوتکردووە ، هەر ئەوەندە بەسە داگیری بکا ، ئیتر بیگویزیتەوە یا نە ؟

ئەگەر کەسیك بەشیوەی زەوتکردن لەسەر فەرشیك دانیشت ، وە لەپاش لاچوونی ئەو کەسیکی‌تر هاتەسەر فەرشەکە ، ئەوە ئەمیش هەر بە زەوتکەر ئەناسری • هەروەها ئەگەر چەندکەس بەرودوا بەشـــــیوەی زەوتکردن لەسەر ئەو فەرشە دابنیشن • جا ئەگەر لەپاش ئەوە کـــــە کابرای دووهەمیش رویشت ئەو فەرشە فەوتا ، ئەوە هەردوکیان بە ضامن

ئەناسرین ، وە لە بژاردنی ئەو فەرشەدا هەرکامیان نیوەی قیمەتەکەی ئەدەن بە خاوەنەکەی • بەلی ئەگەر لەگەل خاوەن فەرشەکەدا بەیەکەوە لەسەر فەرشەکە دانیشتن و فەرشەکە فەوتا ، یاخود لەگەل خاوەن ولاخەکەدا سواربوو بەشیوەی زەوت کردن ، وە ولاخەکە فەوتا ، ئەوە ئەبی بە ضامنی نیوەی قیمەتەکەی •

ئەگەر کەسیك پیاویکی بە بیگار گرت لەگەل ولاخەکەیدا ، وە ولاخەکە بەدەستی خاوەنەکەیەوە فەوتا ، ئەوە زوردارەکە کە خاوەن ولاخەکەی بەسوخرە گرتووە ، هەرچەند کری ولاخەکەی ئەکەویتە سەر ، بەلام نابی بە ضامنی ئەو ولاخە چونکە لە دەستی خاوەنەکەیدا بووە • بەلی ئەمە لەوەختیکا وایە کە بارو کەل و پەلی کابرای زوردار بەسەر ولاخەکەوە نەبی ئەگینا ئەبی بە ضامن چونکە بەهوی ئەو کەل و پەلانەوە ئەم زوردارە ئەبي بە خاوەن دەست بەسەر ئەو ولاخەوە • هەروەها لەکاتیکا کە مالی کابرای زوردار لەسەر ولاخەکە نەبی ، ئەگەر بەزور فەرمانیدا بە خاوەن ولاخەکە بەریگەیەکی نابارا بڕونو ولاخەکە بەهوی ئەوەوە هەلدیرا ، یاخود دایان لە ئاویك و ئاوەکە ولاخەکەی برد ، ئەوە ئەو زوردارە بیجگە لەو گوناهە گەورەیە کە تووشی ئەبی ضامنیش ئەبی ، چونکە لەم کاتەدا لەراستیدا کابرای زوردارەکە ولاخەکەو خاوەن ولاخەکە ئەبا بەریوە ، وە دەستی خاوەن ولاخەکە بەسەر ولاخەکەوە تەنها بەدیمەنەوە لەراستیدا هیچ دەستیکی تی یە •

ئەگەر کەسیك ماینیکی زەوت کردو تومای ماینەکە کەوتە شوینی دایکی ، ئەوە هەر بە زەوت کەری ماینەکە ئەناسری تا دەس ئەخاتە سەر توماکەیش بەهوی ئەوەوە کە لی ی بخوری یاخود بیکاتە ژوورەوە • وە ئەگەر حەیوانیك بکەویتە دوای شوانیك ئەوە شوانەکە نابی بە ضامنی تا وەری نەگری یا لی ی نەخوری • وە ئەم حوکمە بو وەختیکە شوانەکە بالغ

بووبیو خاوەنڕوشد بی • بەلام ئەگەر مندال یا نەفام بوو ئـەوە بەقەطعی نابی بە ضامنی ئەو حەیوانانە کە ئەدرینە دەستی هەرچەند وەریشیان بگری چونکە مندالو نەفام دروست نی‌یە مالیان بدریتە دەست •

ئەگەر کەسیك بە پی شتیکی جوولاندو بەرزی کردەوە ، بـــەلام لە زەوی جیا نەبوەوە ، ئەوە نابی بـــە ضامنی • هەروەها ئەگەر بـــە پی لەشوینی خوی لای‌بدا ، یا بەدەست رای‌بکیشی لە جیگەی خوی بە بی‌ئەوە کە بەرزی بکاتەوە • وە ئەگەر کەسیك رویشـــتە مالیکەوەو خاوەنەکەی دەرکرد ئەوە بە زەوت‌کەری ئەو خانووە ئەناسری • هەروەها ئەگـــــەر خوی نەرویشتە ناو خانووەکەوە ، بەلام هەر لەدەرەوە خاوەن مالەکەی لـــە خانووەکەی دەرکردو نەیهیشت برواتە خانووەکەی خوی • وە ئەگـــەر رویشتە ناو هودەیەکی خانووەکەو ریگای لە خاوەن‌مالەکە نەگرت لـــــە هودەکانی‌تری ئەو خانووە ، ئەوە هەر بە زەوت‌کەری ئەو هودەیە ئەناسری • وە ئەگەر بە نیازی داگیرکردن رویشتە خانویکەوەو خاوەنەکەی لـــەوی نەبوو ، ئەوە هەر بە زەوت‌کەر ئەناسری • وە ئەگەر خاوەنەکەی لەوی‌بوو بەلام ئەم دەری نەکرد ، ئەوە ئەگەر خاوەنەکەی تەنها کەسیك بوو ، ئەوە بە زەوت‌کەری نیوەی خانووەکە دائەنری •وە ئەگەر خانووەکە دوو خاوەنی هەبوو بە زەوت‌کەری سیەیەکی دائەنری • وە ئەگەر ئەم کابرا کە ئەچیتە خانووەکەوە ئەوەندە بی‌دەسەلات‌بوو بە داگیرکەری خانووەکە نەئەناسـرا ، ئەوە بەپیی شەرع بە زەوت‌کەر دانانری ، خـواه مەبەستی داگیرکردن بـی یا نە •

ئەگەر کەسیك حـــەیوانی برادەریکي یا کەسیکی‌تری بـــە دەستی زەوت‌کەریکەوە ، یا بە دەمی گورگەوە دیو رزگاری کردو هینـــایەوە بو مالەوە ، وە پیش‌ئەوەی بوی ریك‌کەوی بیداتەوە بە خاوەنەکەی ، فـــەوتا ،

ئەوە ضامن نابی • وە ئەگەر توانیبووی بیداتەوە ، بەلام کەمتەرخەمی ی کردبوو تا فەوتابوو ، ئەوە ئەمیش بە زەوتکەر دائەنری و ضامن ئەبی •

بەپێی شەرع واجبە لەسەر مال زەوتکەر مالە زەوتکراوەکە بداتەوە بە خاوەنەکەی بە هەرچی زیادەیەکیەوە کە هەیە چ ئەوەی پێیەوە بی و چ ئەوەی لێی جیا بی ، وە مەسرەفی ئەم دانەدواوەیەش لەسەر ئەو زەوتکەرەیە ، هەرچەند زوریشی تێبچی • وە ئەگەر زەوتکراوەکە لەوانەبی کری یشی ببی وەك ولاخی باری ، واجبە کری ی ئەوماوەیەشی بدا کە لای بووە ، ئیتر ئیشی پێ کردبی یا نە؟ جا ئەگەر ئەومالەی لە خاوەنەکەی زەوتکردبی ، واجبە بیداتەوە بە خوی یا بە وەکیلی مال وەرگرتنەوەی ، یا بیبا لەنزیکیەوە بەجێی بهیلی بەوشەرتە کە ئەو پێی بزانی و هیچشتیك نەبی ریگای لێ بگری کە وەری بگریتەوە • وە ئەگەر لە کەسیکی تری زەوتکردبی ، ئەوە دروستە بو خاوەنەکەی بەریتەوەو ، دروستیشە بو ئەوکەسەی بەریتەوە کە لێی وەرگرتووە ، خواە دەستی ئەمانەتی ببی وەك وەکیل و مال بەئەمانەت لادانراوو کری چی و رەهن وەرگر ، یاخود دەستی ضەمانەتی هەبی وەك مال خوازو هەرکەس کە مالەکەی لەسەر ئەساسی سەوداو مامەلە وەرگرتبی •

ئەگەر مالی زەوتکراو لای زەوتکەرەکە فەوتا ، ئەبی بە ضامنی خوی و هەر زیادەیەك کە لێی پەیدا بووبی ، ئیتر هەرچون بی • وە ئەگەر کەسیك سەری خیگەیەکی کردەوە کە لەسەر زەوی دانرابوو ، وە هەرچی تیابوو رژا ، ئەوە ئەبی بە ضامنی ئەو مالە • هەروەها ئەگەر خیگەکە بەپیوە راوەستینرابوو ، وە بەهوی ئەوەوە کە ئەمشەخصە دەرگابینەکەی کردوەتەوە کەوت و رژا ، ئەوە هەر ضامن ئەبی ، هەرچەند خاوەنەکەی لەلای بی و بتوانی چاری بکا کەچی چاری نەکا • وە ئەگەر لەوکاتەدا کە دەمی خیگەکەی کردەوە بایەکی بەهیز هات و هەر کە دەمی خیگەکەی

کردەوە باکە لی‌ی‌داو کـــەوت‌و رژا ، کابرا ضامن ئەبی • بـــەلام ئـەگەر لەووەختەدا با نەبوو ، وە لەپاشا با خستی ئەوە ضامن نابی •

ئەگەر پەلەوەریك لە قەفەزیکا بوو ، وە کەسیك دەرگای قەفەزەکەی کردەوەو ختەی داو پەلەوەرەکە دەرچوو لە قەفەزەکەو فری ، یاخـــــود لەخویەوە لەپاش کردنەوەی دەرگای قەفەزەکە هاتەدەروەو هـــەلفری ، یا پشیلەیەك لای قەفەزەکەدا بوو پەلاماری پەلەوەرەکەی‌داو ئەویش هەلفری‌و رای‌کرد ، ئەوە لە هەموو ئەم صوورەتانەدا ئەوکابرایە ضامن ئەبی •

(بزانن) هەر دەستیك مالە زەوت کراوەکە لە دەستي زەوت‌کـــەر وەربگری ، دەستی ضەمانەتە ، هەرچەند ئـــەو خاوەن دەستەیش بـــە زەوت‌کردنەکە نەزانی ، وە لە ذاتی خویا دەستی ئەمانەت بی وەك وەکیـلی زەوت‌کەرەکە یا ئەمین‌داری ئەو ، چونکە دروستە بلییت ئەم‌شەخصە دەستی ناوەتەسەر مالی خەلك بە بی‌ریگادانیکی شەرعی ، وە نە زانینەکەیش هـەر گوناه لائەبا ئیتر مەنعی ضەمانەت ناکا • بەلی ئیمـامی (سبکی) تەرجیحـی ئەوەی‌داوە ئەگەر کەسیك مالیـــك لەدەستی زەوت‌کەریـك وەربگری ، لەکاتیکا کە ئەو مالە لە مەیدانی فەوتانا بی ، پاشـان لای ئەم شەخصە بـــە بی‌کەمتەرخەمي‌و خەیانەت بفەوتی ، ئەوە ضامـن نابی • جا ئەگـەر کابرای دووهەم بەوە بزانی کە شەخصی یەکەم زەوت‌کەر بووە ، ئەوە وەك زەوت‌کەر لە زەوت‌کەر وایە ، وە ئەوشتە ئەگەر لەلای فەوتا ئەبی بەضامنی‌و ضامنی‌یەکە قەرار ئەگری لەسەری ، وە هەرشتی کە داوا لە شەخصی یەکەم بکری داوای لەمیش ئەکری ، مەگەر زیادە قیمەتیکی مالەکە کە لای شەخصی یەکەم بووبی ، ئەوە هەر لەم داوا ئەکری • هەروەها ئەگەر نەزانی بەوە کە شەخصی یەکەم زەوت‌کەرە ، بەلام دەستی خوی دەستی ضەمانەت بی وەك ئەوە کە ئەومالەی بەهوی عاریە یا فروشتن یا قەرز یا قازانج بەشەراکەت لە زەوت‌کەرەکـە

وەرگرتبی • وە ئەگەر نەزانی بەوە کە ئەو کابرایە زەوت کەرەو دەستیش-ی لەئەساسدا دەستی ئەمانەت بی وەك وەکیلو ئەمیندار ، وە مالەکە بە بی‌قوصوور لای فەوتابی ، ئەوە قەراو لەسەر زەوت کەرەکەیەو لەسەر ئەم شەخصە نی‌یە • کەواتە ئەگەر زەوت کەرەکە ئەو مالە بپژیری ناتوانی هیچ لەمشەخصە بسینی • وە ئەگەر بەمشەخصەیان بژارد ئەتوانی هەرچی داوە بە خاوەن مالەکە لەم زەوت کەرەی بستینیتەوە • بەلی ئەگەر کەسیك بەشیوەی بەخشش ئەو مالە زەوت کراوەی لەلایەنی زەوت کەرەکەوە دەس کەوت ، ئەوە هەرچەند دەستی دەستي ئەمانەتە ، هەر حوکمی ضەمانەتی هەیە چونکە ئەومالەی بو ئەوە وەرگرتووە ببی بە مولکي خوی •

ئائیستا قسەمان لەوەبوو ئەومالە بەلای شەخصی دووهەمەوە بفەوتی‌و ئەم شەخصە خوی سەربەخو نەی‌فەوتینی • وە ئەگەر هاتو ئەم‌کابرا خوی سەربەخو ئەومالەی فەوتاند ، مەسەلا حەیوانەکەی سەربری وە یا مەنجەلەکەی فروشت ، ئەوە لەمwەختەدا قەراری ضەمانەت هەر لەسەر ئەمە • ئەگەر شایەد ئەومالەیان بە شەخصی یەکەم بژارد ، ئەو ئەتوانی هەرچی داوە لەم شەخصی دووهەمەی وەربگریتەوە ، خواه دەستی ئەمانەتی هەبی یا دەستی ضەمانەت •

بەلام ئەگەر سەربەخو نەی‌فەوتاند ، مەسەلا زەوت کەرەکە هەلی‌نا بو فەوتاندنی ، ئەمە ئەگەر ئەم فەوتاندنە بو مەبەستی زەوت کەرەکەی بی وەکو ئەوە کە زەوت کەر فەرمان بدا بەمشەخصە ئەو حەیوانە سەربری بوی ، یاخود فەرمان بدا ئەو جلەی بو ببری بە کەواو جلەکە زەوت کراو بی ، ئەوە لەموەختەدا بریار هەر لەسەر زەوت کەرە یەعنی شەخصی یەکەم • وە ئەگەر بەم شەخصی دووهەمەیان بژارد ، ئەتوانی هەرچی داوە لەوی وەربگریتەوە • وە ئەگەر بە بی‌مەبەست بی یاخود بو مەبەستی شەخصی

دووهەم بی ، مەسەلا بلی ئەو حەیوانە سەربڕە بوخوت ئەوە بڕیار لەسـەر کابرای دووهەمە ، چونکە خوی فەوتاندوویەتی بو مەبەستی خوی یا بـە بی‌مەبەست • جا لەسەر ئەم ئەساسە ئەگەر زەوت‌کەر خوراکیکی زەوت‌کرد لەکەسیك وە بەریکەوت داینایەوە لە بەردەمی خاوەنەکەیداو خـواردی ، ئەوە قەرار لەسەر خویەتی‌و زەوت‌کـەر لە حەقەکەی رزگار ئـەبی • هەروەها ئەگەر بە فروشتن یا بە قەرز بیـداتەوە بە خاوەنەکەی ، یا دای‌بنی لەپیش‌دەمیاو بزانی مالی خویەتی • هەروەها ئەگەر بەئەمانەت دای‌بنی لەلای یا بە رەهن یا بە ئیجارە یا بە قارانج بەشەریکی ، بـەلام بزانی ئەومالە مالی خویەتی • لە هەموو ئەم صوورەتانەدا ئەم کابرایە دەستی ئەگاتەوە بـە مالەکەی خوی • بەلام پیویستە ئەومالە زەوت‌کراوە کە ئەکەویتەوە دەستی خاوەنەکەی لەسەر شیوەی پیشووی بی • ئەگینا کەسیك گەنم یا حەیوان لە کەسیك زەوت بکاو گەنمەکە بهاڕی‌و بیکا بـە نان ، یا حەیوانەکـە سەربڕی‌و بەو گوشت‌و نانە خوراکیك دروست‌بکا ، وە لـەپیش‌دەمـی خاوەنەکەیا دای‌بنی‌و ئەویش بیخـوات ، زەوت‌کەرەکە لە حـەقی کابرا رزگاری نابی • لەبەرئەوە کە بەهوی ئەو تەصەروفاتە کە کابرا کردوویەتی لە مالە زەوت‌کراوەکەدا ، ئەو حەقە بووە بە قیمـەت‌و چووەتە ئەسـتوی زەوت‌کەرەکەوە ، وە هەر حەقیك بوو بەقیمەت ، بە بی‌ئاگای خاوەن‌مال‌و بە بی‌رەزامەندی‌ی ئەو ، ئەستوی بەری نابی‌و بەدەلەکەی لەجیاتی‌ی ئـەودا دائامەزری •

مالی زەوت‌کراو یا وینەدار (مثلی) یە یا نرخ بودانراو (متقوم) ە • فەرموودەی راستتر ئەوەیە لە بابەتی زەوت کردنا وینەدار ئـەوەیە بـە پیوانەو کیشانە موعامەلەی تیا بکری‌و سەلەمیشی تیا دروست بی ، وە هەرچی بە پیوان یا بە ژمارە موعامەلەی تیا بکری ئەوە بـە نرخ بودانراو دائەنری • وینەدار وەك ئاوو گل‌و لم‌و مس‌و شووشی ئالتوون‌و زیوو میسك‌و کافـوورو

لوکەو تری‌و خورماو هەر میوەیەکی‌تری تــەز ، هەروەها ئاردو دانەویلـە وەك گەنم‌و جوو زەرات‌و برنج ، وە ماست‌و رون‌و شیرو دویـەك کـە ئاوی تیا نەبی • نرخ بودانراویش وەك حەیوان‌و دارو پارچەی پوشاك‌و فەرش‌و نوین‌و صندووق‌و کەوش‌و ئەم جورە شتانە•وە مادەم بریارمان‌دا کە وینەدار لەبابەتي زەوت‌کردنا ئەبی سەلـەمی تیا دروســـت‌بی ، گەنم‌و جـــوی تیکەل کراو بە وینەدار دانانری‌و بەر نرخ بودانراو ئەکەوی • هـەروەهـا هەرشتی کە تیکەل بی لە چەند بەشیکی وینەدار •

جائەگەر مالە زەوت‌کراوەکە بە عەینی خوی مابیتەوە ئەوە واجبـــە بدریتەوە بە خاوەنەکـــەی • وە ئەگەر فەوتابوو یا فـــەوتینرابوو ، مادەم وینەدار بی ئەبی هاوچەشنەکەی بدری بە خاوەنەکەی ، لەجیاتی‌ی گـــەنم گەنم ، وە لەجیاتی‌ی رون رون •• مەگەر لەگەل خاوەنەکەیـدا ری‌بکەوی لەسەر قیمەتی مالەکە • وە ئەگەر هاوچەشنی ئەو شتە لەوشوینەدا نەبوو بـە نەبوونی (حسّي) وەکو ئەوە کە لەوشوینەداو لە دەوروبەریا تا مەسافـەی دوو مەنزل دەس‌نەکەویت ، یاخود بە نەبوونی شەرعي وەك ئەوە کـــــە شتەکە ببی ، بەلام بەزیاتر لە قیمەتی وینەی خوی بیفروشن ، ئەوە لـــەو صوورەتەدا قیمەتی مالە زەوت‌کراوەکە تەسلیم ئەکری • فـــــەرموودەی راستتر ئەوەیە ئەو قیمەتەی کە ئەدری بە خاوەنی مالی زەوت‌کراو ئـــــەبی بەرزترین قیمەتی بی لەکاتی زەوت کردنیەوە تا کاتی دەس‌نـــەکـــەوتنی ئەوشتە زەوت‌کراوە •

وە ئەگەر ئەو مالە زەوت‌کراوە وینەدارە گویزرابووەوە بو ولاتیکی‌تر، ئەوە خاوەن‌مالەکە ئەتوانی داوا بکا ئەو مالەی بو بهیننەوە • ئەیش‌توانـی داوای لای ژووروویی قیمەتی ئەومالە بکا لەوشوینەداو قیمەتەکـــــــەی وەربگریتەوە • جا هەرکاتیك کابرای زەوت‌کەر مالەکەی هینایەوە ئەمیش

قیمەتەکەی ئەداتەوە • ئەگەر ماڵە زەوتکراوەکە فەوتابوو لەو وڵاتـــەدا کە بوی براوە ، خاوەنەکەی ئەتوانێ داوای هاوچەشنی بکا لە هەرکام لەو دوو شوینەدا یەعنی لە شوینی زەوتکردنەکەو لەو شوینەدا کە ماڵەکەی تیا فەوتاوە • جا ئەگەر هاوچەشنی لە هیچ لایەکیانا نەبوو ، ئەتوانی قیمەتی لە کاملایاندا زورترە داوای ئەویانە بکا لە زەوتکەرەکە •

ئەگەر خاوەنماڵ گەیشت بە ماڵ زەوتکەرەکە لە غەیری ئەوشوینەدا کە ماڵەکەی تیا فەوتاوە ، ئەوە فەرموودەی راست ئەوەیە ئەگـــــــەر گواستنەوەی ماڵەکە لەشوینی فەوتانیەوە بو ئەوشوینە زەحمەتی تیا نەبـوو مەسەلا نەخت بوو ، ئەتوانی لە هەمانشوینەدا کە تیا گەیشتووە بە کابرای زەوتکەر ، هاوچەشنی ماڵە زەوتکراوەکەی لیبسینی • وە ئەگـــــەر گواستنەوەی لەوشوینەوە زەحمەتبوو وەك گەنمو برنجو شتیوا ، ئـەوە داوای هاوچەشنی نەکا ، بەلکو گرانترین قیمـــەتی ماوەی زەوت کرانی ماڵەکەی لیبسینی • وە ئەگەر ماڵە زەوتکراوەکە نرخ بودانراو بوو ئەوە واجبە لای سەرووی قیمەتی بدا لە روژی زەوتکرانیەوە تا روژی فەوتانی •

هەرشتی کە لە ضەمانەتی خاوەندەستا فەوتابی بە بیزەوت کردن وەك ماڵی خواستەمەنی کە بە غەیری بەکارهینانی ریگادراو فەوتابی ، ئەویش ئەگەر وینەدار بوو واجبە هاوچەشنەکەی بداتەوە ، وە ئەگەر نرخ بودانراو بوو واجبە قیمەتی روژی فەوتانەکەی بدا بە خاوەنەکەی لەوشوینەدا کە تیـــا فەوتاوە ئەگەر ئاوەدانی بی • وە ئەگەر ئاوەدنی نەبوو تەماشـــای نرخی نزیکترین ئاوەدانییەك ئەکری لەوشوینەوە •

وە ئەگەر کەسیك حەیوانیکی زامدار کرد کە بەدەستی خاوەنەکەیەوە بوو ، وە بەهوی ئەو زامەوە مرد ، واجبە لای سەرووی قیمەتی ئەو حەیوانە بدا لەکاتی فەوتانیەوە •

(بزانن) هەر سەرخوش کەریکی وشك وەك (حەشیشـــــە) ، لای هەرکەسی بی کەس حەقی ئەوەی نی یە بیفەوتینی و لەکیسی خاوەنەکەی بدا! چونکە پاکەو فروشتنی دروستە • مەگەر کابرا بە ئاشکرا ، وە بەپیچەوانەی ئوسوولی ئایین بیخوا ، ئەوکاتە بە فەرموودەی حاکمی شەرع دەسی بـــو ئەبـری •

هەر سەرخوش کەریکی تەر ، ئەگەر حورمەتی شەرعیی هەبی وەك ئەو شەرابەی کە خاوەنەکەی بو سرکەی ئەوی ، ئەوە بە قەطعی دروست نی یە کەس دەسی بو بەری • وە ئەگەر حورمەتی نەبوو وەك شەرابی ئەهلی (ذمّە) ، ئەوە ئەگەر شەرابی تایبەتیی خویان بوو کە دوور بی لـــــە موسولمانان ، ئەویش کەس حەقی نی یە دەسی بوبەری • وە ئەگەر بیتە ناو موسولمانانەوە بو فروشتن و خواردنەوەی بەئاشکرا ، ئەوە ئەگەر کەسیك رژاندی نابی بە ضامنی چونکە پیسەو قەدری نی یە • بەلام لایق نی یە بە بی فەرمانی قاضی کەس دەسیان بوبەری ، چونکە ئیمامەکانی دین قســـەو بیروباوەریان جیاوازە لەبارەی سەرخوش کەرەکانەوە ، هەتاوەکو ئەگــەر کەسیك عەینی شەرابەکەی وەرگرتبوە لای خوی ، ئەبی بیداتە دواوە بـو خاوەنەکەی •

ئالاتی رابواردن (لهو)یش وەك تارو تەموورەو زورناو شتی وا ، ئەگەر کەسیك تیکیان بدا هیچی لەسەر واجب نابی چونکە بەکارهینانیان حەرامە • بەلام نابی بەجوریکی وا بی یان شکینی کە بەتەواوی لەکەلك بکەون ، بەلکو بەشەکانی وەك پیش دروست کردن و یەك خستن لەیەك بکاتەوە • وە ئەگەر ئەوکەسە کە قایل نابی بە مانەوەی ئەم ئالەتانە نەیتوانی بەمجورە لەیەکیان بکاتەوە ، ئەوە بوی هەیە هەرچون پی ی کرا بی یان شکینی و دەفعی ئـــەو حەرامە بکا • ئەمانەی کە وتمان حوکمیکن وەختی خوی جی بەجی کراون •

بەلام لەم‌وەختەدا کە قانوونی مەدەنی لەولاتا دامەزراوەو هەر شـــتێك ئوسوولیکی تازەی هەیە ، بەقەطعی دروســـت نیی‌یە بە بی‌فەرمانی قاضی شەرع‌و کاربەدەستانی حوکوومەت دەس‌بردن بو ئەم‌جورە وەزعانـــە ، چونکە ئەبی بەهوی تیکچوونی نیظام‌و بلاوبوونەوەی ئاشووب لەناو ئەفرادی میللەتدا • وە واجبە لەسەر موسولمان هەمیشە ئاگاداری‌ی پاراستنی ئـەمن‌و ئاسایش بکا ، وە ئاگای لەم‌جورە واجباتە بی تافیتنـــەو ئاشـــووب لەناو موسولمانانا پەیدا نەبی •

(بزانن) زەوت‌کەر هەرشتیکی زەوت‌کرد وەك دووکان‌و خانوو ، وە ئەرزو ئاوو باخ‌و حەیوانات ، وەك ئەبی بە ضامنی عەینی ئەوشتانە ، ئەبی‌بە ضامنی قازانج‌و سوودیشیان • مەسەلا ئەو دووکان‌و خانووە هەرچەنـــد بەپی‌ی عادەت کری‌یان هەبی ئەو کری‌یەیان روژبەروژ حیساب ئەکری • هەروەها ئەرزو ئاوو ئەمەری باغیش • وە هەر قازانجیك لە حەیوانەوە بی وەك کری‌ی ولاخی باری ، وە خوری‌و موو شیرو رونی حەیوانی وردەو بەرزە هەمووی حیساب ئەکری لەسەری خواە کابرای زەوت‌کەر خـــوی ئەو قازانجە وەربگری یا هەروەها بەهـــوی زەوت‌کردنەکەوە بفـــەوتین بەبی‌ئەوەی کەلکیان لی وەربگیری •

فەرموودەی راستتر ئەوەیە لەشی ئینسانی ئازاد ناکەویتە بەر ضـــامن بوون مەگەر بەهوی بەکارهینانەوە ، یەعنی زەوت‌کەرەکە ئیشی پی‌بکـــا • مەسەلا کەسیك پیاویکی گرت‌و مانگیك ماتلی کرد ، ئەگەر لەوماوەیـــەدا ئیشی پی نەکرد ئەوە بیجگە لە گوناهی ئەم کردارە ناباوە هەرکاتیـــك بەرەللای کرد کری‌ی ئەوکەسەی ناکەویتە سەر • وە ئەگەر ئیشی پی کرد

ئەوە کرێی عادەتی‌ی هاوچەشنی خۆی ئەکەوێتەسەر بۆ ئەو ماوەیەی کە ئیشی پێ‌کردووە تیایدا • بەڵێ ئەگەر کەسێك کەسێکی بردو دووری خستەوە هەرکاتێك بەرەڵلای‌کرد ، واجبە لەسەری مەسرەفی گەڕانەوەی بدا تا ئەگاتەوە جێی خۆی • وە ئەگەر کەسێك کچێکی کۆن کرد بە شوبهە ، یا بەزۆر بە (زنا) ، ئەوە بێجگە لە حەددی شەرعی واجبە (مهر المثل)ی بێوەژنێکی وەك خۆی پێ‌بدا لەگەل تولەی کچێنی‌یەکەیدا لەگەل حیسابی قیمەت‌و دانانی ئەو ئافرەتە ئازادە (حرّة) بە کەنیزەك (جاریە) • بەلام چوونە لای بێوەژن تەنها ئەبێ بەهۆی واجب‌بوونی (مهرالمثل) و بەس • قازانجی مزگەوت‌و قوتابخانەو تەکیەو میوان خانەو وەقف‌کراوی‌تری لەم‌چەشنە وەك قازانجی لەشی ئینسانی ئازاد وایە • جا ئەگەر کابرا هەمووی بەکارهێنا ، واجبە لەسەری کرێی عادەتی‌ی هەموو شوێنەکە بدا • وە ئەگەر گوشەیەکی بە غەیری ئیستیحقاقی شەرعی داگیر کرد ، ئەوە پێویستە لەسەری کرێی ئەو گوشەیە بدا ، وە ئەم کرێیە صەرف ئەکرێ بۆ مەسلەحەتی ئەو شوێنە وەقف‌کراوە •

هەرکاتێك مالێکی زەوت‌کراو بە بێ‌بەکارهێنان ناتەواوی‌یەکی ماددی یا مەعنەوی‌ی بەسەرهات ، مەسەلا کەسێك قاترێکی باری زەوت کرد ، وە ئەو قاترە لای زەوت‌کەرەکە کوێر بوو یا شەل بوو یاخود شێت بوو ، ئەوە واجبە لەسەر زەوت‌کەرەکە کرێی ئەو ماوەیەی زەوت‌کردنەکە بداو تولەی ناتەواوی‌یەکەشی بکاتەوە بۆ خاوەنەکەی • هەروەها ئەگەر بەهۆی بەکارهێنانەوە ناتەواو بوو ، وەك ئەوە کابرایەك کەوایەك زەوت‌بکاو لەبەری‌بکا تا کۆن ئەبێ ، ئەویش کرێ‌و حەقی بژاردنەوەی ناتەواوی‌یەکەی لەسەر واجب ئەبێ •

باسی یەكنەكەوتنی قسەی خاوەنماڵو زەوتكەر وە هەندی وردە بابەتیتر

ئەگەر زەوتكەر ئیددیعای فەوتانی ماڵە زەوتكراوەكەی كرد ، وە بەیانی سەبەبیكیوایشی كرد بو فەوتانەكە كە ئاشكرا بووەوە تیكرای شوینی ماڵە زەوتكراوەكەو دەوروبەری ئەگرتەوە وەك ئاگریك كە كەوتبیتەوەو خەڵك پییبزانن‌و ئاگرەكەش عام بووبی ، یاخود هیچ بەیانی سەبەبی نەكرد ، یا بەیانی سەبەبیكی نهینیی كرد ، یا بەیانی سەبەبیكیوای كرد كە خەڵك پییان ئەزانی ، بەلام بەوەیان نەئەزانی كە ئەوشوینەی گرتبیتەوە كە ماڵە زەوتكراوەكەی تیا بووە ، وە لەم سیە صوورەتەی دواییدا خاوەن ماڵەكە باوەری پیئەكرد ، ئەوە ئەو زەوتكەرە بە بیسویند باوەری پیئەكری • وە ئەگەر خاوەنماڵ باوەری پینەكرد ئەوە زەوتكەرەكە سویند ئەدری • جا كە سویندی خوارد ئەمجار خاوەنماڵەكە ئەو ماڵە فەوتاوەی پیئەبژیری • ئەگەر وینەدار بوو وینەكەی لیئەسینی ، وە ئەگەر نرخ بودانراو بوو نرخی لای زووروویی لی وەرئەگری لە روژی زەوت كردنیەوە وەك باسمانكرد • وە ئەگەر ناكوكییان لە قیمەتی ماڵە زەوتكراوەكەدا بوو ، یا لە قیمەتی جلی ولاخەكەدا ، یا لە زینی ئەسپە زەوتكراوەكەدا ، یا لە كونیی عەیبەكەیدا ، مەسەلا زەوتكەرەكە ئەیوت ئەو حەیوانەت كە من زەوتم كرد هەر لە سكوماڈا كویر بووە ، وە خاوەن ماڵیش ئەیوت هەر لەئەساسەوە بیعەیب بووە ، یاخود لای تو عەیبدار بووە ، ئەوە باوەر بە سویندی زەوتكەرەكە ئەكری • وە ئەگەر هەردوكیان هاودەنگ بوون لەوەدا كە عەیبیكی تازە پەیدابووە بە ولاخەكەوە ، بەلام خاوەنماڵ ئەیوت لای

زەوت کەرەکە پەیدابووەو ، زەوت کەرە کەش ئەیوت هەر لای خاوەنەکەی بووە ، ئەوە سویندی خاوەنمال جیگای باوەرە •

ئەگەر زەوت کەرەکە مالەکەی ناردەوە ، بەلام لەو کاتەدا قیمەتی کەمتر بوو لە قیمەتی زووی ، ئەوە زەوت کەرەکە هیچی لەسەر نی یە • ئەگەر کەسیك جلیکی زەوت کرد کە بایی دە درەم بوو ، وە بەهوی هەرزانی یەوە بوو بە پینج درەم ، وە زەوت کەرەکەیش لەبەری کردو کۆنی کرد تـــا قیمەتی بوو بە نیو درەم ، جا ناردیەوە بو خاوەنەکەی ، ئەڕە پینج درەمـی ئەکەویتە سەر کە بریتی یە لە بەشی ئەوەی کە فەوتاوە لە قیمـــەتی لای سەرووی ئەو مالە زەوت کراوە ئەگەر کەسیك جووتی کەوشی زەوت کرد کە قیمەتی دە درەم بوو ، پاشان تایەکیان فەوتاو ئەو تاکەی ناردەوە کە دوو درەم ئەژیا ، ئەوە ئەو زەوت کەرە هەشت درەمی ئەکەویتەسەر ، پینج درەمی حەقی تا فەوتاوەکەو سیە درەمیشی تولەی ناتەواوی ی ئەو تایەیە کە قیمەتی بەتەنها بووە بە دوو درەم • هەروەها ئەگەر ئەوتایە بەهوی زەوت کرانـەوە بفەوتینی یا هەر لەدەستی خاوەنەکەیا بیفەوتینی ئەوە عەینی حوکمی پیشووی هەیە • ئەم حوکمەی لە جووتە کەوشا بەیان کرا بو هەموو شتیکی تریشمە کە دوو تاکی هەبیو تاکیکیان بی‌ئەویان بەکارنەیەت ، وەك دوو تاکـــی پەنجەرە ، وە وەك پەلەوەریك کە بی‌هاوری کەی نەیکری •

ئەگەر مالە زەوت کراوەکە ناتەواوی یەکی‌وای تیا پەیدابوو کە بـوو بەهوی فەوتانی مالەکە ، وەك ئەوە کە گەنمیك زەوت بکاو بیکا بە گەنمـە کوتاوو لی‌ی‌بنی بە چیشت ، یا ئاوی کردە ناو زەیتو ئاوەکە دەرنەئەچوو ، یا گـــەنمەکـەی لە جیگایـــەکی تەردا دانا تا بوگـــەنی کرد ، یاخود حەیوانیکی زەوت کردو سەری‌بری‌و گوشتەکەی کرد بـــە چیشت ، ئەوە ئەومالە زەوت کراوە وەك فەوتاوی لی‌دی ، وە واجبە لەسەر

زەوت‌کەرەکە یا مالیکی وەك ئەو مالە زەوت‌کرازە بدا بە خاوەن مالەکــە ئەگەر وینەدار بوو ، یا قیمەتەکەی بدتی ئەگەر قیمەت بودانراو بــوو ، وە لەم‌وەختەدا زەوت‌کەرەکە ئەبی بە خاوەنی ئەو مالە چونکە قیمەتەکەی لەئەستویدا دامەزراوە ، بەلام دروست نی‌یە هیچ جورە تەصەروفیك بکــا لەومالەدا تا هاوچەشنی یا قیمەتەکەی ئەدا بە خاوەنەکەی ئەگەر خــوی لەوشوینەدا بوو ، یا بە قاضی شەرعی ئەو شوینە ئەگەر خوی دیار نەبوو • وە بەقەطعی تا هاوچەشنەکەی یا قیمەتەکەی نەدری بە خاوەنەکەی یا بـە قاضی ، دروست‌نی‌یە نە خوی‌و نە کەسیکی‌تر لەو مالە بخون ، وە دروست نی‌یە هیچ‌کەس لەو مالە وەربگری چونکە شتی‌وا بیجگە لەوە کە ئەبــی بەهوی ئەوە خەلك دەم‌سوور بن لەسەر زەوت‌کردنی مالی خــەلکی‌تر ، ئەصلی مالەکەش لە حوکمی ئەوەدایە کە لە رەهنی قیمەتەکەی‌دا بی •

وە ئەگەر ئەو ناتەواوی‌یە بە بی‌ئیشی زەوت‌کەرەکە پەیدا بووبــی ، وەك ئەوە کە مالە زەوت‌کراوەکە خواردەمەنی‌یەك یا میوەیەك بی‌و دابنری لە جی‌ی خویاو بون بکا ، ئەو پیویستە خاوەنەکەی ئەومالە بـــــەوجورە وەربگریتەوەو تولەی ناتەواوی‌یەکەی وەربگری •

ئەگەر کەسیك زەوی‌یەکی زەوت‌کردو گلەکەی گواستەوە بــــو شوینیکی‌تر ، ئەوە خاوەنەکەی ئەتوانی ناچاری بکائەو گلە بگیریتەوە بــو ئەوشوینە کە لی‌ی وەرگیراوە ، وە زەوی‌یەکەش وەك پیش لابردنی گلەکە لی‌بکاتەوە • هەروەها دروستە بو زەوت‌کەرەکەش کە گلەکەی گواستوەتەوە لەخویەوە بیهینیتەوە هەرچەند خاوەنەکەیشی پی‌ی‌نەلی مادەم مەبەستیکــی شەرعی‌ی هەبی وەك چول‌کردنی مولکی خوی ، ئەگینا بەبی‌ریگادانــی خاوەنەکەی دروست نی‌یە بیباتەوە بو ئەوشوینە • هەروەها هەلکەندنی بیرو

پڕکردنەوەی ، یەعنی ئەگەر خاوەن‌ماڵەکە فەرمانیدا پێویستە پڕی بکاتەوە ،
ئەگەر خۆی مەبەستێکی شەرعیی هەبوو لە پڕکردنەوەیدا ، مەسەلا
بۆئەوە کە خەڵکی تێ‌نەکەوێ ، ئەوە بۆی‌دروستە کە پڕی بکاتەوە ، ئەگینا
بەبێ‌ڕێگادانی خاوەنەکەی دروست نی‌یە • جا هەرکاتێ ئەو زەوت‌کەرە
زەوی‌یەکەی وەك خۆی لێ‌کردەوەو ناتەواویی پێوە دیار نەبوو ئەوە هیچی
لەسەر نی‌یە ، بەڵام کرێی ماوەی پڕ کردنەوەکەی ئەکەوێتەسەر ،
وە ئەگەر ناتەواوی‌یەکی پێوەما کرێی پڕکردنەوەکەی ئەکەوێتەسەر •

ئەگەر کەسێك ڕۆنێکی زەوت‌کردو گەرمی کرد ، وە بەهۆی ئەو
گەرم‌کردنەوە کێشانەی کەمی کرد ، بەڵام قیمەتی وەك خۆی مایەوە ،
پێویست ئەبێ لەسەری ڕۆنەکەی بداتەوەو چەندی کەم کردووە بیداتەوە •
وە ئەگەر هەر قیمەتی کەمی کردبوو ، ئەبێ تۆڵەی ناتەواوی‌یەکەی بدا •
وە ئەگەر قیمەت‌و سەنگی هەردوکیان کەمیان کردبووو ، پێویستە وێنەی
ئەوەی کە فەوتاوە بیدا بە خاوەنەکەی لەگەڵ تۆڵەی ناتەواوی‌یەکەیدا •
ئەگەر ناتەواویی قیمەتەکەی زیاتر بوو لە کەم‌بوونەوەی عەینەکەی ، وەك
ئەوە کە دوو کیلۆ ڕۆن زەوت بکا کە قیمەتەکەی دوو دینار بێ ، وە گەرمی
بکا تا ببێ بە کیلۆیەك بەڵام نرخەکەی ببێ بە نیو دینار ، ئەوە پێویستە
لەسەری لەگەڵ دانەوەی ماڵە زەوت‌کراوەکەدا یەك کیلۆ ڕۆن‌و نیو
دینار بدا • وە ئەگەر ناتەواویی قیمەتەکەی ئەوەندەی کەم‌بوونەوەی
عەینەکەی بوو یاخود کەمتر بوو ئەوە هەر تەنها ئەوە ئەبژێری کە فەوتاوە ،
مەسەلا کە دوو کیلۆ ڕۆنی زەوت کرد کە بایی دوو دینار بوو ، وە گەرمی
کرد تا بوو بە کیلۆیەك‌و قیمەتەکەی بوو بە یەك دینار ، ئەوە پێویستە ئەو
کیلۆ ڕۆنە کە ماوە بیداتەوە لەگەڵ کیلۆیەکی وەك کیلۆ فەوتاوەکەدا •

ئەگەر کەسێك حەیوانێکی زەوت کرد ، ئەوجا حەیوانەکە لـــەری و لاوازی‌یــــەکی‌وای بەســـەراهات کـــە دەیـــەکی قیمـەتی کـــەم کردەوە ، وە پاش‌ئەوە قەلەو بوەوە ، جا کابرای زەوت‌کەر حەیوانەکەی دایەوە، ئەو پیویستە تولەی ناتەواوی‌ی ئەو لەری‌و لاوازی‌یەی بداتەوە• وە ئەگەر کەسێك دوشاویکی تری‌ی زەوت کرد ، وە پاشان دوشاوەکە بـوو بە شەراب‌و ئەوجا بوو بە سرکە ، ئەوە راستتر ئەوەیە ئەو سرکەیە مالـــی خاوەنەکەیەتی ، وە پیویستە لەسەر زەوت‌کەرەکە تولەی ناتـــەواوی‌ی قیمەتەکەی بداتەوە ئەگەر قیمەتەکەی کەمتر بی لە قیمەتی دوشـــاوی تری‌کە • وە ئەگەر کەسێك هیلکەی لە کەسێك زەوت‌کردو پاشان مریشك هیلکەکەی هەلهیناو کردی بە جووجکە ، یاخود تۆویکی زەوت کـــردو چاندی‌و تووەکە روا ، ئەوە ئەگەر ئەم هیلکە هەلهاتووە یا ئەم تووە رواوە قیمەتیان وەك جاران وابوو یا زیاتر بوو ، ئەوە باشە ، ئەگینا ئەگەر کەمـی کردبوو ئەوە ئەبی زەوت‌کەرەکە قیمەتی ناتەواوی‌یەکەی بداتەوە بـــە خاوەنەکەی • وە ئەگەر کەسێك شەرابیکی زەوت‌کردو شەرابەکە پاشان بوو بە سرکە ، یا پیستی مرداربوەوەیەکی زەوت‌کردو دەباغی‌ی کـــرد ، ئەوە فەرموودەی راستتر ئەوەیە ئەو شەرابەو ئەو پیستە دەباغی دراوە هی خاوەنەکەیانن •

باسی هەندی حوکمی زەوت‌کردن‌و زەوت‌کراو

هەرچی زیاد ببی لەسەر مالی زەوت‌کراو ، ئەوە ئەگەر عەین نەبـی بەلکو صیفەت بی وەك گازری کردنی خامی زەوت‌کراو ، یەعنی کابرایەك خامیك زەوت بکاو گازری‌ی بکا ، یا وەك هارینی گەنم ، ئەوە هیچی لـی پەیدا نابی ، یەعنی واجبە زەوت‌کەرەکە ئەو مالە بەوجورە بداتەوە بـــە

خاوەنەکەی ، وە خوی هیچی دەس ناکەوی ، بەلکو خاوەن مالەکە ئەتوانی داوای ئەوەی لی بکا کە مالە زەوت کراوەکە وەك زەمانی پیشووی لی بکاتەوە ئەگەر شتی وا لەتوانادا ببی وەك ئەوە کە گلیك زەوت بکاو بیبری بە خشت • لەم حالەدا خاوەن مال ئەتوانی ناچاری بکا ئەو خشتە کالانە بشکینی و وەك جاران بی یان کاتەوە بە گل • هەروەها ئەتوانی داوای تولەی ناتەواوی یشی لی بکاتەوە ئەگەر ئەو مالە بەو دەست لی دانە ناتەواوی بەسەر قیمەتەکەیـدا هاتبی • ئەتوانی کری یشی لی بستینی ئەگەر کری ی ببی وەك جلیك کـــە زەوت کەرەکە بە دەزووی خاوەن مالەکە بیدووری و بیکاتە بەری •

وە ئەگەر ئەو زیادەیە عەین بوو وەك خانوویەك کە لە ئـــەرزی زەوت کراوا بکریتەوە ، وە داریك کە لەو ئەرزەدا بنیژری ، ئەوە خاوەن مالەکە ئەتوانی داوای ئەوە بکا ئەو خانووە برووخینی و ئەو درەختانـــە هەلکیشی و زەوی یە زەوت کراوەکەیش وەك ئەوسا لی بکاتەوە • بـــەلام لە خاوەن مالەکە بەولاوە کەس ناتوانی خانووەکە برووخینی و درەختەکـان هەلکیشی ، وە هەرکەس دەسیان بو ببا ئەبی ئەگەر ناتەواوی یەکیان تیــا پەیدا بوو بیبژیری بو زەوت کەرەکە • بەلی ئەگەر کەرەسەی ئەو خانووەو ئەو درەختە نیژراوانە هی ئەو کەسە بیگانەیە بوون ، وە کابرای زەوت کەری زەوی یەکە ئەوانەیشی زەوت کردبوو ، ئەوە بەشەرع بوی دروستە ئـــەو درەختانە هەلکیشی ، هەتاوەکو ئەگەر کەرەسەی خانووەکە بەو بەکارهینانە قیمەتی کەمی کردبوو ، واجبـــە کابرای زەوت کەر تولەی ناتەواوی ی ئەوانەیش بدا بە خاوەنەکەیان • وە ئەگەر ئەو کەرەسەو درەختانەش هی خاوەنی زەوی یەکە بوون ، وە رازی بوو بەوە کە وەك خویان بهیلرینەوە ، ئەوە زەوت کەرەکە بە هیچ جوری ناتوانـــی خانووەکـــە برووخینی و درەختەکان هەلکیشی ، وە بەرابەر بەو رەنجە بە هیچ جوری هیچی ناکەوی •

بەلی ئەگەر خاوەن مالەکە داوای لە زەوتکەرەکە کرد ئەو خانـــووە بڕووخێنێو درەختەکان هەلکێشێ ، لەمکاتەدا ئەگەر ئەم کابرایە مەبەستێکی قوبوولکراوی هەبوو وەك ئەوە کە زەوییەکە بە چۆلی کرێی زیاتـری ئەکرد ، یا خانووی باشتری تیا ئەکردەوە ، ئەوە پێویستە ئەو زەوتکـەرە خانووەکە بڕووخێنێو درەختەکان هەلکێشێو تولەی ناتەواویی ئـــەو کەرەسەو درەختانەش بدا بە **خاوەنەکەیان** •

ئەگەر زەوتکەری زەوییەکە تۆویشی لە کەسێکیتر زەوتکرد ، وە دایچاند لەو زەوییەدا ، ئەوە خاوەنی ئەو زەوییو تووە ئەتوانن داوای ئەوە بکەن ئەو تووە لە زەوییەکە هەلبگرێتەوە ئەگەر ئەوە لـــەتوانادا هەبوو ، وە تولەی ناتەواویی زەوییو تووەکەشی لێ وەربگرن • بـەلام ئەگەر خاوەن زەوییو خاوەن توو ڕازی بوون بەوە کە ئەو تووە لـــــەو زەوییەدا بمێنێتەوە ، زەوتکەرەکە ناتوانی ئەو تووە دەربکا لە زەوییەکە•

ئەگەر خاوەن زەوی ئەیویست ئەو خانووەو ئەو درەختانە وەکـــو خۆیان بمێننەوە ، وە زەوتکەرەکە ئەیویست هەلیانبگرێ بۆ ئـــەوەی کەرەسەی خانووەکەو درەختەکان بفرۆشێ ، ئەوە بۆی دروستە چونکە مالی خۆیەتی • بەلام ئەوەندە هەیە واجبە لەسەری زەوییەکە وەکو خــۆی لێبکاتەوە • وە ئەگەر کەسێك خانوویەکی زەوت کرد ، وە بۆیەی کردو ڕازاندیەوە ، ئەوە ئەگەر عەینێك لەوبۆیەوە پەیدا بوو ، زەوتکەرەکـــە ناتوانی لای ببا ، بەلام خاوەنمالەکە خۆی ئەتوانێ ، وە کرێی لابردنـــی بۆیەکەو هەر ناتەواوییەك کە لە مالەکەدا پەیدا ببێ ئەکەوێتە ســـــــەر زەوتکەرەکە •

ئەگەر کەسێك تووی لە زەوییەکدا داچاند بەسەر تووی کەسێکیترا کە پێشان دایچاندبوو ، ئەمە ئەگەر کابرای دووهەم بە زوردار دانرا بەسەر

کابرای یەکەمدا ، یاخود تووەکەی بەهێزتر بوو ، ئەوە بەروبووەکـە بو کابرای دووهەمەو واجبە تووەکەی کابرای یەکەمیش بژێری • وە ئەگەر بە زوردار دانەنرا بەسەر ئەودا ، ئەوە بەروبوومەکە بو هەردوکیان ئەبێ بەگویرەی ئەندازەی تووی داچینراوی هەرکامیان •

ئەگەر کەسێ جلیکی زەوتکردو رەنگیکرد بە رەنگەکەی خوی ، ئەوە ئەگەر ئەتوانرا ئەو رەنگەی لیبکریتەوە بەونەوعـە کە عەینیکـی دیاریی هەبوو ، وە خاوەنمال داوای کرد ئەو رەنگەی لیبکانەوە ، ئەوە ئەبێ لیی بکاتەوە ، هەرچەند ئەو زەوتکەرە زیانیکی زوریشی لیبکەوی و قیمەتی رەنگەکە کەم بکا • هەروەها بو زەوتکەرەکەیش دروستە بەزور ئـەو رەنگەی لیبکاتەوەو لەپاشا ناتەواویی جلەکە بژێری • وە ئەگـەر نەئەتوانرا ئەو رەنگەی لیبکریتەوە ، ئەوە ئەگەر قیمەتی جلەکە بەورەنگە کەم بووبوو ، ئەبێ تولەی ناتەواوییەکەی بدا بە خاوەن مالەکە • وە ئەگەر قیمەتی کەمو زیادی نەکرد ، ئەوە هیچ • وە ئەگەر زیادی کرد بـەهوی رەنگەکەوە ، ئەوە زەوتکەرەکـە ئەبێ بە هاوبەشی خاوەنجلەکـــە لەو زیادەیەدا •

ئەگەر زەوتکەر مالە زەوتکراوەکەی تیکەلی شتیکیتر کـرد ، یاخوی تیکەلی بوو ، وە لەتوانادا بوو جیا بکریتەوە لیی ، ئەبێ جیـای بکاتەوە ، وە ئەگەر لەتوانادا نەبوو ، ئەوە ئەو مالە وەك فەوتاوی لیدیتو ئەبێ بە مولکی زەوتکەرەکە ئەگەر لەتوانادا بوو بکری بە مولـك ، وە ئەی بژیریتەوە بو خاوەنەکەی ، ئەگەر وینەدار بوو وینەیەکی ئەداتی ، وە ئەگەر نرخ بودانراو بوو نرخەکەی ئەداتی • ئەوەندە هەیە ناتوانـی تەصەروفی تیا بکا تا حەقی خاوەنەکەی جیبەجی نەکا • وە ئەگەر لەتوانادا نەبوو بکری بە مولك وەك گلی زەویی وەقفکراو کە زەوتکەرەکـە

تیکەلی زبلی بکاو بیکا بە خشتو لە کوورەدا سووری بکاتەوە ، ئەوە پیویستە ئەو خشتە سوورەوە کراوانە بدا بە سەرپەرشتی کەری مالە وەقف کراوەکە ، چونکە ئەو گلەی خشتەکانی لی دروســــت کراوە کـــلی وەقفـــە • وە تەماشای ئەو زبلە ناکری کە تیکەلی گلەکە کراوە چونکە بەهوی ئاگرەکەوە سووتاوە • وە پیویستە وینەی گلە زەوت کراوەکەیش بکاتەوە ناو زەوی یە وەقفەکە • بەلام ئەگەر لە وینەی ئەمصوورەتەدا ئەو گلە هی کابرایەکـــی عادەتی بی ، ئەوە کابرای زەوت کەر لەپاش تیکەل کردنی لەگەل زبلەکەدا ئەبی بە خاوەنی‌و خشتەکان بوخوی ئەبی • بەلام ئەوەندە هەیە ئەبـــــی وینەی ئەو گلە بداتەوە بە خاوەنەکەی • وە ئەگەر کابرای زەوت کەر مالــە زەوت کراوەکەی تیکەلی مالیکی زەوت کراوی تر کرد ، ئەوە هەرگیز نابی بە مالی زەوت کەرەکە ، بەلکو هەر هی ئەو دوو کـــەسە ئەبی کـــە لی یان زەوت کراوە • جا لەکاتیکا کە بەشی هەرکامیان دیاری بی مەسەلا وەك میوژو گویز ، ئەوە هەرکەس بەشی خوی وەرئەگریتەوە • وە ئەگەر دیاری نەبی، بەلام بەشی هەردوکیان وەك یەك بی وەك دوو تەغار گەنم ، ئەوە هەرکامیان ئەوەندەی بەشەکەی خوی لی هەل‌ئەگریتەوە • وە ئەگەر وەك یەك نەبـــی وەك تەغاریك گەنم‌و تەغاریك جو ، ئەوە بەئارەزووی خویانە چـــــون ری ئەکەون •

وە ئەگەر چەند مالیکی زەوت کراو تیکەلی یەکتر بوون‌و خاوەنەکەیان دیار نەبوو ، ئەوە ئەگەر نائومید نەبووین لە دوزینەوەیان ، واجبە ئەومالـە بدریتە دەستی پیشەوای موسولمانان لەوشوینەدا بویان هەل‌بگری • وە ئەگەر پیشەوا نەبوو یاخود ستەمکار بوو ئەبی بدریتە دەستی کەسیکی یا چەنـــد کەسیکی دادپەروەر بویان هەل‌بگرن ، وە شاهید بگیری لەسەریان نـــەوەك لەپاشەروژا ئینکاری بکەن • وە ئەگەر بەعادەت نائومیـــد بووین لـــە دوزینەوەیان ، ئەوە ئەبی بە مالی (بیت‌المال)ی موسولمانان ، وە بو پیشـەوای

موسولمانان دروسته صەرفی بکا بو ئەوانە کە خاوەن حەقن لە (بیت‌المال)دا • وە ئەگەر پیشەوا نەبوو دروستە بو پیاوچاکانی ئەوشوینە ئەو مالە صەرف بکەن بو ئەوانەی کەبەپیی شەرع موستەحەقینی • هەروەها دروستە بو هەر موستەحەقیکیش کە دەستی بگاتی ئەوەندەی حەقی خوی لی هەل‌بگری ، وە بو خەلکی‌تریش دروستە لی‌ی‌هەل‌بگرن‌و بیدەن بە خاوەن‌حەقەکان • (ابن عبدالسلام) فەرموویەتی ئەگەر حەرام عام بوو دروستە هەر موحتاجیک ئەوەندەی ئیحتیاجەکەی خوی لی وەربگری •

ئەگەر کەسیك مالیکی زەوت‌کراوی تیکەل کرد بە مالیکی‌تری وەها ، خواه لە چاك‌و خراپی‌دا وەك ئەو وابی یا چاکتر بی یا خراپتر بی ، ئەوە ئەتوانی ئەندازەی مالە زەوت‌کراوەکە جیابکاتەوە لەو مالە تیکەلە ، ئەوجا تەصەروف لەوی‌تریا بکا کە بە هینەکەی خوی دائەنری •• ئەگەر کەسیك داریکی زەوت‌کردو خانووی لەسەر کردەوە ، ئەوە ئەگەر ئەو دارە لەژیر خانوەکەدا رزی‌بوو ، پیویستە قیمەتەکەی بدا بە خاوەنەکەی • وە ئەگەر ساغ بوو خاوەنەکەی ئەتوانی دەری‌بکا لەژیر ئەو خانوەدا ، هەرچەند خانوەکەش بەهوی ئەوەوە برووخی و ببی بە مایەی زیان بو کابرای زەوت‌کەر ، مادەم ترسی فەوتانی مال‌و نەفسی بی‌گوناه نەبی • هەروەها ئەگەر ئەو دارە خرابیتە ژیر کەشتی‌یەوە هەر دەرئەهینری بەوشەرتانەی کە ئیستا بەیانمان کرد •

ئەگەر کەسیك مالیکی زەوت‌کراوی لە زەوت‌کەرەکەی کری ، وە ئەو مالە لای کریارەکە فەوتاو بژاردی بو خاوەنەکەی‌و لای سەرووی قیمەتەکەی دایە لە روژی زەوت‌کردنەکەیەوە تا روژی فەوتانی ، ئەوە هەر ئەوەندە هەیە کریارەکە ئەتوانی ئەو پارەیەی داویە بە زەوت‌کەرەکە لە حەقی مالەکەدا لی‌ی وەربگریتەوە • ئیتر حەقی ئەوەی نی‌یە ئەو ئەندازە

پارەیەی کە بژاردوویەتی بو خاوەن‌مالەکە ، لە زەوت‌کەرەکەی بسینیتەوە، هەرچەند وەختی خوی نەیزانیبی ئەو مالە زەوت‌کراوە ، چونکـــە مالی فروشراو پاش ئەوەی کریار وەری‌گرت ئەکەویتە ضەمانەتی خویەوە • وە ئەگەر ئەو مالە بە تاوانی کریارەکە فەوتا ئەوە باشتر لە ضەمانەتیا ئەبـــی ، یەکەم لەبەرئەوە کە مالەکەی کریوەو وەریشی گرتووە ، دووهـــەمیش لەبەرئەوە کە خوی مالەکەی فەوتاندووە •

هەروەها ئەگەر ئەو مالە عەیبداریش ببی لای کریارەکە ، هەر واجبە تولەی ناتەواوی‌یەکەی بدا بە خاوەن مالەکە ، وە ناتوانی لە فروشیارەکەشی بسینیتەوە کە وەختی خوی زەوتی کردووە • وە پیویستیشە لەسەر ئـــەم کریارە هەر قازانجیکی وەرگرتبی لەومالە کرراوە وەك میوەو کری‌و رون‌و دوو غەیری ئەمانە بیبژیریتەوە بو خاوەن مالەکـــــە ، وە نایشـــتوانی وەری‌بگریتەوە لە فروشیارە زەوت‌کەرەکە • بەلام ئەو قازانجانەی کـــە لای کریارەکە فەوتاون‌و خوی کەلکی لی وەرنەگرتوون ، ئەتوانی ، لەپاش بژاردنەوەیان بو خاوەن مالەکە ، داوایان بکاتەوە لە فروشـــیارەکـــەو بی‌یان‌سینیتەوە لی‌ی ، چونکە هیچی لی دەس‌نەکەوتوون‌و ، فروشـــیارە زەوت‌کەرەکەیش بووە بەهوی ئەوە ئەم زیانەی لی‌بکەوی •

ئەگەر کەسیك ئەرزیکی زەوت‌کراوی لە کەسیك کری‌و خانووی تیا کردەوە ، پاشان خاوەن ئەرزەکە ئەو خانووەی تیك‌داو تولەی ناتەواوی‌ی زەوی‌یەکەشی لە کریارەکە وەرگرت ، ئەوە ئەو کریارە ئەتوانی ئەو تولەی ناتەواوی‌یە لە فروشیارە زەوت‌کەرەکە بسینیتەوە چونکە ئەو بووە بەهوی ئەم زیانە کە کەوتووە لەم •

(بزانن) یەکەم هەرشتیکی‌وا کە ئەگەر کریار بژاردی ، بیسینیتەوە لە زەوت‌کەرەکە وەك میوەی باغیك کە نەگەیشتبیتە دەستی کریارەکە ، ئەگەر

لەئەساسا فروشیارەکە بژاردی‌یەوە ، ناگەریتەوە بوسەر کریارەکە بوی .

دووهەم . هەرشتی کە ئەگەر کریار بژاردی نەی‌سینیتەوە لـــــە فروشیار ، وەك ئەو قازانجانەی کە خوی وەری گرتوون ، ئەگەر فروشیاری زەوت‌کەر بژاردنیەوە ، ئەگەریتەوە بوسەر کریارەکە .

سیهەم : هەر دەستیك کە دامەزرابی لەسەر دەستی زەوت‌کـەر ، وە لەئەساسیشدا دەستی ضەمانەت بی ، وەکو یەکیك مالەکەی لی‌خواســتبی ، یاخود بە سەودا کردن وەری گرتبی ، ئەوە دەستی وەك دەستی کریارەکەیە لەم‌حوکمانەدا کە بەیانمان کردن . بەلام ئەگەر دەستی ، دەستی ئەمانەت بی وەك ئەوە کە یەکیك بەکـــری لی‌ی وەرگرتبی ، یاخود بەصوورەتــی ئەمانەت دایبابی لای ، ئەوە حوکمی دەستی زەوت‌کەرەکە خوی ـ هەیـــە لەوەدا کە ریگەی ضەمانەتە . بەلام لەئەنجاما مەسەلەکە ئەگەریتەوە سـەر زەوت‌کەرەکە ، یەعنی ئەگەر ئەمان ئەو مالەیان بژارد ئەگەرینەوە ســەر زەوت‌کەرەکە ، وە هەرشتیکیان داوە بە خاوەن‌مال وەری‌ئەگرنەوە لــــە زەوت‌کەرەکە ، مەگەر کەسیك کە ئەو مالە زەوت‌کراوەی بە بەخشش لە زەوت‌کەرەکە وەرگرتبی ، ئەمە هەرچی بژارد مەسەلەکە لەسەر خویەتی‌و ناگەریتەوە سەر زەوت‌کەرەکە چونکە ئەومالەی بەخوراییي ، وە بو قازانج‌و بوون بە مولکی خوی وەرگرتووە .

باسی (شفعە)

شوفعە بریتی‌یە لەوە بەشە مولکی هاوبەشیکی کون کە بەرابەر بـــە شتیك دابیتی بە کەسیکی تازە ، بە زور نەهیلری ببی بە هی ئەم‌کەســـە تازەیەو بکری بە مولکی هاوبەشی خاوەنە پیشووەکەی ، لەبەر نەهیشـــتنی روودانی ئەو زیانەی کە لەم هاوبەشی‌یە تازەیەوە پەیدا ئەبی ، بەوشەرتە

كە ئەو مولكە قابیلی دابەش‌كردن بیو نەیش‌گویزریتەوە • كەواتە حەقی شوفعە نی‌یە بو كەسیك كە شەریك نەبی لەو مالە فروشراوەدا ئیتر چ دوور بی لیو چ دراوسی‌ی بی • هەروەها شوفعە نی‌یە لە مولكیكا كە بەخورایی درابی بە كەسیك وەك ئەوە كەسیك بەشە خانووی خوی نەذر بكا لە كەسیك • وەك شوفعە نی‌یە لە مولكیكی فروشراوی‌وادا كە قابیلی دابەش‌كردن نەبی یاخود بگویزریتەوە ، مەگەر بە تەبەعیەتی شتیكی نەگویزراوەوە وەك لەمەوپاش باسی دیت •

شوفعە پیویستی بە چوار شت هەیە : شوفعە وەرگر • كابرای مولك لی‌وەرگیراو • مولكی وەرگیراو • صیغە • حەقی شوفعە هەیە لە ئەرزو ئاوو باخدا ، وە لە هەرچی لەو ئەرزەدا بی لە خانوو دەرگاو داری تەرو بنەی درەختیك كە سەرەكەی برابیتەوە • هەروەها حەقی شوفعە هەیە لە دیواری باخیكدا كە لەگەل باخەكەدا بفروشری ، وە لە میوەی باخەكەدا بەوشەرتە لە كاتی فروشتنەكەدا گوپكەی نەكردبی •

لە سەرەتاوە شوفعە نی‌یە لە شتیكا كە بگویزریتەوە ، وەك تاپو قاچاخو فەرش‌و داری وشك‌و شتی‌وا • بەلام ئەگەر خانوویەكی هاوبەشی فروشراو حەقی شوفعەی تیا هاتەجی ، وە بەرلەوە كە بە شوفعە وەربگیریت رووخاو دارو بەردەكەی كەوت ، ئەوە شوفعە لەو كەرەستە گویزراوەدا دروستە چونكە لە سەرەتاوە لەناو خانوەكەدا بەشیك نەبوە لەوشتانەی كە ئەگویزرینەوە •

شوفعە نی‌یە لە حوجرەیەكدا كە لەسەر سەقفیك بی خواه ئەو سەقفە هاوبەشی بی یا هاوبەشی نەبی ، چونكە لەراستیدا ئەو حوجرەی سەرخانە قەرارگایەكی دامەزراوی لە زەویدا نی‌یە • بەلی ئەگەر دووكەس هاوبەش بن لە ژیرخانیكداو سەرخانیكیش ببی كە هی تەنها یەكیكیان بی ، وە لەگەل

بەشە ژێرخانەکەی خۆیدا بیفرۆشێ ، ئەوە ئەو هاوبەشەکەیان ئەتوانێ ئەوبەشە ژێرخانە بە شوفعە وەربگرێ ، وە ئیتر حەقی بەشوفعە وەرگرتنی سەرخانەکەی نی‌یە ، چونکە شەریك نی‌یە تیایدا •

هەروەها ئەگەر زەوی‌یەك بە شەریکی بێ لە بەینی دوو کەسدا ، وە چەند بن‌داریکیشی تیابێ کە مولکی یەکێکیان بێ ، ئەم کەسە ئەگەر بەشە ئەرزەکەی خۆی فرۆشت لەگەڵ درەختەکانا ، هاوبەشەکەی هەر حەقی شوفعەی بەشە زەوی‌یەکەی هەیە ، ئیتر ناتوانێ درەختەکانیش بە شوفعە وەربگرێ چونکە شەریك نی‌یە تیایاندا •

شوفعە نی‌یە لە مالیکی موشتەرەکی وەهادا کە ئەگەر بەش بکرێ قازانجی ئەو شتە هەڵوەشێتەوە وەك حەمامێکی بچووك یا ئاشێك یا دووکانێك یا تەنووربانێکی بچووك کە قابیلی بەش‌کردن نەبن ، یەعنی ئەگەر دابەش‌کران بە کاری دوو حەمام یا دوو ئاش یا دوو دووکان یا دوو تەنووربان نەیەن •

شوفعە نی‌یە تەنها بۆ هاوبەش نەبێ • کەواتە ئەگەر هاتو خانوویەك هاوبەشی بوو لە بەینی سێ برادا ، وە یەکێك لەوان مرد ، وە بەشە خانوەکەی فرۆشرا بۆ دانەوەی قەرزێك کە لەسەری بوو ، ئەوە ئەم دوو برایە حەقی شوفعەیان نی‌یە چونکە لە ژیانی براکەیاندا هاوبەش بوون ، وە ئیستە خۆیان خاوەنی میراتەکەن چونکە قەرزاری‌ی مردووەکە ڕێگا لەوە ناگرێ کە میراتگر ببێ بە خاوەنی میراتەکە •

ئەگەر کەسێك خانوویەکی هەبوو کە تەنها هی خۆی بوو ، بەلام ڕێ‌گوزەرێکی موشتەرەکی هەبوو ، وە ئەو خانووەی فرۆشت ، ئەوە کەس حەقی شوفعەی لەو خانووەدا نی‌یە ، بەلام لە ڕێ‌گوزەرەکەدا حەقی شوفعە بۆ شەریکەکان هەیە بەوشەرتە کە کریارەکە لەلایەکی‌ترەوە ڕێگای

هاتوچوی ببی یاخود بتوانی دەرگایەك لەو خانووە بکاتەوە بو سەرجادە • ئەگینا حەقی شوفعەیان نی‌یە بو ئەوە کە ریگای هاتوچوی ئەو کریارە نەبرری • بەلی ئەگەر ری گوزەرەکە ئەوەندە پان بوو ئەیانتوانی بەشی گوزەری کریارەکە جیا بکەنەوە ، وە هیشتا ئەی‌مایەوە ، ئەوە حەقی شوفعەیان هەیە لەوەیدا کە ماوەتەوە • هەروەها حەقی شوفعە هەیە لە حەوشی خانوویەکدا کە تیکەل بی ، بەلام هودەکانی مالی تایبەتی بن • وە لە جوگە ئاویکدا کە تیکەل بی‌و ئەرزەکەی مولکی تایبەتی‌ی کەسیك بی ، وە لە تەنووربانیکدا کە خوی هاوبەشی بی ، بەلام ئەوی‌تری مالەکە بەتایبەتی هی کەسیك بی •

حەقی شوفعەی هاوبەش لە مولکیکی وەهادا ئەبی کە بە گورینەوە کرابی بە مولك ، وە مولکەکەیش دامەزرابی ، وە کەوتبیتیشە پاش ثابت‌بوونی مولکی کابرای شوفعەگرەوە • خواە ئەو گورینەوەیە گورینەوەی رووت بی وەك مالی فروشراوو کری‌ی کریکارو سەرمایەی سەلەم‌و صولح لەسەر مال ، یاخود گورینەوەی رووت نەبی وەك مارەیي ژن‌و تولەی خولع‌کردن لەگەل ژن یا لەگەل بیگانەدا ، وە تولەی صولح‌کردن لەسەر خوین • کەواتە شوفعە نی‌یە لەو مولکەدا کە بە بی‌گورینەوە دەست‌کەوتبی وەك میراث یا بەخشش یا نەذریك کە بەرابەری نەبی ، وە وەك وەصیەت • وە ئەگەر مالیکی تیکەل لە بەینی دووکەسدا فروشرا ئەوە شوفعەگرەکە لە ماوەی حەقی پەشیمان بوونەوەی مەجلیسدا حەقی شوفعەی نی‌یە ، هەروەها لەپاش ماوەی حەقی پەشیمان بوونەوەی مەجلیسیش ئەگەر حەقی پەشیمان بوونەوەی سیە روژە ببی بو هەردولا (کریارو فروشیار) ، یا بو کەسیکی بیگانە لی‌یان، یا هەر بو فروشیارەکە، یا بو کەسیکی بیگانە لە فروشیارەکە •• هەروەها ئەگەر حەقی پەشیمان بووبەوە تەنها بو کریارەکە هەبی‌و بلیین کە مولك لەماوەی پەشیمان بوونەوەدا بو فروشیارە ، یا راوەستینراوە • بەلام

ئەگەر مولك لەوماوەیەدا بو کریارەکە بوو ئەوە حەقی شوفعەی هەیە •

ئەگەر کریار ویستی بەهوی عەیبەوە ئەوبەشەی کە کریویە بیداتە دواوە بو فروشیارەکە ، وە شوفعەگرەکە ئەیویست بەو عەیبەوە وەری بگری ، ئەوە بەقسەی شوفعە وەرگرەکە ئەکری ، چونکە حەقی ئەو لەپیشە لەبەرئەوە کە هەر بە فروشتنەکە حەقی شوفعەوەرگرەکە جی گیر بووە لە شوفعە وەرگرتندا • هەروەها ئەگەر کریار بی یەوی موعامەلەکە هەلوەشینیتەوەو شوفعە وەرگرەکە بی یەوی دابمەزری و خوی بە شوفعە وەری بگری • وە ئەگەر دووکەس بە شەریکی خانوویەکیان کری ، ئەوە کەسیان حەقی شوفعەیان لەسەر ئەویان نی یە ، چونکە حەقی هەردوکیان بەیەکەوە پەیدا بووە •

وە ئەگەر یەکیك لە دوو هاوبەش ، بەشە خانووی خوی فروشت بە کەسیك بەشەرتی پەشیمانی بوخوی و ، هاوبەشەکەی تر بەشەکەی خوی فروشت لەو ماوەی پەشیمان بوونەوەیەدا بە فروشتنی یەکجاری و بی پەشیمان بوونەوە ، ئەوە حەقی شوفعە بو کریاری یەکەم هەیە لە فروشتنی بەشی دووهەمدا ئەگەر فروشیارەکەی شوفعە نەگری چونکە سەبەبی مولکی ئەو پیش کەوتووە لە سەبەبی مولکی کریاری دووهەم • وە حەقی شوفعە نی یە بو کریاری دووهەم چونکە لەپاش کریاری یەکەم بووە بە خاوەن مولك • هەروەها حەقی شوفعە بو کریاری دووهەم هەیە ئەگەر بەرودوایش فروشتیان بەشەرتی ئەوە حەقی پەشیمان بوونەوە هەر بو ئەوان بی و بو کریارەکە نەبی •

ئەگەر یەکیك لە سیە شەریك بەشە مولکی خوی فروشت بە یەکیك لە شەریکەکان ، ئەوە شەریکەکەی تر حەقی شوفعەی نیوەی ئەو بەشە فروشراوەی هەیەو بەس • هەروەها ئەگەر ئەو شەریکە بەشە مولکەکەی

خوی بفروشی بە بیگانەیەك ، ئەوە هەر حەقی شوفعەی نیوەی هەیە بوئەوە حەقی شەریکەکەی‌تر نەفەوتی • بەلی ئەگەر شەریکی سیهەم شـــوفعەی نەگرت ئەوە شەریکی دووهەم بەشەکەی ئەویش بە شوفعە وەرئەگری •

شەرت نی‌یە لە شـــوفعەدا حوکمی حاکم یا حازر بوونی کریار یا رازی‌بوونی بەوشوفعەیە چونکە ئەم شوفعەیە حوکمیکی ناچاری‌ی وایە بە (نص) دامەزراوە • بەلی بەشەرت گیراوە کە لەگەل هاتنەجی‌ی موستەحەق بوونی شوفعەدا لەفظیکی‌وا کە مەعنای کردن بە مولکی ئەو بەشە مولکـــە بگەیەنیت ، مەسەلا بلیت ئەو بەشە فروشراوەم کرد بە مولك یا وا وەرم‌گرت بە شوفعە بو خوم • هەروەها شەرتە ئاگای لەوە ببی کە ئەو بەشە چەندە ، وە خوی چاوی پی‌کەوتبی • بەلی ئەگەر وەکیلی گرتبوو لە وەرگرتنی حەقی شوفعەدا ئەوە چاوپی کەوتنی ئەو بەسە • هەروەها پیویستە بزانی بە چـەند فروشراوە ، وە پیویستە هەر بەو ئەندازەیە وەری بگری بە شـــوفعە • وە لەگەل ئەم شەرتانەدا یەکیك لەم سیە شتە پیویستە : یەکەم تەسلیم کردنی عیوەزەکە بە کریارەکە ، جا کە ئەویش وەری‌گرت یا قاضی ناچاری کـرد وەری‌بگری ئەوکاتە کابرای بەشوفعە وەرگر ئەبی بە خاوەنی ئەو بەشە • دووهەم رەزامەندی‌ی کریارەکە بەوە کە ئەو عیوەزە لە ئەستوی بە شوفعە وەرگرەکەدا بمینی • سیهەم ئەوەیە کابرای بەشوفعە وەرگر بروا بـــــو مەجلیسی قاضی‌و داوای حەقی شوفعە بکا لەو بەشە مولکەدا کە فروشراوە ، وە ئیسباتی موستەحەقیەتی خوی بکا لای قاضی ، وە حوکمی بو بدا بەوە کە ئەو بەشە مولکە بووە بە هی ئەو بەو قیمەتەی کە پی‌ی‌فروشـراوە • جـا کابرای بەشوفعە وەرگر ئەبی بە خاوەنی بەشەکە لەبەرئەوە کە ئیختیـاری کردن بە مولکی ئەوبەشە بە حوکمی حاکم هیز پەیدا ئەکا • جا لەم‌کاتەدا ئەگەر قیمەتەکە حازربوو تەسلیمی کریارەکە ئەکری، وە ئەگەر حازر نەبوو

سیە رۆژ مۆڵەت ئەدری ، ئەگەر لەو سیە رۆژەدا حازری کرد باشە ئەگینا قاضی ئەو بە موڵکی ئەو کردنەی فەسخ ئەکاتەوە •

باسی بەدەڵی ئەو بەشە کە بە شوفعە وەرئەگیری وە هەندی بابەتی تر

ئەگەر کریار ئەو بەشەی بە شتێکی وێنەدار (مثلي) کری ، وەك پارەی نەختو گەنمو شتیوا ، ئەوە کابرای بەشوفعە وەرگر ئەو بەشە وەرئەگری بەو شتە • وە ئەگەر ئەو شتە وێنەدارە وێنەی لەو وڵاتەدا نەمابوو ، ئەتوانی قیمەتەکەی بدا • جا ئەگەر ویستی لەجیاتیی ئاڵتوون زیو بدا بە کریارەکە پێویستە لەپێشا موعامەلەی شوفعەکە بە ئاڵتوون بکا ، جا پاش ئەوە لەجیاتیی ئاڵتوونەکە بە قیمەتی خۆی زیوی بداتی • وە ئەگەر کریارەکە ئەو بەشە موڵکەی بە شتێکی نرخ بۆدانراو (متقوم) کڕیبوو، ئەوە بە شوفعە وەرگرەکە ئەو ماڵە وەرئەگری بە قیمەتی ئەوشتە نرخ بۆ دانراوە لە رۆژی فرۆشتنەکەیدا ، وە باوەر بە سوێندی کریار ئەکری لەبارەی ئەو قیمەتەوە•

ئەگەر وا رێکەوت بەشوفعە وەرگرەکە بوو بە خاوەنی عەینی ئەو ماڵە کە کریار داویەتی لە قیمەتی ئەوشتەدا کە کڕیویەتی ، ئەوسا ئاگادار بوو لە شوفعەکە ، ئەوە واجبە بە عەینی ئەو ماڵە شوفعەکە وەربگری • وە ئەگەر ئەندازەیەك لە قیمەتەکە لابرا لەسەر کریارەکە لەپێش دامەزرانی موعامەلەکەدا ، ئەو ئەندازەیە لەسەر ئەم بەشوفعە وەرگرەیش لائەچی • وە ئەگەر هەموو قیمەتەکە لاچوو ، ئەوە ئیتر مەجالی شوفعە نامێنی چونکە ئەصلی فرۆشتنەکە بەتاڵ ئەبێتەوە چونکە ئەبێ بە فرۆشتنی بێبرێتي • جا کە فرۆشتنەکەیش دانەمەزرا ئیتر مەجالی شوفعە نامێنی •

وە ئەگەر بەدەلی ئەوبەشەی کە کریارەکە کریویە وەعدە بو دانراو (مؤجل) بوو ، ئەوە کابرای بەشوفعە وەرگر بەئارەزووی خویەتی ئیستە گورج پارەکە بداو مالەکە بەشوفعە وەربگری یاخود صەبر بکا تا وەعدەی قیمەتەکە دیتە پیشەوە ، ئەوکاتە شوفعەکە وەربگریو پارەکە تەسلیم بکا •

وە ئەگەر لەسەرەتاوە کابرای بەشوفعە وەرگر بریاریدا راوەستی تا وەعدەکە دیتە پیشەوە ، وە پاشان پەشیمان بووەوە لەم بیرەو وای بەباش زانی هەر لەئیستاوە شوفعەکە وەربگریو پارەکەی بدا ، ئەتوانی وابکا • بەلی ئەگەر کریارەکە رازی ئەبوو بەوە کە پارەکە لەئەستوی بەشوفعە وەرگرەکەدا بمینیتەوە ، ئەوە پیویستە هەر ئیستا شوفعەکە بکا ، ئەگینا حەقی بەشوفعە وەرگرتنی ئەفەوتی •

ئەگەر کابرای فروشیار بەشیکی لە مالی هاوبەشی فروشت لەگەل شتی‌تردا ، ئەوە دروستە بەشوفعە وەرگرەکە ئەو بەشە بەقیمەتی خوی وەربگری بەوئەندازە قیمەتە کە لە بەرابەریایەتی ، مەسەلا قیمەتی هەموو مالەکە صەد دینار بوو ، وە بەشەکە بەتەنها پەنجا دیناری ئەکرد ، وە ئەوی‌تری صەد دیناری ئەکرد ، ئیستە سیەیەکی قیمەتی هەمووی قیمەتی بەشەکەیەو ئەوی‌تری قیمەتی مالەکەی‌ترە •

هەربەشیك لە مالی شەریکی درابی لە مارەیی ژنیکدا ، وەرئەگیریتەوە بە (مهر المثل) بو ئەو ژنە • هەروەها هەر بەشیك کە درابی لە تولەی خولعدا ، ئەویش وەرئەگیری بە (مهر المثل) • ئەگەر کریار بە قیمەتی زیادو گران ئەو بەشەی کریو مالەکەیش فەوتا بەرلەوەی بزانن چەندیکە، ئەوە قابیل نی‌یە بەشوفعە وەرگرتن لەم صوورەتەدا • وە ئەگەر بەشوفعە وەرگرەکە وتی قیمەتی مالەکە تەغاریك گەنم بووەو کریاریش وتی مەعلووم نی‌یە ، ئەو کریارە سویند ئەخوا لەسەر بی‌ئاگایی خوی‌و شوفعەکە

بە بەتاڵ ئەمێنێتەوە • وە ئەگەر کابرای بەشوفعە وەرگر ئیدیعای کرد کە ئەو کڕیارە ئەزانی بەدەلەکە چەندە ، بەلام ئەندازەکەی ناونەبرد ، ئـــەوە ئەو ئیدیعایە نابیسرێ • بەڵێ بو بە شوفعە وەرگرەکە هەیە ناوی ئەندازەیەك بباو سوێندی کڕیارەکەی لەسەر بدا ، وە جارێکی‌تر ناوی ئەندازەیەکی‌تر بباو سوێندی لەسەر بدا تا ئەو پێ لە قیمەتەکەی ئەنێ یاخود نکوول ئەکا لە سوێند • جا لەم‌وەختەدا ئەتوانێ ئەو نکوولی‌یە بکا بە دەلیل لەسەرئەوە کە ئەو ئەندازەیە عەینی قیمەتەکە بووە • جا کە گومانی هاتەسەر ئەوە سوێند بخوا لەسەری‌و تەسلیمی بکا •

وە ئەگەر ئەو قیمەتەی کە کڕیار ماڵەکەی پێ کڕیوە ، بەماڵی کەسێکی‌تر دەرچوو ، ئەوە ئەگەر وەختی خوی بە عەینی ئەو قیمەتە مۆعامەلەکە کراوە، ئەوە دەرئەکەوێ ئەو فروشتنە بەتاڵ بووە ، هەروەها شوفعەکەیش هـــەر بەتاڵە چونکە هەرچی لەسەر بەتاڵ دابمەزرێ بەتاڵە • وە ئەگەر بە قیمەتی لەئەستودا بوو کڕراوە ، وە عەینەکە دراوە لەجیاتی‌یدا ، ئەوە هەر ئەوەندە پێویستە عەینەکە بگوڕێ بــە قیمەتێکی حەلال ، ئیتر فروشتنەکەو شوفعەکـە بە ساغی ئەمێننەوە •

وە ئەگەر کابرای بەشوفعە وەرگر ماڵی کەسێکی‌تری دا لە تولـــەی ئەوبەشەدا کە بەشوفعە وەری‌گرتووە ، ئەوە شوفعەکە بەتاڵ نابێتەوە ، خواه وەختی خوی زانیبێتی ئەوماڵەی کە ئەیدا بە حەقی شـــوفعەکەدا مـــاڵی کەسێکی‌ترە یا نەی‌زانیبێ • بەڵێ ئەگەر شوفعەکەی بەو عەینە حەرامە کرد، مەسەلا وتی وا ئەو بەشەم بەم‌عەینە کرد بە ماڵی خوم بە شـــوفعە ، ئـــەوە شوفعەکە بەتاڵەو پێویستە دووبارە بە ماڵێکی حەلال یا بە بەدەڵی لەئەستودا بوو شوفعەی بگرێتەوە ، ئیتر عەیبی تیا نامێنێ •

ئەگەر کریار لەپیش شوفعەی بەشوفعە وەرگرەکەدا تەصەروفی کرد لەوبەشەدا کە کریویەتی ، ئەوە حەقی شوفعەکە بەتال نابیتەوە ، بەلکو بەشوفعە وەرگرەکە تەماشا بکا ئەگەر ئەو تەصەروفە شوفعەی تیا نەبوو وەك وەقف‌و بەخشین‌و نەذر ، پیویستە لەپیشا ئەو تەصەروفە بەتال بکاتەوە مەسەلا بلیت وا بەهوی حەقی شوفعەکەمەوە ئەو وەقفەم بەتال کردەوە ، ئەوجا بەشەکە بە شوفعە وەربگری • وە ئەگەر ئەو تەصەروفە شوفعەی تیابوو ، مەسەلا کریارەکە فروشتبووی بە کەسیکی‌تر ، ئەوە بەشوفعە وەرگرەکە ئارەزووی خویەتی ئاخو ئەو تەصەروفە هەل‌ئەوەشینیتەوە جا لەسەر موعامەلەی پیشوو بە شوفعە وەری‌ئەگری یاخود هەر لەسەر ئەم موعامەلە دوایی‌یە بە شوفعە وەری‌بگریتەوە •

ئەگەر بەشوفعە وەرگرەکە لەگەل کریارەکەدا بوو بەهەرایان لە قیمەتی مالەکەدا ، ئەوە کریار سویند ئەدری لەسەر ئەندازەی ئەو قیمەتە• وە ئەگەر نکوولی کرد لە سویند خواردن ، بەشوفعە وەرگرەکە بەشیوەی پیشوو خوی رزگار ئەکا • وە ئەگەر ئەیزانی موعامەلەکە بە چەند کراوە هەر لەسەر ئەوە سویند بخواو قیمەتەکەی تەسلیم بکا • هەروەها ئەگەر کریار وتی ئەو بەشەم نەکریوە ، یا وتی بە کابرای بەشوفعەوەرگر تو شەریك نیت ، ئەوە باوەر بە سویندی کریارەکە ئەکری • بو مەسئەلەی یەکەم سویند بخوا بلی ئەو مالەم نەکریوە ، وە بو دووهەمیان سویند بخوا بلی نازانم بەوە کە تو شەریکی • جا ئەگەر نکوولی کرد لە سویند ، کابرای بەشوفعە وەرگر سویند بخوا لەسەر ئیدیعاکەی خوی •

ئەگەر لە مەسئەلەی ئینکاری کرینەکەدا هاوبەشی پیشوو پیی لە موعامەلەکە نا ، ئەوە راستتر ئەوەیە شوفعەکە ئیسبات ئەبی • جا ئەگەر وتی قیمەتەکەم وەرنەگرتووە ، کاتی کە ئەم بەشوفعە وەرگرە شوفعەکەی

گرت پارەکەی تەسلیم بکا • وە ئەگەر وتی پارەکەم لە کریارەکە وەرگرتووە ، ئەمجار جیگەی قسەیە : ئایا ئەو پارەی بەدەلی شوفعەیە لەدەستی بەشوفعە وەرگرەکەدا ئەمینی یاخود قاضی وەری ئەگری و هەلی ئەگری لای خوی ؟ فەرموودەی راستتر ئەوەیە هەر لەدەستی بەشوفعە وەرگرەکەدا ئەمینیتەوە ، وە لەگەل ئەمەدا بویشی دروستە هەموو تەصەروفیکی شەرعی لەو بەشەدا بکا ، لەبەرئەوە عوذری هەیە ئەگەر پارەکە نەدا بە کریارەکە •

ئەگەر کومەلیك شەریك بوون لە مالیکدا ، ئەوە هەرکامیان بەپیی بەشی خوی حەقی هەیە شوفعە وەربگری • ئەگەر یەکیك لە دوو شەریك نیوەی بەشەکەی خوی فروشت بە کەسیك وە نیوەکەی تری فروشت بە کەسیکی تر ، ئەوە حەقی شوفعە لە موعامەلەی یەکەمدا هەر بو شەریکە کونەکەیە چونکە لە وەختی موعامەلەکەدا هیچ کەسیکی تر لە فروشیارەکە بەولاوە شەریکی نەبوە ، وە ئاشکرایە فروشیار کە بەشی خوی فروشت لەوە ئەکەوی کە حەقی بەشوفعە وەرگرتنی ببی • جا ئەگەر ئەم بەشوفعە وەرگرە کریاری یەکەمی عەفو نەکردو نیوەی یەکەمی بە شوفعە وەرگرت ئەوە ئەو کریاری یەکەمە لەبەینا دەرئەچی و حەقی شوفعەی نیوەی دووهەمیش هەر بەتەنها بو ئەوە • وە ئەگەر عەفوی کرد لە شوفعە وە بە خاوەنبەش مایەوە ، ئەوە ئەم کریارەیش ئەبی بە هاوبەشی ئەو هاوبەشە قەدیمە بو شوفعە وەرگرتنی نیوەی دووهەم ، وە هەرکام بەنیسبەتی بەشی خویان حەقی شوفعەیان هەیە ، خواه ئەو عەفوکردنە پیش لە فروشتنی نیوەی دووهەم بووبی یا پاش فروشتنی ، فەرقی نییە •

ئەگەر مالیك لەبەینی سیەکەسدا بوو ، وە یەکیك لەوان بەشەکەی خوی فروشت بەکەسیك ، وە یەکیك لەم دوو هاوبەشە ئەو کریارەی عەفو

کرد لە شوفعە ، ئەوە حەقی شوفعەی نامینی ، وە لەم کاتەدا شەریکەکەی تر بەئارەزووی خویەتی یا بەتەواوی هەمووی بە شوفعە وەربگری یاخود بە قەطعی ئەمیش تەرکی شوفعە بکا ، ئیتر ناتوانی ئەوەندەی بەشەکەی خوی شوفعە بگریتو بەشی برادەرەکەی بەجی بهیلی بوئەوە ئەو موعامەلەیە بەش بەش نەبی لەسەر کریارەکە • وە ئەگەر یەکیك لەم دوو شەریکە دەس بەردار بوو لە شوفعەی نیوەی حەقەکەی ، ئەوە حەقی شوفعەکەی بەتەواوی لائەچی ، چونکە حەقی شوفعە لەبەشیکدا قابیل نی یە بەش بەش بکری ، بەلکو ئەبی یا بەتەواوی بەشەکەی بە شوفعە وەربگری یا ئەبی دەس بەرداری هەمووی ببی •

وە ئەگەر لەکاتی موعامەلەکەدا یەکیك لە شەریکەکان حازر بوو ، وە ئەوانی تریان دیار نەبوون ، یاخود یەکیکیان بالغو خاوەن روشد بوو ، وە ئەوانی تریان مندال یا بی روشد بوون ، ئەوە ئەم شەریکە سیە ریگەی لەبەردەمدایە : یەکەم ئەوە کە تەرکی حەقی خوی بکاو شوفعە وەرنەگری • دووهەم ئەوە کە صەبر بکا تا شەریکە نادیارەکەی پەیدا ئەبی ، وە تا مندالەکان بالغ ئەبن ، ئەوجا بەیەکەوە بیری لی بکەنەوە ئاخو شوفعە وەرئەگرن یاخیر یا هەندیکیان وەری بگرنو هەندیکیان وەری نەگرن • سیهەم ئەوە کە ئیستە هەموو بەشەکان بەشوفعە وەربگری ، جا کە شەریکە نادیارەکان پەیدابوونو منالەکانیان بالغ بوون ، ئەگەر شوفعەیان ویست هەرکەس بەشی خوی وەربگری ، وە ئەگەر نەیانویست هەمووی بو ئەم ئەمینیتەوە • وە ئەگەر هەندیکیان ویستیانو هەندیکیان نەیانویست ، ئەوە ئەم مالەکە بەش ئەکا لەگەل ئەوانەیان کە ئەیانەوی هەرکامیان بەپیی بەشی خوی • ئیتر ئەم شەریکە حازرە حەقی ئەوەی نی یە هەر بەشەکەی خوی بە شوفعە وەربگری تا مالەکە پارچە پارچە نەبی لەسەر کریارەکە • ئەگەر شایەد ئەم شەریکە حازرە وتی من هەر بەشی خومم ئەویو بەشی تر

به شوفعه وەرناگرم ، ئەوە حەقی لەبەشەکەی خویشیدا نامینی مەگەر نەزان بی ، ئەوکاتە وادائەنری کە عوزری هەیە ، وە دووبارە حـەقی هەلبژاردنی یەکیك لە سیە ریگە پیشووەکەی هەیە • وە هەرکاتیك هەمووی بە شوفعە وەرگرت ، ئەوە تا شەریکەکانی‌تر پی‌ئەگەن هەموو مالەکە مالی ئەم ئەبـی‌و هەموو سوودو میوەو قازانجیکی بوخوی ئەبی‌و کەس حەقی نابی بەسەریەوە تا ئەوانیش بەشە شوفعەی خویان وەرئەگرن •

(بزانن) وەلی‌ئەمری مندال‌و نەفامی حیجر لەسەر دانراو ئـەتوانی شوفعە وەربگری بو ئەومنداله یا بو ئەو حیجر لەسەر دانراوە ، بەلکو ئەگەر بزانی لە شوفعە وەرنەگرتنا بویان زیانیان پی‌ئەگا واجبە لەسـەری بویان وەربگری • وە ئەگەر کومەلە هەتیویك هاوبەشـی کەسـیك بوون وە ئەوکەسە بەشەکەی خوی فروشت ، ئەوە ئەم مندالانە حەقیان لە شوفعـەدا ئەمینیتەوە تا بالغ ئەبن • هەروەها سەرپەرشتی‌کەری ئەوقافیش حەقی شوفعە وەرگرتنی هەیە بو مالە وەقف‌کراوەکەی ژیردەستی ، بەپی‌ی مەصلەحەت، خواه وەقفەکە لەسەر مزگەوت وەقف کرابی یا لەسەر شوینیکی‌تر •

ئەگەر بە دووکەس بەشیك لە شەریکیك بکرن ، ئەوە بەشوفعـــە وەرگرەکە ئەتوانی بەشی هەردوکیان بەشوفعـە وەربگری ، وە ئەیشتوانی بەشی تەنها یەکیکیان وەربگری‌و هی ئەویان تەرك بکا • وە ئەگەر کەسیك بەشی دووکەسی لە مولکیکی تیکەلدا کری ، بەشوفعـە وەرگرەکە ئەتوانی بەشی خوی لە هەردو کریارەکە بە شوفعە وەربگری ، وە ئەیشتوانی لـە یەکیکیانی وەربگری‌و لەویان ببووری •

قسەی دیاری‌تر ئەوەیە ئەبی داواکردنی حـەقی شوفعە دەس‌بەجـی بی ، هەرچەند کردن بەمولك‌و بەدەماهاتنی صیغە دوابکەوی • یەعنی کابرا هەر ئەوەندە دەرببری کەوا ئەیەوی ئەوماله بەشوفعە وەربگری • بەلی لـە

هەندی شوینا داواکردنی حەقی شوفعە بە دەس‌بەجی نابی • ئەمەش ئـەو شوینانە • (یەکەم) ئەگەر کابرایەك بەشی خوی بە نرخیکی وەعــدەدار فروشت ، کابرای بەشوفعە وەرگر ئەتوانی قســە نــەکا تا وەعــدەی قیمەتەکە دیتە پیشەوە • (دووهەم) ئەگەر یەکیك لە شــەریکەکان حازر نەبوو یا مندال بوو وەکو لەپیشەوە باسمان کرد • (سیهەم) ئەگەر خەبەری پی‌درابوو کە قیمەتی مالەکە زورەو ئەویش‌نەتوانی بەو قیمەتە وەری‌بگری، کەچی لەپاشاندا دەرکەوی قیمەتەکەی ئەوەندە نی‌یەو کـەمترە ، ئــەوە هەرچەند دوایش بکەوی هەر حەقی بەشوفعە وەرگرتنی ئەمینی •(چوارەم) دواخستنە لەبەرئەوە کە کابرای بەشوفعە وەرگر چاوەروانی‌ی ئەوە بکا کە کشت‌وکالی هاوبەشە پیشووەکەی پی‌بگاو درەوی بکری‌و زەوی‌یەکە خالی ببیتەوە • (پینجەم) ئەگەر شوفعەکەی دواخستبی لەبــەرئەوە نــەزانی قیمەتەکەی چەندە • (شەشەم) ئەگەر شوفعەکەی دواخستبی لەبەرئەوە کە خوی بەشیکی زەوت‌کراوی هەبی بی‌یــەوی رزگاری بکا ئەوجا مالەکــە بەشوفعە وەرگری (حەوتەم) ئەگەر لەبەرئەوە دوای خستبی کە نــەزانی حەقی شوفعەی هەیە • (هەشتەم) ئەگەر لەبەرئەوە دوای‌خستبی کـە نەزانی ئەم داواکردنە ئەبی دەس‌بەجی بی (نوهەم) ئەگەر لەبەرئەوە دوای‌خستبی کە بی‌یەوی ماوەی پەشیمان بوونەوە لە موعامەلەکەدا تەواو ببی • (دەهەم) ئەگەر لەبەرئەوە دوای‌خستبی کە لە وەختی موعامەلەکــەدا مندال بووبی‌و وەلی‌ئەمری نەبووبی ، یاخود وەلی‌ئەمری بووبی بەلام بوی وەرنەگرتبی بە شوفعە • ئەم خوی پاش بالغ‌بوونی حەقی هەیە داوای وەرگرتنی ئەو مالــە بکا بە شوفعە •

جا هەرکاتی بەشوفعە وەرگر بە فروشتنەکــەی زانی ئەبی پەلەپەل بکا بو داوای شوفعە بەپی‌ی عادەت • ئەگەر لەوکاتەدا کە خەبەری زانــی

نەخوش بوو ، یا لە ولاتی کریارەکەدا نەبوو ، یا لەبەر ترسی ستەمگەریک نەیتوانی بروا بو جیگەی شوفعەکە ، ئەوە قەیدی نی‌یە خوی نەروا ، بەلکو وەکیلیك بنیری داوای شوفعەکەی بو بکا • ئەگەر بوی ری‌نەکەوت وەکیل بگری ، ئەتوانی هەر لە شوینی خویەوە داوای شوفعە بکا بەوشەرتە کـــە شاهید بگری لەسەر ئەم داواکردنەی • ئەگەر یەکی لەوشتانەی تەرك‌کرد کە قابیلە بی‌یانکا ئەوە حەقی شوفعەی نامینی • وە ئەگەر کە خەبـــــەری فروشتنی ئەومالەی بیست لە نویژدا بوو یا خوی ئەشورد یا نانی ئەخوارد بوی دروستە ئەو ئیشە تەواو بکا ئەوجا بروا داوای شوفعەکە بکا • ئەگـــەر دوای‌خست لەبەرئەوە کە ئەیوت باوەرم نەبوو بەوکەسە کە خەبەرەکـــەی بو هینام ، تەماشا ئەکەین ئەگەر خەبەرهینەرەکە دوو ئینسانی بەعەدالـــەت بوون ، یا یەك‌کەسی بەعەدالەت بوو ، یا یەك فاسقی باوەر پی‌کراو بـــوو ، ئەوە عوزرەکەی لی قەبوول ناکری‌و حەقی نامینی• وە ئەگەر خەبەرگەیینەکە غەیری ئەمانە بوو ، ئەوە عوزرەکەی لی قەبوول ئەکری‌و حەقی ئەمینی • ئەگەر کابرای بەشوفعە وەرگر گەیشت بە کریارەکەو سەلامی لی‌کرد یـــا پی‌ی‌وت موعامەلەکەت پیروز بی ، بەوە حەقی شوفعەکەی بەتال نابیتەوە • وە ئەگەر لەپاش موعامەلەی هاوبەشەکەی هەموو بەشەکەی خوی فروشت بە کەسیك ئەوە ئیتر حەقی نامینی ، وە ئەگەر هەندیکی لی‌فروشت‌و هەندیکی هیشتەوە ، بەهوی ئەم هەندەیەوە حەقی شوفعەکەی ئەمینی ••

باسی قازانج بەشەراکەت (قراض)

قازانج بەشەراکەت لەشەرعدا بریتی‌یە لەوە کەسیك مالی خوی بـــدا بە کەسیکی‌تر بو ئەوە کە بازرگانی‌ی پیوە بکاو پی‌ی‌بکری‌و بفـــروشی‌و قازانجەکەی بەشەریکی بی لەنیوانیانا • ئەرکانی قازانج بەشەراکەت شەش شتە (خاوەن‌مال ، ئیشکەر ، مال ، ئیش ، قازانج ؛ صیغە) •

شەرتی عەقدکەرەکان ئەوەیە تەصەروفو موعامەلەیان دروستبی • وە شەرتی خاوەنمال ئەوەیە حەقی تەصەروفی ببی لەوماڵەدا • وە شەرتی ئیشکەر ئەوەیە چاوی ببینیو ئیشەکەی بازرگانی بی یەعنی کرینو فروشتن، یا شتیك بی کە پیویستی بازرگانی‌یە وەك بلاوکردنەوەو پیچانەوەی قوماش • کەواتە ئەگەر قازانج بەشەراکەتی بو ئەوە لەگەلدا کرا کە گەنم بکریو بیهاریو بیکا بە نانو نانەکە بفروشی ، ئەوە قازانج بەشەراکەتیکی بەتالە • هەروەها پیویستە کە تەصەروفی ئیشکەرەکە بەرەللا بی ، وە خاوەنمالەکە کرینو فروشتنی جورە پارچەیەکیوای بەسەرا فەرز نەکا کە دەسکەوتنی نایاب بی ، یاخود زوری لی‌نەکا کە ئەبی موعامەلە لەگەل تەنها یەك کەسدا بکا ، چونکە ئەمجورە وەزعانە ئەبن بەهوی ئەوە کە کابرا ئیشی پی‌نەکری بەباشی •

شەرتی مالەکەیش چەند شتە • یەکەم ئەوەیە کە درهەمو دیناری زیوو ئالتوونو بی‌غەشو سکەدار بی • کەواتە قازانج بەشەراکەت دروست نی‌یە لەسەر شووشی ئالتوونو زیو ، هەروەها لە خشلی ژنانەدا ، وە لە پیتاکدا وەك حەیواناتو پوشاکو قاپو قاچاخو شتی‌تر • بەلام گەلی لە پیشەوایانی ئایین وتوویانە قازانج بەشەراکەت دروستە لە پارەی سکە لی‌دراوی مەغشووشدا چونکە رەواجیان هەیە ، بەتایبەتی ئەم شەرتە بو ئەمرو کە بەشی هەرەزوری موعامەلە بە کەلوپەلو پارەی کاغەزە ، زور زەحمەتە • بەراستی ئەگەر ئیمامی شافیعی لەمزەمانەدا بوایە فەتوای ئەدا کەوا قازانج بەشەراکەت دروستە هەرچەند مالەکەیش دینارو نیکلو کەلوپەلی رەواجدار بی •

ئەمرو چاری موعامەلەی قازانج بەشەراکەت بەوەیە خاوەنمال کابرای ئیشکەر بکا بە وەکیل لەو موعامەلانەدا کە ئەیەوی بی‌یان‌کات ، وە تیکرا جینسی موعامەلەکەی بو دەربخات ، وە بە (نذری برّی) هەر قازانجیك لەو

بازرگانی‌یە پەیدا ببی نیوەی نەذر بکا لەو وەکیلە کە بازرگانی‌یەکەی بـو ئەکـات •

شەرتی دووهەمی مالەکە ئەوەیە جینس‌و ئەندازەو صیفەتی دیاری بی، هەروەها بەدەستەوە بی • کەواتە قازانج بەشەراکەت دروست نی‌یە لەسەر قەرزێك کە لە گەردنی ئیشکەرەکەدایە یا لە گەردنی کەسێکی‌ترایە • بەلی ئەگەر قەرزەکەی وەرگرتەوەو پاش ئەوە دایەوە دەستی موعامەلەی پی‌بکاو عەقدی قازانج بەشەراکەتی لەگەل کرد ، ئەوە دروستە •

هەروەها دروست نی‌یە بلی وا ئەو کیسە پارەیەم پی‌دای بو قازانـــج بەشەراکەت ، مادەم دیاری نەبی ئەو کیسە چی‌یەو چەندی تیایە • یاخـود بلیت وا یەکێك لەو دوو کیسەیەم پی‌دای بو قازانج بەشەراکەت • بـــەلی ئەگەر لە هەمان مەجلیسدا دیاری‌ی بکا کامیانی ئەداتی‌و ، ئیشکەرەکەیش بزانی کە جینس‌و صیفەت‌و ئەندازەی چی‌یەو چونە ، ئەوە دروستە •

شەرتی سیهەمی مالەکە ئەوەیە ئەو مالە لە دەستی ئیشکەرەکەدا بی • کەواتە دروست نی‌یە مالەکە لەدەستی خاوەن‌مالەکەدا بی ، هەروەها دروست نی‌یە خویشی ئیشی لەگەل بکا • بەلی دروستە شەرتی ئەوە بکری خـاوەن مال ولاخێك یاخود ئوتوموبیلێك لەمالی خوی بدا بە ئیشـــکەرەکە باری پی‌بکیشی • وەك دروستە کەسێك بکا بە هاوری‌ی لەسەر ئەساسی ئەوە کـە هاوبەشی بی لە قازانجەکەدا بە ئەندازەیەکی دیاری ، وە لەراســـــتیدا ئیشکەرێکی دووهەم بی لەگەل ئیشکەرەکەیدا •

لە قازانج بەشەراکەتدا ناوبردنی ماوە (مدّة) شەرت نی‌یە ، یەعنـــی پیویست ناکا بووتری ماوەی قازانج بەشەراکەتەکە چەند بی • کەواتـــــە ئەگەر خاوەن‌مال ناوی ماوەی سالێکی برد ، ئەمە تەماشا ئەکەین ئەگەر بـو

وەخت دانان بۆ مەسەلا وتبیتی (وا قازانج بەشەراکەتم لەگەل کردی بەوشەرتە کە ماوەی ئیشکردنەکەت تەنها یەك سال بێ)، ئەوە ئەو قازانج بەشەراکەتە بەتالە خواه بهێلی یا نەهێلی ئیشکەرەکە پاش ماوەی سالەکە ئیش بکا • وە ئەگەر بۆ ماوە دانان نەبێ مەسەلا بلێت (وا قازانج بەشەراکەتم لەگەل کردی بۆ ماوەی سالێك) ئەوە لەمصوورەتەدا ئەگەر لەپاش سالەکە مەنعی تەصەروف کردنی ئیشکەرەکە بکا، ئەوە قازانج بەشەراکەتەکە بەتالە • بەلی ئەگەر وتی لەپاش سالەکە شت مەکرە ئەوە قەیدی نییە •

شەرتی قازانجەکەیش ئەوەیە خاوەنمالو ئیشکەر هاوبەش بن تیایدا • کەواتە، ئەگەر قازانج بەشەراکەتی لەگەل کرد لەسەر ئەو ئەساسە کە قازانجەکە هەر بۆ خوی بێ یا هەر بۆ ئەو بێ ئەوە بەتالە •

دووهەم: ئەبێ ئەو قازانجە بەتایبەتی بۆ ئەو دووکەسە بێ • کەواتە ئەگەر بەشەرتی گرت کە کەسیکیتریش لەگەلیانا بێ بە هاوبەش ئەوە بەتالە •

سیهەم: ئەوەیە بەشە قازانجەکەیان دیاری بێ بە شکاندنەوە (کسر) یەعنی بە نیوەیي یا بە سیەیەك، یەعنی لە سیەبەش بەشیکی بۆ ئیشکەرەکەو دووبەشی بۆ خاوەنمالەکە، یا بەپیچەوانەوە • کەواتە ئەگەر وتی وا قازانج بەشەراکەتم لەگەل کردی لەسەر ئەو بریارە شتیکت ببێ لە قازانجەکە، ئەوە بەتالە•بەلی ئەگەر وتی لەسەر ئەو بریارە قازانجەکەی لەبەینمانا بێ ئەوە دروستەو مەعنای بە نیوەیي لیئەدریتەوە • وە ئەگەر خاوەن مال وتی نیوەی قازانجەکەی بۆ من بێو ئیتر باسی هیچی نەکرد ئەوە بەتالە، وە ئەگەر وتی نیوەی قازانجەکەی بۆ تۆ بێو باسی خوی نەکرد ئەوە دروستە وە ئەو نیوەکەی قازانجەکەی بۆ خاوەن مال ئەبێ چونکە قازانج ئەچیتە سەر سەرمایە •

ئەگەر خاوەنمال وتی وا قازانج بەشەراکەتم لەگەل کردی لەسەر ئەوە کە مەسەلا دە دینار لە قازانجەکەی بو تو بی ، ئەوە بەتالە چونکە مەعلووم نی‌یە ئەوەندەی قازانج ئەبی یا نە • وە ئەگەر ئەوەندەیش قازانجی ببی نیسبەتی بو ئەصلی مالەکە مەعلووم نی‌یە ، یەعنی نازانین ئەو دە دینارە نیوەی قازانجەکەیە یا سیەیەکیەتی یا چەندیەتی • هەروەها ئەگەر وتی لەسەر قەراری ئەوە قازانجی ئەو جوورە مالەیان بو تو بی‌و قازانجی جورەکانی‌تری بو خوم بی ، ئەوەش بەتالە چونکە نازانین ئاخو ئەوجورەیان ئەفروشری یا نە وە قازانجی ئەبی یا نە ، وە ئەگەر قازانجیشی ببی نیسبەتی چەند ئەبی بەتیکرای هەموو قازانجی مالەکە •

لە صیغەی عەقدی قازانج بەشەراکەتدا ئیجاب‌و قەبوول پیویستە • مەسەلا کابرای خاوەنمال بلی وا قازانج بەشەراکەتم لەگەل کردی لەم‌مالەدا کە وا لەپیش چاوتا لەسەر ئەو قەرارە کە قازانجەکەی ـ مەسەلا ـ بەنیوەیی‌مان بی ، وە ئەم دوو کەسە کە ئەم موعامەلەیە ئەکەن وەك وەکیل‌و وەکیل‌گر وان• جا ئەگەر کابرای ئیشکەریش ئیشکەریکی گرت بە ئیذنی خاوەنمالەکە ئەوە بەتالە • بەلام ئەم ئیشکەری دووهەمە ئەگەر تەصەروفی کرد لە مالی قازانج بەشەراکەتەکەدا ئەوە دروستە چونکە هەرچەند صیفەتی ئیشکەری نی‌یە بەلام ریگای دراوە بو تەصەروف کردن • ئەوەندە هەیە هەموو قازانجیکی هەر موعامەلەیەك کە بیکا بو خاوەن مالەکەیەو بەشی ئیشکەری یەکەمی تیا نی‌یە چونکە ئیشی نەکردووە لەو موعامەلەیەدا ، وە موستەحەقی قازانج نی‌یە لەسەر ئیش کردنەکەی • جا ئەگەر خاوەنمالەکە لەکاتی ریگا دانەکەیدا تەماعی قازانجی خستبوە پیش‌چاوی ، ئەوە کریی ئەکەویتە سەر خاوەن مولك ، ئەگینا هیچی ناکەوی •

وە ئەگەر بە بی‌ئیذنی خاوەنمال ئیشکەریکی بو خوی گرت ، ئەمە خراپتر لە صوورەتی پیشوو بەتالە ، وە هەر تەصەروفیکیش بکا لەومالەدا

وەك تەصەروفی زەوت‌کەر وایە • جا ئەگەر ئەم ئیشکەری دووهەمە شتیکی کری ، ئەوە ئەگەر لەسەر حیسابی ئەستوی خوی کری ، وە پاشان مالـــی خاوەن مالەکەی‌دا لە حەقیا ئەوە لەسەر فەرموودەی تازەی ئیمامی شافیعی کە ئەفەرمویت زەوت‌کەری مال هەر موعامەلەیەك لەسەر حیسابی ئەستوی خوی بکا قازانجەکەی بو خویەتی ـ قازانجەکەی بو ئیشکەری یەکەمە چونکـە کابرا لیرەدا ئەم ئیشەی بەئیذنی ئیشکەری یەکەم کردووەو وەکیلی ئـەوەو کری‌یشی لەسەرئەوە • وە ئەگەر بە عەینی مالی قازانج بەشەراکەتەکـــە کریبووی ، ئەوە موعامەلەکە لەئەساسەوە دانەمەزراوە •

دروستە یەك کەس قازانج بەشەراکەت بکا لەگەل دوو ئیشکەردا لەسەر ئەساسی هاوسانی یا زیادو کەم لە قازانجی مالەکەدا • هەروەها دروســـتە دووکەس قازانج بەشەراکەت بکەن لەگەل یەك‌کەسدا ، وە هەر قازانجیکی هەبوو ، پاش ئەوەی ئیشکەرەکە بەشی خوی وەرگرت ، خاوەن مالەکـــان بەشی بکەن لە بەینی خویانا بەپی‌ی ئەندازەی مالەکەیان •

هەرکاتیك قازانج بەشەراکەت دانەمەزرا بەهوی فەوتانی شەرتیك یـا چەند شەرتیك لە شەرتەکانیەوە ، ئەوە تەصەروفی کابرای ئیشکەر بـــە دامەزراوو دروست دائەنری چونکە ریگای تەصەروف کردنی دراوە ، وە قازانجیش هەمووی بو خاوەن مالەکەیەو ئیشکەرەکە تەنها حەقی (اجــرة المثل)ی هەیە بەسەر خاوەن‌مالەکەوە ، یەعنی کری‌ی ئیشکەریکی وەك خوی لە ئیشیکی لەو چەشنەدا •

ئەگەر خاوەن‌مالەکە وتبیتی وا قازانج بەشەراکەتم لەگەل کـــردی لەسەر ئەوە کە هەرچی‌قازانجەکەیە هەمووی بو خوم بی ، ئەوە ئیشکەرەکە مادەم بەوقسەیە رازی بووبی ، کری‌ی هیچی ناکەوی • بەلی ئەگەر وتـی نەمزانیوە بەمقسەیە هەموو حەقیکم ئەفەوتی ، ئەوە کری‌ی ئەکەوی •

(بزانن) پاش دامەزرانی موعامەلەی قازانج بەشەراکەت، واجبە لەسەر ئیشکەرەکە بە پاریزو ئیحتیاط تەصەروف بکا لەو موعامەلەیەدا • مەسەلا نابی بیفروشی بە زیانیکیوا کە بەعادەت قەبوول نەکری، وە نابی بە بیئیذنی خاوەنمال بیدا بە قەرز • وە ئەگەر ئیذنی وەرگرت کە بیدا بە قەرز، ئەبی هەرکاتیك دای بە قەرز شاهیدی بو بگری کەوا ئەو موعامەلەیەی بە قەرز کردووە بوئەوە کە کابرای کریار مەیدانی ئینکار کردنی نەبی لەپاشەروژدا، ئەگینا ئەبی بە ضامنی هەر مالیك کە دابیتی بە قەرز، مەگەر موعامەلەکە زور مەسلەحەت بیو تا شاهید پەیدا بکا لەسەر بەقەرزدانی مالەکە، لە دەستی دەرچی • لەمحالەدا ئەتوانی بە بیشاهید مال بدا بە قەرز •

بەلام بوی دروستە مال بفروشی بە کەلوپەل، هەروەها بوی هەیە ئەگەر مالیکی عەیبداری کری بیداتەوە بەسەر خاوەنەکەیا ئەگەر سوود لە گیرانەوەکەیدا بی • ئەگینا بەپیی مەسلەحەت بیهیلیتەوە • هەروەها خاوەن مالەکەیش ئەتوانی ئەو مالە عەیبدارە بگیریتەوە • وە ئەگەر خاوەن مالو ئیشکەر قسەیان یەك نەکەوتو خاوەنمال ئەیویست مالەکە بداتە دواوەو ئیشکەرە بەپیچەوانەی ئەوەوە، ئەوە پیویستە قاضی یا پیاوچاکیك ریگایان بو دانیو ئەوانیش بەپیی قسەی ئەو بجوولینەوە •

ئیشکەری قازانج بەشەراکەت بوی دروست نییە شت بفروشی بە خاوەن مالەکە • بەلام دروستە لیی‌بکری • هەروەها ئەگەر دوو ئیشکەری هەبوو دروستە یەکیکیان لەگەل ئەویاندا موعامەلە بکا هەرچەند هەردوکیشیان ئیشکەری یەك خاوەن مالن •

دروست نییە بو ئیشکەری قازانج بەشەراکەت زیاد لە ئەندازەی دەسمایەو قازانجەکەی مال بکری بو موعامەلە پیکردن، وە دروست نییە بە بیئیذنی خاوەن مالەکە، لەگەل خوی بیبا بو سەفەر هەرچەند سەفەرەکەشی

کورت بیو ریگەکەی ئەمین بیو بە بیمەسرەف بوی ببری لەگەل خویدا ، چونکە سەفەر مەجالی بەلاو زەحمەتە • بەلی ئەگەر خاوەنمال ریگـــــایدا ئەوکاتە دروستە سەفەر بکا • جا ئەگەر جیگایەکی دیاری کرد پیویســـــتە لانەدا بو جیگایەکیتر • وە ئەگەر جیگای دیاری نەکرد ، دروستە لەسەر ئوسوولو پەیرەوی بازرگانیی ئەو ولاتە سەفەری پیوە بکا •

دروست نییە ئیشکەری قازانج بەشەراکەت پارە خــەرج بکا لەوەی کە دراوە پیی بو قازانج بەشەراکەت چ لە سەفەرو چ لە شوینی خــویا ، وە پیویستە لەسەری هەر ئیشیك کە بەگویرەی عادەت ئیشی ئــەو بی وەك پیچانەوەو کردنەوەی قوماشو کیشانەو پیوانەی شتی ســووك ـ بیکا • وە ئەوەی واجب نەبی بیکا دروستە کریکاری بو بگری لەسەر حیسابی مــالی قازانــــج بەشــــەراکەتەکە ، چــونکە شتیوا لە مەســلەحەتی قازانــــج بەشەراکەتەکەدایە •

(بیداری) ئیشکەری قازانج بەشەراکەت هەر موعامەلەیەکی کــــرد بە بیئیذنی خاوەنمال ، ئەگەر بە عەینی مالی قازانج بەشەراکەتەکە کردی ئەوە بەتالە ، وە نابی بە مالی قازانج بەشەراکەت یا نابی بە مالی ئەوکەســـــە کە پییئەفروشی • وە ئەگەر لەسەر حیسابی ئەستوی خوی کردی ئەوە بوخوی دائەمەزری •

قسەی ئاشکراتر ئەوەیە ئەو قازانجەی لە پارەی قازانج بەشــەراکەت پەیدا ئەبی ، هیچی نابی بە بەشی ئیشکەرەکە تا دابەش نەکری لەبەینی ئەوو خاوەنمالەکەدا چونکە لەوانەیە پاشان زیانیان تووش ببی ، وە لەوحالەدا ئەو زیانە بەپارەی قازانجەکە پرئەکریتەوە •

قسەی راستتر ئەوەیە هەر قازانجیك لەپارەی قازانج بەشـــــەراکەت پەیدا ببی بە بیزەحمەت پیوەکیشانی ئیشکەرەکە وەك میوەی باغو بەچکەی

حەیوانی کە کرابی بو بازرگانی ئەوە بو خاوەنماڵەکەیە • بەڵی ئەگـــەر لەکاتی موعامەلەکەدا ئەو حەیوانە ئاوس بوو یا میوەی باغەکە پەیدا بووبوو، ئەوە هەمووی ئەکەویتە بەر مالی قازانج بەشەراکەتەکە • هەر ناتەواوی یەك پەیدا ببی لە مالی قازانج بەشەراکەتدا بەهوی کزیی قیمەتی بازارەوە یـا بەهوی ناردنەوەی مالی عەیبدارەوە ، یا بەهوی ترەوە ، هەمووی حیســاب ئەکری لە قازانجو بە قازانجەکەیش پینە ئەکری ئەگەر لەتوانادا هـەبی • بەلی ئەگەر خاوەنمال هەموو مالی قازانج بەشەراکەتەکەی فەوتاند ، ئـەوە هەرچەند ئەو عەقدی قازانج بەشەراکەتە نامینی ، بـــەلام بەشی قازانجـی ئیشکەرەکە لە ئەستوی خاوەنمالەکەدا ئەبیو ئەتوانی لیی بستینی •هەروەها ئەگەر لەپاش تەصەروفی ئیشکەرەکە هەندیك لە مالی قازانج بەشەراکەتەکە بەهوی ئافەتو نەخوشیو دزیو زەوت کردنەوە، یا بەهوی تری لەمچەشنەوە فەوتا ، ئەوەیش لە قازانجەکە دای ئەشکینن • بەلام ئەگەر لەپیش تەصەروف تیاکردنی ئەودا فەوتا ئەوە لە سەرمایەکە دائەشکی •

باسی هەلوەشاندنەوەی قازانج بەشەراکەت وە هەندی حوکمی تر

دروستە بو خاوەنمالو بو ئیشکەر موعامەلـــەی قازانج بەشەراکەت هەلوەشیننەوە ، وە ئەگەر یەکیکیان مرد یاخود شیت بوو ئەوە موعامەلەکە لەخویەوە هەلئەوەشیتەوە • وە کە هەلوەشایەوە پیویست ئەبی لەســەر ئیشکەرەکە هەموو سەرمایەکە بداتـــەوە بـــە خاوەنەکەی ، وە ئەگـــەر کەلوپەلیش بوو نەختی بکاتەوە • هەروەها هەر قەرزیکی لەسەر خەلـك هەبی وەری بگریتەوە • وە ئەگەر خاوەنمالەکە هەندیکی لە مالی قازانـج بەشەراکەتەکەی بردەوە لەپیش دەرکەوتنی ســوودو زیاندا ، ئـەوە ئـــەو ئەندازەیە لە سەرمایەکە دائەشکی • وە ئەگەر پاش دەرکەوتنی ســـوودو

زیان بوو ئەوە حیساب ئەکری لە سەرمایەو قازانج بەنیسبەتی خــویان • مەسەلا ئەگەر صەد دیناری دایە دەستی ئیشکەرەکە ، وە ئەو صەد دینارە بیست دیناری قازانج کرد ، دیارە قازانجی پارەکە شەش‌یەکە • جا ئەگەر خاوەن‌مال بیست دیناری وەرگرتەوە ، ئەوەشەش‌یەکی ئەو بیست دینــارە کە سیە دینارو سیەیەکە دیناریکە (۳۳۳ فلس‌و سیەیەکە فلسیك) قازانجەو ئەوی‌تری سەرمایەیە • کەواتە لەو شەش‌یەکەدا ئیشکەر بەشی خوی ئەبا کە بریتی‌یە لە دیناریك‌و دوو سیەیەکە دینـــــار • وە ئەگەر لەپاش زیان بردیەوە ئەوە زیانەکەیش دابەش ئەکری بەسەر ئەو ئەندازە پارەیەدا کە خاوەن‌مالەکە ئەیباتەوە ، وە بەسەر ئەو ئەندازەیەدا کە لای ئیشکەرەکــە ماوە• کەواتە ئەگەر لەوەپاش قازانجی کرد ، ئەوە ئەو بەشە زیانە کە تابیعی ئەوە بووە کە کابرا بردوویەتی‌یەوە تولەی ناکریتەوە • مەسەلا سەرمایــە صەد دینارەو زیان بیست دینارە ، لەوەپاش بیست دیناری بردەوە ، ئــەوە چواریەکی ئەو بیست دینارە کە پینج دینارە بەشە زیانی بیست دینارەکەیە ، وە سەرمایەکە ئەگەریتەوە سەر حەفتاو پینج دینار ، وەك ئەوە کــە کابرا بیست‌و پینج دیناری بردبیتەوە •

(بزانن) باوەر بە سویندی کابرای ئیشکەر ئەکری ئەگەر ئیدیعای کرد کە هیچ قازانجی نەکردووە • بـــەلی ئەگەر وتی دە دینـــار قازانجم کردووە ، وە پاشان پەشیمان بووەوە ، ئەوە لی‌ی وەرناگیری • بەلام ئەتوانی سویندی خاوەن‌مالەکە بدا لەسەرئەوە کە ئەوەندە قازانجی کردووە • جا ئەگەر خاوەن مالەکە نکوولی کرد ئەوسا ئیشکەرەکە ئەتوانی سویند بخوا • هەروەها باوەر بە سویندی ئیشکەرەکە ئەکری ئەگەر سویندی خوارد فلان شتی بو قازانج بەشەراکەت کریوە ، هەرچەند زیانیش بکا • یا ئەگەر وتی بو خومم کریوە هەرچەند قازانجیش بکا بەو شەرتە بە مالیك کریبیتی کە لەئەستوی خوی‌دا بی • ئەگینا ئەگەر بەعەینی مالی قازانج بەشەراکەتەکــە

کرێبیتی ئەوە هەر ئەبێ بە ماڵی بازرگانی هەرچەند نیازی خۆیشی بووبێ •
کەواتە ئەگەر خاوەن‌ماڵ شاهیـــدی هێنا لەسەرئەوە کە بە عەینی مـــاڵی بازرگانی‌یەکە کڕیویەتی ، ئەوە ثابت ئەبێ بۆ ئەوماڵەو دائەنرێ بۆ قازانج بەشەراکەت •

هەروەها باوەر بە ئیشکەر ئەکرێ ئەگەر بڵێ تۆ مەنعت نەکردووم لە کڕینی فلانە ماڵ ، وە خاوەن‌ماڵەکە بڵێت مەنعم کردوویت‌و شاهیدی نەبێ• هەروەها باوەر بە ئیشکەرەکە ئەکرێ لەوەدا کە خاوەن‌ماڵەکـــە بڵێ رێگای کڕینی هەندی شتم نەداوە ، وە ئیشکەرەکە بڵێ شتی‌وای نەوتووە • هەروەها باوەری پێ‌ئەکرێ لە جینس‌و نەوع‌و ئەندازەو صیفەتی سەرمایـــەکەدا ، وە لـــە ئیدیعای فەوتانی ماڵەکەدا ئەگەر ناوی هۆی فەوتانەکە نەبا ، یا ناوی هۆیەکی نهێنی ببا • وە ئەگەر ناوی هۆیەکی ئاشکرای برد کە بوونی ئەو هۆیـــەو بڵاوی‌ی زیانەکەشی ئاشکراو دیاری بن ، ئەوە هەر سوێندی ناوێ • بـــەڵێ ئەگەر ئیدیعای مردنی حەیوانی ماڵی قازانج بەشەراکەتی کرد ، ئەوە ئەگەر لە دەشتی دوور لە ئاوەدانیدا بێ بە سوێند باوەری پێ‌ئەکرێ • وە ئەگـــەر لەناو ئاوەدانیدا بێ ، ئەبێ بە شاهید ئیسپاتی بکا • هەروەها باوەری پێ‌ئەکرێ لە ئیدیعای ئەوەدا کە ماڵەکەی داوەتەوە بە خاوەنەکەی • بەڵێ ئەگـــەر کابرای ئیشکەر ئەوەندەی ماڵ وەرگرت کە لەتوانایدا نەبوو هەمـــووی بەرێوەبەرێ ، وە هەندێکی لێ فەوتا لەپاش کەوتنەئیش ، ئەوە ئەبێ بـــە ضامنی ئەو ماڵە فەوتاوە ، هەرچـــەند درێغی‌یشی نەکردبێ لە مەســـەلەی فەوتانەکەیدا • لەم مەسئەلەیەدا حوکمی وەکیل‌و وەصی‌و ماڵ بە ئەمانەت لادانراو وەك حوکمی ئیشکەری قازانج بەشەراکەت وایە •

وە ئەگەر لەپاش فەوتانی ماڵەکە ، خاوەن‌ماڵ وتی بە قەرز داومەتی ، وە ئیشکەر وتی بە قازانج بەشەراکەت هێناومە ، ئـــەوە باوەر بـــە ئیشکەرەکـــە ئەکرێ •

وه ئەگەر ناکوکی‌یان کەوتە بەینەوە لەبارەی ئەندازەی ئەو قازانجەوە کە بریار دراوە بو ئیشکەرەکە ، ئەوە پیویستە هەردولا سویند بخون بــــە جوریکی‌وا کە (بوون)و (نەبوون)ی تیا کوببیتەوە ، مەسەلا خاوەن مالەکــە بلیت قەسەم بەخوا بەشە قازانجەکەت نیوە نی‌یە بــــەلکو سی‌یەکە ، وە ئیشکەرەکەیش ســـویند بخوا بلی سیەیەك نی‌یەو نیوەیە • بەمە عــەقدەکە هەل‌ئەوەشیتەوە ، ئەوجا هەرچی قازانج هەبی هەمووی ئەبی بە هی خاوەن مالەکەو ، ئیشکەرەکە (اجرة المثل)ی پی‌ئەبری •

باسی باخەوانی (مساقاة)

باخەوانی لەشەرعا بریتی‌یە لەوە کەسیك موعامەلە لەگەل کەسیکی‌ترا بکا لەسەر خزمەت کردنی باخی دارخورماو رەزەمیو بە ئاودان‌و شتی‌تر ، بەرابەر بە بەشیکی دیاری لە میوەی ئەو باخە وەك نیوە یا چواریەك مەسەلا•

ئەرکانی ئەم موعامەلەیە شەش شتە : هــــەردو عەقدکــــەرەکە ، خاوەن‌باخەکە ، ئیشکەرەکە ، ئیشەکە ، صیغەی عەقدی موعامەلەکە • ئەم باخەوانی‌یە دروستە لە ئینسانیکی وەهاوە کە تەصەروفاتی دروســــــتو دامەزراو بیت ، یەعنی خاوەن روشدو ئیختیار بی • بو باخی مندال‌و شیتیش دروستە وەلی‌ئەمری شەرعی‌یان لەبەر مەسلەحەتی ئەوان باخەوانی بــــو بگری • بو باخی (بیت‌المال)یش لەلایەنی کاربەدەستی موسولمانانەوە ، وە بو باخی مەوقوفەیش لەلایەن ناظری وەقفەوە باخەوان ئەگیری •

ئەو باخەی کە عەقدی باخەوانی‌ی بەسەرا ئەروا ئەبی باخی دارخورما یا باخی رەز بی • بەلام بە فەرموودەی کونی ئیمامی‌شافیعی خوای لی‌رازی‌بی دروستە عەقدی باخەوانی بەسەر هەموو جورە باخیکی خاوەن میوەدا بــروا چونکە خەلك موحتاجی ئەم‌جورە موعامەلەیەن ، وە لەلایەنی گەلیك لــە

زانایانی دینەوە ئەم فەرموودەیە پەسەند کراوە ، وە تەقلید کردنی ئـــەم فەرموودەیە زور باشەو دروستە بو ئیمە ، چونکە بەشی زوری باخاتی ولاتی ئیمە باخی هەنارو هەنجیرو گویزو هەلووژەو قەیسیو شتیوایە ، وە باخی خورمای هیچ تیا نی‌یەو خەلقیش پیویستیان بە ئیشو کاسبي کردنە •

باسي (مخابره)و (مزارعه)

موخابەرە دروست نی‌یە • کە ئەوەتە خاوەن زەوی ریك‌بکەوی لەگەل کەسیك ئیش بکا لە زەوی‌یەکەیدا بەرابەر بە هەندی لە واریداتی ئـــەو زەوی‌یەو توویش لەسەر ئیشکەرەکە بی • هەروەها موزارەعەیش دروست نی‌یە کە بریتي‌یە لەوە خاوەن‌زەوی ریك‌بکەوی لەگەل کەسیکدا ئیش بکا لە زەوی‌یەکەیدا بەرابەر بە هەندی لەواریداتی زەوی‌یەکەو توویش لەسەر خاوەن زەوی‌یەکە بی • بەلام هەندی لە زانایانی شافیعی ریگای ئەم دوو جورە موعامەلەیەیان داوە چونکە خەلك پیویستیان پی‌یانەو دروستیشە ئینسان بو خوی تەقلیدی فەرموودەی زانایەك بکا •

(بزانن) ئەگەر لەبەینی دارخورماکانا یا لەتەنیشتیانا ، یا لەناو رەزەکەدا یا لەقەراغیانەوە ئەرزی پاك هەبوو ، دروستە موزارەعە لەسەر ئەو ئـەرزە بکری بەشیوەیەك کە تابیعی عەقدی باخەوانی‌یەکە بی ، بەوشەرتە ئیشکەری باخەوانی‌یەکەو موزارەعەکە یەك کەس بی ، وە زەحمەت بی بەجیا لـــە خورماکە یا لە رەزەکە ئەو ئەرزە ئاو بدریو بەروبوومی لی‌وەربگـــیری • لەمصوورەتەدا شەرتە عەقـــدی باخەوانیو موزارەعەکە یـــەك عەقد بیو باخەوانی‌یەکە لەپیشەوە بی • ئیتر ئەوبەشەی باخەوانی‌یەکە لەگەل بەشی موزارەعەکەدا وەرئەگیری خواە ئەوەندەی یەك بن یا فەرقیان هـەبی ، وە ئەرزەکە کە لەگەل ئەو داری خورماو باخی رەزەدایە کەم بی یا زور بی •

بەلام موخابەرە لەو ئەرزەدا بەتەبەعیەتی باخەوانی‌یەوە بەتالە ••

جا ئەگەر کەسێك موزارەعەی کرد لەگەل ئیش‌کەرێکدا ، ئـــەوە هەرچی بەروبوومە بو خاوەن زەوی‌یەکەیە چونکە تووەکە مالی خویەتی ، وە کابرای ئیشکەریش کری‌ی خوی‌و مەسرەفی هەرچی کردووە هەمووی ئەکەویتە سەر خاوەن زەوی‌یەکە ، وە ئـەگەر موخابـەرەی لەگەلیا کـرد ئەوە هەرچی بەروبوومە بو ئیشکەرەکەیە چونکە تووەکە هی ئەوە، وە خاوەن زەوی تەنها کری‌ی زەوی‌یەکەی ئەکەوی •

ریگای ئەوە کە لە موزارەعەدا بەروبووم بەشەریکی بی لە بەینـــی خاوەن‌زەوی‌و زەرعاتکاردا ، ئەوەتە خاوەن زەوی نیوەی تووەکە بدا بـــە زەرعاتکارەکە لەکری‌ی ئەوەدا کە بەشە تووەکەی خوی بو داچینی بەنیوەی زەوی‌یەکەدا ، وە ئەو بەشە زەوی‌یەکە کە زەرعاتکارەکە بو خوی دائەچینی بە عاریە بیداتی ، یاخود کابرای زەرعاتکار بگری بەکری بەنیوەی تووەکەی وە بە قازانجی نیوەی زەوی‌یەکەی لە ماوەی شەش مانگدا بوئەوە کە نیوە تووەکەی ئەو لە نیوە زەوی‌یەکەیدا داچینی‌و خزمەتی بکا تا پی‌ئەگا •

لە موخابەرەیشدا ریگای شەریکی لە بەروبوومدا ئەوەیە ئیشکەرەکە نیوە تووەکەی‌و قازانجی ئیشەکەی خوی کە وەشاندنی ئەو نیوە تووەیە لـە نیوەی ئەرزی خاوەن ئەرزەکەدا ، بکا بەکری‌ی ئەو نیوە زەوی‌یە کـــە نیوەی تووەکەی خوی پیا دائەچینی • ئەوجا لەم‌صوورەتانەدا هەرچـــی بەروبووم پەیدا بوو لە زەوی‌یەکە ئەبی بە تیکەل لەبەینی هەردوکـــیانا • ئەمە بو صوورەتی نیوەیی • هەروەها بە قیاسی ئەمە بو صوورەتی غەیـری نیوەییش ئەگەر وایان بریار دابوو لەبەینی خویاندا •

ئەگەر کەسیك ریگای کەسیکی‌دا بو کیلانی زەوی‌یەك • ئـــەویش زەوی‌یەکەی کیلاو ئامادەی کرد بو توو داچاندن تیایدا ، وە بەهـــــوی ئەم‌ئیشەوە قیمەتی زەوی‌یەکە زیادی کرد ، ئەمجار خاوەن زەوی‌یەکـــە

ویستی بیفروشی یا بیخاته رەهنەوە ، ئەوە بەبێ‌ڕەزامەندیی ئیشکەرەکـــە دروست نی‌یە چونکە زەوی‌یەکە وەکو ئەوە وایە کە لە حەقی ئیشـــــی ئیشکەرەکەدا بی بەهوی ئەوئیشەوە کە بە ئیزنی خاوەنەکەی کردوویـــە تیایـــدا •

باسی هەندیك لە حوکمەکانی باخەوانی

شەرتە ئەو میوەیە بەتایبەتی بو خاوەن‌باخەکەو باخەوانەکە بی ، وە بەشی کەسی‌تری تیا نەبی • هەروەها پیویستە تیکەل بی لەنیـــوان ئـەو دووکەسەدا • نە بەتەنها بو باخەوانەکەو نە بە تەنها بو خاوەن باخەکە بـی بەنیسبەتیکی دیاری کراو • وە ئەگەر باخەوانی کەرتە پال موزارەعـــەوە پیویستە بەروبوومی هەردوکیان تیکەل بی ، وە دروست نی‌یە بریاری ئـەوە بدەن کە بەروبوومی کشت‌وکالەکە بو یەکیکیان وە بەروبوومی باخەکەش بو ئەوی‌تریان بی •

فەرموودەی ئاشکراتر ئەوەیە کە عەقدی باخەوانی دروستە لـــەپیش دەرکەوتنی میوەی باخەکەو پاش دەرکەوتنیشی ، بەلام بەوشەرتە کە بـەر لە دەرکەوتنی کەلك‌و مەسلەحەتی میوەکە بی چونکە ئیتر لەم‌کاتەدا رەنجو زەحمەتیکی بەقیمەت نامینیتەوە بو باخەوانەکە •

جا ئەگەر عەقدەکە لەپاش دەرکەوتنی ئەمەرەکە بوو ، ئەوە بەتەنهـــا عەقدەکە ، باخەوانەکە ئەبی بە خاوەنی بەشە میوەی خوی • وە ئەگەر بەر لە دەرکەوتنی میوەکە بوو ، لەگەل دەرکەوتنیا ئەبی بە خاوەنی بەشی خوی •

ئەگەر کەسیك عەقدی باخەوانیی کرد لەگەل کەسیکا بوئەوەی چەند نەمامە خورمایەك بنیژی لەسەر ئەو بریارە کە ئەو درەختانەی پەیدا ئەبـن نیوەیی بن لەبەینیانا ، مەسەلا ، ئەوە دروست نی‌یە • وە ئەگەر خاوەن‌باخ

خوی ئەمامەکانی ناشت ، بەلام باخەوانی گرت بو خزمەت کردنیان بەرامبەر بە بەشیك لە میوەکەیان ، ئەوە ئەگەر ماوەیەکی‌وای دانا کە میوەی درەختەکان پی‌بدات ، ئەوە دروستە ، ئەگینا دروست نی‌یە • هەروەها دروستە ئەگەر لەوانەبوو لەوماوەیەدا میوەکە پەیدابی •

(بزانن) هەروەك چون عەقدی باخەوانی دروستە لەگەل بیگانەدا ، دروستیشە لەگەل هاوبەشی مولکی باخەکەدا ، لەسەر ئەوە کە بەشیك لە حەقی خوی زیاتری پی‌بدا • بەشەرت گیراوە لەباخەوانیدا ئیشیکی‌وا نەدری بەسەر باخەوانەکەدا کە لە واجباتی ئەو نەبی • هەروەها ئەبی ئەو باخەوانە سەربەخو بی لە ئیش‌کردنا وە باخەکە لەدەستی خویدا بی‌و ماوەی ئیش‌کردنەکەی دیاری بکری بەئەندازەیەك کە لەوانەبی لەوماوەیەدا میوەی باخەکە پی‌بگا ، بەلام نابی وادەی بو دابنری بە وەختی پی‌گەیشتنی میوە ، چونکە پی‌گەیشتنی میوە بەگویرەی سال ئەگوری ، کەواتە ئەو ماوەیە بەراستی دەرناکەوی •

صیغەی عەقدی باخەوانی وەکو ئەوە کە بلیت وا باخەوانیم لەگەل کردی لەسەر ئەم رەزە ، یا وا ئەم‌رەزەم دایە دەستت بوئەوەی خزمەتی بکەی ، وە کابرای باخەوانیش قوبوولی بکا • جا هەر باخەوانی‌یەك کە ناوی ئیشەکانی بەتایبەتی تیا نەبرابوو ، ئەوە بەسەر ئەوجورە ئیشانەی‌دا ئەبرین کە زورتربووە بەعادەت لەوولاتەدا • کەواتە پیویستە لەسەر باخەوانەکە هەرجورە ئیشیك کە بو چاك‌بوون‌و زیادبودنی میوە پیویستە لەوەی کە هەمووسالی دووپات ئەبیتەوە وەك کیلانی زەوی‌و جومال‌کردن‌و ئاودانی درەختەکان‌و چاك‌کردنەوەی چالاوی دەوریان‌و پاك کردنەوەیان لە خەوش‌وخال‌و برینی هەر لقیك کە برینی عادەت بی ، وە وەك ساوینی کەفی دارخورمای نیروك بە دار خورمای میچکەدا ، وە وەك هەرزال

دۆرست کردن بو ئەومیوانەی کە ئەخرینە سەر هەرزال [1] ، وە برین و وشك کردنەوەی میوەو غەیری ئەم ئیشانە •

بەلام ئەو ئیشانەی کە مەبەست لی‌یان پاراستنی باخەکەیەو هەموو سالی دووبارە نابنەوە وەك دیوارکردن بە دەوری باخەکەداو هەلکەندنی جوگەو ، ئامادەکردنی تەورو تەوراس و داس و مەقەست و گاجووت بو کیلانی زەوی‌یەکە ، وە هەرشتیکی لەمجورە ، ئەوە لەسەر خاوەن باخەکەیە •

عەقدی باخەوانی بە عەقدیکی دامەزراو ئەناسری پیش دەرکەوتنی میوەکەو پاش دەرکەوتنی ، وەکو عەقدی ئیجارە • کەواتە ئەگەر یەکیك لە دوو عەقدکەرەکە مرد میراتگرەکەی لەشوینیا دائەنیشی • وە ئەگەر باخەوانەکە بەر لە تەواوبوونی ئیشەکە رای کردو خاوەن باخەکە لەجیاتی‌ی ئەو تەواوی کرد بە پیاوەتی ئەوە باشە ، وە لەمکاتەدا حەقی باخەوانەکە لەجی‌ی خویایەتی • ئەگینا پیویستە قاضی باخەوانیك لەسەر حیسابی ئەو بگری • وە ئەگەر قاضی لەوشوینەدا نەبوو ، خاوەن باخەکە خوی باخەوانی بو ئەگری و شاهید لەسەرئەوە رائەگری کەوا چی مەسرەف کردووە ، وە ئەگەر ئارەزووی بوو ئەومەسرەفە لە کابرای باخەوانی یەکەم ئەسینیتەوە • وە ئەگەر باخەوانەکە مردو میراتیکی لەپاش بەجی‌ما ، ئەوە ئەگەر باخەوانی‌یەکە لەسەر عەینی شەخسی باخەوانەکە کرابوو ، ئەوە فەسخ ئەبیتەوەو هەل ئەوەشیتەوەو باخەوانەکە کری‌ی ئەو ئەندازە ئیشەی ئەکەوی کە کردوویەتی • وە ئەگەر لەسەر ئەستو (ذمە)ی کرابوو میراتگرەکانی ئەتوانن لەجیاتی‌ی ئەو باخەوانی‌یەکە بکەن و ئەو ئیشانە بکەن کە ئەو ئەی کرد ، خواه لە مالی خویان یا لە مالی ئەو •

وە ئەگەر ثابت بوو کە باخەوانەکە خەیانەتی کردووە ، بە پی‌لی‌نانی

---

(١) مەبەست ئەوەیە کە مەسرەفی هەرزال بەستن ئەکەویتە سەر خاوەن باخەکە ، وە ئەوەی لەسەر باخەوانەکەیە ئەوەیە دارەکان ریك بخاو لارەکانیان لابباو هەر ئیشیکی تری لەمجورە هەبوو بیکا •

خوی یا بە شاهید ، یا بە سویندیك کە گەرابیتەوە سەری ، ئـــەوە خاوەن باخەکە ئەتوانی سەرپەرشتی کەری لەسەر دانیءو لە مالی ئەو کری ی بدا • وە ئەگەر بەمەیش چار نەکرا ئەتوانی باخەوانەکە دەربکا ، وە باخەوانیکی ئەمین لە مالی ئەو بەکری بگری • ئەگەر میوەی باخەکە بە مالی یەکیکی تر دەرچوو باخەوانەکە کری ی ئیشەکەی ئەدریتی لە مالی ئەو کەسەی عەقدەکەی لەگەل کردووە ،چونکە بە تەماعی میوە ئەو ئیشەی کردووەو وای زانیـوە باخەکە هی ئەو کەسـەیە •

ئەگەر خاوەنباخو باخەوان بوو بەهەرایان لـــەبارەی ئـــەندازەی ئەو بەشەوە کە دانراوە بو باخەوانەکە ، ئەوە ئەگەر هەر یەکیکیان شاهیدی هەبوو بەگوی ی شاهیدەکەی ئەو ئەکری • وە ئەگەر هەردولایان شاهیدی پیچەوانەی یەکتری یان هەبوو ، یاخود هیچیان شـــاهیدیان نەبوو ، ئـەوە پیویستە هەردولایان یەکی سویندیك بخون لەسەر ئیسباتی قسەی خویانو هەلوەشاندنەوەی قسەی ئەولایان ، پاش ئەوە عەقدەکە هەلئەوەشـــیتەوەو کابرای باخەوان کری ی کەسیکی وەك خوی ئەکەوی بەرابەر بە ئیشیکی لەوجورەی کە کردوویەتی ، بوماوەی ئیشەکەی •

ئەگەر خاوەنباخ گەلیك ئیشی بریار دا لەســـەر باخەوانەکە کـــە بـــی یان کات ، لەوانەی کە واجبی سەرشانی باخەوانن ، وە میوەی باخەکـە پی گەیشت ، وە باخەوانەکە تەنها هەندیکی لەو ئیشانە کردبوو ، ئەوە هەر موستەحەقی بەشی خویەتی ، چونکە بەهوی عەقدەکەوە بووە بە هاوبەش لەگەل خاوەن باخەکەدا •

باسی بەکری دان (اجارە)

ئیجارە لەشەرعدا بریتی یە لەوە کەسـیك قازانجی شتیك بکا بە مولکی یەکیك بەرابەر بە عیوەزیك بەپی ی ئەو شـەرتانەی کە لەمەولا باســیان

ئەکەیـــن •

ئـــەرکانی ئیجـارە شـــەش شـــتە : بـــەکری‌دەر (مؤجـــر) ، بـەکری‌وەرگر (مستأجر) ، بـــەکری دراو (مؤجَـر) ، ۆزانـــج ، کـــری ، صـیغەی عـــەقدەکـە ۆەك ئـەۆە کە بلیـــت وا ئەۆ خانووەم دا بە تو بـــە کری بوماوەی مانگیك بە چـوار دینار • شەرتی ئەوکەسانەی کە عەقدی ئیجارەکە ئەکەن ۆەك شەرتی کریارو فرۆشیار ۆایە • کەواتـە پیویستە ئەم دووکەسە خاوەن روشدو خاتر خو بن • بـەلی ئیجارەی کافر دروستە هەرچەند ئیجارەی عەینیش بی وەك لەجی‌ی خویدا بەیان‌کراوە • شەرتی صیغەی عەقدیش ئەۆشەرتانەیە کە لە صیغەی فروشتن‌ۆ کرینـــدا پیویستن ، تەنها وەخت‌داری نەبی ، چونکە ئیجارە بو وەختیکی تایبەتی‌یـە وە راستتر ئەوەیە ئیجارە دائەمەزری بەوە کە بلیت وا قازانجی ئەو خانووەم دایتی بە ئیجارە بەوەندەو ، ئەویش قوبوولی بکا • بەلام ئەگـــەر بلیت وا کەلك (منفعە) کەیم پی فروشتی ئەویش بلی وا قوبوولم کـــرد ، ئەوە ئەو ئیجارەیە دانامەزری چونکە فروشتن بەسەر عەیندا ئەروا نەك بەســـەر کەلك‌دا •

ئیجارە دوو جورە • یەکەم بەسەر عەیندا ئەرواوەك بەکری‌دانـــی خانوو دووکان‌و زەوی‌و شتی‌وا • دووهەم بەسەر کەلکیکدا ئـــەرۆا کـە لەئەستوی کەسیکدا بی ، وەك ئەوە کەسیك داوای ولاخیکی ناوونیشـار دراوو تەعریف‌کراو بکات لەکەسیك کە بیداتی بە کری ، ۆە ئەویش بلی وا ولاخیکی‌وەهام پی‌دای بەکری ، ئەمیش قوبوولی بکات • جا لەپاش عەقدەکە واجب ئەبی لەسەر کابرا ولاخیکی بەوصیفەت‌و نیشانانە بو ئامادە بکـــاۆ بیداتی • وە ئەگەر ئەو ولاغە مرد پیویست ئەبی لەسەری ولاخیکی‌تری بەو صیفەت‌و نیشانانە بداتی • یاخود وەك ئەوە ئیشیك بسپیری بە کەسیك وەك ئەوە کەوایەکی بو بدووری یا خانوویەکی بو بکاتەوە لە سەر ئەۆشەرتانەی

لەمەولا باس ئەکرین • واتە : بلی وا بریارمدا لەسەر تو ئەم کەوایەم بــو بدووری بە دە پەنجایی ، ئەویش بلی وا قوبوولم کرد ، ئیتر بەوە واجب ئەبی لەسەر کابرا ئەو کەوایە بدووری ئیتر خواه خوی بیدووری یاخود بیدا بـە بەرگدروویەکی‌تر بیدووری •

شەرتی بەکری‌دانی لەئەستودا (اجارة فی الذمة) ئەوەیە کابــرای بەکری‌وەرگر لە هەمان مەجلیسدا بەدەلی ئیجارەکە تەسلیم بکا • حوکمــی ئەم بەدەلی ئیجارەی فی الذمة یە وەك حوکمی سەرمایەی سەلەم وایە • بەلام لە بەکری‌دانی عەیندا تەسلیم کردنی بەدەل لە هەمان مەجلیسدا شــەرت نی‌یە • کری لە بەکری‌دانی عەینا ئەگەر دیاری کرابوو ، دواناخری • وە ئەگەر لەئەستودابوو دروستە صیغەی بەکری‌دانەکە بە حازر یا بە وەعدەدار بی • وە ئەگەر صیغەی بەکری‌دانەکە ناوی حازری‌و وەعدەداری‌ی تیــا نەبرا ، ئەبرری بەسەرئەوەدا کە کری‌کە حازری بی • وە ئەگەر کری‌کە دیاری‌کرابوو ، ئەوە تەنها چاوپی‌کەوتنی بەسە • وە ئەگەر لەئەستودا بـوو پیویستە جینس‌و ئەندازەو صیفەتی دیاری بی • کەواتە دروست نی‌یــــە بەکری‌دانی خانوو بەرابەر بە ئاوەدان کردنەوەی ، یا بەکــری‌دانی ولاخ بەرابەر بە ئالف‌پی‌دانی یا بەخیوکردنی ، یا بەکری گرتنی کەسیك بوئەوەی حەیوانیك سەربری‌و بیگوروی ، بەرابەر بە پیستەکەی ، یا بەکری گرتنی ئاشەوان بوئەوەی تەغاریك گەنمت بو بهاری بەرابەر بە ئەندازەیەك لــــە ئاردی ئەو گەنمە چونکە کری‌کە لەمصوورەتانەدا بەتەواوی دیاری نی‌یە • مەسەلا مەعلووم نی‌یە حەیوانەکە ئالفی چەند ئەوی ، یا ئاردەکە چەندە ، یا لە وردی‌و درشتی‌و نەرمی‌یا چونە ، یا باریکی‌و ئەستووری‌ی پیستەکەی چەندە • بەلی ئەگەر بەر لە هارینی گەنمەکە مزەئاشەکەی لی‌جیاکرایەوە بە حیسابیکی دیاری ئەوە دروست‌و بەجی‌یە •

کەلکی بەکری‌گیراو چەند شەرتی هەیە • یەکەم ئەوەیە قیمەتی ببی •

کەواتە دروست نی‌یە یەکێك بەکری بگیری بو کردنی قسەیەك کە هیـــچ زەحمەتیکی نەبی ، هەرچەند ئەو قسەیە ببی بەهوی قازانجێکی زور بـــو کابرای بەکری کر • بەلی ئەگەر قســــەکە زور بـــوو وەك بانگ‌دانو دەرس‌وتنەوەو نویژ فیرکردنو شتی‌وا یا وەك فیرکردنی تەقلیدکردنـــی زانایانی شەرع لە مەسئەلەی ژن مارەبرینو شتی‌وادا لەگەل فیرکردنـــی ئەرکانی ئیمانو ئیسلامو بەدەماهینانی صیغەی عەقدی مارەبرینەکە ، ئـــەوە دروستە کابرای بەکری گیراو کری‌ی ئەوجورە ئیشانە وەربگــــــری وەك هەرکەسیکی‌تر کە ئەو کری‌یەی وەرگرتبی •

هەروەها ئەگەر شمشیریك یا سەعاتیك یا چەکیکی ئاگرین تیك‌بچی ، وە وەستا بەتەنها دەس بزواندنەوەیەك چاکیـان بکاتەوە ، ئەوە دروســـتە کری‌ی لەسەر وەربگری ، چونکە ئەوجورە ئیشە صەنعەتەو بەزەحمـــەت فیری بووە • بەلام تاقە وشەیەك هەرچەند بەفیربوون فیری بووە ، بـــەلام زەحمەتیکی‌وای نەدیوە لە فیربوونەکەیا •

هەروەها بەکری‌دانی لیرەو قران بو خورازاندنەوە دروست نی‌یە ، بەلام دروستە بەکری‌دانی خشلی ژنانە وەك کرمەكو گوارەو کەمـــەرەو قەتارەو شتی‌وا بو خو جوان کردن • وە دروست نی‌یە بەکری‌دانی سەگ بو راو بەپی‌ی فەرموودەی راستتر •

دووهەم ئەوەیە کابرای بەکری‌وەرگر توانای تەســـلیم‌کردنـــی کەلکەکەی ببی بە حس‌و بە شەرع • کەواتە دروست‌نی‌یە بەکری‌دانـــی ولاخیکی راکردوو کە نەگیریتەوە ، یا مالیـــــك کـــە زەوت‌کرابی‌و دەس‌نەکەویتەوە ، یا بەکری گرتنی کویر بو پاسەوانی ، یا زەوی‌ی بی‌ئـاو بو کشت‌وکال تیاکردن ئەگەر بە ئاوی بارانو بەفرو لافاوی بەهاران تـیراو نەبی ، چونکە دیارە ئەم جورە شتانە کەلکیان لیوە دەسگیر نابی • هەروەهـا دروست‌نی‌یە بەکری گرتنی کەسیك بو دەرکیشانی دانیکـــــی ساغ ، یـــا بەکری گرتنی ئافرەتیك کە لە حەیزا بی بو پاك‌کردنەوەی مزگەوتیك ، یـا

بەکری گرتنی زنی میرددار بو بەخیوکـــردنی منالی کەســـیك ، یا بـــو خزمەتکردنی مالیك بەبێ‌ئەوەی میردەکەی ریگای دابی ، چونکە بەشەرع مەحالە لەمصوورەتانەدا کابرای بەکری‌وەرگر کەلکەکەی دەسگیر ببی •

(بزانن) دروستە دواخستنی کەلك لە بەکری‌دانی لەئەســـتودا ، وەك ئەوە کە بلیت واجبم‌کرد لە ئەستوی تودا کە پاش بیست روژی‌تر ئـــەم بارە گەنمە ببەی بو فلان شوین بەوەندە پارەو ، ئەویش قوبوولی بکا • بەلام لە بەکری‌دانی عەیندا دروست نی‌یە کەلك دوابخری • بەلی ئەگەر کەسیك بەکری گیرا بوئیشیك لەمسالی ئیستاداو هیشتا سالەکە تەواو نەبووبوو دووبارە بەکری گیرا بو سالی دواییش ئەوە دروستە • بەلام ئەمجورە بەکری‌دانە لە مالی وەقفدا دروست نی‌یە • مەسەلا ئەگەر وەقف‌کەرەکە بەشەرتی گرتبوو ئـەو مالە وەقـف‌کراوە لە ســـالیك زیاتر نـــــەدری بەکری ، ئـــەوجا سەرپەرشتی‌کەری ئەومالە وەقف‌کراوە هاتو دای بەکری بو سالیك ، وە لەپیش تەواوبوونی سالەکەدا دایەوە بە کری بو سالی دوایی ئەوە بەتالە • لەبەرئەوە کە دوو بەکری‌دان لە حوکمی یەك بەکری‌دان‌دایە ، وە هەرچەند لە غەیری مالی وەقف‌کـــــراودا چاوپوشی کرازە لەمە ، بەلام لە مـــالی وەقف‌کراودا چاوپوشی‌ی لی‌ناکری بوئەوەی مەسلەحەتی مالە وەقف‌کراوەکە نەفەوتی •

دروستە تەنها ولاخیك بدری بەکری بە کەسیك بوئەوەی لەنیـــوەی ریگەکەیدا سواری ببی ، یا بە دووکەس بو ئەوەی ئەو دووکەسە یـــــەك لەدوای‌یەك سواری ببن •

شەرتی سیهەم ئەوەیە ئەو کەلکەی کە مەبەستە لە بەکری گرتنەکـــە دیاری بی ، هەروەکو شەرتە ئەوشتەی عەقدەکەی لەسەر کراوە واتـــە ئەوەی دراوە بەکری دیاری بی‌و لەبەرچاو بی لە بەکری‌دانی عەیندا ، وە دیاری کرابی بە باس‌کردنی صیفەتەکانی لە بەکری‌دانی لەئەستودا ، یەعنی

ئەگەر حەیوانیکی تایبەتی یا خانوویەکی تایبەتی درا بەکری ، پیویستە باش تەماشا بکریو سنووری خانووەکە لای کابرای بەکریوەرگر دیاری‌بی • وە ئەگەر بەکری‌دانی لەئەستودا بوو ، مەسەلا کابرای بەکری وەرگر ولاغیکی ئەویست باری پی‌بکیشی بو شوینیك ، ئەبی ئەوکەسەی کە ولاخەکەی ئەداتی بەکریو ولاخەکەی لەوشوینەدا حازر نی‌یە ، باسی صیفاتو ناوونیشانی ولاخەکەیی بو بکا ، بوئەوەی ئەگەر ئەوولاخە لەریگادا فەوتا ولاخیکی‌تری لەوچەشنەی بو بینی ئیشەکەی پی‌تەواو بکا •

دەرکەوتنی کەلکی مالی بەکری‌دراو ، وائەبی بە (وەخت) ئەبی چونکە بە (ئیش) ضەبط ناکری وەك بەکری‌دانی ولاخیك بو سواربوونی لەماوەی دەروژدا • وە وائەبی بە (وەخت)و بە (ئیش) ئەبی ئەگەر ئەو کەلکە بە (ئیش) ضەبط بکری وەك بەکری‌دانی ولاخیك بو سواربوونی لەماوەی دەروژدا ، یاخود بو سواربوونی لە شوینیکی دیاری‌یەوە بو شوینیکی‌تری دیاری ، وە وەك بەکری‌گرتن بو دوورینی پارچەیەك لەماوەیەکی دیاری‌کراودا ، ئەمە بە هەرجوری دیاری بکری دروستە ، بەلام ئەگەر (وەخت)و (ئیش)یشی تیا دیاری بکری وەك بەکری‌گرتن بو دوورینی کەوایەك لەروژیکدا ئەوە بەتالە چونکە تەواوبوونی ئەوئیشە لە ماوەیەکی دیاری کراودا شتیکی نایابە •

تەقدیری مەنفەعەت ئەکری لە بەکری‌گرتنا بو فیرکردنی قورئان بە (وەخت) وەك سالیك یا بە (ئیش) وەك فیرکردنی دە سوورەتی یەکەمی قورئان •• هەروەها دروستە بەکری‌گرتنی کەسیك بو خزمەت‌کردن لەماوەی سالیکدا ، مەسەلا • جا ئەگەر خزمەتیکی دیاری‌ی کرد ئەوە باشە ، وە ئەگەر هیچ خزمەتیکی دیاری‌ی نەکرد ئەوە بەپی‌ی عورفو عادەت تەماشای مەسەلەکە ئەکری ، واتە تەماشای ئەو ئیشانە ئەکری کە بەپی‌ی عادەت مەبەستن لە مەعنای (خزمەت) • مەسەلا ئەگەر ژنیك بەکری گیرا

بو خزمەت لەمالیکدا ، ئەوە مەبەست لەو خزمەتە گسك‌دان‌و نان‌کردن‌و چیشت لی‌نان‌و فەرش راخستن‌و جل‌شتن‌و شتی‌وایە • وە ئەگەر کەسیك بەکری گیرا بو دروست‌کردنی خانوویەك ، پیویستە کەوا جیگە خانووەکەو ژمارەی هودەکان‌و پانی‌و دریژی‌یان‌و باریکی‌و ئەستووری‌و بەرزی‌ی دیوارەکانی‌و چونیەتی‌ی دابەش‌کردنی هودەکان‌و شوینی پەنجەرەو دەرگاو کەرەستەی کردنەوەی خانووەکەو هەرشتیکی تری لەم‌جورە باس‌بکری •

ئەگەر کەسیك زەوی‌یەکی‌دا بەکری کە بو کشت‌و کال تیا کردن‌و باخ تیاناشتن دەسی‌ئەدا، پیویستە باسی بکا کە کابرای بەکری‌وەرگر چ‌جورە کەلکیکی لی‌وەربگری • وە ئەگەر وتی هەرجورە کەلکیکی لی وەرئەگری ئارەزووی خوتە ، ئەوەیش هەر دروستە • هەروەها ئەگەر وتی کشت‌و کالی تیا ئەکەی باشەو ، درەختی تیا ئەنیژی باشە ••

بەلی لە هەندی بەکری‌دانا بەیان‌کردنی جوری کەلك وەرگرتن پیویست نی‌یە بەهوی راگرتنی عورف‌و عادەتەوە • مەسەلا هەموو زانایانی شەرع لەسەرئەوەن کە دروستە ئینسان برواتە حەمام بەکری ، هەرچەند مەعلووم نی‌یە چەند لەوحەمامەدا ئەمینیتەوە بەلام حەرامە زیاتر لە عادەت تیا بمینیتەوە ، وەك چون حەرامە زیاد لە پیویست ئاو بەکاربینی • کابرای حەمامچی‌یش نابی بە ضامنی ئەو بەرگ‌و پوشاکەی کە کابرای حەمام‌کەر دای‌ناوە لە حەمامەکەدا ، مەگەر بەتایبەتی دابیتیە دەستی حەمامچی‌یەکەو ئەویش قوبوولی کردبی •

لە بەکری‌دانی ولاخدا بو سواری شەرتە ناسینی سوارەکە بە عەین ئەگەر بەکری‌دانی عەین بوو ، وە بە بەیانی صیفەت ئەگەر بەکری‌دانی لەئەستودا بوو • هەروەها بەیانی ئەوە کە ئەخریتە سەر ولاخەکە بو سواربوون ، ئاخو کەژاوەیە یا زینە یا جلە یا بارگەیە ئەگەر ولاخەکە بدریتە دەستی بەکری‌وەرگرەکە • وە ئەگەر بریاری هەلگرتنی پاشکو یا

توورەکە بدەن پیویستە تەماشا بکرین یاخود صیفەتیان وە وەزنیان بەیـان بکری • ئەگەر بەیانی ئەمانە نەکرا ئەوە دروست نی‌یە ، چونکە ئەوصافی ئەم جورە شتانەو وەزنیان ئەگوری • وە ئەگەر بریاری هەلگرتنی ئەمانـە نەدرابی دروست نی‌یە بخرینەسەر ئەو ولاخە • هەروەها چاوپی‌کەوتنـی ولاخەکەیش پیویستە ئەگەر بەکری‌دانی عەین بی • بەلام ئەگـــەر بەکری‌دانی لەئەستودا بوو پیویستە بەیانی جینسی ولاخەکە بکری ئاخـو ئەسپە یا حوشترە یا بارگیرە یا چی‌یە ، وە نەوعەکـەی ، وە ئاخو نیرە یـا می‌یە • هەروەها بەیانی مەسافەی ریگە رویشتنی ئەو ولاخە ئەگەر بریاری مەنزل نەدرابوو لەوریگەیەدا • ئەگینا بەکری‌دانی لەسەر ئەوجورە ئەروا کە بریاریان داوە •

هەروەها پیویستە لەبەکری‌دانی ولاخدا بو هەلگرتنی بار ، بارەکـە بناسری • یەعنی ئەگەر حازر بوو تەماشای بکری‌و بەراوردی بکری لەبارەی سەنگ‌و سووکی‌یەوە بەدەست ئەگەر لەناو توورەکەدا بوو • وە ئەگـەر بارەکە لەوشـوینەدا نەبوو پیویستە بە کیشانە یا بە پیوانە سـەنگەکەی یـا ئەندازەکەی راگیر بکری • جا کە زانرا سەنگەکەی چەندە ، پیویسـتە بزانری چی‌یە ، گەنمە یا جویە یا هەرچی‌یەکی‌ترە • وە ئەگەر بە پیوانـە زانرا چەندە پیویست ناکا بزانری چالیکە • بەلام پیویست نی‌یە بەیانـی جینسی ولاخەکە ، مەگەر کەل‌وپەلەکەی کە پی‌ی‌هەل‌ئەگیری ناسک بـی وەك شووشە ، ئەوە پیویستە بەیانی جینسی ولاخەکە بکری بوئـەوەی ئاگاداری‌ی کەل‌وپەلەکە بکری •

باسی ئەو کەلکانەی
کە بەکری‌دانیان دروستە یا دروست نی‌یە

دروست نی‌یە بەکری‌گرتنی موسولمان بو ئیشیك کە پیویست بـی لەسەری ، وەك بەکری‌گرتنی بو غەزا ، چونکە هەر موسولمانیك کەوتـە

مەیدانی شەڕەوە لەگەل کافران پیویستە لەسەری شەر بکا • هەروەهـــا دروست نی‌یە بەکری گرتن بو هەر عیبادەتیك کە نی‌یەت هینانی پیویست بی ، وەك بەکری گرتن بو نویژو روژو چونکە ئەمجورە عیبادەتانە بوئـــەوە دانراون ئینسان بە نەفسی خوی بی‌یان‌کا ، کەواتە غەیری خوی لەجیگەیدا دانانیشی ، مەگەر بو حەج‌و عومرە بو مردوو یا بو زیندوو بەوشەرتە کابـرا خوی پەکی کەوتبی ، وە بو بەش‌کردنەوەی زەکات بەسەر موستەحەقاندا ، وە بو بەش‌کردنەوەی کەفارەت‌و قوربانی کردن‌و بەش‌کردنەوەی گوشتی قوربانی‌و روژووگرتن لەجیاتی‌ی مردوو • هەروەها دروست نی‌یە عەقـدی بەکری گرتن لەسەر پیش‌نویژی (امامة) وە هەرشتی بریار بدری بـــــو پیش‌نویژ بەخیرو حەسەنات دائەنری ، وە کری نی‌یە ، چونکە پیش‌نویژە کە خوی نویژی لەسەرە ، وە هەرچون بی ئەو نویژەی هەر ئەکا • ریگـــای راپەراندنی ئەم مەسئەلەیە ئەوەیە ئەو کەسانەی پیش‌نویژ ئەگرن نویژیان بو بکا لە مالی خویان ئەندازەیەك پارە نەذر بکەن لەو پیش نویژە بەرابەر بەو چاکەیە کە لەناویانا دائەنیشی‌و نویژیان بو ئەکا •

بەلام دروستە بە عەقدی (جعالە) پارەیەك قەرار بدەن بو ئەو کەسەی پینج فەرزە لە جیگەیەکی تایبەتی‌دا یا لە میحرابی مزگەوتدا حازر ئەبی بو پیش‌نویژی • جا ئەگەر ئەم پیش‌نویژە یەکیك لەجیگەی خویدا دابنـــی بەرابەر بەئەندازەیەك پارە ، ئەوە دروستە ، بەلام ئەبی ئیذنی ئەو کەســەی لەسەربی کە ئەمیشی داناوە ، وە ئەو کابرا چ‌پارەیەکی بو دانراوە ئەیکەوی ، هەروەکو خویشی موستەحەقی ئەوپارەیەیە کە بەهوی جعالەوە بوی‌دانراوە • تیکرا هەر عیبادەتیك پیویستی بە نی‌یەت بی‌و واجب نەبی ، بەکری گرتنی تیا دروستە • کەواتە دروستە بەکری گرتن بو بانگ‌دان‌و سەلەوات‌دان لە پیغەمبەر صلی الله علیه وسلم لەدوای بانگەوە لە هـەموو فەرزەکاندا ، تەنهـا پاش نویژی مەغریب نەبی چونکە ماوەکەی کەمەو مەترسی‌ی ئەوە ئەکری کە وەختەکەی تی‌پەری •

دروسته بەکری گرتن بو خویندنەوەی خوطبەی جومعە ، وە بو ئاموژگاری کردنی موسولمانانو فیرکردنی ئادابی دینو نیشاندانی واجبو سوننەتو وتنەوەی دەرسی قورئان • هەروەها دروستە بەکری گرتن بو راپەراندنی مردوو وەك شوردنو كفن كردنو ناشتنی • وە بو دەرس وتنەوەی عولوومی دین بەمەرجی کە قوتابی‌یەکان دیاری بنو ئەوەش دیاری بکری کە ماموستا بەکری گیراوە کە دەرسی چی‌یان پی‌بلی ، چونکە ئەم‌جورە دەرس‌وتنەوەیە نە نی‌یەتی ئەوی‌و نە واجبە لەسەر ماموستا • ئەگەر هاتو ئەوشەرتانە نەهاتنەدی ئەوە بە ئیجارەو بەکری گرتن ناژمیرری چونکە دەرس‌وتنەوە تیکرا ضەبط ناکری و بو ئیجارە دەس‌نادا ، بەلکو بە (جەعالە) ئەدریتە قەلەم ، یەعنی ئەوکەسانەی کە ئەو قوتابخانەیە ئەبەن بەریوە ، یا حوکوومەتی سەردەم بریار ئەدەن هەرکەسیك روژی ئەوەندە سەعات لەو قوتابخانەیەدا دانیشیت دەرس بلیتەوە بە هەرکەس کە بی‌یەوی بخوینی ، ئەوکەسە مانگی ئەوەندە دیناری ئەدریتی بو ژیاندنی خوی‌و خیزانی • ئەوەش دروستە چونکە مەودای جەعالە فراوان‌ترە لە مەودای بەکری گرتن ، وە مادەم ئەو ماموستایە هەموو روژی لەو قوتابخانەیەدا دانیشیت‌و ئامادە بی بو دەرس وتنەوە ، موستەحەقی ئەو مانگانەیە ئەبی خوا کەس ببی دەرس بخوینی یا نەبی[1] •

هەروەها دروستە بەکری گرتن بو خویندنی قورئان بو زیندوو ، وە بو مردوو لەماوەیەکی دیاری‌کراودا ، یا بە ئەندازەیەکی دیاری‌کراو بە جوزء یا بە سوورەت • جا ئەگەر قورئان خویندنەکە بو مردوو بوو ئەبی ئەو قورئان خوینە یا قورئانەکە لەسەر قەبری مردووەکە بخوینی ، یاخود

---

(١) گەلیك لە زانایانی شەرع لایان وایە دروستە بەکری گرتن بو بەجی‌هینانی فەرزی کیفایە وەك نویژی مردوو ، بە دەلیلی ئەوەدا کە کوکەرەوەی زەکات بەشیکی بو دیاری کراوە ، وە فەرموودەی راستتر ئەوەیە ئەوبەشە لەجیاتی کری‌یەتی •

لەپاش خویندنەکەیەوە بلی خوایە خیری ئەم قورئان خویندنە بگەیەنە بەو مردووە • ئەگەر بو زیندۆو بوو ، ئەبی یا کابرای بەکری گر خوی حازر بی لەکاتی قورئان خویندنەکەدا ، یا قورئان خوینەکە لەکاتی خویندنەکەیدا نی‌یەتی ئەوەی لەدلدابی کە خیری خویندنەکەی بو ئەو بەکری گرە بی • وە ئەگەر ئەو قورئان‌خوینە کە قورئان بو مردوو ئەخوینی ، لەکاتی خویندنەکەیدا ئەوەی لە دلدابی کە بو ئەو مردووەی ئەخوینی ، وە لە ئاخریشەوە دوعای خیری بو بکا ئەوە گەلی باشترە •••

(بزانن) لەصوورەتی بەکری گرتنی کەسیکدا بو قورئان خویندن ، پیویستە ئەو بەکری گیراوە قورئان بزانی • وە ئەگەر ئەندازەیەکی بەهەلە خویندەوە ، ئەبی بەرەوانی دووبارەی بکاتەوە • وە ئەگەر بە لەشی پیسەوە خویندی ، قەرزار ئەبی چونکە لەش پیس گوناهی ئەگا قورئان بخوینی • دروست نی‌یە بەکری گیراو لەجیاتی‌ی هەموو قورئان سیەجار سوورەتی (قل هو الله احد) بخوینی ، وە بلی ئەوە خیری خەتمیکی قورئانی هەیە ، چونکە ئەو بو خویندنی هەموو قورئان بەکری گیراوە •

بەکری گرتن دروستە بو پەروەردەکردن‌و دایەنی کردنی منال ، وە بو شیر پیدانی ، بەیەکەوە یا جیاجیا ، وە یەکیك لەمدوانە نابی بەهوی بەکری گرتن بوئەویان • مەبەست لە پەروەردەکردن‌و دایەنی کردن خزمەت‌کردن‌و پاراستن‌و شوردنی گیان‌و جل‌و بەرگ‌و دەسرازەو پەروو تەماشاکردنی بیشکەو پیچانەوەو کردنەوەی‌و هەرجورە کرداریکی‌ترە کە لەگەل منالدا بکری • ئەگەر کەسیك کەسیکی بەکری گرت بو شیردان بە منالیك بە ئیجارەی عەین ، وە ئەوکەسە بەکری گیراوە شیرەکەی وشك بوو، لەوکاتەوە بەکری گرتنەکە هەل‌ئەوەشیتەوە• هەروەها ئەگەر بەکری‌ی

گرت بو تیکرای دایەنیو شیرپیدانو شیرەکەی وشکی کرد • وە ئەگەر بەکریگرتنی لەئەستودا بوو ، ئەوە قەیدی نییە چونکە ئەوکەسە بەکریگیراوە ئەتوانی شیری بو بکریو بیکا بەقورگیا •

فەرموودەی راستتر ئەوەیە لە بەکریگرتندا بو نووسینو دروومانو ئەم جورە شتانە تەماشای عورفو عادەت ئەکری • وە هەرچی پیویستبی لەسەر بەکریگر واجبە بیداتی ، وە هەرچی واجب بی لەسەر بەکریگیراوەکە ئەبی خوی جیبەجیی بکا • وە ئەگەر عورفوعادەت بە یەکجور نەبوو ، بەلکو لە هەرشوینیکدا بەجوریك بوو ، ئەبی بەیانی ئەوە بکری کە چی پیویستە لەسەر بەکریگرەکە ، وە چی پیویستە لەسەر بەکریگیراوەکە ، وە ئەگەر بەیانی ئەوشتانە نەکرا بەکریگرتنەکە بەتالەو دانامەزری •

باسی هەندی حوکمی بەکریدان

پیویستە لەسەر ئەوکەسەی خانوو ئەدا بەکری ، کلیلی خانووەکە بدا بەکریچییەکە ، وە هەر شوینیکی خانووەکە پیویستی بە ئاوەدان کردنەوە بی ئاوەدانی بکاتەوە • جا ئەگەر دەسوبردی کردو خانووەکەی ئاوەدان کردەوە ، ئەوە باشە • ئەگینا کریچییەکە حەقی پەشیمان بوونەوەی هەیە ، وە کریی ئەو ماوەیە ئەدا کە لەمالەکەدا بووە • لابردنی بەفر لەسەر بانی خانووەکە لەسەر خاوەن مالەکەیە ، وە پاك کردنەوەی حەوشەکەی لە بەفرو لە هەرچیتر لەسەر کریچییەکەیە •

ئەگەر کەسیك ولاخیکی دا بەکری بو سواری ، ئەبی کورتانو ژیرکورتانو تەنگەو پالوو حەلقەی لووتی حوشترو ئەمجورە پیویستییانەشی لەگەلدا بداتی • بەلام کەژاوەو چەتری کەژاوەو رایەخی ناوکەژاوەو ئەو

پەردەیەی ئەدری بەسەریا ، ئەوە لەسەر کری‌چی‌یە •

فەرموودەی راستتر ئەوەیە بو زینی ئەسپو ماین تەماشـــای عورفو عادەت ئەکری ، ئاخو لەسەر کامیانە • هەندی لە زانایان وتوویانە ئـــەو شتانەی‌تریش کە ئیستا باسمان کردن هەر تەماشای عورفو عادەتیان تیـــا ئـــەکری •

لە بەکری‌دانی لەئەستودا ، شتیك کە مالەکەی تی‌بخری لەســـــەر خاوەن ولاخەکەیە • وە لە بەکری‌دانی عەینی‌دا لەسەر کری‌چی‌یەکەیە • واجبە لەسەر خاوەن ولاخ لە بەکری‌دانی لەئەستوبوزدا لەگەل ولاخەکەیدا بروا بو ئەو شوینە کە ولاخەکەی بو ئەبـەن تا ئاگای لی‌ی‌بی‌و یارمەتـی‌ی کری‌چی‌یەکە بدا ، بەپی‌ی توانا ، لە سواربوونو دابەزینو باربارکردنو بار داگرتندا • بەلام لەبەکری‌دانی عەیندا هیچ‌کام لەم‌ئیشانەی ناکەویتـــە سەر ، تەنها ئەوەندە هەیە ئەبی ولاخەکە بدا بەدەس کری‌چی‌یەکەوە •

عەقدی بەکری‌دان هەل‌ئەوەشیتەوە بەنیسبەت بو لەمەوپاشەوە ، بەهوی فەوتانی حەیوانە بەکری دراوەکەوە لە بەکری‌دانـی عەینـدا • بـــەلام لە بەکری‌دانی لەئەستودا بەوە هەل‌ناوەشیتەوە چونکە کابرای خـاوەن ولاخ ئەتوانی ولاخیکی‌تری لەجیاتی‌ی ولاخە فەوتاوەکە بو بهینی• حەقی پەشیمان بوونەوەی دەس‌بەجی‌یش جی‌گیر ئەبی بەهوی دەرکەوتنی عەیبیکەوە لـە مالە بەکری‌دراوەکەدا •

باسی ئەو ماوەیە کە کەلکی مالی بەکری‌دراوی تیا دیاری ئەکری وە باسی ئەمانەتی کری‌چی‌و هەندی شتی‌تر

دروستە عەقدی بەکری‌دان بو ماوەیەك کە ئەومالە بەکری‌دراوە زیاتر

وابی لەو ماوەیەدا نەفەوتیو بمینیتەوە ، وەك ئەوە كە جلوبەرگیكــی تازە بو چەند مانگیكیوا بدری بەكری كە بەعادەت لەو چەند مانگەدا ئەو جلـە نەدڕی ، یا بەكریدانی ولاخیك بو چەندسالیك كە زیاتر وابی ئـەو ولاخە لەو چەندسالەدا نەمری • خانوویش ئەدری بەكری بو ئەوەندە سال كـــە ئەندازیارو شارەزایان بلین ئـــەو خانووە لەو چەنــد ســالەدا ناڕووخیت • زەوییش مادەم وەقفكراو نەبی دروستە بدری بەكری بو هەرچەند سال كە خاوەنەكەی ئارەزووی لیبی •

بەلام خانوو یا زەویی وەقفكراو ئەگەر وەقفكەرەكە بەشەرتــی گرتبوو بو ماوەیەكی تایبەتی نەبی نەدری بەكری ، ئەوە واجبە لەســـەر بریارەكەی ئەو بدری بەكریو بیگوییی نەكری • وە ئەگەر شـــتیوای بەشەرت نەگرتبوو ، تەماشای مەسلەحەتی مالە وەقفكراوەكە ئەكری ، وە بەپیی ئەو مەسلەحەتە ئەدری بەكری ، بەوشەرتە ماوەی بەكریدانەكەی نەگاتە رادەیەك كابرای كریچی بتوانی دەس بەسەر مالە وەقفكراوەكەدا بكیشیو بیكا بە مالی خوی •

(بزانن) لە بەكریدانا چەند شت هەیە (مستوفی) یەعنی ئەوكەسە كە قازانج لە مالە بەكری گیراوەكە وەرئەگری • (مستوفی منە) ئەو شـــتە بەكریدراوەی كە قازانجەكەی لی وەرگیراوە وەك خانوویەك كە درابـــی بەكری • (مستوفیفیە) ئەو شوینەی كە كەلكو قازانجەكەی تیا وەرئەگیری لە مالە بەكریگیراوەكە ، وەك ئەو ریگایەی كە ولاخە بەكریگیراوەكەی پیا ئەبری • (مستوفیبە) ئەوشتەی كە بەهوی ئەوەوە قازانجی مالـــــە بەكریگیراوەكە وەرئەگیری وەك ئەو مندالەی كە ژنیك گیراوە بەكری بو ئەوە شیری پیبدا ، وە جلیك كەوا بەرگدروویەك بەكری گیراوە بوئەوەی بیدووری •

له بەکری‌دانا دروستە گورینی ئەوکەسە کە قازانج لە مالە بەکری گیراوەکە وەرئەگری ، مەسەلا کەسیك خانوویەکی بەکری گرتبی بوخوی دروستە کەسیکی‌تری تیا دابنی مادەم لەخوی زیاتر زیان نەگەیەنی بەخانووە ، خواە کابرای خاوەن مال رازی بی یا نە ، هەتاوەکو ئەگەر لە بەکری‌دانا شەرتی ئەوە کرابوو کری‌چی‌یەکە مالەکە نەدا بە کەسی‌تر ئەوە ئەوشەرتە دانامەزری • مەسەلا دروستە بو دارتاشیك کە دووکانیکی گرتبی بەکری ، دارتاشیکی‌تر لەجیاتی‌ی خوی دابنی ، بەلام دروست نی‌یە ئاسنگەریك یا دەباغیك لەجیاتی‌ی خوی دابنی لەودووکانەدا •

کەسیك کە ولاخیکی گرتبی بەکری سواری ببی بو جیگایەك ، دروستە کەسیکی‌تری سوار بکا لەجیاتی‌ی خوی بەوشەرتە سەنگی ئەوەندەی خوی یا لەخوی سووك‌تر بی • بەلام دروست نی‌یە کەسیکی لەخوی قەلەوتری سوار بکا• وە یەکیك جووتی گای بەکری گرتبی بو ئەوەی جووتیان پی‌بکا، یا ولاغیکی بەکری گرتبی بوئەوەی داری پی‌بهینی ، دروستە بیداتە دەستی کەسیکی‌تر جووتیان پی‌بکا یا داری پی‌بهینی مادەم شوین جووتەکەی ئەم کابرا لە شوین‌جووتەکەی ئەو رەقەن‌تر نەبی ، وە ریگەی‌دارەکەی ئەم لەریگای دارەکەی خوی سەخت‌تر نەبی یا دوورتر نەبی • خو ئەگەر کابرای دووهەم وەکیلی کابرای یەکەم بوو ئەوە دیارە باشترە لەوە کە بەخورایي دابیتیە دەستی •

ئەوشتەش کە بەکری گیراوە بو ئەوەی قازانجەکەی لی‌وەرگیری وەك خانوو یا ولاخ ، ئەگەر بەشیوەی عەینی بەکری گیرابوو ، دروست نی‌یە بگورری بە هاوچەشنی خوی • وە ئەگەر فەوتا بەکری‌دانەکە هەل‌ئەوەشیتەوە • وە ئەگەر بەکری‌دانی لەئەستودا بوو ، دروستە • وە هەرکاتیکیش فەوتا پیویستە بگورری بە یەکیکی‌تری وەك فەوتاوەکە •

ئەوشوینەش کە قازانجەکەی تیا وەرئەگیری وەك ریگەی سەفەری کاروانی ، دروستە بگوری بە ریگەیەکی‌تر بەوشەرتە لەبارەی دووری‌و نزیکی‌و ئەمینی‌و ئاسایش‌و رەحەتی‌یەوە لەوەی پیشوو کەمتر نەبی •
ئەوشتەش کە بەهوی ئەوەوە قازانج لە مالە بەکری گیراوەکە وەرئەگیری وەك مندالیك کە درابی بە دایەن ، ئەمیش گورینی دروستە ، بەوشەرتە کە لە عەقدەکەدا نەگورینی بەشەرت نەگیرابی • کەواتە دروستە لەجیاتی‌ی منالە دایەن بوگیراوەکە منالیکی‌تر بهینری‌و ئافرەتەکەی بو بکری بە دایەن •

ئەگەر کەسیك ولاخیکی بەکری گرت‌و باری لی‌ناو لەریگادا بارەکە فەوتا ، دروستە کابرای کری‌چی باریکی‌تری وەکی ئەوی پیشوو بنی لە ولاخەکە • یا ئەگەر کەسیکی سوار کردو لەریگەدا سوارەکە مرد ، دروستە کەسیکی‌تری سوار بکا کە لەوی پیشوو قورستر نەبی • بەلام دروست نی‌یە لەجیاتی‌ی بارە فەوتاوەکە کەسیکی سوار بکا ، یا لەجیاتی‌ی سوارە مردووەکە باریکی لی‌بنی •

(بزانن) دەستی بەکری‌وەرگر بەسەر مالی بەکری گیراوەوە دەستی ئەمانەتە لەماوەی بەکری گرتنەکەدا • وە لەپاش ئەو ماوەیەش مادەم بەکاری نەهینی‌و خەیانەتی لی‌نەکا • وە واجبە لەسەری پاش تەواوبوونی بەکری‌دانەکە خەبەر بدا بە خاوەن‌مالەکە تا خوی یا وەکیلی بین‌و مالەکە وەربگرنەوە • ئیتر لەسەر ئەم بەکری‌وەرگرە واجب نی‌یە خوی بیباتەوە یا بە وەکیلی خوی‌دا رەوانەی بکاتەوە ، بەلکو ئەگەر کابرای خاوەن‌مال ئەوەی بەشەرت گرتبی کە بەکری‌وەرگرەکە خوی بیباتەوە ، ئەوە بەکری‌دانەکەی بەتالە •

بەلام ئیمامی (سبكي) فەرموویەتی مالی بەکری‌وەرگیراو وەك ئەمانەتی شەرعی وایە ، یەعنی وەك شتیکە با بیخاتە ناوحەوشی مالی کەسیکەوە ، وە

خاوەنەکەی دیار نەبی ، چون واجبە ئەو شتە بەریتەوە بو خاوەنەکەی یاخود خەبەری بدریتی بیت وەری‌بگریتەوە ، بەوجورە پیویستە مالی بەکری وەرگیراویش پاش تەواوبوونی ماوەی بەکری‌دانەکەی ، کری‌چی‌یەکە بیباتەوە بو خاوەنەکەی یا خەبەری بو بنیری تا بیت وەری‌بگریتەوە •

جا ئەگەر خوی بردیەوە ، پیویستە یا لی‌ی‌بخوری یاخود رای‌بکیشی ، وە نابی سواری ببی ، ئەگینا ئەبی بە ضامنی ، مەگەر ئەوەندە سەرکیش بی بە بی‌سواربوونی نەبریتەوە • وە ئەگەر ولاخەکە سەرکیش نەبوو دروست نی‌یە سواری ببی هەرچەند لایقی شانی ئەم کابرایە نەبی بە پی بروا بەشوینی ولاخەکەدا • وە ئەم‌صوورەتە وەك صوورەتی ئەوە نی‌یە کەسیك مالیکی کریبی‌و عەیبدار بی‌و بەهوی عەیبەکەیەوە بیباتەوە بو فروشیارەکەی ، بو ئەو دروستە سواری ببی چونکی هیشتا لە خاوەن‌مالی نەکەوتووە ، بەلام کری‌چی خاوەن‌مال نی‌یەو بردنەوەی ولاخی بەکری‌گیراویش واجب نی‌یە لەسەر کری‌چی ، وە بە ئارەزووی خوی ئەیباتەوە • بەلام دانەوەی ولاخی عەیبدار پیویستە لەسەر کریار • کەواتە ئەگەر کریار کابرایەکی خاوەن شان‌و شکو بوو دروستە سواری ولاخەکە ببی ••

ئەگەر کری‌چی بەبی‌عوزر خەبەری نەدا بە خاوەنی مالە بەکری‌وەرگیراوەکە ، ئەبی بە ضامنی ئەو مالەو بە ضامنی کەلك‌و قازانجەکەشی • هەروەها ئەگەر بەکری‌گرتنەکە لەبەر هویەك هەلوەشایەوەو کری‌چی خەبەری نەدا بە خاوەن مالەکە ، ئەوە ئەبی بە ضامنی مالەکەو کەلك‌و قازانجیشی •

ئەگەر کەسیك ولاخیکی بەکری‌گرتبوو بو بار یا بو سواري ، وە قازانجی لی وەرنەگرت‌و بەستیەوە ، نابی بە ضامنی ئەو ولاخە مەگەر بەجی‌ی‌بهیلی‌و گوی‌ی نەداتی‌و خانوو برووخی بەسەریا ، لەکاتیکا کە ئەگەر

بیبردایە بو ئیش نەفەوتایە ، وەك ئەوە كە خانوو رووخانەكـــە لە روژا وە لەكاتی ئیشكردنی عادەتیدا بی •

ئەگەر كەسیك كریكاریكی گرتبوو بو ئیش پی كردن وەك دوورینی كەوایەك،وە بە بی كەمتەرخەمی لەم بەكری گیراوەوە مالەكە لەدەستیا فەوتا، ئەوە ضامن نابی • بەلی ئەگەر كەمتەرخەمیی كرد ئەبی بە ضامنی • بـــە كەمتەرخەمی دائەنری ئەوە كە شوانی بەكری گیراو بو لەوەراندنی ران ، بە بی ئیذنی خاوەن حەیوانەكان بییانداتە دەستی كەسیكیتر ، ئـــــەوە هەردوكیان ضامن ئەبن ، وە بریار لەسەر ئەویانەیە كە مالەكەی لەدەســتدا فـەوتاوە •

بەلام پیویستە بزانری شوان بەوشەرتە ئەبی بە ضامن كە بالغو خاوەن روشدو فام بی • ئەگینا شوانی نابالغ ، یا بالغی نەفام ، ئەوە بە هیچجوری نابی بە ضامن ، مەگەر بەدەستی خوی حەیوانەكان بفەوتینی •

ئەگەر مالی كابرای خاوەنمال بەدەست كابرای بەكری گیراوەوە فەوتا بە بیئەوە كەمتەرخەمیی تیاكردبی وەك ئەوە كەسیك بەرگدروویـــــەك بەكری بگری جلیكی بو بدووریو قوماشەكەی لای ئەو بەرگـــــدرووە بسووتی یا بدزری بەبیئەوە كەمتەرخەمیی كردبی تیایا ، ئەوە ضامن نابی، بەلكو كریی ئەو ئەندازە ئیشـــەشی ئەكەوی كـــە كردوویە • بـــەلی گیراویانەتەوە بەدەم ئیمامی (نووی)و ئیمامی (رافعی)یەوە كەوا فەرموویانە ئەگەر كەسیك كەسیك بگری بەكری بوئەوە گوزەیەكی بو هەلبگریو ئەویش هەلیبگریو بشكی بەدەسیەوە ، ئەوە هیچ كریی ناكەویتەســـــەر خاوەنگوزەكە چونكە هیچ ئیشیكی نەكردووە بوی • بەلام ئەم قســـەیە ، وەك هـــەندی لەزانایان لیكیانداوەتەوە ، مەعنـــای وایە ئەو كریكـــارە كـــە گوزەكەی هەلگرتووەو گورج بەدەسیەوە شكاوە ، بویە هیچی ناكـــــەوی چونكە ئیشیكیوای نەكردووە كریی بكەوی لەبەرابەریا • كەواتە ئەگەر

ماوەیەکی زور گوزەکەی برد ئەوجا شکا ، ئەوە بەپێی ئیشی لەوماوەیەدا کرێی ئەکەوێ تا رەنجی ئەو کریکارە بەزایە نەروا • کەلکی کابـــرای خاوەن گوزەیش ئەوەیە کە ئەوماوەیە مانـــــدوو نەبوە بە هـــــەلگرتنی گوزەکەیەوەو ئازاری پێ نەگەیشتووە ، وە بەپێی ئوسوولی ئەو شـــوینە قەدری کەم نەبوەتەوە بەهوی ئەوەوە کە خوی گوزەیەك بگری بەدەستیەوە •

ئەگەر کەسیك بەکری گیرا بو پاسەوانی کردنی مالیك ، وە ئەو مالـە دزرا ، ئەوە ئەو کەسە بەبێخەیانەتو کەمتەرخەمی ضامن نابی • وە ئەگەر لەگەل خاوەنمالەکەدا بوو بەهەرایان لەبارەی ئەوەوە ئاخو کەمتەرخەمیی کردووە یا نەی کردووە ، وە شاهید نەبوو لەسەر ئـەوە کەوا کەمتەرخەمیی کردووە ، ئەوە ئەو پاسەوانە بە سویند باوەری پێ ئەکری •

ئەگەر کەسیك قوماشیکی دا بە بەر گدروویەك بوی بدووری ، وە ناوی کرییان نەبرد ، ئەگەر کابرا ناوبانگی بە بەرگدروو دەرنەچووبوو هیچی ناکەوی • وە ئەگەر ناوبانگی بەوجورە دەرچووبوو ، ئەوە لەسەر عادەتـی ئەوشوینە کرێی ئەکەوی • وە ئەگەر کریچی غەدری کرد لەمالەکەدا ، مەسەلا زیاتر لەعادەت دای لە ولاخەکە ، یاخود لەغاوەکەی کوتایـە دەمی ، یا زیاتر لەعادەت باری نایە سەری ، یا خانوویەکی بوخوی بەکری گرتبوو کەوا بەرگی تیا بدووری ، کەچی ئاسنگەریکی تیادانا ، ئەوە ضامن ئەبی •

هەروەها ئەگەر کەسیك ولاخیکی بەکری گرت بو هەلگـــرتنی دە تەنەکە گەنم ، مەسەلا ، کەچی دە تەنەکە جوی لێنا ئەوە ضامن ئەبی چونکە جو لە گەنم زیاتر جی ئەگری • یا ئەگەر بو دە تەنەکە جو بەکرێی گرتو دە تەنەکە گەنمی لێنا چونکە گەنم لە جو قورســـترە • یاخود ئەگەر لـە کیشانەدا لەجیاتیی گەنم جوی لێنا لەبەرئەوە کە جـو جیگـــەی زورتری ئەوی • بەلام ئەگەر لەمحالەدا لەجیاتیی جو گەنمی لێنا ، ئەوە ضامن نابی لەبەرئەوە کە سەنگ هەمان سەنگەو گەنمیش جیگەی کەم ئەگریت •

ئەگەر کەسیك ولاخیکی گرت بو ئەوە کە دە تەنەکە گەنمی لی‌بنی ، کەچی یازدە تەنەکەی لی‌نا ، ئەوە کری‌ی زیادەکەی ئەکەویتە سەر • وە ئەگەر بەهوی ئەو زیادەوە فەوتا ئەوە ضامنیشی ئەبی بەوشەرتە خـاوەنی ولاخەکەی لەگەل نەبی • وە ئەگەر لەگەلیا بوو ئەوە هەر ضامنی بەشـی زیادەکەی ئەبی ، یەعنی ضامنی یانزەیەکی قیمەتی ولاخەکە ئەبی • ئەگەر کابرای کری‌چی لەجیاتی‌ی دە تەنەکە یازدە تەنەکەی دایە دەستی خاوەن ولاخەکە تا بینی لی‌ی ، ئەویش نەی‌زانی زیاترە لەوەی بریاریان داوەو نای لە ولاخەکەی ، ئەوە ئەگەر ولاخەکە فەوتا کابرای کری‌چی ئەبی بـە ضامنی ، هەروەها ئەبی بە ضامنی کری‌ی ئەو ئەندازە زیادەیشە • وە ئەگەر کابرای خاوەن ولاخ بارەکەی کیشانە کردو بە زانستو ئاگاداری‌ی خوی نای لە ولاخەکەی ، وە بەهوی ئەوەوە ولاخەکەی فەوتا ، ئەوە کـری‌ی زیادەکەی ناکەوی‌و کابرای کری‌چی‌یش ضامن نابی ، چونکە کەمتەرخەمی لە کابرای خاوەن ولاخ خویەوە بووە • وە ئەگەر کەسیك قوماشیکی دا بە بەرگدروویەك بوی بدووری ، وە پاشان بوو بەهەرایان لەسەرئەوە کـە کابرای خاوەن قوماش ئەیوت پیم‌داوی بو ئەوەی بوم بدووری بە فـلان بەرگ ، وە بەرگدرووەکەیش ئەیوت وتووتە بوم بکە بە فیسـار بەرگ ، لەم‌حالەدا فەرموودەی دیاری‌تر ئەوەیە باوەر بە سویندی خاوەن قوماشەکە ئەکری ، وە ئەبی بەرگدرووەکە تولەی ناتەواوی‌یەك کە پەیدا بووە لـە قوماشەکەدا بیداتەوە بە خاوەنەکەی •

باسی هەلوەشاندنەوەی بەکری‌دان

(بزانن) بەکری‌دان لە عەیندا بی یا لەئەستودا بی ، هەلناوەشیتەوە لەبەر عوزریك نەبی کە ببی بەهوی تیکچوونی ئەوشتەی عەقدەکەی لەسەر کراوە• کەواتە بەکری‌دان هەلناوەشیتەوە بە دەس‌نەکەوتنی سووتەمەنی بو حەمام ،

یا بە نەخوش کەوتنی ئەو کەسە کە ولاخێکی بەکری گرتووە بوئـــەوەی سەفەری پێ‌بکا • وە بەهوی ئەوەوە کە بەلایەك بەسەر کشت‌و کالدا بیـت بەکری گرتنی زەوی‌یەکەی هەلناوەشیتەوەو کابرای کری‌چی‌یش حەقـــی هەلوەشاندنەوەی ئەو بەکری گرتنـــەی نابی ، چونکــــە ئەم کابرا مالی بەکری گرتووە ، هەرچەند قازانج بکا بوخویەتی‌و هەرچەندیش زیانـــی تووش‌ببی ئەکەویتە ئەستوی خوی ، هەتاوەکو ئەگەر لە عەقدەکەدا شەرتی ئەوە کرابوو کە ئەگەر بەلایەك پەیدابوو کری‌کە کەم‌بکریتەوە ، ئەو شەرتە عەقدی بەکری‌دانەکە هەل‌ئەوەشینیتەوە • وە ئەم بریارەی ئەمرو لەبەینـی خەلکا هەیە هەر عادەتی رووتەو لەسەر پیاوەتی زیانی کری‌چی ئەخەنـــە ئەستوی خویان‌و نایەلن زیانی لی‌بکەوی ، ئەگینا بەپی‌ی شەرع واجب نابی•

بەلی ، ئەگەر جیا لە عەقدی بەکری‌دانەکە کابـــرای خاوەن زەوی نەذری‌کرد لەسەر خوی چاوپوشی بکا لە زیانی کری‌چی‌یەکە ، ئەوە دروستە بەوشەرتە نەذرەکەی شەرعی بی ، مەسەلا بلیت مادەم تو ئارەزووت لـــە بەکری گرتنی زەوی‌ی منەو حەزت لەوەیە لیمەوە نزیـــك بی ، وا منیش نەذرم‌کرد لەسەر خوم هەر زیانیکت لەم بەکری گرتنەدا تووش ببی بـوت بژیرم • لە حالی‌وادا ئەم بژاردنەوەیە دروستە •

عەقدی بەکری‌دان هەل‌ئەوەشیتەوە بە نەمانی ئەوشتە کە عەقدەکەی لەسەرکراوە بەتایبەتی ، وەك ئەوە کە خانوویەکی بەکری‌دراو برووخی ، یا ولاخێکی بەکری‌دراو بمری ، یا زەوی‌یەکی بەکری‌دراو بو زەراعەت تیاکردن لافاو پری بکا لە بەردو کەلکی کشت‌و کال تیا کردنی پیوە نەمینی • بەلام ئەم هەلوەشانەوەیە تەنها بو ماوەی پاشەوەی بەکری دانەکەیە ، نەك بو لەوەپیشی ، چونکـــە هویەك نـــی‌یە بو هـــەلوەشـــانەوەی مـــاوەی لەوەپیشـــــــی ، وە بەکری‌دانەکە بو ئـــەو دەمـــە دامـــەزراوەو کری‌ی ئەوماوەی بەپی‌ی نیسبەتی بو هەموو ماوەکە ئەژمیرری‌و ئەدری بـــە

خاوەن‌ماڵەکە • ئیتر لە بەکری‌دانیکا کە لە ئەستودا بی ، ئەوە هەرچەنـــد بەکری‌دراوەکە بفەوتی ، بەکری‌دانەکە هەڵناوەشیتەوە چونکە بەکـــری وەرگر ئەوەی ئەوی ئیشەکەی بو جی‌بەجی ببی ، ئە حەقی ئەوەی نی‌یـــە لەوە بکولیتەوە ئابرای بەکری‌دەر ئەوئیشەی چون وە بەچی بو جی‌بەجی ئەکـا •

هەروەها بەکری‌دان هەڵناوەشیتەوە بە مردنی عەقدکەرەکان ، بەلکـو میراث گریان لەجیگەیانا دائەنیشی بو وەرگرتنی کری‌و قازانج وەرگرتن لە شتە بەکری‌دراوەکە ، بەلام ئەگەر کەسیان میراث‌گری نەبوو عەقدەکـــە هەڵئەوەشیتەوە •

هەروەها عەقدی بەکری‌دان هەڵناوەشیتەوە بە مردنی سەرپەرشتی‌کەری ماڵی وەقف ، وە ئەو کەسەی کە بەپی‌ی شەرع ئەبی بـــەجی‌گری ئـــەو سەرپەرشتی‌کەرە مردووە ، لـــــەجیگای ئەوا دائەنیشی • جا ئەگـــەر سەرپەشتی‌کەری پیشوو لەوەختی خویا کری‌کەی وەرگرتبی‌و خەرجـــی کردبی بو خاوەن حەقەکان ، ئەوە باشە • وە ئەگەر بوخوی خەرجی کردبی جیا ئەکریتەوە لە میراتەکەی‌و ئەدری بەو خاوەن حەقانە •

ئەگەر چینی یەکەم لەوانەی کە زەوی‌یەکەیان لەسەر وەقف کراوە ، زەوی‌یەکەیان دابوو بەکری بو ماوەی دە ســـال مەســـەلا ، وە لەپیش تەواوبوونی ئەوماوەیەدا مردن‌و ، وەقفەکە گەیشتە دەستی چینی دووهەم ، ئەوە بەکری‌دانەکەی چینی یەکەم هەڵئەوەشیتەوە ، چونکە زیاتر لە ماوەی ژیانی خویان تەصەروفیان تیا کردووەو حەقی ئەوەشیان نی‌یە • جا ئەگەر وەختی خوی کری‌ی هەموو دە ساڵەکەیان وەرگرتبوو ، ئەوە هەرچەندی زیاد بی لە ماوەی ژیانی خویان ، لە میراتەکەیان دەرئەکری‌و ئەدریتەوە بەو کەسانەی کە زەوی‌یەکەیان بەکری گرتووە •

ئەگەر سەرپەرشتی‌کەری کاروباری منداڵ ، ماڵەکەی بو دابوو بەکری

بوماوەیەك کە ئەکەوێتە پاش بالغبوونی مندالەکە ، ئەوە ئەو بەکرێدانە بو لەوەپاشیش هەر بەردەوام ئەبێ • جا ئەگەر ئەو سەرپەرشتیکەرە کرێی هەمووی وەرگرتبوو بو صەرف کردنی بو مندالەکە ، ئەوە باشە • ئەگینا کورەکە خوی وەری ئەگرێ • فەرموودەی راستتر ئەوەیە عەقدی بەکرێدان هەلناوەشێتەوە بە وشك بوونی ئاوی ئەو زەوی یەی بو کشت و کال تیا کردن بەکرێ گیراوە ، بەلکو کرێ چی ئارەزووی خویەتی ئاخو هەلی ئەوەشێنێتەوە یاخێر • وە ئەگەر هەلی وەشاندەوە کرێی لەمەوپاشی نادا ، وە ئەگەر هێشتیەوە ئەوە هەروەکو پێشوو بەردەوام ئەبێ •

ئەگەر حەمام یاخود ئاش بەهوی بێ ئاوی یەوە وەستان ، ئەوە ئەگەر قابیل نەبوو لەماوەیەکی کەمدا ئاویان بو پەیدا بکرێ ، بەکرێ دانەکەیان هەل ئەوەشێتەوە • وە ئەگەر قابیل بوو ، ئەوە کرێ چی یەکە ئارەزووی خویەتی بەکرێ گرتنەکە هەل ئەوەشێنێتەوە یانە • جا ئەگەر هەلی وەشاندەوە کرێی تەنها ماوەی لەوەپێشی ئەدا • وە ئەگەر هێشتیەوە ، ئەوە بەکرێ گرتنەکە هەروەك جاران بەردەوام ئەبێ • هەروەها زەوت کردنی مالێکی بەکرێ گیراو ئەبێ بەهوی ئەوە کە کرچی حەقی پەشیمان بوونەوەی ببێ • بەلام لە بەکرێ گرتنێکدا کە بەکرێ گیراوەکە لەئەستودا بێ ، عەقدەکە ئەمێنێ و پێویستە خاوەن مال یەکێکی تری لە چەشنی بەکرێ گیراوە زەوت کراوەکە بو ئامادە بکا •

ئەگەر کەسێك چەند ولاخێکی دا بەکرێ و خوی رای کرد ، ئەوە پێویستە لەسەر کرێ چی یەکە بچێتە لای قاضی بوئەوە کە مەسرەفی ئەو ولاخانە لە مالی کابرای هەلاتوو دەربکا • ئەیش توانی مەسرەفیان بو قەرز بکا لەسەر حیسابی خاوەنەکەیان • جا ئەگەر متمانەی بە کرێ چی یەکە ئەکرد مەسرەفەکە بداتە دەستی ئەو تا بویان سەرف بکا ، ئەگینا بیداتە دەستی

کەسێکی متمانە پێکراو • هەروەها قاضی ئەتوانی چەند دانەیەك لەو ولاخانە بفروشی بو مەسرەفی ئەوانی‌تریان • وە ئەیش‌توانی ریگای کریچی‌یەکە بدا لە مالی خوی مەسرەفیان بو بکاو حیسابی بکا لەسەر خاوەنەکەیان • وە ئەگەر ئەو ولاتە قاضیی تیا نەبوو ، کابرای کریچی ئەتوانی لە مالی خوی مەسرەفیان بوبکاو شاهید لەسەر ئەو مەسرەفە بگری‌و شاهیدەکان ئاگادار بکا کەوا هەرکاتی کابرای خاوەن ولاخەکان هاتەوە داوای ئەو مەســرەفەی لی‌ئەکاتەوە •

ئەگەر کەسیك خانوویەکی بەکری گرت بو ماوەی ســـالیك ، وە لەوسالەدا نەرویشتە نازی ، ئەوە کری‌کەی لەسەر ئەبی بە مال • هەروەها ئەگەر ولاخیکی بەکری گرت بو سەفەریکی یەك روژی‌و لـــەوروژەدا سەفەرەکەی نەکرد ، ئەوە هەمان کریی لەسەر دائەمەزری ، خـــوای بەکری‌گرتنەکە بەکری‌گرتنی عەین بی یا لەئەستودا بی بەلام ولاخەکەی وەرگرتبی • ئەگینا ئەگەر لە صوورەتی دووهەمدا ولاخەکەی وەرنەگرتبوو ، ئەوە کریی ناکەویتەسەر تا ولاخەکە وەرئەگری •

ئەگەر کەسیك ولاخیکی دا بەکری لەکاتی بەکری‌دانەکەوە تا دە روژ ، وە لەوماوەیەدا ولاخەکەی تەسلیم نـــەکرد ، ئەوە ئەو بەکری‌دانـــە هەل‌ئەوەشیتەوە • بەلی ئەگەر ماوەی وەختیان مەعلوم نەکردبوو ، وە تەنها ئەوەندە هەبوو ولاخیکی لەئەستودابووی کابرای خاوەن ولاخی بەکـــری گرتبوو بوئەوە لەوشوینەوە کە تیایەتی تاشوینیکی تری تایبەتی سواری ببی ، ئەوە هەرکاتیك ولاخەکە وەربگری دروستە ، وە عەقدی بە کری گرتنە کـە هەل‌ناوەشیتەوە بەهوی تیپەربوونی وەختەوە •

(بزانن) دروستە فروشتنی مالیك کە درابی بەکری ، خوای بیفروشی بە کریچی‌یەکە خوی یا بە کەسیکی‌تر • وە بە هەرکامیانی فروشـــت بەکری‌دانەکە لەسەر وەزعی خوی ئەمینیتەوە تا ماوەکەی بەســـەرئەچی •

هەر بەکری دانێك بەهوی فەوتانی مەرجیکیەوە بەتال بووبی و دانەمەزرابی ، ئەوە هەمان کری ی بریاردراوی تیا دائەمەزری وەك چون لەبەکری دانی دامەزراوا دائەمەزری ، چونکە عەقدی دانەمەزراو حوکمی عەقدی دامەزراوی هەیە لەمجورە حوکمانەدا •

باسی (جعالە)

(جەعالە) لەشەرعدا بریتی یە لەوە کەسیك مالیکی دیاری بریار بدا بو کەسیك کە ئیشیکی تایبەتی ی بو بکا ، وەك ئەوە بلیت هەرکەس ئەو ئەسپەم بو بگری و بوم بهینیتەوە دیناریکی لە مالی مندا هەیە ، خوای ئەوئیشە دیاری بی یا دیاری نەبی ، وە حەلال بی یا سوننەت بی یا واجب بی لەسەر کابرای ئیشکەر •

ئەرکانی جەعالە پینج شتە (جاعل ، عامل ، عمل ، جعل ، صیغە) واتە خاوەن مال ، ئیشکەر ، ئیش ، مال ، قسەی نیوان خاوەن مال و ئیشکەر • خاوەن مال ئەو کەسەیە مالەکە ئەدا بەرامبەر بە ئیشەکە ، وە شەرتی ئەوەیە بالغ و خاوەن فام بی و بە ئارەزووی خوی ئەو موعامەلەیە بکا • شەرتی ئیشکەریش ئەوەیە بەئارەزووی خوی یا بەهوی کەسیکی ریگادراوەوە ئیشەکە بکا • ئەمە لەحالیکا کە کابرای ئیشکەر دیاری کرابی • وە ئەگەر دیاری نەکرابوو مەسەلا کابرا وتی هەرکەس ئەو ئیشە بکا ، ئەوە ئەبی کابرای ئیشکەر بە نەفسی خوی ئیشەکە بکا • شەرتی ئیشەکەیش ئەوەیە کە بەگویرەی عادەت زەحمەت و مەینەتیکی وای تیابی بوئەوە دەس بدا بەراورد بکری بەکری • کەواتە ئەگەر کەسیك وتی هەرکەس کتیبەکەی هینامەوە دیناریکی لە مالی مندا هەیە ، وە پیاویك لەلایا کتیبەکەی دا بەدەسیەوە ، ئەوە هیچی ناگەوی چونکە ئیشیکی وای نەکردووە کە قیمەتی ببی • بەمیسال

ئەو ئیشە وەك هینانەوەی حەیوانیکی گوم‌بوو یا شتیك کە لە شوینیکدا بی کە مەسافەیەکی باش دوور بی لە شوینی کابرای خاوەنیەوە ، یا تیمارکردنی برینیك یا خویندنی دوعایەك یا چەند ئایەتیك بەسەر نەخوشیکدا ٠جا ئەگەر لەم‌صوورەتەدا دانی مالەکەی بەست بە چاك‌بوونەوەی بریندارەکە یا نەخوشەکەوە ، ئەوە ئەگەر لەپاش تیمارکردنی برینەکەو خویندنی دوعاکە بەسەر نەخوشەکەدا چاك‌بووەوە ، ئەوە کابرای ئیشکەر پارەکەی ئەکەوی ، ئەگینا هیچی ناکەوی ٠ وە ئەگەر تەنها بریاری خویندنی دوعاکە یا تیمارکردنەکەی دابوو ئەوە پاش ئەو ئیشانە کابرای ئیشکەر پارەکەی ئەکەوی ٠ هەروەهایە بریاردانی‌مالیك بو کەسیك قسەیەکی بو بکا لای گەورەیەك بو رزگاربوونی لە مەینەتیك ٠

شەرتی ئەوپارەیەش کە بەرابەر بە ئیشەکە ئەدری ئەوەیە دیاری بی شەرتی ئەو قسەیەش کە لە بەینی خاوەن مالو ئیشکەردا تی‌ئەپەری ئەوەیە لەفظیك بی مەعنای داواکردنی ئیشیك بگەیەنی بەرابەر بە پارەیەکی دیاری‌کراو کە کابرای خاوەن ئیش لە ئەستوی خوی گرتبی ٠

لەمەوە کە رابوورد دەرئەکەوی جەعالە دروستە لەسەر ئیشی دیاری‌و نادیاری هەرچەند ماوەی ئەو ئیشەیش نادیاری بی ٠ بەلام بەکری گرتن یا ئەبی لەسەر ئیشیکی دیاری بی ، یائەگەر ئیشەکە نادیاری بوو پیویستە ئەو سەردەمەی کە ئیشەکەی تیا ئەکری دیاری بی ، مەسەلا وەك دە سەعات بەرگ دروون ٠٠ جەعالە لەگەل ئیشکەری دیاری‌و نادیاریدا دروستە هەرچەند وەصفیشی باس کرابی کە جیا ببیتەوە لە کەسی‌تر ٠ مەسەلا کری چی لە بەکری دراوی عەیندا ولاخیك ئەگری بە کری بریار ئەدا لەگەل کەسیکا کە ولاخیکی وای بو بینی کە ئەو صیفەتانەی تیابی ٠

جەعالە عەقدیکی دروستە ، وە هەرکاتی هەردو عەقدکەرەکە یاخود

یەکیکیان پەشیمان بووەوە دروستە• بەلام ئەگەر خاوەن‌ماڵەکە پەشیمان بووەوە پاش دەس کردن بە ئیشەکە ئەبی کری ی هاوچەشنی ئەو ئیشە بدا بـــــە ئیشکەرەکە • لە بەکری‌دانا کابرای بەکری گیراو حەقی وەرگرتنی ماڵەکەی ئەبی لە سەرەتای ئیشەکەوە ، هەرچەند تا ئیشەکە نەکا حەقەکەی جی گیر نابی• بەلام ئیشکەری جەعالە تائیشەکە بەتەواوی جی‌بەجی نەکا موستەحەقی ئەو ماڵە نابی کە بریاردراوە • بەلکو ئەگەر شەرتی ئەوە کرا ماڵەکە لەپیش ئیشەکەدا تەسلیم بکری ئەوە ئەو جەعالەیە بەتالەو کابرای ئیشـــــــکەر موستەحەقی (اجرةالمثل) ئەبی•لە جەعالەدا دروستە ئیشەکە فەرز بی•ئەگەر کەسیك ئیشیکی بو کەسیك کرد بەبي ئیذنی ئەوکەسە یاخود ئەوکەســـە ئیذنی کەسیکی دابوو ، وە یەکیکی‌تر ئەو ئیشەی کرد ، لەم‌صوورەتانەدا ئەو ئیشکەرە هیچی ناکەوی •• ئەگەر کەسیکی خاریج وتی هەرکەســــــي گاجووتەکەی فلان‌کەس بینیتەوە دیناریکی ببی لە ماڵی من ، وە یەکیك چوو هینایەوە ، ئەوە دینارەکەی ئەکەویتە سەر ئەم کابرا خاریجی‌یە • وە ئەگەر کەسیك بەدرو وتی فلان‌کەس ئەلی هەرکەس ئەسپەکەم بو بگریتـــــەوە دیناریکی هەیە ، وە یەکیك چوو گرتیەوە ، هیچی ناکەوی نە لە خــاوەن ئەسپەکەو نە لەم‌کەسە •

ئەگەر کەسیك وتی هەرکەس ئەو ئەسپەم بو بگریتەوە شـــــتیکی ئەدەمی ، یاخود رازی‌ی ئەکەم ، وە یەکیك ئەسپەکەی بو هینایەوە ، ئـەوە (اجرة المثل)ی **ئەکەوی** ، چونکە مادەم ماڵەکە دیاری نەکراوە جەعالەکە دانەمەزراوەو دیتەسەر حیسابی کری ی ئیشیکی لەچەشنی ئەوئیشـــە • وە ئەگەر وتی هەرکەس دەرمانم بکا تا خوش ئەبمەوە دە دیناری ئەدەمی ، وە کابرایەك دەرماني کرد تا خوش بووەوە ، دە دینارەکەی ئەکەوی ئیتر بـــە هەرچەند رۆژ چاك بووبیتەوە • وە ئەگەر وتی هەرکەس ئەسپەکەم لـــــە

فلان شوین بو بهینیتەوە دوو دیناری ئەدەمی ، کابرایەکیش رویشت بەدوایا، وە لە شوینیکی نزیکتر لەوشوینە کە ئەو وتبووی گرتیەوەو هینایـــەوە ، ئەوپارەیە بەش ئەکری بەسەر ئەوریگەیەدا و کابرا بەشی خوی وەرئەگری •

ئەگەر کەسیك وتی هەرکەس ئەو قوماشەم لە فلانە شوین بو بهینیتەوە، چوار دیناری ئەدەمی ، وە دووکەس چوون هینایانەوە بە شەریکی پارەکەیان ئەدریتی • وە ئەگەر یەکیك بە یەکیکی وت ئەو حـــەیوانەم بو بینیتەوە دیناریکت ئەدەمی ، ئەویش رویشت بەدوایا ، وە شەخسیك خوی کرد بـە شەریکيو یارمەتیی دا ، ئەمە ئەگەر مەبەستی یارمەتیدانی کابرای ئیشکەر بی ئەوە هەموو پارەکە بو ئەوە • وە ئەگەر مەبەستی ئیش کردن بی بـــو خاوەن مالەکە ، ئەوە کابرای ئیشکەر نیوەی کریکەی ئەدریتیو ئـــەو نیوەکەی ئەگەریتەوە بو خاوەن مالەکەو ، کابرای یارمەتیدەریش هیچی ناکەوی •

دروستە بو خاوەن مولك لەپیش تەواوبوونی ئیشەکەدا ئەو پارەیەی کە داویناوە بو ئیشکەرەکە زیادی بکا یا کەمی بکا • جا ئەگەر ئیشکەرەکـە بەم زیادو کەم کردنەی نەزانی بەپیی شەرع عەینی مالە بریار دراوەکەی ئەکەوی • وەئەگەر پیی زانی لەئەنجامدا (اجرة المثل)ی ئەکەوی •

هەرکاتیك ئیشکەرەکە ئیشەکەی تەواوکرد ، مالەکەی ئەدریتـــــە دەست • وە ئەم حەقی ئەوەی نییە شتەکە لای خوی رابگری تا پارەکـەی ئەدریتی ، چونکە تا ئیشەکە تەواو نەکا حەقی هیچی نییـــە • بـــەلام بەرگدرووی بەکری گیراو ، مەسەلا ، ئەتوانی پارچە دووراوەکە نەداتـەوە تا حەقدەستەکەی ئەدریتی •

ئەگەر خاوەن مولکەکە وتی هیچم بریار نەداوە بیدەم بەرابـــــەر بەوئیشە ، وە ئیشکەرەکە وتی بریارت داوە ، ئەوە باوەر بە خاوەن مولکەکە

ئەکری بە سویند • هەروەها ئەگەر ئینکاری ئەوەی کرد کە ئیشکەرەکـە ئیشی کردبی لە گیرانەوەی ئەومالەدا • وە ئەگەر قسەیان ناکوك بوو لـــە ئەندازەی پارە بریاردراوەکەدا ، ئەبی هەردولایان سویند بخون ئەوجـــا جەعالەکە هەلئەوەشیتەوەو کابرای ئیشکەر (اجرة المثل)ی ئەکەوی •

(بزانن) دەستی کابرای ئیشکەر بەسەر ئەوشـتەوە کە ئەیهینیتەوە دەستی ئەمانەتە تا کەمتەرخەمیی تیا ئەکا • وە مەسرەفی ئەوشتەش کـــە ئەیهینیتەوە لەسەر خاوەنەکەیەتی • جا ئەگەر کابرای ئیشکەر بەبی ئیذنـی خاوەنمال مەسرەفی بو کرد لەریگەدا ، ئەمە ئەگەر مەبەستی ئەوە نەبـوو وەری بگریتەوە لە خاوەنەکەی هیچی ناکەوی • وە ئەگەر مەبەستی ئەوەبوو هەرچیی صەرف کردووە وەری بگریتەوە ، ئەوە وەری ئەگریتەوە •

ئەگەر کەسیك بەشیوەی جەعالە دانرابوو لەســـەر ئیشـــیك وەك پیش‌نویژی یا دەرس‌وتنەوە ، وە بە زور تەرکی ئیشەکەیان پی کرد ، هەموو ئەو پارەیەی ئەکەوی کە بوی بریار دراوە • هەروەها ئەگەر بە ناحـــەق ئەوکەسەیان لەسەر ئەو ئیشە دەرکرد ، یاخود ماموســـتایەك کە لە وەختی دەرس‌وتنەوەدا لە قوتابخانەکەیدا حازر بی ، بەلام قوتابی‌یەکانی نەیـــەن بو خویندن ، ئەویش حەقی ئەو پارەیەی هەیە کە بوی دانراوە •

دروستە ئیشکەری جەعالە وەکیل بگری ئیشەکەی لەجیاتی تەواو بکا• کەواتە دروستە پیش‌نویژ یا ماموستا یا خوتبەخوین جی‌نشین بو خویـــان بگرن ئەوئیشە لەجیاتیی ئەوان جی‌بەجی بکا بەوشەرتە کە جی نشینەکـــە یا چاکتر بی لە خویان یا وەك ئەوان وابی • ئەگەر کومەلیك ئیشـــیکیان پی‌سپیررابوو لە مزگەوتیك یا قوتابخانەیەك یا نەخوش‌خانەیەکـــدا ، وە ئەوشوینە رووخا، مەسەلا، ئەوان حەقی مانگانەی خویانیان هەیە تا ئەوشوینە چاك ئەکریتەوەو کەلکی ئەوە پەیدا ئەکاتەوە کە ئیشی تیا بکری •

باسی ئاوەدان کردنەوەی ویرانە (احياء الموات)

(بزانن) هەرشوێنێکی ویرانیوا کە لەسەردەمی ئیسلامی‌یەتدا نـــە لەلایەنی موسولمانانو نە لەلایەنی (اهلی ذمّە)وە ئاوەدان نەکرابێتەوە ، وە لە حەریمی ئاوەدانی‌یش نەبێ ، وە لە حوقووقی تیکرای موسولمانانیش نەبێ وەك گورستانو ریگاوبانو قەراغ چەم ، ئەوە ئەوشوێنە ئەگەر لە ولاتـــی ئیسلامدا بێ کە بریتی‌یە لەوشوێنانە کە موسولمان دروستی کردوون وەك شاری بەغدا ، یاخود ئەهلەکەی موسولمان بووبن لەسەری وەك (مدینـەی منورة) ، یاخود بەزوری ئیسلام داگیر کرابێ وەك میصرو رەشایی عیراق (سواد العراق) ، یاخود بەصولح داگیر کرابێو زەوی‌یەکەی هی ئیسلام بێ ، ئەوە تەنها بو موسولمان دروستە ئاوەدانی بکاتەوە ، وە هەرکاتیـــــك ئاوەدانی کردەوە ئەبێ بە مولکی • وە ئەگەر لە ولاتی کافراندا بێ دروستە بو کافر ئاوەدانی بکاتەوە • هەروەها بو ئیمەیش دروستە بەوشەرتە کە ئەوە کافرانەی نزیکن لەوشوێنەوە دەرمان نەکەن • ئەگینا دروست نی‌یە ئیمـــە ئاوەدانی بکەینەوە ، چونکە پاشان ئەبێ بەهوی نزم بوونەوەی پایـــەی موسولمانان •

هەرشوێنی وەختی خوی ئاوەدان بووبێ ، ئەوە مولکی خاوەنەکەیەتی هەرچەند ئیستەیش ویران‌بێ ، خوای خاوەنەکەی موسولمان بووبێ یـــا کافری ذمّی بووبێ ، بەوشەرتە ئەو خاوەن مولکە بناسریتـەوە کی‌یە ، وە دروست نی‌یە بو کەس ئاوەدانی بکاتـــەوە • وە ئەگەر خاوەنەکـــەی نەئەناسرایەوەو نیشانەی ولاتەکە نیشانەی ولاتی ئیسـلام بوو بەهـــوی پاشماوەی مزگەوت یا گورستان یا شتی‌واوە ، ئەوە حوکمی مالی گوم‌بووی هەیەو مەسەلەکە ئەدریتە دەستی پیشەوای موســـولمانان ، وە ئـــەتوانی بیهیلیتەوە یاخود بیفروشی‌و قیمەتەکەی هەل‌بگری یا قەرزی بکا بـــــو (بیت‌المال)ی موسولمانان تا خاوەنەکەی پەیدا ئەبێ • ئەمە لەحالیکا کە هیوای

ئەوە بکری ئەو خاوەنە پەیدا ببیتەوە • ئەگینا راستەوخو ئەبی بە هی (بیت المـال) •

وە ئەگەر نیشانەی ئەوشوینە ، نیشانەی ئاوەدانیی زەمانی کافـــران بوو یاخود گومانمان لەوەدا بوو کە ئاخو هی زەمانی کافرانە یا هی زەمانی موسولمانانە ، ئەوە فەرموودەی راستتر ئەوەیە دروستە ئاوەدان بکریتەوە ، وە هەرکەس ئاوەدانی کردەوە ئەبی بە خاوەنی شەرعیی ئەو ئاوەدانیی‌یە •

هەرشوینیك بوو بە مولکی کەسیك ، ئەوە حـــەریمی ئەوشوینەیش بەهوی ئاوەدانیی‌یەکەوە ئەبی بە مولکی ئەوکەسە • (حەریم) بەگویـــرەی ئەسلەکەی ئەگوری • مەسەلا حەریمی دی بریتی‌یە لەوشوینەی کە خەلکی ئەو دی‌یەی تیا کوئەبنەوە بو قسەکردن ، یا هەرزەکارو منالی دی گەمـــەو یاری‌ی تیا ئەکەن ، یا غارغارینی تیا ئەکەن بو تەعلیم دادانی ولاخ ، یا رانو گاگەلی تیا مول ئەدەن ، یا زبلو خولەمیشی تی‌ئەریژن ، یا هاتوچـــــوی پیائەکەن • هەروەها بە حەریمی دی دائەنری ئەوشوینانەی کە داری لیوە ئەهینن بو سووتاندن ، وە گیای لیوە دینن بو حەیواناتو مالاتیان ، یا گیای لی‌ئەبرنو وشکی ئەکەنەوە بو زستانی ئاژەلیان •وە ئەوشوینانەی کـــــــە لەوەرگای مەروبزنو گارانی ئەهلی ئەودی‌یەیە ، خوای ئەمشوینانە نزیك بن یاخود دوور بن ، هەرچەند سالی چەند روژیك موحتاجی ئەوشوینانـە بن ، چونکە مادەم زیواری سالانەیان بەسراوە بەوشوینانەوە ، ئەوشوینانە بە حەریمی ئەو دی‌یە دائەنرین • جا ئەگەر کەسیك تەنها مالە ئەوشوینانە ئاوەدان بکاتەوە ، ئەوە دیارە • وە ئەگەر چەند کەسیك ئاوەدانی بکەنەوە ئەوە هەموویان بەپی‌ی سەر وە بەگویرەی پیویســـــــت لەوحەریمە ئەبی بەمولکیان • بەلام ئەم حەریمە لەبەرئەوە کە تابیعی دی‌یەکەیە بەتەنهـــــا نافروشری ، وە ئەبی لەگەل پارچەیەك لە دی‌کەدا بفروشری ، وەك چـون حەقی ئاو خواردنەوەی باخ تابیعی باخەکەیە • بەلی ئەگەر بفروشری بـە

یەکیك کە لە دی‌کە خویدا جیگەو ریگەیەکی هەبی ، ئەوە دروستە •

ئەگەر لە حەریمی ئاوەدانی‌یەکا گیاو دار زیاتر بوو لە پیویستی خەلکی ئەو ئاوەدانی‌یە، ئەوە دروست نی‌یە بویان ریگا لە خەلکی شوینی‌تر بگرن کە داری لی‌ببرن‌و حەیوانی تیادا بلەوەرینن ، چونکە ئەم‌جورە شوینانە لەئەساسدا بو قازانجی گشتی‌یە • وە ئەگەر کەسیك بەناحەق لە حەریمی دی‌یەکـــدا کشت‌وکالی کرد ، ئەوە ری‌ی لی‌ئەگیری‌و کشت‌وکالەکەی لائەبری‌و بویشی نابژیریتەوە•ئەگەر کەسیك لە نزیکی شوینیکی ئاوەدان کراوەوە شوینیکی ئاوەدان کردەوە ، ئەوە ناتوانی دەس‌بەری بو حەریمی ئاوەدانی‌یە پیشووەکە چونکە حەقی ئەوان پیش‌کەوتووە • وە ئەگەر چەند دی‌یەك لەیەکـــەوە نزیك بوون وە نەمان‌ئەزانی کامیان لەپیش‌ترە ، ئەوە بەوجورە ئەبی موعامەلە بکەن کە لەوەپیش کردوویانە ، وە تەماشای ظاهیری دەسەلات ئەکـەین ، کەواتە هەر دی‌یەك هەرچەندی بەدەستەوە بووبی بەدەستیەوە ئـــەمینی ، مەگەر بە دەلیلیکی شەرعی بومان ئیسبات ببی کە ئەو تەصەروفە بە ناحەق دامەزراوە ، وە لەسەر ئەم‌ئەساسە لە هەرلایەکەوە ریگای گوزەر بو مالیك بەسەر مالیکا بروا ، وە بو باخیك بەناو باخیکی‌ترا تی‌بپەری ، ئەوە بە حەق ئەزانین •

ئەگەر کەسیك چەند پارچەیەك گیاجارو ئالف‌جار داگیر بکا کـــە لەوەپیش بەدەســـــیەوە نەبووبی ، ئـــەوە نابی بە خاوەنی‌و پیویســـتە لی‌ی‌وەربگیریتەوە ، چونکە ئەگەر بە دەستی کەسیکی‌ترەوە بووبوو ئـــەوە مولکی ئەوکەسەیە ، وە ئەگەر بەدەستی کەسەوە نەبووبوو ئەوە دیارە زیادە لە حەقی خەلکی ئەوشوینەو بو قازانجی گشتی‌یە ، وە کەس ناتوانی داگیری بکا بوخوی • هەتاوەکو ئەگەر کومەلیك شوینیك ئاوەدان بکەنەوەو ببن بە خاوەنی ئەو مولکە ، ئەوە هەر ئەوەندە لە حەریمی ئەو شوینە ئەبی بـــە

مولکیان کە بەگویرەی عادەت موحتاج بن پی‌ی ، وە هەرچی لەوە زیاتر بی بو قازانجی گشتی‌یە •

حەریمی خانوو بریتی‌یە لە ریگای هاتوچو بو ئەو خانووە لەلای دەرگاکەیەوە ، وە جیگەی داپەرینی پلووسکی بانە لەکاتی باران بارینا ، وە ئەوشوینەیە کە بەفری سەربانەکەی تی فری‌ئەدری ، وە شوینی خەوش‌وخال داکردن‌و رشتنی ئاوی پیس‌و بەردەرگای مالەکەیە • کەواتە هەر خانوویەك لەناو چەند خانوویەکدا بی‌و لکابن بەیەکەوە ئەوە بەتەنها خوی حەریمیکی نی‌یە ، بەلکو لەگەل خانووەکانی‌تردا هاوبەشن لەحەریمدا ، هەرکامیان هەرچون بوی ری‌بکەوی •

حەریمی چەم ئەوشوینانەیە کە پیویستی خەلکن بو قازانج وەرگرتن لەو چەمە لەکاتی جل شتن‌و فەرش‌شتن‌و جوگە هەل‌گرتن‌و ماسی‌گرتن‌و ئەم‌جورە ئیشانەدا • وە حەریمی بیری کاریز ئەوشوینانەیە کە ئەگەر هەل‌بکەنرین کاریزەکە برووخی یاخود ئاوی کەم ببیتەوە • وە حەریمی بیر لە دەشت‌و دەردا شوینی راوەستانی ئاوهەلکیشە لەگەل شوینی دولاب‌و دولچە • وە ئەو حەوزەیە کە ئاوی تی‌ئەکری بو حەیوان ، وە شوینی هات‌وچوی حەیوانەکانە ، وە ئەوشوینانەیشە کە ئەگەر هەل‌بکەنرین ئاوی ئەم بیرە کەم ببیتەوە یا بیرەکە برووخی • حەریمی جوگایش ئەم‌بەرو ئەوبەری جوگاکەو ئەوشوینەیە کە لەکاتی جومال کردندا گل‌و خەوش‌وخالی ناو جوگەکەی تی فری‌ئەدری •

فەرموودەی راستتر ئەوەیە هەر خاوەن مولکیك ئەتوانی تەصەروف بکا لە مولکی خوی‌دا بەپی‌ی عادەت • کەواتە ئەگەر خانوویەك لەناو چەند خانوویەکدا بوو ، خاوەنەکەی بوی‌هەیە بیکا بە مزگەوت یا بە حەمام یا بە دووکان • بەلام ناتوانی بیکا بە دەباغ‌خانە کە بونەکەی ببی بەهوی نەخوش‌کەوتنی منالانی دەرو دراوسی، وە ناتوانی بیکا بە دووکانی ئاسنگەری

یا بە ئاشە مەکینەی ئارد هارین ئەگەر هاتوو دیواری خانووی دراوسیکانی ناقایم بیءو ترسی رۆوخانی بکری بــــەهوی ئاسن کوتاندنەوەو ئاشــە مەکینەکەوە • ئەوقسەیە کە مەشهوورەو ئەلی مەنعی خاوەن مولك ئەکری لە هەر تەصەروفیك کە زیانی ببی بو مولکی دراوسیکانی ، بەلام مەنعی ناکری لە تەصەروفیك کە زیانی بو دراوسیکان خویان هەبی ، بەموطلەقی وانی‌یە• بەلکو هەر تەصەروفیك کە بــــەعادەت زیانی ببی بو ئەو دراوسی‌یانــە خویشیان ، ئەوەیش ریگای نادری • کەواتە ئەگەر خانوویەك نووسابوو بە خانوویەکی‌ترەوە ، دروست نی‌یە ئەم خانووە ئەوەندە بەرز بکریتەوە مەنعی هەوای خاوین بکا لە خانووەکەی‌تر ، چونکە خەلکی ئەم خانووەی‌تر بــە بی هەتاوو هەوای خاوین نەخوش ئەکەون‌و ئیسراحەتیان لی‌تیك‌ئەچی •

ئاوەدان‌کردنەوەی هەرشوینیك بەپی‌ی مەبەست ئەگوری • ئەگــەر مەبەستی کردنەوەی خانوو بوو ، ئەبی دیواری بو بکاو سەری هەندیکیشی بگری‌و دەرگاو پەنجەرەی تی‌بخا • وە ئەگەر مەبەستی پەچەی حەیــوان بوو ، لە هاوینا هەر حەسار یا پەرژینی ئەوی • وە لەزستانا پیویستە چەنــد هودەیەك بکاتەوەو سەریان بگری بەگویرەی ئیحتیاجی حەیوانەکان • وە ئەگەر مەبەستی کشت‌وکال تیا کردن بوو ئەبی زەوی‌یەکە تەخت بکا • وە ئەگەر بە باراناو تیراو نەئەبوو ، ئەبی جوگەی بو هەل‌بگری ، ئیتر شەرت نی‌یە بیکیلی‌و تووی تیا دابچینی دەس‌بەجی • وە ئەگەر مەبەستی باغ ناشتن بوو ، ئەبی حەساری بەدەورا بکاو ئاوی بو ریك‌بخاو چەند نەمامیکیشی تیا بنیژی •

جا هەرکام لەم‌ئیشانە ئەگەر بەعادەت تەنها بو مولکیەت دەسی‌ئەدا ئەوە نی‌یەتی ناوی • وە ئەگەر بو مولکیش‌و بو خیرو حەســەناتیش دەسی‌ئەدا ، ئەوە نی‌یەتی ئەوی • یەعنی بو هەرشتیکی ئەوی لە مــولك یا لە خــــیرو حەسەنات ، ئەبی نیازی ئەوەی ببی • وە ئەگەر کەسیك دەسی‌کرد بــــە

ئاوەدان کردنەوەی شوێنێك ، بەلام ئیشەکەی تەواو نەکرد ، یاخود هــەر شوێنەکەی نیشانە کردو ئیشی تیا نەکرد ئەوە نابی بە خاوەن مولـــك ، وە دروست نی‌یە بیفروشی • وە ئەگەر کەسێك هات دەستی کرد بە ئاوەدان کردنەوەی ئەوشوێنەو ئاوەدانی کردەوە ، ئەوە ئەبی بە خاوەنی ، بەلام هەر شەخصی یەکەم موستەحەق‌ترە و لایقی ئەوەیە ئەم جێگایە ئاوەدان بکاتەوە، چونکە لەپێشا رویشتووە گرتوویەتی بو خوی • وە ئەگەر کەسێك شوێنێکی نیشانە کرد بوخوی‌و ماوەیەکی زور وازی لی‌هێنا ، پێویستە گەورەی وەخت پی‌ی‌بلی یا ئاوەدانی بکاتەوە ، یا دەسی لی‌هەل‌بگری • کابرایش بوی‌هەیە داوای مولەت بکا ، وە گەورەی وەختیش بوی‌هەیە بو ماوەیەکی کـــــەم مولەتی بدا •

ئەگەر پێشەوای موسولمانان ویرانەیەکی دا بە کەسێك وە ئەو ویرانەیە پەیوەندی کەسی پێوە نەبوو جگە لە (بیت‌المال)ی موسولمانان ، ئەوە ئەگــەر بو ئەوە پی‌ی‌دابوو کە ببی بە مولکی ، ئەوە ئەبی بە مولکی ئەو کەسە • وە ئەگەر هەر بو ئاوەدان کردنەوە پی‌ی‌دابوو ئەوە نابی بە هی ئەوکەســـــە ، بەلام ئەم موستەحەقترە لە هەرکەس بو کەلك وەرگرتن لەوشوێنە • دروست نی‌یە پێشەوای موسولمانان زەوی‌ی ویرانەی (بیت‌المال) بدا بەکەس ، مەگەر کەسێك کە بتوانی ئاوەدانی بکاتەوە ، ئەبی ئەوەندەشی بداتی کە دەسەلاتی بەسەریا بشکی • فەرموودەی راستتر ئەوەیە دروستە بو پێشەوای موسولمانان ولاتێکی ویرانە قەدەغەو قورخ بکا بوئەوەی ببی بە لەوەرگەی حەیوانــی (بیت المال)و حەیوانی زەکاتو ، گومبوو ، حەیوانی کە لەبـــــەر لەری‌و لاوازی نەتوانی بروا بەدەشتا بوخوی بلەوەری • هەروەها پێشـــــــەوای موسولمانان بوی هەیە ئەو قەدەغەیەش تێك‌بدا •

دروست نی‌یە پێشەوای موسولمانان قەدەغە بکا بوخوی • بەلام خەلکی دی‌یەك کە پێکەوە دی‌کەیان ئاوەدان کردبێتەوە بوخویان ، ئەتوانن ئەوەی

حەریمی دی کەیە بەشی بکەن لەنیوانی خویانا ، وە هەر کەس بەشی خـوی قەدەغە بکا • بەلام بەمجورە نەبی بە هیچجوری کەس ناتوانی ئەندازەیەك لەو حەریمە قەدەغە بکا بوخویو مەنعی خەلکی لی‌بکا •

باسی هەندی قازانجی تیکەل

کەلکی جادەو ریکا ئەوەیە خەلکی بەخویانو باریانەوە هاتوچـوی بەسەرا بکەن • دروستە بو هەر کەس بەبی‌ئیذن وەرگرتن لە پیشـەوای موسولمانان لە جادەدا دانیشی بوئەوەی بحەسیتەوە یا بو هەر مەبەستیکی‌تر بەوشەرتە ریکا لە خەلکی‌تر تەنگ نەکا • هەروەها ئەگەر ریگای لەخەلك تەنگ نەئەکرد ئەتوانی چـەتریك هەلدا بەسـەر خویا یا سـووکە کەپریك بکا بوخوی بو سیبەر • ئەگەر دووکەس بەرودوا هاتن بو جیگایەك ئەوە حەقی ئەویانەیە کە زووتر گەیوەتە ئەوجیگەیە • وە ئەگەر بەیەکەوە هاتن ئەبی دەوی لی‌بکەن (قورعە) ، جا بو هەرکامیان دەرچوو ئەوەیـان تیادائەنیشی • ئەگەر کەسیك لەشوینیکا دانیشت بو مامەلە کردن ، وە پاش ماوەیەك شوینەکەی بەجی‌هیشت لەبەر عوزریك لەسەر خەیالی ئەوە کـە دووبارە بیتەوە ، ئەوە حەقەکەی نافەوتی ، مەگەر ئەوەندەی پی‌بچی کـە بەعادەت بلین وازی لەو شوینە هیناوە • وە ئەگەر بەتەواوی بەجی‌ی‌هیشت، ئەوە ئیتر حەقی نامینی •

ئەگەر کەسیك ئولفەتی گرتبوو بەشوینیکەوە لە مزگەوتا بو فەتوادان یا دەرس وتنەوە یا بو قورئان خویندنو شتی‌وا ، ئەوە تا بەتەواوی خـوی بەجی‌ی‌نەهیلی کەس ناتوانی دەری‌بکا • بەلی واجبە لەسەری لەکاتـی نویژکردنا نەبی بەهوی سەرلی‌تیکچوونی نویژکەرەکان • وتنەوەی دەرسی قورئان یا کتیبە وردە بە مندالی نەفام دروست نی‌یە لە مزگەوتا ، چونکـە زورتر وایە هاتنی مندالی‌وا بو ناو مزگەوت ببی بەهوی پیس‌بوونـی مزگەوتەکە •

ئەگەر کەسێك لەمزگەوتێکدا لە شوێنێکی تایبەتیدا دانیشت بـــــۆ نوێژکردن ، ئەوە ئەبێ بە خاوەن‌حەق لەوشوێنەدا بۆ ئەونوێژە ، وە کەس ناتوانی دەری‌بکا • بەڵێ بۆ نوێژێکی‌تر حەقی نامێنی مەگەر پێش خەڵکی‌تر بڕوا ئەو جێگایە بگرێتەوە • وە مادەم حەقی شوێنەکەی هەبوو لەماوەی ئەو نوێژەدا ، ئەگەر هاتو بۆ پێویستی‌یەك چووە دەرەوە ، حەقەکەی نافەوتێ هەرچەند بەرماڵیشی لەو جێگەی خۆیەدا بەجێ‌نەهێشتبێ • بەڵێ ئەگـــەر نەهاتەوە تا خەڵك ڕیزی نوێژیان بەست لە پشتی پێش‌نوێژەوە ، ئـــەوە حەقەکەی نامێنێ • جا بەرماڵەکەی بە خشە لەوشوێنە لائەدرێ‌و کەسـێك لەشوێنەکەیا ڕائەوەستێ بۆ نوێژ •

ئەگەر فەقێ‌یەك یا چەند فەقێ‌یەك لە حوجرەیەکدا ئەیان‌خوێنـــدو مانگانەیەکیان هەبوو پێ‌ی‌ئەژیان ، ئەوە بەبێ‌عوزرێکی شەرعی کەس ناتوانێ دەریان‌بکا • وە ئەگەر بەعادەت بۆ پێویستی‌یەکی خۆیان ئەچوونە دەرەوە ، حەقی هاتنەوەیان هەیە • هەروەها قەیدی نی‌یە لەڕۆژانی ئیســراحەتـی عادەتیدا وەك ڕۆژانی جومعە بڕۆن بۆ شوێنێکی‌تر ، یا لەبەر نەخۆشی بڕۆن بۆ خەستەخانە ، یاخود بڕۆن بۆ سەرلێدانی کەس‌وکاریان • وە کە هاتنەوە حەقەکەیان لەجێ‌ی خۆیا ئەبێ •

ئەگەر مانگانەی ئەو فەقێ‌یانە بۆ ژمارەیەکی تایبەتی بوو ، دروســت نی‌یە لەسەریان زیاد بکرێ‌و وەزعی ژیانی ئەمان تێك‌بدرێ • بەڵێ ئەگـەر یەکێکیان یا چەند کەسێکیان ڕۆیشتن بۆ شوێنێك ، دروستە تا ئەوان دێنەوە هی‌تر لەجێ‌یان دابنرێ ، بەوشەرتە ئەوە پێچەوانەی شەرتی وەقف‌کەرەکە نەبێ • وە ئەگەر ڕۆیشتنەکەیان ئەوەنـــدەی پێ‌چوو کە بەپێ‌ی عادەت بووتری ئەوشوێنەیان بەجێ‌هێشتووە ، ئیتر حەقی هیچیان نامێنێ •

هەروەها ئەوکەسانە کە بۆ خواپەرستی لە خانەقاو تەکیەی وەقف‌کراوا دائەنیشن ، بەم‌جۆرە موعامەلەیان لەگەڵ ئەکرێ • دروست نی‌یە صوفـــی

بروانە حوجرەی فەقێو جێگەی فەقێ بگریتەوە ، بەلام فەقێ ئەتوانێ بروانە تەکیەو خانەقاو خەریکی خواپەرستی بێو حەقیشی هەیە وەك صـــوفیو دەرویش بژی ، چونکە فەقێیەتیش خواپەرستیێەو بەمیش ئەلـــێن خواپەرست •

باسی کانو کانیو چەمو بیرو کاریز

ئەو کان (معدن)انەی کـــە بەدەرەوە بنو بە بێزەحمەتی کـــەس کەرەستەکەیان لێوەربگیرێ ، هەرچەند زەحمەت لە کولاندنو دەرکردنیـا ببێ وەکو نەوتو گوگردو قیرو مومیاو بەردی مەرمەرو بەردی یەشـــمو بەردی بەرداش ، ئەمانە نابن بە مولکی کەس بەهوی ئاوەدان کردنەوەی ئەو شوینەوە کە ئەم کانانەی تیایە • وە بەهوی نیشانە کردنەوە پەیوەندی تایبەتی بەکەسەوە پەیدا ناکەن بەجوریك کە لەدەستی خەلك دەربچن ، چونکـــە ئەمانە بەپێی شەرع بو قازانجی گشتین ، وە هەموو کەسی ئەتوانێ ئەوەندەی پیویستی خوی سوودیان لێوەربگرێ • بەلێ ئەگەر حاصلاتەکەیان کەم بوێ ئەوە هەرکەسی زوو رویشتە سەریو گرتی بوخوی ، ئەوە بوئەوەیەو کەس ناتوانێ رێی لێبگرێ • بەلام ئەگەر داوای زیاتری لە پیویستی خوی کرد، ناهیلرێ • وە ئەگەر لە وەختی کەموکووریدا دووکەس هاتنەســـەریو کانەکەش بەشی هەردوکیانی نەئەکرد ، ئەوە ئەبێ قورعە بخەن لە بەینی خویانا ، وە بو هەرکامیان دەرچوو حەقی ئەویانەیە •

هەرکانێ کە لەناوەوە بێو بەبێزەحمەت دەرنەکەوێو شتی لێ پەیدا نەبێ ، وەك ئالتوونو زیوو ئاسنو مسو مەفرەقو قورقوشمو شتیوا ، ئەوە شوینەکەی بەهیچجورێ نابێ بە مولکی کەس نە بە ئاوەدان کردنەوەو نە بە هوی هەلکەندنو ئیش تیاکردنو شتیواوە • وە لەسەر حالی خـــوی ئەمینیتەوە کە قازانجی گشتییە ، وە خەلکی ئەبێ بەتیکرایی قازانجـــی

لیوەربگرن • حوکوومەتیش ئەتوانی دەری بکاو صەرفی بکا بو قازانجـــی گشتیی میللەت • بەلی ئەگەر هاتو کەسیك بەهـــــوی ئیش تیا کردنەوە ئەندازەیەکی لیوەرگرت ، ئەوە لی ناسەنریتەوە •

ئەگەر کەسیك زەوی یەکی بە صووڕەتیکی شەرعی ئاوەدان کردەوە ، وە لەوکاتەدا هیچ مەعدەنیکی تیا نەدوزرایەوەو لەپاشا دەرکەوت پارچەیەك لەو زەوی یە ئاوەدان کراوەیە مەعدەنە ، ئەوە ئەبی بە مولکی ئەوکەسە کە ئەو زەوی یەی ئاوەدان کردووەتەوە •

ئاوی بەرەللا (مباح)یش وەك ئاوی چەمو کانیوی شاخەکان ، بـــو قازانجی گشتین ، وە پیشەوای موسولمانان حەقی نی یە بیدا بەکەس بەتایبەتی نە بەشیوەی مولك ، وە نە بو قازانج لیوەرگرتنی ماوەیەکی تایبەتی • وە دروستە بو هەرکەس بەپیی توانا قازانجی لیوەربگری • جا ئەگـــــەر تاقمیك هەبوون لەسەر ئەو ئاوە زەوی و باخاتی خویان بەو ئاوە ئـەدا ، ئەوانە حەقیان نی یە ریگای کەسی تر بگرن • بەلی ئەگەر ئاوەکە هەر بەشی ئەوانی ئەکرد ، ئەوانە حەقیان هەیە نەیدەن بە کەسی تر مادەم باخەکەیـان تازە دانەنابی ، یەعنی لەپاش تەصەرروف کردنی ئەوانە کەوان لەخواریانەوە، ئەگینا ریگایان لی ئەگیری • وە ئەگەر بەشی هەموو ئەوانیشی نەئەکـــــرد لەبەرئەوە کە ئاوەکـە کزبووبوو ، ئەوە حەقی ئەوەیە کە لەژوورترەوەیە یا زووتر خاوەن حەق بووە• وە ئەگەر بەشی هەموویانی ئەکردو زەوی یەکان بەرزو نزم بوون ، ئەوە هەرکام لەو خاوەن زەوی یانە بەشە ئاوی خـــوی بەتایبەتی پی ئەدری •

هەرکەس ئەندازەیەك لەو ئاوە بەرەللایە بکاتە قاپیکەوە ، ئەبی بـــە خاوەنی • هەروەها ئەگەر بە جوگەلەیەکدا بیهینی و بیکاتە ناو حەوزیکەوە کە ئاوی لی نەروا ، ئەویش ئەبی بە مولکی تایبەتی ئەو • بـەلام بە ئـاوی بەرەللا دانانری ئاوی کە نەزانری وەختی خوی کاریزی لی دراوە یا هـەر

خوی دەرچووە ، وە ئیستا بە دەستی کومەلیکەوە بی ئاوی زەوی‌و باخـــی پی‌بدەن •• بەلکو بە مولکی ئەوان ئەناسری چونکە تەصەروف نیشانـــەی مولکیەتە • وە دروست نی‌یە بو یەکیك لەم تاقمە بەبی‌ئیذنی هاوریکانـــی زەوی‌یەکی‌تر بکا بە باخ وە یا بە کشت‌و کال‌و بەو ئاوە ئاوی بدا ، چونکە ئەوە وائەگەیەنی لەپاشەروژا ببی بە خاوەنی حەقی ئاو وەرگرتنیکی زیاتر لەوەی کە موستەحەقیەتی ، وە ئەوەش بو ئەمان زەرەرە • هەروەها دروست نی‌یە بو کەسیکی بیگانە لەم تاقمە بەبی‌ئیذنی ئەوان باخیك دابنی‌و بەو ئاوە ئاوی بدا چونکە حەقی ئاو وەرگرتنی لەمەوپاش بوخوی ئیسبات ئەکا ، لەکاتیکـــا کە حەقی‌وای نی‌یە •

هەرکەس بیریك هەل‌بکەنی لە زەوی‌یەکی ویرانەدا ، ئەگەر بو خیر بی ، ئەوە هەتا خوی لەویادا بی موستەحەقی ئاو خواردنەوەیە لـەوئاوە ، وە ئەخریتە پیش خەلکی‌ترەوە ، وە بیرەکەیش نابی بە مولك ، بەلکو بـــو قازانجی گشتی‌یە • وە ئەگەر بیرەکەی بو کردن بە مولك هەلکەند ، یاخود لە زەوی‌ی مولکی خویا هەلی‌کەند ، وە یا کانی‌و ئاویك لە مولکی خویـــــدا پـەیدا ببی ، ئەوە بەتەنها مولکی خویەتی ، وە واجبە لەسەری ئەوەی زیاد بی لە خواردنەوەی خوی بەخورایی بیدا بە خەلك بوئەوە کە بیخونەوە ، وە هەرچی زیاد بی لە خواردنەوەی حەیوانی خوی‌و لە کشت‌و کالی خـوی بەخورایی بیدا بە خەلك بو خواردنەوەی حەیوانەکانیان • بەلام واجب نی‌یە لەسەری هەرچی زیاد بی لە حەیوان‌و زەراعەتی خوی بەخورایی بیدا بـــە خەلك بو کشت‌و کالیان • هەروەها واجب نی‌یە لەسەری ئەوەی زیاد بی لە حەیوانی خوی‌و پیویستی بی بو کشت‌و کال بیدا بە خەلك بو حەیوان یـا بو کشت‌و کال‌و ، کشت‌و کالەکەی خوی وشك بکا ، چونکە هەروەك خەلـك موحتاجن بە حەیوان‌و کشت‌و کال بو ژیانیان ، ئەمیش هەروەها موحتاجە بە زەراعەتەکەی خوی بو ژیان‌و بەریوەچوونی خوی‌و مال‌و مندالی •

جا مادەم بیرو کانیاوێ کە لە موڵکی کەسیکدا بێ ، بە هی ئەو کەســـە ناسرا ، ئەتوانێ ریگا لە خەڵك بگرێ لەوە کە جوگەیەکی لیوە رابکیشـن بو سەرباخو زەراعەتی خویان چونکە بو سبەینێ ئەوکەسە بەخورایی حەقی خواردنەوە لەو ئاوە پەیدا ئەکا ، بەبێئەوە لە ریگایەکی شەرعییەوە ئـەو حەقەی دەسگیر بووبێ •

ئەگەر کەسیك ئاوێ بە جوگە لە کانیاویکی موڵکەوە راکیشاو ئــاوی زەوی‌و کشت‌وکاڵی خوی لێدا ، وە پاشان ئیددیعای کرد وتی حەقی ئـــاو وەرگرتنم لەو کانیاوە هەیە ، ئەوە ئەگەر وتی کریومە یا بەکریم گرتووە ، ئەبێ بە شاهید ئیسباتی بکا • ئەگینا باوەر بە سویندی خاوەن ئاوەکە ئەکرێ‌و ئەم کابرایە دەرئەکاەوە ئەگەر تەنها ئیددیعای ئەوەی کرد کە لە سەردەمیکی کونەوە حەقی ئاو وەرگرتنی هەیەو باسی سەبەبەکەشی نەکرد ، وە خاوەن ئاوەکە ئینکاری کرد ، پیویستە ئەو کابرا ئیسباتی ئەوە بکا بە شاهید کـە لـەمەوپیش بـەوئاوە زەوی‌و باخی خـــوی ئــاو داوە • جـا پـاش ئیسبات‌کردنی ئەمە ئەگەر خاوەن ئاوەکە وتی بەزور ئاوی لێسەندووم یـا بەکری وەری‌گرتبووو یا بە خواستن ، ئەوە ئەبێ بە شاهید ئیسباتی بکا • وە ئەگەر ئیسباتی نەکرد ، ئەم شەخسە سویند ئەخوا لەسەرئەوە کە حەقی ئاو وەرگرتنی لەو کانیاوە هەیە ، وە ئەو حەقەی بو قەرار ئەدرێ •

هەر کانی‌و کاریزیك کە تیکەڵ بێ لەنیوان تاقمیکا ، ئەو تاقمە ئەتوانن لەسەر حیسابی بەشەکان بە سەعات ئەو ئاوە وەربگرن‌و ئیشی پیبکەن • وە ئەیشتوانن داریکی دریژ لە بەردەمی ئەو کانی‌و کاریزەدا داچەقینن ، وە ئەوەندەی بەشەکان کونی تیبکەن ، وە لە بەردەمی کونەکانا جوگـــــا هەڵبەستن ، تا لەوکونانەوە ئاو بیتەدەرو بەو جوگەلانەدا بروا بو ئەو خاوەن بەشانە • جا ئەگەر بەشەکان ئەوەندەی یەك بوون ، ئەبێ کونـــــەکانیش

ئەوەندەی یەك بن • وە ئەگەر فەرقیان هەبوو ئەبی کونەکانیش بەو ئەندازەیە فەرقیان هەبی بو ئەوە کە هەرکەس بگا بە بەشی حەقی خوی •

باسی ئەوە کە چون نەچیر ئەبی بە مولك

نەچیری غەیری (مکّەی مکرّمه) ئەبی بە مولك بو کەسی کە لە ئیحراما نەبی بە چەند شت (یەکەم) بەوە کە ئەو نەچیرە بە دەست بگری با نیازی ئەوەیشی نەبی کە بیکا بە مولکی خوی ، خواه ئەو کەسە بالغ بووبی یا مندال بی ، تەمیزی پەیدا کردبی یا نە • بەلی ئەگەر مندالیکی بی‌تەمیز بوو وە کەسیك ئەمری پی‌کرد ئەو نەچیرەی بو بگری‌و ئەویش گرتی ئەوە ئەبی بە مولکی ئەو کەسە • هەروەها ئەگەر فەرمانی‌دا بە کەسیکی بی‌شوعووری‌وا کە بەگوی‌کردنی ئەو بە پیویست بزانی‌و ئەویش بەگوی‌ی بکا • (دووەم) بە بریندار کردنیکی‌وا زووبەزوو گیانی حەیوانەکەی پی‌دەربچی • (سیهەم) بە لیدانیکی‌وا کە لە جوولەی بخا لەگەل ئەوەدا کە مەبەستی لەم لیدانە ئەوەبی بیکا بە مولك • (چـوارەم) بەوە کە بالی یـا پی‌ی بشکینی یا بالی هەلپاچی• (پینجەم) بەوە کە بکەویتە داویکەوە کە ئەم شەخسە دایناپی بە نیازی نەچیرگرتن ، وە داوەکە لە راکردن‌و خو رزگارکردنی بخا • کەواتە نەچیر نابی بە مولك ئەگەر بکەویتە داویکەوە کە ئەم نەی‌نابیتەوە ، یاخود ئەم نابیتیەوە بەلام نەك بەنیازی ئەوە کەچی پیوەبوو بیکا بە مولکی خوی ، یاخود بکەویتە داویکەوە کە بتوانی پی‌یەوە رابکاو خوی رزگار بکا •

(شەشەم) بەوە کە ری‌ی لی‌بگری لە تەنگەبەری‌یەکی‌وادا کە نەتوانی لی‌ی‌دەرچی ، بەوشەرتە کە بەئاسانی بگیری • ئەگینا تا دەری‌نەهینی نابی بە مولکی • وە ئەگەر لە داو دەرباز بوو ، هەرکەس گرتیەوە ئەبی بە مولکی ئەوکەسە •

(حەوتەم) بەوە کە نەچیرەکە بکەویتە ئەرزی ئەوەوەو ئەمیش بـــە نیازی گرتنی ئەو نەچیرە ناو بەربداتە ئەرزەکە تا ببی بە قورو حەیوانەکە پەکی بکەوی •(هەشتەم) بەوە کە هانەهانەو شتەی سەگ یا باز یا ویز یا هە: حەیوانیکی‌تری راو بدا بوسەر ئەو نەچیرەو ئەویش بیگری یا وای‌لی‌بکا کە لە راکردن بکەوی • (نوهەم) بەوە کە ئەو نەچیرە خوی فرەبداتـــــــە خانوویەکەوەو خاوەنی خانووەکەیش دەرگای ئەو خانووە بگری لەســـەر نەچیرەکە ، ئیتر هەرچەند ئەو خاوەن خانووە بە داگیر کردن تیابی • بەلی ئەگەر غەیری ئەو خاوەن مالە بەبی‌ئیذنی خاوەن‌مالەکە دەرگاکەی گــرت ئەوە کەسیان نابی بە خاوەنی • خاوەن مالەکە نابی بە خاوەنی نەچیرەکـــە لەبەرئەوە کە دەرگاکەی نەگرتووە • کابرای بیگانەیش نابی بە خاوەنـــی ئەو نیچیرە چونکە نە بە راستی‌و نە بە داگیرکردن خاوەنی ئەو خانـــووە نی‌یە ، کەوابو ئیشەکەی بی‌سوودە •

(دەهەم) بەوە کە هیلانە دروست بکا بو پەلەوەر • ئەوە هەرکاتیک کە ئەو پەلەوەرە هیلکەی کرد یاخود بەچکەی هەلهینا ، بە خوی‌و هیلکـــەو بەچکەیەوە ئەبی بە مولکی ئەو کابرا مادەم ئەو هیلانەیەی بەم‌نیازە دروست کردبی بو پەلەوەرەکە •

ئەگەر کەسیک رای‌کرد بە دوای حەیوانیکداو حەیوانەکە مانـــدوو بوو ، وە راوەستا ، ئەوە ئەو کابرا نابی بە خاوەنی ئەو حەیوانە تا نەی‌گری ، چونکە ئەو وەستانە هیزی ئەداتی بو راکردنیکی تازە • وە ئەگەر هەنگیکی دوزی‌یەوە لەناو داریکی بوشا یا لە کونەبەردیکا ، ئەوە هەنگەکە ئەبی بـە مولکی ئەگەر دەرگای کونەکەی توند گرت بەجوریک کە هەنگەکە نەتوانی دەرچی • بەلام هەنگوینەکەی نابی بە مولکی تا دەری‌ئەهینی‌و وەری‌ئەگری • کەواتە نیشانە کردنی داریک کە هەنگی تیابی شتیکی بی‌سوودەو نە ئەبـی

بەهوی مولکیەتی هەنگەکەو نە هی هەنگوینەکەی • ئەوقسەیەش کـــە مەشهوورە ئەلی « هەنگوین هی ئەو کەسەیە کە تەوری تیژە » مەبەست لی‌ی ئەوەیە کابرا دارەکە ببری‌و هەنگوینەکە دەربهینی ، نەك تەنها دارەکە نیشانە بکاو ئیتر بەس •

هەر حەیوانیك کە بوو بە مولکی کەسیك ، لە مولکی ئەو کەســـە دەرناچی بەوە کە بەرەللای بکا • کەواتە حەرامە بەری‌بدا چونکە لەوانەیە یەکیك بیگری‌و بیخوا • مەگەر لەکاتیکا کە بلی وا ئەم‌حەیوانەم بەرەلــلا کردو حەلالم کرد بو هەرکەس کە بیگری بوخوی • بەلی جاروبار واجبە ئەو حەیوانە بەرەللا بکا وەك ئەوە نەچیریك لە مولکی کەسیکا بی‌و ئەوکەسە بکەویتە ئیحرامەوە بو حەج یا بو عەمرە ، چونکە لەم‌کاتەدا واجبە ئـــەو کابرا حەیوانەکە بەرەللا بکا • هەروەها بەرەللا کردنی حەیوان واجبـــە ئەگەر ئەو حەیوانە بەچکەیەکی هەبی‌و بەچکەکەی نەگیرابی ، یاخــــود بەچکەکە گیرابی‌و دایکەکەی نەگیرابی • یاخود لەکاتیکا کە ئەو نەچـــیرە گوشتی حەلال بی‌و کابرایش چەقوی پی‌نەبی سەری ببری‌و هیچیشی نەبی بیداتی بیخوا ، یاخود گوشتی نەخوری وەك پەرەسیلکە • بەلام ئەگـــەر حەیوانی گوشت نەخوراو رابگری لەبەر جوانی یا لەبەر خوشی‌ی دەنگی ، ئەوە عەیبی نی‌یە •

ئەگەر کوتری برجی کەسیك هات بو برجی کەسیکی‌تر ، وە لەگەل کوتری ئەم برجەکەدا تیکەل بوو ، ئەوە ئەگەر لەیەك جیا ئەکرانەوە واجبە جیایان بکاتەوەو کوتری برجەکەی‌تر بداتەوە بە خاوەنی • وە ئەگـــەر جیا نەئەکرانەوە ، ئەوە خاوەنی ئەم برجەکە ناچار ناکری بو ناردنەوەیان چونکە نازانری کامەن تا جیایان بکاتەوە ، بەلام دروستیش نی‌یە هیچیـــان لی‌بفروشن یا ببەخشن بە غەیری خویان ، بەلام دروستە یەك بەیەکی بفروشی

یا ببەخشی • بەلی ئەگەر هەردولایان کوترەکانیان تیکرا فروشت بەکەسیکی تر وە ژمارەیان دیاری‌و نرخیشیان وەك یەك بوو ئەوە دروستە ، ئەگینا دروست نی‌یە •

ئەگەر دووکەس یەك لەدوای‌یەك نەچیریکیان بریندار کرد ، ئـــەوە ئەگەر دووهەمیان نزیکی کردەوە لە مردن یاخود لە راکردنی خست ، نەك یەکەمیان ، ئەوە ئەو حەیوانە ئەبی بە مالی دووهەمیان • وە ئەگەر یەکەمیان نزیکی کردەوە لە مردن یا پەکی‌خست ، ئەوە هەر بو ئەوە • جا ئەگـــەر لەم‌صوورەتەدا دووهەمیـــــان گیانی حەیوانەکـــەی دەرکرد بە برینـی قورقوراچکەو سووریچکەی ، ئەوە گوشتی حەلالە • بەلام واجبە لەسەری تولەی ناتەواوی‌یەکەی بدا بە کابرای یەکەم ئەگەر بەم سەربرینە کەمـی کردبوو • ئەو تولەیەش بریتی‌یە لە فەرقی قیمەتی ئەو حەیوانە لەکاتـــی سەربراوی‌و کاتی پەك‌کەوتوی‌دا • وە ئەگەر بە برینی غـــەیری ئەو دوو شوینە گیانی دەرکرد ، یا نزیکی نەخستەوە لە مردن بەلام بە هەردو برینەکە مرد ، ئەوە حەرامەو کابرای دووهەم ئەبی بە ضامنی قیمەتی وەختـــــی پەك‌کەوتووی حەیوانەکە بو کابرای یەکەم ، چونکە بووە بەهوی مردنی ئەو حەیوانە بەم‌جورە •

وە ئەگەر هەردوکیان پیکەوە برینداریان کردو نزیکیان خستەوە لـە مردن ، یاخود بە هەردوکیان پەکیان‌خست ، ئەوە ئەو حـــەیوانە بـــو هەردوکیانە • وە ئەگەر هەر یەکیکیان نزیکە مردنی کردەوە یا پەکی‌خست ئەوە هەر مالی ئەوکەسەیە • وە ئەگەر یەکیکیان پەکی‌خستو یەکیکیـــان نزیکی خستەوە لە مردن ، وە نەئەزانرا کامیان پیش‌کەوتووە ، ئـــــــەوە حەرامەو گوشتی ناخـــوری • وە ئەگەر کەســـیك نەچیریـــك یا حەیوانیکی‌خانەکی‌ی مردار کردەودو کابرایەك پیستەکەی بردو دەباغـی‌ی

کرد ، ئەوە ئەبی بە مولکی ، چونکە خاوەن حەیوانەکـــە دەس بەرداری پیستەکە بووە • هەر لەسەر ئەساسی ئەم دەس بەردار بوونە دروستە بـــو بیگانە کولی گەنمی پاش دەستی وەرزیر بچنیتەوە ، یا ئەگەر تاك و تەرا میوە بەداریکەوە مابوو لیی بکاتەوە • هەروەها دروستە هەر میوەی درەختیك کە کەوتبیتە ئەودیوی پەرژینی باخ یا دیوارەکەیەوە هەلی گریو بیخوا •

باسی هەلگرتنی شتی داکەوتوو (لقطە)

(لقطە) لەشەرعدا بریتی یە لە مالیك یا لە ئیختیصاصیکی حورمـــەت و قیمەت دار کە بەهوی بی ئاگایی یەوە بەجی مابی لەشوینیکا کە شوینی عادەتی ی ئەو شتە نەبی ، بەوشەرتە ئەوکەسە کە شتەکە ئەدوزیتەوە خاوەنەکـــەی نەناسی و شتەکەیش بەهیز خوی پی نەپاریزری • کەواتە شـــتیك کە بـــا فرەی دابی بو ناو حەوشی مالیك ، یاخود ئەمانەتیك کە دانرابی لای کەسیك و ئەوکەسە بمری و وەصیەت نەکا بو میراتگرەکانی ، ئەوە بە مالی فـــەوتاو دائەنری •

سوننەتە هەلگرتنی داکەوتوو بو هەرکەس کە باوەری بە ئەمانەتـــی خوی ببی • بەلکو لەسەر فەرموودەی گەلی لە زانایانی شەرع ئەگـــەر ئەم کەسە لەوباوەرەدا بوو ئەگەر ئەو شتە هەل نەگری ئەفەوتی واجبە هەلی بگری • بەلی ئیمامی غەزالی فەرموویە هەلگرتنی مالی دوزراوە بەوشەرتـە واجبە ئەگەر ئەم هەلگرتن و پاراستنەی زەحمەت نەبی لەسەر ئەوکەســە ، ئەگینا پیویست نی یە هەلی بگری • سوننەت نی یە بوکەسیك متمانەی نەبی بە ئەمینیی خوی مالی دوزراوە هەل بگری • بەلکو بو ئینسانی فاسق کەراهەتی هەیە • وە شاهید گرتن لەسەر هەلگرتنی مالی دوزراوە واجب نی یە •

فەرموودەی راستتر ئەوەیە دروستە شت هەلگرتنی موسولمانی فاسق و

منال‌و ئەهلی ذمّە لە ولاتی موسولماناندا • بەلام فەرموودەی دیاری‌تر ئەوەیە شتەکە لەدەستی ئەو فاسقە وەرئەگیری‌و ئەدریتە دەستی ئینسانیکی دادپەروەر ، وە متمانە نا کری بە بەیان‌و تەعریف کردنی ئەوشتە لەلایەن فاسقەکەوە ، بەلکو ئەخریتە ژیر چاودیری‌یەوە • فەرموودەی راستتر ئەوەیە سەرپەرشتی کەری کاروباری منال شتی دوزراوە لە دەستی منال ئەسینی‌و خوی ئاگاداری‌ی ئەکا • جا ئەگەر پاش هەلدانی ناوونیشانی لەلایەن خوی یا وەکیلیەوە خاوەنی دەرنەکەوت ، بەگویرەی مەسلەحەت ئەیکا بە مالی ئەو منالە • وە ئەگەر کەمتەرخەمی‌ی کردو مالەکەی بەدەستی منالەکەوە هیشتەوە ئەبی بە ضامنی ئەو مالە •

باسی مالە هەلگیراوەکە

مالی هەلگیراو ئەگەر حەیوانیك بی کە مولك بیت‌و خوی نەدا بەدەستی وردە دروندەوە لەبەرئەوە کە ئەوەندە هیزو توانای بی خوی بپاریزی وەك ئەسپ‌و حوشترو ئیسترو گاجووتی بەهیز ، یا بەهوی راکردنی هەلاتنەوە وەك کەرویشك ، یا بەهوی فرینەوە وەك کوتر ، ئەوە ئەگەر لەبیابانا دوزرایەوە دروستە بو **قاضی‌و** غەیری قاضی دەستی بەسەرا بگری بەنیازی پاراستن‌و بو کردن بەمولکیش •

هەر حەیوانیکیش خوی پی رانەگیری‌و گوشتیشی بخوری وەك مەرو بزن ئەوەدروستە هەل گرتنی بوئەوە کە بکری بە مولك چ لە دی‌و چ لە حەسارو بیابانا • وە ئەوکەسەی ئەم حەیوانە هەل‌ئەگری ئارەزووی خویەتی لە هەرکام لەم سیە شتەدا • یەکەم ئەوە تا سالیك ناوونیشانی هەلداو پاش ئەوە بیکا بەمولك • دووهەم ئەوەیە دەس‌بەجی بیفروشی‌و قیمەتەکەی هەل‌بگری ، ئەوجا ناوونیشانی هەل‌بدا • سیهەم ئەوەیە ئیستە دەس‌بەجی بیخواو

قیمەتەکەی ببڕیری تا هەرکاتێك کە خاوەنەکەی دەرئەکەوێ • وە ئەگەر لەناو ئاوەدانی‌یا هەڵی‌گرت ئەوە بە ئارەزووی خۆیەنی ڕێگای یەکەم یا دووهەم بگری ، وە بۆی‌نی‌یە ڕێگای سێهەم بگری • دروستە بۆ ئینسان غەیری گیان‌لەبەریش هەڵبگری • جا ئەگەر دۆزراوەکە شتێ بوو کە زوو خراپ ببێ وەك چێشت‌و مێوەی زۆر گەیشتوو ، ئەوە دوو چارەی لەبەردەمایە : یا بیفرۆشێ‌و پارەکەی هەڵبگرێ‌و لەپاش ناوونیشان هەڵدان ئەگەر خاوەنەکەی دەرنەکەوت بیکا بە موڵکی خۆی • دووهەم ئەوەیە هەر ئێستە بیکا بە موڵك‌و بیخوا • بەڵێ ئەگەر قابیلی ئەوەبوو بەدەس‌لی‌دان چار بکرێت وەك ڕوطابێ کە بکرێ بە خورما ، ئەوە ئەگەر قازانج لە فرۆشتنیا بوو ، بیفرۆشێ • وە ئەگەر قازانج لە وشك کردنەوەیا بوو ، وە کەسێك بە پیاوەتی وشکی ئەکردەوە ، وشکی بکاتەوە • ئەگینا هەندێکی لی‌بفرۆشێ بۆ مەسرەفی وشك‌کردنەوەی •

جا ئەگەر کابرا ئەو ماڵە دۆزراوەی هەڵگرت بەنیازی ڕاگرتن‌و پاراستنی ، ئەوە ئەمانەتە بەلایەوە ، هەروەها هەر شتێکیش کە لی‌یەوە پەیدا ببێ وەك شیرو دوو ڕۆن‌و بەچکەی ئەو حەیوانە • کەواتە هەرکاتێك کەمتەرخەمی‌ی تیا کرد ئەبێ بە ضامنی • وە ئەگەر لەم‌وەختەدا دایە دەستی قاضی ، واجبە لەسەر قاضی وەری‌بگرێ • بەشێ زۆری زانایانی شەرع لەم‌وەختەدا بە واجبیان دانەناوە ناوونیشانی ماڵە دۆزراوەکە هەڵدات • بەڵام قسەی پشت پێ‌بەسراوتر ئەوەیە کە لەم‌وەختەیشا هەر لەبەر پاراستنی ماڵە دۆزراوەکە پێویستە ناوونیشانی هەڵبدات بۆئەوە کە ئەوماڵە بەهۆی ناو نەبردنەوە نەفەوتێ • چونکە لەوانەیە خاوەنەکەی بەهۆی سەفەرەوە یا بەهۆی نەخۆشی‌یەوە یا بەهۆی شتێکی‌ترەوە بۆی نەکرێ بگەرێ بەدوای شتە گوم‌بووەکەیداو باسی بکا ، وە ماڵەکەی بفەوتێ • جا لەسەر ئەم

فەرموودەیە ئەگەر کابرای مال دوزەرەوە بیدەنگ بوو ، وە مالەکە فەوتا ، ئەوە ئەبی بە ضامنی ئەو مالە .

لەمحالەدا کە کابرای مالدوزەرەوە بەنیازی پاراستن هەلی گرتووە ، بەپیی شەرع بە ئەمین دائەنری ، وە تا خەیانەتی لی نەکەویتەوە بە خائین ناناسری . وە ئەگەر بەنیازی خەیانەت هەلی گرت هەر لەو دەقیقەوە ئەبی بە ضامنو حەقی ئەوەی نامینی لەوەپاش ناوونیشانی هەلداو پاشان بیکا بە مولکی خوی . وە لەکاتیکا کە بەنیازی پاراستن هەلیبگری ئەو مالە ئەمانەتە لای چ لەپیش ناوونیشان هەلدانو چ پاش ئەوە تا ئەیکا بە مولکی خوی .

واجبە لەسەر ئەوکەسە کە مالیک ئەدوزیتەوەو ئەیەوی ناوونیشانی هەلبدا ، جینسو نوعو صیفەتو ئەندازەی ئەو مالە بزانی . هەروەها توورەکەو دەرگابینی ، ئەوجا ناوونیشانی هەلبدا لە دەرگای مزگەوتو بازارو شوینی کوبوونەوەی خەلکدا ، روژی دووجار تا ماوەی مانگیک ، پاش ئەوە روژی جاریک تا ماوەی هەفتەیەك ، ئەوجا حەفتەی دووجار ، پاش ئەوە مانگی جاریك تا سالەکە تەواو ئەبی . وە ئەگەر ئەم یەك سالی ناوونیشان هەلدانە بەش بکا بەسەر دوازدە سالا هەر سالی مانگیك ، ئەوەیش دروستە .

بەلی واجب نییە دەنگ بەرز بکاتەوە ، بەلکو پیویستە بەدەنگی عادەتی قسە بکا بو خەلك کەوا شتیکیوای دوزیوەتەوە ، چونکە دەنگ بەرز کردنەوە بە خیلافی عادەت یا حەرامە یا کەراهەتی هەیە .

(بزانن) ناوونیشان هەلدان کاتیك پیویستە ئەگەر کابرا لەوباوەرەدا نەبی بەهوی ئەو جاردانەوە ستەمکاریك مالەکە داگیر ئەکا ، یاخود خوی تووشی دەردو مەینەتیك ئەبی ، ئەگینا حەرامەو واجبە لەسەری بیدەنگ شتەکە هەلبگری تا هەرکاتیك مەیدانی ناوو نیشان هەلدانی ئەبی .

وە لەکاتی ناوونیشان هەلدانیشا ئەبی تەنها هەندیك لە ناوونیشانەکانی

هەلدا ، ئەگینا یەکێکی دروزن لەولاوە راست ئەبێتەوەو بەدرو ئەیکا بە مالی خوی • مەسرەفی ئەم ناوونیشان هەلدانە لەسەر کابرای مالدوزەرەوە نی یە ئەگەر بەنیازی پاراستن هەلی گرتبێ ، بەلکو لەسەر خاوەن مالەکە خویەتی • کەواتە ئەبێ قاضی مەسرەفی بو بکا لە (بیت المال) یا لەسەر خاوەنەکەی • جا ئەگەر ئەو شوێنە قاضی‌ی تیا نەبوو ، کابرا خوی مەسرەفی بو بکا بەونیازە کە پاشان لە خاوەنەکەی بسێنێتەوە ، وە شاهید لەسەر ئەو نیازەی بگـــری • مەسەلەی مەسرەف کردنیش بو مالە دوزراوەکە ئەگەر مەسرەفی بــوێ ، ئەویش هەر بەمجورەیە • وە ئەگەر بە نیازی ئەوە شتەکەی هەلگرتبوو کە بیکا بە مولکی خوی ، ئەوە مەسرەفی ناوونیشان هــەلدانو مەســـرەفی حەیوانەکەیش لەپێش کردنیـدا بە مولك هـــەر لەســـەر کابــرای مالدوزەرەوەیە • فەرموودەی راستتر ئەوەیەشتی بی‌قابیلەت تا سالیـــــك ناوونیشانی هەلنادری ، بەلکو هەر ئەوەندە پیویســـتە کە بــەپێی عادەت ناوونیشانی هەلبدری تا ماوەیەك کە خاوەنەکەی دەسی لی شوردبیتەوە •

کاتیك کە کابرای مالدوزەرەوە ویستی مالەکە بکا بە مالی خوی پاشـں تیپەربوونی سالەکە ، ئەوە ئەبێ بەدەم بلی وا ئەم مالەم کرد بە مولکی خوم وە بەتەنها تیپەربوونی سالەکە نابێ بە هی خوی • جا ئەگەر پاش ئــــەوە خاوەنەکەی دەرکەوت ، ئەوە لەمصوورەتەدا ئەگەر لەگەل خاوەن مال داوای عەینی مالەکەی ئەکردو ئەمیش قیمەتەکەی ئەدایە ، ئەوە ئارەزووی خاوەن مالەکە جی‌بەجی ئەکری • وە ئەگەر ئەو عەینە فەوتابوو ، واجبە ئەم کابرا نە مالی وینەدارا وینەی ، وە لە مالی قیمەت بو دانراوا قیمەتەکەی بداتەوە • وە ئەگەر عەینی مالەکە مابوو ، بەلام بەهوی شتیکەوە عەیبــدار بووبوو ، ئەوە خاوەنەکەی بوی هەیە عەینەکەی بەریتەوەو ناتەواوی‌یەکەشـــی

بپژیری بەزەی کە دوزیویەتەوە •

ئەگەر کەسێك هاتو ئیدیعادی مولکیەتی مالیکی دوزراوەی کـــرد وە نە شاهیدی هەبوو ، وە نە ناوونیشـــــانی مالەکەی بەتەواوی هـــەلدا ، دروست نی‌یە ئەوماڵەی بدریتی • وە ئەگەر ناوونیشـــانی هـــەلداو مـال دوزەرەوەکە باوەری پی‌کرد ، دروستە مالەکەی بداتی ، بەلام بەگویرەی مەذهەبی ئیمام واجب نی‌یە • وە ئەگەر پاش ئەوە کە مالەکـــەی دایەوە یەکیکی‌تر هات ئیدیعای کرد کە هی ئەوەو شاهیدی هینا ، ئەوە لە کابرای یەکەم ئەسەنریتەوەو ئەدری بەم • وە ئەگەر لای ئەو فەوتابوو ، ئەوە خاوەن شاهیدەکە ئەتوانی پیی بپژیری یاخود بیپژیری بە کابرای یەکەم ، وە لە هەموو حالیکا مەسەلەکە ئەگەریتەوە سەر ئەو کابرای یەکەمە •

(بزانن) هەلگرتنی مالیکی فری‌دراو لە حەرەمی (مکەی مکـــرمە) دا دروست نی‌یە بەبی‌نیازی هیچ ، یا بەنیازی کردنی بە هی خوی ، بـــەلام بە نیازی پاراستنی تا خاوەنەکەی پەیدا ئەبی ، ئەوە دروستە •

باسی مندالی فری‌دراو

فەرضی کیفایەیە هـــەل‌گرتنی مندالیکی بی‌تەمیز یا خاوەن تەمیز ، یا بالغیکی شیت ، ئەگەر لەوولاتەدا کەسیکی‌تر هەبی هەلی‌بگری ، ئەگینـا فەرضی عەینە لەبەر پاراستنی نەفسی ئەو منـــداله یا ئەو شیتە • وە ئەبـــی ئەوکەسەی هەلی‌ئەگری شاهید بگری لەسەر ئەو هەلگرتنە ، نەوەك کابـرا لەوەپاش ئیدیعای مولکیەتی ئەو منداله هەلگیراوە بکا •

حـــەقی ئەم هەلگرتنە نی‌یە مەگەر بو موسولمانیکی بالغی عاقلی ئازادی خاوەن‌فام • وە ئەگەر دووکەس بەجاریك چوونە سەر مندالیك ئەوە واجبە

لەسەر قاضی لای ئەوەیانی دەنی کە مەسلەحەتی منالەکەی تیابی • وە ئەگەر یەکێکیان پیش کەوت لە هەل گرتنی منالەکەدا ئەوە هەر حەقی ئەویانەیــــە وە ئەگەر بە یەکەوە هەلیان گرت و هەردوو کیشیان لایق بــــوون بو ئەوە، ئەوە فەرموودەی راستتر ئەوەیە لەمحالەدا دەولەمەند ئەخریتە پیش فەقیرەوە، وە ئینسانی دینداری لەدنیا کەیشتوو ئەخریتە پیش کەسیکەوە کە نەزانری حالی چونە • ئەگەر دوو کەسەکە یەك بوون لەمصیفەتانەدا قورعە ئەخــری لەبەینیانا •

ئەگەر شــارستانی یەك منالیکی هەلگرت لەشارا، دروســت نی یە بیبـا بو دەشت یابو لادی • بەلام ئەتوانی بیبا بو شاریکی تر، بە تایبەتی ئەگــەر غەریب بی ئەتوانی بیباتەوە بو شارەکەی خوی • وە ئەگەر لەدەشتا لە نــاو دەوارا یاخود لەلادیدا دوزی یەوە بوی هەیە بیبا بو شارە وە ئەگەر دەشتەکی منالیکــی لە شــارا هەلگرت حەقی نی یە بیبا بو دەشت • وە ئەگەر لە دەشتا هەلی گرت ئەوە لای خوی ئەهیلریتەوە •

مەسرەفی ئەم منالە لە مالی تایبەتی ی خوی ئەکری ئەگەر بووی، وەك پارەیەك خرابیتە توورەکەیەك و لایا دانرابی، یا کەل وپەلیك کە خرابیتـە ژیری یا ژیرسەری یا هەرشتیك کە لەدەوروبەریا دانرابی • وە ئەگـــەر شتی وای نەبوو مەسرەفی لە مالی گشتی بو ئەکری وەك مالیك کە وەقف کرابی لەسەر منالی فری دراو • وە ئەگەر مالی وا نەبوو، مەسرەفی لەسەر (بیـت المال)ی موسولمانانە • ئەگەر (بیت المال)یش ریك وپیك نەبوو، مەسرەفــی لەسەر دەولەمەندانی موسولمانانی ئەو شوینەیە، بەلام فەرز نی یە لەسەریـان بە پیاوەتی مەسرەفی بو بکەن، بەلکو ئەتوانن بە شیوەی قەرز مەســـرەفی بو بکەن تا گەورە ئەبی، ئەوجا لی ی وەربگرنەوە • ئەوکەسەش کـــە

منداله‌که هه‌ڵئه‌گری دروسته بوی هه‌ر ماڵو پاره‌یه‌کی له‌گه‌ڵدابوو هه‌ڵی‌بگری ، وه ئه‌بی شاهید بگری له‌سه‌ر ئه‌و ماڵو پاره‌یه به‌لام دروست نی‌یه به بی ئیذنی قاضی له‌و ماله صه‌رف بکا بوی •

ئه‌گه‌ر که‌سیك ئه‌و منداڵه‌ی کرد به منالی خوی ، ئه‌بی به منالی ، وه ئه‌ویش لایق ئه‌بی بو پی گه‌یاندنو په‌روه‌رده کردنی • به‌لام ئه‌گه‌ر ژنیك منالیکی کرد به منالی خوی ، ئه‌وه به بی شاهید هینان له‌سه‌ر ئه‌وه که له‌و بووه ، نابی به منالی • وه ئه‌گه‌ر دوو ژن منالیکیان دایه پال خویان ، وه هیچیان شاهیدیان نه‌بوو، نادری به که‌سیان • وه ئه‌گه‌ر هه‌ردوکیان شاهیدیان هه‌بوو ئه‌وه نیشانه‌ی قیافه‌شوناس ئه‌دری، به هه‌رکامیانی بدا هی ئه‌ویانه‌یه• وه ئه‌گه‌ر قیافه‌ت شوناس نه‌بوو ، یاخود نه‌ی‌زانی هی کامیانه ، رائه‌وه‌ستین تا مناله‌که بالغ ئه‌بی ئه‌وجا خوی به منالی هه‌رکامیان دانا ئه‌دریته پال ئه‌ویانه • جا که بوو به منالی یه‌کیکیان ، ئه‌وه نه‌سه‌بی ئه‌لکینری به میردی ئه‌و ژنه‌وه به‌وشه‌رته شاهید شاهیدی بدا که ئه‌و مناله له‌سه‌ر (یاتاخی) ئه‌م کابرایه بووه ، وه به گویره‌ی حسو شه‌رعیش قابیل‌بی له‌و کابرایه بووبی‌و کابرایش ئینکاری نه‌کا •

باسی موسولمانه‌تی‌و کافری‌ی منال

هه‌ر منالیك له ولاتی ئیسلاما بدوزریته‌وه ، هه‌رچه‌ند ولاته‌که ئه‌هلی ذمه‌یشی تیابی ، یا له ولاتیکا بی که ئیسلام گرتبیتی به‌زور به‌لام له‌ده‌ستی کافره‌کاندا هیشتبیتیه‌وه ، وه موسولمانیشی تیابی ، ئه‌وه حوکم ئه‌کری به‌وه که موسولمانه •وه ئه‌گه‌ر مناله‌که له ولاتی کافرانا دوزرایه‌وه (دار الکفر) ئه‌وه به کافر ئه‌ناسری ئه‌گه‌ر ولاته‌که موسولمانی تیا نه‌بی • وه ئه‌گه‌ر موسولمانی تیا بی به موسولمان دائه‌نری • هه‌ر منالیکی دوزراوه که بریار

بدری موسولمانە بەهوی ئەوەوە کە لە ولاتی ئیسلاما دوزرابیتەوە ، وە پاشان کەسیکی (اهلی ذمە) شاهید بینی کەوا ئەو منالە هـــی ئەوە ، ئەدری بە ئەوو نەسەبی ئەلکینری بەوەوە • وە ئەگەر هەر داوای کــرد ، ئەوە ئەیدریتی ، بەلام بە موسولمان ئەناسری •

دوو ریگای‌تر هەیە بو حوکم کردن بە موسولمانەتی‌ی منال (یەکـــەم) ئەوەتە منالەکە لە دایك و باوکی موسولمان پەیدا بووبی ، واتە کاتیـــك کە نوطفەی منالەکە لە منال دانی دایکیا جی گیر بووە دایك‌و باوکی موســـولمان بووبن • وە ئەگەر لە دایك‌و باوکیکی کافر پەیدا بوو ، وە پاشان یەکیکیان موسولمان بوو ، ئەویش هەر بە موسولمان دائەنری • لە هەردوو صوورەتدا ئەگەر منالەکە پاش بالغ‌بوونی کوفری بەدەما هات بە (مرتد) ئەناسری •

(دووهەم) ئەوەیە کەسیکی موسولمان منالیکی لە ولاتی کافرانەوە بـە دیل هینابی ، ئەو منالەش بەهوی ئەم موسولمانەوە کە هیناویەتی بە موسولمان دائەنری بەوشەرتە کە باوك‌و دایکی لەگەل نەبی ، ئەگینا لەسەر دینی دایك‌و باوکیەتـــی •

باسی مالی ئەمانەت (وديعة)

ئەوکەسەی مالی ئەمانەتی پی نەپاریزری حەرامە وەری‌بگـــری • وە ئەگەر بتوانی بەلام باوەری بەوە نەبی کە خوی ئەمینە ، کەراهەتی هـــەیە وەری‌بگری • وە ئەگەر بتوانی بیپاریزی‌و باوەریشی بە ئەمینی‌ی خــوی هەبی ئەوە سوننەتە وەری‌بگری هەرچەند کری‌یش لە خاوەن مالەکـــە وەربگری بو خوی‌و ئەو شوینەی مالەکەی تیا دائەنی ، چونکە فەرموودەی راستتر ئەوەیە دروستە کری وەرگرتن هەتاوەکو لەسەر واجبی عەینی‌یش

وەکو رزگار کردنی کەسیك لە ئوو ئاگر ، وە فـیر کردنی سـوورەتـی (فاتحـة) •

ئەرکانی ئەمانەت داناں چوارە (یەکەم) مالی بەئەمانەت دانـراو • (دووهەم) ئەوکەسە کە مال بە ئەمانەت دائەنی • (سیهەم) ئەوکەسە کـە ئەمانەتەکەی لا دائەنری • (چوارەم) ئەو لەفظە کە بەدەما دیت لەکاتیکا کە کابرای خاوەن مال مالەکەی بە ئەمانەت لای کەسیك دائەنی • شەرتی مالی بەئەمانەت دانراو ئەوەیە مالیکی موحتەرەم بی خواە قیمەتی ببی وەك تەغاری گەنم یا نەی‌بی وەك دەنکی گەنم ، یا ئیختیصاصات بی وەك تەپالەو سـەگی پاس‌و سەگی راو ، نەك سەگی خویری‌و هوی رابواردنی حەرام ، ئەوانـە بەئەمانەت دانانرین‌و بەپی‌ی شەرع پاراستنیان واجب نی‌یە •

شەرتی مال بەئەمانەت دانەرو مال بەئەمانەت لادانراویش وەك شـەرتی وەکیل‌گرو وەکیل وایە • لەواقیعدا کابرای خـاوەن مال کابـرای مال لادانراوی کردووە بە وەکیلی خوی بو پاراستنی مالەکەی • کەواتە ئەمانەت دانان دروست نی‌یە لەلایەن مندال‌و شیت‌و کەسیکەوە کە لەبەر نەفامـی حیجری لەسەر دانرابی • وە ئەگەر کەسیك لەمانە شـتیکی هیـنا بوئەوە بەئەمانەت لای کەسیك دای‌بنی ، دروست نی‌یە وەری بگـری لی‌ی ، وە ئەگەر وەری گرت ئەبی بە ضامنی چونکە وەرگرتن لەمجورە کەسـانە بەتالە • هەروەکو چون ئەگەر کەسیك بە ناوی بەکری گرتنەوە شـتیك لە کور یا ژنی خاوەنی ئەوشتە وەربگری ، ئەویش ئەبی بە ضامنی ئەو شتە چونکە ئەو ئیشە لەراستی‌دا بەکری وەرگرتن نی‌یەو شتیکی بەتالە ، ئەم صوورەتەیش بە ئەمانەت دانان نی‌یە •

هەروەها ئەگەر پیاویك شتیکی دایە دەستی مندالیك یا شیتیك وە مالەکە فەوتا ، ئەوە نابی بە ضامنی ئەو مالە هەرچەند کەمتەرخەمی‌یشی کردبـی

لە پاس کردنی ئەوماڵەدا چونکە شت دانە دەستی منال دروســـــت نی‌یە • بەلام ئەگەر منداڵەکە خوی دا لە شتەکەو شکاندی ، ئەوە ئەبی بە ضـــامن چونکە بووە بەهوی راستەوخوی فەوتانی ئەوشتە •

صیغەی مال بەئەمانەت دانانیش ئەبی لەفظیك بی ئەوە بگـــەیەنی کە ماڵەکە دانراوەلای کابرای مال بەئەمانەت لادانراو ، یاخود ئیشارەتیك بی کە مەعناکەی دیاری بی وەك ئەوە کە کابرا بلیت وا ئەم‌مالەم دایە دەستی تو بەئەمانەت • ئیتر فەرموودەی راستتر ئەوەیە قەبوول کردن بە لەفظ شەرت نی‌یە لە لایەن ئەوکەسەوە کە مالەکەی لا دانراوە، بەلکو یا بە لەفظ قوبوولی بکا یاخود مالەکە لەدەست کابرا وەربگری • هەروەها ئەگەر کابـــرای ئەمیندار وتی ئەومالەم بدەری بەئەمانەت بوت هەل‌بگــــرم ، وە خاوەن مالەکەیش بەبی‌قسە مالەکەی تەسلیم کرد ، ئەمەیش دروستەو بە ئەمانەتی شەرعی دائەنری •

مال وەرگرتنی ئەوکەسەی مالی بەئەمـــانەت لادائەنری جارجار راستی‌یەو جارجار حوکمی‌یە • مەسەلا ئەگەر کەسیك مالیکی هینا بـولای کەسیك‌و ئەویش پی‌ی‌وت دای‌بنی لەویادا وە کابرا دای‌نا، ئەوە حوکمی وەرگرتنی هەیە • هەروەها خاوەن دووکانیك کە دەرگای دووکانەکـەی کرابیتەوە ئەگەر بە کەسیکی وت ئاگات لەو دووکانەم بی ، ئەویش بلی باشە ئەمە وەك ئەوە وایە کە دووکانەکەی لە خاوەنەکەی وەرگرتبی • جا ئەگەر ئەم شەخصە تەماشای ئەو دووکانە نەکاو شتیکی لی بفەوتی ئەبی بە ضـامنی • بەلام ئەگەر دەرگای دووکانەکە داخرابوو ، وە وتی بە کەسیك ئاگات لەو دووکانە بی ، ئەویش وتی باشە ، وە بی ئاگا بـــوو لی‌ی تا دەرگاکـــەی کرایەوەو شتیکی لی‌دزرا ، ئەوە نابی بە ضامن چونکە مادەم دەرگـــاکەی داخراو بووە ، نەدراوەتە دەستی کابراو حوکمی وەرگرتنی نی‌یە • بەلی

ئەم کەسە گوناهبار ئەبی چونکە خاوەن دووکانەکەی دەس‌خەرو کردووە •

ئەگەر منالیکی خاوەن تەمیز مەری کەسیکی برد بولای شوانیك‌و وتی ئەمە مەری فلان‌کەسە ناردوویەتی بیلەوەرینی بوی ، شوانەکەیش وتی باشە با بلەوەری ، ئەمەیش حوکمی وەرگرتنی ئەو شوانەی هەیە لە خاوەن مالەکە چونکە ئەو مندالە تەنها قسەکەی گەیاندووە •

هەروەها ئەگەر کەسیك بە کەسیکی وت ئەومالە لەلای من دابنی‌و ، ئەویش دای‌نا ، ئەمەیش حوکمی وەرگرتنی هەیە • وە ئەگەر ئەمیندارەکە نە بە دەم قەبوولی کرد ، وە نە مالەکەی بەراستی وەرگرت ، وە نە شتیکی وایش هەبوو کە حوکمی وەرگرتنی ببی ، ئەوە بی‌سوودە • مەسەلا کەسیك شتیکی دانا لای کەسیك‌و وتی ئەم مالەم بو هەل‌بگرە ، ئەویش قسەی نەکرد ، وە لە پاش رویشتنی ئەو خاوەن مالەکە شتەکەی بەجی‌هیشت‌و فەوتا ، ئەوە نابی بە ضامن • بەلام ئەم‌کەسە گوناهبار ئەبی لەبەرئەوە کە بە ئاشکرا شتەکەی نەداوەتە دواوەو خاوەن مالەکە دەس‌خەرو بووە پی‌ی •

(بزانن) حوکمی مالی بەئەمانەت دانراوی هەیە بەچکەی حەیوانیکی بە ئەمانەت دانراو کە ئاوس بی‌و لای ئەمین‌دارەکە بزی • بەلام ئەو بەچکەیە کە لە پیش دانانی دایکەکەیا لەدایك بووبی ، ئەوە پیویستە خاوەنەکەی بە تایبەتی ناوی ببا ، ئەگینا بە مالی بەئەمانەت دانراو ناناسریت •

ئەمانەت تەواو ئەبی بە مردنی خاوەن‌مال‌و مال لەلادانراوو ، بە شیت بوونیان‌و ، بی هوش گەوتنیان بە جوریکی‌وا کە وەختی نویژیکی فەرز بگریتەوە • هەروەها بە دانانی حیجر لەسەر مال بەئەمانەت لا دانراوەکە بەهوی لات کەوتنیەوە • وە بەوە کە خاوەن مالەکە عەزلی بکا لە ئەمینداری ، یا کابرا خوی عەزل بکا • وە بەوە کە بەبی مەبەستیکی شەرعی ئینکاری ئەمانەتەکە بکا • وە بە خەیانەت کردن لە مالەکەدا • وە بە دەرچوونی

ماڵەکە لە موڵکی خاوەنەکەی بەهۆی فرۆشتنی یا بەخشینیەوە ، مەسـەلا .
لەم کاتانەدا پێویستە کابرای ماڵ بەئەمانەت لادانراو دەس بەجێ ئەو مـاڵە بنێریتەوە بۆ ئەو کەسە کە بووە بە ماڵی ، هەرچەند ئەو کەسە داوایشی نەکا وە ئەگەر دیار نەبوو بیبا بۆلای قاضی .

لـە هەموو کاتێکـا دروستە بۆ خاوەن ماڵ ئەمانەتەکە وەربگـرێتەوە لەو کەسەی داینەوە لای ، وە بۆ ئەویش دروستە هەر کاتێك ئارەزووی لێ بوو ماڵەکە بنێرێتە دواوە بۆ خاوەنەکەی .

ئەصڵی دەست لە ماڵی ئەمانەتیدا دەستی ئەمانەتە ، وە ماڵ لادانـراو بەبێ کەمتەرخەمیو خەیانەت کردن ضامن نابێ . بەڵێ ئەبێ بە ضـــامن بەهۆی چەند شتێکەوە وەك ئەوە کە بە بێ ئیذنی خـــاوەن ماڵو بە بـــێ بیانوویەکی وەك سەفەر کردنو نەخۆش کـــەوتنو شتیوا ماڵەکە بداتـە دەستی کەسێکی‌تر . جا لەم صوورەتەدا کە دایە دەستی کەســـێکی‌تر ، ئەگەر لای ئەو کەسە فەوتا ، ئەوە بڕیار ئەگەڕێتەوە سەر ئەو ، هەرچەنـد خاوەن ماڵ ئەتوانێ داوای لە هەرکامیان بکا .

(بزانن) هیچ شتێك ڕێ ناگرێ لەوە کە ئەو کەسەی ماڵەکەی بەئەمانەت لادانراوە داوای یارمەتی لە کەسێکی‌تر بکا بۆ ئەوە کە ماڵە ئەمانەتی‌یەکەی بۆ هەڵبگرێ تا ئەیباتەوە بۆ ماڵەوە .. هەر کاتێك کابرای مـــاڵ بەئەمانەت لادانراو چوو بوو سەفەرێك ، ئەبێ ماڵەکە بداتەوە بە خاوەنەکەی ئەگـەر خۆی حازر بوو ئەگینا لای وەکیلەکەی دای‌بنێ . وە ئەگەر نە خۆی دیار بوو ، نە وەکیلیشی هەبوو بیبا بۆلای قاضی . وە ئەگەر ئەو شوێنە قاضیی تیا نەبوو بیداتە دەستی کەسێکی ئەمین . لەم زەمانەدا ئەوە چاکترە بیداتـــە دەستی کەسێکی ئەمین لەوە کە بیبا بۆ قاضی . بەڵام کە تەسلیمی کەســـە ئەمینەکە کرا ، ئەبێ شاهید بگرێ لەسەر ئەو تەسلیم کردنە . بەڵێ ئەگەر

ئەو کابرای مال بەئەمانەت لادانراوە مالەکەی شاردەوە لەشـــوینیکا وە خەبەری دا بە کەسیکی باوەر پی کراو کە لەوشوینەدا بـی ، ئـەوە هیچـی ناکەویتە ئەستوو ضامن نابی •

وە ئەگەر ئەو کەسەی مالی بەئەمانەت لادانراوە مالەکەی لەگەل خویدا برد بو سەفەر ، ئەوە ضامن ئەبی مەگەر لە شوینەکەی خویدا ئاگریـــك کەوتبیتەوە یا لافاو هەلسابی ، یا خانووەکەی نزیکە رووخان بیو کابـرای ئەمین چاری نەبیو کەسیوای دەس نەکەوی مالەکەی بداتە دەســـت • وە هەرکاتی کە نەخوش کەوت بە نەخوشی یەکیوا کە ترسی مردنی لی بکری ئەبی مالەکە بنیریتەوە بو خاوەنەکەی یا بو وەکیلی یا بیداتە دەستی پیاویکی ئەمینو شاهیدی لی بگری • ئەگەر مەجالی ئەمانەی نەبوو وەصیەت بکا بـو میراتگرەکانی کە ئەم مالە مالی فلان کەسە • ئەگینا ضامن ئەبی ، مەگـــەر مەیدانی هیچ شتیکی نەبی وەك ئەوە کە کوتوپر بمری •

مال بەئەمانەت لادانراو ضامن ئەبی بەوە کە مالەکە بگویزیتەوە بـــو شوینی کە وەك شوینی پیشووی مەحکەم نەبی ، یاخود شتی بی بەسەریا بو فەوتاندنیو ئەمیش بتوانی نەیەلیو گوی نەداتی • کەواتە ئەگەر حەیوانی بەئەمانەت دانراو خەریك بی مردارەوە ببی واجبە لەسەر کابرای بەئەمانەت لادانراو سەری ببریو شاهید بگری لەسەر سەبەبی سەربرینەکەی • ئەگەر لەگەل بوونی شاهیددا سەری نەبری ئەبی بە ضامنی ئەو حەیوانە ، چونکـە موبالات نەکردن بەوەزعیوا بەخەیانەت دائەنری • بەلی ئەگەر کەس نەبوو بیگری بە شاهید وە ئەترسا لەوە کە کابرای خاوەنمـال باوەری پی نـەکا ، ئەوە لەوحالەدا ئەگەر سەری نەبری ضامن نابی •

وە ئەگەر کەسیك ولاخیکی بەئـــەمانەت دانا لای کەســـیك ، وە ئەوکەسەیش ئالفی نەدایە ئەوە ضامن ئەبی ، مەگەر کابرا وتبیتی ئالـفی

مەدەری ، ئەوە لەمحالەدا ئەو ضامن نابی ، بەلام بوی هەیە بچیتە لای قاضی شکاتی لابکا کەوا خاوەنی ئەومالە کە بەئەمانەت دانراوە لام ، نایەلی ئالـف بدەم بەو بیزمانە ، بوئەوە کە قاضی ناچاری بکا ئالف بدا بە حەیوانەکە یـا ریگای ئەو کابرا بدا کە حەیوانەکەی بەئەمانەت لادانراوە ئالفی بـداتی ، ئەگینا زور گوناهبار ئەبی •

ئەگەر کەسیك حەیوانیکی دایە دەستی کەسیك بەئەمانەت ، ئـــەوە ئەگەر ئالفیشی لەگەلدا دایە بو حەیوانەکە ، ئەوە باشە • وە ئەگەر نەیدایە پیویستە بچیتە سەر خاوەن حەیوانەکە یا وەکیلەکەی • وە ئەگەر ئـەوان نەبوون بچیتە لای قاضی • ئەگەر ئەویش نەبوو لە مالی باوکی مەسرەفی بو بکا بەنیازی گەرانەوە ، وە ئەگەر لەتوانادا بوو شاهید بگری لەسەر ئـــەوە کە نیازی داوا کردنەوەی ئەو مەسرەفەی بووە • وە ئەگەر شاهید نەبـــوو قەیدی نییەو هەر ئەوەندە مەبەستە کە خوی نیازی داواکردنەوەی ئـــەو مەسرەفەی بووە •

ئەگەر لەوشوینەدا عادەت وابوو ولاخ بە بیشوان بەرەللا ئەکرا بـو لەوەران ، وە ئەمیش لەسەر ئەو توسوولە ولاخەکەی بەرەللا کردو فەوتا ، ئەوە ضامن نابی مادەم ولاخ بەرەللا کردنەکەی لەعادەت دەرنەچی • وە ئەگەر ولاخەکەی لەگەل کەسیکی ئەمینی باوەر پیکراودا ناردبو سەرئاو ، وە لەریگەدا ولاخەکە فەوتا ، ئەوە ضامن نابی • بەلام ئەگەر بەمنالیکا ناردی بو ئاو خواردنەوە ، وە لەریگەدا ولاخەکەیان لیسەند ئەوە ضامن ئەبی •

لەوشتانەیە کە ئەبن بەهوی ضامنبوونی کەسی کە مالی بەئەمانـــەت لا دانرابی ، ئەمە کە کابرای ئەمیندار لابدا لەو پاریزگارییە کە بـــەپیی شەرع ئەمری پیکراوە ، وە بەهوی ئەوەوە ئەو مالە بفەوتی • کەواتە واجبە

لەسەری ئەگەر جلی خوری وەك فاسون و شتی وای درایە دەست بو پاراستنی، بەین بەین بیداتە بەرھەتاو ، یا بەعادەت بیکاتە بەری بوئەوە کە مورانـــە نەیخـوا •

ئەگەر کەسیك صندووقیکی دایە دەست کەسیك و پیی وت لەســـەری مەنوە ، وە ئەویش لەسەری نووست و شکا ، ئەوە ئەبی بە ضامنی ئەگەر لەبەر قورسیی کابرا شکابی • ھەروەھا ئەبـی بە ضامنی ئەوشتانـە کە لەنـاو سندووقەکەدان ئەگەر بەھوی نووستنەوە لەسەر سندووقەکە فەوتان • بەلام ئەگەر دز ھاتە مالەوەو کەل و پەلی ناو صندووقەکەی بردو مالەکـــەیش مەحـکەم بـوو ، ئـەوە ضـامن نابی ، چونکـــە وەزعی کابـــرای مال لادانراو گەلی باشتر بووە بو پاراســـتنی مالەکە لەوەی کـــە کابرای خاوەن مال ویستوویەتی • ھەروەھا ئەگەر وتی دوو قوفل مەدە لەو دەرگایە، ئەویش دوو قوفلی لیداو دز کردیەوەو شتیکی برد ، ھەر ضامن نابی چونکە دوو قوفل لە قوفلیك قایمترە • وە ئەگەر ھەندیك پارەی دایەدەستی و وتـی بیبەسە قولی کراسەکەت ، ئەویش لەناودەستیا رای گرت و فەوتا ، ئەمە ئەگەر بەھوی نووستن یا بی ئاگاییەوە بوو ، ئەوە ضامن ئەبی چونکە ئەگـــەر لەقولیا بوایە نەئەفەوتا • وە ئەگەر کەسیك بەزور لیی سەندبوو ئەوە ضامن نابی چونکە ئەوکەسە کە لە دەستی دەرھینا ئەیتوانی لە قولیشی دەربینی • وە ئەگەر وتی بیبەسە بەقولتەوە ئەویش خستیە باخەلی وە فەوتا ئەوە ضامن نابی ، وە ئەگەر بەپیچەوانەی ئەمەوە بوو ضامن ئەبی •

ئەگەر کەسیك لەبازارا چەند پەنجاییەکی دایە دەستی کەسیك ، وە باسی چونیەتیی پاراستنی نەکرد ، ئەویش بەســـــتنی بەقولیەوەو گرتنی بەدەستیەوە ، یاخود خستنیە ناو کیسەیەکەوەو نایە بەرباخەلی وە فەوتا ئـەوە ضامن نابی • وە ئەگەر لەدەستیا رای گرت و فەوتا ، ئـەوە ئـەگەر لەبەر

بی‌ئاگایی فەوتابوو ئەوە ضامن ئەبی • وە ئەگەر ستەمکاریك بەزور لی‌ی‌سەند ئەوە ضامن نابی • وە ئەگەر وتی بیبە بو مالەوەو هەلی‌بگرە ، ئەوە ئەگەر بە بی‌عوزر تەفرەی هاتنەوەی خوی‌دا بو مالەوەو فەوتا ضامن ئەبی ، ئەگینا ضامن نابی •

لە ئەسبابی ضامن بوونە دانانی ئەومالە لە غەیری جیگەی لایقی پاراستنی ئەوشتەدا ، یاخود دزیك ئاگادار بکا لە شوینی ئەوشتە ، یاخود خەبەر بدا بەوکەسانە کە موصادەرەی ئەو جورە مالە ئەکەن • هەروەها ئەگەر زورداریك هات رووتی بکاتەوە ئەمیش لەترسانا مالەکەی فری‌دایە شوینیك کە شوینی پاراستنی ئەوجورە مالە نەبوو ، وە مالەکە فەوتا لەوجیگەیەدا ، ئەوە ضامن ئەبی • چونکە ئەگەر بەلای خویەوە بوایەو بیرایە زور چاکتر بوو لەوە کە لەو شوینەدا بفەوتی ، چونکە دیار ئەبوو وە ئەزانرا کی بردوویەتی تا روژی خوی • وە ئەگەر کەسیك کلیلی دووکانەکەی دایە دەستی کەسیکی‌ترو ئەمیش دای بە یەکیکی‌ترو ئەم یەکە دەرگاکەی کردەوەو هەندی مال فەوتا ، ئەوە ئەم‌کەسە ضامن نابی • بەلی ئەگەر کلیلەکەی لەسەر ئەو ئەساسە پیدا وتبووی ئاگات لە مالەکەم بی ، وە کلیلەکەشت با لابی بو وەختی ناچاری وەك ئاگریك یا ئاویك یا شتیکی‌وا ، کەچی ئەویش کلیلەکە بداتە دەستی کەسیکی‌ترو هەندیك لەومالە بفەوتی ئەوە ضامن ئەبی •

وە ئەگەر زورداریك زوری لی‌کردو ئەمیش ئەمانەتەکەی دایە دەستی ، ئەوە ضامن ئەبی • بەلام لەپاش ئەوە کە بژاردی بو خاوەنەکەی ئەتوانی بچیتەسەر زوردارەکەو لی‌ی‌بسینیتەوە • وە ئەگەر ئەم‌کەسە مالەکەی نەدایە دەستی زوردارەکە ، بەلکو ئەو هەر بەزوری خوی لی‌ی‌سەند ، ئەوە بە هیچ‌جوری ضامن نابی • وە واجبە لەسەر کابرای مال بە ئەمانەت لادانراو ،

به هەرجوری کە پی‌ی‌بکری دەفعی زوردار بکا لەو مالە کە لای دانراوە، هەتاوەکو بە عەیب‌دار کردنی مالەکەیش • وە ئەگەر رزگار نەئەبوو لـــە دەستی زوردار بە سویند خواردن نەبی ، ئەبي سویند بخوا کە ئەومالەی لانی‌یە • بەلام پیویستە پاشان کەفارەتی سویندەکە بدا چونکە سویندەکەی دروبووەو کەوتووە •

هەروەها لە ئەسبابی ضامن بوونی ئینسانی مال بەئەمانەت لادانراوە ، قازانج وەرگرتن لەو مالە • مەسەلا ئەگەر جل بی لەبەری بکا ، وە ئەگەر ولاخ بی سواری ببی ، هەتاوەکو تەنها بەوەندەیش کە جلەکە لە سندووق دەربهینی بە نیازی لەبەرکردن ، یا پارەکە لەکیسەکەی دەربهینی بەنیازی خەرج کـــردن • لەصــــوورەتی یەکەم‌و دووهەمدا لەبەرئەوە کە مالـە ئەمانەتی‌یەکەی بەکارهیناوە بوخوی • وە لە حالەتي سیهەم‌و چوارەمـــدا ئەبی بە ضامنی ئەو ئەندازەیەی کە دەسی لی‌داوە • کەواتە ئەگەر کەسیك دوو پەنجایي لەکیسەیەك پارەی ئەمانەت دەرهینا ، ئەوە هەر ضامنی ئەو دوو پەنجایي‌یە ئەبی ، مەگەر لەحالیکا کە بەهوی دەرهینانی ئەو ئەندازە پارەیەوە ئەویشی بفەوتی ، وەك ئەوە کە لەکاتی دەرهینانی دوو پەنجایي‌یەکـــەدا دزیك بە جیگەی پارەکە بزانی‌و پاشان بیدزی • ئەوە لەم‌حالەدا ئەبی بـــە ضامنی هەمووی • هەتاوەکو ئەگەر دوو پەنجایي‌یەکەشی خستەوە جـــی‌ی خوی ، بەوە رزگاری نابی لە ضەمانەتەکە تا نەیداتەوە دەستي خاوەنەکەی•

ضەمانەت لە شتی وینەدارا ، بەشتیکی وەك خوی ، وە لە شتی قیمەت بودانراوا بە قیمەتەکەی دائەنری • وە ئەگەر ئەوشتە کە کابرای مـــال بەئەمانەت لادانراو وەری‌گرتووەو بـــووە بە ضامنی بـــەرگیك بـــی لەبەری‌کردبی یا ولاخیك بی سواری بووبی ، ئەوە جگە لە ضامن بوونی ، کری‌ی ماوەی بەکارهینانەکەشی ئەکەویتەسەر •

ئەگەر کابرای ماڵ بەئەمانەت لادانراو نیازی کرد ماڵەکە لەجێگەکەی دەربهێنی بەڵام دەری نەهێنا ئەوە نابێ بە ضامنی • وە ئەگەر ئەو ماڵـــــە ئەمانەتی‌یەی تێکەڵی ماڵی خوی کرد بەجورێك کە لەیەك جیا نەکرێنەوە ، ئەبێ بە ضامنی هەمووی • هەروەها ئەگەر دوو ماڵی ئەمانەتی تێکەڵی یـەك کرد بەجورێك کە لەیەك جیا نەکرێنەوە ، وە فەرقی نی‌یە هەردوو ماڵەکە هی یەك کەس بن یا هی دووکەس بن •

کابرای ماڵ بەئەمانەت لادانراو کە بوو بە ضامن ، لەو ضەمانەتـــــە دەرناچی بەهوی ئەوەوە کە دەس‌بەرداری کەمتەرخـــەمی ببێ دەربارەی ماڵەکـە • وەك چون ئەگەر کابرای خاوەن‌ماڵ داوای ماڵەکەی بکاتـــەوەو کابرای بەئەمانەت لادانراو ئینکاری بکا ، وە لەپاشا پەشیمان ببێتەوەو پـێ لە ماڵەکە بنێ ، ئەمیش بەو ئینکار کردنە ئەبێ بە ضامنی ئەو ماڵەو بــە پێ‌لێ‌نانەکە نابێتەوە بە ئەمین‌و لە ضەمانەت دەرناچی • بەڵێ ئەگەر لەپـاش خەیانەت‌و ضەمانەت خاوەن‌ماڵەکە سەر لەنوێ کابرای کردەوە بـە ئەمینی خوی لەسەر ئەوماڵە ، یاخود بە دەم ئازادی کرد لە خەیانەتە پێشووەکە ئەوە لە ضەمانەت دەرئەچی • بەڵام ئەگەر لەپێش خەیانەتا خاوەن ماڵەکە بڵێت وا تۆم ئازاد کرد لە هەرچی هوی خەیانەتە ئەوە بەوە ئازاد نابێ چونکـە ئازادکردن لە شتێ کە هێشتا پەیدا نەبووبێ مەعنای نی‌یە • جا ئەگەر کابرا ئەیەوێ ئەو شەخصە تووشی خەیانەت‌و ضەمانەت نەبێ ، هەر لە ئەوەڵەوە ڕێگای بدا تەصەروف لەماڵەکەیا بکا ، بو ئەوە هەرچی کرد لەسەر ئیذنـی خاوەن ماڵەکە بووبێ •

هەر وەختێ خاوەن‌ماڵ داوای ماڵەکەی کردەوە لەو کابرا کە بەئەمانەت دانراوە لای ، واجبە لەسەر ئەم دەس‌بەجێ بیداتەوە • وە ئەگەر بێ‌عوزری

شەرعی تەفرەی‌دا ، ئەبی بە ضامنی • وە ئەگەر ئیددیعای کرد کەوا مالەکە فەوتاوەو نەی‌وت بەهوی چی‌یەوە فەوتاوە ، یاخود باسی هویەکی نهینی‌ی ئەو فەوتانەی کرد ، ئەوە بە سویند باوەری پی‌ئەکری • وە ئەگەر باسی هویەکی دیاری‌ی کرد وەك ئاگر یا لافاو ، ئەوە ئەگەر ئەو ئاگرە یا ئەو لافاوە دیار بوو ئەو شوینەی گرتووەتەوە بە بی‌سویند باوەری پی‌ئەکری • وە ئەگەر دیار نەبوو ئەو شوینەی گرتبیتەوە باوەری پی‌ئەکری بە سویند • وە ئەگەر ئەو هویە کە ئەو باسی ئەکرد دیار نەبوو لەناو خەلکا، پیویستە لەپیشا بە شاهید ئیسباتی بکا کە ئەو هویە رووی‌داوە ،ئەوجا سویند بخوا لەسەر ئەوە کە ئەومالە بەوهویە فەوتاوە •

وە ئەگەر ئیددیعای کرد کەوا مالەکەی ناردووەتەوە بولای‌ئەو کەسە کە کردبووی بە ئەمین‌و مالەکەی لادانابوو ، ئەوە باوەری پی‌ئەکری بەسویند • یا ئەگەر ئیددیعای کرد کە بولای غەیری ئەوکەسەی ناردوەتەوە مەسەلا وتی داومەتەوە بە میراتگری ئەوکەسە کە دایناببوو لام ، یا ئەگەر میراتگری ئەم وتی بردوومەتەوە بو خاوەنەکەی ، یاخود کەسیك لەکاتی سەفەریکا مالیکی لای کابرایەك دانابوو بەئەمانەت ، وە ئەوکەسە ئیددیعای کرد کەوا ناردوویەتیەوە بو خاوەنەکەی ، ئەوە لە هەموو ئەم صوورەتانەدا پیویستە ئیددیعاکەرەکە بە شاهید ئیسباتی ئیددیعاکەی بکا ، ئەگینا باوەر بە سویندی خاوەن مالەکە ئەکری •

باسی دابەش‌کردنی دەسکەوتی موسولمانان (فییء)

(فییء) لەشەرعا بریتی‌یە لە مالیك کە بەبی‌شەرو شور دەسی موسولمانان کەوتبی لەلایەن کافرانەوە، وەك مالی سەرانەو خەرجی بازرگانی،

دەیەك بێ یا زیاتر ، وە هەرماڵێ کە کافران بەجێی بهێڵن لەترسی دوژمنیکی خۆیان ، وە ماڵی هەر کافرێکی (اهلی ذمّە) کە بمرێ‌و میراتبەری ماڵ داگیرکەری نەبێ ، یەعنی هەر میراتبەری نەبێ ، یاخود میرات بەرەکەی بەشێکیوای ببێ کە هەموو ماڵەکە نەگرێتەوە ، وە ماڵی لە دین هەڵگەڕاو (مرتد)یکیوا کە کوژرابێ یا مردبێ •

ئەم‌ماڵانە کە باسمان کردن هەموو ئەکرێن بە پێنج بەشەوە • بەشی یەکەمی تێکەڵاوە لە بەینی پێنج خاوەن بەشا • یەکەم (مصالح)ی ئیسلامی وەك گرتنی سنووری وڵاتی ئیسلام بە چەك‌و سوپاو هەرچی بەگوێرەی رۆژ پێویست بێ بۆ خۆراگرتن‌و وڵات پاراستن لە شەڕی بێگانە • وە بۆ مەسرەفی ئەو قاضی‌یانە کە لە دادگای شەرعدا ئیش ئەکەن بۆ بڕینەوەی دەعواو هەراو ناکۆکی‌ی ناو موسوڵمانان ، وە بەگوێرەی شەریعەتی ئیسلام حوکم ئەدەن • بەڵام مەسرەفی قاضی‌ی سوپایی‌و پێش‌نوێژو بانگ‌دەری سوپا ئەوە لەو چوار پێنج‌یەکەکەی‌تردایە •

هەروەها ئەم پێنج‌یەکی بەشی مەصالیحی موسوڵمانانە بۆ ئەوکەسانەشە کە مەشغوولن بەدەرسی قورئان‌و حەدیثەوە ، وە بە دەرسی علومی دینی‌یەوە، چ لە بابەتە مهمەکانی وەك علمی فقە‌و اصولی فقە‌و اصولی دین‌و تفسیرو اصولی حدیث ، وە چ لە بابەتە نامهمەکانی کە بە سەرەتا دائەنرێن بۆ علمە مهمەکان وەك صرف‌و نحوو زوبان‌و عروض‌و قافیە‌و آداب‌و بلاغە‌و منطق‌و تاریخ‌و انشاو غەیری ئەمانە • خواه ئەوکەسانەی کە خەریکی ئەم خوێندنانەن ماموستا بن یا مفتی یا فەقێ • وە فەقێکان سوختە بن یا مستعد • هەروەها بۆ ئیمامی مزگەوتەکان‌و خەطیبی جومعە‌و بانگ‌دەرو ئەوکەسانە کە ئامۆژگاری‌ی موسوڵمانان ئەکەن بۆ کاروباری دین‌و خوورەوشت • وە بۆ هەموو ئەوکەسانەیە کە بەهۆی خزمەت‌کردنی مەسلەحەتی ئیسلام‌و

موسولمانانەوە مەجالی کاسبی‌یان نی‌یە ، وەك ئەوکەسەی کە هەر خەریکی هەلکەندنی قەبر بی بو موسولمانانی مردوو ، ئەمانە هەموو خاوەن بەشن لەم پینج‌یەکەی مەصالیحدا ، هەرچەند خویان دەولەمەند بن ، بوئەوە کە خەلك پشتیان سارد نەبیتەوە لەم عیلمانەو لەم ئیشـــە بەرزانە • هەروەها شـــەل‌و کویرو نەخوش‌و پیری لی‌کەوتوویش ئەگەر فەقیر بن، لەوانەن کە خراونەتە سەر بەشی مەصالیح •

(بزانن) هەرچەند بەشی ئەهلی عیلم ئەدری ئیتر فەقیر بن یا دەولەمەند بن ، بەلام واجبە لەناو ئەوانەشدا تەماشـــای ئەوە بکری کە کامیـــان موستەحەق‌ترە ، وە کامیان قازانجی بو موسولمانان زورترە بەهوی زانایی‌و زوری‌ی خزمەت‌و چالاکی‌و دەوام‌و بلاو کردنەوەی عیلم‌و ئەخـــلاقی بەرزەوە لەناو موسولمانانا ، وە هەرکام بەپی‌ی پایەی خوی بەشی بو دائەنری •

(بیداری) وەختی بەشی ئەمانە لە پینج‌یەکی مەصالیح ئەدری ، ئەگەر لە وەقفی تایبەتی‌یەوە مانگانەیان نەبی ، ئەگینا ئەگەر مانگانەیان هەبـــوو بەئەندازەی ئەوەی بەشیان بکاو بەپی‌ی ئەو زەحمەتەی کە ئەیکیشن لەریگای ئیسلامەتی‌دا ، ئەوە لەم پینج‌یەکە بەشیان نادری ، مەگەر مانگانەکەیـــان بەشیان نەکا یا بەپی‌ی زەحمەتەکەیان نەبی ، لەم‌حالەدا لە پینج‌یەکـــی مەصالیح پیویستی‌ی ژیانیان بو تەواو ئەکری •

(بزانن) شیخی (ابن حجر) لە (تحفه)دا ئەلی ئەگـــەر گەورەی موسولمانان مەنعی حوقووقی عولەماو هەر خاوەن حەقیکی‌تری کرد لە (بیت المال)دا ، ئەوە لەوکاتەدا فەرموودەی پشت پی‌بەستراو ، وەك ئیمامی غەزالی لە (احیاء علوم الدین)دا فەرموویە ، ئەوەیە هەر خاوەن حەقیك دەســـی گەیشت بە مالی (بیت المال) دروستە بوی بەئەندازەی پیویستی خـــوی‌و

خێزانی لێ وەربگرێ و خەرجی بکا • وە پێویستیش نیە کە لەگەل خاوەن حەقەکانیتردا دابەشی بکا ، چونکە ئەم ئەندازە حەقە حەقی خویەتـــیو خەلکەکانیتر لەلایەن سولطانەوە بەشیان فەوتاوە •

دووهەم: بو موسولمانانی ئەولادی (هاشم)ی باپیری دووهەمی حەزرەتی پیغەمبەر صلیاللهعلیهوسلم ، وە ئەولادی (مطلب)ی برای (هاشم)ە ، لـــە پیاوو ژنو گەورەو بچووكو دەولەمەندو فەقیر ، هەموویان وەکو یەك لەسەر ئوسوولی میراث بو نیرینە دوو بەشو بو مێینە یەكبەش (للذكر مثل حظ الانثيين) بەشیان ئەدری ، ئەگەر ئەو پینجیەکە بەشی هــەموویان بکا • وە ئەگەر بەشی نەکرد پیشەوای موسولمانان ئەتوانی لەپیشا بەشی هەژارەکانیان بدا ، جا ئەگەر لێیمایەوە بیدا بەوانیتریان •

سیهەم : بو هەتیوە کە بریتییە لە مندالیکی نابالغ کە باوکی نەبیو باپیرەی دەولەمەندیشی نەبی ، هەرچەند باپیرەی هەژاری هەبی • ئەمانە لەم پینجیەکەیان ئەدریتی بەوشەرتە ئەولادی موسولمان بنو خویان مالیان نەبی بەئەندازەیەك کە بەشیان بکا • بەلام پیویستە بە شاهید ئیسباتی ئەوە بکەن کە موسولمانن و هیچیان نییە •

چوارەم : ئینسانیکە لات بی یا هەژار بی ، یەعنی هەر هیچی نەبی ، یا ئەگەر شتیکیبوو ئەوەندە نەبی بەشی گــوزەرانی خویو خیزانی بکا • ئەمانە وەك لەم پینجیەکی (فیىء)ە بەشیان هەیە لە کەفارەتو زەکاتیشــدا بەشیان هەیە بەوشەرتە کە موسولمان بن • وە لە ئیدیعای لاتیو هەژاریدا بە بیسویند باوەریان پیئەکری • بەلی ئەگەر لەوەپیش وا مەشهوور بووبن کە خاوەن مالن ، وە ئیستا ئیدیعای فەوتانی ئەو مالەیان بکەن پیویستە بە شاهید ئیسباتی ئەوە بکەن •

واجبە لەسەر پیشەوای موسولمانان ئەم مالە بگەیەنی بە هەموو ئـــەم

چواربەشەی دوایدا ، وە بە هەموو یەکیك لە هەرکام لە بەشەکانی ئـــەم چواربەشەدا ، وە وەکو یەکیش بە بەشەکانو هەرکام لە هەر بەشیك بدا ، هەروەها وەکو یەك بەشی خزمەکانی حەزرەت (صلی‌اللەعلیەوسلم) بـــدا • بەلی واجب نی‌یە هاوسانی بکا لەنیوان ئەفرادی بەشی هەتیوو هـــــەژارو ریبواردا • هەروەها ئەگەر مالەکە بەشی هەموو بەشەکانو هەرکام لـــــە ئەفرادی ئەوبەشانەی نەئەکرد ، دروستە بو پیشەوای موسولمانان کام بەشیانو کام شەخصیان بە موحتاج‌تر ئەزانی بەشی ئەوەیان بداو ئەوانی‌تریان بخاتە پشت‌گوی •

ئەو چوار پینج‌یەکەکەی‌تریش ئەدری بەو سەربازانەی کە داوتەلەب بوونو هاتوون بو غەزا بو پاراستنی ولاتی ئیسلام بەرامبەر بە مانگانەیەك کە پیشەوای موسولمانان بی‌یان‌داتی • ئەمانە لەشەرعا پی‌یان ئەوتری (مرتزقە)، وە پیویستە پیشەوای موسولمانان فەرمان بدا ناوی ئەمانە لە دەفتەری تایبەتی‌دا بنووسری بوئەوە لەبیر نەچنەوەو بەشـــــیان نەفەوتی • هـــــەروەها ئەبی سەرلەشکریان بو دابنیو ئەویش چەند ئەفسەریك لەخواری خویەوە دابنیو هەر ئەفسەری چەند چاوەشیکی لەژیردەستا بی بەگویرەی وەزع • ئەبی هەرکام لەوچاوەشانە سەرپەرشتی‌ی کاروباری کومەلیك لەو سەربازانە بکا بوئەوە کە مردنو ژیانو کاروباری خیزانیان لەبەرچاو بی • وە ئەبـــــی ئەوەندەی کە بەشیان بکا ، بەگویرەی وەزعی ئەوولاتەو باری هەرزانیو گرانیو دەسکەوتی ئەو سەردەمە ، مەسرەفی خواردنو جلو بـــەرگو خانووی تیا دانیشتنو هەرپیویستی‌یەکی‌تریان بو جی‌بەجی بکا • جا ئەگەر ئەم چوار پینج‌یەکە بەشی مەسرەفی ئەمانەی نەکرد ، ئەبی لە بەشی (فـــی سبیل اللە) کە بریتی‌یە لە زەکات ، بویان تەواو بکری •

سوپایی بەشی خوی ئەدریتی خواە دەولەمەند بی یا هـــەژار بی ، وە

ئەگەر دەولەمەند بوو فەرقی نی‌یە هەرچی هەبی ، چونکە مەبەست لە دانی ئەم بەشە دل گەرم کردنی خەلکە بو غەزا ، وە ئەگەر گوی نەدری بە حالی ئەمانە ، وەزعی ولاتی ئیسلام لەوانەیە تیك بچی • لە ناونووسینی ئـــــەم سەربازانەدا ، هەروەها لە بەش‌دانی حەلکیشا ، ئەبی (قریشی)یەکــــان پیش بخرین، وە لەناو ئەوانیشا (بنی‌هاشم)و (بنی مطلب) ئەوجا ئـەولادی (عبد الشمس) جا ئەولادی (عبدالعزی) جا تیرەکانی‌تری قورەیشـــــی هەرکامیان زورتر نزیك بی لە پیغەمبەرەوە صلی الله علیه وسلم • ئەوجـــا (انصار) ئەوجا باقی‌ی عەرەب ، ئەوجا عەجەم • وە دروست نی‌یە نـــاوی شەل‌و کویرو ئیفلیج‌و هەرجورە بی‌کەلك‌و بی‌کارەو پەك‌کەوتوویەکی‌تـر بنووسری •

ئەگەر هەندیك لەوانە کـــــە ناویان نووســــراوەو وەرگیراون ، نەخوش‌کەوتن یا شیت بوون، بەشی دیاری‌کراوی خویانیان هەر ئەدریتی ، ئیتر هیوای چاك‌بوونەوەیانمان ببی یانە• هەروەها پاش‌مردنیشیان ، هەرکەس لە حەیاتا نەفەقەی لەسەریان بووە وەك ژن‌و منال‌و باوك‌و دایك هەریـەك بەشی خویانیان ئەدریتی هەر بەوشەرتە کە موحتاج بن • جا بو ژن تا شوو ئەکا یا ئەمری ، وە بو منال تا گەورە ئەبی‌و خـــوی ئەژیینی ، وە بو باوك‌و دایك تا ئەمرن •

لە (تحفە)دا ئەفەرمویت ئیمامی (سبکي) لەم حوکمە شــــەرعی‌یەوە وەری‌گرتووە هـــەروەختی (مجتهد)و ماموستاو دووبارەکــــەرەوەی دەرس وەفاتیان کرد، پیویستە لەوشوینەوە کە مانگانەیان لیوە دراوەتی، مەسرەف بو ژن‌و منالیان بکری هەتا لە ئیحتیاج ئەکەون ، چونکە ئەگەر وانەبی خەلك دلیان سارد ئەبیتەوە لە خەریك‌بوونی عیلم‌و دەرس‌وتنەوەو ئەمجــــــورە خزمەتانە •

ئەگەر ئەم چوار پێنج یەکە زیاتر بوو لە پێویستیی لەشکر، زیادەکەشی بەپێی ئیحتیاج دابەش ئەکرێتەوە بەسەریانا • فەرموودەی راستتر ئەوەیە دروستە هەندێ لەم زیادەیە صەرف بکرێ بۆ قایم کردنی سنووری ولات بەجۆرێ کە بێگانە مەجالی خراپە کردنی نەبێ، هەروەها بۆ کرینی چەكو ولاخی سواریو بارکیشانو ئەمجۆرە ئەرکانە •

تائیستا هەرچیمان وت بەش بەحالی ئەو مالە دەسکەوتووانە بوو کە بگویزرینەوە • بەلام ئەومالەی کە نەگویزریتەوە وەك زەویو ئاوو خانوو دووکانو خانو شتیوا، ئەوە بەگویرەی مەذهەب وەقفی عام ئەکرێو هەمووسالی بەرهەمەکەی خەرج ئەکرێ بەوجۆرە کە مالی دەسکەوتووی گویزراوە خەرج ئەکرێ •

(بزانن) ئەوکەسانەی کە بە پیاوەتیی خۆیان هاتوون بۆ غەزا، ئەوانە حەقیان لە پێنج یەکی (فیيء) مالی دەسکەوتی موسولمانانا نیيە، بەلکو ئەبێ لە بەشی (فی سبیل الله)و لە زەکات بەشیان بدرێ •

باسی مالی تالانی کافران (غنیمة)

غەنیمە لەشەرعا بریتیيە لەومالە کە لە کافرەوە ئەکەویتە دەستی موسولمانان بەهۆی شەرەوە • جا لە شەری نیوانی موسولمانانو کافراندا هەر موسولمانیك کافریکی بە ئازایی خۆی کوشت، هەر کەلوپەلیك بەو کافرەوە بێ ئەبێ بە مالی ئەو موسولمانە، لە جلوبەرگو چەکی شەرو ولاخی سواریو زینو بەرگی ولاخو هەرچی لەباخەلیا بێ، هەروەها ولاخیکیش کە بۆ ئیحتیاط لەگەل خۆی هینابێ نەوەك ولاخەکەی لە شەرەکەدا بکوژرێ • بەلام ئەگەر بوخچەیەك یا خورجیکی کردبوو بە پاشکوی

ولاخەکەیەوەو کەل‌وپەلی زیادەی تی‌خستبوو ، ئەوە نابی بە هی موسولمانە بکوژەکە •

شەرتی ئەوە کە موسولمانی بکوژ ببی بە خاوەنی کەل‌وپەلی کافـــرە کوژراوەکە ، ئەوەیە ئەو کافرە کوژراوە ئیشیکی مەترسی‌داری کردبی ، مەسەلا هاتبی بو مەیدانی جەنگ‌و کابرای موسولمانیش لی‌ی چووبیتـــــەپیشەوەو کوشتبیتی • یاخود کابرای کافر ناوبانگی ئازایەتی‌ی دەرچووبی‌و موسولمانەکەیش رویشتبی خوی لی‌داگرتبی یا کەوتبیتە دوای‌و فرســـەتی لی‌هینابی‌و کوشتبیتی • کەواتە ئەگەر ئەم موسولمانە لە قەلاوە تەقەی کردبی یا لەناو ریزی سوپادا بووبی ، یا لەکاتی نووستنا کوشتبیتی یا بەدیل هاتبی‌و کوشتبیتی ، یاخود لەکاتی راکردنی کافرانا کوشتبیتی ، ئەوە حـــــــەقی کەل‌وپەلەکەی ئەو کوژراوەی نی‌یە • وە هەر کەل‌وپەلیك لەم‌حالانەدا بە کوژراوەکەوە بی ئەخریتە ناومالی تالانەوەو دابەش ئەکری بەسەر هەمـــوو سوپاکەدا •

هەر لە حوکمی کوشتنایە بو موستەحەق بوونی کەل‌وپەلی کافرەکە ، ئەمە کە موسولمانەکە پەکی ئەو کافرە بخاو دەفعی شەری بکا لە موسولمانان ، مەسەلا هەردوو چاوی دەرکا ، یا هەردو دەست‌و پی‌ی ببریتەوە ، یا هـــەر دەستی ، یا هەر پی‌ی ، یا بیگری بەدیل یا کوتەکیك بدا بە تەپلی ســەریاو لەکەلکی بخا !

پاش ئەوە کە کەل‌وپەلی کافرەکەمان دا بە موسولمانەکە ، هەرچـــی مەسرەف چووەتە ئەو مالە تالانی‌یە بو هەلگرتن‌و گواستنەوەو پاس‌کردن‌و کری‌ی جیگاو شتی‌وا ، هەمووی جیائەکەینەوە ، وە هەرچی مایـــــەوە ئەیکەین بە پینج بەشەوە• بەشیکیان بو ئەو پینج مەسرەفەیە کە لە (فییء)دا باس‌کرا کە بریتی‌یە لە (مصالح)و ئەولادی (هاشم)و (مطلب)و هەتیـــوو

فەقیرو سەفەرکەر بەگویرەی ئەو شـەرتانەی کـە باس‌کران • چـــوار بەشەکەی‌تریشی لە گویزراوەو نەگویزراوە بەش ئەکریتەوە لەنیوانـــی ئـەفرادی سوپادا ، وە بەسەر ئەوکەسانەدا کە حازری شەرەکە بوون‌و بو شەر هاتوون ، خواە هەموویان شەریان کردبی یا نە ، وە کافرەکان لەترسانا رایان‌کردبی‌و تالانەکەیان لەپاش بەجی‌مابی ، یا هەندیکیان شەریان کردبی‌و هەندیکیان شەریان نەکردبی •

بەشی ئەوکەسانە نادری کە لەپاش تەواوبوونی شەرەکە هاتوون • بەلی ئەگەر لەپاش تەواوبوونی بەیەکادان‌و پیش دابەش‌کردنی تالانەکـــەدا گەیشتن وەجهیك هەیە ئەلی بەشیان ئەدری • لەراستیدا ئەمە بەمەراوە بـە فکری پیشەوای موسولمانانەوە • ئەگەر کەسیك لەوانەی کە موستەحەقی تالانن لەپاش رووداوەکەو پیش دابەش‌کردنی تالانەکەدا مرد ، ئــەوە حەقەکەی ئەروا بو میراث‌بەرەکانی بەپی‌ی ئوسوولی دابەش‌کردنی میراث • وە ئەگەر لەناو شەرەکەدا مرد بەرلەوەی شەر تەواو ببی یا شەهید کرا ، ئەوە حەقی نی‌یە لە مالە تالانی‌یەکەی بدریتی • ئەوکەسانەش کە بو کاسبی هاتوونەتە ناو لەشکرەوە ، یاخود بەکری گیراون بو خزمەت کردنی ولاخ یا بو هەر خزمەتیکی‌تر ، ئەوانە ئەگەر بەشداری‌یان کرد لەشەردا بەشدار ئەبن ، ئەگینا نایان دریتی •

ئوسوولی دابەش‌کردنی مالی تالان بەم‌جورەیە : بو پیادە بەشیك‌و بو سوار سیە بەش دائەنری ، بەلام هەر بەشی یەك ولاخی بو دائــــەنری ، ئەسپەکەی عەرەبی بی یا غەیرە عەرەبی • وە بەش دانانری بو ئەسپی لەرو لاوازو بی‌سوود • ئەگەر کەسیکی (ذمّی) یا ژن‌و مندالی موسولمان هاتنــە شەرەوە ، ئەوە سووکە بەشیکیان ئەدریتی کە کەمتر بی لە بەشی عادەتی ، بەپی‌ی ئەوە کە عەقلی پیشەوای موسولمانان بیبری • ئەم سووکەبەشە لــــە

چوار پینج‌یەکەکە جیا ئەکریتەوەو پەیوەندی نی‌یە بە پینج‌یەکی یەکەمەوە• وە ئەگەر کابرای (ذمّی) بەکری گیرابوو هیچی نادریتی•

(بزانن) دروستە زیادە بەش دابنری بو کەسیك کە ئیشیکی بەئەهمیەت بکا ، وەك ئەوە کە باش بسرەوینیتە کافرەکان ، یا قەلایەك بگری ، یا کەلینیك بدوزیتەوە بوئەوە کە موسولمانان خویانی لیوە بکەن بەناو دوژمنا ، یا توپیکی کاریگەر بی‌دەنگ بکا یا فروکەیەك بخاتە خوارەوە ، یا چەند دیلیك رزگار بکا، یا کومەلیك موسولمان گەمارو درابن و لەوانەبی بگیرین یا بکوژرین، وە ئەم رزگاریان بکا • پیشەوای موسولمانان یا فەرماندەری سوپا ئەم زیادە بەشە دائەنی بو ئەوکەسەی ئازایەتی‌یەکی‌وای کردووەو ئەیدریتی • ئەم زیادە بەشە لە پینج‌یەکی (مصالح) جیا ئەکریتەوە •

باسی وەقف

وەقف لەشەرعدا بریتی لە راگرتنی مالیك کە قابیلی ئەوەبی قازانجی لی‌بکری لەگەل مانەوەی عەینەکەیدا ، وە مەبەست لە راگرتنەکـــــەی خەرج‌کردنی بەرهەمەکەی بی بو مەبەستیکی مەباح • بەلگەو دەلیلی وەقف لەشەرعدا بریتی‌یە لەم ئایەتە (لن تنالوا البر حتى تنفقوا مما تحبـــــون) واتە ناگەن بە خیری تەواو تا لەریگەی خوادا خەرج نەکەن هەندیـــــك لەومالەتان کە خوشتان ئەوی• وە ئەو حەدیثەیە کە پیغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرموویەتی (اذا مات ابن آدم انقطع عمله الا عن ثلاث: صدقة جارية، أو علم ينتفع به ، أو ولد صالح يدعوله) • یەعنی کە ئادەمیزاد مرد ، ئەو کردەوانەی ئەبرینەوە ، کە ئەبن بەهوی پاداشی باش بوی ، مەگەر لە سیە ریگەوە : حەسەناتیکی نەبراوە ، یا زانستیك کە بەجی‌ی‌هیشـــــتبی لەسەر لاپەرەی کتیب یا لە سنگی خویندەوارانا ، یا مندالیکی بیروباوەر باش و

کردەوە پاك کە بوی بپاریتەوە لەخوا • وَاتە : ئەم سیە شتە وەك کردەوەی نەفسی خوی وان • مەبەستیش لە صەدەقەی نەبراوە وەقفە •

یەکەم وەقفیك کە کراوە لە ئیسلاما وەقفەکەی حەزرەتی (عمر ابن الخطاب)ە خوای لی‌رازی‌بی • ئەمذاتە بەشیکی بەرەللای لە ئەرزی خەیبەر دەس‌کەوت ، وە وەقفی کرد لە موسولمانان بەوشەرتە کە نەفروشری‌و نەبری بە میراث‌و نەبەخشری ، وە هەرکەسیکیش کە بەریـــوەی‌ئەبا بەعادەت لی‌ی بخوا • هەندیك ئەلین یەکەم وەقف وەقفی حەزرەت بووە (صـــلی الله علیەوسلم) • ئەم ذاتە لەلایەن (مخیرق النفری) یەوە بەشیوەی وەصـــیەت حەوت باخی دەس‌کەوت ، وە هەر حەوت باخەکەی وەقف‌کرد • هەندیکیش ئەلین یەکەم وەقف وەقفی (ابوطلحة) یە • ئەمذاتە باخیکی بووە لە مدینەی منورەدا مەشهوور بووە بە (بیرجاء) وە لە هەموو مالیکی خوشەویست‌تـــر بووە لەلای • کە ئایەتەکەی لە پیشەوە باسمان کرد ، هاتە خوارەوە ، وتی خوشەویست ترین مالم ئەو باخەیە ، وا لەریی خوادا کردم بە صەدەقـەـ• زانایان وتوویانە پاش ئەم وەقفانە هەرکەس لە ئەصحابە دەسی رویشـــتبی ئەوەندەی حالی خوی مالی وەقف کردوە •

دروستە وەقف‌کردنی شتی نەگویزراوە وەك پارچـــە زەوی‌و باخ‌و ئەرز‌و ئاو‌و خانو‌و دووکان‌و ئەمجورە شتانە • وە دروستە وەقف‌کردنـــی شتی گویزراوە وەك فەرش‌و نوین‌و قاپ‌و قاچاخ‌و کتیب • هەتاوەکـــو دروستە وەقف‌کردنی فەرش یا بەرمال‌و وە کردني بە هی مزگـــەوت بەوشەرتە کە لەکاتی وەقف کردنەکەیا بە بزمار یا بە دەرزی‌و دەزوو قایم بکری ، یەعنی بە بزمار بکوتری بە زەویدا یا بـــدووری بە فەرشـــیکداو فەرشەکە بە بزمار بکوتری بەزەویدا • وە ئەگـــەر لەپاش داکـــوتان‌و وەقف‌کردنی هەل‌بگیری‌و ببری بو شوینیکی‌تر ، ئەوە هەر لەسەر وەقفیەتی خوی ئەمینیتەوە ، چونکە وەقف کە دامەزرا تیك‌ناچی •

دروسته وەقف کردنی بەشیك لەناو چەند بەشدا خواه بزانــــری ئەوبەشە چەندیکە یا نەزانری • بەلی دروست نی‌یە وەقف‌کردنی جلـی یا حەیوانیکی (موصوف فی الذمة) ، وە وەقف‌کردنی یەکی لەو دوو باخە یـا لەو دوو حەیوانە چونکە وەقف لابردنی مولکی شەخصی‌یە لە شـــتیکی دیاری‌کراو ، وە ئەمصوورەتانەی باسمان کردن دیاری نین • هەروەهـــا دروست نی‌یە کەسیکی ئازاد خوی وەقف بکا بو خزمەتی مزگەوتیـــك مەئەلا ، چونکە ئینسانی ئازاد نابی بە مولك • وە دروست نی‌یە وەقف‌کردنی سەگی پاس یا سەگی راو چونکە (اختصاصات) مولك نی‌یە •

ئەگەر کەسیك زەوی‌یەکی بەکری گرت‌و خانوویەکی تیا کردەوە ، یا داری تیا ناشت ، وە وەقفی کردن ، ئەوە ئەو وەقفە دروستە چونکە تـــا ماوەی بەکری‌گرتنەکە تەواو ئەبی کەلکیان لی‌وەرئەگیری• پاش تەواوبوونی ماوەی بەکری‌گرتنەکەش کابرای خاوەن زەوی ئەتوانی خانووەکـــــە برووخینی یا درەختەکە هەلکیشی • ئەوجا ئەگەر ئەو دارو پەردوو لق‌وپوپە ئەتونرا بفروشرین‌و بە قیمەتەکەیان پارچە زەوی‌یەك یا خانوویەك بکرری، ئەبی بیکرن‌و وەقفی بکەن • وە ئەگەر قیمەتیان نەکرد یا قیمەتەکەیان بەشی ئەوەی نەکرد ، ئەبن بە مولکی ئەوکەسانە کە وەختی خوی لەســـەریان وەقف کرابوو • بەلی لەسەر فەرموودەی خاوەنی (مغنی)و (نهایة)و (منهج) خانوویەك کە لە زەوی‌ی زەوت‌کراودا کرابیتەوە یا داریك کە لە زەوی‌ی زەوت‌کراودا نیژرابی ، دروست نی‌یە وەقف بکرین چونکە لەبنچینـــەوە لەسەر ناحەق دامەزراون • بەلام بەلای هەندی زاناي‌ترەوە دروســـتەو قەیدی نی‌یە ••

وەقف لەسەر کراو یا شـــەخصە یا جیهەتە • ئەگەر شـــەخص بوو شـــەرتی ئەوەیە لەکاتی وەقف‌کردنـەکەدا ببی‌و دیـــاری بی‌و بـو

ئەوە بشـــی کە قەبـوولی مولك بکا ئیتر تەنها کەسیك بی یا زیاتر ئــەوە قەیدی نی‌یە • کەواتە دروست نی‌یە وەقف کردن لەسەر منالیك کە لەمەولا پەیدا ئەبی ، یا لەسەر هەژارانی منالی فلان کەس کە لەو کاتەدا منالی هەزاری نەبی ، یا لەسەر مزگەوتی کە لەمەوپاش دروست بکری ، یا لەسەر یەکیك لە دووکەس ، یا لەسەر مزگەوتی کە روونی نەکاتەوە کامەیە ، وە لەسـەر منالی کە لە سکی دایکیا بی ، چونکە وەقف کردن بەمولکە لەئیستەدا ، وە منالیکیش کە هیشتا لەدایك نەبووبی قابیلی ئەوە نی‌یە ببی بە خاوەن مولك •

هەروەها دروست نی‌یە وەقف کردن لەسەر ولاخ ئەگەر مەبەســـتی خاوەنەکەی نەبی • وە وەقف لەسەر مردوو ئەگەر مردووەکە پیغەمبەریك یا یەکیك لە ئەولیاکانی خوا نەبی ، ئەویش بەوشەرتە عورفی ئەو ولاتە وابی کە مەبەست لە وەقف بو مردوو وەقف بی بو قازانجی مەرقەدی ئـــەو مردووەو بو نانو ئاو دان بەوکەسانە کە دین بو زیارەتی • لەحالیوادا وەقف بو مردوو دروستە چونکە لەراستیدا وەقفە لەسەر جیهەت ، نەك لەســـەر شەخصیك کە قابیل نەبی ببی بە خاوەن مولك •

دروست نی‌یە ئینسان وەقف بکا لەسەر خوی ، چونکە قابیل نی‌یـــە ئینسان شتیك کە هی خویەتی جاریکی‌تر بیکاتەوە بە هی خوی • وەقف بەتال ئەبیتەوە ئەگەر شەرتیکی‌وای لەگەلدابی کە ببی بەهوی گەرانەوەی قازانجیك بو وەقف کەرەکە ، وەك وەقف کردنی باخیك لەسەر مزگەوتیك بەوشەرتـە هەرچی وشکەلە داری هەیە بیتەوە بو مالی کابرای وەقف کەر • بـــەلی دروستە وەقف کردن لەسەر موسولمانیك بەشەرتی ئەوە کە ئەو موسولمانــە قوربانی‌یەکی بو بکا یا حەجیکی بو بکا چونکە لەم صوورەتەدا تەنهـــا حەسەناتەکەی بو ئەگەریتەوە • بەلام دروستە وەقف بەشەرتی ئـــەوە سەرپەرشتی کردنی ئەو مالە وەقف کراوە بەدەس خویەوە بی هەرچەنـــد

بەرابەر بە کریی ئیشی ئەوچەشنەیش بی • گەلی لە زانایانی شـــەرع لایانوایە دروستە وەقفێکیوەها کە وەقفکەرەکە خویشی بەربکەوی وەك ئەوە کە بلی ئەم باغەم وەقفکرد لەسەر ئەو قوتابییانە کە ئیستا عیلمی نە و ئەخوینن ؟ وە خویشی یەکیك بی لەوانە کە فعلا ئیستا نەحو ئەخوینن •

دروستە وەقفکردن لە ئەهلی ذمّە یەکیك بی یا زیاتر بەوشەرتە کـە نیازی گوناه لەو وەقفکردنە دەرنەکەوی • کەواتە ئەگەر وتی وا ئـــەو باخەم وەقف کرد لە هەژارانی ئەهلی ذمە ئەوە دروستە • وە ئەگەر وتـــی وەقفم کرد لەو ذمّییە کە خزمەتی فلان کەنیسە ئەکا ئەوە بەتالە •

ئەگەر وەقفەکە لەسەر جیهەت بوو ، شەرتی ئەوەیە جیهەتەکە گوناه نەبی وەك وەقف لەسەر ئاوەدان کردنەوەی کەنیسە • ئیتر ئەوە مەبەست نییە ئاخو حەسەنات لەوجیهەتەدا دیار بی وەك وەقف لەسەر مزگـەوتو فەقیو مەلاو هەتیوو ریبواری ریی چاکەو فەقیرو هەژارو ئەم جـــورە جیهەتانە یاخود چاکەو خراپەی دیار نەبی وەك وەقف لەسەر دەولەمەندانی موسولمانان !

شەرتی صیغەی وەقفیش ئەوەیە لەفظیك بی مەعنای راگرتنی ئەو مالە وەقفکراوە بگەیەنی بەشیوەیەکی هەمیشەیی بوئەوە کە قازانجەکـــەی خەرج بکری بەوجورە کە وەقفکەرەکە بریاری داوە • ئەم لەفظانە هەیانە صەریحو بیپیچو پەنان ، وە هەیانە مەبەست بە کینایە ئەگـــەیەنن • صەریحەکانیان وەك ئەوە کە وەقفکەرەکە بلی وا ئەو زەوییەم وەقفکرد یا ئەو زەوییەم وەقفکراوە • هەروەها ئەگەر بلی وا فلانە شتم کرد بـــە صەدەقە ، بەصەدەقەیەکی نەبراوە ، یا بە صەدەقەیەکی وەقف کراو ، یا بە صەدەقەیەك کە هەرگیز نەفروشریو نەبەخشری ، ئەمانە هەموو وەقفـــی صەریحو بیپیچوپەنان •

وەقف نایەتەجی بە تەنها ئەوەکە بلی وا صەدەقەم کرد ، هەرچەند نیازی وەقفیشی ببی ، مەگەر بییەستی بە جیهەتیکی گشتی‌یەوەو نی‌یەتی وەقفیش بینی • وە ئەگەر بلی وا ئەو زەوی‌یەم کرد بە مزگەوت ، ئەوە ئەو زەوی‌یە ئەبی بە مزگەوت •

جا ئەگەر وەقفەکە لەسەر یەك کەس یا کومەلیکی دیاری بوو ، بەشەرت گیراوە قەبوولی وەقفەکە بکا ئەگەر لایق بی بو قەبوول کردن ، ئەگینا ئەو کەسەی کە سەرپەرشتی‌ی کاروباری ئەکا ئەبی ئەو بوی قەبوول بکا • وە ئەم قەبوولە لەپاش ئەوە ئەبی کە وەقف کەرەکە صیغەی وەقفەکەی بەدەمدا بیت ئەگەر خوی لەوشوینەدا بوو ، ئەگینا پاش ئەوە کە خەبەری وەقفەکەی پی‌بگات •

شەرتی صیغەی وەقف ئەوەیە هەمیشەیی بی • کەواتە ئەگەر کەسیك وتی وا ئەو باخەم وەقف کرد لە فلان کەس بو ماوەی سالیك ، ئەوە بەتالە • بەلی ئەگەر وەقفەکە بشوبهی بە ئازادکردنی بەندە یەعنی جیهەتی خیرو ئیحسانی دیاری بی وەك ئەوە کە بلی وا ئەو زەوی‌یەم کرد بە مزگەوت بو ماوەی دوو سال ئەوە دروستە • هەروەها دروستە وەخت‌دانان بو وەقف بە ماوەیەکی‌وا کە چەند سەدەیەك بگریتەوە ، وەك ئەوە کە بلی ئەو مالەم وەقف کرد بو هەزار سال • هەروەها ئەگەر وەخت دانانەکەی لە صیغەی وەقفەکەوە دەربکەوی وەك وەقفی دوابراو (منقطع الآخر) مەسەلا بلیت ئەو مالەم وەقف کرد لە منالەکانم ، یاخود بلیت ئەو مالەم وەقف کرد لە فلان کەس وە پاش ئەو لە منالەکانی ، ئەوە فەرموودەی دیاری‌تر ئەوەیە ئەو وەقفە دروستە • جا کاتیك کە ئەوانە کە ناوی هیناون فەوتان ، ئەوە شتەکە بە وەقف کراوی ئەمینیتەوەو ئەدری بە نزیکترین کەسیك لەو وەقف کەرە لەرووی خزمایەتی‌یەوە نەك لەرووی میراتەوە • کەواتە ئەگەر

کچی کوریك‌و کوری کچیکی بوو ئەوە ماله‌که ئەدری بە هەردوکیـــان وەك یەك • هەروەها ئەگەرمامو خالی هەبوو ، یا ئەگەر خوشـــکی باوك‌و خوشکی دایکی هەبوو ، ئەوە ئەو ماله ئەدری بە هەردوکیان وەك یەك چونکه لەنزیکی‌یا لە وەقف‌کەرەکەوە وەك یەك وان • جا ئەگەر کابرا خزمـــی نەبوو یاخود خزمی هەبوو ، بەلام هەموو دەولەمەند بوون ، ئەوە پیشەوای موسولمانان ئەتوانی خەرجی بکا لە مەسلەحەتی موسولمانانا • بەلام گەلیك لە زانایانی شەرع وتوویانە خەرج ئەکری بو هەژار و لاتی شاری ئەوانە کە وەقف‌کراوە لەسەریان •

شەرتیکی صیغەی وەقفە کە پەیوەندی بە کاتی وەقف کردنەکـــەوە هەیە ، ئەمە کە کەسیك یا جیهەتیکی دیاری دابنی بوئەوە کە ماله وەقـــف کراوەکەی بو خەرج بکری • کەواتە ئەگەر وتی وا ئەممالەم وەقف کردو ناوی کەسی نەبرد ، یاخود وتی وا ئەممالەم وەقف کرد لەسەر پیاویـــك ، یاخود بەشیوەی وەقفی پیش‌براو (منقطع الاول) وەقفی کـــردو وتی وا ئەممالەم وەقف‌کرد لەسەر ئەوانەی لەمەولا لە من پەیدا ئەبن ، یاخـــود وائیستا ئەم مالەم وەقف کرد لەسەر کەسیك کە پاش مردن لەسەر قەبرەکەم ئەخوینی ، یا وەقفم کرد لەسەر مزگەوتیك کە لەمەولا ئەکریتەوە ، ئـەوە بەتالە • بەلی ئەگەر وەقفەکە ناوەند براو (منقطع الوسط) بوو وەکو ئەوە کە بلیت ئەو خانووەم وەقف‌کرد لەسەر کورەکانم ، وە پاش ئەوان لەسەر پیاویك وە پاش ئەو لەسەر هەژاران ، ئەوە دروستە وە لەپاش کورەکانـــی صەرف ئەکری بو هەژاران •

شەرتیکی‌تری وەقفە ئەمە کە ئەو صیغەیە نەبەسرابی بەشتیکەوە ئەگەر لایەنی خیرو حەسەناتی تیا دەرنەکەوی • کەواتە ئەگەر وتی هەروەختـــی فلان‌کەس لە حەج هاتەوە ئەو ماله وەقف‌بی لەسەر تو ، ئەوە بەتالە • بەلام

ئەگەر لایەنی خیرو حەسەناتی تیا دیار بوو وەك ئەوە کە بلی هەر کاتیك مانگی رەمەزان هات ئەو زەوی‌یەم وەقف بی بو مزگەوت ئەوە دروستە، وە کە مانگی رەمەزان هات زەوی‌یەکەی ئەبی بە مزگەوت •

بەلی ئەگەر وەقفەکەی بەست بە مردنی خویەوە وەك ئەوە کە بلی هەر کاتیك مردم ئەومالەم وەقف بی لە فلان مزگەوت ئەوە دروستەو حوکمی وەصیەتی هەیە • بویە ئەگەر ئەوکابرا ئەو مالەی برد بو بازار بو فروشتن ئەوە بە پەشیمان بوونەوە دائەنری لە وەقفەکە • هەروەها ئەگەر وەقفەکە هەر لەئیستاوە بکا (وقف منجّز) بەلام بەدەستەوەدانی مالە وەقف کراوەکە بخاتە پاش مردنی ئەوەش دروستەو هەر حوکمی وەصیەتی هەیە• وە ئەگەر هاتو وەقفەکەی بەشەرتی ئەوە کرد کە خوی حەقی پەشیمان بوونەوەی ببی ئەوە بەتالە چونکە نە صیغەکە دەس‌بەجی‌یی (تنجیز)ی تیایە، وە نە لەشیوەی ئازادکردنی بەندەیشە [1] •

هەروەها بەشەرت گرتنی شتیك کە پیچەوانەی شەرع بی وەك بەشەرت گرتنی ژن‌نەهینانی ئەو فەقی‌یانە کە لەو خویندنگایەدا ئەخوینن کە مالەکەی لەسەر وەقف‌کراوە، یا بەشەرت گرتنی حەقی بەتال کردنەوەی وەقفەکە، یا گورینی صیفەتیك کە بریار دراوە لە وەقفەکەدا وەك گورینی جەماعەتی حەنەفی بە شافیعی لەو مزگەوتەدا کە بریار دراوە حەنەفی نویژی تیا بکەن، یا شەرتی کەم‌کردنەوەی مالە وەقف‌کراوەکە، یا لی زیادکردنی، ئەمانە هەموو ئەبن بەهوی بەتال بوونەوەی وەقفەکە • بەلی دروستە بەشەرت گرتنی ئەوە کە ئەو قوتابخانەیە کە وەقف ئەکری تەرخان‌بی بو

---

(١) هەر وەقفیك کە کرابی لەسەر جیهەتیکی گشتی، ناوئەبری بە وەقفی (مضاهي التحرير) واتە هاوچەشنی ئازاد کردنی بەندە، وە ئەو جورە وەقفە ئەگەر بیش‌بەسری بەشتیکەوە هەر دروستە •

خویندنی عیلمیکی تایبەتی ، یا ئەو مزگەوتە تەرخان‌بی بو پەیرەوانی فلانە مەذهەب ، یا ئەو تەکیە یا ئەو خانەقایە تەنها بو فلان کومەل بن .

هەروەها دروستە بەشەرت گرتنی ئەوە کە ئەو مالە وەقف کـــراوە نەدری بەکری ، یا ماوەی بەکری‌دانی لە سالیك ، مەســـەلا ، زیاتر نەبی ، یا نەدری بە کەسیکی خاوەن دەسەلاتی‌وا کە ترسی ئەوەی لی‌بکری داگیری بکا ، یا بەشەرت گرتنی ئەوە کە ئەو کەسەی لە مالە وەقف‌کراوەکـــەدا دائەنیشی تەعمیر کردنەوەی لەسەر خوی بی . ئەم شەرتانە دروستن ، بەلام گوی پی‌نەدانیشیان لەکاتی ناچاریدا هەر دروستە ، مەسەلا وەك ئەوە کـــە ئەگەر مالە وەقف‌کراوەکە نەدری بەکری زەوت بکری ، یا ئەگەر بو دوو سال نەدری بەکری ویران ببی ، یاخود ئەو تاقمە شافیعی مەذهەبە کەوا مزگەوتەکەیان بو وەقف کراوە نەمان لە ولاتەکەدا و لە حەنەفی بـــەولاوە کەس نەبوو نویژی تیا بکا . لەم‌حالانەدا دروستە لادان لە شەرتی کابرای وەقف‌کەر .

هەروەها ئەگەر کومەلیك کتیبی ئایینی وەقف‌کرا لەسەر خویندنخانەیەك بەوشەرتە کە ئەو کتیبانە نەگویزرینەوە لەو خویندنخانەیە ، وە لەئەنجامـــا ئەو خویندنخانەیە نەما ، یاخود پیویستی بە هەندی لەوکتیبانە نەبوو ، ئەوە لەوحالانەدا گواستنەوەی ئەوکتیبانە دروستە بو خویندنخانەیەکی نزیـــك چونکە دیارە وەقف‌کەرەکە مەبەستی ئەوە نەبوە ســـوود لەوکتیبانـــــە وەرنەگیری‌و بی‌کەلك دابکەون . وە ئەگەر باخیك وەقف کرا لەســـــەر دووکەس کە پاش ئەوان بدری بە لات و هەژاری ئەو شوینە ، ئەوە دروستە . وە لەم صوورەتەدا ئەگەر یەکیکیان مرد بەشەکەی ئـــەدری بەوی‌تریان . وە کە ئەویش مرد بەشی هەردوکیان ئەدری بە هەژارەکان ..

باسی کوکردنەوەو ریکخستن (جمع‌و ترتیب) لە وەقفدا

ئەگەر کەسیك مالی وەقف کرد لە منالـەکانی خوی ، مەسـەلا ، لەم‌صوورەتەدا ئەگەر بەئاشکرا بریاری‌دا کە بەتەرتیب بدری بەومنالانە ، وەك ئەوە کە بلی وا ئەم مالەم وەقف کرد لەسـەر منالەکانم وە پاش ئەوان لەسەر منالی ئەوان ، تا یەك‌کەس لە منالی پشتی خوی مابی نـادری بـە منالی منالەکانی • وە ئەگەر وتی وا وەقفم کرد لەسەر منالم‌و منالی منالم لەوانە کە نەسەبیان ئەگاتەوە بە من ، ئەوە ئەدری بە کورو کچی خوی وە بە منالـی کوریشی لە کورو کچ وەك‌یەك با ژمارەیشیان زور بی ، وە بەشی منـالی کچەکانی لی‌نادری چونکە نەسەبیان ناچیتەوە سەر کابرای وەقف‌کەر • وە ئەگەر وتی وا وەقفم کرد لەسەر منالم‌و منالی منالم بەپی‌ی میراث ، ئـەوە ئەگەر یەکیك لەوکورانە یا لەوکچانەی خوی مردن بەشەکەیان ئەدری بەو ئەولادانە کە میراثیان لی وەرئەگرن لە کورو لە کچ بو نیرینە دوو بەش‌و بو میینە بەشیك • وە ئەگەر وتی وەقفم کرد لەسەر منالی نیرینەم‌و منالی نیرینەی منالم بە ئوسوولی میراث ئەوە ئەدری بە کوری کوری وە نادری بە کچی کوری وە نایش‌دری بە کچی خوی ، وە بە ئەولادی کچی خواە کچ بن یا کور • وە ئەگەر وتی وەقفم‌کرد لەسـەر ئەولادم‌و ئەولادی ئەولادم ، وە بەم‌پی‌یە ، ئەوە بەپی‌ی سەر وەك یەك ئەدری بە هەموو ئەفرادی چینـی ئەولادەکانی لە کورو لە کچ ، چ لە کوری خوی پەیدا ببن یا لەکچی پەیدا ببـن •

وە ئەگەر هەر وتی وا ئەم‌مالەم وەقف‌کرد لە ئەولادم ئیتر لـــەوە زیاتری نەوت ئەوە وەقفی دوابراو (منقطع الاخر)ی پی‌ئەلین ، وە ئەومالـە

ئەدری بە ئەولادەکانی پشتی خوی لە کورو لە کچ • وە کاتی هەموو ئەمانە مردن وەك یەك ئەدری بەو کەسانە کە نزیکن بەوەقف کەرەکە لەناو میراثبەرەکانا وە لە غەیری میراثبەرەکان وەك کچی کورو کوری کچ ، وە کوری کورو کچی کچ وەك یەك • هەروەها تەماشای صیفەتی نزیکی ئەکری لە وەقف کەرەکە • بەلی ئەگەر دەلیل هەبوو لەسەر ئەوە کە ئەولادیشی مەبەست بووە ، مەسەلا لەکاتی وەقفەکەدا وتی با ئەم مالە لە نەسەبی خوم دەرنەچی ، ئەوە ئەدری بە ئەولادی کوریشی ، بەلام نادری بە ئەولادی کچی چونکە نەسەبی ئەولادی کچ نایەتەوە سەر ئەم •

ئەگەر وتی ئەممالەم وەقف کرد لەسەر وەچە (ذریّة)ی خوم یا لەسەر نەتەوەی خوم یا نەسلی خوم یا پاشماوەی خوم ، ئەوە ئەدری بە ئەولادو ئەولادی ئەولادی لە کورو لە کچ وە لە کورەزاو کچەزا وە لەوەیش بەرەوخوارتر مەگەر بلیت بوئەوانەیان کە نەسەبیان ئەگاتە سەر خوم • ئەگەر وتی وەقفم کرد لە نیرینەی ئەولادو ئەولادی ئەولادم ئەوە نادری بە کچی خوی هەروەها بە کچی کچیشی چونکە مادەم بە لەفظی نیرینە کچەکانی دەرچوون ، دیارە بە (طریق الاولی) کچی کچیشی دەرئەچی ، بەلام کوری کچی دەرناچی مادەم بە قەرینەیەك دەرنەکەوی کە مەبەستی ئەولادی نەسەبی خویەتی •

هەر صیفەتیك کە بخریتە پیش چەند موفرەد یا چەند جوملەیەك کە بەسرابن بەیەکەوە بەهوی حەرفیکی عەطفیواوە کە بەرودوا نەگەیەنی، ئەوە مەعنای ئەو صیفەتە ئیش ئەکا لە هەموو ئەوانەدا کە کەوتوونەتە دوای ، مەسەلا ئەگەر وەقف کەر وتی وا ئەم مالەم وەقف کرد لە خویندەوارانی کورو کورەزاو کورەزازام ، یاخود وتی ئەممالەم وەقف کرد

له پیاوچاکانی ئەو پیش‌نویژانە کە لەم مزگەوتەدا نویژ ئەکەن ، وە ئــەو ماموستایانە کە لەم خویندنخانەیەدا دەرس ئەلینەوە ، وە ئەو ئاموزگارانەی کە لەو تەکیەدا ئاموژگاری‌ی خەلك ئەکەن ، ئەزە ئەو صیفەتە تەماشا ئەکری لە کورو کورەزاو کورەزازاو پیش‌نویژو ماموستاو ئاموژگاری کەرەکاندا • هەروەها ئەگەر ئەو صیفەتە لە ناوبەیندا یا لەدوای هەموو ئەو مـوفرەدو جوملانەدا بی کە باسمان کردن • هەروەها جیاکردنەوە (استثناء)یش وەك ئەوە کە بلیت ئەو مالەم وەقف کرد لە پیش‌نــویژی ئەم مزگەوتەو لــە ماموستای ئەو خویندنخانەیەو لە فەقی‌کانی، ئەوانەیان نەبی کە دەولەمەندن •

بەلام ئەگەر حەرفی عەطفەکە مــەعنای دواکەوتنی بی‌مولەت یــا دواکەوتن‌و مولەتی پیکەوە ئەگەیاند ، ئەوە ئەو صیفەتە یا ئەو جیاکردنەوەیە هەر بوئەوەیە کە کەوتووەتە پاش حەرفی عەطفەکەو هیچیان نەکەوتووەتە بەین • وە لەصوورەتی پیشکەوتنیا لەســــەر هەموویان ئەوە هەر بــو پیشووەکەیانە • مەسەلا ئەگەر وتی ئەم مالەم وەقف کرد لە صالحانی ئــەم فەقی‌یانە وە پاش‌ئەوان لە کورەکانی خوم وە پاش ئەوان لە برازاکانم ، ئەوە صەلاحەتەکە هەر بو فەقیکان دائەنری • وە ئەگەر وتی ئەم باخەم وەقف کرد لە کورەکانی خوم وە پاش ئەوان لە برازاکانم وە پاش‌ئەوان لە خوشکەزاکانم مەگەر تەرکی نویژ بکەن ، ئەوە جیاکردنەوەکە هەر بو خوشکەزاکانە •

(بزانن) هەرشتی وەقف کرا لە قورئان خوین ، یا لە فەقی ، یا لــە ماموستا ، ئەوە ئەگەر وەقف کەرەکە بە ئاشکرا باسی شەرتیکی کــرد وەك ئەوە کە قورئان خوینەکە روژی چوار جوزء قورئان بخوینی ، مەسەلا ، یا فەقی‌کە روژی چوار سەعات خەریکی خویندن بی ، یا ماموستاکە روژی چوار سەعات دەرس بلیتەوە ، ئەوە دیارە • وە ئەگــەر باسی نەکرد ئــەوە بەپی‌ی عورفی دامەزراوی ولاتی کابرای وەقف کەر مەعنای لی‌ئەدریتەوە •

وه ئەگەر لە ولاتەکەی ئەودا عورف نەبوو یاخود نەزانرا عورفیان چونە . بە عورفی ولاتی ئەوانە مەعنای لیئەدریتەوە کە وەقفەکەیان لەسەر کراوە .

وە ئەگەر فەقیکان دەسیان هەلگرت لە خویندن ، ئەوە ئەگەر روژانی نەخویندنەکەیان ریکەوتی روژانی ئیسراحەتی عادەتی بوو وەك جومعەو سیشەممەو روژانی رەمەزانو جەژن ، ئەوە حەقی خویانیان هەرئەکەوی . وە ئەگەر غەیری ئەوروژانە بی ئەوە بو ئەو روژانە هیچیان ناکەوی ، مەگەر وەقفکەرەکە وەختی نەخویندنی لەبەر عوزر - جیاکردبیتەوە .

وە ئەگەر ماموستا یا دووبارەکەرەوەی دەرس بەبیعوزر خوی گوم کرد ئەویش هیچی ناکەوی . هەروەها ئەگەر لەبەر عوزریکیش خوی گوم کردبی بەلام کەسیکی لیهاتووی لەجیگەی خویا دانەنابی . بەلام ئەگەر بەعوزر خوی گومکردبیو کەسیکی شایانی لەجیی خویا دانابی ئەوە حەقی نافەوتی .

باسی مولکیەتی گەردنی مالە وەقفکراوەکە

مولکیەتی گەردن (رقبة)و شەخسیەتی مالی وەقفکراو بو خوای گەورەیەو پەیوەندی ئادەمیزادی پیوە نییە ئیتر ئایا لەسەر کەسیکی دیاری وەقفکرابی یا لەسەر جیهەتیك . بەلام مەنافیعی مەوقووفە مولکی ئەوکەسانەیە کە وەقفەکەیان لەسەر کراوە ، وە ئەوکەسانە ئەتوانن ئەو مەنفەعەتانە وەربگرن چ بە نەفسی خویانو چ بەهوی کەسیترەوە بە ئیعارە یا بە ئیجارە . هەروەها ئەبن بە خاوەنی کریی مالە وەقفکراوەکەو هەموو سوودیکی وەك میوەی باخو موو خوریو رونو شیرو دوی حەیوانو بەچکەکانی . بەلی ئەگەر لەکاتی وەقفکردنی باخەکەدا ئەمەری دەرکەوتبوو ئەوە مالی وەقفکەرەکەیە . وە ئەگەر ئەوکەسە کە باخەکەی

لەسەر وەقف کراوە لەپاش دەرکەوتنی ئەمەیەکە مرد ئەوە ئەو ئەمەرە مولکی خویەتیو بە میراث ئەگاتەوە بە میراثبەرەکانی • ئەمەی کە باسمان کرد بو وەقفیکە کە موطلەق بی ، یاخود شەرتی هەموو فائیدەکانی بو وەقف لەسەرکراوەکە کرابی • بەلام ئەگەر کەسیك ولاخیکی وەقف کرد لەکەسی بو سواربوونی ، ئەوە هەرچی فائیدەی هەیە بو ئەو کەسەیە کە وەقفی کردووە •

ئەگەر حەیوانی وەقف کراو نزیك بووەوە لە مردن ، ئەوە واجبە سەربرریو بە قیمەتی گوشتەکەی حەیوانیك یا بەشە حەیوانیك بکرریو لەجیگەیا دابنری • وە ئەگەر ئەوەندە قیمەتی نەبوو دروستە بو وەقف لەسەرکراوەکە صەرفی بکا بوخوی • هەروەها پیستی مالی وەقف کراو هی ئەوکەسەیە کە مالەکەی لەسەر وەقف کراوە • ئەگەر درەختیکی وەقف کراو وشك بوو لە وەقف کراوی ناکەوی • بەلی ئەگەر کەلکی سوود لیوەرگرتنی نەما ئەفروشرێو بە قیمەتەکەی درەختیکی سەوز ئەکررێو لەجیگەیا ئەکری بە وەقف • هەروەها حەسیری مزگەوت لەپاش ئەوە کە کۆن بوو ، یا داری بانی مالی مەوقووفە ئەگەر کۆن بوو ئەفروشرین • ئەم باسە لەسەر ئەجزای مالی وەقف کراوە • بەلام هەرشتی کە سەرپەرشتی کەری مالی وەقف بە بەرهەمی وەقفەکە کریبووی‌و هیشتا وەقفی نەکردبوو ، ئەوە بە بیشوبهە لە هەموو حالیکا فروشتنو گورینەوەی بە شتی‌تر دروستە •

ئەگەر مزگەوتیك نزیك بوو لە رووخانەوە ، وە بەرهەمەکەی بەشی ئاوەدان کردنەوەو موستەحەقەکانی نەئەکرد ، ئەوە واجبە لەپیشا مزگەوتەکە ئاوەدان بکریتەوە ، چونکە مەسلەحەتی مالە وەقف کراوەکە لەپیش مەسلەحەتی ئەوکەسەوەیە کە مالەکەی لەسەر وەقف کراوە •

ئەگەر مزگەوتیك رووخاو مایەوەی ئەوە نەبوو بکریتەوە ، ئەوە

عەرصەکەی ئەهیلریتەوەو بە قەطعی دروست نی‌یە بفروشری • جا ئەگەر ئومیدی ئەوە هەبوو کە لە پاشەروژا بکریتەوە ، ئەوە بەروبوومەکەی هەل‌ئەگیری بو ئاوەدان کردنەوەی مزگەوتەکەو مەسرەف بو کردنی • وە ئەگەر ئومیدی ئەوەمان نەبوو ، صەرف ئەکری بو مزگەوتیك کە لە هەر مزگەوتیکی‌تر نزیکتر بی لی‌یەوە • وە ئەگەر چەند مزگەوتیك وەك یەك نزیك بوون لەو مزگەوتەوە ، بوئەوەیان صەرف ئەکری کە لەهەموویان موحتاج‌ترە • وە ئەگەر وەك‌یەك بوون لە موحتاجی‌دا ، ئەدری بە یەکیکیان• وە ئەگەر ئەوە ئەبوو بەهوی هەرا ، دابەش ئەکری لەنیوانیانا • وە ئەگەر مزگەوتیکی ئاوەدان بەرهەمی لە مەسرەفی زورتر بوو ئەوە زیادە بەرهەمەکەی ئەدری بە مولك وەك ئەرزو ئاوو باخ‌و دووکان‌و خانوو ، بەپی‌ی ئەوەی کە سەرپەرشتی‌کەری مالی وەقفی ئەو مزگەوتە بە مەسلەحەتی ئەزانی • وە تا ئەو شتە کراوە نەکری بە وەقف حوکمی مولکی رووتی هەیەو تەصەروفی تیا ئەکری بە فروشتن‌و غەیری فروشتن •••

ئەگەر کەسیك مالیکی وەقف‌کرد لە مزگەوت ، وە بەیانی ئەوەی نەکرد کە چون بوی صەرف بکری ئەوە قسەی باوەرپی‌کراو ئەوەیە ئەو وەقفە دائەمەزری ، وە بەرهەمی مالە وەقف‌کراوەکە لەوشتانەدا صەرف ئەکری کە مەسلەحەتی مزگەوتەکەی تیابی وەك ئاوەدان‌کردنەوەی ، وە لەوشتانەدا کە پیویستن بو مزگەوتەکە وەك فەرش‌و چراو سووتەمەنی‌و خادیم‌و ئاوو شتی‌وا • وە صەرف ناکری بو لات‌و هەژاری مزگەوت‌و دەوروپشتی مزگەوت•هەروەها صەرف ئەکری بو بانگ‌دەرو پیش‌نویژ وەك لە کتیبی (روضه)دا نەقل کراوە لە فەتاوای ئیمامی غەزالی‌یەوە ، چونکە نویژو جەماعەت بە بی بانگ‌دەرەو پیش نویژ - ناکری •

ئەم تەفصیلاتە بەنیسبەت ئەوشوێنانەوەیە کە عورفو عادەتێکـــــی دیاری‌یان نەبی • ئەگینا بەپێی ئەو عورفو عادەتە ئەجوولێینەوە ، هەتاوەکو ئەگەر عادەتی ولاتێك وابوو نانی میوانی ئەوشوێنە لە بەرووبوومی مزگەوت ئەدرا ، یا خزمەت کردنی حەوزو ئاودەس خانە لەسەر حسابی مالـــــە وەقف کراوەکــە جی‌بەجی ئەکرا ، یا مانگانەی ئەوکەســەی نوێژو رۆژو بەخەلك فێر ئەکاو ئاموژگاری‌یان ئەکا ، لە مەسرەفی مزگەوت ئەدرا ، ئەوە بەپێی ئەو عورفو عادەتە ئەجوولێینەوە •

ئــەگەر زەوی‌یــەك وەقف کرا لە مزگەوتێك بو ئــەوە کە بکری بە گەنم‌و بەرهەمەکەی خەرج بکری بو ئەو مزگەوتە ، ئەوە پێویستە هـــەر گەنمی تیا داچێنن • بەلی ئەگەر ئەو دانەوێلەیە کە کابرای وەقف کـــەر بریاری داوە هەر ئەو داچێنن ، زور بی‌قیمەت بوو ، وە ئەگەر دانەوێلەیەکی تریان داچاندایە بەرهەمی زورتر ئەبوو ، ئەوە ئەو دانەوێلەیە دائەچێنری ، وە ئەم کردەوەیە بە گوی‌نەدان بە شەرتی وەقف‌کەر دانانری ، چونکــە لە وەقفەکەیدا بەئاشکرا نەی‌وتووە نابی غەیری گەنم هیچی‌تر دانەچێنری لەو زەوی‌یە وەقف کراوەدا • یاخود ئەلێین ئەم شەرتانە هەرچەند رووئەکەنە شتێکی تایبەتی ، بەلام مەبەست لی‌یان بەروبووم وەرگرتنە بو مزگەوتەکە • کەواتە مەبەست روو ئەکاتە هەرچی کە بەرهەمی زیاتر بی •

لە (تحفه)دا ئەلی لە (انوار)دا فەرموویەتی هەرکاتێك قەبرستان کون ببی دروست نی‌یە بو پێشەوای موسولمانان بیدا بەکری بو کشت‌وکال تیـــا کردن‌و بەرهەمەکەی خەرج بکا بو سوودی موسولمانان • بەلام ئەمە بــە قەبرستانێك مەعنای لی‌ئەدرێتەوە کــە وەقف کرابی بو شاردنەوەی مردوو ، نەك قەبرستانێك کە مولك بی ، چونکە قەبرســـتانی مولك مولکــــی خاوەنەکەیەتی ئەگەر بناسری کی‌یە • وە ئەگەر نەناسری‌و نائومید ببین لە

دوزینەوەی ، ئەوە بە مالی بێخاوەن دائەنرێو ، تەصەروف تیا کردنـــــی ئەگەریتەوە سەر ئەوە کە پیشەوای موسولمانان بە مەســـلەحەتی ئەزانی •
هــەروەها هەر قــەبرستانیکیش کە دیاری نەبێ ئاخو وەقفە یا مولکە ، ئەوەیش هەر بەدەستی پیشەوای موسولمانانە •

دەرەختی کە لە قەبرستانیکا روابێ ، هەرمیوەیەکی هەبێ حەلالە بـو هــەروەهــا هەر قـــەبرستانیکیش کە دیاری نەبێ ئاخو وەقفە یا مولکە ، بکری • بەلام درەختی کە لە حەوشی مزگەوتیکدا نیژرابێ ، ئەوە ئەگــەر بزانین کەسیکی تایبەتی ناشتویەتی بو قازانجی گشتی ، ئەوە میوەکـــەی حەلالە بو هەموو کەس • هەروەها ئەگەر نەزانین نیازی ئەوکەسە چیبووە کە ناشتویەتی • وە ئەگەر زانرا کە بو مزگەوتەکەی ناشتووە ، ئەوە هی مزگەوتەکەیەو دروست نییە کەس بە خورایی لیی بخوا •

باسی سەرپەرشتی کەری مالی وەقف کـراو

ئەگـــەر وەقفکەر بریاریدا کە خوی ســـەرپەرشتیی مالـــــە وەقفکراوەکە بکا ئەوە باشە • وە ئەگەر کەسیکیتری دانا ، خـــواە ناوی ئەوکەسە بینی یا باســـی صیفەتەکانی بکا وەك ئــەوە کە بلی فامیدەترینی منالەکانم ، ئەوەیش بەپیی بریارەکەی ئەو ئەجوولینەوە • وە ئەگـــــەر کەسی دیاری نەکرد ، ئەوە قاضیی ئەوشوینە ئـــەبی بە سەرپەرشتی کەر • شەرتی سەرپەرشتی کەر ئەوەیە دادپەروەرو بەکیفایەت بێ ، وە سەلیقــەی بشکی بەو تەصەروفاتەی کە لە مالە وەقف کراوەکەدا ئەکریت • ئیشـــی ئەم سەرپەرشتی کـــەرە بریتییە لــە ئاوەدان کردنەوەی مالە وەقفەکـــەو بەکریدانی و کوکردنەوەی بەرهەمیو دابەش کردنی لەنیوان ئەوانەدا کە

موستەحەقینی • وە ئەگەر بەتایبەتی هەر هەندێك لەم ئیشانە درابوە دەستی ، ئەبێ هەر ئەوە بکاو لێی لانەدا •

جا ئەگەر غەیری وەقف کەرەکە بوو بە سەرپەرشتی کەری مالـــــە وەقف کراوەکە ، تەماشا ئەکەین ئەگـــەر وەقف کەرەکە کـرێیەکی بۆ دانابوو ، ئەوە وەری ئەگری هەرچەند لەکرێی ئیشیکی وەك ئیشەکەشـــی زیاتر بێ •. وە ئەگەر بۆی دانەنابوو ، ئەوە ئـــەگەر ئارەزووی هــــەبوو بەپیاوەتی ئەو ئیشەبکا ئەوە باشە • وە ئەگەر ئارەزوویشی نەبوو، بچێتە لای قاضیو داوای کرێی لێبکا کە بۆی دیاری بکا • (ابن الصباغ) فەرموویەتی دروستە سەرپەرشتی کەری مالی وەقف بەبێ ئەوەی بچێتە لای قاضی خـۆی لە بەروبوومی مالە وەقفەکە کرێی هاوچەشنی خۆی وەربگری ، بەتایبەتی ئەگەر مەترسی لە جەوری قاضی ئەکرا •

جا پاش ئەوە کە سەرپەرشتی کەرەکە دەسی کرد بە سەرپەرشتی ، هەر مەسرەفی بکا بۆ مالە وەقف کراوەکە لەسەر **بەروبوومی** ئەومالە ئەبژێرێتەوە ئەگەر وەقف کەرەکە خۆی مالیکی دیاری نەکردبێ بۆ ئەوجورە مەسرەفە• وە ئەگەر سەرپەرشتی کەرەکە جێگەداریکی گرت بۆ خۆی بۆ ئیش کردن ، ئەگەر سەرپەرشتی کەرەکە خۆی کرێی نەبوو، ئەوە کرێی جێگەدارەکەی لە مالە وەقف کراوەکە ئەدرێ • وە ئەگەر کرێی بوو ، ئەوە لەســـەر خـــۆیەتی •

(بزانن) هەر دەعوایەك کە بێتە سەر مالی وەقف ، ئـەوە کابـــرای سەرپەرشتی کەری ئەو مالە ئەبێ بە طەرەف لەو دەعوایەدا • وە ئەگـــەر پێویست بێ مالە وەقفەکە دەعوای بۆ بکرێ بەرامبەر جیهەتیکیتر ، ئـــەبێ سەرپەرشتی کەرەکە ئیقامەی ئەو دەعوایە بکا • ثابت بوونی وەقف لەســەر

کابرایەکی دیاری، وەك بە پێی نانی وەقف کەرەکە خوی ئەبێ بە شاهیدێك و سوێندێکی وەقف لەسەر کراوەکە خویشی ئەبێ• بەلام وەقف لەسەر جیهەت یا ئەبێ بە پێی نان ثابت ببێ یا بە دوو شاهید• وە ئەگەر موستەحەقەکان لەگەل سەرپەرشتی کەری وەقفەکەدا بوو بەهەرایان لەسەر بەدەستەوەدانی حوقووقی خویان، ئەوە ئەگەر سەرپەرشتی کەر شاهیدی هەبوو کە حەقی خویانی داوەتێ، ئەوە باشە، ئەگینا باوەڕ بە سوێندی ئەوان ئەکری لەسەر وەرنەگرتنی ئەو حەقەی کە داوای ئەکەن•

دروستە بو وەقف کەر، سەرپەرشتی کەری مالە وەقف کراوەکە عەزل بکا ئەگەر لە ئەصلی وەقفەکەدا شەرتی نەکردبێ ئەم شەخصە سەرپەرشتی کەر بێ• هەروەها بوی دروستە عەزلی ئەو کاربەدەستانە بکا کە دایانئەنێ وەك ماموستاو پێشنوێژو بانگدەرو هەروەها فەقێیش• وە بو سەرپەرشتی کەرەکەیش دروستە ئەمانە عەزل بکاو هیتریان لەجیگەدا دانێ کە یا باشتر بن لەوان یا وەك ئەوان وابن• بەلام گوناهە هیوایان لەجیگەدا دانێ کەوەك ئەوان وابن مەگەر لەبەر عوزرێك وەك ئەوە کە کاربەدەستە عەزل کراوەکان لایق نەبن بو ئەوئیشەی کە پێیان سپێررابوو• وە بەقەطعی حەرامە گورینی کاربەدەستێك بە کاربەدەستێکی وا کە ئەوەندەی ئەو باش نەبێ، بەلکو بەم کردەوەیە کابرای سەرپەرشتی کەر ئەبێ بە فاسق و بەپێی شەرع لە سەرپەرشتی ئەکەوێ•

ئەگەر سەرپەشتی کەر مالێکی وەقفی دا بەکری بە فاسق و بەپێی ئەندازەیەك پارە، وە لەپاش عەقدەکە کابرایەك پەیدابوو وتی زیاتر ئەدەم لە کابرای کرێچی، لەمحالەدا سەرپەرشتی کەرەکە حەقی پەشیمان بوونەوەی نییە، بەلام بەوشەرتە لەئەساسدا کەمتەرخەمیی نەکردبێ•

باسی بەخشین (هبه)

بەخشین (هبه) لەشەرعدا بریتی یە لەوە کەسیك عەینیك یا قەرزیك یا کەلکیك بکا بە مولکی کەسیك بەخورایي • جا ئەگەر کەسیك لە حەیاتی خویدا مالیکی کرد بە مولکی کەسیکی موحتاج بەهیوای جەزای روژی قیامەت ئەوە ناوی (صەدەقە)یە • وە ئەگەر ناردی بوی ئەوە دیاری (هدیـّه)یە • بینا لەسەر ئەم بەیانە ئەبی ئەوەی کە دائەنری بو میوان یا ئەو میوەیە کە بەئیذنی خاوەن باخ لە باخیکا ئەخوری ، ئەبی بخریتە بەر ئوسوولی (اباحه) یەعنی حەلال کردنو رەوا بینین •

ئەرکانی بەخشین چوارە (واهب) مال بەخش • (موهوب له) مال پی بەخشراو • (موهوب) مالەبەخشراوەکە • (صیغه) ئەو لەفظە کە عەقدەکەی پی دائەمەزری • شەرتی بەخشندە ئەوەیە بالغو عاقل بیو بەئارەزووی خوی مالەکە ببەخشی • کەواتە بەخششی منالو شیتو زور لی کراو بەتالە • هەروەها بەخششی کەسی کە لەبەر عەیبەو رووگیری شتی بدا بەکەسیك • وە پیویستە تەصەروفاتی لە مالی خویدا دروست بی • کەواتە کەسیك لەبەر لاتی حیجری لەسەر دانرابی دروست نی یە تەصەرروف لەومالەیدا بکا کە حیجرەکەی لەسەر دانراوە •

شەرتی مال پی بەخشراوەکەیش ئەوەیە قابیلی ئەوەبی ببی بە خاوەن مولك • کەواتە بەتالە بەخشینی شتی بە منالی کە لە سکی دایکیا بی ، وە بەخشینی شت بە حەیوانات بە نیازی خویان • بەلی دروستە بەخشین بە مزگەوتو خویندنخانەو نەخوشخانە ، وە لەمحالەدا سەرپەرشتی کەری ئەو شوینانە بەخشینەکە قوبوول ئەکا ، وە ئەگەر سەرپەرشتی کەریان نەبوو قاضی قوبوولی ئەکا • هەندی لە زانایان وتوویانە قوبوول پیویست نی یە لە بەخشینا بە جیهەتیکی گشتی وەك مزگەوتو خویندنخانەو ئەمجورە شوینانە •

شەرتی ماله بەخشراوەکەیش ئەوەیە ئەگەر عەین بی بینرابی • کەواتە دروست نی‌یە کویر شتیك ببەخشی یا پی‌ی‌ببەخشری ، وە بو موعامەلـــەی بەخشین لەگەل کویردا وەکیل پیویستە • وە هەرشتی کە فروشتنی دروست بی ، بەخشینیشی دروستە • بەلی لە چەندشوینیکا فروشتن دروستە کەچـی بەخشین دروست نی‌یە ، وەك شـــــتی کە وەصف کرابی لەئەســــتوی فروشیارەکەدا ، ئەوە فروشتنی دروستە کەچی بەخشینی دروست نی‌یـــــە هەرچەند لە هەمان مەجلیسدا پاشان بیتە بەرچاوو کابرای مال پی‌بەخشراو وەری‌بگری • هەروەها لە نەخوشی‌ی مردنا دروستە ئینسان مالی خـــوی بفروشی بە میراث‌گری خوی بە قیمەتی عادەتی ، بەلام دروست‌نی‌یە بیبەخشی بەلکو ئەوە ئەبی بە وەصیەت وە ئەوەستی لەسەر ئارەزووی میراث‌بەرەکان• وە باوكو باپیرە دروستە مالی مندالی خویان بەپی‌ی مەسلەحەت‌بفروشن • بەلام بە قەطعی دروست نی‌یە بیبەخشن بە کەسیك • چەند مادەیەکی‌تریش هەیە لەم‌چەشنە کە فروشتنیان تیا دروستە ، بەلام بەخشین‌یان تیا دانامەزری •

هەرچی کە فروشتنی دروست نەبی ، بەخشینی دروست نی‌یە وەك شتی نامەعلوومو شتی زەوت کراوو شتی ون‌بوو • بەلی کە وەقف‌کرابی لـــە کومەلیك ، وە ئەندازەی بەشی هەرکام لەوانە مەعلووم نەبی ، ئەوە دروست نی‌یە هەرکەس لەوان بەشەکەی خوی بفروشی • کەچی دروستە لەبەینـی خویانا صولح بکەن‌و هەموویان وەك‌یەك یا زیادو کەم دابەشی بکـــەن ، وە هەرکام لەمانە هەربەشیکی لای برادەرەکەی بی پی‌ی‌ببەخشی • هەروەهـــا شتی زور بی‌قابیلەت‌و بی‌سوود وەك دوو دەنکە گەنم فروشتنی دروســــت نی‌یە کەچی بەخشینی دروستە • هەروەها ئیختیصاصات وەك سەگی راوو سەگی پاس‌و پیستی مردارەوە بوو تەپالەو وینەی ئەمانە فروشتنیان دروست نی‌یەو بەخشینیان دروستە • وە پیستی قوربانی فروشتنی دروســـت نی‌یە ،

بەلام بەخشینی دروستە • وە میوە لەپێش دەرکەوتنی کەلکیا فروشـــتنی دروســـت نی‌یـەو بـەخشـینی دروسـتە • وە زەوی‌یەك کە تـــووی تیا داچێنرابی یاخود کشت‌و کالیکی‌وای تیابی کە بەتەنها نەفروشری ، ئەوە زەوی‌و تووەکە یا زەوی‌و کشت‌و کالەکە بەیەکەوە نافروشرین کەچـــی بەیەکەوە ئەبەخشرین ، وە یەکەیەکەی تووەکە یا کشت‌و کالەکە بەتەنهـــا نافروشرین کەچی بەتەنها ئەبەخشرین •

(صیغەیش) بریتی‌یە لە (ئیجاب) وەك پێم‌بەخشیت‌و ، کردم بـــە مولکت‌و ، بە پیاوەتی پێم‌دای‌و ئەم‌جورە شتانە • وە (قـــەبوول) وەك وا قەبوولم کردو ، رازیم پێی‌و ، پێم‌باشەوئەم‌جورە قسانە •• شەرتی ئـــەم ئیجاب‌و قەبوولە ئەوەیە لەمەعنادا موافقی یەك بن ، وە جیا نەبنەوە لەیەك بو ماوەیەکی زور • هەندی لە زانایانی شەرع فەرموویانە بەخشین بە بی‌لەفظ واتە تەنها بە دان‌و وەرگرتن پێك‌دێ‌و ئیجاب‌و قەبوولی ناوی••بەلام بەقەطعی لە صەدەقەو لەدیاری‌دا لەفظ پێویست نی‌یە •

هەروەها شەرتە لە صیغەدا شەرتیکی‌وای تیا نەبی کە بەخشینەکـــە تێك‌بدا وەك بلی وا پێم‌بەخشیت بەوشەرتە هەرگیز لەمولکت دەرنەچی • هەروەها نابی صیغەی بەخشین بو ماوەیەکی تایبەتی بی وەك بلی وا ئەم‌مالەم پی‌بەخشیت بو ماوەی سالیك • وە نابی بەسرابی بە شتێکەوە وەك ئەوە بلی هەر وەختی بەهار هات ئەم مالەم پی‌بەخشیت ، تەنها لە صەدەقەی عـومرو رەقەبەدا نەبی صیغەی ماوەدار (موقت) درستە چونکـە لـەمـــەعنادا وەك هەمیشە وایە •

(بزانن) وەك وتمان ، لە صەدەقەو دیاری‌دا ئیجاب‌و قەبوول پێویست نی‌یە ، بەلکو تەسلیم کردنی خاوەن مالەکە ، یا ناردنی بەکەســـیکا ، وە

وەرگرتنی پێدراوەکە یا وەکیلەکەی بەسە • هەروەها دانانی مالەکە کافی یە لە بەردەمی ئەوکەسەدا کە صەدەقەکەی پێ ئەدری یا دیاری یەکەی بو ئەنیرری • قەناعەتیش ئەکری بە تەسلیم کردنی مالەکە بەدەستی منالیك کە خاوەن مالەکە ناردبیتی •

ئەگەر کەسیك بە کەسیکی وت وا ئەو خانووەم پێ بەخشیت تا خوت ماویت ، وە کاتی کە مردی بو میراثبەرەکانت بی ، ئەوە دروستەو لەراستیدا کابرای بەخشندە بەیانی وەزعی بەخشینەکەی کردووە • هەروەها دروستە ئەگەر کابرا بلی وا ئەم مالەم پیدای لەسەر ئەساسی ئەوە تا عومرت هەیە بو خوت بی و لەوە زیاتر نەلی •، وە ئەگەر وتی کە مردیت بگەریتەوە بوخوم ، ئەوەیش هەر بەخشینەو دائەمەزری و پاش مردنی کابرایش ناگەریتەوە بوی و ئەبی بە هی میراثبەرەکانی کابرای پی بەخشراو ••

(بزانن) بەخشینی قەرزیك کە بەسەر کەسیکەوە بی ، ئەگەر بە غەیری ئەوکەسە خوی بی ، بەتالە • وە ئەگەر بەو بی ئەبی بە (ابراء) واتە ئازادکردنی ئەو قەزرارە لە قەرزەکە ، کەواتە قەبوولی ناوی • وە مادەم ئەم بەخشینە لەمەعنای ئازادکردنایە ، ئەگەر ئەندازەی قەرزەکە دیاری نەبوو بو یەکیکیان ، ئەوە ئەو بەخشینە بەتالە ، وە ریگەی دامەزرانی بەخشینی وا نەذرکردنە ، چونکە مەجالی نەذر گوشادترە لە بەخشین ، وە نەذری شتی نەزانراو دروستە •

ئەگەر کەسیك بە کەسیکی وت هەرچی مالم هەیە بوم حەلال کردی ، ئەوە مەعنای لی ئەدریتەوە بە حەلال کردن بو خواردن و خواردنەوە نەك بو فروشتن و بەخشینی و شتی وا • وە مالەکەیش بەو ئەندازە مەعنا لی ئەدریتەوە

کە لەو کاتەدا هەیە • جا ئەگەر صیغەی بەخشینی رووت بوو لەباسی بریتی (عوض) ئەوە بەخشینی بێ‌پاداشە ، خواه نیازی بریتی لەدلیا بووبێ یا نـە ، وە کابرای مال پێ‌بەخشراو بچووك بێ یا وەك ئەو وابێ یا گەورەتر بێ •
بەلی کاتێك ئەم بەخشینە بێ‌پاداشە ئەگەر لەگەل بەخشینەکەدا بەلگەیەك بە قسە یا بە قەرینەی شوێن نەبێ کە وا بگەیەنێ کابرای بەخشندە داوای پاداش ئەکا • ئەگینا واجبە یا کابرای مال پێ‌بەخشراو مالەکەی بداتـەوە ، یـا پاداشەکەی پێ‌بدا • هەر لەسەر بنچینەی لەچاوگرتنی بەلگەو دەرکەوتنی مەبەستی موسولمانانە ، زانایانی شەرع وتوویانە هەر کەسێ شتێ بدا بە یەکێك لەسەر ئەساسی ئەوە کە گومانی وابووە لەو شەخصەدا صیفەتێك هەیە ، وە لەراستیدا ئەو صیفەتەی تیا نەبێ ، ئەوە حەرامە ئەو شەخصە ئەو شـــتە وەربگرێ ، وە ئەگەر وەری گرت نابێ بە مالیو فەرزە بیداتەوە بەو کەسە کە پێی داوە •

ئەگەر صیغەی بەخشینەکە باسی پاداشی لەگەلدا بوو ، وەك ئەوە کـە بلێ وا ئەو مالەم پیدای بو ئەوە ئەو ئیشەم بو بکەی یا ئەو کتیبـــەم بدەیتی‌و ئەویش قەبوولی کرد ، ئەوە بەخشینی لەگەل پاداش (هبة مع الثـواب)ەو ، حوکمی فروشتنی هەیەو ، هەموو حوکمیکی فروشتنی تیا جاری ئەبێ وەك حەقی پەشیمان بوونەوە لە مەجلیسداو ، شوفعەو ، دانەدواوە بەهـــــوی عەیبەوە • جا مادەم ئەم بەخشینە حوکمی فروشتنی هەیە ، ئەوە ئەگـەر عیوەزەکەی نەئەزانرا چی‌یە ، بەخشینەکە بە بەتال دائەنرێ •

(بزانن) مالی بەخشراو بە ئیجاب‌و قەبوولەوە ، وە یا صەدەقەو دیاری نابن بە مولکی کابرای پێ‌بەخشراو تا بە نەفسی خوی یا وەکیلـــەکـەی وەری نەگرێ • وە ئەگەر یەکیکیان لەبەینی بەخشین‌و وەرگـــرتنا مرد ، میراتگرەکەی لەجیی دائەنیشی‌و هەرچی حەقی ئەو بووە دێ بو ئـەم •

وە ئەگەر شتێك بەخشرا بە منـــدالی ئەوە ئەبی وەلی ئـــەمرەکەی بوی وەربگری •

وەرگرتنی مالی بەخشراویش کەلکی نی‌یە مادەم بە ئیذنی مال‌بەخشەکە یا وەکیلەکەی نەبی • جا ئەگەر کابرا ئەو مالەی ۆەرگرت، بەلام بەخشندەکە ۆتی لەپیش وەرگرتنیا پەشیمان بوومەتەوە لە ئیذنی وەرگرتنەکەی ، وە مال پی‌بەخشراوەکەیش وتی لەپاشر، وەرگرتنیکی راست پەشیمان بوویتـەوە ، ئەوە باوەر بە سویندی کابرای مال پی‌بەخشـراو ئەکری ، چونکـــە مادەم هەردولا هاودەنگن لەسەرئەوە کە مالەکە وەرگیراوە ، وادائەنری کـــــە وەرگرتنەکە راستو شەرعی بووبی •

وە ئەگەر بەخشندەکە ئیذنی دا بو وەرگرتنی مالـــەکە ، وە لەپیش ئەوەدا کە پی‌بەخشراوەکە وەری‌بگری کابرای بەخشندە مرد یا شیت بـوو یا حیجری لات‌کەوتنی بەسەرا هات ، ئەوە ئیذنی وەرگرتنەکە بەتالـــەو بی کەلکـــە •

سوننەتە بو باوكو دایكو بەرەوژوورتر هاوسانی بکەن لە نیوان منالو منالەزایانا لەوشتانەدا کە پی‌یان ئەبەخشن بوئەوە ناکوکی‌و ناحەزی‌یـــان لەناوا پەیدا نەبی‌و بی‌ئەدەب نەبن لەگەل باوكو دایکیانا ، هەتاوەکـــــو سوننەتە بەشی کورو کچو کورو کورەزا وەكیەك بیت ، مەگەر لەحالیکـــا کە یەکیك لەو منالانە مەسرەفی زورتری بوی‌و میوانی زور رووی تی‌بکا • بەلکو هاوسانی کردن سوننەتە لەبەینی خوشكو براو براو برازایشدا بوئەوە کە پەیوەندی خزمایەتی جی‌گیر ببی لەنیوانیانا • هەروەها سوننەتە ئەولادیش بە دادپەروەری بجوولینەوە لە خزمەتی باوكو دایکدا ، وە وەكیەك خزمەتیان بکەن • وە ئەگەر فەرقیان خست ، ئەوە خزمەتی دایکیان زورتر بکەن •

(بزانن) صەدەقەیەک کە تەنها بو ئیحسانو پیاوەتی بکری بە سوننەتێکی گەورە دائەنری ، وە لەگەڵی ئایەت وحەدیثدا ئەمری پی کراوە • یەکـــی لەوحەدیثانە ئەفەرمویت هەرکەس لە روژی قیامەتا لەژیر سیبەری صەدەقەی خویدایەتی تا خودا حوکم ئەدا لەبەینی ئەهلی حیسابدا • بەڵی حەرامـــە صەدەقەدان بە کەسی کە بزانری لەریگای حەراما صـــــەرفی ئەکا ، وە واجبە ، بەصوورەتی فەرضی کیفایە ، نانو ئاوو جلوبەرگ دان بەکەسیك کە لەحالەتی ناچاریدا بیو هیچی نەبی • ئەوەندە هەیە دروستە ئینســـان بەرابەر بەشتیك ئەو مەسرەفەی بوبکا ، مەسەلا ئیشی پیبکا لەجیاتییدا یـا بەقەرز حیسابی بکا لەسەری • جا ئەگەر نیازی هەبوو لەوەپاش لیی بسینیتەوە ئەوە واجبە شاهیدی لەسەر بگری کەوا نیازی وایە • ئەگینا ئەگەر کابرای داماو لەوەپاش سویند بخوا بلی ئاگام لەونیازە نەبوە ، واجب نابی لەسەری هیچی بداتەوە لەجیاتیی ئەوەی کە بوی خەرج کردووە •

دروستە صەدەقەدان بـــە پیاوی دەوڵەمەند ، وە دروستە بو ئەویشــی کە وەریبگری • مەبەستیش لە دەولەمەند ئەوەیە کە زەکاتی پینەشـــی خواە بەوە کە مالی ببی یاخود کاسبییەکیوا بزانی کە لایقی شانو شکوی بی • بەڵی ئەوەندە هەیە کەراهەتی هەیە بو کەسیك کە نەفەقەی شەووروژی خوی ببی مال لە دەستی خەڵك وەربگری ، مەگەر بزانی کە پاش روژەکە موحتاج ئەبی بە داواکردن • یاخود کابرا کەسیکیوا بی هەموو وەختـــی خوی صەرف بکا لە فیربوونی عیلمدا یا لە دەرسوتنەوەو ئاموژگاری کردنی خەلکدا ، وە کاسبییەکی وای نەبی کە لایقی شانی بی ، یا ئەگەر خەریکی ئەو کاسبییە ببی مەجالی خویندنەکەی نەمینی بەتەواوی • لە غەیـــری ئەمجورە حالانەدا شتوەرگرتن لە خەلك کەراهەتی هەیە ، وە داواکردن

حەرامە بەتایبەتی ئەگەر ببی بـەهوی شـەرمو خەجالەتیو ، کابـــرای داوا لی‌کراو لەبەر رووگیری شتەکە بدا • بەلی داواکردنی ئەوشتانەی کـــــە داواکردنیان عادەت بی لەناو برادەرانا ، ئەوە قەیدی نی‌یە وە نە حەرامەو نە کەراهەتی هەیە •

دروستە صەدەقە بە کافریش ئەگەر نەبی بەهوی سووکی بو موسولمانو بو دینی ئیسلام ، چونکە حەزرەت صلی الله علیه وسلم فەرموویە ئـەجـرو ئەواب هەیە لە خزمەتی هەرشتیکا کە گیان‌لەبەر بی‌و جگەری تەر بی •

تەسلیم‌کردنی صەدەقە بە پەنامەکی وە لە مانگی رەمەزانا بەتایبەتی لە دەی ئاخریا خیری زورە • بەلی ئەگەر لەوانە بوو کابرا چاوی لی‌بکری ئەوە خیر لەوەدا زورترە کە بەئاشکرا صەدەقەکە بکا • خیر بو خزمو خویش‌و دراوسی ئەجری زورترە لە خیر بو بیگانەو لەوانە کە مالیان دوورە لـــە مالیەوە • خیر زور ثەوابی زیاترە بو ئەوکەسانە کە پەکیان کەوتبی بەتایبەتی ئەوانە کە داوا کردنیان لا عەیب بی ، وە بو ئەو زەعیفانە کە مەجالی ژیانیان نی‌یە وەك ژنی داماوو کچی هەتیوو کویرو ئیفلیج • بەکـورتی پیویسـتە ئینسانی موسولمان تەنها تەماشای رەزای خودا بکا لە خیر کردنا ، وە کـــی زورتر داماو بی ، بەوە خیر زورتر بکا •

کەسی کە قەرزدار بی یا مەسرەفی خیزانی لەسەر بی ، تا لــــەوان نەمینیتەوە حەرامە مالەکەی بدا بە صەدەقەو خیرات ، مەگەر لەلایەکی‌ترەوە مال شك ببا کە قەرزەکەی لی‌بداتەوە یا مەسرەفی خیزانەکـــەی لی‌بکا • هەرکەس زیادی ببی لە پیویستی خوی ، ئەوە ئەگەر لەوانەبوو صەبر بکـا لە نەبوونیدا سوننەتە مالەکەی بدا بە صـــەدەقەدا هەرچەند بوخـــوی نەمینیتەوە • بەلام ئیمرو تەماشای حالی خوی بکا خیرترە •

دروستە بو باوكو لەو بەرەوژوور پەشیمان بینەوە لەوشتانە كە داویانە بە ئەولادی خویان هەرچەند زور بەرەو خواریش بن ، بەلام ئەم پەشیمان بوونەوەیە چەند شەرتی هەیە • یەكەم ئەوەیە ئەوشتەی كە بەخشیویانە عەین بی • دووهەم ئەوەیە بەرامبەر بەو بەخشینە هیچیان وەرنەگرتبی • سیهەم ئەوەیە ئەو شتەی كە بەخشیویانە صەدەقەی واجب نەبی • چوارەم ئەوەیە پیدانەكەی بە نەذر نەبی • پینجەم ئەوەیە عەینەكە لە مولكی پیبەخشراوەكەدا مابی •

كەوابوو ئەگەر باوكیك قەرزیكی لەسەر كورەكەی بوو ، وە گەردنی ئازاد كرد ، ئەوە ئیتر حەقی پەشیمانبوونەوەی نامینی • هەروەها ئەگەر شتەكەی كە داویەتی شتیكی لە بەرابەریا وەرگرتبی وەك (هبةمع الثواب) یاخود صەدەقەی واجب بی وەك زەكات • میسالی ئەمە كە باوك زەكات بدا بە كوری خوی ئەوەتە كە باوكەكە لە ذاتی خویا ئەوەندە دەولەمەند نەبی مەسرەفی كورەكەی بكەویتە سەری ، لەگەل ئەوەیشا ئەوەندە مالی هەبی كە زەكاتی تیا واجب ببی • هەروەها بەوەیش ئەبی كە كورەكەی ژنی ببی ، لەبەرئەوە باوكەكەی هەرچەند دەولەمەند بی هەر نەفەقەی كورەكەی لەسەرە ، ئیتر نەفەقەی بووكەكەی لەسەر نییە • كەواتە دروستە زەكات بدا بە كورەكەی بوئەوە صەرفی بكا بو خیزانەكەی •

هەروەها باوك حەقی پەشیمان بوونەوەی نییە ئەگەر ئەوشتەی بەصوورەتی نەذر دابی بە كورەكەی •

(بیداوبن) شیخی (ابن حجر) لەم مەسئەلەیەدا دوو قسەی جیاوازی هەیە • ئەمذاتە لە (تحفە)دا فەرموویەتی باوك حەقی پەشیمان بوونەوەی نییە ، وە لە (فتاوی)دا فەرموویەتی حەقی پەشیمان بوونەوەی هەیە •

لەبەرئەوە هەندی لە زانایان بەگویرەی قسەکەی (فتاوی) ئەجوولینەوەو ئەلین (فتوی) لەپیش (تالیف)ەوەیەو ، هەندیکیان بەپیی قسەکەی(تحفه) ئەجوولینەوەو ئەلین (تألیف) لەپیش (فتوی)ەوەیە ، وە هەندیکیشیان هەردوو قسەکە ئەخەنە یەك‌و ئەلین بویە لە (تحفه)دا وتوویە حەقی پەشیمان بوونەوەی نی‌یە چونکە مەبەستی لە نەذری لەگەل بریتی‌یە (نذر مع العوض)ە بویە لە (فتاوی)دا وتوویە حەقی پەشیمان بوونەوەی هەیە چونکە مەبەستی لە نەذری بەخوراییی‌یە • بەلام ئەوەی کە زاناو لیکولەرەوەکان پەسەندیان کردووە ئەوەتە (تألیف)ی شەخص لەپیش (فتوی)یەوەیەتی • کەواتە بەپیی قسەکەی (تحفه) ئەجوولینەوەو نەذرەکەیش هەر بەخوراییی‌یەو هەرگیز باوك حەقی پەشیمان بوونەوەی نی‌یە لە نەذرکردن لە منالی ، وەك چون لە بەخشینی بەبریتی‌دا حەقی نی‌یە •

هەروەها باوك حەقی پەشیمان بوونەوەی نی‌یە ئەگەر مالە بەخشراوەکە لە مولکی کورەکەی دەرچووبی بە فروشتن یا بە وەقف کردن لەگەل قوبوولی ئەوکەسەدا کە لەسەری وەقف کراوە ، وە بە بەخشین لەگەل وەرگرتنی کابرای مال پی‌بەخشراودا • بەلی ئەگەر کورەکە مالەکەی دانابوو لە رەهندا یا بەخشیبووی بە کەسیك ، لەم دوو حالەتەدا ئەگەر کابرای بەرەهن وەرگرو کابرای پی‌بەخشراو مالەکەیان وەرنەگرتبی ، باوکی کورەکە حەقی پەشیمان بوونەوەی هەیە • هەروەها کشت‌وکال تیا کردنی زەوی یا بەکری‌دانی ریگا ناگری لە حەقی پەشیمان بوونەوەی باوك • وە ئەگەر پاش ئەوە کە مالە بەخشراوەکە لە مولکی کورەکە دەرچوو ، جاریکی‌تر گەرایەوە بو مولکی ، ئەمجارە باوکەکە حەقی پەشیمان بوونەوەی نی‌یە ، چونکە ئەمجارە مالەکە لەریگەی ئەوەوە نەبووە بە مولکی کورەکەی •

هەروەختی باوك ، مەسەلا ، حەقی پەشیمان بوونەوەی ببی ، ئـــەوە هەروەك عەینی مالەكە وەرئەگریتەوە ، هەر زیادەیەكیشی كە پی‌یـــەوە نووسابی وەری‌ئەگریتەوە • بەلام بو زیادەی جیاواز حەقی نی‌یە بەوشەرتە كە لە مولكی كورەكەدا پەیدا بووبی • بەلی ئەگەر وەختی خوی مەریكـی ئاوسی دابی بە كورەكەی ، وە مەرەكە لە مالی كورەكەدا زابی ، ئەوە باوكی حەقی هەیە بەرخەكەیش بەری چونكە لە سكی دایكیا بووە لەو وەختەدا كە ئەم مەرەكەی داوە بە كورەكەی •

(بزانن) حەقی پەشیمان بوونەوە بو غەیری باوكو دایكو لـــەوان بەرەوژووەرتر نی‌یە • وە ئەم پەشیمان بوونەوەیە هەر بە لـــەفظ ئەبی وەك ئەوە كە بلی وا پەشیمان بوومەوە لەو بەخشینە كە كردم ، وە بەوە نابی كە بروا مالە بەخشراوەكە بفروشی یا ببیەخشی بە یەكیكی‌تر یا وەقفی بكا •

ئەگەر كەسیك دیاری‌یەكی نارد بو كەسیك لەناو ظەرفیكدا ، ئـەوە ئەگەر عادەت وابوو ئەو ظەرفە بنیرریتەوە بو خاوەن دیاری‌یەكە ئـــەوە واجبە لەپاش هەلگـــرتنی دیاری‌یەكە گورج ظەرفـــەكە بنیرریتەوە ، وە بەكارهینانی بو مەبەستیكی‌تر بە قەطعی دروست نی‌یە • وە ئـەگەر عادەت نەبوو بنیرریتەوە ، ئەوە ئەویش بەدیاری دائەنری ••

(ئاگاداربن) ئەو دیاری‌یانەی كە خەلك ئەیانبەن بو ئاشنای خویـان لەكاتی خەتەنە سووران‌و شایی‌و پرسەو شتی‌وادا ، ئەگەر بەلگەیەك هەبوو لەسەرئەوە كەوا بویە بردوویەتی لەبەر شەرم ، وە یا لەترسی كابرای دیاری بو براو ، یا بوئەوە كە خەلك ناوی بە خراپ نەبەن، ئەوە وەرگرتنی دروست نی‌یە ، وە ئەگەر كابرای دیاری بوبراو وەری گرت ئەبی بینیریتـەوە • وە ئەگەر لەسەر ئەساسی دەسەوام بوی بردبوو ، ئەوە وەرگرتنی دروســـتە

بەلام پیویستە ئەمیش لەوەختی خویدا ئەوەندەی دیاری یەکە شت بەری بو ئەو ئەگینا قەرزار ئەبی •

ئەو کەسە کە دیاری ئەبا بو کەسیکی تر ، ئەگەر نیازی ئەوەی ببی دیاری یەکەی بکا بە مولکی کەسیکی تایبەتی ، ئەوە ئەبی بە مولکی ئەو کەسە ، خواه لە حالی خەتەنە سوورانا کورە خەتەنە کراوەکە بی یا باوکی یا دەلاکەکە • وە لە حالی شاییدا زاوا بی یا بووك یا گورانی بیژی شایی یەکە • وە ئەگەر مەبەستی کەسیکی تایبەتی نەبوو ، ئەوە ئەگەر عورف و عادەتیکی دامەزراو هەبی لەسەرئەوە کە مالی دیاری لەوحالەتەدا بو کی ئەبی ، ئەدری بەو کەسە • وە ئەگەر عورف و عادەتیکی دامەزراو نەبوو ، ئەوە زانایانی شەرع لەسەرئەوەن لە حالی خەتەنە سوورانا دیاری بو باوکی کورەو هەندیکیش ئەلین بو کورەکە خویەتی و پیویستە باوکی بوی وەربگری • وە لەشایییا ئەوەی کە پیاوان ئەیبەن بو زاوایەو ئەوەی ژنان ئەیبەن بو بووکەو ئەوەیش لە شاباشا هەلی ئەدەن بو گورانی بیژە •

هەر مەسرەفی کە لە شیرینی خواردنەوەدا بکری ، ئەگەر لەپاشان ئیشەکە ریکەوت ئەوە باشە • وە ئەگەر ری نەکەوت ، لەموەختەدا ئەگەر ئەو کەسە کە داوای ژنی کردووە ، وەختی خوی مالەکەی دابوە دەستی باوکی ژنەکە یا براکەی ، مەسەلا ، ئەتوانی هەمووی لی بسینیتەوە • وە ئەگەر بەدەستی خوی صەرفی کردبوو حەقی داواکردنەوەی هیچی نی یە • هەروەها ئەگەروتبیتیان ئەو مالە مەولوودی پیغەمبەرە صلی اللّٰە علیە وسلم • وە هەر خزمەتیکی بە لەش کە کابرای خوازبینی کەر بیکا لەسەر ئەساسی هیوای ریکەوتنی ئیشەکە ، ئەویش حەقی کری ی هەیە • وە هەرچی صەرف بکا بو ژنەکەو پاشان ئیشەکە ری نەکەوی بەهوی مردنی ژنەکەوە یا

بەهوی پەشیمان بوونەوەی یەکیـکیانەوە ، ئەوە کابرای تەمادار ئەی کەویتەوە • هەروەها هەرشتی کە بدری بە کابرای دەسەلاتدار بەهیوای ئەوە ئیشەکەیان بو ریك بخا ، ئەوە ئەگەر ئیشەکە سەری نەگرت ، ئەبی ئەو دەسەلاتدارە بیداتەوە بە خاوەنەکەی ، مەگەر ئەوشتەی تەنها بە بەرابەری قسەکردنەوە دابیتی ، وە وەزعی قسەکردنیشی لە مەسەلەی وادا لەوانەبی کری ی بکەوی •

هەرچی بەدیاری ببری بو مەلایەك یا پیاو چاکیکی تر بەنیازی ئەوە کە ئەو مەلا یە مەلایەکی چاکە ، یا ئەو پیاوچاکە لەخوا ئەترسی ، ئەوە تەماشا ئەکەین ئەگەر لەراستیدا وەهابوون ، ئەوە دیاری یەکەیان بو حەلالە ، ئەگینا حەرامە •

وە ئەگەر باوکی ژن ژنەکەی نەدا بەدەستەوە تا ئەندازەیەك پارەی وەرگرت ـ کە پیی ئەلین شیربایی ـ ئەوە ئەو پارەیە حەرامە بوی وە ئەبی بیداتەوە بە خاوەن پارەکە • وە ئەگەر مارەیی ژنەکەی لەسەر برا ئەوە ئەو پارەیە ئەبی بە مالی ژنەکەو ئەبی بدریتە دەستی خوی • جا ئەگەر ئەو بـە ئارەزووی خوی بەشی باوك یا برا یا هەرکەسی لی بدا بەبی ترس و رووگیری ، ئەوە حەلالە بویان • ئەگینا حەرامە • وە ئەگەر بەلگەیەك نەبوو لەسەر ئەوە کە ژنەکە بە ئارەزووی خوی و ، بی رووگـیری ئەو پارەیەی داونەتی ، حەرامە بویان و ئەبی بیدەنەوە •

ئەو بیدعەتە ناشیرینەیش کە هەندی کەس ئەیکەن ، دین پـارەی شیربایی ئەدەن بە کەسیکی تر بوئـەوە لـەجیاتی ی ئەو پارەیە پـارەی حەلالیان بداتی ، ئەوە هیچ سوودیکیان پی ناگەیەنی ، چونکە هەرکـەس شیربایی حەرامی وەرگرت قەرزاری ئەو پارەیە ئـەبی ، ئیتر بیگوریتەوە یا فرەی بدا یا هەرچی ی لی بکا لە قەرزاری ی ئەو مالە رزگار نابی تا ئەیداتەوە

به خاوه‌نه‌که‌ی یا ئه‌و گه‌ردنی ئازاد ئه‌كا • بیجگه له‌وه‌یش ئه‌و كه‌سه كه پاره‌ی حه‌لالی خوی بگوریته‌وه به حه‌رام ، موسولمان بی یا ئه‌هلی ذمه ، مالی به حه‌لال ناناسری چونكه عه‌قل وه‌ری‌ناگری كه‌سیك مال وا په‌یدا بكا مالی حه‌لالی خوی بدا به مالی حه‌رام ، ئه‌و كه‌سه مالی حه‌لال بی • كه‌وابوو دروست نابی بو ئینسان ئه‌و ماله حه‌رامه له‌و كه‌سه وه‌ربگری‌و به حه‌لالی بزانی • كه‌واته ریگای شه‌رعی ئه‌وه‌یه ئه‌و كه‌سه كه كچ ئه‌دا به شوو پاره‌ی شیربایي له كه‌س وه‌رنه‌گری ، وه ئه‌گه‌ر وه‌ری گرت ده‌س‌به‌جی په‌شیمان ببیته‌وه‌و له‌گه‌ل په‌شیمانی‌و داوای لی‌خوش‌بووندا بیداته‌وه به خاوه‌نه‌كه‌ی •

باسی نه‌ذر كردن

نه‌ذر له‌شه‌رعدا بریتی‌یه له له‌گه‌ردن گرتنی كردنی شتیك ، ئیتر خواه ئه‌وشته خیر بی یا حه‌لال بی یا گوناه بیت ، وه‌ك له‌مه‌ولا به‌دریژی باسی ئه‌كه‌ین •

نه‌ذر دوو به‌شی هه‌یه • به‌شیكیان پی‌ی‌ئه‌لین نه‌ذری (لجاج) واته رقه‌به‌ری‌و كه‌لله‌ره‌قی • جا ئه‌گه‌ر له‌م نه‌ذره‌دا كابرا خیریكی له گه‌ردن گرت وه‌ك ئه‌وه كه بلی ئه‌گه‌ر قسه‌م له‌گه‌ل فلان‌كه‌سدا كرد نه‌ذر بی له‌سه‌رم دووروژ به‌روژوو بم ، ئه‌وه ئه‌گه‌ر هاتو قسه‌ی له‌گه‌ل ئه‌و كه‌سه‌دا كرد ، ئاره‌زووی خویه‌تی یا كه‌فاره‌تی سویندیك بدا به هه‌ژارو لاتی ئه‌وشوینه كه نه‌ذره‌كه‌ی تیا كردووه ، یا دوو روژه‌كه به‌روژوو بی • وه ئه‌گه‌ر كاریكی ناخیری له‌گه‌ردن گرت وه‌ك ئه‌وه كه بلیت ئه‌گه‌ر قسه‌م له‌گه‌ل فلان كه‌سدا كرد نه‌ذربی له‌سه‌رم نان نه‌خوم یا ئاو نه‌خومه‌وه ، ئه‌وه هه‌ر كه‌فاره‌تی

سویندیکی لەسەرەو بەجیھینانی ئەو شتە کە لەگەردنی گرتووە قیمەتیکی نی‌یە • وە ئەگەر ئەوشتەی کە نەذرەکەی لەسەر کردوەگوناە بوو وەك قسە نەکردن لەگەل باوكو دایکیا ، مەسەلا ، ئەوە واجبە جی‌بەجی‌ی نەکاو کەفارەتی سویندیك بدا • وە ئەگەر وتی ھەرکاتی چووم ئەو خانووە کەفارەتیکی سویندم لەسەر بی ، یا نەذریکم لەسەر بی ، ئەوەکە چووە خانوەکەوە ھەر کەفارەتی سویندیکی لەسەرە •

بەشی دووھەمیش پی‌ی‌ئەلین نەذری (تبرر) وەئاویش ئەبری بە نەدزی (برّی) • ئەم بەشەیش بریتی‌یە لەوە کابرای نەزرکەر خیریك بگریتە ئەستوی خوی بە بی‌بەستنی بە ھیچ مەرجیکەوە وەك ئەوە کە بلیت نەذربی لەسەرم دوجوزء قورئان بخوینم ئەوە ھەر کەنەذری وای کرد ئەبی بەجی‌ی‌بھینی • یاخود بیبەستی بە دەسکەوتنی دەسکەوتیك یا رزگاربوونەوە لەمەینەتیك وەك ئەوە کە بلی ئەگەر ئەمرو کورەکەم ھاتەوە لە فلان شوین ، یا ئەگەر رزگارم بوو لەم نەخوشی‌یە ، دە دینارم لەسەر نەذر بی • لەمحالەدا ھەرکاتیك دل‌خوازەکەی ھاتەجی ئەبی نەذرەکە جی‌بەجی‌بکا • ئەمەش کە لەناو کوردانا باوە ئەلین شەرت بی یا ئاد (عھد) بی ، ئەوەش ھەر صیغەی نەذرە •

ئەرکانی نەذر چوارە : نەذرکەر (ناذر)• ئەوشتەی کە نەذرکراوە (منذور) • ئەوەی کە نەذری بوکراوە (منذورلە) • صیغەی نەذرەکە وەکو باسمان‌کرد• شەرتی نەذرکەرەکە ئەوەیە بالغو عاقل بی‌و بەئارەزووی خوی نەذرەکە بکاو تەصەروفی دابمەزری لەوشتەدا کە نەذری ئەکا• کەواتە دروست نی‌یە نەذری مندالو شیتو سەرخوش‌وزورلی‌کراو ، وە نەذری کەسی کە حیجری لات‌کەوتنی لەسەر دانرابی لە مالە دانراوەکەیدا •

هەروەها دروست نی‌یە نەذری وەلی‌ئەمری منال یا شیت لە مالی ئەو منالە یا ئەوشیتەدا •

شـەرتی نەذرکراوە کەیش ئەوەیە عەینێك‌بی‌یا کەلکیك بی قابیل‌بی بوئەوە کە بکری بە مولکی غەیر • کەواتە دروست نی‌یە نەذر کردنی شتی کە مولکی نەذرکەرەکە نەبی ، یاخود مولکی بی بەلام گویزانەوەی قابیل نەبی وەك نەذرکردنی کەلکی ولاخیکی سواری کە وەقف کرابی لە کەسـیك بوئەوەی سواری ببی • فەرقی نی‌یە مالی نەذرکراو ناسراو بی یا نەناسراو ، وە ئیستە ببی یا لە مەوپاش پەیدا ببی • کەواتە دروستە کەسیك بلیت هـەر پارەیەك هەمە لەوقاصەیەدا ، یا هەر پارەیەك کە لەمەولا ئەم‌دەنی لە کری‌ی ئیش‌کردنما لەم‌مانگەدا ، یا هەر میوەیەك کە ئیستا هەمە لەوباخەدا ، یا هـەر میوەیەك کە سالی داهاتوو دەسم‌ئەکەوی لەوباخەدا ، نەذربی لە فلان‌کەس • هەروەها دروستە ژن هەر نەفەقەیەکی بکەوی بو ماوەی (عـدە)ی نەذری بکا لەوپیاوە کە تەلاقی داوە • ئەیش‌توانی نەذری مارەیی‌یەکەی لی‌بکا هەرچەند نەزانی چەندە ، وە چەند زەکاتی ئەکەوی لی‌ی •

شەرتی ئەوەیش کە نەذرەکەی بو کراوە ، ئەوەتە قابیلی ئەوە بی ببی بە خاوەن مولك ،هەرچەند لەمەولایش بی • کەواتە دروستەنەذر لەشیت‌و لەمنال‌و لە بە چکەیەك کەلەسکی دایکیابی • بەلام دروست نی یە نەذرکردن لە حەیوان بەنیازی خاوەنەکەی نەبی • هەروەها بەتالە نەذرکردن لە مردوو • دروستە نەذرکردن لەوکەسانە کە لەسـەر قەبری مردوویـەك ئەخوینن ، یا لە مزگەوتیکی نزیکی قەبری مردوویەکدا خواپەرستی ئەکەن ، یا بو ئاوەدان کردنەوەی سەری ئەو قەبرە ، یا بو خانوویەك کە بەصوورەتیکی شـەرعی کرابیتەوە بەسەر ئەوقەبرەوە ، وە بەپی‌ی مەبەستی کابرای نەذرکەر ئیش ئـەگری •

هەروەها ئەگەر کابرای نەذرکەر مەبەستیکی تایبەتی‌ی نەبی ، بەلام عورفیکی دامەزراو لەو ولاتەدا ببی بو ئەمجوورە نەذرانە ، وەك لەکوردەواریدا کە ئەلین فلان شت مەولوودی پیغەمبەر بی (صلی اللّٰە علیە وسلم) ، ئەوە مەعنای وایە ئەوشتە صەرف بکری بو موسولمانان لە هەژارو دەولەمەند ، وە خیرەکەی بو حەزرەتی پیغەمبەر بی ؛ یاخود وەك ئەوە کەسیك لە مانگی مەولوود (ربیع الاول)دا بلی ئەممالە مەولوود بی ، یەعنی بە شایی‌یانەی بادی لەدایك بوونی پیغەمبەرەوە(صلی اللّٰە علیە وسلم) بخوری • وە ئەگەر کەسیك لە (مەدینەی منورە)دا وتی فلان شتم بریاردا بو پیغەمبەر صلی اللّٰە علیە وسلم ئەوە مەعنای وایە صەرفی مەرقەدی موبارەکی پیغەمبەر بکری •

هەروەها ئەمەیش کە لەکوردەواریدا باوە کە ئەلین فلانەشت نەذری وەیس بی یا نەذری حەزرەتی غەوث یا شاهی نەقشبەند بی ؛ یەعنی بدری بە هەژارو لاتو خیرەکەی بو ئەو ذاتانە بی • ئەوەیش دروستەو شتەکە صەرف ئەکری بو هەژارو لاتی ئەوشوینانە کە نەذرەکەی تیا کراوە • ئەگەر کەسیکیش نەذری شتی بکا لە مزگەوت یا لە خویندن خانە یا لە تەکیەو خانەقا ، ئەوەیش بەپی‌ی عورفی ئەو شوینە مەعنای لی‌ئەدریتەوە کە واتە صەرف بکری بو ئاوەدان کردنەوەو کرینی فەرشو سووتەمەنی‌و هەر مەسرەفیکی‌تری پیویستی ئەوشوینانە •

دروست نی‌یە نەذرکردن لە شتی کە ئیستە نەبی ئەگەر سەربەخو لەوشتە نەذر بکری • وەك ئەوە کە بلیت ئەم مالەم نەذرکرد لەو کورەم کە لەمەولا لەدایك ئەبی ، یاخود لەو مزگەوتە کە لەمەوپاش ئەکریتەوە • بەلی ئەگەر نەبوەکە بخاتە ریزی بووانەوە وەك ئەوە کە بلی ئەو مالەم

نەذرکرد لەوکورانەم کە ئیستا هەن‌و ئەوانەی لەمەوپاش لەدایك ئەبن ، یا لەم مزگەوتەی کە ئیستا لە گەرەکەکەماناپەو لەو مزگـەوتانەی لەمەوپاش ئەکرینەوە تیایا ، ئەوە دروستەو نەذرەکە دائەمەزوی •

شەرتی صیغەی نەذریش ئەوەیە لە نەذری (برّ)دا لەئەستوگرتنـی چاکەیەك بی کە خوی واجب نەبی ، بە بی‌گورینەوە بەشـیوەی (تنجیز) دەس‌بەجی‌یی، یاخود لەسەر صوورەتی بەستنەوە بە پەیدابوونی دەسکەوتیك یا لاچوونی نارەحەتی‌یەکەوە • کەواتە نەذر بە وەعدەی رووت پەیدا نابی ، وەك ئەوە کە بلی ئەو مالەت ئـــەدەمی ، بەلکو پیویســـتە بەصـــوورەتی لەئەستوگرتن بی • هەروەها لەئەستوگرتنی غەیری چاکە دروست نی‌یە • کەواتە دروست نی‌یە یەکیك ئیشیکی حەرام لەئەستو بگری یا ئیشـــــیکی حەلالی‌وا کە ببی بەهوی حەرام • کەواتە ئەگەر کەسیك هەرچـــی هەیە هەمووی نەذر بکا لە کەسیك‌و خویشی نەتوانی بوخوی بژی ، ئەوە دروست نی‌یەو نەذرەکەی بەتالە •، هەروەها بەتالە نەذرکردنی روژووگرتنی دوانزە مانگەی سال بو کەسی کە ئەو روژووە ببی بەهوی زیان گەیشتن بـــــە گیانی ، یا ببی بەهوی ئەوە کە کاسبی‌ی پی‌نەکری و گوزەرانی بـو مال‌و منالی پی پەیدا نەکری • هەروەها دروست نی‌یە نەذر کردنی نویژ کردن لەووەختانەدا کە نویژ کردن کەراهـــەتی هەیە تیایانا ، یا لە شـــوینیکی زەوت‌کراوا ، یا لەسەر قەبران •

(بزانن) زانایانی شەرع خیلافیان لەبەینایە لە نەذرکردنی مالا لــــە هەندی لە منال‌و بی‌بەش کردنی هەندیکیان لی‌ی • ئەم نەذرە لای خاوەنـی (مغنی)و (شرح روض)و (شرح منهج)و هەندیکی‌تر لە زانایان بەتالە چونکە ئەبی بە مایەی هەراو ناکوکی لەبەینیانا ، هەرشتیکیش ببی بەهوی شـــتی

حەرام ئەویش حەرامەو ، نەذری حەرام بەتالە • بیجگە لەمە سوننەتـــە ئینسان هاوسانی بکا لەبەینی منالی خویا ، وە لە شوینیوادا خیلافی سوننەت بەتایبەتی کەراهەتی هەیەو نەذری مەکرووهیشـــی دانامەزری • بەلام ئـەو نەذرە بەلای شیخی (ابن حجر)ەوە دروستە ، چونکە نەذرەکە لە ذاتی خویا دانەمەرزاوییەکی تیا نییە ، وە بەو نەذرە عەدالەتی نەذرکەرەکە نافەوتی چونکە قابیلە شتیکیتریش بدا بە ئەولادەکانی ، وە هەرواو ئاژاوەیش شتیکە لە دەرەوەی نەذرەکەوە ، هەندیجار رووئەداو هەندیجار روونادا •

هەندی لە زانایان لەممەسئەلەیەدا تەفصیلیان داوەو فەرموویانە ئەگەر باوکەکە حالی ئەولادەکانی بزانی کە لەبەینی خویانا ئەیکەن بەهەرا ، ئەوە نەذرەکە دانامەزری چونکە ئەبی بەهوی ئاژاوەو ، ئاژاوە لەم حالەتەدا بە بەشیك لە نەذرەکە دائەنری • دیارە ئاژاوەو دووبەرەکییش حەرامە • وە ئەگەر بزانری کە باوکە نەذرکەرەکە مەبەستی بیبەشکردنی هەندی لـە میراتگرەکانی بووە ، ئەوە دانەمەزرانی نەذرەکە باشتر دیاری ئەدا • وە ئەگەر مندالەکان لەناوخـــویانا ئەحوالیان باش بیو بە بی بەشبوونی هەندیکیان بەینیان تیکنەچی ، ئەوە نەذرەکە دروستە بەتایبەتی ئەگەر منالە نەذر بوکراوەکە زانا یا پیاوچاك یا خیزاندار بی •

حەرامە قەرزار شتیك نەذر بکا لە خاوەن قەرزەکەی ئەگەر مەبەستی ئەوەبی (سوود)ی بداتی • بەلی ئەگەر خاوەن قەرزەکە داوای هیچ نەکاو کابرای قەرزار بەئارەزووی خوی ، بەرابەر بەو پیاوەتییەی کە لەگـــەلی کردووە شتیکی لی نەذر بکا ئەوە دروستەو بەپیی شەرع قەیدی نییە •

نەذری مەباح دروست نییە وەك ئەوە کە بلی نەذر بی لە ســـەرم ئەم عابایە بکەمە بەرم • بەلی ئەگەر ئەو شتە مەباحە ئەبوو بەهوی واجبیـك ،

مەسەلا ئەگەر کابرا عاباکەی لەبەردا نەبوایە سووك بوایە ، وە بەهوی لەبەرکردنی ئەو عابایەوە حورمەتی ئەپاریزرا ئەوە نەذرەکەی دروستە •

واجبیش ئەگەر فەرزی عەین بی ، نەذرکردنی بەتالە چونکە لە ذاتی خویا واجبە ؛ کەواتە نەذرکردنی کەلکی هیچی نی‌یە •، وە ئەگەر فەرزی کیفایە بی وەك نویژی مردوو ئەوە مادەم ئەو فەرزی کیفایەیە تەنهـــــا لەئەستوی یەك کەسدا نەبی ، نەذرکردنی دروستە • وە ئەگەر لەئەستوی تەنها یەك کەسدا بوو ، ئەوە نەذرکردنەکەی بی‌سوودو بەتالە ، چونکە لـە ذاتی خویا واجب بووەو ئەبی بکری • وە دروستە نەذرکردنی بەجی هینانی فەرزی عەین بە جەماعەت ، مەسەلا بلیت نەذربی لەسەرم ئەم فەرزە لـــە مزگەوتا یا لە فلان مزگەوتا جی‌بەجی بکەم بە جەماعەت •

ئەوەندە هەیە لەپاش نەذری مەباح ، ئەگەر کابرای نەذرکـــــەر مەباحەکەی جی‌بەجی نەکرد ؛ کەفارەتی سویندیکی ئەکەویتەسەر ، بەلام ئەگەر نەذری مەکرووە یا حەرام یا واجبی کردو شتەکەی نەکرد ئەوە هیچی ناکەویتەسەر •

ئەگەر کەسیك لەبەر موحتاجی شتیکی فروشـــت ؛ وە کریارەکـە نەذری کرد لەسەرخوی هەرکاتیك کابرا پارەکەی بو هینایەوە بەیعـــەکەی بو هەلوەشینیتەوە _ ئەوە ئەم نەذرە دروستە • وە ئەگەر کە پارەکەی بوبرد بەیعەکەی هەل‌نەوەشاندەوە ، دروستە بەلکو واجبە لەسەر قاضی‌یا خاوەن دەسەلاتی ئەوشوینە بەزور پیی‌هەل‌وەشـــینیتەوە ؛ چونکە زورکردن لـە حالی‌وادا شتیکی بەجی‌یە ، لەبەرئەوە کە ئەو کابرای کریارە وەختـــی خوی نەذری کردبوو لەسەر خوی کە لەکاتی وەرگرتنی پارەکەدا ئەو بەیعە هەلوە شـــینیتەوە •

هەروەها دروستە بو خاوەن قەرز نەذر بکا لەسەر خوی کە داوای قەرزار نەکاتەوە بەوشەرتە کە قەرزارەکە دەستی بروا • بەلام ئەگەر قەرزار دەستی نەئەرویشت ، ئەوە بە پیی شەرع واجبە کە مولەتی بدا •وە لەموەختەدا مادەم مولەت واجبە ، دروست نیيە نەذری ئەوە بکا کە داوای ئەو قەرزەی لی نەکاتەوە •

شەرتی صیغەی نەذر ئەوەیە وەختی بو دانەنرابی • کەواتە ئەگەر نەذرکەر وتی وا ئەم مالەم لی نەذرکردی سالی یا دوو سال یا دە سال ، یا تا سەعاتیك پیش مردنت ، ئەوە بەتالە • وە ئەگەر وتی وا ئەو مالەم لی نەذرکردی تا ئەو سەعاتەی وا لەپیش نەخوشیی مردنتا ، ئەوسا بگەریتەوە بو خوم ، ئەوەیش هەر بەتالە • بەلام ئەگەر وەخت دانانەکە لەجیگەی هەمیشەییدا بوو ئەوە قەیدی نی یە وەکو ئەوە کە بلی ئەومالەم لی نەذر کردی تا لەدنیادای ، چونکە نەذری وا وەك بەخشینی بەدریژایی عومر وایە ، وە پاش مردنی کابرایش ئەبی بە میراث بو میراثبەرەکانی •

هەروەها نەذری مەنفەعەتیش بو ماوەیەکی دیاری دروستە • کەواتە ئەگەر کەسیك وتی وا مەنفەعەتی ئەو خانووەم لی نەذر کردی بو ماوەی سالیك ، یا میوەی ئەوباخەم نەذر بی لە تو لەماوەی ئەمسالەدا ، ئەوە دروستە ، لەبەرئەوە کە ئەوە لەمەعنادا وەك هەمیشەیی وایە ، چونکە کە مەنفەعەتی سالیك بوو بە مولکی کابرای نەذر لی کراو ، جاریکی تر ناگەریتەوە بو خاوەن مالەکە •

صیغەی نەذر ، وەك وتمان ، وائەبی (منجز) ئەبی یەعنی نابەسری بەهیچەوە ، وە وائەبی (معلّق) ئەبی یەعنی ئەبەسری بەشتیکەوە • جا ئەگەر نەذری (منجز) لە حالی لەش ساغیی کابرای نەذرکەردا بوو ، ئەوە دائەمەزری و کابرای نەذرکەر حەقی پەشیمان بوونەوەی نی یە ، وە بە

هیچ جوری تەصەروفی پی ناکری لەو ماڵەداو ناتوانی کەسی تر بکا بـــــە هاوبەشی نەذر بوکراوەکەو ماڵە نەذرکراوەکەش لە سەرمایەی ئـــەو دەرئەچی • وە ئەگەر لە نەخوشیی مردنا بوو ئەوە وەك وەصیەت وایـــەو لە سیەیەکی ماڵ دەرئەچی •

وە ئەگەر (معلق) بوو یەعنی بەسرابوو بەشتیکەوەو ، شـــتەکەش نەخوشیی مردن یا مردن یا پاش مردن بوو ، ئەوە حوکمی وەصیـــەتی هەیەو لە سیەیەکی ماڵ دەرئەچی • وە ئەگەر بەســـتبووی بە تاویك پیش نەخوشیی مردنەوە یاخود بە شتیکی ترەوە ئەوە لە سەرمایەی دەســـتی دەرئەچی ، واتە لە هەموو دارایی‌یەکی کە ببیی ، بەلام لە هەردو حاڵەکەدا حەقی پەشیمان بوونەوەی هــــەیە لەو نەذرەو ئەتـــوانی هەموو جورە تەصەروفیك لەوماڵەدا بکا بە فروشتن یا بەخشین یا نەذری بەهیچـــەوە نەبەسراو • وە لە هەردو صوورەتەکەدا ئەتوانی لەوماوەیەدا یەکیکی تــر لە ماڵە نەذر کراوەدا بکا بە هاوبەشی کابرای نەذر بوکراو لە موستەحەقیەتی ئەو مەسەلا کەسیك وتی هەرچی ماڵم هەیە سیە روژ بەر لە نەخوشیی مردنـم نەذر بی لە فلان‌کەس ، ئەوە دروستە • وە لەپاش ئەم نەذرە ئەتوانـــی کەسیکی تریش بکا بە هاوبەشی ئەوکەسەی پیشان ماڵەکەی لی نـــــەذر کردووە • هەروەها ئەگەر بلی روژیك بەر لە نەخوشیی مردنم ئەم ماڵەم نەذر بی لە کورەکانم ، وە لەپاش حەوت مانگ ژنەکەی کوریکی بـــوو ، ئەوە ئەتوانی ئەم کورەیش بکا بە هاوبەشی ئەوان لەوماڵەدا کە نەذرکراوە لی‌یـان •

وە لە صوورەتی نەذری‌وادا کە بەسرابی بە شتیکەوە ، ئەگەر نــەذر لی‌کراوەکە بەر لە هاتنەدی‌ی پیوە بەسراو (معلّق علیه)یەکە مـــرد ، ئەوە

موستەحەقی مالە نەذر کراوەکە نابێ وە مالەکە ئەگەڕێتەوە بۆ خاوەن مالەکە .

دروست نی‌یە نەذر ببەسرێ بەشەرتیکەوە کە لەگەل مەعنای نەذرەکە نەکەوێتە یەك ، وەك ئەوە کە بلیت ئەم مالەم لی نەذر کردی بەوشەرتە کە صەرفی نەکەی لە ئیحتیاجی خوتا یا تەصەروفی تیا نەکەی ، یا هەروەختی ئارەزووم بوو پەشیمان ببمەوە . بەلام دروستە بلیت لەسەرم بی ئەم مالـە نەذر بکەم مەگەر خوم موحتاج بم بە مالەکە ، وە لەمصوورەتەدا تا مـاوە ناچار ناکری بە نەذرکردنی مالەکەی ، لەبەرئەوە کە قابیلە هەمیشە خوی موحتاج بی بەوماله . هەروەها دروسـتە بلیت روژیك بەر لە نەخوشیی مردنم ئەم مالەم نەذربی لە فلان‌کەس ، مەگەر خوم لەمەولا مندالیکم ببی ، ئەوە بو مندالەکەی خوم بی ، یاخود مەگەر ئەوکەسە بەر لەخوم بمری ، ئەوە مالەکە بو خوم بی .

هەروەها دروستە بەشەرت‌گرتنی شتی کە نەگونجاو نەبی لەگـەل نەذرەکە وەکو ئەوە کە بلیت ئەم مالە نەذربی لە فلان‌کەس بەوشەرتە کـە لە گوناها صەرفی نەکا ، یاخود تیکەلی مالی فلان‌کەسی نەکا ، یاخود خزمەتی مزگەوت‌و خویندنخانەی لی‌بکا ، جا ئەگەر پاش ماوەیەك دەرکەوت کـە شەرتەکەی بەجی هیناوە ئەوە باشە ، ئەگینا دەرئەکەوی کە ئەو نـەذرە دانەمەزراوە چونکە شەرتەکەی فەوتاوە .

ئەگەر کەسیك وتی ئەوکتیبەم لی نەذر کردی بەودینارە ، وە کابرایش قوبوولی کرد، ئەوە بەتالەو نابی بە نەذر، چونکە نەذر بەمەعنا لەئەمستو گرتنی کردنی کاریکی خیرە ، وە ئەمەش لەگەل ئال‌وگوردا ناکەوێتـە یـەك‌و ، نایشبی بە فروشتن چونکە فروشتن بە صیغەی نەذر نایەتەجی .

(بزانن) نەذر ئەگەر لە کابرایەکی دیاری کرا قەبوول کردنـی ناوی ، تەنها ئەوەندە شەرتە کابرا نەیداتە دواوە • ئەگەر کەسیك بە کەسیکی تری وت ئەو دە دینارەم لی نەذر کردیو ئەویش وتی وا دامەدواوە ، ئەوە نەذرەکە بەتال ئەبیتەوە • بەلی ئەگەر زووتر بەصوورەتی تەعلیق نەذریکی کردبوو ، مەسەلا وتبووی ئەگەر کورەکەم چاك بووەوە لەسەرم بی نەذریك بکەم بە فلان کەس ، وە پاشان نەذرەکەی لی کرد ، ئەوە دائەمەزریو قەبـــوولی ناوی‌و ، بەناچاری ئەو مالە نـــەذرکراوە ئەبی بە هی ئەوکەســە کە لی‌ی نەذرکراوە • وە ئەگەر سووربوو لەسەر تەویستنی ئەتوانی بیداتەوە بـــە کابرای نەذرکەر !

ئەگەر کەسیك نەذری روژووی چەند روژیکی کرد بە موطلەقی ، یەعنی نە بریاری دا ئەو روژانە بەیەکەوە بن وە نە بریاری دا کە جیاجیا بن ، ئەوە ئارەزووی بن ، ئەوە ئارەزووی خویەتی چون ئەو بەلام سوننەتە دەس‌وبرد بکاو زوو روژووەکە بگری • وە ئەگەر دیاری‌ی کرد کە چون بەروژوو ئەبی ، پیویستە بەگویرەی ئەو دیاری‌کردنە بجوولیتـــەوە • وە ئەگەر روژووی سالیکی مەعلوومی نەذر کرد لەسەر خوی ، وە بەوروژووە تووشی زیان نەئەهات ، وە واجباتی شەرعی نەئەفەوتا ، پیویستە سالەکـــە بەروژوو بی ، بەلام روژانی جەژن‌و سیەروژەی پاش جەژنی قوربـــان ناگری‌و روژووی رەمەزانیشی لەجیانی‌ی واجبی شەرعی ئەبی ، وە قەزای مانگیکی‌تری لەسەر نی‌یە لەجیاتی‌ی رەمەزان ، چونکە ئەم مانگ‌و چەنـد روژە شەرع جیای کردوونەتەوە لە سالەکە • هەروەها وەختی حەیـــزو زەیسانی‌ی ژنیشی بەرناکەوی‌و قەزایشـــیان واجب نی‌یە ، چونکـــە ئەوروژانەیش بو روژوو گرتن دەس‌نادەن • وە ئەگەر روژووی چەنـــد روژیکی ئەوسالەی بە بی‌عوزر شکاند ، ئەبی قەزای بکاتەوە •

ئەگەر رۆژووی یەكساڵەكەی بەیەكەوە نەذركرد لەسەر خۆی ؛ ئەبێ هەمووی بەیەكەوە بگرێ • وە ئەگەر چەند رۆژێكی بە بێعوزر شكاند رۆژووی ئەوسانەی تێكئەچێو ئەبێ سەرلەنوێ بیگرێتەوە • وە ئەگەر لەبەر عوزرێك ئەو رۆژووەی نەگرت ، ئەوە تەنها قەزای ئەو چەند رۆژەی لەسەرە یەك لەشوێنی‌یەك بێ‌یان گرێتەوە • وە لەمصوورەتەدا هەر رەمەزانو جەژنەكانو سێەرۆژەی پاش جەژنی قوربان ئەكەونە بەر ئەو رۆژانەو قەزاكردنەوەیان واجب نی‌یە چونكە بەشەرع جیاكراونەتەوە •

وە ئەگەر رۆژووی ساڵێكی نامەعلوومی بڕیاردا ، وە لە نەذرەكەیا شەرتی یەك لەشوێن‌یەكی كرد ، واجبە یەك لەشوێن‌یەك ساڵێك تەواو بكا ، وە واجبە لە رۆژەكانی جەژنو سێەرۆژەی پاش جەژنی قوربانا بەرۆژوو نەبێ ، هەروەها لە رۆژانی حەیزو زەیسانیدا بەنیسبەت ژنەوە ، وە واجبە مانگی رەمەزان لەجیاتی‌ی رەمەزان خۆی بگرێو پاش ساڵەكە مانگێكی‌تر بەرۆژوو بێ لەجیاتی‌ی رەمەزان • هەروەهائەوەندەی رۆژانی جەژنو سێەرۆژەی پاش جەژنی قوربانیش بەرۆژوو بێ تا ژمارەكانی ساڵەكە پڕكاتەوە • بەلام قەزای رۆژانی حەیزو زەیسانی بۆ ژن پێویست نی‌یە • وە ئەگەر رۆژووی ئەوساڵە نامەعلوومەی یەك لەشوێن‌یەك نەذر نەكرد ، ئەتوانی ساڵەكە لە چەند ساڵا تەواو بكا ، لەسەر ژمارەی رۆژانی ساڵی شەرعی كە دوازدە مانگی عەرەبی‌یە •

ئەگەر كەسێك نەذری‌كرد لەسەر خۆی كە رۆژانی دووشەممە بەرۆژوو بێ ، ئەوە قەزای دووشەممەكانی رەمەزانو ئەو دووشەممانەی لەسەر نی‌یە كە ئەكەونەبەر رۆژانی جەژنو سێە رۆژەی پاش جەژنی قوربانەوە • بەلام قەزای ئەو دوو شەممانە واجبە كە ئەكەونە بەر رۆژانی

حەیزو زەیسانی‌یەوە • وە ئەگەر لەم‌صوورەتەدا رووژی دوو مانگی کەوتەسەر یەك لەشوین‌یەك لەبەر کەفارەت ، ئەوە واجبە ئەو دوو مانگە بەروژوو بی ، وە ژمارەی دووشەممەکانی ئەو دوو مانگە قەزا بکاتەوە ، بەوشەرتە نەذرەکە پیش هوی واجب‌بوونی کەفارەتەکە کەوتبی •

ئەگەر کەسیك روژووی روژیکی تایبەتی‌ی نەذرکرد ، نابی لەپیش داهاتنی ئەو روژە تایبەتی‌یەدا بەروژوو بی ، چونکە عیبادەت لە پیش داهاتنی وەختیا دروست نی‌یە • وە ئەگەر ئەوروژەی نەگرت لەبەر عوزریك یا بە بی‌عوزر ، ئەوە قەزاکردنەوەی واجبە • وە ئەگەر نەذری‌کرد کە فلانە روژی حەفتەیەك بەروژوو بی ، وە روژەکەی لەبیر نەما ، پیویستە روژی جومعە بەروژوو بی چونکە ئەگەر ئەو روژە جومعە بووە ئەوە باشە ، ئەگینا ئەبی بە قەزای ئەو روژە کە لەپیش جومعەدا بووە ••

ئەگەر کەسیك روژووی سونتەتی گرتبوو ، وە لەماوەی‌روژەکەدا روژووی ئەو روژەی نەذرکرد ، ئەبی روژەکە تەواو بکاو ئیتر روژووی روژی‌تری لەسەر نی‌یە • وە ئەگەر نەذری‌کرد لە روژی گەرانەوەی کەسیکدا لە سەفەریك بەروژوو بی ، ئەگەر لەپیشا خەبەردار بوو کە ئەو روژە کەیە ، ئەبی شەوەکەی نی‌یەتی بو بهینی • وە ئەگەر نەی‌زانی تا ئەوکەسە لە ناوقەدی روژیکا گەرایەوە ، ئەوە واجبە ئەو روژە بەقەزا بگیریتەوە • وە ئەگەر لە شەوا هاتەوە یا لە روژی جەژنا یا لە یەکیك لە سیە روژەی پاش جەژنی قوربانا ، ئەوە هیچی لەسەر واجب نابی ، چونکە شەو روژ نی‌یەو روژی جەژن‌و سیە روژەی پاش جەژنی قوربانیش روژوو گرتنیان تیا دروست نی یە • وە ئەگەر کابرا بە روژ هاتەوە ، بەلام ئەم بەروژوو بوو ، لەبەر هەر سەبەبیك ، ئەوە ئەبی قەزای روژە نەذرەکە بکاتەوە •

ئەگەر کەسیك وتی ئەگەر فلان‌کەس لە حەج گەرایەوە نەذربی

لەسەرم ڕوژی پاش هاتنەوەی ئەو بەروژوو بم ؟ وە ئەگەر فلان کەسی تریش هاتەوە نەذر بی لەسەرم ئەو پینجشەممەیەی دیت بەدوای ئـــەو ڕوژەدا بەروژوو بم ، ئەوە ئەگەر سیەشەممە هاتەوە چوار شەممەو پینج شەممــە بەروژوو بی • وە ئەگەر چوار شەممە هاتەوە ، ڕوژی پینج شـــــەممە لەجیاتیی نەذری یەکەم بەروژوو بیو قەزای ڕوژووی پینج شـــەممەیش بکاتەوە لە هەر ڕوژیکا خوی ئارەزووی لی هەیە •

نەذرکردنی ڕویشتن بو مالی کەعبەی پیروز بە حەج یا بە عەمرە

ئەگەر کەسیك نەذری کرد لەسەر خوی بە پی بروا بو کەعبە ، واجبە بە پی بروا بو حەج یا بو عەمرە •، وە ئەگەر هەر نەذری ڕویشتنی کـــرد واجب نییە بە پی بروا • وە ئەگەر نەذری کرد حەج بکا یا عەمرە بکا بــە پیادە،واجبەبەپیادە بروا حەجەکە یا عەمرەکەبکا • وەئەگەر وتی‌نەذربی حەج بکەم بە پیادە ، ئەبی لەوشوینەوە کە ئیحرامی تیا ئەبەستری بەنسیبەت ولاتی ئەوکەسەوە ، بە پیادە بروا • وە ئەگەر وتی نەذر بی بە پیــــادە بروم بو کەعبە ، ئەبی هەر لە مالی خویەوە بە پیادە دەربچیو بە پیادە بگاتە کەعبە • وە لە هەر صوورەتیکا کە پیادەڕەوی واجب بی ، ئەگەر هاتوو بە ســواری ڕویشت بە عوزر یا بە بی‌عوزر ئەوە کافییە ، بەلام فەرزە لەجیـــاتیی کەفارەتی تەرکی پیادەییەکە حەیوانیك سەربڕی • ئەگەر کەســـیك حەجیك یا عەمرەیکی نەذرکرد لەسەر خوی ، واجبە خوی بڕوا • بـــەلام ئەگەر پەکی کەوتبوو دروستە جیگەداریك بگری حەجەکەی بو بکا •

سوننەتە ئەوکەسە کە حەجی نەذر کردووە لەسەر خوی ، ئەگـــەر پی‌ی‌بکری لە یەکەم سالدا بروا • وە ئەگەر نەیتوانی‌و نەرویشت‌و مرد ، واجبە ئەم حەجەی لە میراتەکەی بو بکری • وە ئەگەر نەذری کرد ئمسال حەج بکا واجبە بروا • ئەگەر نەخوشی ریگەی لی‌گرت واجبە قـــــەزای بکاتەوە ، وە ئەگەر دوژمن ریگەی لی‌گرت قەزای واجب نی‌یە • وە ئەگەر نویژی یا روزوویەکی نەذر کرد لە وەختیکی تایبەتی‌دا ، وە نەخوشی یـا دوژمن لەووەختەدا بوون بەکوسپ ، واجبە قەزایان بکاتەوە • ئەگـــەر نەذری کرد حەیوانیك بەدیاری بنا بو کەعبە ، واجبە بییـــا بوئەوی‌و لەوی سەری ببری‌و بیبەخشیتەوە بەوانەی لەوین •ئەگـــەر نەذری کـــرد کە خیر بکا بە ئەهلی شاریکی تایبەتی واجبە خیرەکەیان پی‌بکا •

ئەگەر واجبی کرد لە شوینیکی تایبەتی‌دا بەروژوو بی ، واجب نی‌یە هەر لەوشوینەدا بەروژوو بی ، وە لە هەر جیگەیـــــەکدا بەروژوو بی دروستە •. هەروەها ئەگەر نەذری کرد نویژ بکا لە شوینیکی تایبەتیـــدا ، ئەوە دروستە لە هـــەرکوی ئارەزووی بی نویژەکە بکا ، مەگەر ئـــەو شوینە کە دیاری‌ی کردووە مزگەوتی (بیت‌الله) یا مزگـــەوتی مـــەدینە یا (مسجد الاقصی) بی ، لەوحالەدا پیویستە لەوشوینانە خویاندا نویژەکـــە بکـــا • بەلام ئەمە بـــو نویژی موطلەقە • ئەگەر نەذری نویژی فەرزی کرد لە مزگەوتیکا بە جەماعەت واجبە لەو مزگەوتەدا بە جەماعەت بیکـــا • وە ئەگەر ژمارەی نویژکەری مزگەوتیکی‌تر زیاتر بوو لە ژمارەی نویژکەری ئەو مزگەوتە کە ناوی بردووە یا ئەوەندەی ئەو بوو ، ئەتوانی برواتـــــە ئەو مزگەوتەوە نویژەکەی بکا بە جەماعەت •

ئەگەر کەسیك روزووی روژیکی نەذر کرد ، واجبە روژیك بەروژوو بی • وە ئەگەر روژووی چەند روژیکی نـــەذر کرد ، واجبە دوو روژ

بەرۆژوو بی • وە ئەگەر گەلی رۆژ یا زور رۆژی وت ئەبی سـێیە رۆژ بەرۆژوو بی • ئەگەر نەذری کرد کە صەدەقەیەك بکا ، دروستە هەرچی بداو هەرچونی بدا • وە ئـەگەر نویژی نەذر کردو نەیوت چەند ، واجبە دوو رکات نویژ بکـا بە راوەستانەوە ، ئەگەر بتوانی راوەستی • وە ئەگەر نەذری کردبوو کە بەپێوە نویژ بکا دروست نی یە دابنیشی • وە ئـەگەر نەذری کردبوو بە دانیشتنەوە بیکا ، دروستە بە راوەستانیشەوە بیکا • وە ئەگەر نەذری کرد دریژە بدا بە قورئان خویندن لە نویژا یا سوورەتیکـی تایبەتی بخوینی ، یا بە جەماعەت بیکا واجب ئەبی •. هەروەها ئەگـــەر نەذری کرد کە لەگەل جەنازەیەك بروا یا سەر لە نەخوشیك بدا ، واجب ئەبی بیکا • هەروەها ئەگەر نەذری کرد سەلام لە کەسیك بکا یا لـــە جەماعەتیك ، واجب ئەبی بیکا •

(بزانن) ئەگەر کەسی نەذریکی کردو نەیوت بدری بە کی ، ئەدری بەوکەسانە کە زەکاتیان پی‌ئەشی • کەواتە بە ئەصلی مەذهەبی شافیعی نادری بە (بنی هاشم)و (بنی مطلب) مەگەر بە تەقلید کردنی ئەو زانایانە کـــە فەتوایان داوە لە وەختی بی‌بەش بوونی ئەوانەدا لە(پینج یەك) زەکـاتو نەذرو کەفارەتیان پی‌ئەدری • بەلام شوبهە لەوەدا نی‌یە کە ئەگەر کەسیك مالیکی نەذر کرد لە فەقیی مزگەوتیك ، مەسەلا ، وە لەناو ئەوانیشا لـەم دوو طائیفەیە هەبوو ، ئەوە ئەوانیش بەشدارن • هەروەکو کەسیك بەتایبەتی مال نەذر بکا لی‌یان ئەوە حەقی خویانەو تەسلیمیان ئەکری •

لەسایەی خواوە لی‌بوومەوە لە نووسینی بەرگی دووهەمی «تبیبی (شەریعەتی ئیسلام) لە رۆژی سیەشــــەممە دوانزەی مانگـی شەعبانی ١٣٧٩ی هیجری ریکەوتی نوی شـــوباتی ١٩٦٠ی میلادی ، لە ژووری دەرس‌وتنەوەم لە تەکیـــەی تالەبانی لـە کەرکووك • وصلی الله علی سیدنا محمد وآله وصحبه اجمعین •

ناواخـــن

لاپــەرە	بابــەت
٥	باسی کرینو فروشتن
١٧	باسی سوود (ربا)
٢٢	باسی هەندی موعامەلە کە نەهییان لیکراوە
٢٧	باسی فروشتنی شتی تیکەل لە حەلالو حەرام
٢٨	باسی پەشیمان بوونەوە لە مەجلیسدا
٣٠	باسی شەرت کردنی پەشیمان بوونەوە
٣٢	باسی پەشیمانبوونەوە بەهوی دەرکەوتنی عەیبیکی پیشووەوە
٤٠	باسی ئەو عەیبانەی کە بە فروفیلی فروشیار پەیدا بوون
٤٢	باسی مالی فروشراو بەرلەوەی کە کریار وەری بگری
٤٦	باسی وەرگرتنی مالی فروشراو
٤٨	باسی بەدەستەوەدانیمالی فروشراوو نرخەکەی
٤٩	باسی بەرەوروو کردنەوە(تولیة) و ، هاوبەش کردن(اشراك)و ، فروشتنەوە بە قازانج (مرابحة)و ، فروشتنەوە بە زیان (محاطة)
٥٣	باسی فروشتنی (اصول)
٦١	باسی فروشتنی ئەمەر
٦٤	باسی یەکنەکەوتنی فروشیارو کریار
٦٩	باسی سەلەم
٧٦	باسی گورینەوەی مالی سەلەم تیاکراو ، وە هەندی وردە بابەتیتر
٧٧	باسی قەرز دان

لاپەرە	بابەت
٨٢	باسی رەهن
٩٠	باسی هەندیك حوكمی رەهنو مالی رەهنكراو
٩٤	باسی فەوتانی مالی رەهنكراو
٩٥	باسی یەكنەكەوتنی قسەی رەهنكەرو رەهن وەرگر لەگەل چەند بابەتیكی تر
٩٦	باسی ئەوە كە مالی مردوو لە رەهنی حەقی خواو ئادەمیزادا بی
٩٩	باسی جاردانی لاتكەوتن (تفلیس)
١٠١	باسی ئەحوالی قاضی نیسبەت بە مالی لاتكەوتوو
١٠٤	باسی پەشیمان بوونەوەی كەسیك مالیكی فروشتبی بە لاتیك
١١٠	باسی نەهیشتنی تەصەروف كردنی كەسیك لە مالی خـــویدا (حجر)
١١٦	باسی كاربەدەست (ولی‌امر)ی منال
١٢٠	باسی ریككەوتن (صلح)
١٢٤	باسی كوبوونەوە لەسەر حوقووقی تیكەل
١٣٣	باسی حەوالە
١٣٦	باســی ضامنی
١٤٠	باســی كەفالەت
١٤٥	باسی شەراكەت
١٤٩	باسی وەكالەت
١٥٤	هەندیك لە حوكمەكانی وەكیل
١٥٧	باسی هەندیك حوكمی وەكالەت
١٦١	هەندیك لە حوكمەكانی وەكالەت
١٦٥	باسی پیلینان (اقرار)

لاپەرە	بابەت
١٦٧	باسی صیغەی پی‌لی‌نان (اقرار)
١٦٨	هەندیك لە شەرتەكانی پی‌لی‌نان
١٧١	باسی هەندیك پی‌لی‌نان (اقرار)
١٧٥	باسی ئیقرار كردن بە نەسەب
١٧٨	باسی خواستن (عاریة)
١٨٧	باسی هەندی حوكمی عاریة
١٩٣	باسی زەوت‌كردن (غصب)
٢٠٥	باسی یەك‌نەكەوتنی قسەی خاوەن‌مال‌و زەوت‌كەر ، وە هەندی وردە بابەتی‌تر
٢٠٩	باسی هەندی حوكمی زەوت‌كردن‌و زەوت‌كراو
٢١٦	باسی (شفعة)
٢٢٢	باسی بەدەلی ئەو بەشە كە بە شوفعە وەرئەگیری ، وە هەندی بابەتی‌تر
٢٣٠	باسی قازانج بەشەراكەت (قراض)
٢٣٨	باسی هەلوەشاندنەوەی قازانج بەشەراكەت ، وە هەنـدی حـوكمی‌تـر
٢٤١	باسی باخەوانی (مساقاة)
٢٤٢	باســی (مخابرة)و (مزارعة)
٢٤٤	باسی هەندیك لەحوكمەكانی باخەوانی
٢٤٧	باسی بەكری‌دان (اجارة)
٢٥٤	باسی ئەو كەلكانەی كە بەكری‌دانیان دروستە یا دروست نی‌یە
٢٥٨	باسی هەندی حوكمی بەكری‌دان
٢٥٩	باسی ئەو ماوەیە كە كەلكی مالی بەكری‌دراوی تیا دیاری ئەكری ، وە باسی ئەمانەتی كری‌چی‌و هەندی شتی تر
٢٦٦	باسی هەلوەشاندنەوەی بەكری‌دان

لاپەرە	بابەت
٢٧١	باسی (جعالة)
٢٧٦	باسی ئاوەدان کردنەوەی ویرانە (احیاء الموات)
٢٨٢	باسی هەندی قازانجی تیکەل
٢٨٤	باسی کانو کانیو چەمو بیرو کاریز
٢٨٨	باسی ئەوە کە چون نەچیر ئەبی بە مولك
٢٩٢	باسی هەلگرتنی شتی داکەوتوو (لقطة)
٢٩٣	باسی مالە هەلگیراوەکە
٢٩٧	باسی مندالی فریدراو
٢٩٩	باسی موسولمانەتیو کافریی منال
٣٠٠	باسی مالی ئەمانەت (ودیعة)
٣١١	باسی دابەش کردنی دەسکەوتی موسولمانان (فیء)
٣١٧	باسی مالی تالانی کافران (غنیمة)
٣٢٠	باسی وەقف
٣٢٩	باسی کوکردنەوەو ریکخستن (جمعو ترتیب) لە وەقفدا
٣٣٢	باسی مولکیەتی گەردنی مالە وەقف کراوەکە
٣٣٦	باسی سەرپەرشتی کەری مالی وەقف کراو
٣٣٩	باسی بەخشین (هبة)
٣٥٢	باسی نەذر کردن
٣٦٥	نەذرکردنی رویشتن بو مالی کەعبەی پیروز بە حەج یا بە عەمرە

سەرچاوەکانی ئەم کتیبە

(١) تحفة المحتاج ، فی شرح المنهاج ، لابن حجر الهیتمي
(٢) فتح الوهاب ، فی شرح منهج الطلاب ، للقاضی زکریا الانصاري
(٣) حاشیة الشیخ سلیمان الجمل علی شرح المنهج
(٤) اعانة الطالبین ، للشیخ ابی بکر شطا البکری
(٥) بغیة الطالبین ، لمفتی الدیار المصریة

هەرکەس شوبهە لە بابەتیکی ئـــەمکتیبە بکا ، بگەریتەوە ســـەر ئەمکتیبانەی ناومان نووسیون ٠ وە ئەگەر هەلەیەکی ئیمەی بو دەرکەوت ، ئاگادارمان بکاو لیمان ببووری ، چونکە کەس خالی نییە لە سەهو ٠